## هەڵوێستە

گومانی تیا نییە کە گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی عێراق ڕەنگدانەوەیەکی قووڵی لە ژیانی سیاسی و کولتووریماندا دەبێت، ڕوخانی سەدام حوسەین ئەو خەونەبوو کە ساڵەهای ساڵە دەمانبینی. خەونێک، منداڵی و گەورەییمانی داگیرکرد، لەگەڵیدا گەورەبووین، لەگەڵ خۆماندا تا مەنفاکان هەڵمانگرت، بووە بەشێکی نەگۆڕ لە هەر وێناکردنێکمان بۆ ئاییندە، ئاواتەکانمان لەزۆر سەرەوە پابەستی ئەو ئاواتە بوو، پرۆژەکانمان پابەستی ئەو پرۆژەیە بوو. ڕوخانی سەدام خەونێک بوو تێکەڵ بە ئەفسانە، لە سروشتی خەونە ئاساییەکان دەرچوو، ئەو هەتا لە سنووری ئەفسانە کۆییەکانیش تێپەڕی و بوو بەو خورافەتەی دەبایە تا ڕۆژی وەدیهاتنی هەموو ژیان بوەستێت، دەبایە واقیع و فاکتەکانی سەر زەمین بێدەنگبن تا ئەم ئەفسانەیە دێتەدی. ڕوخانی سەدام کە ساڵانێکی درێژ سروشتی موعجیزەی وەرگرتبوو، سروشتی موعجیزەشی بەخشیبووە هەموو ئاواتە بچوکەکانمان، ئەو کۆی دونیای بە خۆیەوە گرێدابوو، بە جۆرێک بەر لە مردنی نەدەکرا بیر لە ژیان بکرێتەوە و دنیایەک وێناکرێت لە دەرەوەی ئامادەگی خوێنینی دنیاکەی ئەودا.

ئەم دیکتاتۆرە دوای ڕۆیشتنی کۆمەڵێک خەون و واقیعێکی تێکشکاوی بۆ جێهێشتین، دەرگای زیندانەکانی کرانەوە و کۆمەڵێک مرۆڤی تێکشکاوی لێهاتنەدەر، کە پێویستیان بە ماوەیەکی درێژ و هەوڵێکی گەورە هەیە بۆ ڕاهاتنەوە بە ژیان. خودی واقیعی عێراقیش ڕێک وەک دۆخی ئەو زیندانیانە وەهایە کە بە ماندوێتی لە تاریکستانەکانی ئەو دیکتاتۆرەوە هاتنەدەرێ، جیهانێکە پڕ لە خەون، بەڵام ماندوو و تێکشکاو. عێراقی ئێستا دونیایەکە بارکراو بە چەندان هێز کە لە زۆر سەرەوە بەرهەمی عەقڵانیەت و کولتوورو خەیاڵی سیاسی قۆناغی بەعسن، بە چەندەها سەر و لە چەندەها ڕێگاوە دەچنەوە سەر ئەزموونی ناشیرینی بەعس، دەیانەوێت ژیان وەک ئەو کۆنترۆڵبکەن، دونیا وەک ئەو دروستبکەنەوە، ئینسان بەهەمان ئەندازە بچووک ڕاگرن وەک ئەو. ئەم هێزانە خەون بە داخستنی دەرگای سینەماکانەوە دەبینن، لە خەیاڵی پەچەپۆشکردنی کۆمەڵگادان، دەیانەوێت زانکۆکان بکەنە خانەقا و مزگەوت. یان هێزگەلێکی دی کە عێراق لە شوناسێکی عەرەبیدا بەنددەکەن و جگە لە جێگایەکی پەراوێزی بۆ شوناسەکانی دی هیچی تر بە ڕەوا نابینن. هێزگەلێک لە پەنجەرەکانەوە دەمانبەنەوە ناو هەمان ماڵی سەدام حوسەین.

بەڵام دونیای دوای سەدام پڕە لە ئەگەری دیکەش کە پێویستییان بە هەوڵ و کۆشش و ماندووبوونێکی گەورە هەیە بۆ بەرجەستەبوونیان، یەکێک لەو ئەگەرانە توانای گۆڕینی عێراقە لە قەوارەیەکی جوگرافی بەزۆر دروستکراوەوە بۆ نیشتیمانێکی هاوبەش، نیشتیمانێک تێیدا عێراقییەت نەبێتە مایەی زەوتکردنی مافی تاک و گروپ و نەتەوەکانی ناوی، بەڵکو ببێتە بوونێکی کراوە بە ڕووی هەمەڕەنگی و جیاوازی و ئازادیدا. عێراقییەتێک کە لە بری ئەوەی بە سوپاو زیندان و دەزگا ئەمنییەکان بپارێزرێت، بە دەستوورێکی دیموکرات، بە دابەشکردنی دەسەڵات، ڕێزگرتنی تەواوی مافەکانی مرۆڤ بپارێزرێت.

دیارە ڕۆڵی کوردستان و ئێمەی کورد لە دارشتنی ڕوخساری داهاتووی عێراقدا دەکرێت جەوهەریی بێت. بەحوکمی دوازدەساڵ دووری لە دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی بەعسەوە، تێڕوانینی خەڵکی کوردستان بۆ ژیانێکی خاڵی لە سەدام حوسەین لە بەشەکانی دیکەی عێراق گەورەترە. ئەمە جگە لەوەی کوردستان لە هەر شوێنێکی دیکەی عێراق پتر بەر زەبری بەعس کەوتووە، قوربانیانیش لە هەر کەس زیاتر لە جەلاد تێدەگەن. لە دوای هەرەسی دیکتاتۆرییەت ئەوانەی پتر ژێردەستبوون، ئەوانەی زیاتر قوربانی بوون، دەبێت زیاتر لەوانی دی هەڵگری پرۆژە ئەلتەرناتیڤەکان بن. تەنیا ئاسۆ لە بەردەم قوربانیدا ئەوەیە کە لە تەواوی هاوکێشەی جەلادو قوربانی بچێتەدەرێ، دونیایەک دروستبکات نە تیایدا ببێتە جەلاد، نە ببێتەوە بە قوربانی. بۆئەوەی قوربانییەکان ئازادبکەین، دەبێت جەلادەکانیش ئازادبکەین، دەبێت هەموو ئەوانەی کینە و توندوتیژی و ژێرپێخستنی ئەوانی دی فێربوون، ئەزموونی خۆیان بکەنە ئەزموونێکی دی، لەسەرەتاوە فێرببنەوە، دووبارە بسووتێن و زیندووببنەوە، مێژوویەک بژین لە دەرەوەی مێژووی جەلاد و قوربانیدا، مێژوویەک بە ئینسان ئینسانیەت و بە ژیان بەهایەک ببەخشێت کە نەکرێت لەژێر هیچ ناونیشانێکدا پەلامار بدرێت و سووکایەتی پێبکرێت.

ئەزموونی بەعس ئەزموونی شێواندنی جەستە و ڕۆحی هەموو مرۆڤەکانی ناو عێراقە، بە جەلاد و قوربانییەوە، ئەوەی کە ئەمڕۆ پرۆسەیەکی گەورەو گرنگی هەموو بونیادنانەوەیەکی عێراقە، دروستکردنەوە و بیناکردنەوەی ڕۆحییانەی ئەوانەشە کە بەعس بە ناڕاستەوخۆ کردونی بە هاوبەش و هاویاری خۆی. ئەمڕۆ ئەو قۆناغەیە کە تیایدا ئازادی لە وشەیەکی بێماناوە، دەچێتە دۆخێکی مێژوویی و دەلالی نوێوە. ئەگەر ئازادی لە فەرهەنگی ئێمەدا پتر وشەیەکی ناو بەلاغەت بووبێت، وشەیەک کە لە مانایەکی کۆنکرێت و هەستێکی ڕاستەقینە و ئەزموونێکی فەردیدا بەرجەستەنەبووبێت، ئەوا ئێمەی کورد، بەوەدا قوربانی گەورەین،

دەکرێت پتر لەهەر گروپێکی دیکەی ناو عێراق بەرجەستەکەری ماناکانی ئازادی و ئەلتەرناتیفەکانی بەعس بن، لێرەوە نوشوستی ئێمە لە بەرقەرارکردنی شێوازێکی دیکەدا بۆ ژیان و لێبووردن و پێکەوەژیان ئاسەوارێکی کوشندەی لەسەر کۆی پرۆسەی بە دیموکراتییکردن لە عێراقدا دەبێت.

ئەوەی لە ئێستادا دەکرێت تەواو بۆ داهاتوو سوودی لێببینین تێرامانە لە هۆکاری نوشوستییەکانی دیموکراسییەت لە کوردستاندا، تا ئەم نووشوستییە لەسەر ئاستی عێراق دووبارە نەبێتەوە. گومانی تیا نییە کە کوردستان مەڵبەندی یەکەم هەوڵی دیموکراسیی جیدییە لە عێراقدا، بۆیە رامان لە کێشە و گرفتەکانی ئەم ئەزموونە تاکە رێگای بونیادنەرانەی داهاتووە. ئەوانەی نایانەوێت لە کێشە گەورەکانی ناو ئەزموونی کوردستان تێبگەین دوای کۆچی دەسەڵاتی بەعس لە ١٩٩١ دا، ئەوانەن کە بەرابەر پاشەرۆژی دیموکراسییەت لەو ناوچەیەدا کەمتەرخەمن. ئێمە هەموو دەزانین دیموکراسییەت لە کوردستاندا بە تەنیا سەرناکەوێت، دیموکراسییەت زنجیرەیەک ئەڵقەی پێکەوەگرێدراوە. زنجیرەیەک سیستمی وابەستەیە بەیەکەوە و پەیوەندییەکی چەند جەمسەرە ئاستە جیاجیاکانی بەیەکەوە گرێدەدات، لێرەوە ئەزموونێکی خراپی دیموکراسییەت دەشێت دەرەنجامی ترسناکی لەسەر کۆی پرۆسەی بە دیموکراسیبوونی عێراق هەبێت. دیموکراسییەتێکی کارتۆنی لە کوردستاندا، دەبێتە هەوێنی دیموکراسییەتێکی کارتۆنی لە عێراقدا، لێرەوە ئاوڕدانەوەیەکی گەورە لە دۆخی دیموکراسییەت لە کوردستاندا، مەرجی سەرەکییە بۆ بیرکردنەوە لە داهاتووی عێراق.

ئەمرۆ داڕشتنی بەرنامەی ریفۆرمێکی رادیکالی دیموکراسییانە لە کوردستاندا لە هەرکات پێویستترە، ریفۆرمێک لە سیستمی پەروەردەی سەرەتاییەوە بیگرێتەوە تا سیستمی یاسادانان و راپەراندن و دادگاکان. ریفۆرمێک بوێرانە دەستبداتە روخانی ستراکتورە کۆنەکان، لە رێگایەوە هەیمەنەی حیزب لەسەر دەزگاکانی دەوڵەت و راگەیاندن و ئابوری هەڵگرێت، زامنی جەنگ بێت لەگەڵ فەسادی ئیداری و ئابووریدا، رێگا بۆ هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری بکاتەوە، کولتوورێکی سیاسی نوێ سەروەرکات کە لەسەر شەفافیەت و رێزگرتنی جیاوازی کاربکات. ئەمێستا ئەو ساتەیە کە کۆمەڵگای مەدەنی ئێمە لە سەرخاشاکی فاشییەت لە دایکبوونێکی راستەقینە لە دایکببێت، بەڵام دەبێت بزانین کە ئێمە لە کوردستاندا تاکە گرفتمان کێشەی سڕینەوەی ئاسەواری بەعسیزم نییە، بەڵکو بۆئەوەی بیسەلمێنین لە سڕینەوەی ئاسەواری بەعسیزمدا راستگۆین، دەبێت لە سڕینەوەی

ئاسەوارەکانی شەڕی ناوخۆوە دەستپێبکەین، کە تائەمڕۆ سێبەری خۆی بەسەر کۆی زەینی سیاسی ئێمەدا کێشاوە. بە مانایەکی دیکە سڕینەوەی ئاسەوەرەکانی بەعسیزم دەبێت هاوشانبێت بە سڕینەوەی ئاسەوەرەکانی ئەو کولتوورە سیاسییەی دیکەش کە ساڵەهایە لە کوردستاندا چەمک و دید و ماناکانی لەنێوان ناکۆکی سیاسی بەرتەسک و شەڕی ناوخۆدا دەچێنێت. لە ڕاستیدا بەشی هەرە زۆری ئەو داواکارییە دیموکراسییانەی لە عێراقدا داوادەکرێت، بۆ کوردستانیش پێویستە، نیشاندانی کوردستان وەک دەڤەرێکی دیموکراس کە کێشەکانی لە کێشەکانی دیکەی عێراق ناچێت، نیشاندانی گرفتی دیموکراسییەت وەک گرفتی عێراقی عەرەبی کە ئێمەی کورد ناگرێتەوە، لۆژیکی ئەوەی کە گوایە دیموکراسییەت لە کوردستان بەرکەماڵە سەرەڕای ئەوەی کە ناوچەیەکی دواکەوتووە و گەر ئەم دیموکراسیەتە گرفتێکیشی هەبێت ئەوا لەم دواکەوتنەوە سەرچاوەی گرتووە، بەهەڵەماندا دەبات. ڕووبەڕوونەبوونەوەی ڕاستەقینەی کێشەکان و درێژەدان بەسیاسەتی خۆفریودان زەبری کوشندە لە داهاتووی خۆمان و نەوەکانی ئایندە دەدات.

لە ڕوویەکی دیکەوە، کۆشش بۆ دیموکراسییەت لە کۆشش بۆ تازەگەری جیاناکرێتەوە، دیموکراسەکان هەمیشە تازەگەرن. لە هەناوی دونیای کۆنەوە، لە قووڵایی سەدە تاریکەکانەوە، لەو ڕۆژگارانەوە کە چ تیشکێکی ڕاستەقینەیان تیا نادرەوشێتەوە، یەکسانی و برایەتی نایەتەدەرێ، لێرەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان دوژمنانی تازەکردنەوە، دوژمنانی گۆڕان، دوژمنی ڕاستەوخۆی دیموکراسییەتیشن. دیموکراسییەت نە ڕابوردووە و نە ئێستا، بەڵکو داهاتووە، بۆیە هەر هێزێک بۆنی داهاتووی لێ نەیەت، بۆنی دیموکراسییەتیشی لێنایەت.

دیموکراسییەت لە گۆڕینی شێوەکانی بیرکردنەوەوە دەستپێدەکات. دووبارەکردنەوەی دوێنێ ئیرادەیەکی ئەوتۆی ناوێت، بەڵام هێزێکی مەزنمان پێویستە بۆئەوەی دوێنێ دووبارەنەکەینەوە، ئازادیی هەمیشە سەختترە لە کۆیلەیەتی، مرۆڤی ئازاد ئەو کەسەیە کە دەتوانێت ئەو نامۆبوونە بشکێنێت کە لە نێوان خۆی و جەوهەری ئینسانیانەیدا دروستبووە، کەسێکە دووبارە بیردەکاتەوە، بۆیە دەتوانێت داوا لە کۆمەڵگا بکات دووبارە بیربکاتەوە، کەسانی ئازاد بەر لە کۆمەڵگای ئازاد لەدایکدەبن، کەسانێک کە خەیاڵیان لە بەردەم دیدو خەیاڵی دەستەجەمعییدا ئیفلیجنابێت، وەک چۆن خەونی ئەوەشیان نییە دیدو خەیاڵی خۆیان بکەنە ئەلتەرناتیفی کۆی دیدو خەیاڵی کۆمەڵگا، بەڵکو ئەوان لە ناوکۆیی هەوڵێکی گشتیدا چالاکدەبن. دیموکراسییەت بەرلەوەی پێویستی بە هێزی سیاسی بێت، پێویستی بەوانە هەیە

كە دووبارە بیردەكەنەوە. دیموكراسییەت لەو خاڵەوە دەست پێدەكات كە بیركردنەوەی قووڵ تیا دەستپێدەكات، بیركردنەوەیەك كە بە ئاڕاستەی ئازادكردنی خۆی كاردەكات، عەقڵێك كە ڕووەو شكانی كۆتەكانی خۆی دەبزوێت. بۆشكاندنی هەر ئەڵقەیەك لە ئەڵقەكانی ستەمگەری لە مەچەكماندا، پێویستیمان بە شكاندنی دۆگمایەك لە دۆگما كۆنەكان هەیە لە عەقڵماندا. ستەمگەری و دۆگمای فیكری دوو هاوڕێی هەمیشەیین.

لە سایەی تەسكبیری سیاسی و هەژاری فیكرییەوە، دیموكراسییەتێكی هەژارو پڕ لە فێڵ دادەمەزرێت. دیموكراسییەتێك بێ نوخبەی ڕۆشنبیر، بێ ڕۆشنبیرییەكی بزێو، بێ فیكرێكی ئامادە لەسەر دیاردەكان، بێ هێزێكی ڕەخنەگەر كە لە فیكردا جیهان بەشێوەیەكی نوێ بنیادبنێتەوە، لە بری ئەوەی ببێتە هێزێكی دامەزرێنەر بۆ شارستانییەت، دەبێتە فەزای پارچەپارچەبوونێكی كۆمەڵایەتی قووڵ، لە بری ئەوەی ببێتە ئەو شوێنەی تیایدا جیاوازییەكان یەكتر دەوڵەمەندبكەن، دەبێتە فەزای لەیكترازان و دووركەوتنەوەی جیاوازییەكان، لە بری ئەوەی ببێتە فەزای كاری هاوبەش بۆ دوو هێزی جیاواز، دەبێتە شوێنی گەڕانەوە و گەورەبوونی دیكتاتۆرییەت. دیموكراسییەتی هاوڕێ بە نوخبەی ئیفلیج ، هاوڕێ بە كەمتەرخەمی دەرهەق بە فیكر دەبێتە ئەو قۆناغی ئاژاوەیەی كە شەرعییەت دەبەخشێتەوە بە گەڕانەوەی دیكتاتۆرەكان. لەنێوان نوخبەی فیكریی ئیفلیج و شێوە جیاوازەكانی دیكاتۆریەتدا پەیمانێكی ئەبەدی هەیە.

لەم دیدەوە ڕۆڵی ڕۆشنبیران و فیكر لە دامەزراندنی دیموكراسییەتدا بەخشینی جەوهەرو مانایە بەو پرۆسەیە، زۆرن ئەو ڕەهەندانەی كە سیاسەت لە دیموكراسییەتدا ناتوانێت سەقامگیریان بكات، زۆرن ئەو نرخ و بەها ڕۆحی و مەعنەوییانەی سیاسەت ناتوانێت لە سیستمی ژیانی تاكەكەسیدا بیانچەسپێنێت. سیاسەت لە باشترین دۆخدا «گەرچی لە وڵاتی ئێمەدا لە دۆخێكی هێجگار خراپدایە»، ناتوانێت سیستمی دیموكراسی بگەێنێتە تەواوی توانا ناوەكییەكانی، بۆیە دیموكراسییەت بەبێ ڕۆشنبیرییەكی ئازاد جگە لە شێوەیەكی مۆدێرن بۆ خێڵەكێتییەكی كۆن شتێكی دی نابێت.

ئەوەی ئێمە لەم قۆناغەدا خەونی پێوەدەبینین، هەر هەمان ئەو خەونەیە كە لەسەرەتاوە ئیشمان لەسەركردووە. داوای نوێكردنەوەی ڕۆشنبیری كوردی، دەرهێنانی ئەم ڕۆشنبیرییە لە تاریكستانەكانی خۆی، نزیككردنەوەی ئەم ڕۆشنبیرییە لەوەی ببێتە سیستمێكی بەرهەمهێن بۆ فیكر، بۆ مانا، بۆ نرخ. ببێتە هێزێك خوێندنەوەكانی زانستێكی كۆمەڵایەتی و

تەرزێکی ئیستاتیکی قووڵی لەسەر بونیادبنرێت، پاشکۆی هیچ دروشمێک نەبێت کە لە قووڵایی ئیشی تیوریی خۆیەوە هەڵنەقوڵابێت، پاشکۆی هیچ هێزێک نەبێت کە تەنیا بە جەهل و کەلەپوورەکەی ئیشبکات. خەونی ئێمە بەردەوام خەونی تازەکردنەوە بووە، تازەکردنەوەی فیکریشمان بە سەرەتای تازەکردنەوەی شتەکانی دیکە زانیوە.

ئەوەی ئێستا دەتوانین جەغتی لەسەربکەین هەر ئەوەیە کە لەسەرەتاوە جەغتمان لەسەر کردووە، ڕۆشنبیران ڕۆڵیان ئەوەیە، ئەوەی نەبینراوە بیهێننەوە ناو ئاسۆکانی بینین، ئەو ڕەهەندانەی فەرامۆشکراون بخەنەوە ناو سنووری تێفکرین... چونکە دیموکراسییەت زیندووکردنەوەی گوتارە چەپێنراوەکانە، سەردەرهێنانەوەی ئەو بابەتە تابۆ و قەدەغانەیە کە سالانێکی دوورودرێژ لە یادکراون. دوای ڕوخانی سەدام پتر پەیوەندی نێوان دیکتاتۆرییەتی فیکری و دیکتاتۆرییەتی سیاسی دەبینین، پتر پەیوەندی نێوان حەرامە فیکری و حەرامە سیاسییەکان دەبینین، لێرەوە ڕوخانی سەدام هۆکارێکی گرنگە پتر لەسەر فراوانکردنی ڕەهەندە فیکرییەکانی ڕۆشنبیریی خۆمان پێدابگرین و دروستی ئەو میتۆدە ببینین کە لەسەرەتاوە کارمان پێکردووە.

ئێمە داهاتوو وەک دونیایەکی پڕئەگەر و ئومێد تەماشادەکەین کە تیایدا دەتوانین ئازادانەتر بۆ خەونەکانی خۆمان ئیشبکەین، دەشمانەوێت ئەم ساتی هیوایە بە هەموو هێز و ئەگەر و تواناکانی خۆیەوە بژین، دیارە ئاگادارین هەمیشە گرفتەکان لە ئێمە گەورەترن، ئاگادارین بۆ گۆڤارێکی کەمدەرامەت و سەختگیر لە میتۆدی ئیشکردنی خۆیدا، هەموو ئەم شتانە ڕەوتی کارکردنمان بە شێوەی ترسناک خاودەکاتەوە، دیارە بەردەوام هەوڵمانداوە ئەوەی لە ڕەهەندا ناتوانین ئەنجامیبدەین، بە چالاکی دی لە دەرەوە پڕیبکەینەوە، بەڵام خودی ئەم گۆڤارە و نرخە ڕەمزییەکەی وادەکات لەگەڵ زیندووبوونەوەی ئومێدەکانماندا پتر کاری بۆبکەین. هیوادارین ڕەهەند بتوانێت بە ئەندازەی گەورەیی خەونەکانی کاربکات، نەوەک بە ئەندازەی بچوکی و بەرتەسکی توانا و ئەگەرەکانی بەردەمی. بە ئەندازەی قووڵیی خۆی کاربکات، نەوەک بە ئەندازەی ئەو ڕووبەرە چکۆلانە و سەختەی ژیان کە بە ئەستەم بواری هەناسەدانی بۆ جێدەهێڵێت. ئەم ژمارەیەی ڕەهەند بەڵێنی ئێمەیە بۆ تازەکردنەوەی ئەو پەیمانە گەورەیەی لەگەڵ ئومێد و ژیان و خوێنەردا بەستوومانە.

# ئینتەرنێت و گۆڕانی کۆمەڵگا

## ئاراس فەتاح

چەند ساڵێکە ئینتەرنێت، وەکی گەورەترین تۆڕی کۆمپیوتەر، بە چەشنێکی خێرا خۆی خستە ناو پێکهات و جیهانی کۆمەڵایەتی مرۆڤانەمانەوە. ئەم دۆخە نوێیە وای لە زۆربەی و پۆلیتۆلۆگ و سۆسیۆلۆگ و زانایانی ئینفۆرماتیک و دەروونناسان کرد بگەنە ئەو بڕوایەی کە ئینتەرنێت، وەکی بەرهەمێکی کۆمەڵگای زانیاری و تەکنەلۆژیای پەیوەندیی، داهاتووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە بناغەوە دەگۆڕێت.

ئەم دەرکەوتە نوێیە، بە تایبەت لەدوای گۆڕانکارییە سیاسی و ئابووری و کولتوورییەکانی جیهانی پۆست ـ پرۆسترۆیکادا، دونیایەیەکی بۆ پێکهێنایین کە تێیدا مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی چەندین پرسیاری چارەنووسساز کردەوە؛ پرسیارگەلی لەوەی:

* ئایا ئەم گۆڕانکارییە چۆنە و دوارۆژی مرۆڤایەتی بەرەو کوێ دەبات؟

* ئایا ئینتەرنێت دەتوانێت جۆری پەیوەندییە مرۆییەکانمان بە شێوەک بگۆڕێت کە ئێمە بەبێ ئەو نەتوانین هەلبکەین؟

* ئایا ئینتەرنێت چ فۆرمێکی نوێی کۆمەڵگامان بۆ سازدەکات و تاک و گروپەکان چ شوناسێکی نوێی تێدادەدۆزنەوە؟

* ئایا ئێمە دەتوانین کوێرانە پێشوازی لەم دیاردە نوێیە بکەین، یاخود دەبێت لە گۆشەنیگایەکی ڕەخنەگرانەوە تەماشایبکەین؟

* ئایا ئینتەرنێت بۆ خۆی وەکی بەرهەمێکی سەردەمی پۆست مۆدێرنە هەڵگری خەسڵەتی دووفاقەیی نییە وەکی مۆدێرنە هەڵگری بوو؟

بە گشتی ئێمە بەرامبەر بە دوو جۆر لە ڕەخنە و ڕاڤەکرنین سەبارەت بە کاریگەرییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی تەکنەلۆژیای پەیوەندیی مۆدێرن، ئەو تەکنەلۆژیایەی کە لە سەردەمی دروستبوونی ڕادیۆوە، وەکی مۆدێلێکی پەیوەندیگرتن یان پەیوەندیبەستن، ئامادەیە و بە تێپەڕبوون بە سینەماوە تا دەگاتە ئینتەرنێت. لە لایەکەوە زانا و فەیلەسوفانی وەکو ئێنتزنبێرگەر و مێکلوهان و لیتگەڤن قودرەتی دیموکراسی میدیای ئەلەکترۆنی زەقدەکەنەوە و ئاراستەی دوارۆژی بۆ مرۆڤایەتی گەشبینانە دەبینن. لەلایەکی ترەوە و

لەبەرامبەر ئەماندا فەیلەسوفانی وەکو ئەدۆرنۆ و هابەرماس و ڤیریلیۆ و چەندانی تر ترسناکییەکانی ئەم میدیایە بۆ سەر ئازادییە دیموکراسییەکانی ناو کۆمەڵگا و پرۆسەی بەکۆمەڵگابوونی نوێ دەستنیشاندەکەن و دوارۆژی مرۆڤایەتیش ڕووبەڕووی ئەگەری گەورە و ترسناک دەکەنەوە.

بەم چەشنە، وەکی هەموو بوارەکانی دی، ئینتەرنێتیش زانایانی زانستی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەسەر دوو بەرەی سەرەکییەوە دابەشکرد.

بەرەی یەکەمیان، ئەو بەرەیەیە کە پێشوزای لە ئینتەرنێت وەکی پانتاییەک یان ڕووبەرێک دەکات، کە دەسەڵات و دەسەڵاتدارێتی تیایدا ئازادە. ئەم بەرەیە ڕای وایە کە ستروکتوری ئەم سیستەمە لە پەیوەندیکردن، هەڵگری بونیادێکی دیموکراسییە، چونکە ئینتەرنێت ڕێگایەکە:

١ـ سنووروالاّیی: لە جیهانی ئینتەرنێتدا هەموو کەس و گرووپێک دەتوانێت پیایدا بێ پاساپۆرت و بێ سانسۆر و بێ لێپرسینەوە و میکانیزمی کۆنترۆڵ چالاک و بزاوت بێت و بێ تەنگوچەڵەمە هاتوچۆبکات. ئینتەرنێت ئەو میدیا ئازادەیە کە مرۆڤ تێیدا دەتوانێت لەلایەکەوە هەموو ئەو زانیارییانەی کە دەیەوێت وەدەستبیبخات یان وەربگرێت و لە لایەکی ترەوە هەرچی زانیارییەکیش خوازیاری بێت، بڵاویبکاتەوە. بە مانایەکی دی، ئەم لایەنە ڕایان وایە کە ئینتەرنێت ئەو میدیایەیە کە بێگرفت زانیارییەکان تیایدا نماییشدەکرێن و پەخشدەکرێن و هاتوچۆیان پێدەکرێن.

٢ـ ماڵئاوایی لە سیستەمی «دیکتاتۆرییەتی ڕووبەڕوو» : هەموو کەسێک دەتوانێت لەگەڵ کەسێکی دیکە، لە هەر پنتێکی تری ئەم جیهانەدا، بێئەوەی یەکتر بناسن، پەیوەندی ببەستێ. بەم چەشنە ئێمە بەرامبەر جۆرێک لە پەیوەندی و سیستمی پەیوەندی دەبینەوە، کە ماڵئاوایی یەکجاری لە سیستەمەکەی پێش خۆی دەکات، واتە لە سیستمی «دیکتاتۆرێتی ڕووبەڕووبوونەوە». لەم گۆشەنیگایەوە دەتوانرێت بگوترێت لە هەناوی ئەم جیهانە نوێیە ئەلەکترۆماگنێتییەوە سەرەتای سیستەمێکی کۆمەڵایەتی نوێ لە پەیوەندیبەستن و پەیوەندیگرتن دەستپێدەکات، کە تێیدا جیهانی ڕووبەڕووبوونەوە ماناکانی خۆی لەدەستدەدات و شاشەکان و هێڵە ئەلەکترۆماگنێتییەکان دەبن بەو پەنجەرە و ڕێگا و کەرەسانەی کە تاک لە دووتوێیانەوە دەتوانێت تەماشای هەموو دونیای پێبکات و لە ڕێگاشیانەوە پەیوەندی بە هەموو گونجێکی ئەم جیهانەوە بکات. واتە، هەموو مرۆیەک لەم سەردەمەماندا، لە ماڵەوەڕا دەتوانێت بۆ کتێبخانە و مۆزەخانە و پێشانگاکان بچێت، لە ژووری کارکردنیەوە دەتوانێت کاروباری

بانكی و ئیدارییەكانی جێبەجێبكات، بەبێئەوەی ماندوێتی ئەوە بكێشێ لەم بانكەوە بۆ ئەو دائیرە هاتووچۆبكات، بۆ ئەوەی پێداویستییەكانی پڕبكاتەوە، یان وەزیفەكانی جێبەجێبكات.

٣ـ كۆتاییهاتن بە تەگەرە بیرۆكراتییەكان: لە جیهانی ئینتەرنێتدا، چیدی ئێمە توانای ئەوەمان دەبێت جێگای كارەكانمان بۆ گونجی ماڵەوەمان بگوازینەوە و شوێنی كار چیدی ئەو جێگایە نەبێ كە چەند كارمەندێك لە ژوورێكدا پێكەوە كاربكەن كە ناوی دائیرەیە، بەڵكو چەشنی نوێی كار و جۆری نوێی كۆمپانیامان بۆ دروستدەبێت كە جیهانی ئینتەرنێت خۆی بەرهەمیهێناوە. بەم چەشنە ئینتەرنێت گۆڕانكاری جەوهەریی لە بونیادی كاری تەقلیدیدا دروستدەكات، بە جۆرێك كە چیدی هیچ دەزگا و كۆمپانیایەك و فابریك و وەرشە و زانكۆ و لەشكر و قوتابخانەیەك بەبێ ئینتەرنێت ناتوانێت مۆبیل و بزاوت و چاپووك بێت و بە بەرتاقای خێرایی زانیاری لەم سەردەمەماندا كاربكات.

٤ـ سەرهەڵدانی كۆمەڵگای گلۆباڵ: لە ئینتەرنێدا هیچ پایەیەكی كۆمەڵایەتی ئەو ڕۆڵە نابینێت كە ئێمە لەناو جیهانی كۆمەڵگادا بەدیدەكەین. واتە لە جیهانی ئینتەرنێتدا نە پایەی كۆمەڵایەتی، نە پایەی ئابووری و سیاسی و گروپی نەتەوەیی ڕۆڵنابینێت، بەڵكو ئەوەی لەم جیهانەدا ڕۆڵدەگێڕێت بریتییە لە هێزێ ئارگومێنت (قەناعەتپێكردن). لە ئینتەرنێتدا، ناكەسترین كەس دەتوانێت گەورەترین نمایشی كەسێتی خۆی بكات. هەژارترین كەس دەتوانێت گەورەترین ماڵ بۆخۆی دروستبكات، بچووكترین كۆمپانیا دەتوانێت خۆی بە زلترین دەزگا بفرۆشێت، بێماناترین هێزی سیاسی دەتوانێت خۆی پف بدات و وەكی هێزێكی كۆمەڵایەتی گەورە خۆی بنوێنێ.

بەگشتی، ڕەخنەگرانی ئەو بۆچوونە گەشبینییانەی كە لە چوار خاڵی سەرەوەدا باسمان لێوەكرد، جۆرێكی تر لە ڕاڤەكردنیان بەرامبەر بە ئینتەرنێت هەیە. ئەوان لەبری گەشبینی، لە دڵەڕاوكێی ئەوەدان كە ئینتەرنێت هەڵگری بڕێك ئەگەری ترسناكە. ئەوان ڕایان وایە كە زۆرینەی دانیشتووانی ئەم جیهانە خاوەنی ئەم تەكنەلۆژیایە نین، لێرەوە ئاسان نییە باس لەوە بكەین كە چیدی ئەم دونیایە، دونیایەكی دیموكراسییە و شانسەكان وەك یەكن. لە جیهانێكدا كە لە كیشوەرێكی وەكو ئەفریقا داهاتی مانگانەی تاكەكەسێك (١) دۆلارە لە ڕۆژێكدا و، تا ئێستاش زۆربەی خەڵكی ئەو جیهانە بێبەرین لە ئاوی خواردنەوە و كارەبا و خانوو، ئاسان نییە باس لە هاوشانسی و هاوكاتی و هاوكاری مرۆڤانە بكەین..

بەم چەشنە دەتوانرێت لە گۆشەنیگایەکی ترەوە تەماشای دونیای نمایشگەرایانە و ڕازاوەی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر بکەین. پەنجە بۆ ئەو ڕاستییە شاراوانە درێژبکەین کە ئینتەرنێت فۆرمێکی نوێ لە دابەشکردنی دەسەڵات و سەرمایە بەرهەمدەهێنێت. دابەشکردنی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی واقیعەوە دەگوازێتەوە بۆ سەر ئاستی کولتوورێکی ئەلەکترۆموگناتسی. واتە ئەو مانا فیزیکییانەی کە لەناو دونیای کۆمەڵگادا دەیبینین، دەچێتە سەر ئەو مانا «نا ـ فیزیکی»یانەی کە لە دونیای ئینتەرنێتدا خۆی دەبینێتەوە؛ ئەو جیهانەی کە بە جیهانی ڤیرتوئێل (virtuell) ناسراوە.

ڕەخنەگرانی جیهانی ئینتەرنێت ڕایان وایە، کە ئەم دونیایە دونیایەکی نوخبەوییە؛ دونیایەکە نوخبەکان دەوری گەورەی تیادەبینن؛ نەک هەر ئەمە، بەڵکو ئینتەرنێت ئەو میدیایەیە کە بەردەوام نوخبەی نوێمان بۆ بەرهەمدەهێنێ و فڕیاندەداتە ناو جیهانی واقیعی کۆمەڵایەتییەوە، ئەمانەش بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەری گەورەیان لەسەر پرۆسە کۆمەڵایەتییەکاندا بەجێدەهێڵن. لێرەوە بە بڕوای ئەوان ئینتەرنێت سیمبولێکی ئەلەکترۆنییە کە ڕەنگدانەوەی سیستمی سەرمایەداری مۆڵتی نەتەوەییە. بە کورتی ڕەخنەگرانی ئەم چەمکە بڕوایان وایە «جیهانی سێ» ناتوانێ بە ئاسانی ببێ بە هاووڵاتی ئەم نیشتمانە بێجوگرافیایە. بۆیە ئەوان وایدەبینین کە ئێمە ناتوانین بە ئاسانی ئەو تێڕوانینە میکانیزمییانە قبووڵبکەین کە ئینتەرنێت بەو شێوە خۆشبینە دەخاتە بەردەممان و بە ماڵی ئازادی هەموو کەس و گروپ و نەتەوەیەکی دەبینێ.

**ئینتەرنێت لە نێوان نمایش و دەقدا**

لە ڕاستیدا ئەوە هێزی ئارگومێنت نییە کە سنووره کۆمەڵایەتییەکان لە جیهانی ئینتەرنێتدا دەسڕێتەوە، بەڵکو ئەو هێزە خۆنمایشکەرانەیە کە چاوانی ئێمە بە ئاڕاستەیەکدا دەبات و دونیایەکی گەورەترمان پیشاندەدات لەو دونیایەی کە کەس، یان لایەنی خۆنمایشکەر لە ڕاستیدا هەیەتی. هێزی ئارگومێنت کاتێک دەتوانێت ببێتە ئەو هێزەی کە ئێمە باوەڕی پێبهێنین، کە لە قۆناغی خۆنماشکردنەوە بچێتە قۆناغی دەق، لە قۆناغی شەفەوییەوە بچێتە قۆناغی نووسین. ئەو بڕوایەی وایدەبینێت کە ئینتەرنێت جیهانی ئارگومێنتە، دەتوانێت تەنێ لە هەندێ بواری ڕووتی بینین و بیستندا ڕاست بێت، بەڵام لە بواری دەقدا تووشی کێشەی گەورەدەبێت. چونکی بەدەر لە هۆکارە تەندروستییەکان کە مرۆڤ ناتوانێت لەگەڵ شاشەی کۆمپیوتەر واهەڵسوکەوت بکات، وەکی ئەوەی لەگەڵ کتێبدا دەیکات، ڕاستییەک هەیە کە

بناغەی بنەمای میدیای دیگیتالی نوێیە، ئەویش ئەوەیە کە چ کۆمپیوتەر و چ ئینتەرنێتیش میدیای خوێندنەوە نین، بەڵکو پتر میدیای ئۆرگانیزەکردن و پاراستن و نمایشکردن و وەرگرتن و ناردن و کۆنترۆڵکردنی زانیارین.

ئینتەرنێت گەورەترین پەراوێزە لە گەروەترین کتێبدا. کاتێک دەڵێم ئینتەرنێت جیهانی خوێندنەوە نییە، مەبەستم لەوەیە کە جیهانی ئینتەرنێت لەسەر بناغەیەکی شاقووڵی بیناکراوە، بە پێچەوانەی جیهانی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار کە جیهانێکی ئاسۆییە. بۆئەوەی کتێبێک یان ڕۆژنامەیەک بخوێنینەوە، دەبێت بەشێوەیەکی ئاسۆیی بیخوێنینەوە، بەڵام بۆئەوەی لەئینتەرنێتدا زانیاری وەربگرین، دەبێت بەردەوام بەرەو خوارەوە کلیک بکەین. واتە ئێمە کاتێک دەچینە ناو ئینتەرنێتەوە دەبێت لەو سەرەتایەوە دەستپێبکەین کە ئەم جیهانە تا ناکۆتا بەرەو خوارەوەمان دەبات؛ واتە ئینتەرنێت بە مانایەکی تر قووڵترین ژێرزەمینە کە ڕووناکە، بەڵام ئەم ڕووناکییە مانای ئەوە نییە کە تێیدا وون نابین. گەر مرۆڤ لە جیهانی واقیعیدا لە تاریکیدا وون ببێت، ئەوا لە جیهانی ڤیرتوئێلدا کە جیهانی ئینتەرنێتە، لە ڕووناکیدا ووندەبێت.

ئەم جیهانە لەسەر بناغەیەکی زۆر سانا دروستکراوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش لە گەورەبوون و ئاڵۆزبووندایە. بە ساکاری دەتوانین بڵێین، کە ئینتەرنێت لەسەر خودی مۆدێلی کۆمپیوتەر، لە خانوویەک پێکهاتووە کە لە چەندان ژوور و هەر ژوورەی لە چەندان دۆلاب و هەر دۆلابەی لە چەندین چەکمەجە و هەر چەکمەجەی لە چەندین مەلەف و هەر مەلەفەشی لە چەندین بەش و هەر بەشەشی لە چەندین بابەت و هەر بابەتەشی لە چەندین پۆلێن و ... هتد ئیدی ئەم دونیایە دەتوانین تا ناکۆتا و تا فەنتازیای ڕێکخستن و ئۆرگانیزە و کۆنترۆڵ کاربکات، گەورەبکەینەوە. جیاوازی ساکاری بینای نێوان کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بریتییە لەوەی کە کۆمپیوتەر خانوویەکە کە هەموو دونیای خۆتی تێدا ئۆرگانیزە و کۆنترۆڵدەکەیت و کلیلەکانیشی بەدەست خۆتەوەیە، بەڵام ئینتەرنێت دەشتێکی نافیزیکی والایە و هەموو کەسێک دەتوانێت خانووی وەهمی خۆی تێدا دروستبکات. جگە لەم جیاوازییە، وەکو ووتمان ئینتەرنێت لەسەر بناغەی پەراوێزی کتێب دروستبووە، واتە دەتوانین بە جیهانێکی بچوێنین کە لە چەندین ژێرزەمین پێکهاتووە و لە توانایدایە لەگەڵ هەموو خانووەکانی دی و لەگەڵ هەموو ژێرزەمینەکانی دی بمانبەستێتەوە. بە مانایەکی دی ئەوی لەم خانووەدا نمایشی خۆی دەکات، خاوەنی کلیل نییە. دیارە دەتوانێت مێوانی تایبەتی بۆ خۆی دروستبکات و کلیلی تایبەتیان بداتەدەستەوە، گەر ئەو خۆنمایشکردنە چووە ئاستی کڕین و فرۆشتن، بەڵام لە بناغەدا دەبێت هەموو دەرگاو

پەنجەرەکانی بۆ مێوانەکان والآبکات و ئەمەندە خزمەتیان بکات تاوەکو وایانلێبکات زۆرترین کات لای بمێننەوە. چونکی لەم جیهانە ئەلەکترۆنییەدا ئێمە ئیمکانییەتێکی گەورەی شوێنگۆڕین و جێگۆڕکێمان هەیە. ئێمە دەتوانین هەمیشە لە نیشتمانێکەوە بۆ ئەوی دی هاموشۆبکەین. ئەو نیشتمانەی کە بە دڵمان نەبێت و خزمەتگوزارییەکەی و خۆنمایشکەرییەکەی ناچیزبێت، دەتوانین بە پرتەی ماوسێک زوو بە جێیبهێڵین. شایانی باسە، بە پێی ئەو هەڵژمارانەی کە کراون، هەموو ئادرەسێکی ئینتەرنێت کە مێوانێک دەخوازێت بچێتە ناوییەوە، تەنها (١٠) چرکە چاوەڕێدەکات، تاوەکو لاپەڕ (لینک)ێکی بۆ بکاتەوە، لەوە بترازێت، زۆربەی زۆری هاونیشتمانییە نافیزیکی و ڤیرتوئێلییەکان (virtuell) چاوەڕێ ناکەن و سەفەری خۆیان بەردەوام پێدەدەن و بەدوای نیشتمانی تردا دەگەڕێن.

ئینتەرنێت ئەو خانووە جاڵجاڵۆکییەیە کە بەردەوام لە گەورەکردنەوەی ڕووبەرەکانیدایەو تاڵەکانی بە چەشنێکی خێرا لە کشان و چنینی خانەی تردایە. یەکێک لە لۆژیکەکانی ئەم ئەم جیهانە ڤیرتوئێلە ئەوەیە کە هیچ ڕووبەرێک نامێنێتەوە کە بێبەریبێت لە پەلاماری جاڵجاڵۆکییانەی ئەم دەرکەوتە. واتە بۆئەوەی هەبیت، دەبێت بەشێک بیت لە کۆمەڵگای ئەم سیستەمە نافیزیکییە.

### کۆمەڵگا وەکو سیستەمێک لە پەیوەندی

گەر جاران زانایانی سۆسیۆلۆگ و ئەنترۆپۆلۆگ و ئێتنۆلۆگ و پۆلیتۆلۆگەگان لە دوو چەشن لە سیستمی پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ دەدوان، واتە لە کۆمەڵ و کۆمەڵگا، ئەوا ئێستا پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا ناچارماندەکات لە فۆرمی نوێی کۆمەڵگا بدوێین. گومان لەوەدا نییە کە ئێستا زیاد لە زاراوەیەک بۆ بەرجەستەکردنی جەوهەری کۆمەڵگای مۆدێرن لەناو زانستە سۆسیۆلۆگی و سیاسییەکاندا بەکاردەهێنرێن، بۆ نموونە زاراوەگەلێ وەکو «کۆمەڵگای پیشەسازی» یان «کۆمەڵگای زانیاری» یان «کۆمەڵگای خزمەتگوزاری» یان لەم کۆتاییەدا «کۆمەڵگای ریسک» پەیدا دەبێت و چ جای دەگاتە ئەو چەمکە نوێیانەی کە لە دوای سەرهەڵدانی ئینتەرنێتەوە پەیدابوون، وەکو کۆمەڵگای سایبەرسپەیس (Cyberspace) یان کۆمەڵگای ڤیرتوئێل (virtuell) و ... هتد.

کۆمەڵگا پێکهاتێک نییە وێنابکرێت بەبێ بوونی سیستەمیک لە چڕیی پەیوەندی و گەیاندن (Kommunikation). واتە ئێمە ناتوانین وێنەی هیچ کۆمەڵگایەک بکێشین و وێنای هیچ

کۆمەڵگایەک بکەین، گەر چالاکییەکی پەیوەندیی چڕ لە نیوان ئەندامان و ڕەگەز (Element) و جومگەکانیدا نەبێت. بە مانایەکی دی کۆمەڵگا پێکهاتی کۆی ئەو پەیوەندییانەیە و لە دەرئەنجامی پەیوەندییەکی ئۆرگانی ئەم کایانەدا گەشەدەسەنێت.

کەواتە لێرەدا و لەم گۆشەنیگایەوە دەتوانین بڵێین کە مێژووی کۆمەڵگا لەو چرکەساتەوە دەستپێدەکات کە تۆڕێکی (Network) ئاڵۆز لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروستدەبیت. تۆڕێک کە ئێمە نایبینین، بەڵام تیایدا دەژین.

سەرهەڵدانی کۆمەڵگای مۆدێرن و دروستبوونی تۆڕێکی ئاڵۆز لە پەیوەندی، مانای تێکشکاندنی فۆرم و نۆرم و بەهای پەیوەندی کۆمەڵایەتی سیستمی کۆمەڵە (جماعة) و ماڵئاواییکردن لە پرنسیپی پەیوەندی کۆمەڵی «ڕووبەڕوو» (Face to Face). کۆمەڵگا واتە پرۆسەی ئاوێزانبوون یاخود ئاوێزانکردنی زیاد لە کۆمەڵێکە لە پانتاییەیکی مەکانی (شوێن) گەورەتر لە پانتایی کۆمەڵە بچووکەکان.

بەرهەمهاتنی ئەم چەشنە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی مانای دروستبوونی ڕووبەریک لە سنورکێشانی پەیوەندیی دەگرێتەوە؛ واتە ناوچەکان و هەرێمەکان و گروپە جیاجیاکان و تەنانەت تاکەکانیش هەموو لەناو ئەم تۆڕی پەیوەندییەدا بەیەکترەوە دەبەسترێنەوە، بەڵام مەسافەیەک لە نێوانیان دەمێنی. ئەو مەسافەیە یا ئەو ڕووبەرەش بە دروستبوونی سیستەمێک لە هاوکاتێتی و هاوساتی ژیانی ئەو مرۆڤانە بە یەکترەوە دەبەسترێتەوە. واتە کۆمەڵگا بە حوکمی بوونی ئەو تۆڕە جەنجاڵە، ئەندامانی لە یەک ساتدا دەتوانن زانیاری دەربارەی ڕووداو و کێشە و ململانێکانی ئەو کۆمەڵگایە وەربگرن.

بۆئەوەی ڕوونتر ئەم بۆچوونەم نیشانبدەم، دەتوانم بڵێم داهێنانی سیستەمی پۆست (بەرید) گرنگترین چرکەساتە لە پرۆسەی دروستبوونی کۆمەڵگا؛ پاشان بەردەوام داهێنانی نوێ دەبێتە خێراترکردن و ئاڵۆزتربوونی ئەم پێکهاتە و چەشنی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییەکەی. بۆ نموونە شەمەندەفەر و ئۆتۆمبیل و فڕۆکە و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و لە سەردەمی ئەمرۆشماندا کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، کە کۆی پێکهاتی کۆمەڵگا بەرەو گۆڕانیکی بناغەیی دەبات و ڕەهەندەکانی بەکۆمەڵگابوونی نوێ تێیدا هەڵگری چەندان ئەگەری گەشبینی و ڕیسکە.

ئەم داهێنانە، واتە تەکنەلۆژیا و میدیای نوێ، بە تەنها خێرایی پەیوەندییەکان دروستناکەن، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا کۆتایی بە باڵادەستێتی شوێن دەهێنێ و شوێنە چەپەک و دوورەکان مانایەکیان لە سەردەمی گواستنەوەی خێرا نامێنێ؛ لە سەرووی هەمووشییەوە ئەم پرۆسەیە

بەردەوام چەشنی نویێ لە ڕیکخراوی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان بۆ بەرهەمدەهێنی، کە بەم فۆرمەی ئێستا لە سەردەمی گلۆبالیزەدا هەیەتی، جاران بوونی نەبوو.

گەر تەماشای مێژووی نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی لە ولاتێکی وەکو ئەڵمانیادا لە سەدەی (١٩) بە ڕوونتر بڵێم شۆڕشی (١٨٤٨ـ ١٨٤٩)، بکەین، دەبینین کە بەبێ سەرهەڵدانی شەمەندەفەر ناکرێت ڕاڤەبکریت. بە هەمان شێوەش لە کوردستانی دوای ڕاپەڕین کاریگەری ئەم تەکنیکە نوێیانە دەبینین بەسەر پرۆسەی بەکۆمەڵگابوونەوە و ئەو ڕاستییەمان بەتەواوەتی لەلا بەرجەستەدەبێت، کە جگە لە هۆکارە سیاسییەکان، بەبێ ئینتەرنێت و ساتەلایت و کەرەسەکانی دی پەیوەندیگرتن، لە زۆر ڕەهەنددا کوردستان بە ئاسانی نەیدەتوانی بەم چەشنە بمێنێتەوە کە ئێستا هەیە. هەموو ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان بە ڕێگای ئینتەرنێت و کەرەسەکانی دی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە و پەیوەندیگرتن فۆرمێکی دی لە ئامادەبوون و چالاکی دەنوێنن کە جاران لە ئاستێکی تەسکی کۆمەڵایەتیدا بۆیان دەرەخسا.

کەرەسەی پەیوەندی و گەیاندن لە ئۆتۆمبیل و شەمەدەفەروە بگرە و بە تێپەڕبوون بەسەر فڕۆکەوە تا دەگاتە ئینتەرنێت لە سەدەی بیستدا سنووری دەوڵەتی نەتەوەیی تێکدەشکێنێت و کۆمەڵگای نەتەوەیی لە «کۆمەڵگای هیڵی شەمەندەفەر»ـەوە بۆ «کۆمەڵگای زانیاری» دەگۆڕێت، کە کۆمەڵگایەکە تێیدا چیدی «ئەوتۆبانی ئۆتۆمبیل» زاراوەی گرنگ نییە، بەڵکو «ئەوتۆبانی زانیاری». ماوەی چەند ساڵێکیشە لەسەر «کۆمەڵگای جیهانی» یان «کۆمەڵگای گلۆبال» گفتوگۆ دەکرێت، ئەو کۆمەڵگایەی کە هاونیشتمانی جیهانی بەرهەمدەهێنێت و چیدی ئەم هاووڵاتێتییە مانایەکی تیۆری نییە، بەڵکو بەرەو ئەوە دەڕوات مانای سیاسی و ئابووری کولتووریی نوێ لە خۆی بگرێت. یەکێک لە نموونە نوێکانی پرۆسەی بەکۆمەڵگابوونی نوێ لە کیشوەری ئەوروپادا دەبینرێت. ئەوروپا ئەمڕۆ، بە هۆی یەکێتی ئەوروپییەوە لەسەر ڕیی ئەوەیە کە ببێتە کۆمەڵگایەکی ئەوروپی. هەنگاوی یەکەمیان بۆ ئەم کارەش نا، کە لە ناوبردنی دراوە نەتەوەییەکان و یەکبوونی لە دراوی ئەوروپیدا (ئۆیرۆ) بەرجەستەبوو. ئەمەش ئەو گۆڕانەیە کە لە چەمکی بەکۆمەڵگابوونی نوێدا دروستدەبێت و هێدی هێدی ماڵئاوایی لە چەمکی (کۆمەڵگای ـ نەتەوەیی) دەکات.

دەرەنجامی ئەو شیکارەی سەری دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە بڵێین کۆمەڵگا بە شێوەیەکی گشتی لە فۆرمی (کۆمەڵگای ـ نەتەوەییدا) بەرجەستەدەبێت و لەناو ئەو چوارچێوەیەشدا وێنەی خۆی وەردەگرێت. فۆرم وەرگرتنی کۆمەڵگا و درووستبوونی نەتەوە، بە

درێژایی مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی، تەواوکەری یەکتر بوون و لە پەیوەندییەکی ئۆرگانیدان بەیەکەوە.

لای یەکێکی وەکو ئەندەرسۆن ناتوانین بەبێ چاپ و پەخش و کاپیتالیزم باس لە کۆمەڵگا بکەین، لای گیدینزیش نەتەوە دەبێت بە قەوارەی کۆمەڵگا. گەر لای ئەندەرسۆن نەتەوە ئەو کۆمەڵە بەوێناکراوە بێت کە لە واقیعدا فۆرمی کۆمەڵگا لە خۆیدەگرێت، ئەوە لەناو جیهانی میدیای نوێ و بەتایبەت ئینتەرنێتدا خەسڵەتی دیگیتالێبوونی بوون لە خۆیدەگریت. لەم جیهانەدا دەشێت شۆڕشەکان و کودەتا و چالاکییە تیرۆریستەکان و دەیان کردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی تر چالاکییەکانیان بگوێزنەوە ناو ئینتەرنێت و لەوێ خۆیان ئۆرگانیزەبکەن. بۆ نموونە لە بواری سیاسیدا بوونی ئەم نیشتمانە ڤیرتوئێلە بە نیشتمانی گروپە تێرۆریستییەکان و گروپە نازییە نوێکان و ڕاستڕەوە ڕادیکالییەکان و چەندانی دیش، کێشەیەکی گەورەی لە ڕووی ئاسایشەوە بۆ چەندین دەوڵەت و سیستەمی جیهانیش دروستکردووە.

ئێمە بە هۆی تەکنەلۆژیای پەیوەندیگرتنی نوێوە لە فۆرمی ئینتەرنێت، ڕووبەڕووی دەرکەوتێکی نوێتر دەبینەوە کە بریتییە لە پێکهاتنی «کۆمەڵگایەکی ڤیرتویلی»، واتە ئەو کۆمەڵگا نافیزیکییەی کە کۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکیی کۆمەڵایەتی دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی تێدەخزێت و ئیستاش، بە هەموو ئەو ئەگەرانەی کە لەناو خۆیدا هەڵگریتی، لە پرۆسەی بە کۆمەڵگابوونی نوێدایە.

**مێکلوهان و گوندە گلۆبالەکەی**

کاتێک قسە بێتە سەر سۆسیۆلۆگی کەنەدی مێکلوهان (Marshall McLuhan)، دەبێت باس لە لەو ڕستە بەناوبانگەی بکەین کە ئەمڕۆ بووەتە بەشێک لە خوێندنەوەی جیهانی ئێستامان. کەم نووسەر هەیە کە باس لە گلۆبالیزەبوون بکات، ئەو ڕستەیەی مێکلوهانی نەکردبێتە پاشخانی خوێندنەوەکەی. مێکلوهان لە ساڵانی شەستەکان و هەفتاکاندا تیۆری میدیای سەرتاپا سەرلەنوێ داڕێژا و لەو ڕستە بەناوبانگەیدا کە کۆی لێکدانەوەکانی لەسەر بینادەکات، ڕای خۆی بەرجەستەدەکات؛ ئەو دەڵێت ئەم جیهانەی ئێمە چیدی وەکی «گوندێکی گلۆبال»ی لێهاتووە. مێکلوهان ئەو کەسە بوو کە پێش ئەوەی تەلەفیزیۆن ببێتە ئەندامێکی تری ناو هەموو خێزانێک، باسی لە تۆڕێکی ئەلەکترۆنی گلۆبالی بۆدەکردین کە دەتوانین بە ڕاشکاوییەوە بڵێین، کە پێشبینی ئینتەرنێتی تێدا بەدیدەکرا.

میدیا ئەو کایەیەیە کە کۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان دەگۆڕێت و چەشنێکی نوێش لە پرۆسەی بەکۆمەڵگابوون دێنێتەئاراوە. لوهان لە کتێبە سەرەتاکانی کە تاووتوێی «کولتووری چاپ»ی تێدادەکات، ڕای وایە لەو کاتەوەی گوتنبێرگ، چاپی کتێبی داهێنا، ئێمە دەتوانین باس لە سەرەتای هەڵوەشاندنەوەی سیستمی عەشیرەت بکەین و قۆناغێکی دی دێتەکایەوە کە قۆناغی دروستبوونی تاکە. پەیوەندی شەفەوی، ئەو کولتوورەیە کە هەمیشە گرووپمان بۆ بەرهەمدەهێنێت، بەڵام کولتووری چاپ و کتێب ئەو میدیا نوێیەیە کە تاکەکانی گروپ لەیەکتر دادەبڕێت و فەردانییەت (Individualismus) دەبێتە بەرهەمەکەی.

سەردەمی ئێستامان، ئەو سەردەمەیە کە هەموو ئادەمیزادەکان لەناو بونیادێکی تۆڕئاسای ئەلەکترۆنیدا دەژین. ئەم جیهانە، گۆڕان نەک لە کۆی پەیوەندییە مرۆییەکانمان دروستدەکات، بەڵکو چەشنێکی نوێ لە کولتوور بەرهەمدەهێنێ و فۆرمێکی نوێ لە دەستەی کۆمەڵایەتی دێنێتەکایەوە. یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئەم دەرکەوتە نوێیە، بریتییە لە «لامەرکەزی ـ کردن»ی ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان کە لە شێوەیەکی تۆڕئاسادا خۆی بەرجەستەدەکات. ئەم میدیا نوێ ئەلەکترۆنییە مرۆڤەکان لەیەکتر نزیکدەکاتەوە وامان لێدەکات کە دونیا لە گۆشەنیگایەکی ترەوە ببینین بەرپرسیارێتییەکانمان گەورەتر و ترسناکییەکانیش مەزنتر و خەونەکانیش فراوانتر بێت.

میدیا گەورەبوونی جەستەی زانیاری مرۆڤە. تێگەیشتن و بیرکردنەوەی مرۆڤ بە چەشنێکی ترسناک لەژێر کاریگەری میدیادایە و ئاڕاستەکانی بە جۆرێک لە جۆرەکان دیاریدەکات. پەیامی ئەم میدیایە بریتییە لەوەی کە چیدی ئێمە لە سێبەری خێرایی و ناوەرۆک و مۆدێلەکانی ئەودا دەژین.
ترسناکییەکە لەوەدایە کە بەشێکی گەورەی میکانیزمی کاریگەرییەکانی میدیا بە چەشنێکی نائاگایانە شوێنپێکانی خۆی لە هۆش و نەستماندا بەجێدەهێڵێت. میدیا بە مانایەکی تر گەورەبوونەوەی خودی خۆمانە و چونێتی تێگەیشتنمانە لە دونیا.

مێکلوهان جیاوازییەک لە نێوان ڕادیۆ و فیلم لەلایەکەوە و تەلەفۆن و تەلەفیزیۆن لەلایەکی ترەوە دادەنێت. ئەو وایدەبینێت کە ڕادیۆ و فیلم دەچنە خانەی «میدیای گەرم»ەوە و، چونکی ئەم دوو میدیایە لەگەڵ یەک هەستی دیاریکراودا دەدوێن، یان یەک هەست دەدوێنن، بە پێچەوانەشەوە تەلەفۆن و تەلەفیزیۆن دەچنە خانەی «میدیای سارد»ەوە، چونکی چەند هەستێکمان دەجوڵێنن و وامان لێدەکەن کە پێیانەوە بەندبین. بەمانایەکی تر ئەو پێماندەڵێت

هەموو تەکنەلۆژیایەک ئۆرگانێک لە ئۆرگانەکانمان بەهێز و گەورە دەکات، یان توانایەکی دیاریکراومان بەرفراواندەکات. ئەم حاڵەتەش دەرئەنجامێکی لۆژیکی لەگەڵ خۆیدا بەرهەمدەهێنێ، ئەویش لاوازبوونی بەشەکانی تری ئۆرگانە مرۆییەکانمانە، لە کاتێکدا کە بەشێکیان بەهێزدەبن، ئەوانی دی بەرەو لاوازی دەڕۆن.

ئەزموونە مرۆییەکانمان، بەڕای ئەو، هەمووی بەرەو ئەوە دەڕوات کە بگوازرێتەوە ناو میدیای ئەلەکترۆنی. ئینتەرنێت بۆیە دەچێتە خانەی میدیای ساردەوە، چونکی جیهانێکی نافیزیکی و (ڤیرتوئێل ـ virtuell)مان بۆ بەرهەمدەهێنێت. واتە گوازتنەوەی هەموو ئەو ئەزموونانە بۆ ناو میدیای سارد، بۆ نموونە گەمەی شەڕکردن (Action game)، ئەو دەرکەوتە نوێیەیە کە جگە لە ترسناکییە پەروەردەییەکانی بۆ سەر گەنج و لاوان، ترسناکی گۆڕانی هەقیقەتمان بۆ دونیای فەنتازیای فیرتوئێلی بۆ دروستدەکات. لە گەمەی جەنگدا، کەسی گەمەکەر دەتوانێت بێژمارە خەڵک، یان دوژمنی خەیاڵی بکوژێ، بێئەوەی هیچ ماتەمینی و هەستێکی نەدامەتی لادروستببێت. کاتێکیش خۆی لەگەمەکەدا بکوژرێت، یان بدۆڕێت، ئەوا زۆر بە ئاسانی لە ڕێگا پرتەیەکەوە لە ماوسی کۆمپیوتەرەکەی ژیان لەبەر خۆی وەردەگرێتەوە و دەتوانێت لەسەرەتاوە دەستپێبکات. ئەم حاڵەتە نائیحتمالییە، وامان لێدەکات کە تێگەیشتنێکی تر و وێنایەکی ترمان بۆ مەرگ و نەمری لا دروستببێت. ئێمە لەو گەمانەدا دەتوانین نەمری بۆخۆمان بەرهەمبهێنین و هەڵەو هەڵسوکەوتەکانمان هەمیشە ڕاستبکەینەوە. چیدی هەڵە کوژەر نییە، بە مانا هەقیقییەکەی، چونکە ئیحتیمالی دەستپێکردنەوە و بەردەوامبوونمان هەیە، ئیحتیمالی هەڵسانەوە و ژیان وەبەرهێنانەوەمان هەیە. لەم جیهانەدا هەموو نائیحتیمالییەکان هەموو دەبن بە ئیحتیمال.

بەم چەشنە ئێمە حاڵەتێکی زۆر تایبەتمەندمان بۆ دروستدەبێت. ئەم حالەتەش بریتییە لە تێکچڕژانی لەش و تەکنیک. واتە لەش ڕەهەندێکی تەکنیکی بەخۆیەوە دەگرێت، یان دەتوانین بڵێین لەش بەتەکنیکی دەکرێت و تەکینکیش حاڵەتێکی مرۆیی وەردەگرێت، یان بە مانایەکی تر بەمرۆیی دەکرێت. لێرەوە تەکنەلۆژیا دەچێتە حاڵەتێکی ئۆرگانییەوە و جۆرێک لە مانای ژیان وەردەگرێت. هۆکاری ئەم دەرکەوتەش وونبوونی سنوورەکانی نێوان هەقیقەت و فەنتازیایە. لێرەوە هەقیقەت شوناسێکی تر لەخۆی دەگرێت و دەبێت پێناسێکی سەرتاپا نوێی بۆبکەین.

ئینتەرنێت چیدی ئەو نیشتمانە بێشوێنەیە کە هەموو کەسێک دەتوانێت ببێتە هاونیشتمان و نیشتەجێبووی، تاکە پاسەپۆرتێک مرۆڤ لەم جیهانە پێویستی پێیەتی بریتییە لە «ووشەی نهێنی» (passwort). بە پێچەوانەی جیهانی کۆمەڵگای هەقیقی، ئێمە دەتوانین لەم جیهانە

ڤیرتوئێلییەدا زیاد لە کەسایەتییەک و زیاد لە ناونیشانێک و زیاد لە ناوێکمان هەبێت. لەگەڵ کەسانێکدا هەستەکانمان بگۆڕینەوە کە نایاناسین و نەمانبینیون، یان هەر نازانین ناویان چییە و سەر بە چ نەتەوەیەک یان ئایینزایەکن، دەوڵەمەندن یان هەژار، مرۆڤێکی باشە یان خراپ. گوازتنەوەی ئەزموونە مرۆییەکانمان و خواست و ویستەکانمان بۆ ناو دونیای ئەلەکترۆنی، مانای فرەشوناسی کەس و فرەکەسێتی دروستکردنە بۆ تاک، ئەمەش مانای ونبوون یان شاردنەوەی مانا واقیعییەکان دەگەیەنێت.

هەموو تاکێک لەم جیهانە دەتوانێت بە شێوەیەکی ڤیرتوئێلی ببێتە زیاد لەکەسێک.

تاکە مەسافەیەکی واقیعی لە ئینتەرنێتدا هەبێت، بریتییە لەوەی کەی دەچیتە ناو ئەم میدیایەو کەی لێی وەدەردەکەویت. واتە سنوور لەم دونیایەدا سنوورێکی سیاسی و جوگرافی نییە، وەکی چۆن ئێمە لە دونیای دەوڵەتە نەتەوەییەکانی ئێستاماندا دەیناسین، بەڵکو سنوور چیدی لە نێوان دوو نیشتماندایە، نیشتمانێکیان پێی دەگوترێت نیشتمانی (online) کە نیشتمانە ڤیرتوئێلییەکەیە و نیشتمانەکەی تر کە پێیدەگوترێت (offline)، کە نیشتمانە هەقیقییەکەمانە. ئێمە تا ئەو چرکەساتەی پێیەکانمان نەنابێتە ناو نیشتمانی ئینتەرنێتەوە (offline)نین، واتە لە جیهانی هەقیقی خۆماندایین و هەر کە چوینە ناو ئینتەرنێتەوە ئەوا دەبین بە (online)، واتە دەبین کەسێکی ڤیرتوئێل.

ئەم دونیا ئۆرگانیزەکراوەی ناو ئینتەرنێت، کۆمەڵگایەکی بەتاک بووە و حەسرەتی تایبەتییشی بۆ بە کۆمەڵبوون هەیە. واتە لێرەوە ئینتەرنێت تەنها گەیاندن و ناردنی پەیام نییە، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا دروستکردنی هەستێکی ئۆرگانییە کە ئێمە لە ڕێگایەوە دەبین بە کۆمەڵێکی ڤیرتوئێلی و شوناس و هەستی تایبەتیشمان بۆ دروستدەبێت بەرامبەر بەو کۆمەڵە. چەشنێکی تایبەتی دۆستایەتی و بەرپرسیارێتیمان بەرامبەر ئەو کەسانەی کە لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە دەیانناسین، بۆدروستدەبێت و لاپەیدادەبێت.

مێکلوهان لێرەوە یەکەم کەس بوو کە بەگوندبوونی دیگیتالییانەی جیهانی پێناساندین. بۆئەوەی وێنەیەکی بچوک و پوختمان لا دروستبێت، دەتوانین لەم چەند خاڵەدا تێزە سەرەکییەکانی چڕبکەینەوە:

یەکەم: ئەلەکترۆن هیچ سنورێکی سیاسی یان جوگرافی ناناسێت. واتە بڕەڕی سنوورەکان و کیشوەرەکان و دەوڵەتە ناسیۆنالەکانە.

دووەم: مرۆڤەکان لەسەر ئەم بناغەیەوە لە یەکتر نزیکتر دەبنەوە. دانیشتووانی جیهانیش دەبێت بە گوندێکی گلۆباڵ.

سێیەم: ئەم جیهانە، جیهانی هاوکاتی و هاوساتییە. لێرەوە پەیوەندی نێوان زەمەن و شوێن گۆڕانی جەوهەری بەسەردادێت. بەم چەشنە ئێمە چیدی لە جیهانێکدا ناژین کە زەمەن کۆتی شوێن بێت.

واتە ئەم شوێنگە ئەلەکترۆنییە (Cyberspace)ـە لە ڕووی ئابووری و ئێوکۆلۆژی و پەیوەندییەوە کاریگەری تایبەتمەندی بۆ سەر سیستمی پێکەوەژیانی مرۆڤەکان دەبێت.

بە هۆی ئینتەرنێتەوە ئێمە چیدی سەفەرەکانمان لە ڕێگای تۆڕەکانەوە دەکەین و جیهانێک یان کۆمەڵگایەکی ئەلکترۆنی دروستدەبێت، کە تیایدا زانیارییەکان هەمیشە لە گەورەبوون و خێرابوونێکی بەردەوامدان، کەناڵەکان لە زۆربووندان و دەزگاکانیش لە گەورەبووندان.

گەر ئەمانە هەمووی ڕاستبن، دەبێت ئەوە بڵێین کە مێکلوهان لە خاڵێکدا زۆر چەواشە بووە. ئەویش ئەوەیە کە زۆربەی تیۆریستە مۆدێرنیستەکان تێیکەوتوون. ڕاستییەکی بنبڕە، کە ئەم پێشکەوتنە مانای ماڵئاواییکردن لە زۆر شت دەگەیەنێت، بەڵام مانای وونبوون و سڕینەوەی بەربەستە کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئەتنییەکان ناگەیەنێت. بە مانایەکی تر، ئەو چەمکەی کە دەڵێت ئەم جیهانە بە هۆی ئەم میدیایەوە مرۆڤدۆستر دەبێت، دوورە لە ڕاستییەوە.

لە کاتێکدا تەکنەلۆژیای نوێ لە تێکشکاندنی بەردەوامی دەزگاکاندایە، کەچی ئەو جیهانەی کە لێی ئاشناین سەقامگیرتر دەبێت. لەو ڕێگایەی کە پێدەگوترێت کۆمەڵگای زانیاری برێکی زۆر لە هاوکاری کۆمەڵایەتی و وەلائەتی کۆمەڵایەتی لە بەردەم هێزی ئابووری و سیاسی نێونەتەوایەتی یان «بان ـ نەتەوایەتی»دا وندەبێت یان ووردوخاشدەکرێت.

واتە ئەوانەی (Cyberspace) بە چاوێکی ڕەخنەگرانە دەبینن وای بۆ دەچن کە ئێمە لە بەردەم ململانێی دوو چەمکی نوێن؛ هاوکاری و ونبوونی چەمکی هاوکاری، بۆیە ئەو تێڕوانینەی مێکلوهان بە دیدێکی میکانیکی دەبینرێت.

لێرەدا بە کورتی ئەو دیاردە نوێیانە دەستنیشاندەکەم کە ئینتەرنێت لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت.

١ـ ونبوونی گەرمی پەیوەندی مرۆڤایەتی لە فۆرمی ڕووبەڕوو، وە سەرهەڵدانی فۆرمێکی نوێ لە پەیوەندی دیگیتاڵ و ئەلەکترۆنی سارد لە ناو جیهانی (Cyberspace).

٢ـ دروستبوونی سیستەمێکی جیهانی ئەوتۆ کە تیایدا تەنها ئەوانە خێران و بەو شێوەیەش خاوەن دەسەڵات و سەرمایەن، کە تازەترین تەکنیکیان بە دەستەوەیە.

٣ـ ونبوونی وەلائەتی کۆن و دروستبوونی کۆمەڵێکی ئەلەکترۆنی «بێ ـ نیشتمان» کە جگە لە سورد و قازانجی خێرا، هیچی تر نابینن.

٤ـ کورتبوونەوەی دیموکراسی بۆ سەر ئاستی گوتار. واتە بەم تۆربوونە گلۆبالییە چەندە شانسی دیموکراسی زیاد دەکات، هێندەش ئەو بەڤیرتوئێلکردنەی کار و بەرهەمهێنانە، مانای مرۆڤبوون دەگۆڕێت، ماناکانی هۆشمەندی هاوکاری گۆڕانیان بەسەردادێت و بەرژەوەندی هاوبەش دەلالەتی تر وەردەگرێت؛ بەم جۆرە ئەم جیهانی نێت (Net)ـە، جیهانی پێکهاتێکی بەردەوامە لە گۆڕان و پرۆسەیەکی هەمیشەیی گۆڕان و گۆڕانکارییە. کەم نین ئەو زاراوانەی کە لەم چەند ساڵانەی دواییدا کە هەوڵی کۆکردنەوەی ترسەکانی ئینتەرنێتی بۆسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تێدا دراوە؛ بۆ نمونە (Cybersdiktatur) یان (Cybersfaschismus).

**ڤیریلیۆ و ئێستاتیکای خێرایی**

ئەو کایە زانستییەی کە زانای فیزیا، پاول ڤیریلیۆ کاری تێدادەکات بە درۆمۆلگی (Dromolgie) ناسراوە. درۆمۆلگییش کار لەسەر لۆژیکی ڕۆشتن و گوزەر و خێرایی دەکات. مێژووی میدیا، زانستی لەشکر، فیزیک و چەندین بواری تر دەڕژێنە ناو ئەم زانستەوە. بەم چەشنە، هەریەک لەم بوارانە دەشێ ببێتە بەشێک لە کایەی درۆمۆلگی.

ئەم جیهانەی ئەمڕۆ ئێمە تێیدا دەژین، جیهانی خێرایی و گەیاندنی زووی دەنگوباس و هەواڵ و نامە و تیبینییەکانە. شۆڕشی پیشەسازی ئەو ڕاستییەی بۆ سالماندین کە هەرچی زیاتر خێرابوونی ماشینەکان، مانای هێندە زۆرتری بەرهەم و لە دوادەرئەنجامیشدا مەبەستی هێندە گەورەترکردنی قازانج دەگەیەنێت. خێرایی، ئەو دەرکەوتە نوێیە کە چیدی هەموو بوارەکانی ژیانمان بە چەشنێک لە چەشنەکان دیاریدەکات و دەبێتە قەدەرێکی کۆمەلایەتی نوێ، کە ناتوانین خۆمانی لێ دەربازبکەین. ئەو گوتەیەی کە دەڵێت، ئەوەی درەنگ بێت، ژیان سزای دەدات، دەقاودەق لەم دونیایەدا کە خێرایی دەستنیشانکەری هەموو سەرکەوتن و بالادەستییەکە، ڕاستێتی خۆی هەمیشە دەسەلمێتنێت. نزیکترین نموونە جەنگی ئەم دواییەی ئەمریکا و عێراقە. کە تەکنەلۆژیای خێرایی چ ڕۆڵێکی گەورەی لە دووتوێی ئەو جەنگەدا بینی.

خێرایی بۆخۆی لە جیهانی میدیای ئەلەکترۆنی دەبێتە ئامانج، ناوەڕۆک و چەشنی ڕووداوەکان مەسەلەیەک نین، بەڵکو ئەوەی مەبەستە، کێ یەکەم دەنگوباسی پێیە و کێ دەبێتە چاوگی ئەو دەنگوباسە نوێیە. گەورە و بچووکی دەنگوباسەکان ڕۆلی خۆیان لەدەستدەدەن و چیدی ئەوەی مەسەلەیە ئەو زەمەنەیە کە تا دوا ئەندازە کورتدەکرێتەوە بۆ ئەوەی

دەنگوباسەكانی پێداتێپەڕین و بگەنە جێگای مەبەست. بەم چەشنە وەکو ڤیریلیۆ دەڵێت زانیاری بۆخۆی دەبێت بە خێرایی. ئەم خێراییەش گاریگەری گەورە و فەرامۆشنەکراو لەسەر چۆنێتی دیتن و تێگەیشتن و هەست و نەستمان بەجێدەهێڵێت.
ڤیریلیۆ سێ چەشنی شۆڕشی خێراییمان بۆ دەستنیشاندەکات.

یەکەم: شۆڕش لە چەشنی کەرەسەکانی گواستنەوە، کە لەسەدەی نۆزدەوە سەرهەڵدەدات، یان بە مانایەکی دی لە شۆڕشی پیشەسازییەوە دەستپێدەکات، کە مرۆڤ ماشین دروست دەکات بۆ ئەوەی خێرایی بەرهەمبهێنێت. لەم جیهانەدا ئێمە دەمانتوانی تەنها کۆنترۆڵی ئەو ڕووبەرە بکەین کە ماشینەکان تێیدا ئامادەن و کاردەکەن. واتە بە پێچەوانەی گواستنەوەی زانیاری، ئەم خێراییە بە ڕووبەری جەستەوە بەندبوو.

دووەم: شۆڕشی خێرایی تیشک، کە لەسەدەی بیستەمەوە دەستپێدەکات. ڤیریلیۆ ڕای وایە کە بە هۆی ئەم میدیا نوێیەوە ئێمە چەشنێکی نوێمان لە ڕێکخستنی جیهان دروستکرد. پەیوەندی نێوان زەمەن و شوێن گۆڕانکاری جەوهەرییان بەسەرداdێت. مرۆڤ لەم سەدەیەدا چیدی کۆتی شوێن نییە و دووریتی فیزیکی ئەو ڕۆڵەی نامێنی کە لەسەدەی نۆزدەدا هەیبوو. بە پێچەوانەی مێکلوهانەوە، کە میدیا بە گەورەبوونەوەی جەستەی مرۆییمان دەبینێت، ڤیریلیۆ بە تێکشکانی بوونمان لە جیهاندا دەبینێت، چونکی دەرکردنی مرۆڤ لە جیهانی واقیعی و فڕێدانی بۆ ناو جیهانێکی نەناسراو، مانای دابڕانمانە لە واقیعی مرۆیی خۆمان. بۆ نموونە مرۆڤ بە هۆی تەلەفۆنەوە هەموو پەیوەندییەکانی بە جیهانی ماتریالەوە دەدۆڕێنێ. هەموو ڕووداوەکان دەبن بە ڕووداوی هەنووکەیی و خێرایی ڕووناکی وامان لێدەکات کە چیدی ئێمە لە ناو جیهانی تەنها ئێستادا بژین و هەموو خواستەکانیشمان لەناو ئەو جیهانەدا بە واقیعی ببینین. واتە ئەوەی ئێستا نەبێت واقیعییەتی خۆی لەدەستدەدات.

سێیەم: شۆڕشی تەکنیکی ترانسپلانتاتسیۆن (Transplantationstechnik). ڤیریلیۆ وایدەبینێت کە لەم قۆناغەدا مرۆڤ لەوە دەبێتەوە کە باس لە شۆڕش بکات لەدەرەوەی خۆی، بەڵکو شۆڕشەکان و گۆڕانکاییە خێراکان دەچنە ناو لەشی مرۆڤەوە و ئەو وەزیفانە لەلایەن کەرەسەی ئەلەکترۆماگنێتییەوە جێبەجێدەکرێت. بۆ نموونە چاندنی مایکرۆچیپس لە لەشی مرۆڤ. ئەم حاڵەتە نوێیە یەک مانا دەگەیەنێت، ئەویش ئەوەیە کە تەکنیک دەتوانێت زانیارییەکانی خۆی بکات بە ڕۆحی مرۆڤ. لەشی مرۆڤ دەبێت بەو مەوداو شوێنگەیەی کە فەزا ڕۆحییەکەی لەلایەن تەکنەلۆژیاوە پاواندەکرێت.

پاوانکردنی شوێن و زەمەنی شتەکان دەبێت بە کۆڵەکەیەک و خەسڵەتێکی جەوهەری سەدەی نوێمان. ئەم ڕاستییەش لە لای ڤیریلیۆ بە بەرجەستەکراوی لە بواری لەشکر و جەنگدا دەتوانین پەی پێببەین. هەر بۆیە بەڕای ئەو لە دەزگای لەشکردا کە گەورەترین دەزگای کۆمەڵایەتییە و بە جۆرێکی هیولائاسا ئەم کایەیەی بۆخۆی پاوانکردووە، دەکرێت هەندێ لە بیروبۆچوونەکانی تاووتوێبکەین.

کاتێک دەگوترێت پاوانکردنی جیهان لە ڕێگای خێراییەوە وەچنگدەخرێت، مانای ئەوەشە کە لە شان ئەم حاڵەتەدا هێزی پاوانخواز، وەکی جاران پێویستی بە دوو چاو نییە کە لە ڕێگایانەوە تەنها سنوورێکی دیاریکراوی توانای بینینی هەبێت، بەڵکو پێویستی بە چاوێک هەیە کە هەموو شتەکان ببینێت و بزاوتیان دیاریبکات. بۆ ئەم مەبەستەش چاو دەبێت بە کایەیەک بۆ کۆنترۆڵکردن. ئەو چاوەشی کە ئیمکانییەتی تێرکردنی ئەم وەزیفەیەی هەیە، بریتییە لە ساتالایتەکان.

تاوەکو توانای تەکنیک لە دیتنی شتە بچووکەکان گەورەتر بێت، هێندەش توانای بچووککردنەوەی دونیا گەورەتر دەبێت. چاوی ئاسایی لە جیهانی ئێستای لەشکرگەریدا بەس نییە، بۆئەوەی فریای ئەو خێراییە بکەوێت کە لەشکر لەخۆیدا بەرجەستەی دەکات. جیهانی ئەوتۆماتیککراویی چیدی پێویستی بە چاوی ئاسایی نییە، بۆئەوەی شتە هەقیقییەکان ببینی و لە ڕاستییە نهێنییەکان بکۆڵێتەوە. جیهانی ئێستامان لەلایەن چاوەکانی ماشینەوە چاودێریدەکرێت. ئەم جیهانە، جیهانێکە کە بە خێراییەکی سەیر دەتوانێت وێنەو زانیاریمان پێکەوە بۆ بگوازێتەوە. بەبێ لەدەستدانی کات و زەمەن دەتوانێت لە کات و ساتی فەرمان دەرکردنێکدا هەموو ئەو زانیارییانە بە توانای بینینەوە بخاتە بەردەستمان. واتە خێرایی بینین و زانیاری دەچنە ناو یەک قاوغەوە و لەیەک ئان و ساتدا پێکەوە کاردەکەن. بەم چەشنە تەکنەلۆژیای نوێ دەتوانێت ئان و ساتێتی هەقیقەتەکانمان بداتێ. بەڕای ڤیریلیۆ ئەم توانایە قۆناغێکی نوێ لە هێزی بینین بەرهەمدەهێنێت، قۆناغی بێمانابوونی بینینی ئاسایی و قۆناغی ونبوونی کات و شوێن. بینینی ئاسایی، کە بینینێکی مرۆڤانەیە، لەم سەردەمەدا بێنرخدەبێت.

جەنگەکانی ئەم دواییە ئەو ڕاستییەیان ڕوونکردەوە کە لە ڕێگای ڕاکێتی ئاڕاستەکراو بە هۆی ساتالایتەکانەوە، دەتوانرێت لە هەموو کاتێک، هەموو شوێنێک بپێکێت. واتە کۆمپیوتەر و ساتالایت و ئینتەرنێت هەموو پێکرا توانای بینین و کردەی خێرایی بە ڕادەیەک گەورەدەکەن، کە هیچ هێزێک ناتوانێت پێکۆڵیانبکات، گەر خاوەن هەمان تەکنیک نەبێت.

ڤیریلیۆ ڕای وایە کە لەداهاتوودا ناتوانین باس لە زۆنی کاتی جیاوازجیاواز بکەین. بە

بچووکبوونەوەی ڕووبەر و هاوساتێتی لە ڕێگای زانیاری و وێنە، ماناکانی کاتیش گۆڕانی جەوهەری بەسەردا دێت. ڤیریلیۆ ئەم حاڵەتە بە باڵادەستێتی «تیرۆری زانیاری» ناودەبات. ئەو بڕوای وایە کە جیهانی داهاتوو کۆنترۆڵکردنی تەواوی زانیاری کلیلەدراوەکانە و جیهانی چاودێریکردنی تەواوی ژیانی ڕۆژانە و بینی ژیانی ناوەوەی مرۆڤە، واتە ونبوونی فەزای شەخسی. بەم جۆرە دەتوانین بڵێین مرۆڤ دەبێت بەو کەسەی کە لە دونیای سایبەر فاشیزمۆس (Cyberfaschismus) دەژی ئەو بەشەیە کە ڕێگا بە ونبوونی یان کەشفکردنی هەموو ژیانی ڕۆژانەی دەدات.

ڤیریلیۆ لەو هێزە نەبینراوە دەترسێ کە کۆدی دیگیتاڵی لە خۆیدا بەرجەستەدەکات. ئەو، سەردەمی زانیاری بە سەردەمی بۆمبی زانیاری لە قەڵەم دەدات.

بەم چەشنە دەتوانین بڵێین لە جیهانی نوێدا سیاسەتی ئەسیل و گروپی کۆمەڵایەتی ئەسیل مانایان نامێنێ. لەم جیهانە بەئەتۆم بووەدا گەمەکەرە گلۆباڵەکان ڕۆڵێ گەورەتر لە دەوڵەت و گروپە لۆکالییەکان دەگێڕن. ئەم جیهانە ئاسمانی فرۆشیارەکانە و بەهەشتی کەپتیالیزمە کە دەسەلات تێیدا بە جۆرێک کەڵەکە دەبێت کە دەوڵەتی ناسیۆنال مانای نامێنێ.

**قەیرانی کۆمەڵگا یان دەوڵەتی ناسیۆنال**

یەکێک لە کایگەرییە جەوهەرییەکانی ئینتەرنێت بۆ سەر دونیای سیستەمی جیهانی دەوڵەتی ناسیۆنال بریتییە لەوەی چیدی نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی ئەو بوونە پیرۆزەیان نامێنێ کە تاوەکو چرکەساتی پێش دەرکەوتی ئینتەرنێت هەیان بوو. واتە نەتەوە و دەوڵەتەکەی وەکی چەمک دەچێتە ژێر پرسیارەوە. چونکی ئەو تۆڕە نوێیانە دەسەڵاتی دەوڵەتی ناسیۆنال کەم دەکاتەوە و ناچاری دەکات یان دەرگا و پەنجەرەکان هەمووی دابخات کە ناتوانێت، یان دەبێت ببێت بە یەکێک لە گەمەکەرەکان.

ئێمە چیدی لە دونیایەک دەژین کە ناتوانین بە ئاسانی بزانین کێ لە ئەڵمانیادا کڕیارە و چۆن پارەی ئەو شمەکانە لە بانکۆک دەدات کە فرۆشیار لە دونیای دیگیتاڵدا نمایشیدەکات و لە ڕێگای کۆمپیوتەرەوە لە چ بانکێکی ڤیتوئێلدا کە لە ئۆهایۆی ئەمریکادا نیشتەجێیە.

لە جیهانی کۆمەڵگای زانیاریدا دەسەڵات و دەسەڵاتدارێتی دەوڵەتی نەتەوەی لە بچووکبووندایە و ماف و مافی هەلسوکەوتی دەزگا مولتی میدیاکان لە گەورەبووندان. بۆ نموونە لە خۆڕا نییە کە مایکرۆسۆفت لە هەڵپەی کڕینی مافی وێنەدایە لە هەموو دونیادا. واتە

«بانکی وێنە» چیدی لە داهاتوودا دەبێتە ئەو مەنزڵگایەی کە ئێمە بۆئەوەی بتوانین وێنەیەک بڵاوبکەینەوە، دەبێت لای مایکرۆسۆفت بیکڕین یان مافی بڵاوکردنەوە لەو وەربگرین.

بەم جۆرە کلیلی دەسەڵات و دەسەڵاتداریتی لە دونیای سەدەی ٢١ دا لە جیهانی ڤیرتوئێل و (Cyberspace)دایە. بە کۆمەڵگابوونی ڤیرتوئێلی یان چەشنی بەرهەمهێنانی ڤیرتوئێلی دەبێتە خەسڵەتێکی نوێی ئەم سەدەیەمان. سەدەی ٢١، سەدەی پرۆسەی بە کۆمەڵگابوونی نوێیە. واتە سەدەی گۆڕانی ژیانی کۆمەڵایەتیمانە لە فۆرمە فیزیکییەکەیەوە بۆ فۆرمە «بان ـ فیزییکەکەی. بە ڤیرتوئێلکردنی جیهانی ژیانمان ڕۆژ بە ڕۆژ لەو ژوورانەدا بەرهەمدەهێنرێت کە بە (Cyberspace) ناوزەدمان کردن، واتە بەرهەمهێنان و هامۆشۆی زانیاری و هاتوچۆی پارە چیدی وابەستەی بوونی بە شوێنێکی دیاریکراوەوە نییە کە ئێمە بۆی بچین.
لەناو ئەم جیهانەدا تەنها گروپێک ناچێت بۆ بانکێ، تا پارە بگۆڕێتەوە، یان هامووشۆی پێبکات، یان تەنها گروپێک ناچێت بۆ دەزگایەکی زانیاری بۆ وەرگرتنی یان کڕینی زانیاری، وەکی لە واقیعی کۆمەڵایەتیدا دەیبینین. بەم شێوەیە گۆڕان لە کۆی پەیوەندییەکانی دەسەڵات و جۆری ڕێکخستنی کۆمەڵگا دروستدەبێت.

سیستەمی کار چیدی پابەندیی بە شوێنی کارەوە نییە، چونکی دەشی تۆ لەماڵەوە فەرمانبەر بیت لە دەزگایەکی تەکنەلۆژیای میدیادا کاربکەیت. تێکەڵبوونی ژیانی ڕۆژانە و کار دەبێتە دیاردەی ئەم سەردەمەمان و جۆرێکی نوێ لە کارگەرمان بۆ دروستدەکات کە بە (Teleworker) ناونراوە.

**دواسەرنج**

بەم چەشنە ئێمە دەتوانین لە چەند خاڵێکدا خەسڵەتی گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتوورییەکان لە سەدەی کۆمەڵگای زانیاری و «ڤیرتوئێل ـ بوو»دا بەم جۆرە کورتبکەینەوە.

یەکەم: لە دووتوێی بەڤیرتوئێلکردنی ستروکتوری کۆمەڵگاوە جۆرێکی نوێ لە دابەشبوونی کۆمەڵایەتی نوێ لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی دروستدەبێت.

دووەم: بە هۆی ڤیرتوئێلکردنی جیهانی جۆری بەرهەمهێنان، بنەمای دەوڵەتی نەتەوەی دەهەژێ و گۆڕانکاری قووڵ لە شێوەی پەیوەندی ئابووری نێونەتەوەیی دروستدەبێت.

سـێـهـەم: بەڤـیـرتوئێلکردنی بەرهەمـهـێنان لێـشـاوێک لە بە عـەقـڵانیکردنـی کـارمـان بۆ دروستدەکات. بۆ نموونە بۆ دەرهێنانی ڕۆژنامەیەک دەیان کرێکار و کارمەندت دەوێت، بەڵام لە ئینتەرنێتدا ژمارەیان بە پەنجەی دەست دەژمێردرێت. نموونەی ڕۆژنامەی «فرانکفۆرتەر روندشـاو»ی ئەڵمـانی کـە یەک کـارمـەندی هەیە بۆ بەشـی ئینتـەرنێتـەکـەی، لەکاتێکدا بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەکە دەیان کارمەند و کرێکاری دەوێت.

چوارەم: دونیا لـەم جیـهانەدا دابەشـدەبێت بۆ براوە و دۆڕاو ئەوانەی بەشـدارن و خـاوەندارن جیان لەوانەی لە دەرەوەن.

پێنجـەم: جۆری ملـملانێکان گـۆڕانیـان بەسـەر دێت و ملـملانێی کۆمەڵایـەتی نوێ دروستـدەبێت وە کێشەی ئێکۆلۆژی (بیئة) نوێ پەیدادەبێ.

شـەشـەم: بەڤیـرتوئێلکردنی جیـهان، هۆشـمـەندی هـاوکاری مـرۆڤـانە تێکدەشکێنێ و جـۆرێکی نوێ لە وەلائەت و هـاوکاری لە پرۆسەی دروستبووندایە.

حـەوتەم: نـاعـەدالەتی کۆمـەڵایەتی لە فـۆرم و نۆرمی نوێدا دەبێتـە هۆی ئەوەی کە لەم جیـهانە بەڤیـرتوئێلکراوەدا کێشەی کۆمـەڵایەتی و سـیاسـی و ئاسـاییشـی نوێمـان بۆ دروستـبێت کە تیایدا ئاسۆکان هێشتا نادیارە.

لە کـۆتاییدا دەتوانین ئیشـکالییـەتی بابەتی دەسـەڵات و دەسـەڵاتدارێتی لە ئینتـەرنێـتدا و ئەگەرە دڵخۆشکەرەکانی لە پرۆسەی بەکۆمەڵگابوونی نوێدا لە سێ خاڵدا کۆدەبنەوە.

یەکەم: ئینتـەرنێت بەرەو بە دیموکراسـیبوونی بونیـادە کـۆمـەڵایەتییـەکانمـان دەبات. چونکی لەسەر ئاستی جیهانی، مرۆڤەکان بە یەکترەوە دەبەستێ و جۆرێک لـە دیموکراسـی ڕاستەوخۆ دروستدەبێت.

دووەم: ئینتــەرنێت ئـاوێنەیەکی جـیــهــانی ڕاســتــەقـینەی ئێــمــەیە. واتـە پەیوەندییـەکـانی دەســەڵاتدارێتی لـە حــەقـیـقــەتدا چۆنە ئـەوا لە ئینتـەرنێـتـدا لە ڕووبـەرێکی ڤـیــرتوئێلدا بەرجەستـەدەبێت؛ واتە دەسـەڵاتی جیهانی واقیعی کۆمـەڵایەتیمان خۆی دووبارە لە جیـهانێکی دیگیتالیدا (digital) بەرهەمدەهێنێتەوە کە ئینتەرنێتە.

سـێـهـەم: ئینتـەرنێت وەکی بەشـێک یان جـومگەیەکی دانەبڕاوی بە ڤـیـرتوێلکردنی بوونە، سـیناریۆیەکی دیسـپـۆتیـیـە (ئیسـتـبـدادیە) کـە بەرەو پتـر قـووڵبـوونەوەی پەیوەندییـەکـانی دەســەڵاتدارێتـیــمــان دەبـات و گـۆڕانکاری چۆنێـتی لە پـەیوەندییــە کـۆمــەڵایـەتیـیـەکـاندا دروستدەکات.

چوارەم: ئینتەرنێت شێوەیەکی نوێ لە مانای گروپ و دەستە و تاک و تاکێتی بەرهەمدەهێنێت. واتە چەشنێکی نوێ لە کۆمەڵ و کۆمەڵگا و چەمکی مرۆڤبوون و تاکبوون سەرهەڵدەدا، کە لە دووتوێیاندا ماناکانی هاوکاری و هاوولاتێتی و بەرپرسیارێتی تیایدا گۆڕانی گەورەیان بەسەردا دێت.

مێکلوهان ڕاستدەکات کاتێک دەڵێت «میدیا پەیامێکە»، بەڵام کارەسات لەوەدایە کە رەهەندەکانی خێرایی تەکنەلۆژیا لەم جیهانە ڤیرتوئێلەدا بەرەو ئەوەمان ببات کە میدیای نوێ ئەو پەیامە بێت کە موژدەی وونبوونی مرۆڤی پێ بێت.

**سەرچاوەکان**

1- Virilio, Paul: Ästhetik des Verschwindens. Berlin 1986.
2- Virilio, Paul: Fluchtgeschwindigkeit. München, Wien 1996.
3- Marshall McLuhan: The Gutenberg Galaxy, 1962.
4- Kloock, Daniela; Spahr, Angela: Medientheorien. Eine Einführung, 2., korr. Und erw. Aufl., München 2000

# کۆچ بەرەو ناشوێن

«بەشی دووەم»

## بەختیار عەلی

*«شوناس خاڵی یەکدی برینە، لە نێوان خواستی مرۆڤ و ئەوەی دونیا دەرفەتی پێدەدا.»*

*«ئیریک . ھ . ئیرکسن»*

*«سەدەی نۆزدە سەدەی دۆزینەوەی مێژوو بوو، ئەم قۆناغەی ئێستا قۆناغی دۆزینەوەی شوێنە.»*

*«میشێل فۆکۆ»*

*«ئازارەکانم هێندە سەیرن*
*هێندە لە چەشنی خۆیان تەراکەوتەو ناوازەن*
*بروای بەتینم هەیە. لە هیچ ژانێکی دی ناچن*
*غەمگین بە هەموو ئەوەی هەستی پێدەکەم*
*غەمگین بە هەموو ئەوەی هەستی پێناکەم...»*
*م. ویلاند «ئەفسانەکانی زستان»*

*«غەریب لە شوێنێکی تر نییە، غەریب خۆی شوێنێکی ترە»*
*«برنارد والدنفێلس»*

کەسی کۆچبەر «وەک لە بەشی یەکەمدا تەواو تیشکمان خستە سەر» لەسەر سنووری دوو دونیادا دەژی، لەسەر سنووری دوو کولتووردا. کێشەی گەورە ئەوکات دەستپێدەکات کە کۆچبەر لە هیچ یەکێک لەم دوو دونیایەدا شوێنی ڕاستەقینەی خۆی نادۆزێتەوە، واتە هیچ یەک لەم دوو دونیایە نامۆیی ئەو بە ژیان کەمناکەنەوە، هیچ یەکێک لەم دوو دونیایە ماڵێکی ڕاستەقینە نابەخشنە کۆچبەر، شوێنی هێمنی و ئاسوودەیی و ئارامی نین. بەڵام گەڕان بەدوای شوێنی ئیدیالدا، بەدوای دۆزینەوەی نیشتەجێیەکی بەهەشتیدا، شوێنێک جوانی هەموو شوێنەکانی کۆکردبێتەوە، بەشێکە لە مۆتیڤ و پاڵنەرە گەورەو گرنگەکانی کۆچی مرۆڤی ئێمە.

تێکچوونی پەیوەندی لەگەڵ هەردوو شوێنەکەدا، ئەو کات بەرجەستەدەبێت، کە کۆچبەر ناتوانێت «یان نایەوێت» بگەڕێتەوەو نیشتیمان بکاتەوە بە نیشتەجێی هەمیشەیی، ئەوکاتیش کە ناتوانێت تەواو ئامێزانی کۆمەڵگاکانی غوربەت بێت و ببێت بە بەشێک لەو کۆمەڵگایانە. بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە قووڵە کۆچبەر ناچارە پەیوەندی خۆی بە شوێنەوە بگۆڕێتە سەر جۆرە پەیوەندییەکی دیکە، واتە پێویستە تەواوی پەیوەندی خۆی بە دونیاوە بگۆڕێت و لەو فەزا تازەیەی کە تیادەژی جۆرە پەیوەندییەکی دیکە دروستبکات. کۆچبەر دوو شوێنی گرنگی هەیە، یەکەم: نیشتیمان و دووەم: وڵاتانی غوربەت. هیچ یەک لەم دوو شوێنەش تەواو وەڵامی هاوارەکانی ئەو نادەنەوە، ئەو سیحر و ئەفسونەی هەر یەکێک لەم دوو جێگایە دەیبەخشن بەیەکەوە کۆنابنەوە. غوربەت کۆمەڵێک هەل و ئەفسون پێشکەش بە کۆچبەر دەکات نیشتیمان خۆی پێشکەشیانناکات، نیشتیمانیش کۆمەڵێک ویستی ڕۆحی و دەروونیی و عاتیفی تێردەکات غوربەت تێریانناکات. کۆچبەر لەهەر جێگایەک بژی، لەهەر یەک لەم دوو نیشتەجێیەدا شتێکی گرنگ دەدۆڕێنێت. لێرەوە هەموو شوێنە ڕاستەقینەکان، هەموو ئەو شوێنانەی شوێنی واقیعیین و دەشێت مرۆڤ تیایاندا بژی، دیوێک و ڕەهەندێکی بەهەشتی و دیوێک و ڕەهەندێکی جەهەنەمییان هەیە. بە مانایەکی تر، هیچ یەک لە «نیشتیمان» و «غوربەت» شوێنی ئیدیال نین. ئەو شوێنە نین ئاسوودەیی کۆتایی ببەخشن. لێرەوە سەفەر بەدوای شوێنێکی دیکەدا دەبێتە سەفەرێکی هەمیشەیی، کاتێکیش ئەم مرۆڤە لەواقیعدا دەگاتە بونبەست، لە فەنتازیادا درێژە بە گەشتەکانی خۆی دەدا.

بەمانایەکی تر، گەیشتن بە خۆرئاوا کۆتایی بۆ ئەو گەشتە دانانێت کە مرۆڤی ئێمە لە نیشتیمانەوە دەستی پێدەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە گەڕان بە دوای شوێنێکی تردا «کە سروشتێکی دیکەی هەیە» دەست پێدەکات. لەم گەشتەدا مرۆڤی ئێمە سنوورەکان نابڕێت، لە

دەریاکان نادات، وڵاتەکان تەیناکات، بەڵکو تێدەگات دەبێت خۆی جۆرە فەزایەک دروستبکات و بیکاتە مەڵبەندی کۆکردنەوەی ئەو شتانەی ونیکردوون و بەدوایاندا دەگەڕێت. مرۆڤی ئێمە دەزانێت ئەو ناتوانێت لەسەر پانتاییە جوگرافییە گەورەکان نیشتیمانێکی هەبێت، لێرەوە لەسەر پانتاییە جوگرافییە بچوکەکان، لە دەوروبەری نزیک، لەو فەزایەدا کە لە چوار دەوری خۆی دەیخولقێنێت، دەستدەکات بە بیناکردنی نیشتیمان. لێرەدا نیشتیمان لە هەموو چەمکە گەورە و مەزن و بێسنوورەکانی خۆی دەبێتەوەو کورتدەبێتەوە بۆ خولقاندنی کۆمەڵێک فەزای کۆمەڵایەتی و دەرونی تایبەت.

بەر لەوەی بێمە سەر چەمکی «ناشوێن» دەمەوێت کەمێک لەسەر چەمکی «گەڕان بەدوای شوێنێکی دیکەدا لە فەنتازیادا» قسەبکەم. داننەنان بە غوربەتدا، تەسلیمنەبوون بە غوربەت، یەک دەرەنجامی هەیە، ئەویش باوەڕهێنانە بەوەی تۆ هەمیشە لە نیشتیمانی، هەرگیز دوورنەکەوتوویتەوە، هەمیشە لە فەزایەکدای گرێدراوی ڕابووردووی خۆتە، لە نێوان ئەمڕۆ و دوێنێتدا پچڕانێک دروستنەبووە. ئەمڕۆت درێژکراوەی دوێنێتە، غوربەتت درێژکراوەی نیشتیمانە. داننەنان بە غوربەتدا بریتییە لە داننەنان بە پچڕان، باوەڕنەهێنان بە گۆڕان، باوەڕنەهێنان بەوەی کە تۆ لەناو کولتوورێکی دیکەدایت و دەبێت تێکەڵی بیت و لێگەڕێیت هەندێ لە ماناکانی لە ناو ڕۆح و ژیانتدا بدرەوشێنەوە. ئەم حاشاکردنە قووڵە لە غوربەت، ئەم سیما تراژیدییەی غوربەت وا ناکات کۆچبەر بەرەو دوا ڕووەو نیشتیمان بگەڕێتەوە، وادەکات کۆچ بە شێوەیەکی دیکە درێژەی هەبێت. ئەوانەی دەپرسن کاتێک کۆچبەران غەریبی نیشتیمان دەکەن بۆ ناگەڕێنەوە؟ ئەو ڕاستییە نازانن کە کۆچبەری ئێمە چاوەڕوانی ساتێک دەکات ئەو شوێنە خەیاڵییەی لە ناو فەنتازیایەتی ببێت بە واقیع، ئەوسا بگەڕێتەوە، نازانن کۆچبەری ئێمە لە ئاستی خەیاڵ و فەنتازیادا درێژە بەو گەڕانە دەدات کە لە شوێنە واقعییەکاندا وەدەستی ناکەوێت. دیارە زاراوەی کۆچی فەنتازی زاراوەیەکە بۆ کۆمەڵێک پرۆسەی ئاڵۆز کە لەسەر ئاستی هەست و نەست و ڕەفتارو ڕێکخستنی شێوازی ژیاندا ڕوودەدات. واتە سەفەر نییە لە شوێندا، بە فرۆکەو بەلەم و شەمەندەفەر، بەڵکو دروستکردنی شوێنێکی دیکەیە کە تا ئەندازەیەکی زۆر بەرجەستەکردنی ئەو شوێنە خەیاڵییەیە کە کۆچبەر بۆیدەگەڕێت.

پرسیارێک لێرەدا دێتە پێشێ ئەویە ئایا کۆچبەر بەدوای چ جۆرە شوێنێکدا دەگەڕێت؟

لەڕاستیدا دۆزینەوەی ڕوخساری گشتی ئەو جێگا خورافییەی کۆچبەری ئێمە بۆی دەگەڕێت، ئاسان نییە... واتە پشکنین بەدوای شوێنی ئیدیالدا پشکنینێکی وردی نەستی تاکە

کەسی و نەستی کۆ و تێکستی نوسراوو گووتراوی ئێمەی دەوێت، تا ئەو کاتەی ئێمە دەستماننناگەتە نەستی خۆمان، دەستمان ناگاتە ناو چینە شاردراوەوە نهێنییەکانی ناو هەستی خۆمان، تا ئەو کاتەی ئێمە زانستێکمان نییە شفرە داخراوەکانی دەرونی خۆمان بۆ شیبکاتەوە. بۆ گەیشتن بەوێنەی گریمانەیی و شیمانەیی ئەم کۆچە دەبێت کۆمەڵێک ئاستی دیکە بخوێنینەوە یان هەندێک ڕێگای دیکە پێشنیاربکەین.

شوێنی ئیدیالی ئێمە دوور نییە لەسەرچاوە دینی و سیاسییەکان. وەک چۆن دین شوێنێکی یۆتۆپی پێشکەشدەکات، ئاوەهاش هەموو بزاوتە سیاسییەکانی ئێمە شوێنی یۆتۆپی خۆیان هەبووە، لەوەوبەر لە یەکێک لە باسەکانمدا باسم لە زەمانی یۆتۆپی ئێمە کردووە، هاوشان بەزەمانی یۆتۆپی فیکرەی جێگای یۆتۆپی یەکێکە لە تەوەرە گەورەکانی ناو پێکهاتی عەقڵی ئێمە. نەگەڕانە دواوەی کۆچبەری کورد لەوەوە هاتووە کە ناتوانێت دەستبەرداری گەڕان بێت بەدوای شوێنی ئیدیالدا. درێژەدان بە فەنتازیاکردنی شوێن، درێژەدانە بە تواناو ووزەی ژیان و مانەوە. واتە لە قووڵاییدا سەیربکەین ئەو ڕاستییە دەدۆزینەوە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان مرۆڤی ئێمە دەستخەرۆی شێوە کۆچێکە ئارام ناگرێت. لە قووڵایی کۆچبەری ئێمەدا ئەو هەستە هەیە کە «نەگەیشتۆتە ئەو شوێنەی خۆی دەیەوێت». سەرچاوەکانی ئەو هەستە گەلەک زۆرن. هۆی یەکەمییان بێئاگایی کۆچبەرە لە ماهییەت و چۆنێتی ئەو شوێنانەی کە کۆچیان بۆدەکات. کۆچبەری ئێمە کۆچبەرێکی نەزانە، کۆچبەرێکە فیکرەیەکی لەسەر ئەو خاک و وڵاتانە نییە کە سەفەریان بۆدەکات، بۆچوونی دەربارەی خۆرئاوا پڕە لە هەڵەو ئەفسانە، ئەوەی لە خەیاڵیایەتی کۆمەڵێک وێنەیە نەگەیشتونەتە ئاستی گەڵاڵەکردنی فیکرەیەکی ئاشکراو ڕوون. کۆچبەری ئێمە ناتوانێت لە چەمک و فیکرەوە بەرەو وێنەکردنی دونیا بگوازێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە کۆمەڵێک وێنەی خەیاڵییەوە بەرەو داڕشتنی فیکرەیەک لەسەر جیهان دەڕوات. واتە بیرکردنەوەی نییە، وێنەی هەیە. هەڵسەنگاندنی نییە، بەڵکو حوکمی پێشوەختی هەیە. دەرەنجامگیری نییە، بەڵکو خەیاڵێک لەسەریایەتی و ئەو خەیاڵە لە ناویدا بیردەکاتەوە. کۆچبەری ئێمە لەسەرەتاوە «بەحوکمی نەزانین و ناشارەزایی لە دونیا» دەبێتە کۆچبەرێکی خەیاڵی، کۆچبەرێک فەنتازیا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە ژیانیدا، فەنتازیا بە مانایەکی زۆر سەلبی، بە مانای پۆڵی پێچەوانەی بینینی ڕاستەقینەو بیرکردنەوە و ئیشکردن لەسەر خودی دیاردەکان، فەنتازیا بە مانای پرۆسەی خۆگونجانێکی عوسابی لەگەڵ شوێنە جیاوازەکاندا لە ڕێگای هەوڵدان بۆدروستکردنی لۆغانەیەکی تایبەتی کە بەشێک بێت لە هەموو جێگاکانی دیکە و هیچیشیان نەبێت.

ئەو کەسەی نازانێت بۆکوێ دەڕوات لەیەککاتدا کەسێکە ئازاد و کەسێکیشە نائارام، ئازادو ئاسوودەیە چونکە هیچ شتێک بە تەواوەتی بە هیچ جێگایەکی دونیاوە نایبەستێتەوە، هیچ شوێنێک بە ماڵ و نیشتیمانی خۆی نازانێت، ئینتیمای تەواوی بۆ هیچ سەر زەمینێک نییە، نائارامیشە چونکە دوا وێستگەی نییە تیا نیشتەجێ بێت، بەردەوام لە فەنتازیاکردنی ماڵدایە، بەردەوام لە گواستنەوەدایە. لەو ساتەدا کە کۆچبەری کورد تێدەگات ئەو نە لە نیشتیمان شوێنی هەیەو نە لێرەش ئەو جێگایەی دۆزیوەتەوە کە دەیەوێت، لە فەنتازیاکانیدا شوێنێک دروستدەکات کە ئەوێشەو ئێرەشە، خۆرئاواشەو خۆرهەڵاتیشە، نیشتیمانیشە و تاراوگەشە. من ئەم جێگایە ناودەنێم ناشوێن ... ناشوێن چونکە هەوڵێکە بۆ دروستکردنی ئەو کونجە ئارامەی نە ئاوێنەی ڕاستەقینەی ژیانی خۆرئاوایە و نە ئاوێنەی ڕاستەقینەی ژیانی خۆرهەڵاتە. جێگایەکە دەتوانێت شتە دژ بەیەکەکان کۆبکاتەوەو یەکەیەکی تریان لێدروستبکات.

ناشوێن هەوڵدانێکی کۆچبەرە بۆ کۆکردنەوەی شوێنەکان، بۆ کۆلاجکردنی شوێنەکان لەسەر یەک، بۆ هەڵبژاردنی لایەنە ڕووناکەکانی شوێنە جیاوازەکان و کەمکردنەوەی کاریگەری لایەنە بەدەکان .

ناشوێن تەنیا جێگایەک نییە، بەڵکو پنتێکە، خاڵێکی وەستانە لە ناوەڕاستی جێگا جیاوازەکاندا. دروستکردنی شێوازێکی تازەیە لە ژیان کە ڕابوردووی کۆچبەر و ئێستاو داهاتووی پێکەوە دەبەستێتەوە، فۆرمێکی پێدەبەخشێت، هیچ یەکێک لەو ڕەگەزانە ناکاتە دەرەوە، بەڵکو لەگەڵ ڕەگەزەکانی دیکەدا کۆلاجیاندەکات وکۆیاندەکاتەوە. ناشوێن ئەگەرێکی کراوەیە، واتە دەرگایەکە دەکرێت زۆر شتی لێوە بێتە ژوورێ. بوارێکی بەرین بۆ فەنتازیا لەسەر ئاستی شوێن و ئاستی جێگادا دەکاتەوە. لەیەک ڕەگەز پێکنایەت، بەڵکو لە کۆمەڵێک ڕەفتارو تێگەیشتن و فەنتازیاو هەڵسوکەوت پێکدێت. ناشوێن فەنتازیای دەستکاریکردن و دروستکردنەوەو مانا بەخشینەوەیە، بە تاراوگە. کۆچبەر بۆ ئەوەی تەسلیمی غوربەتی خۆی نەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت لە جەهەنەمی هەموو جێگاکان و جوگرافیاکان دەرچێت، جوگرافیایەکی تر دروستدەکات، لەم جوگرافیایەدا ماڵ شوێنێکی سەنترالی هەیە، بەڵام ماڵ خۆی دەبێتە شوێنێکی دابڕاو لە هەموو شوێنەکانی تر، دەبێتە دوورگەیەکی جیاواز لەدەوروبەرەکەی، بەڵام جگە لە ماڵ ناشوێن ڕیزێک هەڵسوکەوت و ڕەفتارە کە لە کۆمەڵێک تەوەردا کۆیاندەکەمەوە. بە کورتی ناشوێن ئەو پنتەیە، ئەو سیستمەیە لە ژیان و بیرکردنەوەو خەیاڵ کە بوار بە کۆچبەر دەدات نە بگەڕێتەوە بۆ نیشتیمان و نە لە خۆرئاواش تێکەڵ بە کولتووری بیانی بێت. ناشوێن پاشەکشێیەکی ترسناکە لە کاراکتەری کەسی کۆچبەردا،

ڕاستە ناشوێن بوارێکی بەردەوامی فەنتازیایە، درێژەدانێکی ئازادە بە کۆچ بە شێوەی تر، بەڵام گەڕانەوەیەکی گەورەشە بەرەو دواوە. لێرەدا ناچارم بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە ئێستێکی بچوک قسەکردن لە خودی ناشوێن بوەستێنم و بگەڕێمەوە بۆ قسەکردن لەسەر گۆڕانەکانی وێنەی شوێن.

## لە گۆڕانی مێژووییەوە بەرەو گۆڕانی شوێن

چەمکی نامۆبوون لە کولتووری فەلسەفی مارکسی و وجودییدا پەیوەندییەکی بە «شوێن»ەوە نییە. نامۆبوون لای مارکس پەیوەندی بە هەلومەرجی کارەوە هەیە، بە جیابوونەوەی بەرهەم لە بەرهەمهێن. بە جیاکردنەوەی «مرۆڤبوون» و «کارکردن» لەیەکتر. مارکس وەک هەمیشە، بەمشێوە سەرەنجڕاکێشە وەسفی «نامۆبوونی مرۆڤ» دەکات : «کرێکار تەنیا لەو کاتەدا هەست بە خۆی دەکات کە لەسەر کار نییە، ئەوکاتانەش لە سەر کارە لەدەرەوەی خۆیەتی. ئەوکات لە ماڵە کە لەسەر کار نییە، کە لەسەر کاریشە لە ماڵ نییە... ئیدی دەرەنجامەکە ئەوەیە کە مرۆڤ تەنیا لە کاتی کردە ئاژەڵییەکانیدا کە دەخوات و دەخواتەوەو منداڵ دەخاتەوە... هەستدەکات کارئازادە freitätig بەڵام لە کردارە مرۆڤانەکەیدا هەستدەکات شتێک نییە لە ئاژەڵ زیاتر. ئەوەی ئاژەڵئاسایە دەبێتە مرۆئاسا و ئەوەی مرۆئاسایە دەبێتە ئاژەڵئاسا». ئەم دۆخەو گۆڕانی بەرهەمی کار بۆ شتێکی نامۆ لە خودی بەرهەمهێن، وەرگرتنی بۆ دەسەڵاتێکی دیکەی سەربەخۆ کە بەبەرهەمهێن دوژمن و نامۆیە، ڕۆحی نامۆبوونی مرۆڤ لە سیستمی سەرمایەداریدا دەستنیشاندەکات. بەپێی مارکس نامۆبوون ئەوەیە کارگەر بۆ بازاڕێکی نادیار کاڵا دروستدەکات، شوێنی لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا چەشنێکە، تەنیا لە بەشێکی بچوکی دروستکردنی کاڵادا بەشداریدەکات، بە جۆرێک دواتر شوێن دەستی خۆی لە ناو بەرهەمەکەدا نابینێتەوە... ئەمانە هەموو مرۆڤ دەکەنە کەسێکی لە کارو لە دونیا نامۆ «١».

گەر سەرنجبدەین نامۆبوون لای مارکس و لای زۆربەی فەیلەسوفەکانی دواتریش پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە جێگاوە نییە، مرۆڤ نامۆیە بێئەوەی جێگا بگۆڕێت، بێئەوەی لەم خاکەوە بەرەو ئەوی دی کۆچبکات. لێرەوە بێرنهارد شلنک بە هەق ئەو پرسیارە دەکات «بۆ لە کۆتایی ئەم سەدەیەدا جارێکی دی، ئەزموونی نامۆیی میتافۆرێک دەدۆزێتەوە کە لە ئاستەنگی شوێندا خۆی دەستنیشاندەکات» «٢». بۆ دووبارە تاراوگەو نیشتیمان وەک دوو جەمسەری دژ بەیەک دەوەستن، ئەمە لە کاتێکدا سەردەمێک پێشتر مارکس قسەی لەوەدەکرد کە «کرێکاران

نیشتیمانیان نییە»، واتە غوربەتیان پابەندی جێگۆڕکێکردن نییە لە شوێندا. لە ڕاستیدا ئەمە دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو ڕستەیەی سەرەوەی فۆکۆ. دەربارەی سەردەمێک کە مرۆڤ بایەخی شوێنی تیا دەدۆزێتەوە.

ئەگەر وەک فۆکۆ دەڵێت سەدەی نۆزدە سەدەی دۆزینەوەی مێژوو بێت بۆ ئەوروپییەکان، ئەوا بە دڵنیاییەوە، بۆ ئێمە سەدەی بیست سەدەی دۆزینەوەی مێژووە. بەدرێژایی سەدەی بیست هیوای گواستنەوە لە قۆناغێکی مێژووەوە بەرەو قۆناغێکی ڕوناکتر بزوێنێکی گەورەی دونیای ئێمەیە، گەشت لێرەدا گەشت نییە بە شوێندا، بەڵکو گەشتە بە زەماندا. خەباتگێڕانی سەدەی بیست بە پاشخانی ئایدۆلۆژی جیاوازەوە، بە خەونی جیاوازەوە، بە پرۆژەی سیاسی جیاوازەوە، هەمووان لەوەدا بەشداربوون هەوڵبدەن تەکانێک بە زەمەن بدەن لە قۆناغێکەوە بچێتە قۆناغێکی دی. ئیشکردن بۆ جوڵانی زەمان، ستراتیژی سیاسی و خەباتگێڕانی سەدەی بیستە. بەڵام ئەمڕۆ ئێمە سەدەیەکی تر دەژین. ئەمڕۆ باوەڕ بە گواستنەوە لە ئاستی قۆناغە زەمەنییەکاندا کزترو کەمخوێنترە لە جاران، لێرەوە ئەلتەرناتیفی خەون بە گۆڕانی مێژووییەوە، بۆتە خەون بە گۆڕانی شوێنەوە. ئێمرۆ نەوەی نوێ خەون بەوەوە نابینێت مێژوو بگۆڕێت و خۆری سەردەمێکی دی هەڵبێت، خەون بەوەوە دەبینێت بتوانێت دەرفەتی دەستکەوێت و شوێنی خۆی بگۆڕێت، هەل وەچنگخات لە نیشتیمانەوە بگوازێتەوە بۆ دەرەوەی نیشتیمان. لێرەدا گواستنەوە لە ئاستی قۆناغە مێژووییەکانەوە بۆتە گواستنەوە لە ئاستی شوێندا.

دۆزینەوەی شوێن وەک بوارێکی دی بۆ ڕزگاری، وەک ئاستێکی نوێ، تێرامانی گەورەی دەوێت. ئەزموونی مرۆڤی ئێمە لەگەڵ شوێندا ئەزموونێکی نوێیە، بەڵام ئەو گرفتانەی لە گۆڕانی شوێندا دروستدەبن کەمترنین لەو گرفتانەی لە گۆڕینی مێژوودا دروستدەبن، چۆن لە ئاستی زەماندا هەمیشە ئارەزوویەکی قووڵ هەیە، بەرەو گەڕانەوە بۆ ڕابوردوو، لە ئاستی شوێنیشدا ئارەزوویەکی قووڵ هەیە بەرەو بونیادنانەوەی وێنەو دیکۆرو ڕوخساری شوێنی یەکەم. لێرەوە گەڕان بەدوای پشکنینی ئەو زانیاری و وێنەو پێکهاتانەی ئێمە لەسەر شوێن هەمانە گرنگییەکی مەزنی هەیە لە تێگەیشتن لە پەیوەندی ئێمەدا بە شوێنەوە. گەر ڕاستگۆبین، خوێندنەوەی پەیوەندی کۆچبەر بە شوێنەوە گەشتێکی قووڵیشە لە خوێندنەوەی پەیوەندی کۆمەڵگای ئێمە بە شوێنەوە. لێرەدا هەوڵدەدەم هەندێ ئاسۆی ئەو گەشتە بخوێنمەوە، گەشتێک تیایدا لە بری قۆناغە مێژوویە جیاوازەکان، شوێنەکان تیایدا بەشەڕدێن، ناکۆکی لە نێوان قۆناغەکاندا نییە، بەڵکو لە نێوان جێگاکان و فەزاکان و وێنەکانیاندایە.

## وێنەی شوێن لە فەنتازیای کۆچبەری کورددا لە کرانەوەوە بەرەو بچوکبوونەوە داخران

کاتێک کۆچبەر لە نیشتیمان دێتە دەرێ، ئارەزوویەکی گەورەو گڕگرتوو لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە دەرەوە، ئارەزووی بینینی جیهان.

مرۆڤی کورد سەر بەنەتەوەیەکە « گەشت و بینینی جیهان»ی لێزەوتکراوە. کۆچ دەروازەی سەرەکی بینینی جیهانە. کۆچبەری ئێمە کە دێتەدەرێ هەندێکجار ئەو هەستەی هەیە کە لەشوێنێکی داخراوو بچوکەوە بەرەو شوێنێکی کراوەو گەورە دەڕوات. ئەو هەستەی هەیە دەرگای دونیایەکی گەورەی لە خۆی کردۆتەوە، دەرگای دونیایەکی پڕ ئەگەر و ئاسۆ. هەستی یەکەمجار هەستی فڕینە لە هێلانەیەکی بچوکەوە بەرەوە ئاسمان، ئەو هەستەی شاعیرێکی وەک شێرکۆ لە دەربەندی پەپولەو خاچ و ماردا بە وردی تیشکی دەخاتە سەرو دۆکۆمێنتێکی شیعریمان سەبارەت بەو فڕینەی یەکەمجار پێشکەشدەکات. ئاڕاستەی یەکەم لەم سەفەرەدا باوەشکردنە بە دونیادا، وێنەی شوێن لەم ئاستەدا بەرەو کرانەوەو فراوانبوون دەڕوات. کۆچبەر خەیاڵی لای «زەمینی بەرین و بێسنووری خودا»یە. سەرەتای سەفەر سەرەتای هەوڵدانە بۆ بینینی دونیا لە وێنە گەورەکەیدا، هەوڵی فڕین و لەزەت وەرگرتن و لەزەت بینینە لە جیهان. هەموو کۆچبەرێک ئاستی ڕۆشنبیریشی چەند بچوک بێت کە چاوی بە دونیاکانی تر دەکەوێت، کە چاوی بەبەندەرو وێستگەی شەمەندەفەرەکان دەکەوێت، بۆ ساتێک ئەو هەستەی هەیە کە کەوتۆتە سەر ڕێگایەک گەلەک ئاسۆی کراوەی لەبەردەمدایە و دەبێت شتێک لە نهێنی ئەم جیهانە گەورەیە ببینێت و بدۆزێتەوە. ئەو هەستەی کۆچبەر کە ئەو بەرەو شوێنێکی گەورەی پڕ نهێنی دەڕوات، مۆتیڤێکی پۆزەتیڤ و چالاکە. وێنەی «شوێنی گەورەو بەرین» لە هەمان کاتدا بزوێنێکی گەورەیە بۆ هێزی گەڕان و تێگەیشتن و پشکنین. تا بزانین جیهان گەورەترە، ئارەزووی ناسین و زانین و پشکنینمان گەورەتر دەبێت. وێنەی جیهانی بەرین و زەمینی گەورەی خودا، بەجۆرێکی گەورە دەبێتە وروژێنەری ویستی تێگەیشتن و دۆزینەوەو فێربوون. بەڵام ئەمە تەنیا بەشێکی هاوکێشەکەیە، کۆچبەری ئێمە هاوشان بە هاتنەدەرەوەی، هاوشان بە گەورەبوونی ئەگەری لە دایکبوونی هەستی فێربوون و گەڕان و بینین و دۆزینەوە، دەکرێت هەستێکی دیکەی پێچەوانەش گەشەبکات، کە هەستێکە هەموو کۆچبەرێک بە گشتی و کۆچبەری کورد بە تایبەتی دەیناسێت و قسەی لێکردووەو تاقیکردۆتەوە کە «هەستە بە ونبوون». جیهانی گەورە تەنیا موژدەی دۆزینەوەی پێ نییە، بەڵکو

ئەگەرێکی گەورەی ونبوونیشی لە خۆیدا شاردۆتەوە. ونبوون بەشێکی گەورەی هەموو سەفەرێکە.

لەسەرەتاوە ململانێکە لە ڕۆحی کۆچبەردایە، هەندێجار تا کۆتاییش دەمێنێتەوە. دوو هەست لەگەڵ یەکدا شەڕدەکەن، یەکێکیان ئارەزووی ناسینە، ئەوی دیکەیان ترسی ونبوونە. یەکەمیان ئەو لەزەتەیە کە کۆچبەر لە بینین و ناسینی دونیا دەیبینێت، ئەوی دیکەیان ترسە لەوەی دونیا وەک گەرداوو گێژاو لوولمانبدات و لەناو خۆیدا ونمانبکات. پەنابەر بە ویستی ناسینی دونیاوە دێتەدەرێ و لەناو ترسدا لە گەورەیی دونیا و لە سامی ونبووندا کۆتایی پێدێت.

ترس لە ونبوون هێزێکی گەورەیە، لە ساتێک لە ساتەکاندا کۆچبەر ئاوڕدەداتەوەو خۆی لە ناوەڕاستی دونیایەکی بەرین و گەورەدا دەبینێتەوە، کە نە سنوورەکانی، نە فەزاکانی و نە وێنەکانی بەو ئاشنانین. دونیایەک ناتوانێت قسە لەگەڵ یادەوەریدا بکات، قسە لەگەڵ ئەو تێگەیشتن و زانینانەدا بکات پێشوەخت کۆیکردونەتەوە. ئەم نامۆبوون و نەناسینە هاوشانی جۆرە ترسێکی تازەیە کە ترسە لە ونبوونێکی هەتاهەتایی. دیارە من لەو باوەڕەدام دونیای ئێستا، دونیای سەفەری خێراو نزیکبوونەوەی بێسنوورو بێبەربەستی شوێنەکانە، هەستی گەڕانەوە، هەستی دروستکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئەو دونیایەدا کە دەیناسیت، هەلی بیناکردنەوەی «جیهانۆچکە»یەکی تایبەتی کە سیفاتی دونیای جارانیش کۆبکاتەوە لەجاران ئاسانترە. لێرەوە هەستی ونبوون دوای ڕیزێک میکانیزمی ئاڵۆز دەروازەی ئارامی دەدۆزێتەوە، ناشوێن ئەو پنتی ئارامییەیە لە نێوان ترسی ونبوون و خولیای گەڕانەوەدا لەبری گەڕانەوە بەرەو ماڵ، وەک وێستگەیەکی درێژ بەکاریدەهێنین. واتە خودی ناشوێن لە قووڵاییدا جۆرە گەڕانەوەیەکی ڕەمزییە بەرەو ماڵ، گەڕانەوەیەک دەشێت گەڕانەوەی ڕاستەقینە تا ناکۆتا دوابخات. کپکردنەوەی ترسی ونبوونە بە میکانیزمی بیناکردنەوەی نیشتیمان و ئینتیماکان لە تاراوگە.

### شوێن، توندوتیژی، گێڕاندنەوەی زۆرەملێ بۆ منداڵی

کۆچبەر لەوانەیە لە ئاستی زمان و شێوازی تەعبیرکردنیدا لە بیروڕاکانی گۆڕانکاری قووڵی بەسەردانەیەت، لەوانەیە هەمیشە شێوازی توند لە قبوولکردن و ڕەتکردنەوە بەکاربهێنێت، لەوانەیە بەردەوام هەڵوێستی سەرپەڕتر و عاتیفی تر لە خەڵکانی ناوەوە نیشانبدات، بەڵام ئەوانە هیچیان بەو مانایە نین، کە ژیانی کۆچبەر لە قووڵاییدا لەسەر

ســازشــێکی قــووڵ دروســتــنەبووە. ئەو ســازشــەش بریتــیــیــە لە هەوڵدانی بەردەوام بۆ دوورنەکەوتنەوە لە هیچ یەک لەو دوو جیهانە کە تیادەژی. کۆچبەر مەودایەکی عاتیفی ئەوتۆ وەردەگرێت بتوانێت لەیەک کاتدا ئەوپەڕی خۆشەویستی و سۆز بۆ نیشتیمان نیشانبدات و بتوانێت زەمینەسازیش بۆ نەگەڕانەوە بکات، مەودایەک لە خۆرئاواش وەردەگرێت کە لە نێوان ڕەزامەندییەکی قووڵ و توڕەبوونێکی بەردەوامدا دێت و دەچێت. جەوهەری ناشوێن ئەوەیە ئەوپەڕی عاتیفەی نیشتیمانپەروەری نیشانبدەیت بێئەوەی بگەیتە ئەو ئاستەی بتگێڕێتەوە بۆ وڵات. ئەوپەڕی تورەییش بەرابەر خۆرئاوا نیشانبدەیت بێئەوەی ئەو تورەییە لە خۆرئاوا هەڵتکەنێت.

کۆچبەری کورد لە جەنگێکی درێژی دروستکردنی ئەو جۆرە شەڕو سازشەدایە «ئەم جەنگە لەسەر ئاستی هەست و نەستیش ڕوودەدات». کاتێک پەنابەری کورد لە نزیکەوە دەدوێنیت پڕە لە خۆشەویستی نیشتیمان، بەڵام لەناو ئەو خۆشەویستییەدا دەستدەخاتە سەر دەردی ئەوتۆ کە بەهانەی گەورەی بۆ دروستدەکەن تا بیر لە گەڕانەوە نەکاتەوە، لەوەوبەر گووتم کە کۆچبەری کورد خۆی لە سیستمی سیاسی کورد ڕانەپسکاندووە، دەنگێکی بەرزو زوڵاڵ نییە دژ بەو سیستمە سیاسییە، دەنگێکی قایم و پڕهاوار نییە، بەڵکو وەک پێشتر دیاریمکرد بڕی هەرە گەورەی کۆچبەرانی کورد هەواداری حیزبە باڵادەستەکانی کوردستانن و لە ژێر باڵی ئەواندا بیردەکەنەوەو خەون دەبینن. ئەم کۆچبەرە زۆربەی کات جەنگێکی گەورەی ئەخلاقی و کولتووریشی نییە، بەڵکو سازشی لەگەڵ کولتوورو هەندێ لایەنی پێکهاتی سیاسیدا نیشانەی گەورەی سازشێتی لەگەڵ کۆمەڵگادا، بەڵام ئەم سازشە ڕێگا لەوە ناگرێت دووری خۆی بپارێزێت، ئەو دوورییەی پێویستە بۆ ئەوەی کۆچبەر نیشتیمان وەک شوێن هەڵنەبژێرێتەوە. کۆچبەرانی جیاواز بەهانەی جیاواز دەدۆزنەوە بۆ مانەوە، بەڵام لەوەدا بەشدارن کە بە کۆ لە سازشێکی هەمیشەیشدابن، ئەوەی کۆچبەران ناتوانن سوود لەو فەزا ئازادە ببینن کە لە خۆرئاوا هەیە بۆ ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگای خۆیان ڕیشەکەی لەناو ئەو هەستەدایە کە بەردەوام دەبێت باجی مانەوەیان لە خۆرئاوا لەسەر حیسابی بەهێزکردنی ئینتیما سیاسییەکانیان بدەن بۆ ئەو هێزانەی زلهێزی کۆمەڵگای ئێمەن و نوێنەری ئەو کۆمەڵگایەن. وەفاداری بۆ واقیعی ئەمرۆ، سەرچاوەکەی لەلای کۆچبەر فیکرێکی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو ئەو سازشەیە کە دواجار کۆچبەر پێویستی پێیەتی تا هاوکێشەی دووریی خۆیی پێ هاوسەنگبکاتەوە. کۆچبەر لێرە لە ئینتیماکانیدا توندڕەوترو تیژڕەوتر لە کوردستان ڕەفتاردەکات، بەڵام ئەم تیژڕەوییە جگە لە هەڵوێستێکی ڕەمزی بۆ ڕاستکردنەوەی لاسەنگییەکی ویژدانی هیچی تر نییە، تیژەڕەوییەکە بەرەو دروستکردنەوەی جۆرە

ئینتیمایەکی لەدەستچووی دەبات، دەرکەوتەو نیشانەی داوای لێبوردنە لە هەڵەیەک کۆچبەر ناتوانێت ڕاستیبکاتەوە، لێرەوە لە جێگایەکی دی و لە دەروازەیەکی دییەوە بە ڕەنگی توندڕەوی تەعبیر لە پۆزشی خۆی دەکات.

ئەم سۆزە قووڵەی کۆچبەر بۆ نیشتیمان و لایەنە سیاسییەکان نیشانیدەدات بۆ ئەوەیە کە نەگەڕێتەوە بۆ نیشتیمان، بۆ ئەوەی هاوسەنگییەک لەگەڵ هەستی بێوەفاییدا بەرابەر نیشتیمان ڕابگرێت. لێرەوە شوێن لە ژیانی کۆچبەردا مانایەکی قووڵ وەردەگرێت، ئەوەی لەسەرەتاوە ناومنا بەردەوامی سەفەر، بەردەوامی گەڕان بە ناو شوێندا دەستکاریکردنێکی بەردەوامی شوێنەکانە. واتە مەرج نییە کۆچبەر بەردەوام لەم شارو لەو شارەوە کۆچبکات، بەڵکو ئەو لەڕێگای دەستکاریکردن و گۆڕینی دەوروبەری خۆیەوە درێژە بە کۆچدەدات. بەمانایەکی تر ئەو زاراوەیەی کە ناوی «ناشوێن» ی لێدەنێم لەجەوهەریدا جۆرە توندوتیژییەکی ڕەمزییە دەرهەق بە ژینگەی مەنفا و سازشێکی ڕەمزیشە لەگەڵ نیشتیماندا. هۆی سەرەکی لە نەگەڕانەوەی کۆچبەردا بۆ نیشتیمان ئەوەیە دەتوانێت لە ژینگەی مەنفادا جۆرە گەڕانەوەیەکی ڕەمزی بۆ نیشتیمان دروستبکات، کە هێزو تاقەتی مانەوەی لە غوربەت تیا بەهێزتردەکەن. کۆچبەر لەبری ئەوەی تەسلیمی کاراکتەری شوێنەکان بێت، ئاسان و ئاسایی دەکەوێتە یاریکردن بە کاراکتەریان.

بیرکردنەوە لە سروشتی پەیوەندی نێوان کۆچبەر و شوێن دەبێت لە ئێستاو داهاتوودا بەشێکی گرنگی ئەو تێڕامانانە بێت کە پێویستە بۆ تێگەیشتنمان لە پەیوەندی نێوان کۆچبەرو دونیا جیاوازەکان. کێشەی سەرەکی کۆچبەر ئەوەیە پەیوەندییەکی نائاسایی و توندوتیژی بە هەموو جێگاکانەوە هەیە. کاتێک قسە لە پەیوەندی نێوان کۆچبەرو شوێن دەکەین، ناتوانین پشتبکەینە زاراوەیەکی گرنگی وەک توندوتیژی. کۆچ بۆ میللەتێکی وەک ئێمە بریتییە لە شەڕێکی بەردەوام لەگەڵ شوێندا. ئەگەر مرۆڤی کورد خۆی بوونەوەرێکە بێوڵات و بێشوناسنامە، ئەوا کۆچبەر تراژیدیایەکی گەورەتر دەژی، کۆچبەر هێندەی لە نیشتیمان هاتەدەرەوە دەبێتە بوونەوەرێک لە هیچ جێگایەکدا ئامێزێکی بۆ ناکرێتەوە، ئامێزێک وەک خۆی قبوڵیبکات، وەک خۆی گوێی لێبگرێت، دەنگ و ڕەنگی خۆی تیا ببیستێتەوە. ئەو بوونەوەرەی لە کۆمەڵگای خۆیدا لەدەست ئەوە دەینالاند کە کەوتۆتە پەراوێزەوەو دەنگێکی زوڵاڵی نییە، لە مەنفادا لە پەراوێزی کۆمەڵگا دێتەدەرێ و دەکەوێتە پەراوێزی جیهانەوە. ئەو کەسەی لە ماڵ دێتەدەرێ و بەدوای شوێنێکدا دەگەڕێت، ئەوکەسەی لەدەرگای شوێنەکان دەدات بۆ ئەوەی بنکەیەکی ئارام بدۆزێتەوە، ئەو کەسەی هەموو زەوی بۆ

بستێک دەگەڕێت وەک مرۆڤێک دان بە مافی تەواوەتیدا بنرێت، دەکەوێتە پرۆسەیەکی پێچەوانەوە، دەکەوێتە ئەو دۆخەوەی ئیدی ئەو لە شوێنەکان ڕابکات. هیچ کۆچبەرێکی ڕاستگۆ نییە، گەر لە ساتێکدا ئاواتی بە دورگەیەکی خاڵی نەخواستبێت، دوورگەیەک لە شەڕ و خراپەی هەموو شوێنەکان بیپارێزێت. بەڵام دیارە ئەوە جگە لە خەیاڵ و فەنتازیای کەسێکی ماندوو هیچی تر نییە، چونکە شوێنەکان بە ئاسانی واز لە کۆچبەرێکی دۆڕاوو شکستخواردوو ناهێنن.

شوێن هەمیشە کاراکتەری خۆی هەیە، ئەو کەسانەی لە جێگاو فەزایەکی دیاریکراودا دەیانبنین جۆرە کاراکتەرو وێنەیەکیان هەیە جیاوازە لەو کەسانەی لە جێگاو فەزایەکی دیکەدا دەیانبینین. ئەو کەسانەی لە هۆڵێکی شانۆدا دەیانبینین و تەماشایاندەکەین جۆرە وێنەیەکی تایبەتی کاراکتەری خۆیانمان دەدەنێ ، جیاوازە لە کاراکتەری کەسانێک کە لە یاریگایەک یان شاییەک یان مەلەگایەکدا ڕێکەوتیاندەکەین. شوێن جەبری خۆی هەیەو بەشێک لە کاراکتەری خۆی دەسەپێنێت، شوێن هەمیشە جۆرە توندوتیژییەک بەرابەر هەموو ئەوانە پراکتیزەدەکات کە دێنە ناوی، ناچاریاندەکات کاراکتەری ئەو وەرگرن یان دەیانکاتە دەرەوە. کۆچبەری کوردیش لە غوربەتی خۆیدا لەگەڵ خۆرئاوادا بەرابەریدەکات، کە وەک هەموو فەزاکانی دیکەی دونیا پڕە لەجەبرو سنووربەندی و دابەشکردن.

خۆرئاوا سەرەتا جێگامانەکاتەوە، بەڵام لە نێوان «جێگاکردنەوە»و «مامەڵەکردنی ئینسانیدا» ڕێگایەکی دوورودرێژو جەنگێکی بێپەرواو مەودایەکی مینرێژکراو هەیە. کۆچبەر لە خۆرئاوا توشی هەندێک ترس و هەڕەشە دەبێتەوە جیاوازن لە ترس و هەڕەشەکانی جاران، ترسەکانی ڕابوردووی ترسی مرۆڤێکی گەورەو پێگەیشتوون، جەنگەکانی جەنگی کەسی گەورەن، بەڵام لە مەنفا ترسەکانی کۆچبەر دەگەڕێنەوە و دەچنەوە سەر دۆخی ترسی منداڵی. فێربوونەوەی زمان، بێتوانایی لە تێگەیشتن و کارکردن و بەرگریکردندا لە خود، هەموو دۆخگەلێکی منداڵین و کۆچبەر دووبارە تیایاندا دەژیی، شوێن لە تاراوگە کاراکتەری کۆچبەر دەخاتە بەر هەڕەشەیەکی گەورە. تاراوگە لە ڕیشە قووڵەکانیدا گێڕانەوەیەکی بێپەروای مرۆڤە بۆ منداڵییەکی ترسناک. کۆچبەر تا ئەو بنەمایانەی واقیع فێربووە تەمەنێکی درێژی داناوە کە فرۆید بە سەرەتای گەورەبوون و بە جەوهەری خۆگونجاندنی مرۆڤی دەزانێت لەگەڵ دەرەوەدا، بەڵام کەسی کۆچبەر جارێکی دی ژانێکی ترسناکتر دەژی، ژانی شکاندنی جۆرە بنەمایەکی واقیع و دروستکردنەوەی بنەمایەکی دیکە. لێرەوە مەنفا لەدیوێکیدا و بەدەر لەهەموو دیوە ئیجابییەکانی جۆرە توندوتیژییەکی قووڵە دەرهەق بە مرۆڤایەتی ئینسان، کەسی تاراوگەکراو

ئەزمـوونێکی سـایکۆلـۆژی دیکە دەژی، ئەزمـوونێک دەیگێـڕێتـەوە بۆ منداڵـی... شـەڕ لەگـەڵ مـەنفـادا بە شـێوەیەک لە شـێوەکان شـەڕە بۆ گـەورەیی، شـەڕە بۆ ئەوەی گـەورەکان خـۆیان لە گـەڕانەوە بـۆ منداڵی بپـارێزن. کـەسـی تـاراوگـەکـراو دەڵێت «من گـەورەم و منداڵ نیم» ئەم ڕستەیە کە هەرگیز بەدەنگی بەرز ناگووترێت، زۆرجار لەسەر ئاستی هەستیشدا نادرکێنرێت، ڕسـتـەیەکی جـەوهـەری ناو ژیانی کـۆچبـەرە. بەئەندازەیـەک دەتوانم بڵـێم لەسـەر ئاسـتی سـایکۆلۆژییدا جـەنگی کۆچبەر جەنگی نێوان منداڵی و گەورەییە. بۆیە ناشـوێن بریتییـە لە سیستمی خۆپاراستنی گەورەکانمان لە منداڵبوونەوە.

لەڤـووڵاییـدا تەمـاشـابکەین بەشـێک لە دەسـتگرتنی کـۆچبـەر بە ڕابوردووی خـۆیەوە، بە نیشـتیمانەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ترس لە گەڕانەوە بۆ منداڵییەکی نادیار. مەنفـا زیندووکردنەوەی وێنە ترسناکەکانی منداڵییە. منداڵییـەکی فەرامـۆشکراو، منداڵییەکی بێکۆمەک، منداڵییـەک منداڵ تیایدا توانای دەربڕین و هێزی دەربڕین و مافی دەربڕینی نییە. ئەو پرۆسەیەی کۆچبەر لە مـەنفـا پیـادەڕوات، لەو پرۆسـەیە دەچێت کـە منداڵ لە جیـهـانی گـەورەکـاندا پیـادەڕوات. پرۆسەی ئامێزانبوونی کۆمـەڵایەتیش «ئەنتیگراتسیۆن» لە جەوهەریدا پرۆسەیەکە لە پرۆسـەی چاندنی جـۆرە «من» ێکی دیکەو جـۆرە «بەرزەمن» ێکی دیکە دەچێت لە سـتـراکـتـوری سایکۆلۆژی پەنابەردا. لەم پرۆسەیەدا کۆچبەر دەبێت کولتوورێکی دیکە بناسێت، سیستمێکی کۆمـەڵایەتی دیکە ئەزمـوونبکات، سیـستـمێکی یاسـایی دیکـە فێربـبێت، دەبێت فـێربێت خـۆی لەگـەڵ جـۆرە شـوێنێکی دیکەدا بگونجـێنێت. پەنابەر لە فـێـربوونی زمـانەوە، بۆ فـێـربوونی کـولتـوور، بۆ قـەبووڵکردنی بنـەمـایەکی دیکەی واقـیـع، دووبارە ژیانی منداڵێک دەژی کـە تازە سـەروکـاری لەگـەڵ دونیـادایە. ئەم گـەڕانەوە کـوشندەیە بۆ منداڵی، هـاوشـان و هـاوڕێی دوو ڕەگەزی گرنگی منداڵی نییـە، ڕەگەزی یـەکەم پاکی و سـافی و بێئـەزموونی، ڕەگـەزی دووەم ئامێزی گەرمی دایک و باب. کۆچبـەر دەبێتـەوە بە منداڵ، بەڵام لە دونیای گـەرم و پڕئامـێزی منداڵیدا نا، بـەڵکو لە دونیایەکی پڕ کینـەو ڕەتکردنەوەو دانپیانەناندا. بۆ کـەمکردنەوەی ترسـی ناوەکی ئەم ئەزمـوونە، کۆچبەر دەچێتە شـەڕێکی مـەزنەوە لەگەڵ منداڵبـوونەوەدا، تەسلیمـبوون بە مـەنفـا تەسلیمـبوونە بەمنداڵی، لێرەوە پشـتکردنە دونیـای مـەنفا و خـۆپاراستن لێی دەبێتـە ڕستێک پرۆسەی گرنگی خـۆپاراستن لە منداڵبوونەوە. لەڕاستیدا زۆرجار دەسـتگرتنی کەسـی کۆچبـەر بە نیـشـتیـمـان و ڕابوردووەوە تەنیـا دەرەنجـامی ترس و تـەسکبـیـرییـەکی کـولتـووریی نییە، هێندەی دەرەنجـامی ترسێکی سـایکۆلۆژی مەزنە، ترسی سـەرهـەڵدانی بنەمایەکی دیکەی واقیـعـە کە سـەرجـەم سـیسـتـمی کـارکردنی من و بەرزەمن دەخـاتـە مـەترسـییـەوە. فرۆید لە

تەفسیرێکی وردو درێژدا باسی لەو دۆخە کردووە کە بەرزەمن لە ناو پێکهاتی سایکۆلۆژییدا دەبێتە ناواخنکردنی بەهاو نرخەکانی دەرەوە، واتە بەرزەمن لە ناوەوەی فەرددا لە دۆخی سروشتیدا تەباو گونجاوە لەگەڵ نرخ و بەها بەرزەکانی کۆمەڵگا و لەگەڵ بەرزە منی کولتووری و مەعریفی کۆمەڵگادا، بەڵام ئەزموونی کۆچبەر ئەزموونێکی سەیرە، ئەزموونێکی ناوازەیە، لەم ئەزموونەدا کۆچبەر بەرابەر بە بنەمایەکی دیکەی واقیع دەوەستێت کە لەگەڵ بەرزەمنی کۆچبەردا تەبانایەتەوە. چیتر بەرزەمنی ناوەکی نوێنەری واقیعی دەرەکی نییە کە واقیعی مەنفایە، بەڵکو نوێنەری واقعێکە لە یادەوەریدا، نوێنەری شوێنێکە کە هەیەو نیشە، ئامادەیەو بزریشە، لێرەدا لە دونیای کۆچبەردا پرۆسەیەکی تایبەتی دەست پێدەکات، کە تیایدا بەرزەمنی کۆچبەر چیتر پشت و پەنای خۆی لە دەرەوە نادۆزێتەوە. کۆچ تێکچوونی پەیوەندی بەرزەمنە لەگەڵ واقیعدا، بەرزەمن لە مەنفا دەچێتە ناو جەنگێکی سەیرەوە، جەنگی دروستکردنی جیهانێک لەسەر شێوەی وێنەو نرخە ناوەکییەکانی خۆی. ناشوێن هەوڵی بەرزەمنە بۆ دروستکردنی پەرژینێک لەدەوری واقیعە جۆراوجۆرەکان. مەنفا دوو کاریگەری گەورەی لەسەر بەرزەمن هەیە یان بەئەندازەیەک لاوازیدەکات توانای کارکردنی نەبێت، یان بەرەو دۆگمائیەت و فەندەمانتالیزمێکی ئەخلاقی و دەرونی توندی دەبات، لێرەدا بەرزەمن جۆرە کاراکتەرێک دادەڕێژێت کە جگە لە یەک وێنەی واقیع هەموو وێنەکانی دیکە بە ترسناک دەزانێت.

کۆچبەر بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت ئەو کەسێکە لە هەودا نەوەستاوە، کەسێکە قووڵایی خۆی هەیە، بۆئەوەی بیسەلمێنێت ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ منداڵی، دەبێت لە جەبری شوێن دەرچێت، دەبێت دونیای خۆی بە جۆرێک دابەشبکات لە نێوان داواکارییەکانی تاراوگەو داواکارییەکانی بەرزە مندا هاوسەنگییەک بگونجێنێت. «ناشوێن» ئەو توندوتیژییە ڕەمزییەیە کە بەرزەمن بەرابەر بە توندتیژی واقیعی تاراوگە دەیخاتەگەڕ. تراژیدیای کۆچبەر ئەوەیە بۆ ئەوەی بەردەوامبێت، دەبێت بەردەوام دەستکاری ژینگەی خۆی بکات و وای لێبکات لە شوێنی یەکەم بچێت، لێرەوە ناشوێن لەجەوهەریدا پرۆسەی ئامادەکردنەوەی ڕۆحی شوێنی یەکەمە، ڕیزێک میکانیزمی خۆدزینەوەیە لە شوێنی تاراوگە، دۆزینەوەی دەرفەتە بۆ مانەوەی کۆچبەر بێئەوەی ناچاربێت ماوەیەکی دوورودرێژ لە منداڵییەکی ترسناکدا بژی. بەودیودا ژیان لە تاراوگە پرۆسەیەکی گەڕانەوەو گێڕانەوەی بەردەوامە بۆ منداڵی.

کۆمەڵگاکانی خۆرئاوا، ڕابوردووی کۆچبەریان بۆ گرنگ نییە، ژیانی کۆچبەر لە نیشتیمان و حیکایەتەکانی بایەخێکی ئەوتۆی لای هیچ کەس نییە، زانین و زانستەکانی کۆچبەر کە لە

نیشتیمان فێریبووە نرخێکیان نییە، ئەو شەهادەو بەڵگەنامانەی هەیەتی دەرگای هیچ جێگایەکی بۆ ناکەنەوە، ئەو یاسایانەی پێیان ڕاهاتووە یاسای ئەم دونیایە نین، ئەو ئیشانەی فێریان بووە ئیشی ئەم دونیایە نین، تواناکانی بەبێ بەڵگەنامەیەکی ڕەسمی ئەم کۆمەڵگایانە نرخیان نییە. لە تاراوگە دەبێت لە سەرەتاوە دەست پێبکاتەوە، واتە دەبێت لە منداڵییەوە سەرکەوێتەوە. ئەم پرۆسەی زەوتکردن و سڕینەوەو بێنرخکردنەی کاراکتەری کۆچبەر، ئەو ڕاستییەی کە یان دەبێت کۆی ژیانی خۆی بگۆڕێت یان جێگایەکی لەم دونیا تازەیەدا نییە، تراژیدیترین ساتی کۆچە. کۆچبەری نوێ لە سەردەمێکدا دەژی دەتوانێت هەموو ڕۆژێک لەگەڵ نیشتیماندا، لەگەڵ هاوڕێکان و کەسوکاریدا قسەبکات، بەڵام ناتوانێت بچوکترین هونەرو کارو وزەی ئینسانی خۆی بخاتەگەڕ، تاراوگەی نوێ برینێکی قووڵ لە نەرجسییەتی مرۆڤدا دروستدەکات. خودی ئەم برینە بەتەنیا ناگەڕێتەوە بۆ سروشتی سیاسی کۆمەڵگاکانی خۆرئاوا، ناگەڕێتەوە بۆ ڕاسیزمێک لەسەر بنەمای ڕەگەز دروستبووە، بەڵکو بۆجۆرە بەربەست و دیوارێک لە نێوان کۆمەڵگای تەکنیک و هەموو «تەکنیکنەناس یان تەکنیکنەزان»ێکدا هەیە. کورد وەک میللەتێک کە کەسانی تەکنیکناس و شارەزای زانستە مۆدێرنەکانی بەدەگمەن تیا هەڵکەوتووە، لە سەرەتاوە مەحکومە بەوەی زانستییەکانی سوودێکی ئەوتۆ گرنگیان بۆ خۆرئاوا نەبێت، ئەمە یەکەمین نامۆبوونی قووڵ و برینی سارێژنەبووی نێوان کۆچبەر و خۆرئاوایە، ئەمە دۆخێکە کۆی ڕابوردووی کۆچبەر دەکاتە هیچ. کۆچبەر سەفەردەکات بۆ جیهانێک ناتوانێت وزە ئینسانییەکانی خۆی تیابخاتەگەڕ، مەرجی تێکەڵاوبوونی بەو دونیا تازەیە ئەوەیە لەسفرەوە دەست پێبکاتەوە. نامۆبوونی گەورە لە خود ئەوکاتە دەست پێدەکات کە تێدەگات، زانینی ئەو بۆ ژیان، تێگەیشتنی لە دونیا، هەستکردنی بە شتەکان، یاساکانی مامەڵەکردنی لەگەڵ وجوددا بە کۆ جێگایەکی لەو دونیا تازەیەدا بۆناکەنەوەو نرخێکیان نییە. برینی کۆچبەر ئەوە نییە کە لە نیشتیمان دووردەکەوێتەوە، بەڵکو ئەوەیە لە خودی خۆی دووردەکەوێتەوە. ئەمجۆرە نامۆبوونە گەلێک گەورەتر و قووڵترە لەو نامۆبوونەی مارکس باسیدەکات، گەر نامۆبوونی مارکس لەسەر دوورکەوتنەوەی نێوان کرێکارو بەرهەمی کارەکەی دروستبوو، ئەمجۆرە نامۆبوونە لەسەر جودابوونەوەی کۆچبەر لە تواناو شارەزایی و بەهرەکانی دروستبووە. ئەمجۆرە نامۆبوونە دوو دیوی ترسناکی هەیە لەسەرێکەوە وا لە کۆچبەردەکات نەگەڕێتەوە چونکە بە جۆرێک لە جۆرەکان جۆرە نامۆبوونێکی نوێ دەدۆزێتەوە، جۆرە دۆخێک دەژی کە دۆخی جەنگێکی تایبەتی و تازەیە، دۆخێکە تەنیا بەگەڕانەوە بۆ نیشتیمان چارەسەرناکرێت، دۆزینەوەیەکی نوێیە، ڕووتبوونەوەیەکی قووڵە کە گومانێکی لادروستدەکات، ڕووتییەکی پێدەبەخشێ،

لاوازییەکی تیادەچێنێت تەواو جیاوازە لەگەڵ ئەو وێنە بەهێزەدا کە لە بەشەکانی پێشوودا باسم لێکرد. لێرەدا ناکۆکییەکی قووڵ دروستدەبێت لە نێوان ئەو لاوازییە تازەیەی کۆچبەر خۆی تیادەبینێتەوە لەگەڵ ئەو هێزە وهەمییەی هەندێجار کۆمەڵگای خۆی لە نیشتیمان پێیدەبەخشێت و خۆشی باوەڕی پێدەکات. کۆچبەر کاتێک دەگەڕێتەوە دەبێت بە هێزێکەوە بگەڕێتەوە وێنەو وێنەو شوێن و ئیرادەی وێراننەکات، بەڵام ئەم هێزە درۆیە هیچ وەخت لەگەڵ ئەو ڕووتبوونەوە ڕاستەقینەو قووڵەدا ناگونجێت کە خۆرئاوا بەسەریدا دەسەپێنێت. هەموو گەڕانەوەیەک گەر لەسەر حەقیقەتی نامۆبوون لە هەموو دونیاکان دروستنەبووبێت دەبێتە درۆیەکی گەورە کە هیچ ویژدانێکی تەندروست ناتوانێت بە ئاسوودەیی لەگەڵیدا بژی.

بەڵام هەر ئەم نامۆبوونەش وادەکات کۆچبەر لە خۆرئاوا نەتوانێت تێکەڵبێت و بژی. منی کۆچبەر لە خۆرئاوا لە نێوان دوو بەرداشی ترسناکدا ورددەبێت، لەسەرێکەوە ناتوانێت داواکاری و سەقامگیری و توندڕەوی بەرزەمنی خۆی فەرامۆشبکات کە ڕازی نییە بە مردن و پوکانەو گەڕانەوەیەک بۆ دۆخی بەر لە سەقامگیربوونی «بەرزەمن» لە ستراکتوری دەرونیدا، لەسەرێکی دیشەوە دەزانێت ناتوانێت ئەو شارەزایی و تواناو ئەزموونەی هەیەتی وەک وزەیەکی ژیان بەکاربهێنێت. دەکەوێتە دۆخێکەوە کە تیایدا دروستکردنی ئاشتییەک لە نێوان بەرزە من و واقیعدا تاکە مەرجی ژیان و مانەوەیە، بەبێ سازشێکی دەرونی، بەبێ سیاسەتێکی پێچاوپێچ لە «من» ی کۆچبەرەوە، دەشێت کۆچ بە تراژیدیایەکی دەرونی ترسناک کۆتاییبێت، نزیکی کۆچبەران لەسەرەتاکانی سەفەردا لە شێتییەوە، نائومێدی کۆچبەران و قسەکردنی بەردەوامیان لە پوچی و شێتی و هاوسەنگی تێکچوون، قسەگەلێکی ڕۆژانەی بێناوەڕۆک نییە، بەڵکو ئاوێنەی تێکچوونێکی گەورەی ناو سیستمی دەرونی و واقیعە. کۆچبەر ڕێگایەکی درێژ دەبڕێت تا دەتوانێت بەشێوەیەکی سەمبولیانە خۆی لە هەموو شوێنەکان ئازادبکات و شوێنێکی ڕەمزی ئاڵۆز دروستبکات کە ناشوێنە. کۆچبەر تا دەگاتە ئەو سازشە لە ناوەوە لە پێکهاتی دەرونیدا، لە نەستیدا ڕیزێک پرۆسێسی دەرونی هەن دوور لە چاوەدێری دەمێننەوە. کۆچبەر کاتێکی زۆری پێویستە تادەگاتە سازشێکی گەورە، تادەگاتە فۆرمەلاکردنی وەهمێکی مەزن ژیانی بۆ دابینبکات. وەهمێک بتوانێت ئەو هەموو جەمسەرە دژ و جیاوازانەی بۆ کۆبکاتەوە.

## کۆچ، گووتاری مانەوە، خۆئەڤینی

گەر شەڕکردن لەگەڵ مەنفادا شەڕکردن بێت لەگەڵ منداڵبوونەوەدا، ئەوا شەڕکردن لەگەڵ منداڵبوونەوەدا شەڕکردنی مرۆڤە بۆ پاراستنی وێنەیەکی جوان بۆ خۆی لە بەرچاوی خۆی، واتە شەڕێکە کەم تا زۆر ڕیشەکانی لە ناو پاراستنی جوانی خوددایە، جەنگێکە بۆ خۆئەڤینی و خۆ ستایشکردن.

پێمـوایە بۆ تێگەیشتن لە ڕیزێک پرۆسـەی ناوەکی لە دەرونی تاک و دەرونی کـۆشمـاندا «خـۆئەڤـینی» دەرگـایەکی گـەورەبێت. خـۆئەڤـینی «Narzissmus». زاراوەیەکـە سـەرەتا لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا لەلایەن «پۆل نێکە» وە بەکارهێنراو دواتر کۆمەڵێک دەروونناس لە فرۆیدەوە تا لاکان کاریان پێکردووە. لای فـرۆید سـەرەتای سـەرەتا دوو هێـزی بزوێن هـەیە «Trieb»، یەکـەمیـان ویستـەکـانی «من»ـە « Ichtriebe» کە ویستی خواردن و خـواردنەوەو مانەوەیە ئەویدیان ویستە سێکیسیەکانە «Sexualtriebe» کە پابەندی خواستە جنسییەکانە، لەوەی حـەزبکەیت و حـەزت لێبکرێت. دەکرێت ئەم دوو هێـزە بە دوو زاراوەی «من ـ بزوێن» و « جنس ـ بزوێن» بیانکەینە کوردی. فـرۆید بۆ هێزی کاری ویسـتـە جنسـییـەکان، زاراوەیەکی تایبـەتی هـەیە کە ناوی «لیبیدۆ» یە کە وشـەیەکی لاتینییـەو بەرابەرەکەی لە کوردیدا «ئارەزوو» یان «ویست» دەگـرێتــەوە. بەڵام بۆئەوەی لـە کـوردیدا پـتـر ئەو مـانـایە بگەیێنێت کـە فـرۆید مـەبەسـتـێـتی یان دەبێت وشـەی «لیـبیـدۆ» بەکاربهـێنیـنەوە، یان وشـەی «وزەی ئارەزوو» بەکاربهێنین، چونکە لای فرۆید لیبیدۆ بەر لەهەر شتێک وزەیە، تا ئەندازەیەکی زۆر سیفـاتی وزەی فیـزیکییـشی هـەیە، واتە چۆن دەکرێت با بگۆڕینە سـەر وزەی کارەبا، کارەبا بگۆڕینە سەر گەرمی. لیبیدۆش توانای گۆڕینی شێوەو شوناس و بابەتی خۆی هەیە. لای فرۆید منداڵ لە قۆناغێکدا بۆ عـەشق و خۆشەویستی ناتوانێت لە نێوان خـودی خۆی و بابەتەکانی دەرەوەدا جـیاوازیبکات، لەم قـۆناغـەدا لیـبیـدۆ ئاڕاسـتـەی خود دەکـرێت، خـودو بابەتی ئەڤین لێـرەدا یەکدەخرێن و دەبنە یەکشت، دواتر منداڵ تا پتر لە نێوان خـودی خۆی و دەرەوەدا جیاوازی دروستبکات، پتر لە ژێر فشاری پێداویستییـەکانیدا، لیبیدۆ لە خـودی خۆی دەگـرێتـەوەو دەیبەخشێت بـەبابەت، بەڵام بێگومان هەمیشە بڕێک لەو وزەیە لەسەر خـود دەچەسپێت، منداڵ تا گەورەدەبێت زیاتر توانای جڵـەوگیری و ئاڕاستـەکردنی لیبیدۆی خۆی دەبێت، بـەڵام گەر لە قۆناغی خـۆئەڤینی سـەرەتاییدا مایەوە، یان دواتر لە ژێر هـەر فشارێکدابێت بەرەو ئەو قـۆناغـە گەڕایـەوە، لێرەدا لەبەردەم دۆخێکی نائاسایی داین و پێویستیـمان بە چارەسەر هەیە. لێرەدا کەسی خـۆئەڤین هـەموو ئەڤینی هـەر بۆ خۆیـەتی، کەسێکە دونیا بەقەرزارباری خۆی دەزانێت،

خـۆی بە بـوونەوەرێکـی باڵاتر لـەوانی دی دەبینـێت «٣» . یان خــۆی وادەبینـێت وەک «کــلاوس تاولایت» دەڵێت وەک ئـەوەی « لە سـەدا نەوەدودووی ئەو یاسـایانەی بۆ هـەمـووان ڕەوایە بۆ ئەو ڕەوا نەبێت» «٤». دیارە ئەمـڕۆ قسـەکردن لەسـەر خۆ ئەڤـینی ڕەهـەندی دیکەی وەرگـرتووە، ئێسـتا قسـە لەسـەر «سـەدەی خۆئەڤینی» دەکرێت ( وەک کریسـتۆفـەر لاش لە کتێبێکدا بە هەمـان ناونیشـان باسـی لێوەدەکات). پەیوەندی خۆئەڤینی بـە دیکتاتۆرییـەت، ڕۆڵی دەوڵەت لە گـەشـەکـردنی خۆئەڤینی و پـەیوەندی خۆئـەڤینی بە ڕاسـیـزمەوە، هـەمـوو کـۆمـەڵە بابـەتێکی ڕۆژانەی قـسـەن لە بواری سـایکۆلۆژیای کـۆمـەڵایـەتی نوێدا، لێرەوە ئـیشـکردن بەم زاراوەیە قورسـاییـەکی تایبەتی بۆ دونیای ئێمەش هەیە، بەتایبـەت ڕۆژ دوای ڕۆژ ئەو دەرکەوتانەی تەنیا بەم زاراوەیە دەخـوێنرێنەو لە زیادبووندان. لەوانە پەیوەندی نەپسـاوو گـەورەی خـۆئەڤـینی بە کۆچەوە. کۆچ هـەوڵێکە بۆ پێکەوەنانی خودێکی بریندارو نەویکراو. لێرەوە ناشـوێنیش جۆرێکە لە بونیادنانەوەی شوێن بە وێنەیەک کە ئەو نەویکردن و برینە قووڵانەی ناو خود دابپۆشێت.

لەیـەکـێک لـە لێکۆڵینـەوەکـانـی ڕابووردودا ئـامــاژەم بـەوەکــردووە کــە گــووتاری مــانەوە پەیوەنـدییـەکی توندی بە چـەمکی «خـۆئەڤـینی»ـەوە هـەیـە. هێـزی مـانەوە پێـویسـتی بە جـۆرە عەشـقێکی قـووڵی خـود هەیە، پێویسـتی بـە ئاڕاسـتەکردنێکی زۆری لیبیدۆ هەیە بەرە خـود. گـووتاری مـانەوە بەبێ عـەشـقـێکی کـوێرانە بـەرابـەر بە خـود جێگا ناگـرێت. ڕاسـتـە لێـرەدا قسـەمان لە جۆرە خـۆئەڤینییەکی دەسـتـەجەمعییـە، قسـەمـان لە جۆرە خۆئەڤینییـەکە سنووری تاک دەبەزێنێت و دەچێتـە سـەر سنووری کـۆ، بەڵام گومـان نییـە کە لەسـەر ئاسـتی فـەرددا زۆرجار ئەم خـۆئەڤینییە دەسـتـەجەمـعییە فەرد دەکاتە کەسـێک سنووری نێوان خـودی خۆی و گـروپ دەسـڕێتـەوە، ئینکاری خـودی خـۆی دەکات، بە تـەواوی لە ناو گـروپدا وندەبێت و ئەڤـینی بۆ گروپ وای لێدەکات نرخێک بۆ ژیانی تایبـەتی خۆی دانەنێت، خۆ نەویستی خۆی بە ئاوێنەو زمـانحـاڵی عەشـقی گروپەکەی بۆ ژیـان بزانێت. پێشمـەرگە چاونەترسـەکانی ئێمە، ئەوانەی لە کـاتی خـۆپیشـاندانـەکـاندا خـۆیان دەسـووتان، ئەوانەی لەسـاتی بەرەنگاریدا سـڵـیان لە مـردن نەدەکردەوە. هـەموو ئەوانە بەجـۆرێک لە جۆرەکان ئەو بەربەسـتـەیان شکاندووە کە خودی ئەوان وەک تاک لە گــروپ جـیــادەکــاتەوە، ئەوان لـەڕێگای مـردنـی خـۆیانەوە پلـەیەکی باڵای ئەڤـینی کۆمەڵگا بەرامـبـەر بە خۆی بەرجـەسـتـەدەکەنەوە. ئەوان چیـتر خـاوەنی خۆئەڤینییـەکی فـەردی نین، عەشقیان بۆ خـۆیان لە عەشقیان بۆ نەتەوە جیانابێتەوە، کە قسـە لە عەشقی نەتەوەدەکەن لە بنەڕەتدا قسـە لە خۆئەڤینییەک دەکەن پێچێکی گەورەی پێکراوەتەوە، قسـە لە خودێک دەکەن لە بـنەڕەتدا لەدەرەوەی سـنووری خــۆیان دەیبــینـن. خــود لێــرەدا خــود نیــیــە بە مــانا سنووردارەکـەی لـە ناو جـەسـتـەو ڕۆح و قـەوارەیەکی فـەردیدا، بەڵکو ئەوان بـاس لە خـودێک

دەکەن سیفەتی فەردی نییە، لەسەروو جەستەی فەردو قەوارەی فەردەوەیە. لێرەدا تەماهیبوون لەگەڵ نەتەوەدا بە ئەندازەیەکە، هەموو ئەو عەشقەی کە ئاڕاستەی خود دەکرێت، لە ناو عەشقێکی گۆڕدراودا بە ئاڕاستەی نەتەوە دەکوژێتەوە. دیارە ئەم بۆچوونەی من تەواو لەگەڵ بنەما تیورییەکانی تیورەی دەرونشیکاری فرۆیدیشدا تەبادێتەوە، گەر بزانین فرۆید لە «تەوتەم و تابۆ»دا ئاماژە بەوەدەکات، کە ڕەفتاری تاکە خۆئەڤینەکان، جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ڕەفتاری کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا کە سنووری تاک لە سنووری خێڵ جیانابێتەوە، بەئەندازەیەک بڕواهێنان بە هێزی وشەو هێزی خەیاڵ و سیحر لە بنەڕەتدا لە دەرکەتەکانی ئەو خۆ بە گرنگ زانینەیە کە هاوشانی خۆئەڤینی سەرەتاییە.

بەڵام جگە لەمجۆرە دەرکەوتەیەی خۆئەڤینی دەشێت بەپێچەوانەوە حەزی مانەوە، ململانێی مانەوە، جەنگ لە پێناوی ژیاندا خەزێنێکی دەرونی بێت بۆ فەرد کە پتر بە خۆئەڤینی خۆیەوە بنوسێت. دواجار لێرەدا ویستی ژیان بۆ نەتەوە، پاراستنی نەتەوە لەهەر زامێک کە مەرجێکی ناوەکی «گووتاری مانەوە»یە، دەبێتە گووتاری فەردەکانیش. ناسکی مرۆڤی کورد، زوو برینداربوونی، خێراهەڵچوونی بەرەنجامێکی سروشتی جۆرە خۆئەڤینییەکە هیچ جۆرە بەرکەوتنێکی توندو بریندارکردنێک و سووکایەتییەک قبووڵناکات. بەڵام ئەم حەزە فەردییە لە ژیان زۆرجار وەک بەرەنجامێکی نەگەتیڤ و پێچەوانەی گووتاری مانەوە دەکەوێتەوە. گووتاری مانەوە لەسەر ئینکارو فەرامۆشکردنی ژیانی فەردی دروستبووە. لە دونیای ئێمەدا «مانەوەی نەتەوە» لەسەر «مردنی فەرد» پایەداردەبێت، وابەستەبوونی تاک بە ژیانی خۆیەوە هەڕەشەیەکی کوشندە لە گووتاری مانەوە دەکات کە گووتاری عەشقی نەتەوەیە. لەم وێستگەیەدا خۆئەڤینی فەرد هەڕەشەیەکی گەورەیە لە خۆئەڤینی نەتەوە، هەر بۆیەش لە هەندێ جێگای دیکەدا گووتاری مانەوەو مەرگدۆستی تەواو نزیک لەیەکەوە دەبینم، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو گۆڕینی خۆئەڤینی بۆ وزەیەکی مەرگدۆست یەکێکە لە میکانیزمە گرنگ و ناوەکییەکانی گووتاری مانەوە، یەکێکە لە میکانیزمە سەرەکییەکانی. لەو ساتەدا کە ژیان ئاسایی دەبێتەوە، لەو وێستگەیەدا کە فەرد بڕێک لە خۆئەڤینی بۆخۆی و هەستکردنی بە خۆی و مافەکانی و ژیانی گەورەدەبێت، لەم وێستگەیەدا کاریگەری گووتاری مانەوەو ئیشکردنی تا ئەندازەیەک تووشی ئیفلیجییەکی بەرچاو دێت. شەڕی ناوخۆ شەڕی پارچەپارچەبوونی ئەو گووتارەبوو، شەڕی ونکردنی ئاڕاستەو بابەت بوو لە گووتاری مانەوەدا. گومانی تیا نییە مرۆڤی ئێمە لە دوای ڕاپەڕین ، خەونی بە دونیایەکەوە دەبینی، ئەو «کۆمەڵگای مەرگ»ەی پێش ڕاپەڕین تێپەڕێنێت، ڕووبەرێک لە ئازادی و ئاشتی دروستبکات، فەردەکان بتوانن

جارێکی دی بایەخ بە ژیانی خۆیان و ویستەکانی خۆیان بدەن . ئەمجۆرە بایەخدانە بە خود، ئەمجۆرە گەشەسەندنەی فەردانییەت، گەڕانەوەیەکی وزە دەروونییەکانیشە بە ئاڕاستەی خود خۆی، لێرەدا نەرسیسیزم هێزێکی تواندنەوەی سیاسی نییە کە عەشقی خود و عەشقی نەتەوە لەیەک یەکەدا دەتوێنێتەوە، بەڵکو عەشقێکە بابەتەکەی تەنیا خود خۆیەتی، ئیدی سەیرنییە لەگەڵ ڕاپەڕیندا ئیگۆیزم، خۆپەسەندی، خودخودایی وەک کۆمەڵێک دیاردەی لە ناکاو بە هێزێکی ئەفسانەییەوە سەرهەڵدەدەن، سەیرنییە ئەو پێشمەرگانەی دوێنی بە خۆشحاڵییەوە دەمردن، ئەمڕۆ دەکەونە تاڵانکردنی شارو کارگەو دەزگا کۆمەڵایەتییەکان، تا وای لێدێت لەسەر گومرگ و شۆفڵ و ماشێن یەکدی دەکوژن. ئەم وەرگەڕانە توندەی خۆئەڤینی لە ئەڤینی نەتەوەوە بەرەو ئەڤینی خود، جارێکی دی وێنەی کۆمەڵگایەکی دزێو دروستدەکات، کە دووبارە لای خەڵکانی سادە دەبێتەوە پەڵەیەکی ڕەش لەسەر وێنەکەیان. شەڕی ناوخۆ تێکشکاندن و کۆتاییهێنان بوو بەو قۆناغەی مرۆڤی کورد دەیتوانی سەیری ئاوێنەکان بکات و قێزی لە خۆی نەیەتەوە. کە کۆچبەر لە نیشتیمان دێتەدەرێ، نەرسیسێکی زامدارە، نەرسیسێکە تووڕەیە چونکە چ خودی خۆی و چ خودی نەتەوەش لە دۆخێکی برینداردان. کۆچ بەرەنجامی فەرامۆشکردنی نیشتیمان و یادکردنی وڵات نییە، بەڵکو بەرەنجامی زیندوبوونەوەی تاک و هەستکردنێتی بە مافی ژیان. بارودۆخی دوای شەڕی ناوخۆ بارودۆخێکە فەردی کورد ناتوانێت تیا سەیری ئاوێنەبکات، واتە گەر تەماشای ئاوێنەکانی کرد خودێکی بریندار دەبینێتەوە کە ناتوانێت بە خۆی سەرسامبێت. ساتی ڕاپەڕین ساتێکە سەرسامی مرۆڤی کورد بە خۆی دەگاتە چڵەپۆپەی، ساتێکە مرۆڤی کورد جورئەتی تەماشاکردنی وێنەی خۆی هەیە. لەگەڵ شەڕی ناوخۆدا ئەو سەرسامییە کۆتاییپێدێت و دەشکێت، خۆشەویستی مرۆڤی کورد بۆ خۆی کۆتایی پێدێت، لێرەوە کۆچ بە شێوەیەک لە شێوەکان دەبێتە هەوڵێک بۆ گێڕانەوەی ڕێزو حورمەت بۆ خود. کۆچ گەڕانە بەدوای جیهانێکدا بتوانین سەیری ئاوێنەکان بکەین و تف لە خۆمان نەکەین. کۆچ دەرچوون نییە لە نیشتیمانپەروەری بەڵکو دەربازبوونە لە میکانیزمەکانی گووتاری مانەوە، ئەو گووتارەی سنووری فەرد لەسنووری نەتەوە، یان کۆمەڵگا جیاناکاتەوە. دۆزینەوەی خۆئەڤینییەکە کە بەدوای خودێکدا دەگەڕێت بەڕاستی شایستەی ئەڤین بێت. خودێک شەڕی ناوخۆ مافی ئەوەی لێزەوتدەکات بابەتی ئەڤین بێت.

ئەو کۆچبەرە دێرینانەی لە دوای ڕاپەڕینەوە لە ئەورووپاوە دەگەڕێنەوە، وێنەی کەسانگەلێک پێشکەشدەکەن بڕوایەکی گەورەیان بە خودو ژیان و کاراکتەری خۆیان هەیە، لە نەستی مرۆڤی ترساوی ئێمەدا دەبنە سەمبولی ئەو ڕۆحانەی خۆیان ئازادکردووە. دەبنە سەمبوولی

ئەوانەی هێـزی خـۆیان لەگـەڵ خـۆیان و لە نـاو خـۆیاندایە، نـەوەک کـاراکتـەرگـەلێک بن هـێـزی خۆیان لە حیزب یان خێڵەوە وەربگرن. کۆچ وەک ڕێگایەک بەرەو ئەو دونیایـەی خود دەتوانێت لە هـەمـوو ئەو ڕەگـەزانە دووربکـەوێتـەوە کە وێنـەی خـۆی لە پێـشـدەم خـۆیدا ناشـیرینـدەکـەن، دەبێتـە تاکە دەروازەی ڕزگاری. بۆیـە کـۆچ لەجـەوهـەریدا گـەڕانیـشـە بۆ خـودێک شـایسـتـەی خـۆشـەویسـتـی بێت. هـەوڵی خـۆئەڤـینیـیـەکی زامـدارە کـە بۆ وێنەیەک دەگـەڕێت شـایسـتـەی شانازی و سەرسـامی بێت. کۆچبەرانی یەکەم کە دوای ڕاپەڕین دەگەڕێنەوە بۆ نیشتیمان لەو دەریاوانە کۆنانە دەچن کەدەگەڕێنـەوە بۆ نیـشـتـیـمـان و مـژدەی دۆزینەوەی زەوییـەکی نوێیـان پێیە، ئەوان کـەسـان گـەلێکن وێنە ئەفـسـانـەییـەکـەی خـۆرئـاوا بـڵاودەکـەنەوە، کـەسـان گـەلێکن موژدەی سـەرزەمـینێکمان دەدەنێ کە تیایدا لەبری باران شیر دەبارێت، لەبری ئاو هـەنگوین لە زەوی دێتەدەرێ. خـۆرئاوا لە خـەونی تاکی کـورددا دەبێتـە ئەو زەمینـەی تیایـدا مرۆڤ دەتوانێت دوای سـاڵگـەلێکی درێژی سـووکـایەتی ڕێزی خـۆی بدۆزێتەوە.

«بایـەخـدان بە خـود»، «بایـەخـدان بە ژیان» دوو زاراوەی گـرنـگ و دوو مـۆتیـڤـی جـەوهـەری کۆچن. کۆچبـەر بە هیوای پەیداکردنەوەی حورمەتێک بۆ خودی خـۆی و ژیان کۆچدەکات، بەڵام لە خـۆرئـاوا تووشی شـۆکـێکی ترو گـورزێکی تری قـووڵتر دەبێت، خـۆرئـاوا ئەو وەک کـەسـێکی جـوان و بەهـێـز تەمـاشـانـاکـات، دەیگـێـڕێتـەوە بۆ منداڵی، دەیکاتـەوە بە بوونـەوەرێکی بێـتـواناو ئیـفـلیج. بەڵام ئەم شـۆکە ئەو ڕاسـتـییـەی لە پێشـچاو ونناکـات کە ئەو دەتوانێت لە گـەڕانەوەیدا لەبەردەم کـۆمـەڵگـای خـۆیدا، لەبەردەم هـەمـوو ئەوانـەدا کـەسـاتێک لە سـاتەکـان بە زەلیلی و برینداری و کـەسـاسـی بینیـویانە، خـۆی لە بـەرگـێکی ئەفـسانەییـدا نیشـانبدات. لێرەدا کۆچبـەر دەکەوێتـە دۆخـێکی دەروونییەوە کە نزیکە لـە «کـەرتبوونی تەواوەتی کـاراکـتـەری خـۆی» لە بەردەم خـۆرئـاوادا تادوائەندازە خـۆئـەڤـینی دەشکـێت، لەبەردەم کـۆمـەڵگـای خـۆشـیـدا دەتـوانێت تادوا ئەندازە ئەنـتـەزەبکـات. دوو فـاقـەیەکی کـوشنـدە کـە لە ئاسـتـی دەرونیـدا دەیخـاتە گـەمـەیەکی گـەورەوە لە قـێـزکـردنـەوە لە خـود و لە شـانـازیکردنەوە بە خـود. جـوولانێکردنێک لە نێـوان ئەوسـەری بچـوکی و ئـەوسـەری خـۆ بەگـەورە زانینـدا، کە دەرەنجـامـەکـەی وەک لەبەشـەکـانی پێشـوودا ئامـاژەم پێکرد دروسـتـبوونی کەسـایەتییـەکی برینـدارە کە ناتوانێت ڕاسـتگۆیانە لە هیچ یەک لەو دوو دونیایەدا بژی.

کۆچبـەر بۆئەوەی بتوانێت لەوێنە درۆزنەکـەی خـۆی لە نیشـتـیمان لەزەتبـەرێت، ناچارە لەوێنە ڕاستەقینەکەی خۆی لە خۆرئاوا هەڵبێت. هەڵهاتنێک وای لێدەکات بە شێوەیەکی سەرەتایی و خـۆڕسک بەرگـری لە کـوردبوونی خـۆی بکات، بەرگـرییـەک دەیگـێـڕێتـەوە سـەر لۆژیکی هـەرە سادەی گووتاری مانەوە. واتە ناشـوێن لە جەوهـەریدا گـەڕانەوەیەکە بەرەو دواوە، بۆ پێداگرتن

لەسەر خۆئەڤینییەک کە خۆرئاوا هەڕەشەی لێدەکات. کۆچبەر لە ساتێک لە ساتەکاندا دڵنیادەبێت کە ئەو ناتوانێت وێنەی جوانی خۆی لە چاوی خۆرئاوادا بدۆزێتەوە، ئەویش لە بنەڕەتدا بۆ وێنەیەکی جوانی خۆی دەگەڕێت، کەواتە دەبێت بۆ چاوێکی دی بگەڕێت. لێرەدا جارێکی دی مەحکومە بەوەی دووبارە لە چاوی کۆمەڵگای خۆیدا بۆ وێنەی خۆی بگەڕێت. بەڵام لێرەدا ئەو ناکۆکییە سەیرە ڕوودەدات کاتێک کۆمەڵگاش لە چاوی کۆچبەردا بۆ وێنەی خۆی دەگەڕێت، واتە نەک تەنیا نەرسیس لە ڕووبارەکەدا بۆ وێنەی خۆی دەگرێت، ڕووباریش لە چاوی نەرسیسدا بۆ وێنەی خۆی دەگەڕێت، با ئەم برگەیە لە ئۆسکار وایلدەوە بخوێنینەوە کە باشتر لەهەرشتێک پەیوەندی نێوان کۆچبەری کوردو کۆمەڵگاکەیمان بۆ دەستنیشاندەکات، ئۆسکار وایلد لەیەکێک لە تێکستەکانیدا دەنوسێت : «کە نەرسیس مرد، گوڵانی کێڵگەومەزرا خەمگین بوون، ویستیان بۆی بگرین و تکایان لە ڕوبارکرد هەندێک دڵۆپە ئاویان بداتێ. ڕوبار وەڵامیدانەوەو گووتی «ئاخ، گەر هەموو ئاوی من فرمێسک بایە، هێشتا بەشی ئەوەی نەدەکرد بۆ نەرسیسم بڕژتبایە، من ئەوم خۆشدەویست». گوڵان گووتیان «ئاخ، بۆدەکرا نەرسیست خۆشنەوێت؟ ئەو بەو هەموو جوانییەوە». ڕوبار پرسی «ئەرێ بەڕاست ئەو جوان بوو؟». گوڵەکان هاتنە وەڵام و گووتیان «دەبێت کێ لە تۆ زیاتر، ڕاستی جوانی ئەو بزانێت؟ ئەو هەموو ڕۆژێک خۆی بەسەر ڕۆخی تۆدا شۆڕدەکردەوەو لە ئاوی تۆدا نیگای جوانی خۆی دەکرد» ڕوبار دیسانەوە هاتەقسەو گووتی «من ئەوم خۆشەویست، لەبەرئەوەی ئەو چەند خۆی بەسەر ڕۆخی مندا شۆڕبکردبایەتەوە، من وێنەی ئاوی خۆمم لە چاوی ئەودا تەماشادەکرد».

«٥» .»

ئەم دۆخەی نێوان نەرسیس و ڕوبار، دۆخی نێوان کۆچبەری کوردو کۆمەڵگای خۆشییەتی. کۆمەڵگای ئێمە لە کەسی کۆچبەردا بۆ وێنەیەکی تایبەتی و گەورەی خۆی دەگەڕێت کە لە ناو خۆیدا ناتوانێت پەروەردەیبکات، لێرەوەیە کە پەیوەندی کۆچبەر بە کۆمەڵگاوە، لەسەر درۆ دروستبووە، کۆمەڵگا دەیەوێت لە چاوی کۆچبەردا جوانی خۆی بدۆزێتەوە، کۆچبەریش دەیەوێت لە چاوی کۆمەڵگادا جوانی خۆی ببینێتەوە، ئیدی کۆمەڵگا لە کۆچبەردا تەنیا بۆ وێنەی خۆی دەگەڕێت، کۆچبەریش هەموو ئیشی بۆئەوەیە کە لەبەرچاوی کۆمەڵگای خۆی جوان بێت... هاوکێشەیەک پێکهاتێکی دەرونی ئاڵۆز، پەیوەندییەکی پڕ نیفاقیش دروستدەکات. پەیوەندییەک هەردووسەری لەسەر جۆرێک لە خۆئەڤینی سەرپەڕو توندوتیژ بونیادنراوە. ئەم ڕەهەندە دەرونییەی پشت بونیادنانی ناشوێن ئاسەواری لە زۆربەی ڕەفتاری کۆچبەردا تێبینیدەکرێت، کە لە خۆدزینەوەیەکی بەردەوامدایە لەو شوێنانەی نیگاری دزێودەکەن.

## دەستدان لە ماناکانی ناشوێن، نزیکبوونەوە لە شێوەکانی

ناشوێن تێکەڵەیەکە لە کۆمەڵێک وەزیفەو فەزاو ئاراستە. لە شوێندا جێگا بۆ خۆی دەکاتەوەو لە مانادا، لە زمان و تەفسیردا، لە تێڕوانین و دەروندا. مەبەستی گەورە لە پشتی بونیادنانی ناشوێن ئەوەیە کە کۆچبەر دۆخێکی ئەفسانەیی بهێنێتە دی، هاوسەنگی ئەفسانەیی بدۆزێتەوە، بگاتە پلەیەک لە یاریکردن بتوانێت لەیەککاتدا لە هەموو شوێنەکاندا بێت و لە هیچ شوێنیکیشدا نەبێت، ئینتیمای بۆ شوێنە جیاوازەکان هەبێت و ئینتیماشی نەبێت. لێرەبێت و لێرەش نەبێت، لەوێش بێت و لەوێش نەبێت. واتە نەبوونی لە نیشتیمان باعیسی ئەوە نەبێت لەوێ ئامادەنەبێت، بوونیشی لە تاراوگە باعیسی ئەوە نەبێت لە تاراوگە ئامادەبێت. ناشوێن ئەوەیە من لەو جێگایە بم کە لێی نیم، لەو جێگایەش نەبم کە لێیم. لە نیشتیمان بم کە لەوێ نیم، لە خۆرئاواش نەبم کە لێیم. ناشوێن ژیان و چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەیە، ئاشتکردنەوەیەکی زۆرەملێی کۆمەڵگای خۆتە لەڕێگای پشتکردنە جیهان، گەڕانەوەیە بۆ شوێنی بچوک لەڕێگای پشتکردنە شوێنی گەورە.

«ناشوێن» بەرهەمی بێشوێنی نییە، ئەوەی لە ناشوێندا دەژی کەسێک نییە بێ شوێن، بەڵکو یەکێکە کە شوێنەکان گەمەی خۆیان لەسەر کردووەو ئەویش بە هەمان ئاراستە گەمە لەسەر شوێنەکان دەکاتەوە. کۆچبەری کورد خۆرئاوا هەمیشە وەک وێنەیەکی سێبەر دەبینێت، خۆرئاوا شوێنی واقیعی و فیزیکی ئەوە، بەڵام ئەم شوێنە فیزیکییە ڕووبەرێکی نادیارو غەیبی هەڵگرتووە، شوێنێکە تیادەژی و تێیناگات، ناتوانێت ئەوەی دەکەوێتە ئەو دیو دیمەنە ڕوکەشەکانەوە ببینێت. کێشەی کۆچبەر کێشەیەکی سیمیائییە، کێشەیەکە لەسەر پچڕانی پەیوەندی لە نێوان کۆچبەرو نیشانەکاندا دروستبووە. واتە لە قووڵاییدا بڕوانین کێشەی کۆچبەر لەگەڵ شوێندا لە کێشەی نێوان «خوێنەر» «ڕوکەشی تێکست» و «ئەو دیو تێکست» دەچێت. کۆچبەر خوێنەرێکە ناتوانێت ئەو دیوی تێکستەکان ببینێت، پچڕانێکی دەلالی هەیە لە نێوان کۆچبەرو مانا قووڵەکاندا، ئەو لە ئاستی سەرەوەی دونیایەکدا دەوەستێت و ناتوانێت بچێتە ئەودیوییەوە. کۆچبەر کەسێکە لەسەر سنووری نیشانەدا دەوەستێت و ناگاتە مانا، لەسەر سنووری دالدا دەوەستێت و ناگاتە مەدلول. کۆچبەر لە خۆرئاوا یەکێکە شوێن لە تەجریدیترین ڕەگەزییدا وەردەگرێت، یەکێکە لە شوێندا دەژی، بەڵام مانای شوێن، سیستمی شوێن، مێژووی شوێن، کێشەی شوێن، کاراکتەری شوێن، نهێنی شوێن، تێکستی شوێن هیچییان لای گرنگ نین. کۆچبەری کورد شوێنی تاراوگە وەک ژینگە بەکاردەهێنێت، وەک

جێگایەک کە دەکرێت هۆکانی ژیانی تیا وەدەستبخەیت. بەڵام نیشتیمان شتێکی ترە، نیشتیمان ئامادە نییە، بەڵام هەموو ماناکانی لەگەڵماندا دەژی، مێژووی لەگەڵماندایە، کێشەکانی لەگەڵماندان، کاراکتەری ئەو پێوەرێکە بۆ پێوانەی کاراکتەری شوێنەکانی دی، لە پشت هەموو نیشانەیەکییەوە سیستمێک دەلالەت و مانا هەیە. واتە تراژیدیاکە لەگەڵ شوێندا بەرهەمی ئەو ساتەیە کە دەلالەتی شوێنی دوورو نادیار دەبینین، بەڵام دەلالەت و مانای شوێنی نزیک و بینراو نابینین . هەست بەوە ناکەین کە لەبەردەمماندایە، بەڵام هەست بەوەدەکەین کە لێمان دوورە، ئەوە نابینین کە تەواو تیادەژین، ئەوە دەبینین کە تیاناژین.

هیچ شتێک وەک کۆچ وات لێناکات بیر لە مانای شوێن بکەیتەوە. هەموو ئەوانەی لە تاراوگە دەژین بە تەواوی ئەو هەستەیان تاقیکردۆتەوە هەستێکی نامۆبوون لەگەڵ درەخت و باڵندەو ڕووباردا. کێشەی خۆرئاواو کۆچبەر تەنیا کێشەی کولتوور نییە، بەڵکو پچڕانە لەدەلالەت، لە گەرمی، لە ئامێزی شوێن. تاراوگە ئەو جێگایەیە کە شوێن سیفەتی ئامێزی ونکردوە، شوێن چیتر قسەناکات، هەستدەکەیت ڕەنگەکانی بە هەموو جوانیانەوە جۆشێن و بزوێن نین، دەنگی باڵندەکانی هەمان مۆسیقاو مانایان نییە، تامی میوەکانی شتێکی دیکەن. ژیانی کۆچبەر لە خۆرئاوا زۆرجار لە هەڵوێستی بینەرێکی خەواڵوو دەچێت لەشانۆیەکی پانتۆمایمدا . ناشوێن گەڕانەوەیەکی ڕەمزییە بۆ مانا، هەوڵدانە بۆ دروستکردنی دونیایەک کە تێیدەگەیت لە ناو جەرگەی دونیایەکدا کە تێیناگەیت، بۆ خولقاندنی جیهانێک پێچەوانەی ئەو شوێنی پانتۆمایمە گەورەیە بێت، شوێنێک بێت لە سنووری ژینگە دەرچوو بێت و هەموو ڕەهەندەکانی شوێنی وەرگرتبێت. بە مانایەکی تر ناشوێن پرۆسەیەکە، دەستکاریکردنی شوێن و زنجیرەسازیی هەندێ ڕەگەزی ژیانی ڕۆژانەیە بە شێوەیەک کۆچبەر بتوانێت سیستمێکی مانای دیکە دروستبکات، وێنەیەکی دیکە لە خۆرئاوا بسازێنێت، بتوانێت درێژترین کات تیا بمێنێتەوە. ناشوێن پرۆسەیەکی دیکۆرسازییە، دروستکردنی جێگایەکە لە ناوەڕاستی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ خۆیدا کە پتر لە شانۆ دەچێت.

### بۆ ناشوێن لە پرۆسەی دیکۆرسازی ناو شانۆ دەچێت؟

شوبهاندنی پرۆسەی دروستکردنی ناشوێن بە شانۆ، ڕزگارکردنی وشەکەیە لە زنجیرەیەک وەهم کە دەشێت خودی ناونانەکە دروستیبکات. ناشوێن لە مانا گشتییەکەیدا هاوواتای وشەی یۆتۆپیایە کە ئەویش ناشوێن دەگرێتەوە، بەڵام لەم وتارەی مندا وشەی ناشوێن

وەرگێڕانی وشەی یۆتۆپیا نییە، چونکە ناشوێن بە مانا یۆتۆپییەکەی واتە ئەو جێگایەی کە نییە، یۆتۆپیا جێگایەکە کە بوونی نییەو ڕووبەرێکی فیزیکی داگیرنەکردووە، لە فەنتازیادا لەدایکدەبێت و لەویادا دەمێنێتەوە. بەڵام ناشوێن بەو مانایەی من لێرەدا بەکاریدەهێنم سەنگەرگرتنە لە تاراوگە، دروستکردنی شوێنێکە لە ناو تاراوگەدا دژ بە تاراوگە. ئەم پرۆسەیە بەدیدی من پتر لە دروستکردنی دیکۆر دەچێت لەسەر شانۆ، نەوەک بەدروستکردنی یۆتۆپیایەک بەرابەر و پێچەوانە بە واقیع.

دیکۆر لە شانۆدا وەزیفەیەکی تایبەتی هەیە. دیکۆر دروستکردنی دونیایەکی تایبەتە، بریتییە لەو ڕەگەزەی شوێنی ڕاستەقینە بیر بینەر دەباتەوە و لەو جێگا ڕاستەقینەیەی خۆی دەریدەهێنێت و پێیدەڵێت ئەو ئێستا لە جێگایەکی دیکەیە. دیکۆری شانۆ چەند سادە بێت، لە ناواخنی خۆیدا مانایەکی تایبەتی هەڵگرتووە، ئەویش ئەوەیە بە بینەر بڵێت، ئەو ئێستا لە دونیای ڕۆژانەو ئاسایی خۆیدا ناژی و چۆتە دونیایەکی تر و لە شوێنێکی ترو لە زەمانێکی تردا دەژی، کە شوێن و کاتی ئاسایی ژیانی ڕۆژانە نین. ئەم وەزیفە سەرەکییەی دیکۆر، ئەم ویستە قووڵ و گەورەیە بۆ جیاکردنەوەی شوێنەکان لە جەوهەری پرۆسەی شانۆدایە. گومان نییە لەوەی کە هەندێ بزاوتی نوێی شانۆ هەوڵدەدەن ئەو جیاکردنەوەیە بشکێنن و شانۆ تێکەڵ بە ڕووبەرە ئاساییەکان بکەنەوە، بەوەی شانۆ لە شانۆ دەربهێنن و لە فەزایەکی دیکەدا نمایشیبکەن. وەلێ بێگومان ئەو پرۆسەیە پرۆسەیەکی سادە نەبووە، لەبەر ئەوەی شانۆ هەرچۆنێک خۆی دروستبکاتەوە، هەمیشە ئاماژەی بۆ شوێن و زەمانی تر هەڵگرتووە. دیکۆرسازی ناو شانۆ شاردنەوەی ڕوخسارە ئاسایی و باوو زاڵەکانی شوێنە، ئاماژەیەکە بە بینەر دەڵێت تۆ لێرەنیت و لە جێگایەکی تری، جێشکێنییەکی گەورەیە. دیکۆری شانۆ ئەو بەردەوامییە دەشکێنێت کە لە دونیادا هەیە، ئەو توانایە لە شوێندا بەرجەستەدەکات کە دەتوانێت لەدەرەوەی ڕوخسارە باوو سادەو تەقلیدییەکەی خۆی ڕوخساری شوێن و زەمانی تر وەرگرێت.

«جێشکێنی» ئەوەیە شوێن وا لێبکەیت ماناو دەلالەتێکی تر وەرگرێت، ئیحایەکی تر بدات و خۆی لەو فەزا گشتییەی دەرەوە جیابکاتەوە، بریتییە لە شکاندنی کاراکتەری ئەو شوێنە گەورەیەی کە بۆ بەسەربردنی ژیانی ڕۆژانەو وەدەستخستنی بژێوی زیندەگیمان ناچارین ڕووی تێبکەین. لە شانۆدا هەمیشە ڕیزێک مەتریال و کەرەستە هەن هەردەم بۆ گۆڕینی کاراکتەری شوێن بەکاریاندەهێنین. ئەو مەتریالانە بەپێی ماناو توانایان لەسەر ڕەنگکردنی شوێن و بەخشینی کاراکتەرێکی دیاریکراو مانایان هەیە. مەتریالی دیکۆر لە شانۆدا لە مانا

سـادەکانیـان دەبـنەوەو مـانای تر وەردەگـرن. کورسـیـیـەک لەسـەر تـەختـەی شـانۆ وەزیفـەو مانایەکی دیکەی هەیە جیاوازە لە وەزیفـەو مانای کورسی ناو شوێنە ئاساییەکان. کورسییەک لەسـەر شـانۆ، مـەتریالێکی تەفـسـیـرییـە، واتە هـەڵگری ڕاڤین و لێکدانەوەیە. هەڵگری خوێندنەوەیە، بە پێچـەوانەی کورسـیـیـەکانی ناو مـاڵ. واتە دیکۆر، وەزیفـەکەی دروسـتکردنی جۆرە جـێگایەکە کـە یەکـێـتـیـیـەکی ناوەکی هەیە، جـیـاواز لە یەکـێتی ناوەکی ژینگەی ژیانی ڕۆژانە، خـولقـاندنی یەکـێـتـیـیـەکی ناوەکی لـە شـوێن و کـاتدا بەشـێکە لە یەکـە گـرنگ و سـەرەکـییـەکـانی شـانۆی ئەرسـتـۆیی. یەکـێـتی ناوەکی شـوێن لە شـانۆی ئەرسـتـۆییـدا بە شـێوەیەکی گـرنگ دژ بە یەکـێتی گـەورەو نەپسـاوی شـوێنـە لەدەرەوەی شـانۆ. دیارە چەمکی یەکێتی شـوێن لە نێوان شانۆی مـۆدێرن و شـانۆی ئەرسـتۆییدا جیـاوازییـەکی زۆری هـەیە. بۆ دروستکردنی ئەو یەکێتیە ئەرستۆتالییە کۆی ڕەگەزەکان بە ئاڕاستەیەک کاردەکەن، جلوبەرگ و ڕوناکی و مەتریالەکانی دی بە کۆ فەزایەکی یەکگرتوو دەخولقێنن، فەزایەک دڵنیامانبکات کە ئێستـاو ئێرەی ناو شـانۆ، دوورکـەوتنەوەیـەکی گـەورەیە لە ئێسـتـاو ئێرەی دەرەوەی شـانۆکە. ئێسـتـای شـانۆ دژ بە ئێـسـتـای دەرەوەی هۆڵەکـەو دژ بە ئێرەسـالاری ژیـانە لەدەرەوە کـەوەک قـەفـەزێکی گـەورەی کـات و شـوێن پێکەوە کـاردەکـەن. واتـە کـە دەڵێم ناشـوێن لە دیکۆری شـانۆ دەچێت، تـەنیـا لەو ڕوانگەیـەوە قـسـەنـاکـەم کـە دیکـۆر نیگارو وێـنـەیەکی تایبـەتیـیـە ئامـاژەی ژینگەیەکی دیمان دەداتێ، بـەڵکو لەو ڕوانگەیەوە کە دیکۆر دەلالەتە لەسـەر کردارێک. کۆچبـەر کە لـە خۆرئاوا دەیەوێت بگەڕێتـەوە بۆ ژیانی تایبەتی خـۆی، کاتێک خـۆی لەو ترس و بچـوکیـیە دەشارێتـەوە کە فەزای دەرەوە دروسـتیـدەکات، جێگایەک دروسـتدەکات ڕەگەزەکانی لە شێوەی ڕەگەزی دیکۆری شانۆدان، وەزیفەیان قووڵکردنەوەی جیاوازی نێوان شوێنی کۆچبەرو شوێنی دەرەوەیە. واتە ناشـوێن نیشـتـیـمـانێکی ڕەمزییـە کۆچبـەر بە پرۆسـەیەکی دیکۆرسـازی گـەورە دروستیدەکات. خودی ناشوێن ئاشکرابوونی ئارەزوویەکی قووڵە لە جیـهانی پەنابەردا کە لەو جێگایە نەبێت کە تیادەژی، جەوهـەری ناشوێن داننەنانە بەو غوربەتەدا کە بەدرێژیی لە بەشی پێـشـوودا باسـمکرد. ناشـوێن دانانـی نەخـشـەیەکـە بۆ ژیـان و جـوگـرافـیـای ژیان دژی ئەو نەخشـەیەی پرۆسەکانی ئینتگراسیـۆن پێشکەشیـدەکەن. کردارێکە بە ئاڕاستـەی نەتوانەوە، هەنگاوێکی هەڵواسـراو و ئەبەدییـە بە ئاڕاسـتـەی گـەڕانەوە، هەنگاوێکە بۆ ئـەوە دەنرێت وا نیشانبدات کۆچبـەر لە سـەر ڕێگای گەڕانەوەدایە بـۆ نیشـتیمان، بەڵام وەزیفە بنەڕەتییەکەی سـەقامگیـرکـردنی مانەوەیـەکی لەرزۆکە لـە جێگایەکدا کـە کۆچبـەر نە بروای پێیـەتی و نە دەتوانێت لێشی دووربکەوێتەوە. ئەم هەڵبژاردنە پێویستی بە شانۆیەک هەیە، جۆرە فەزایەک و سـینۆگـرافـیـایەکی تـایبـەت کـە خـۆرئاوا بە خـۆی و دیمەن و بونیـادو ڕەفـتـارەکـانیـیـەوە

پێشکەشیناکات. لێرەوە دروستکردنی جۆرە جوگرافیایەکی دەلالی تر، دروستکردنی کەشوهەوایەکی تر کە ماناو ئیشی نیشانەکانی «العلامات» جودایە لە ماناو ئیشیان لە ناوکۆیی ژیانی ڕۆژانەدا، شانۆیەک سازدەکات، شانۆیەک لە بەشەکانی دیکەدا مەتریال و ڕەگەز و وەزیفەی کەرەستەکانی ناوی ڕووندەکەمەوە. جێگایەکە تەنیا ئەکتەرەکان نمایشی تیاناکەن، بەڵکو بینەرانیش لە ناویدا نمایشدەکەن.

## چەمکی ناشوێن لەم وتارەدا و جیاوازییەکانی لەگەڵ چەمکی ناشوێن لای «مارک ئاوگە» و چەمکی «هیترۆتۆبیا» لای «میشێل فۆکۆ»

ناشوێنی مانای بێشوێنی نییە، بێشوێنی شتێکی دیکەیە، بێشوێنی وەک ڕیتشارد هاینریش لە کتێبەکەیدا سەبارەت بە فرانسیس باکۆنی نیگارکێش دەڵێت :«بێ ـ شوێنی ئەوەیە کاتێک شوێنی شێوەرێژکراو، وەڵامی پرسیاری «کوێ؟» ناداتەوە» یان دەڵێت « کاتێک دەپرسین ئەو لە کوێیە؟ بۆئەوە نییە شوێنی کەسێک لە ناو سیستمی گەردوندا دیاریبکەین، بەڵکو بۆئەوەیە چۆنێتی شوێنگیری شتەکان دیاریبکەین، لەسەرێتی، لە ناوێتی، لە خوارەوەیە یان لە بانێتی» «٦»

واتە پرسیارێکی گرنگ کە جیاوازی نێوان شوێن، ناشوێن، بێشوێنی لەسەر بونیاددەنرێت پرسیاری «کوێیە؟». هەموو ئەو پرسیارانەی کە «کوێ»ی تێدایە، وەک پرسیارگەلی « ئێرە کوێیە؟ ئێمە لە کوێین؟ بۆ کوێ دەچین؟ بۆ کوێمان دەنێرن؟». هەر کاتێک وەڵامی ئەم پرسیارانەمان لابوو، بێشوێن نین. لەوەوپێش ئاماژەم بۆ پەیوەندی نێوان سەحنەی شانۆو ناشوێن کرد، بەو مانایەی کە ناشوێن بێشوێنی نییە، بەڵکو شوێنێکە بەردەوامی شوێنی دەرەوە دەشکێنێت، شوێنێکە ڕوخساری خۆی مەکیاجدەکات، خۆی لە جێگاکانی دەرەوە ڕادەپسکێنێت، بۆئەوەی ڕوخسارێکی دی بداتەخۆی، شوێنێکە وەک فۆکۆ لەوەسفی هێترۆتۆبیادا دەستنیشانیدەکات وەک جێگاگەلێک کە بەرابەری شوێنەکانی دی و دژیان جێگادەگرێت. شوبهاندنی ناشوێن بە شانۆ، بۆئەوەبوو لەو ڕاستییە تێبگەین کە کۆچبەر لە بۆشاییدا ناژی، قسەکردنی لە ناشوێنی ڕاستی ناپێکێت. هەر کاتێک ئەو غوربەتی خۆی بەوە پێوا کە کەسێکە شوێنی بەدەستەوە نەماوەو قاچی لەسەرزەوی براوە، فەزایەکی بۆ یاریکردن بەدەستەوە نەماوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە ڕاستناکات. کۆچبەر لەدەرەوەی کات و شوێن نییە، بەڵکو لە ناو جەرگەیاندایە، هێندە هەیە دونیایەکی تریان لێدروست دەکات. واتە لە شوێنە ئاساییەکان نیگاری شوێنێکی تر دەکێشێت. بەڵام لێرەدا پرسیارێک دێتەپێشێ کە گرنگی

گەورەی بۆ پرۆسەی دروستکردنی ناشوێن هەیە. ئەویش ئەوەیە بۆ دروستکردنی ناشوێن بەکاری نیگارکێش ناشوبهێنم و بەکاری دیکۆرسازو دەرهێنەری شانۆی دەچوێنم؟

لە شانۆدا کاتێک شوێن نامێنێت، هەمیشە شانۆ وەک شوێنێکی تایبەتی وەک ڕاومێکی کراوە، وەک یەکەیەک کە شیمانەی خوێندنەوەو ڕاڤەکاری وەرگرتووە بوونی دەمێنێت، دەتوانین بچینە ناوی، دەزانین کە کاراکتەرەکان لە جێگایەکەوە دێن و لە فەزایەکدا دەجوڵێنەوە، دەزانین کە جەستەیەک هەیە لە فەزایەکدا دەسوڕێتەوە، یاریدەکات، دەجەنگێت، دەشکێت و هەڵدەستێتەوە، هەتا ئەو جێگایانەش کە کاراکتەریان نییە، کە خاڵین، کە شتێکیان تیا نییە ناوەڕۆکییان پێببەخشێت و بە مانایەک بارگاوییان بکات وەک فەزایەکی دەلالی، وەک ئەگەرێکی کراوە بۆ فرەڕەنگی شوێن، وەک قەفەزێکی وجودی کە مرۆڤ ناتوانێت لێیدەربازبێت قورسی خۆی نادۆڕێنێت. شوێن لە شانۆدا مەرجێکە فەرامۆشناکرێت، شێوەکانی شوێن دەگورێت، بۆچوونمان بۆی دەگۆڕێت، بەڵام شانۆ شتێک نییە لەدەرەوەی شوێن، هەتا لەو کاتانەشدا کە شانۆ لە هۆڵی شانۆ دەچێتەدەرەوە بۆ ناو بازاڕ، بۆ شوێنە کراوەکان، بۆ ئەو جێگایانەی شانۆکار دەستکاری فەزای دەوروبەر ناکات، خودی گواستنەوەکە لادان و لە ناوبردنی شوێن نییە، بەڵکو جۆرە دیدێکی دیکەیە بۆ شانۆ. لێرەدا پێویستە ڕستەیەکی گرۆتۆفسکی بهێنمەوە کە دەڵێت « ئایا دەکرێت شانۆ بێ کوستوم و سەحنەسازی هەبێت؟ بەڵێ، دەکرێت هەبێت. دەکرێت شانۆ بێ موسیقایەک کە هاوڕێی سەوداکانە بوونی هەبێت؟ بەڵێ. ئایا دەکرێت شانۆ بێ ڕوناکی هەبێت؟ بێگومان دەکرێت. ئایا دەبێت بێ تێکست شتێک هەبێت پێیبگووترێت شانۆ؟ بەڵێ دەبێت. ئەی شانۆی بێ ئەکتەر هەیە؟ نا،لەوبارەیەوە من هیچ نمونەیەک شکنابەم، دەشێت شانۆی قەرەقۆز ناوببەین، بەڵام لێرەشدا ئەکتەر لە پشتەوەڕا ئامادەیە، ئەگەرچی بەشێوەی دیکەش بووە». لەپاڵ ئەم نرخە ڕەهایەوە کە باوکی شانۆی هەژار پێشکەشمانیدەکات، نرخێکی دی هەیە کە پێموایە ئەویش نرخێکی نەمر و ڕەهای شانۆیە، ئەویش ئەوەیە لە هەر جێگایدا ئەکتەرێک بە مەبەستی نمایش وەستا، ئەوا فەزای دەوروبەری دەبێتە شانۆ، ئەوا ئەو شوێنەی ئەکتەر بە نیازی نمایش تیادەوەستێت دەبێتە سەحنە، ڕەگەزەکانی تر دەبنە ڕەگەزیی شانۆیی و دەلالەتە سروشتییەکانی خۆیان دەدۆڕێنن، لەو ساتەدا کە شانۆکارێک بە مەبەستی نمایش لە ناوەراستی بازارێکی جەنجاڵدا دەوەستێت، ئیدی بۆ بینەرانی ئەو نمایشە، ئەو شوێنە مانای دێرینی خۆی دۆڕاندووەو بۆتە سەحنەیەکی دی. گرۆتۆفسکی دەڵێت شانۆ لە ئەکتەر جیاناکرێتەوە، بەڵام بێگومان شانۆ لە شوێنیش دانابڕدرێت، نمایش هەمیشە پێویستی بە ئەکتەرێک هەیە کە لە فەزایەکدا دەجوڵێتەوە... دۆخێک کە لە ژیانی کۆچبەردا نرخێکی هەیە،

چونکە ئەویش دواجار ئەکتەرێکە لە دووی دروستکردنی فەزایەک دەگەڕێت بۆ خۆی. ئەم فەزایە هاوشانی هونەرەکانی دی نییە، یاخود فەزا لە نیگارکێشاندا جەشنێکی دیکەیە. لە شانۆدا فیگۆرەکان هەمیشە لەسەر زەوییەک وەستاون، بەلآم مەرج نییە لە وێنەکاندا شوێن هەبێت، شانۆی بێشوێن بوونی نییە، بەلآم لە نیگارکێشاندا ئیمکانییەتی بوونی فیگۆری بێشوێن لە گۆڕێیە. ڕیتشارد هاینریش لە کتێبەکەیدا سەبارەت بە فرانسیس بیکۆن و لە شیکاری تابلۆی Three Studies ی هونەرمەند فرانسیس بێکۆندا دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە فیگورەکانی ئەو تابلۆیە سێ فیگوری بێشوێنن. «بڕوانە هـ. س. پ» لە شانۆدا ناتوانین بگەینە ئەمجۆرە گریمانکارییە. کاتێک دەپرسین فیگورەکان لە کوێن؟ سێ وەلآممان لەبەردەمدایە، وەلآمێک ئەو شوێنە ئیفترازییەیە کە نمایشەکە پێشکەشمانیدەکات، وەلآمی دووەم ئەو شوێنە هونەرییەیە کە سەحنەی شانۆ خۆیەتی، ئەو سەحنەیەی شوناسە هونەرییەکەی هەرچییەک بێت، هاوڕێیەکی هەمیشەیی نمایشە، واتە شانۆ چەندە هەژاربێت، چەندە بتوانێت لە مەتریالەکان و لە دیکۆردا دەستبگرێتەوە، ناتوانێت دەستبەرداری شوێنی نمایش بێت. وەلآمی سێهەمیش ئەوەیە کە شانۆ وەک فەزایەک و مالێک هەمیشە پانتاییەکی لە جێگایەکی دیاریکراودا لە شوێنێکی دیاریکراودا داگیرکردووە. ئەمجۆرە فیزیکییەت و پابەندییە قووڵەیە وادەکات ژیانی کۆچبەر پتر لە فیگۆری ناو شانۆ بچێت، نەوەک لە فیگوری هیچ جنسێکی ئەدەبی و هونەری تر.

ئەم پابەندبوونە بە شوێنەوە گرنگە بۆ تێگەیشتن لەو مانا تایبەتییەی ناشوێن کە مەبەستمە ڕوونیبکەمەوە. بە هەمان ئەو ئەندازەیەی نمایشێک ناتوانێت لەدەرەوەی شوێندا ببێت و بژی، بە هەمان ئەندازە کۆچبەریش ناتوانێت لە شوێن دووربکەوێتەوەو ببێتە مەخلوقێکی هەوایی. ناشوێن دروستکردنەوەی شوێنە، گۆڕینی ماناو وەزیفەکەیەتی، پچڕانی بەردەوامییەتی، گۆڕینی کۆچبەرە بۆ دیکۆریستێکی گەورە، بەلآم لەبری ئەوەی لە سەر تەختەی شانۆ کاربکات، لە ناو جەرگەی مال و زیندەگی و ژیاندا کاردەکات. ناشوێن ئەوە نییە نەزانین لە کوێین، بە پێچەوانەوە هوشیاری کۆچبەر دەرهەق بە شوێنی خۆی لە ئاستێکی بالآدایە، کۆچبەر دەزانێت لە کوێیە، بەلآم ڕێگایەک دەگرێتەبەر بتوانێت شوناسی ڕاستەقینەی ئەو جێگایە دامالێت، پارچەیەکی لێبکاتەوە، بەردەوامییەکەی بشکێنێت. ناشوێن لابردن و سڕینەوەی شوێن نییە، بەلکو لەتکردن و شکاندنێتی، گۆڕینی ڕوخسارێتی، پڕکردنێتی لە کۆمەڵێک ئاوێنەی تایبەت کە تەنیا ئەو وێنانە نیشانبدەنەوە کە کۆچبەر دەیەوێت. دەستکاریکردنی دەلالەت و وەزیفەو مانای شتە سروشتییەکانە بۆ ماناو وەزیفەی دیکە. ئەو

لەو پاڵەوانەی کافکا ناچێت لە «کۆشک»دا کە لە گوندێکدایە نازانین کوێیە؟ چی دەکات؟ بۆ لەوێیە؟ بۆ بانگکراوە؟ دەبێت چی بپێوێت؟. کۆچبەر بە ئیرادەی پۆلاینی خۆی کۆچ هەڵدەبژێرێت، کەم تا زۆر دەزانێت بۆ کوێ هاتووە، کە لەوێش نیشتەجێ دەبێت، دەزانێت چۆن لە شوێنێکی ڕاستەقینەوە بیگۆڕێتە سەر سەحنەی شانۆیەکی تایبەت و بێوێنە، شانۆیەک « ماڵ »، «زمان»، «جنس»، «کارکردن» تیایدا پێکڕا خزمەتی دروستکردنی شوێنێکی تایبەتی دەکەن کە نە نیشتیمانەو نە مەنفا.

ناشوێن زاراوەیەکە پێشتر بە هەندێ مانای تەواو جیاواز لەو مانایەی من لێرەدا بەکاریدەهێنم، بەکارهێنراوە، بۆئەوەی ئەو مانایە تەواو ڕوونبێت کە من زاراوەی ناشوێنی بۆبەکاردەهێنم، دەبێت تیشکێک بخەمە سەر دوو بەکارهێنانی سەرەکی زاراوەی ناشوێن.

مارک ئاوگە لە کتێبی «شوێن و ناشوێن» دا دەنوسێت : «ئێمە لە دونیایەکدا دەژین هێشتا فێرنەبووین چۆن تێیدا بگەڕێین و بدۆزین، ئێمە لەسەرمانە دووبارە فێری بیرکردنەوە لە شوێنگە «ڕاوم» ببینەوە.» «٧» لەسەر ئەم بڕوایەوە ئەنترۆپۆلۆگی فەرەنسی دەکەوێتەوە تێڕامانێکی نوێ لە شوێن و دەنوسێت: « وەک چۆن شوێن خۆی لە ڕێگای شوناس و پەیوەندی و مێژووەوە دەناسێنێت، ئەو شوێنگەیەی شوناسی نییە و خۆی وەک شوێنگەیەکی پەیوەندیدارو مێژوویی ناناسێنێت ئەوا وەک ناشوێن خۆی دەناسێنێت» «٨» بە بۆچۆنی ئاوگە قۆناغی بانمۆدێرنە «Übermoderne» قۆناغێکی بەرهەمهێنە بۆ ناشوێن. لای ئاوگە هەندێک شوێنگەو فەزاهەن فەردەکان تیایدا خۆیان وەک بینەر تەماشادەکەن، ئەگەرچی لەو شوێنگەو فەزایانەدا نمایشێکی ڕاستەقینەش نەبێت وەک ئەوەی «مەوقعییەتی بینەر گرنگترو جەوهەریترین مەوقعییەتی ناو نمایشەکە بێت. وەک ئەوەی بینەر بینەری نمایشی تایبەتی خودی خۆی بێت» «٩» . واتە شوێنگەلێک لەدونیای ئەمڕۆی ئێمەدا، دونیای شارستانییەت و شارەگەورەکان و فەزا کراوەکانی جیهانی مۆدێرندا سەوزبووە، خەڵکان بۆ تەماشاکردن دەچنە ئەوێ، بەڵام تەماشای چی؟ تەماشای یەکدی، تەماشای نمایشێک کە هەر خۆیان ئەکتەرەکانینی. ئەمجۆرە شوێنانە شوێنگەن بۆ تێپەڕین، بۆ پیاڕۆیشتن، بۆ تەماشاکردنی بێدەنگی یەکتر. شوێنگە نین بۆ ئەوەی لە یادەوەریدا بمێننەوە، بۆ ئەوە نین ببنە بەشێکی جەوهەری لە مێژووی فەردەکان. ئەمجۆرە شوێنە بێمێژوو و بێشوناسانە لە زیادبوونێکی بێشومارو شێرپەنجەییدان، بە ئەندازەیەک فەردی ناو دونیای ئەمڕۆ بەشێکی زۆری ژیانی لەو جۆرە شوێنانەدا دەباتە سەر. ئاوگە دەڵێت «جیهانێک لەدایکبوون و مەرگی نەفی خەستەخانەکان کردووە، جیهانێک ژمارەی «تێپەڕجێکان ـ Transräume» و سەرقاڵییە

کاتییەکان، بە هۆی هەلومەرجی کەیف و سەفاو کەشخەییەوە یان بەهۆی ناڵەباربوون و سەختییەوە لە زیادبوونێکی گەورەدان (زنجیرە ئوتێلەکان، خەوگەکاتییەکان، گوندەکانی گەشتوگوزار، کەمپی پەناهەندان، گەڕەکی تەنەکەی هەژاران، کە بۆ ڕوخان یان بۆ گەشەوگەورەبوون دیاریکراون) دونیایەک کە لە ناوخۆیدا تۆڕێکی ناوخۆیی چڕی بۆ هاتوچۆکردن گەشەپێداوە، بەڵام ئەو شوێنانە لەهەمانکاتدا وەک نیشتەجێی گەڕۆک وەهان...» «١٠» ئاوگە ئەمجۆرە شوێنانە کە دونیای مۆدێرنیان چنیوەو مرۆڤەکان پیادەڕۆن و بە کاتی تیا نیشتەجێدەبن، بە ناشوێن ناودەنێت، شوێنگەلێک کە نە خۆیان نە ڕێبوارو ڕاگوزەرانی ناویان شوناسێکی دیاریکراویان نییە، شوێنگەلێکن تەنیایی مرۆڤی هاوچەرخ قووڵتردەکەنەوە. وێستگەی شەمەندەفەرەکان، گەراجەکان، ئوتێلەکانی گەشتوگوزار، ناو پاس و ماشێنەکان، فرۆکەخانەکان، سەیرانگاکان، شوێنەکانی ڕابواردن، پەیوەندیکردن لە ڕێگای نێتەوە، هەموو ئەو فەزا تایبەتیانە لەوەدا یەکدەگرنەوە کە دونیایەکی کاتی و خێراو ڕاگوزەر بۆ مرۆڤی نوێ دەخولقێنن و جۆرە جێگایەک دروستدەکەن جیاواز لەو جێگایانەی دونیای کلاسیک پێشکەشکیدەکرد. مارک ئاوگە جیاوازی شوێن و ناشوێن لەوەدا دەبینێت «شوێن» پەیوەندییەکی پۆزێتف و شوناسچێنی لەگەڵ کاراکتەر و هوشیارییدا هەیە، شوێن ئەو جێگایەیە کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی تیاگەشەدەکات و ناشوێن شوێنێکە تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تیا ونە. شوێنێکە کەسانگەلێکی زۆر لە بەر ڕستێک هۆی جیاواز ناتوانن بچنە ناوی، یان بە ئازادی بچنە ناوی، یان تەنیا لەژێر چاوەدێری سیستمێکی توندوتیژی هەڵسوکەوت و بەپێی سیستمێکی دیاریکراوی ڕەفتار دەچنەناوی و دێنەدەرێ. بۆ نمونە: دابەشکردنی فەزای قوتابخانە، بەسەر چەند جێگایەکدا کە تیایدا قوتابیان بۆیان نییە بەئاسانی هەندێ دەرگابکەنەوەو پێ لە شوێنگەلێک دانێن کە بۆ دەستەی مامۆستایان دانراون، بە نمونەیەکی باشی ئەوجۆرە دابەشبوونەی شوێن و ناشوێن دادەنرێت. وەک دەبینین بەم مانایانە ناشوێن مانایەکی نێگەتیفی هەیە، ناشوێن مۆتەکەیەکە کەدەرەنجامی یارییەکانی مۆدێرنەیە، مۆتەکەیەکە مرۆڤەکان تیایدا زۆر ناڕەحەت نین، چونکە خودی ئەو ناشوێنانە بەجۆرێ داڕێژراون گەلەک لە ویستە فەنتازییەکانی مرۆڤ تێردەکەن، بە ئەندازەیەک دەکرێت بگووترێت ئەمجۆرە ناشوێنانە پتر وەزیفەی دواندنی فەنتازیایان هەیە نەوەک وەزیفەی تێرکردنی ویستە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ. ناشوێن فەزایەکە پەیوەندی کۆمەڵایەتی تیا لە نزمترین ئاستدایە، لای مارک ئاوگە ئەمجۆرە فەزا تازانە پتر لە ڕێگای ماشێنی کۆمپیوتەری و کارتی ئەلەکترۆنی و کەرەستەی تەکنیکی باڵاوە دابەشکراون، لە فرۆکەخانەکان و بازاڕەکان و شوێنە گشتییەکاندا هێندەی مرۆڤ پێویستی بە کارتی بانک و

شوناسنامە ئەلەکترۆنییەکان هەیە، پێویستی بە هیچی تر نییە، ئەو کارتانە بۆت دیاریدەکەن تۆ بچیتە کوێ و چی بکڕیت و چی بکەیت، لە جۆرە فەزایەکی وادا پەیوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوە دەگاتە نزمترین ئاست، تۆڕێک پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەرهەمدێت جیاوازە لەهەر جۆرە پەیوەندییەکی دی کە لە مێژووی کۆمەڵایەتییدا بینراوە، هەر لێرەشەوەیە مارک ئاوگە باس لە پێویستی جۆرە ئەنترۆپۆلۆژیایەکی تر دەکات، ئەنترۆپۆلۆژیایەک شوێنەکان تیایدا شوناس و مێژووی جارانیان نییە و هەمان پەیوەستی عاتیفییان لەگەڵدا نابەسترێت.

گەر تەماشای ئەمجۆرە سەیرکردنەی مارک ئاوگە بکەین بۆ ناشوێن و بەراوردیبکەین بەو سەرەنجانەی سەرەوە کە لەسەر پەیوەندی کۆچبەر بە غوربەتی خۆیەوە باسمکردن، دەتوانین بگەینە کۆمەڵێک دەرەنجام کە بەو جۆرە کورتیاندەکەمەوە.

ناشوێن لە پێناسەی مارک ئاوگەدا جێگەیەکە پەیوەندی بە ستراکتوری کۆمەڵگای بانمۆدێرنەوە هەیە، ئەو شوێنە زۆرو جیاوازانەیە کە بەردەوام لە زیادبووندان و مرۆڤەکان بڕێکی درێژی ژیانیانی تیادەبەنە سەر، لە هەمان کاتیشدا شوێنی ڕاستەقینەو فەزای ئازاد نین بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی مرۆڤانەی ئاسان و هاوسەنگ. بەپێی ئەم پێناسەیە هەموو مرۆڤێکی نوێ، بەتایبەت ئەوانەی لە کۆمەڵگا تەکنۆلۆژییە تازەکاندا دەژین بڕێکی ژیانیان لە ناشوێندا دەژین. ئەم ناشوێنە ئەزموونێکی مرۆڤانەی گشتییە، پەیوەندی بە سروشتی بزۆکی ژیانی هاوچەرخەوە هەیە، ژیانێک گەڕان و گواستنەوەو هاتوچۆ سروشتێکی ئاسایی و جەوهەرییەتی. واتە ئەم ناشوێنە خسوسییەتێکی تیا نییە تایبەت بێت بە ژیانی کۆچبەر، تایبەت بێت بە مەنفاو دابڕان و تاراوگەبوون. ناشوێن لە ژیانی کۆچبەردا مانایەک و چەمکێک و وەزیفەیەکی تری هەیە، ناشوێنی ناو ژیانی کۆچبەر وەک ناشوێن لە دیدی مارک ئاوگەوە دابەشبوونێکی جوگرافی ڕووت نییە، بەشکردنێکی نەخشەنشین نییە بتوانین شوێنەکان بەپێی دابەشبوون  یان بەپێی ناویان لەسەر نەخشە وەک شوێن یان ناشوێن جیابکەینەوە، ناشوێن لە دونیای کۆچبەردا ستراکتورێکی ئاڵۆزو بونیادێکی فرەچین و پێکهاتێکی فرەلۆچە کە لە ئیشکردنی پێکەوەیی و ماناداری گەلەک ماناو دیاردە دروستدەبێت کە بە کۆ وەزیفەیەک ئەنجامدەدەن، کەوەزیفەی نەفیکردنەوەی مەنفایە، وەزیفەی دروستکردنەوەی ژینگەیەکی دەستکردە بۆ خولقاندنی فەزایەکی دۆستانەترو گونجاوتر بۆ  کۆچبەر بە جۆرێک هەڕەشە گەورەکانی مەنفاو برینە نەرسیسییەکانی لە یادبکات و بتوانێت بە کەمێک حورمەتەوە بۆ خودی خۆی بژی. کۆچبەر لە خۆرئاوا لەبەرئەوەی کەمترین و تەسکترین و بچوکترین بواری لە بەردەستدایە بۆ دەستکاریکردنی دونیای خۆرئاوا، لە بەرئەوە دەکەوێتە دارشتنی

ئەندازەیەکی تر بۆ ژیانی خۆی بە جۆرێک بتوانێت لە خۆرئاوادا بژی، بێئەوەی خۆی لە ئاوێنەکانی خۆرئاوادا ببینێتەوە، بێئەوەی سەیری وێنەی خۆی بکات بەو چەشنەی کە لە چاوانی ئەوانی دییەوە دیارە، ناشوێنی پەناهەندە خۆدزینەوەیەکی بەردەوامە لەو وێنەیەی کە خۆرئاوا بۆ کۆچبەری دروستدەکات، ڕاکردنە لەو شوێن و هەڵوێست و گفتوگۆو کارانەی ئەو وێنەیە دەسەلمێنن یان زەقیدەکەنەوە. ئەمجۆرە لە ناشوێن لە هەموو فەزای مەنفاو لە کۆی ژیانی غوربەت دادەتاشرێت، پەیوەندییەکی بە شوێنە تێپەڕەکانەوە نییە، پەیوەندییەکی بە دابەشبوونی ستراکتوری ناوەکی کۆمەڵگا نوێکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە بەراورد و یادەوەری و ترس و ویستە نهێنی و شاردراوەکانی کۆچبەرەوە هەیە. ناشوێنی کۆچبەر بریتییە لە هەوڵێکی مەزن بۆ شکاندن و پەکخستنی ئەو یاساو ڕێساو شێوە ژیانەی کە کۆی خۆرئاوا وەک فەزایەکی یەکگرتوو دروستیدەکات. دابەشکردنەکەی مارک ئاوگە بریتییە لە شکاندنی ئەو یەکێتییە ناوەکییەی چەمکی شوێن لە خۆرئاوادا بە خۆیەوە دەبینێت. بەڵام بۆ کۆچبەر شوێن و ناشوێنەکانی خۆرئاوا وەک یەکن، خۆرئاوا وەک شوێنگەیەک بۆ کۆمەڵێک نیشانەو ڕەفتارو مانا زۆرجار لە هەموو گۆشەکانییەوە یەک سیستمی دەلالەت و یەک شێوە ئاماژەڕێژی و یەک چەپکە نیشانە دەبەخشێت کە بە ڕێگای جیاواز جیاواز دەچنەوە سەر هەمان مانا. واتە لێرەدا قسە لە دیاردەیەک دەکەم کە کۆی ژیانی خۆرئاوا بە یەکگرتوویی بەرابەر جۆرە ژیانێکی دی ڕادەگرێت، ژیانێک هەوڵدەدات کاریگەری خۆرئاوا و هێزی ڕاکێشان و هێزی نوقمکردنی تا دوا ئەندازە بچوکبکاتەوە. ناشوێن لەم وتارەدا بریتی نییە لە شوێنی بێکاراکتەر بەرابەر شوێنی پڕکاراکتەر، وەک لای مارک ئاوگە بینیمان، بە پێچەوانەوە، بریتییە لە جیاکردنەوەی شوێنی کۆچبەر، بەرابەر شوێنی خاوەنماڵ. هەر یەک لەم دوو ناشوێنە هەڵگری ڕەهەندێکی ناواقیعی و ئەفسونسازن، بەڵام دەبێت بڵێم ئەم زاراوەیەی ئاوگە لە گفتوگۆکانی ئەوڕۆدا هەندێکجار هاوواتا، هەندێکجار دژ بە یەکێک لە زاراوە گرنگەکانی فۆکۆ سەیردەکرێت، کە ئەویش زاراوەی «هیترۆتۆبیا ـ Heterotopien » یە کە لای فۆکۆ وەک زاراوەیەکی تایبەت بەرابەر «یۆتۆپیا» بەکاردەهێنرێت. یۆتۆپیا لای فۆکۆ «جێگیرییە بەبێ جێگا»، یۆتۆپیا ئەگەرچی بەدەرنییە لە فیکرەی شوێن، بەڵام ئاماژە بۆ شوێنگەیەکی ڕاستەقینە ناکات، بوونێکی واقعیشی نییە لەسەر زەوی، «دژەپلان» یان « کەماڵسازی Perfektionierung» کۆمەڵگایە، واتە وێنەیەکە پێچەوانەی وێنەی کۆمەڵگا، یان تەواوکردنی ئەو وێنەیەی کۆمەڵگایە کە هەیەو بڵندکردنەوەیەتی بۆ ئاستی کەماڵ. بەڵام هیترۆتۆبیا «یۆتۆپیایەکی بە واقیعیکراوە»، واتە شوێنێکی هەیەو جێگرە لە جێگادا، سیستمە ناوەکییەکەی هاووێنەی «پرنسیپەکانی ڕێکخستن Ordnungsprinzip»ی کۆمەڵگایە، یان بە

پێچەوانەوە پرنسیپەکانی ڕێکخستن لە ناو هیترۆتۆبیادا، دژە وێنەی ئەو نارێکییەن کە لە ناو کۆمەڵگادا هەیە، واتە هیترۆتۆبیا هاووێنە یان دژەوێنەی کۆمەڵگایە. بەڵام بەوەدا بەڕای فۆکۆ کۆمەڵگا تەنیا لەسەر مۆدێلی یەک شێوە «میتا ستراکتور» خۆی دانارێژێت، بەوەدا کاریگەرەکانی هێز فرەسەرچاوەو جەمسەرە، لێرەوە هیترۆتۆبیاش، دەبێتە جێگای یەکدی برینی ئەو هێزانە. فۆکۆ «شوێنگەی حەسانەوەکان، بەندیخانەکان، شوێنی چارەسەرییە دەروونییەکان، خانەی پیران، گۆڕستان، مۆزەخانەکان، کتێبخانەکان» بە نمونەی هیترۆتۆبیا دەزانێت . لای فۆکۆ هیترۆتۆبیاکان سیستمێکی تایبەتی کرانەوەو داخرانیان هەیە، نەئەوەیە کراوەبن، نەئەوەیە لە داخرانیشدا توندو حەرامگیربن، بەڵام مرۆڤ دەبێت شتێکی هەبێت، ئەوسا بچێتە ناویان، وەک ئەوەی شوناسنامەی نیشانبدات یان مۆڵەت و ڕوخسەتی تایبەتی هەبێت. جیاوازی نێوان ئەم شوێنە لەگەڵ ناشوێنی ئاوگەدا، تەنیا لەودا نییە کە ناشوێنی ئاوگە جێگایەکە بێ مێژوو و بێ شوناس، بەڵکو ئەوەشە لای ئاوگە ناشوێن وەک مۆتەکەو ڕەشەخەون تەماشادەکرێت کە تەنیای مرۆڤەکان و نامۆبوونیان لەیەکتر گەورەدەکات، لەکاتێکدا هیترۆتۆبیا لای فۆکۆ لە دونیای خەون بەدوورنییە. «١١» . وەک دەبینین فۆکۆ چەمکی هێترۆتۆبیا بە چەمکێک دەزانێت کە پابەندی هەوڵی بەواقیعیکردنی یۆتۆپیایە، چەمکی گۆڕینی یۆتۆپیا لە ناشوێنێکەوە کە نییەو لە واقیعدا نادۆزرێتەوە بۆ شوێنگەلێک کە سیفەتی یۆتۆپییان هەبێت و ئامادەشبن. بەڵام ناشوێن لە ژیانی کۆچبەردا نزیکییەکی کەمی لەگەڵ یۆتۆپیادا هەیە. ناشوێن ئامادەکردنەوەی نیشتیمانە، دواندنی نیشتیمانە، خۆگەمارۆدانە بە سیستمێکی ئاماژەیی کە یادی نیشتیمان زیندوو ڕادەگرێت، نەوەک ئامادەکردنی یۆتۆپیایەکی کۆمەڵایەتی بێت. دیارە دەڵێم پەیوەندییەکی کەمی بە یۆتۆپیاوە هەیە، واتە ڕەگەزێکی یۆتۆپی لە ناشوێنی کۆچبەردا هەر ئامادەیە، بەڵام ئەم ڕەهەندە یۆتۆپییە لەوەوە نەهاتووە، شوێنگەلێکی نائامادەو خەیاڵی بکاتە شوێنگەلی ڕاست و واقعی، بەڵکو لە کۆکردنەوەی شوێنە جیاوازەکانەوە هاتووە، ناشوێنی کۆچبەر گەر لە یۆتۆپیا بچێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە لەو یۆتۆپیایە ناچێت کە لە کولتووری فیکری خۆرئاوایدا پێی ڕاهاتووین، بەڵکو لە یۆتۆپیایەک دەچێت ژیانی کۆچبەر دروستیکردووە، ئەو شوێنەی کۆچبەر بۆی دەگەڕێت، لەوەدا یۆتۆپییە کە کۆکردنەوەی شوێنە جیاوازەکان و سەردەمە جیاوازەکان و ژینگە جیاوازەکانە لەیەک یەکەدا. ناشوێنی کۆچبەر پردی بەستنەوەی دونیا واقیعییەکانە لەگەڵ یەکدا، نەوەک پردی بەستنەوەی شوێنە خەیاڵییەکان و شوێنە ڕاستەقینەکان. بەم مانایە ناشوێن هەڵکۆڵینی ڕەهەندێکی دیکەیە لە ناو شوێندا، کۆچبەر ناچێتە پچڕان و دابڕانەوە لە شوێنی نامۆو لە زەمینی تاراوگە، ئەو هەمیشە لە تاراوگەدا دەمێنێتەوە، هەمیشە

ئاگاداره كه له تاراوگەیه، دڵنیایه كه لەڕووی فیزیكییەوه له تاراوگه زیاتر پارچه زەوییەكی تری نییه بۆ ژیان، بەڵام دەشزانێت ئەوێ تاكه شوێنێكه بتوانێت شتێكی دیكەی لێدروستبكات، تاكه شوێنێكه دەتوانێت له ناویدا فەنتازیاكانی خۆی ئازادبكات، فەنتازیای ژیانێكی دیكەو شوێنێكی دیكه. ناشوێن له ژیانی كۆچبەردا زەمینی ساردی پەیوەندییه كۆمەڵایەتییەكان نییه، وەک ئاوگه بۆیدەچێت، بەڵكو زەمینی گەرمی پەیوەندییه ونەكانه، زەمینی بوژاندنەوەو ژیاندنەوەی بەشه سڕو كپەكانی یادەوەرییه، گەڕانەوەیەكی بەردەوامه بەرەو گەرمی و بڕوا به خۆبوون، ناشوێن لەوەدا لەگەڵ یۆتۆپیادا یەكدەگرێتەوه كه عەوداڵییەكی بەردەوامه بۆ ئەستەم، بۆ نەكرده، بۆ گونجانێكی نەشیاوو نەبینراو، گونجاندنی شوێنه جیاوازەكان، كاته جیاوازەكان، یادوەرییه جیاوازەكان.

دیاره فۆكۆش هیترۆتۆپیا وەک ئەو شوێنه تەماشادەكات، كه كۆمەڵێک شوێن پێكەوه دەلكێنێت كه له ڕاستیدا پێكەوەنالكێن، بەڵام هیترۆتۆپیای بەرهەمی كاری كۆمەڵگایه، ئەوەی ئەمجۆره جێگایانه دەخولقێنێت، ئەو میتاستراكتورانەیه كه له ناوەوەڕا كۆمەڵگا جڵەودەكەن، ئیشكردنه به ئاقار یان دژی پرەنسیپەكانی ڕێكخستنی كۆمەڵایەتی، بەڵام ناشوێنی كۆچبەر فەنتازیای دەستەیەكی دابڕاوه له هەموو كۆمەڵگاكان، كورتناكرێته بۆ فەزایەک و شوێنێكی واقیعی لەسەر نەخشه، شوێنی گەوره دروستناكات و مەیلی له بچوكییه، هۆیەكی بونیادنانەوەی خودێكی تێكشكاوه بۆ خۆی، ڕێگای خۆدزینەوەیه له جۆره كۆنتاكتێک و ڕێگاخۆشكردنه بۆ جۆره پەیوەندییەكی دی، ئەو وەسفه ڕەهایانەی بەسەردا ناچەسپێت كه هەریەک له زاراوەی ناشوێنی مارک ئاوگەو هیترۆتۆبیای فۆكۆی پێدەناسرێتەوه. ناشوێن له ژیانی كۆچبەردا دیاردەیەكی ئاڵۆزترو بزۆكتره، هەندێجار له شێوەی شوێنێكی واقیعیدا دەیبینین، وەک «ماڵ»، هەندێجاریش له شێوەی دەركەوتەیەكی سایكۆلۆژی ڕووتدا دەیبینین وەک «ترس له جنس». له كاتێكدا ناشوێنی مارک ئاوگەو هیترۆتۆبیای فۆكۆ له هیچ دۆخێكدا دەركەوتەی دۆخی سایكۆلۆژی فەردەكان نین. ناشوێنی كۆچبەر زۆربەی ڕەگەزەكانی ژیان دەخاته ژێر ڕكێفی خۆیەوه، دەسەڵاتێكی سەرتاسەری و تۆتالیتارو پۆڵینكەری هەیه، كه شتەكان دابەش و بەشبەشدەكات. كۆچبەر له هەر شوێنێكدا بێت، هەر له ناشوێندایه، له ماڵ بێت، یان له سەركار، لەگەڵ دۆسته ئەوروپییەكانیدا بێت یان لەگەڵ دۆسته كوردەكانیدا، له تاراوگه بێت یان له نیشتیمان ئەو هەر له ناشوێندایه، دەسەڵاتی ناشوێن، دەسەڵاتێكی ڕەهاو تۆتالیتارو فرەسەره، له كاتێكدا ناشوێنی مارک ئاوگه و هیترۆتۆبیای فۆكۆ بەپێچەوانەوه شوێنگەلێكن مرۆڤ دەچێته ناویان و دێتەدەرێ، ڕۆژانه هەندێک كاتیان تیادەباتەسەر و

دەگەڕێتەوە بۆ شوێنە ئاساییەکان، ئەمەش لەزەت و خۆشبەختییەکە کە کۆچبەر لە ناشوێنی خۆیدا بە خۆیەوە نابینێت.

ناشوێن جێگایەک نییە پەنابەر تێیکەوتبێت، جێگایەک نییە ئامادەبێت و ئەو پیابڕوات، بەرهەمی ڕاستەوخۆی بانمۆدێرنە نییە، شوێنێک نییە لەو شوێنە زۆرانەی لە کتێبەکەی مارک ئاوگەدا «مستەر دۆپۆنت» پیادەڕوات، ناشوێن بە پێچەوانەوە جێگایەکە دروستدەکرێت، کۆچبەر بە زۆرەملییەکی گەورە دەیتاشێت، بەرهەمی ڕاستەخۆی ئیش و خەیاڵ و فەنتازیاکانی خۆیەتی، سیستمێکی دابەشکردنەوەی ناوو ماناو دەلالەتە کە لە ڕێگایەوە کۆچبەر جۆرە شانۆیەکی تر سازدەکات و ژیان وەک نمایشێکی دی یاریدەکات، جیاواز لەو نمایشە ئاساییەی کە خۆرئاوا لەسەر سەحنەی خۆی دەیگێڕێت. لێرەوە دەبێت خوێنەر ئاگاداربکەمەوە کە مانای ناشوێن لەم دیدەوە بەرهەمی میکانیزمە ناوەکییەکانی ناو دەرون و دیدی کۆچبەرە، بەرهەمی دروستکردنی هاوسەنگییەکی قورسی ناوەکی خودی ئەو ژیانەیە، نەوەک پێناسەیەکی ئەنترۆپۆلۆژی گشتی کە لە شوێنی دیکەوە گوزرابێتەوە. ناشوێن بریتییە لە میعمارێکی تایبەت، لە بیناسازییەک لە کۆمەڵێک ڕەگەزو تێکەڵکردن و وەزیفەبەخشین و مانابەخشین، کورتناکرێتەوە بۆ سەر یەک پێناسەو یەک دیاردە، بەڵکو بریتییە لە کۆنسێرتێکی هاوبەش کە هەر جارەی تیایدا کۆمەڵێک کەرەستەی مۆسیقی دەژەنن، لە کاتی کۆنسێرتەکەدا هەندێ مۆسیقار دەڕۆن و هەندێکی دیکە دێن، بەڵام هەرگیز ئۆکستراکە لە ژەنین ناکەوێت، بەجۆرێک ئێمە زۆر جار هەست بەگۆڕینی مۆسیقاو مۆسیقییەکان ناکەین، واتە دروستکردنی ناشوێن پرۆسەیەکی بەردەوامە لەهەر ساتێکی ژیان و لە هەر شوێنێکدا ژیان لەسەر گۆشەیەک ڕادەگرێت و نیگامان بە جۆرێک ئاڕاستەدەکات دوورماننەخاتەوە لەو خودە ئامادەو شوناسگیرەی لە نیشتیمانەوە لەگەڵ خۆمان هێناومانە، بەجۆرێک هەست بە پچڕان نەکەین لە نێوان ئێستاو دوێنێ، ئێستاو سبەینێدا... ناشوێن هەوڵێکی نەپساوی ژەنینی یەک ئاوازە لەسەر کۆی سەرزەمینە جیاوازەکان، ئاوازێک کەدەرونی کۆچبەر تەنیا بە نەغمەکانی ئەو دەجۆشێت، لەشی تەنیا بە سروودی ئەو دەبزوێت.

### هەندێک دەرەنجامی گشتی

بەر لەوەی بێمە سەرستراکتوری ناشوێن و کۆڵەکە گەورەکانی حەزدەکەم هەموو ئەو شتانەی کە بە شێوەیەکی پەرتەوازە گووتراوە لە چەند خاڵێکدا بەمەبەستی کۆکردنەوەو کۆنکرێتکردن دووبارە بکەمەوە.

١. ناشوێن پنتێک نییە لەسەر نەخشە، بەڵکو پنتێکە لە ناو ستراکتوری ژیان و شێوەی ژیان و بیرکردنەوەو خەیاڵکردندا.

٢. ناشوێن ئەو خاڵەیە کە بوار بە کۆچبەردەدات فەنتازیاکانی بخاتەگەڕ، بواری پێدەدات فەنتازیای جێگای تر و شێوەی تری ژیان بکات. بەشێکە لە سیستمی ڕاکردن و داننەنان بە غوربەتدا.

٣. ناشوێن پنتێکە کۆچبەر تیایدا خۆی لە هەردوو جیهانەکە دەشارێتەوە، واتە ناشوێن پەناگایەکە تیایدا میکانیزمێکی قورسی ئامادەکردن و خۆلادان لە هەردوو جیهانەکە بەرقەرارە. ڕاستە کۆچبەر خۆی وا نیشاندەدات کە ئەو بەردەوام دەستی بە ڕەمزە نیشتیمانی و کولتوورییەکانییەوەیەتی، بەڵام خودی ئەو ڕەمزانەو وەزیفەیان لە ژیانی کۆچبەردا پتر بۆ ئامادەکردنی «وێنەی نیشتیمان»ـەو زیاتر بۆ مەبەستی خۆلادانە لە «حەقیقەتی نیشتیمان». ناشوێن پاراستنی بوونی جەستەیی و فیزیکیانەی کۆچبەرە لە خۆرئاواو کەمکردنەوەی نرخی ئامادەگی جەستەیی و فیزیکییە لە نیشتیمان، لە هەمانکاتدا بەرزکردنەوەیەکی مەجازی و ڕەمزیی ئینتیما نەتەوەییەکانە، بەرابەر نزمکردنەوەیەکی ڕەمزیی بۆ خۆرئاوا.

٤. ناشوێن جێگایەکە کۆچبەر هەوڵدەدات تیایدا خەونی ئەوەی لێرەش بێت و لەوێش بێت کۆبکاتەوە، مادام ناشوێن خۆی جێگایەکی دەستنیشانکراو نییە، کەواتە دەشێت ئەو مەحاڵە بهێنێتە دی کە جەوهەریترین مەحاڵی ناو ژیانی کۆچبەرە، مەحاڵی کۆکردنەوەی هەردوو جیهانەکە، مەحاڵی لە یەکدانی هەموو جەمسەرەکان، دروستکردنی نیشتیمانێک لێرەش بچێت و لەوێش. مەملەکەتێک ئێرەیەو ئێرەش نییە، ئەوێیەو ئەوێش نییە. کەدرەنجامەکەی ئەوەیە مەخلوقێک دروستدەکات، نە کوڕی ئێرەیەو نە کوڕی ئەوێیە.

٥. دوای ئەوەی کۆچ وەک دیاردە دەبێتە مایەی شکاندن و جێهێشتنی گووتاری مانەوە، ناشوێن گەڕانەوەیە بۆ ئیشکردن بە سروشتە سادەکانی ئەو گووتارە. ناشوێن زۆرجار لە ناوەڕۆکدا دەبێتە بەرگرییەکی سەرەتایی لە کوردبوون.

٦ـ لە پاڵ ئەو سیفەتانەی سەرەوەدا، ناشوێن ترسێکی گەورەیە لە دەرکەوتنی شتی نوێ، مەیلێکی قووڵە بۆدروستکردنەوەو هێنانەوەو چەقاندنەوەی شتەکانی دی، ئەو شتانەی ترسی نەمان و فەوتانمان لێیان هەیە. ژیانی کۆچبەر شوێنی دەرکەوتن و سەرهەڵدانەوەی کۆی شتە بەباچووەکانە، لە کاتێکدا لە نیشتیمان خەڵکانێک ئارەزووی شتی نوێ دەکەن و لاساییکردنەوەی خۆرئاوا وەک جۆرە مۆدەو ئیدیالێک سەیردەکرێت، لە تاراوگە زیندووکردنەوەی شتەزۆر دێرینەکان دەبێتە بابەت، تاراوگە ئەو قسەیەی بۆدریلاردمان وەیادا دەهێنێتەوە کە دەڵێت «مرۆ دەبێت ئەو ڕاستییە بسەلمێنێت، کە هەمووشتەکان قابیلی ئەوەن

دووبارە سەردەربهێننەوە، نەشکست و نائامادە بۆ فەوتان. هەتا لە ئاگردانی دواچارەشدا هەموو شتەکان لەویان و ئامادەن دووبارە سەرئاوبکەونەوە»«١٢». کۆچ لەو ئاگردانە دەچێت کە مرۆڤ شتەکانی بۆتوڕداوە تا بسوتێت، بەڵام هەموو ئەو شتانە دیسان هەر لەوێن و دەشێت دووبارە سەردەربهێننەوە. ڕاکردنی کۆچبەر لە هەموو شتێکی نوێ بەجۆرێک ترسناکە، مەترسی ئەوە دەخاتەوە تاراوگە ببێتە شوێنی ئەو کۆنسێرتە تاریکانەی لەسەر ستایشی ڕابوردوو دەژین.

٧ـ ناشوێن بریتییە لە وەرگێڕانی شوێن بەجۆرێک ڕۆڵی ئەو ئاوێنەیە ببینێت کە سیما گونجاوو قەبووڵکراوەکانی کۆچبەر نیشانی خۆی و نیشتیمان دەدا. هەوڵی کەسێکە شوێن وا لێبکات، خۆئەڤینی خۆی زامدارنەکات. لێرەوە توند بەو خواستە لیبیدۆییەوە بەستراوە کە کۆچبەر ئاڕستەی خۆی دەکاتەوەو لە ڕێگاشیەوە هەوڵدەدات شوێنێک بۆ خۆی دروستبکات، وێنەیەکی دزیۆی ئەو نیشاننەداتەوە.

### لە ڕەهەندە بینراوو نەبینراوەکانی ناشوێن

#### ماڵی کۆچبەر وەک بەشێکی گرنگی ناشوێن

ماڵ گەنجینەیەکی گەورەی نهێنییە تایبەتییەکانی مرۆڤە، لەو دیو دەرگای ماڵەوە هێزەکانی دونیای دەرەوە کەمێک لاوازدەبن و مرۆڤ دەتوانێت کەمێک لە ئازادی زەوتکراوی خۆی بدۆزێتەوە، ماڵ لای کۆچبەر هەمان ماناو دەلالەتی نییە وەک ئەوەی لەلای خانەخوێ هەیەتی. ماڵی خانەخوێ پەیوەندییەکی توندترو کراوەتری لەگەڵ دەرەوەدا هەیە، هاوڵاتی ئاسایی وەک کۆچبەر سەیری وەزیفەو مانای ماڵ ناکات، یاساو ڕێساو دەستوورەکانی دەرەوە بەشێوەی جۆراوجۆر دەگەڕێنەوە بۆ ناو ماڵ، لە دۆخی ئاساییدا دیواری ماڵ سنووری نێوان دوو جیهان لەیەکتر جیاناکاتەوە، زۆر شتی هاوبەش و زۆر هێڵی پەیوەندی پتەو جیهانی ناوەوەی ماڵ بەدەرەوە گرێدەدات، بەڵام دیواری ماڵی کۆچبەر سنووری ئەستووری نێوان دوو جیهان جیادەکاتەوە. ماڵ لای کۆچبەر نرخێکی ئەفسانەیی هەیە، شوێنێکە دەتوانێت جیهانی خۆی لە دەرەوە جیابکاتەوە، لەویادا بۆی هەیە دان بە حەقیقەتی مەنفادا نەنێت ، لەویادا گەمەی ڕاستەقینەی خۆی دەکات، گەمەی ئەوەی لە هەموو شوێنەکان بێت و لە هیچ شوێنێکیش نەبێت، گەمەی دەرکردنی ڕەمزی و ئامادەکردنی ڕەمزی. دەرکردنی ڕەمزی خۆرئاواو نیگاکانی، دروستکردنی دیوارێکی ئاسنین لە نێوان چاوی خۆرئاواو ژیانی ئێمەدا، هەستکردن بە ئازادی و دووری لە هەموو شتێک کە کۆچبەر بە تاراوگەوە دەبەستێتەوە.

دیواری ماڵی کۆچبەر نرخێکی تایبەتی هەیە، چونکە وەزیفەیەکی هەیە گەورەتر لە دیواری ماڵی ئاسایی، دیواری ماڵی ئاسایی ژیانی تایبەتی فەردەکان و ژیانی گشتی و کۆمەڵایەتییان لەیەکتر جیادەکاتەوە، ئەو دیوارە هەرگیز دیواری جیاکردنەوەی دوو کولتوور یان دوو مێژوو نییە، دیواری جیاکردنەوەی نێوان دوو جیهان نییە، دوو جیهان کە بەسەر شوێن و ناشوێندا دابەشبووبێتن، لەو دیو دیواری ماڵی کۆچبەرەوە جیهانێکی دی دەستپێدەکات کە درێژکراوەی دونیای دەرەوە نییە، ماڵی کۆچبەر پنتی گەورەو درەوشاوەی ناشوێنە، چونکە هەوڵێکی گەورەی خۆڕاپسکانی دونیای کۆچبەرە لە دونیای تاراوگە، لەویادا کۆچبەر شانۆیەک سازدەکات لە ڕێگایەوە جیهانی خۆی لە خۆرئاوا جیادەکاتەوە.

گەر تەماشابکەیت، لەپشت دیوارەکانی ماڵەوە، کۆچبەر دەتوانێت برینەکانی خۆی سارێژبکات، دوو برینی گەورە برینی «ڕووتی» و زامی «خۆئەڤینی». کۆچبەر کە لە ماڵی یەکەمی خۆی دێتەدەرێ و دەکەوێتە ڕێ بەرەو تاراوگە، ماوەیەکی درێژ ئەو بوونەوەرێکی ڕووتە، بوونەوەرێکی بێجێگایە، مەخلوقێکی بێسەقفە، کەسێکی بێپەنایە. زۆربەی کۆچبەرانی کورد ڕۆژگەلێکی زۆری ڕووتی و ڕەبەنی و ڕەجاڵی و بێماڵی دەچێژن. سەرەتای سەفەر سەرەتای گەورەبوونی ئاسمانەکان و کرانەوەیانە، سەرەتای پەیوەندییەکی تازەیە لەگەڵ ئاسماندا، کە دەڵێم ئاسمان مەبەستم لە گوزارەیەکی شیعریی نییە، بەڵکو مەبەستم لەو ساتەیە کە مرۆڤ سەر بەرزدەکاتەوەو بە ڕوونی تێدەگات ئەو سەقفێک لە ژوورسەرییەوە نییەو ناشزانێت کەی جۆرە سەقفێکی وا لە ژوور سەری خۆیەوە دەبینێت. ونکردنی ماڵ ومانەوەی دوورو درێژ لە شوێنە نامۆکاندا برینێکی قووڵ دروستدەکەن کە تا ماوەیەکی درێژ لە ڕۆحی هەموو کۆچبەرێکدا دەمێنێتەوە، هەندێجار گەشتی درێژی ناو کەمپەکانی خۆرئاوا ئەو برینانە قووڵتردەکەنەوە، لەو گەشتەدا کۆچبەر تووشی یەکەم ڕاچڵەکانی قووڵی خۆی دەبێت لەگەڵ شوێندا، ئەزموونی ڕووتی، ئەزموونی نەبوونی ماڵ و ڕاوەستان لە ژێر ئاسمانی شیندا ساتگەلێکی پڕ دەردی ژیانی کۆچبەرن... لەو ساتانەدا لە قووڵایی کۆچبەردا ئەو هەستە دروستدەبێت کە ئەو «بوونەوەرێکی بینراوە»... بوونەوەرێکە ناتوانێت خۆی لە دونیا بشارێتەوە. ئەم ئەزموونە تەواو جیاوازە لەو ئەزموونەی مرۆڤی کورد لەگەڵ ستراکتوری بیناو ساختمان لەکوردستان هەیەتی.

بۆئەوەی پتر لەوە تێبگەین کە من دەمەوێت چی بڵێم، دەبێت لێرەدا کەمێک لەسەر ڕەهەندی سایکۆلۆژی میعماری کوردی بوەستین. گومان لەوەدا نییە کە بیناسازی کەمتازۆر پەیوەندییەکی گرنگی بە سایکۆلۆژیای دەستەجەمعییەوە هەیە، سروشتی بیناسازی ئاوێنەی

خەون و ترس و ویستەکانیشە. خانووی گوندی کوردی پتر شوێنگەیەکی تەسک و تاریکە، پەنجەرەکان بە ئەندازەیەکی سەیر بچوکن، دەرگاکانیش هەندێکجار بەئەندازەیەکی سەیر نزم و تەنگەبەرن، بەگشتیش تاریکی بەشێکە لە سیفەتەکانی خانووی گوندنشینی کوردی. لە بیناسازی ناو شاریشدا گەرچی ڕەگەزو ئەندازەو دیکۆری ئەو بیناسازییە کەمێک مۆدێرن و لە ژێرکاریگەری نەخشەسازی دەرەوەدا گەشەیکردووە، بەڵام سەربەخۆیی و خۆ جیاکردنەوەیەکی سەیر بە ماڵی ناو شارەکانی ئێمەوە دیارە، دیواری ماڵی کورد بەرزو دەرگاکانی بێدەلاقەن، قایمی و خۆپارێزییەک و نهێنیپارێزییەک لە کۆی شێوەی داڕشتنی بیناکاندا هەیە، ئەگەر ڕووبەرێکی ئازادیش بۆ حەوشەکان دروستکرابێت، ئەوا ئەو کرانەوەو بەرچاوییە زوو بەر کۆمەڵێک پەنجەرەی داخراووو داپۆشراو دەکەون. گەر چیمەن و باغی ناو ماڵ کەمێک کراوەو بینراو بن، بەرابەر بەوە ژوورەکانی ناوەوە هەمیشە بە ڕیزێک پەردەو دەرگای ئاسن و ڕاڕەوی کورت و درێژ لەیەکتر جیاکراونەتەوە، بە جۆرێک تا بەرەو ناوەوە بڕۆین بەربەستی زیاترمان دێتە ڕێگا. بە جۆرێک دەتوانین بڵێین کە ماڵی کوردی لە شوێنێک دەچێت کە پلە لە دوای پلە تایبەتیتر و حەرامتر دەبێت. ئەو حەرامە لە میعماری نوێدا پتر بەرجەستەدەبێت کاتێک ژووری نوستن، وەک شوێنێکی لێدێت بە زەحمەت پیاوانی دی بۆیان هەیە پێی تێبخەن و تەماشایبکەن.

بیناسازی کوردی تەنیا ئاوێنەی ترسی ئەم مرۆڤە نییە لە سروشت و سەرماو گەرما، بەڵکو ئاوێنەی گەڕانی ئەم مرۆڤەیە بۆ حەرامسەرایەکی تایبەتی، جیگایەک تیایدا خۆی ونبکات و ببێتە کەسێکی نەبینراو. مرۆڤی کورد بە هۆی ژیانی سەختییەوە کەسێکە پتر لەدەرەوە دەژی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تێکەڵ و کراوەن، هاتوچۆکردنی لەگەڵ دۆست و ناسیاواندا زۆر و فراوانە، بەرابەر بەوە خسوسییەتی بیناسازی کوردی شتێکی دی ئاشکرادەکات، سروشتی ئەم میعمارە ئەوە دەسەلەمێنێت ئەم مرۆڤە لە قووڵاییدا ترسێکی گەورەی لە دەرەوە هەیە، ویستێکی قووڵی هەیە بۆ خۆجیاکردنەوەی خۆی لە جیهان، ئارەزوویەکی نهێنی هەیە بۆ پەیداکردنی ڕووبەرێکی حەرام و تایبەت بە خۆی. ئایا ئەم ویست و خەونانە دێنەدی؟ خودی بیناسازی کوردی وەڵامی ئەو پرسیارە ناداتەوە، چونکە پێموایە ئەو ڕەگەزانەی کە جلەوی ئەم بیناسازییە دەکەن لە نەستەوە هەڵقووڵیون، لەدیوێکدا هەست ئەو دیوارە ئەستوورانە، ئەو پەردەو دەرگا ئاسنین و پەنجەرە شیشڕێژکراوانە بە زامنی سەرەکی و گەورەی ئەخلاق دەزانێت، خۆشی وا نیشاندەدات کە بەجۆرێکی ئەوتۆ ڕێکخراوە تەنیا ئەوانەی مەترسیان بۆسەر ئەخلاقی خێزان نییە، بۆیان هەیە بچنە ژوورەوەو ئازادانە لەناو ماڵدا بسوڕێنەوە،

بەڵام لەو دیو ئەم ترسە ئەخلاقییەوە، ترسێکی تریش هەیە، ترس لە جیهان وەک فەزایەکی کراوە، ترس لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە زۆرانەی ئابڵۆقەی ئەم مرۆڤەدەدەن، ترسە لەو چاوانەی بەنیازی تاماح یان بە دیدی سانسۆرو چاوەدێرییەوە نیگا ژێرەوانکێکانیان دەگرنە ئەو دیو دیوارو پەنجەرەو پەردەکان. سیفەتی هەرە سەرەکی میعماری کوردی ئەوەیە وەزیفەی جوانسازی و پشوونیازی تێیدا لە نزمترین و بێنرخترین ئاستدایە، بەدەگمەن ماڵی ئاسایی کوردیی وەک فەزایەکی جوان و ڕوناک و ڕازاوە کاردەکات، فەقیرییەکی بێئەندازە لە دیکۆردا، بێبایەخییەکی ترسناک بە سروشتی ڕێکخستنی فەزا لە ناوەوە، دووبارەبوونەوەیەکی ئەندازەیی گەلەک ناویست و ناپێویست، لێکچوونێکی لەڕادەبەدەر لە نێوان ژوورو ڕێکخستن و دابەشکردن و شوێنی دەرگاو پەنجەرەکاندا. هەموو ئەو ڕاستیانە بە کۆ ئەوە دەسەلمێنن کە وەزیفەی خۆشی و پشوو وەزیفەیەکی پەراوێزییە کە گەر نرخێکی هەبێت ئەوا دەکەوێتە ئەودیو وەزیفەکانی دیکەی وەک «پەردەپۆشی، خۆشاردنەوە، خۆقایمکردن، خۆپاراستن»ەوە. دیارە بەگشتی ماڵ خۆی پارێزەرو داپۆشەرە، بەڵام جیاوازی گەورە ئەوەیە، ناوەوەی ماڵی کوردیانەی ئێمە بایەخێکی گەورە بە سەرپەڕبوون و چەپەکی شوێنە گرنگەکانی ناو خۆی دەدات، لێرەوە هەر کەسێک سەیری نەخشەسازی کوردی بکات هەستدەکات میعماری کوردی ترسێک ئاشکرادەکات ڕەگەکانی قووڵ لە ناو مرۆڤی کورددا چەقیوە، ترس لە سروشتیش و لە کۆمەڵگاش.

کە کۆچبەر دێتەدەرێ و یەکەمجار بێماڵییەکی ڕاستەقینە دەچێژێت، ترسێکی گەورەش لەناو شوێنەکراوەکاندا تاقیدەکاتەوە، ماڵ لای ئەم مرۆڤە بەرابەر تفەنگی داگیرکەر، دژ بە دڵڕەقی سروشت، بۆ چاوی تەماحکاری دراوسێ و غەریبان پەناگابووە. بۆ نمونە چەندین ساڵ دەسەڵاتی بەعس ئینسانی کورد هەر لەگەڵ ئێوارەدا گەڕاوەتەوە ماڵ و دەرگاکانی خۆی قایمکردووە، ماڵ پەناگای گەورەی ئەو بووە، ئەم مرۆڤە لە نێو دیوارەکانی ماڵی خۆیدا پەناهەندەبووە. لە کیسچوونی ماڵ، لە کیسچوونی پەناگایەکی گەورەیە. هەر بۆیە بەشێک لە سیستمی تۆقاندنی مرۆڤی کورد لەلایەن بەعسەوە ئاڕاستەی ماڵ دەکرا. لێرەوە کاتێک کۆچبەر لە مەنفا نیشتەجێدەبێت دووبارە سیفەتی پەناگاهی دەبەخشێتەوە ماڵ، واتە لەپاڵ زنجیرەیەک وەزیفەو سیفەتی نوێدا، ماڵ وێنەی خەفەی ناو نەست و وێنەی خەوتووی دێرینی خۆی بەدەستدەهێنێتەوە.

لە ناو ماڵدا کۆچبەر دەتوانێت خۆی تەواو لە چاوانی خۆرئاوا ونبکات. نیگای خاوەنماڵ بۆ کۆچبەر نیگایەکی ئازاربەخشە، نیگایەکە برینداركەرە بۆ خۆئەڤینی ئەم مرۆڤە، لێرەوە ماڵ

دەبێتە ئەو شۆرینگایەی تیاییدا خۆی لە هەستە ئازاربەخشەکانی دەرەوە پاکدەکاتەوە، لەویادا دەتوانێت ئەو هەستە ڕاستەقینەیە بژی کە لە خۆرئاوا نییە، دیوارەکانی ماڵ بەتەنیا نابنە سنووری نێوان دوو کولتوور، دوو نەتەوەو دوو شێوە ژیان، بەڵکو دەبنە سنووری نێوان تاراوگەو نیشتیمان. دەبێت خوێنەر ئاگاداربێت من لێرەدا قسە لە دیوارەکانی ماڵ دەکەم، نەوەکو لە سەر ناومال. وەزیفەی دیوارەکانی ماڵ تا ئەندازەیەکی زۆرلەگەڵ وەزیفەی ناوماڵدا جیایە. دیواری ماڵی کۆچبەر وەزیفەی جیاکردنەوەو دابڕانی هەیە، ئەو وەزیفەیەی هەیە کە بە کۆچبەر بڵێت، شوێنێک هەیە لە دونیادا لەودیو دیوارەکانییەوە تۆ دەتوانیت ویست و خەونی خۆت بە کام و ئارەزووی خۆت بەرابەر بە شوێن بونیادبنێیتەوە. ئەمدیوەو دیوی دیوارەکانی ماڵ هەندێکجار وەک سنووری نێوان دیلی و ئازادیان لێدێت، نێوان واقیع و خەون، ترس و دڵنیایی. وەزیفەی دیوارەکان ئەوەیە پێمانبڵێن کە ئێمە لە خۆرئاوادا نیین، بەڵکو لە شوێنێکداین دەتوانین یاری تیابکەین، پێنانە ماڵیشەوە وەک پێنانە بۆ ناو شارێکی یاریی. گەر بە جۆرێکی دی قسەبکەم دەڵێم ئەمدیوەو دیوی دیوارەکانی ماڵی کۆچبەر، وەک جیاوازی نێوان حەقیقەت و گەمە وایە، وەک جیاوازی نێوان حەقیقەت و مەجاز وایە. لێرەشەوە جارێکی تر دەتوانم بڵێم کە جیاوازی شوێن و ناشوێن، ئەوەیە کە شوێن بە سروشتە واقیعی و کۆنکرێتی و بێدەروازەو دەربەستەکەی ناتوانێت هەڵگری ئەو ڕەهەندە ڕەمزی و کرانەوە مەجازییە بێت، پەیوەندی نێوان شوێن و شتەکانی ناوی پەیوەندییەکی قووڵ و ڕاڤەنەکراوە، شوێن سنوورێکی گەورە بۆ خوێندنەوەی بابەتەکانی ناوی دادەنێت، لە کاتێکدا ناشوێن بریتیە لە بونیادنانی فەزایەک لە هێماو نیشانەو ڕاڤەکاری، کردنەوەی دەرگای فەنتازیایە، بزواندنی وزەی خوێندنەوەیە. بەڵام چۆن؟

گەر بەراوردبکەین لە نێوان دوو پیاڵەدا، لە دوو جێگای جیاوازدا پتر ئەو ڕاستییەمان بۆدەردەکەوێت، پیاڵەیەکی چاخواردنەوە لە ماڵێکی کورددا لە نیشتیمان، لەگەڵ پیاڵەیەکی دیدا لە ماڵی کۆچبەرێکی کورد لە تاراوگە. پیاڵەی یەکەم، پیاڵەیەکی ئاساییە، جگە لە وەزیفەیی پیاڵەبوونیش و ئەو کولتوورەی پەیوەندی بە چاخواردنەوەوە هەیە هیچی تر ئاشکراناکات. پیاڵەیەکە قووڵ بەفەزای دەوروبەری خۆیەوە گرێدراوە، کەرەستەیەکە تەعبیر نییە لە هەڵبژاردن و حەز و بیرکردنەوەو ئیشکردنی یادەوەری و گەڕانی چاخۆرەکان بەدوای ڕابوردوودا، بەڵکو تەعبیرە لە مێژوویی ڕاهاتن و دووبارەبوونەوەیەکی درێژی مامەڵەکردن لەگەڵ ریتم و سروت و ریتواڵێکی کولتووریدا کە لەیەککاتدا بەشێکە لە مێژووو بەشێکیشە لە ژیانی ڕۆژانە. بەڵام پیاڵەی دووەم بریتییە لە پیاڵەیەکی دی، پیاڵەیەک وەزیفەی پیاڵەبوون ئەو ڕۆڵە گرنگە لە بوونیدا ناگێڕێت، هێندەی ئامادەکردنەوەی وێنەیەکی نۆستالژییە، هەوڵێکە بۆ

خولقاندنی فەزایەکی دی و تاشینی وێنەی شوێنێکی دی لە شوێنی تاراوگە. بریتییە لە پرۆسەیەکی ڕەمزی کە تیاییدا پیاڵە بۆتە، ئەو هێمایەی کە نیشانەی ئامادەکردنەوەی غائیبێکی بەسوێییە.

ماڵ بۆ پەناهەندە ژینگەیەکی ڕەمزییە، هێماو وێنەو فەزا دوورەکانی نیشتیمان وەک دیکۆرێکی نوێ، وەک ئینکارکردن و نەرێکردن و ناگووتنێکی بەرجەستەکراوی تاراوگە بە کەرەستە بەرجەستەدەکرێت. بەڵام دەبێت لەوە تێبگەین ماڵ تەنیا بریتی نییە لە ژینگەی ئامادەکردنەوەی نیشتیمان لە غوربەت، ماڵ سیستمێکی هەڵبژاردنە، ماڵ ناشوێنە، ناشوێنیش بریتییە لە تێکەڵاوکردنی فەزاکان، تێکەڵاوکردنی ڕوخسارو مانای شوێنەکان تا شوێنێکی ئیدیالیان لێدروستبکرێت. کۆچبەر وەک چۆن لە ناوەوەڕا نیشتیمانێکی ڕەمزی دروستدەکات، هەروەها خۆرئاوایەکی فەنتازی و خەیاڵیش دادەمەزرێنێت. ماڵ تەنیا پردی گەڕانەوە نییە بۆ کوردستان، بەڵکو پردی بەرجەستەکردنی وێنەیەکی تایبەتی خۆرئاواشە. کەسی کۆچبەر نایەوێت دیکۆرو شێوەی ژیان و تۆپۆگرافیای ڕێکخستن و سیستمی ڕەمزی ماڵ بەکۆ بخاتە ژێر ڕەحمەتی یادەوەرییەوە، دەیەوێت ئینکاری تاراوگەبوون و غوربەت بکات، لەگەڵیاندا بجەنگێت و لێیانهەڵبێت، بەڵام نایەوێت وا دەربکەوێت کە کەسێک نییە لە خۆرئاوا دەژی، نایەوێت وەک یەکێک ببینرێت کە لەزەت و دەستکەوتەکانی خۆرئاوای نەچەشتووە، نایەوێت لەو سیحرە بێبەریبێت کە هەر نیشتەجێییەکی خۆرئاوا خۆبەخۆ وەریدەگرێت و دەیداتەوەو پێیدەدرەوشێتەوە. لێرەوە ماڵ چەندە دابڕان و دوورکەوتنەوەیەکی ڕاستەقینەیە لە خۆرئاوا، هێندەش خولقاندنی جۆرە ئامادەبوونێکی تایبەتیشە لە خۆرئاوا. ئەو خۆرئاوایەی کۆچبەرانی کورد لە ناو ماڵە چکۆلەکانی خۆیاندا بەرجەستەیدەکەن، تەواو جیاوازە لەو خۆرئاوایەی لەدەرەوە هەیە، کۆچبەری کورد وەک چۆن بەشێک لە ماڵەکەی بۆ ئامادەکردنەوەی ڕەمزی نیشتیمان تەرخاندەکات، بەشەکەی دیکەشی تەرخاندەکات بۆ ئامادەکردنێکی دیکۆرئاسای خۆرئاوا. خۆرئاوا وەک کولتوور، وەک سیستمێکی فیکری، وەک ژینگەیەکی ئەخلاقی دیاریکراو ئامادەگی نییە، بەڵام وەک کۆمەڵێک ڕوخساری دەرەکی، وەک هەندێک ئەکسسوار، کۆمەڵێک دیکۆرو کەرەستەی خۆجیاکردنەوەو ڕازاندنەوە بە قورسی دەخزێتە ژیانی کۆچبەرانەوە. ئەو خۆرئاوایەی فیکرو داهێنان بەرهەمدەهێنێت لە ماڵی کۆچبەری ئێمەدا حزورێکی تەنک و نەبینراوی هەیە، ئەو خۆرئاوایەش کە کەرەستەکانی بەرخۆری بەرهەمدەهێنێت، ئەو کالاّیانە بەرهەمدەهێنێت کە مەسرەفکردنیان پێویستی بەبەگەڕخستنی عەقڵ نییە، ئامادەگییەکی خەست و ڕووبەرگری هەیە. هەندێکجار ئامادەگی ئەم کەرەستانە دەچێتەوە ناوکۆی ئەو گیانی بەرخۆرییەی سەرمایەداری لە هەموو جێگایەکدا دەیچێنێت،

بەڵام بە گشتی ئەمە هیچ لەو ڕاستییە کەمناکاتەوە کە ماڵی کۆچبەر، هەوڵدانی تێکەڵاوکردنی شوێنەکانە تا سنووری لەناوچوونی کاراکتەری شوێن و دروستکردنی فەزایەکی ڕەمزی کە کەرەستەکان بە دەلالەتە جیاوازەکانیانەوە، ئەو دونیا ڕەمزییە بۆ کۆچبەر دەخولقێنن کە ئەو هەستە بەهێزەکات کە کۆچبەر پێویستی پێیەتی، ئەو هەستەی بۆ کۆچبەر دەسەلمێنێت ئەو لەیەککاتدا لێرەشەو لەوێش.

کۆچبەر لە ناو ماڵدا هەمان ئەو ناکۆکییە دەژی کە بە گشتی لە زۆربەی کۆمەڵگا خۆرهەڵاتییەکاندا سەقام و کاریگەرە. ناکۆکی نێوان جیابوونەوەی «کولتووری مەسرەف» لە «کولتووری بیرکردنەوە». لە خۆرهەڵات و هەموو ئەو دونیایەی دەرەوەی خۆرئاوادا بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەو ناکۆکییە قووڵە هەیە. سەرفکردن و بەکاربردنی کالاکانی خۆرئاوا، ماشێنەکانی، داهێنانەکانی، گەمەکانی بوونەتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانە، کولتووری مەسرەفکردن بە گشتی بەرەو ئەوەدەڕوات سروشتێکی خۆرئاوارەنگی هەبێت. بەرابەر ئەوە کولتوورێکی دیکە هەیە کولتووری بیرکردنەوەیە، کە لەبەرابەر مەترسی شوناس و ئەخلاق و دیندا دەکەوێتە سەنگەری شەڕکردن و خۆلادان لە خۆرئاوارەنگی. ئەم ناکۆکییە کە سەرجەمی ژیانی ئێمەی ڕەسمکردووە، بە قووڵی دەخزێتە ناو ژیانی کۆچبەر و ماڵی کۆچبەرەوە. کۆچبەری کورد، ناچارە بە قووڵی کولتووری مەسرەف لە کولتووری بیرکردنەوە جیابکاتەوە. ماڵی کۆچبەری کوردی نیشانەی ئەو شەڕەیە لە نێوان کولتووری مەسرەف و کولتووری بیرکردنەوەدا. لەدیوێکدا دیکۆر و ئەکسسوارەکانی ئەم ماڵە قسە لە دڵسۆزییەکی قووڵ دەکەن بۆ کولتووری ڕابوردوو، قسە لە یادەوەرییەک دەکەن سۆزی نامرێت و شەوقی دانامرکێت و خەیاڵی بەرەودوای ناپچڕێت. لەسەرێکی تریشەوە دیکۆرەکانی ئەم ماڵە دەبنە ئاوێنەی بەشداری و چالاکی ئەم کۆچبەرە لە کولتووری مەسرەفکردنی هاوچەرخدا، ئەو کولتوورە بەرخۆرییە گەورەیەی دەخزێتە هەموو جێگایەکی ژیانەوە. ماڵ گۆڕەپانی ئەو جەنگەیە کە لە نێوان ئەو دوو کولتوورەدا سەوزدەبێت. ماڵ ئەو فەزایەیە کە تیایدا کۆچبەر خۆرئاوایەکی خەیاڵی بۆ خۆی دروستدەکات، ئەو ژینگەیە دادەتاشێت کە دەستکردی خۆیەتی، دیکۆرێکە ئەو زەمان و زەمینە تایبەتە دەنوسێتەوە کە نمایشێکی تایبەتی تیا نیشاندەدرێ، نمایشی جیاکردنەوەی شوێنگەی کۆچبەر لە هەموو شوێنگەکانی تری دونیا، نمایشی گۆڕینی فەزای تاراوگە بە فەزایەکی هێمنترو دۆستانەتر. بە وەرگرتنی کولتووری مەسرەفی خۆرئاوایی کۆچبەری کورد ئەو تۆمەتە لە خۆی دەردەکات کە گوایە ئەو نەیتوانیوە لە خۆرئاوا بژی و سوودی لێببینێت، لەپاڵ ئامادەکردنەوەی ڕەمزە فۆلکلۆرییەکانیشەوە لە ماڵەکەیدا، لە

ڕێگای هەڵواسینی وێنەی سلێمانی یان هەولێر یان دیمەنە سروشتییەکانی کوردستان ، فەرشی دیوار، تەماشاکردنی زۆرو وزەخەسێنی کەناڵە ئاسمانییەکانی وڵات ، بەکوردیکردنەوەی کولتووری چاخواردنەوەو نانخواردن و میوانداری، ئەو تۆمەتە لە خۆی دەپەڕێنێت کە ئەو چیتر بەشێک نییە لە کولتووری کۆمەڵگاکەی. لە ناو ئەم فەزا نمایشکارەدا قورسی پرسیارەکان دەبن بە ژێر تەمێکی ئەستووری ئەو ئیقاعەوە کە ژیانی ڕۆژانەی کۆچبەر خۆی لەسەر ڕادێنێت . ناشوێن پنتێکە تیایدا کۆچبەر دەتوانێت بە ئاسانی تیایدا خۆی لە پرسیاری شوناس بشارێتەوە، دەتوانێت لەسەر وەڵامەکان یاریبکات، لە نێوان کولتووەکاندا هەڵوێستێکی هەڵاوێردکار هەڵبژێرێت. بە مانایەکی تر ناشوێن ئاوێنەی ململانێی ڕاهاتن و ڕانەهاتنە، مملانێی دەستەمۆبوون و دەستەمۆنەبوونە، ململانێیەکی هەمیشەیی کە ناگاتە کۆتایی و ناگاتە دواپنت، چونکە سادەوئاسان ململانێکانی غوربەت قابیلی چارەسەرکردن نین، بەڵام لە ناو سیستمێکی تایبەتی ڕێکخستن و یادهێنانەوەو یادبردنەوەدا قابیلی دەستەمۆکردن و کۆنترۆڵکردن و هێورکردنەوەن. لەم هاوکێشەیەدا ماڵ ئەلتەرناتیڤی نیشتیمانە، ئەو جێگایەیە کە کۆچبەر ناهێڵێت غوربەت بە شێوازی خۆی حوکمیبکات، ناشهێڵێت وێنەکانی نیشتیمان لەزەتەکانی غوربەتی لێحەرامبکەن. وەک فەیلەسوف « فیلێم فلوسەر » یش دەڵێت «مرۆڤ بوونەوەرێکی ماڵنشینە نەوەک نیشتیماننشین» «١٣». بەوجۆرەش ئیشکردن لەسەر فەزای ماڵ دەبێتە ئەلتەراتیفی ئیشکردن بۆ نیشتیمان.

**کار لە تاراوگە وەک بەشێک لە بونیادنانی ناشوێن**

کار لە ژیانی کۆچبەردا یەکێکە لە هەرە وێستگە گرنگەکان، لەڕێگای کارەوە کۆچبەر تێکەڵ بە سیستمی وڵاتە خۆرئاواییەکان دەبێت، لە ڕێگای کارەوە یەکەم کۆنتاکی ڕاستەقینە لەگەڵ فەزاو ژیانی غوربەتدا دروستدەکات، لە ڕێگای کارەوە ئەو ڕاستییەی بۆدەردەکەوێت کە پرۆسەی خۆشاردنەوەی هەتاهەتایی و خۆونکردنی بەردەوام لە غوربەت سنوورێکی هەیە و ناکرێت لەو سنوورە بترازێت.

بەوەدا پارە مەبەستێکی هەرە سەرەکی کۆچە، بەوەدا کۆچبەر دەیەوێت وەک زەنگینێکی گەورە، وەک یەکێک کە سیحری جاهوجەلال و سامان و دارایی هەیە بگەڕێتەوە بۆ نیشتیمان، ناتوانێت لە ماڵ نەیەتەدەرێ و کارنەکات. بەڵام کۆچبەر لەگەڵ دونیای کاریشدا میکانیزمێکی ئاڵۆزو ستراتیژێکی فرەسەر و فرەڕەنگ دەگرێت. کار ئەو پردە نییە کە کۆچبەر قووڵ بەرەو ناو سیستمی ژیانی خۆرئاوا هەڵدەگرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو نیازەی لە پشت کارەوەیە زۆربەی کات، نیازی هەڵهاتن و خۆدزینەوەو خۆدەربازکردنە لە غوربەت. کار بۆ خودی خۆی

هاتنەدەرەوەیە لە ماڵ و کۆنتاکنتێکی کولتووری و دەرونییە. مرۆڤ بۆ کارکردن دەبێت پێ لە زەمینێک و لە جێگایەک قایمبکات، خۆ قایمکردن لە سیستمی ئیشدا، نیشانەیەکی ڕەمزی تێکەڵبوون و خۆقایمکردنە لە خۆرئاوادا، نیشانەی دۆزینەوەی شوێنە، واتە نیشانەی دۆزینەوەی شوناسێکی دیکەیە. ئیش بە مانا قووڵەکەی، کاتێک دەبێتە وێستگەیەکی ئامێزانبوون بە تاراوگە، دەبێتە ماڵێکی نوێ، دەبێتە زامنێکی مەزن، دڵنیاییەکی قووڵ دەرهەق بە پاشەڕۆژ. ئیش ئەو هێزەیە کە یارمەتی کۆچبەر دەدات بەردەوام ئاوڕ لە دواوە نەداتەوە، بەردەوام بیر لە گەڕانەوە نەکاتەوە. بەڵکو کار وادەکات کۆچبەر خۆی بەبەشێک لەو دونیایە بزانێت کە هەمیشە تیایدا خۆی بە غەریب زانیوە. بەڵام کۆچبەری کورد کاتێک کار دەکات، ستراتیژێکی دیکەی هەیە، کار بەشێک نییە لە پرۆسەی گەڕان بە دوای شوێندا، بەشێک نییە لە کردەی عەوداڵ بوون بەدوای دانپیاناندا، بەشێک نییە لە وێڵبوون بۆ ئامێزانبوون و تێکەڵبوون و خۆناساندن و خۆسەپاندن، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە کار لە دونیای کەسی تاراوگەکراوی کورددا، تەنیا لەژێر کاتاگۆرییەکی وەک «ناشوێن» دا جێگایدەبێتەوەو تەنیا لە ژێر ئەو ناونیشانەشدا تەفسیردەکرێت. ئەو ساتەی کە کۆچبەری کورد لە ماڵ دێتەدەرێ بۆ کار، چاوی لە خۆرئاوا نییە، بەڵکو بە پلەی یەکەم خەیاڵی لای ئەو پاشەڕۆژەیە کە لەدەرەوەی خۆرئاوا بۆ خۆی دروستدەکات، کۆچبەر لە ماڵ دەچێتە دەرەوە بۆ کار، بۆ ئەوەی لە ڕێگای کارەوە دابڕانی قووڵی خۆی لە خۆرئاوا بسەلمێنێت. کە کاردەکات لەجەوهەردا خەیاڵی لای ئەوەیە کە چی بەبەرهەمی کارەکەی بکات لە نیشتیمان؟ چۆن پاشەڕۆژێکی دڵنیا بۆ خۆی لە نیشتیمان زامنبکات، چۆن لەڕێگای پارەکەیەوە وەفاو دڵسۆزی خۆی بۆ خێزان و دۆستەکانی و کۆمەڵگاو نیشتیمان زیندووبکاتەوە. مەبەستی پشت کارکردن، دۆزینەوەی جێگایەک نییە لە غوربەتدا، بەڵکو بۆئەوەیە کۆچبەر لەبەردەم خۆیدا ئەوە بسەلمێنێت، کە کار بۆ نیشتیمان دەکات، کار بۆ گەڕانەوەدەکات، کار بۆ دۆست و کەسوکارەکانی دەکات. لە ڕێگای کارەوە کۆچبەر ئینتیمای هەتاهەتایی و هەمیشەیی خۆی بۆ نیشتیمان زیندوودەکاتەوە. زمانحاڵی ئەو دەڵێت «من لەبەر ئێوە لێرەم، بۆ گەڕانەوەیەکی سەربەرزو شەرەفمەندانە لێرەم». واتە گەر قووڵ بڕوانین کار هەڵهاتنێکی گەورەیە لە خۆرئاوا، هەتا زۆربەی ئەو کارانەش کە کۆچبەر دەیکات خۆشاردنەوەیەکی تیایە لە سیستم و یاساکان، کۆنتاکتێکی کەمی تیایە لەگەڵ کەسانی خۆرئاواییدا، ئەمجۆرە کارانە ئەو کەرەستەیە نییە کە کۆچبەر بە خۆرئاواوە گرێدەدات، بەڵکو ئەو کەرەستەیەیە کە کۆچبەر بە نیشتیمانەوە گرێدەدات، ئێجگار کەمن ئەو کۆچبەرانەی کار دینامێکییەتێکی مەزنیان بۆ گەڕانەوە پێنابەخشێت، هیچ شتێک وەک کار فەنتازیاکانی گەڕانەوە گەورەناکات. دیارە ئەم ڕەهەندە، زۆربەی وەخت ڕەهەندێکی خورافی

میتۆلۆگییە، واتە مەرج نییە ئەم ڕەهەندە هەڵگری جۆرە سەیرکردنێکی واقیعی بێت بۆ ژیان، مەرجیش نییە ئەمجۆرە سەیرکردنە لەگەڵ نیازە ئاشکراو ڕاگەیاندراوەکەی خۆیدا ڕاستگۆو دڵسۆزبێت، مەرج نییە دواجار کە دەگاتە سەر سات و کاتی حیساب کۆچبەر جانتاکەی هەڵگرێت و بگەڕێتەوە بۆ نیشتیمان. بەڵکو مانای سەرەکی ئەم پرۆسەیە، مانایەکی سایکۆلۆژی و ڕەمزییە. کۆچبەر ئیشدەکات و پارەکانی دەنێرێتەوە بۆ نیشتیمان. ئیشدەکات و بە پارەکەی ماڵ و زەوی و قەیسەری دەکڕێت. ئیشدەکات و ئیشکردنی خەتێک و سەرەداوێکی هەمیشەیی بۆ گەڕانەوە پێدەبەخشێت، بیرۆکەی گەڕانەوە ئەو دینەمۆ گەورەیەیە کە هێزو تینوتاو دەداتە کۆچبەر کاربکات، کاریش ئەو چالاکییەیە پەیوەندی نێوان ئەو و نیشتیمان پتەودەکاتەوە. تا پتر کاربکەیت، تا پتر بتوانیت یارمەتیبدەیت، پتر ئەوە دەسەلمێنیت کە تۆ لە خۆرئاوا نیت، پتر ڕیشە قووڵەکانی خۆت دەگێڕیتەوە بۆ نیشتیمان، پتر خۆت لەو شوێنە بەدووردەگریت کە ناوی خۆرئاوایەو پتر دەچیتە ناو ناشوێنەوە. کار لە جەوهەریدا ئینتیمای کارکەر بۆ خۆرئاوا لاوازتردەکات، پرۆسەیەکی دژە ئامێزەبوونە، نەوەک یارمەتی ئامێزانبوون و تێکەڵاوبوون نادات، بەڵکو بە پێچەوانەوە پرۆسەیەکە ئاسۆکانی تێکەڵاوبوون و خۆسەقامکردن و بنجبەستبوون لە خۆرئاوا دەکوژێت. لێرەوە دەردەکەوێت کە زۆر لە سۆسۆلۆژەکانی خۆرئاوا کاتێک قسە لە بێگانەو نامۆبوون و پرۆسەی تێکەڵکردن دەکەن، ئەوانەی ئیش بە هۆیەکی گرنگی ئەنتیگرەیشن دەزانن، چەندە نەزان و دوور لە دونیای قووڵی کۆچبەر دەژین، چەندە نامۆو غەریبن بە نهێنییە ناوەکییەکانی جیهانی کۆچبەر. هەر ئەوەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە زۆربەی ئەو هەوڵە ئەکادیمیانەی لە سنووری تێگەیشتنی خۆرئاوایانەدا بۆ غوربەت دەوەستن چەند هەژارو دەستکورت و بێئیشراق دەمێننەوە.

لە ڕێگای کارو پارەوە کۆچبەر تەنیا سامان و دراوو دیاری نانێرێتەوە، بەڵکو وێنەیەکیش دەنێرێتەوە بۆ نیشتیمان، وێنەی کەسێک لە خۆرئاوا «خۆی گرتووە» «خۆی دروستکردووە»، «ئیشی باشە»، یەکێک قارەمانی نەتەوەکەی خۆیەتی و لە ناو جەرگەی ماڵی خۆرئاواییەکاندا قاچی داکوتاوەو یاقووت لە گەروی شێر دەردەهێنێت.

خاڵێک لێرەدا گرنگە ڕوونیبکەمەوە ئەوەیە، کۆچبەری کورد بەدەگمەن ئیش بۆ چاوی خۆرئاوا دەکات، کە ئیشدەکات هێندەی سەرقاڵی ناردنەوەی وێنەیەکە بۆ نیشتیمان، بایەخ بە سەرەنج و نیگاو هەڵسەنگاندنی خۆرئاواییەکان نادات. سیستەمی ڕەفتارو ژیان و بەراوردکردن لە ژیانی ئەم مرۆڤەدا پتر پابەندی دواندن و ئاماژەناردنە بە ئاراستەی کۆمەڵگای خۆی، ئەم کۆچبەرە هێندەی مەراقی لە وێنەی خۆیەتی لە دیدی هاونیشتیمان و

هاوزمانەکانی خۆیەوە، مەراقی ئەو وێنەیە نییە لە دیدی ئەوروپییەکانەوە. زۆری ئیشکردنی ئەم مرۆڤە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییە ویژدانییەیە کە غوربەت دروستیدەکات. کۆچبەری کورد مەبەستی نییە خۆرئاوا سەرسامبکات، مەبەستی نییە عەقڵی ئەوان بدوێنێت، بەڵکو مەبەستێتی خزم و دراوسێ کۆنەکانی خۆی لە نیشتیمان سەرسامبکات، مەبەستێتی ئەو وێنە خەوتووانەی ناو خەیاڵگەی دۆست و برادەرەکانی خۆی بدوێنێت. لەم ئاستەشدا ئیشکردنی بۆ دواندنی ئەوانە، ئیش بەو پەیوەست و پێوەر و پێداویستیانە تەماشاناکات کە ژیانی وەک نامۆیەک لە خۆرئاوا دەیسەپێنێت بەسەریدا، بەڵکو بەو پێوەرانە دەیپێوێت کە کۆمەڵگا و ژینگەی کۆمەڵایەتی پێشینی خۆی داوای لێدەکات، ئیش لەم ڕووەوە وەزیفەیەکی تایبەتی هەیە، ناکۆکییەک بەرجەستەدەکات کە ئیش دەکاتە ڕوکنێکی بنچینەیی ناشوێن، لەسەرێکەوە ئیش نیشانەی ئینتیماو دڵسۆزییەتی بۆ نیشتیمان، لەسەرێکی دیشەوە ئاماژەی ژیان و لەزەتبردن و سوود وەرگرتنێتی لە خۆرئاوا، لەلایەکەوە ئیش یارمەتیدەدات بوونی خۆی لە خۆرئاوا وەک بوونێکی سوودبەخش و مانادار تەماشابکات، لەسەرێکی دیشەوە گەڕانەوەیەکی ڕەمزی قووڵی تیایە بۆ نیشتیمان. شێوازێکی ئیدیالی هەڵهاتنە لە هەر دوو دونیاکە، بێئەوەی لە هیچیان بپچڕێت، نەفرەتکردنە لە غوربەت بێئەوەی ئەو نەفرەتە بەرەو دەستبەرداربوونی بەرێت لە خۆرئاوا، گەڕانەوەیەکی ڕەمزیشە بۆ نیشتیمان، بێئەوەی ئەو گەڕانەوەیە بگاتە ئاستی دەستبەرداربوون لە خۆرئاوا.

لە ڕێگای ئیشەوە کۆچبەر بوونی خۆی لە خۆرئاوا دەسەلمێنێت و لەو بوونەش دووردەکەوێتەوە، نزیکی خۆی لە نیشتیمان دەسەلمێنێت و دووری فیزیکی خۆشی لە نیشتیمان دەپارێزێت. ئیش توانای فەنتازیاکردنی کەسی کۆچبەر تا دوا سنوور دەخاتە سەرپشت، فەنتازیایەک بەبێ ئەو ناشوێن بوونی نییەو ناژی، لە ڕێگای ئەو خەیاڵە هارەوە کە ئیش و دەستکەوتە مادییەکانی دەیوروژێنێت، ئیشکەر فەنتازیای شوێنی دیکەو ژیانی دیکە زیندوو ڕادەگرێت، پاشەڕۆژێکی دیکە بۆ خۆی دەخولقێنێت، ناشوێنیش لە جەوهەریدا فەنتازیاکردنی بەردەوامی شوێنێکی دیکەیە، شوێنێکی خەیاڵی کە دەکەوێتە ئەو دیو ئەو ئەگەرانەوە کە ئێستا پێشکەش بە کۆچبەری دەکات.

### هەستی ناسیۆنالیستی وەک بەهانەی ئایدۆلۆژی بۆ بونیادنانی ناشوێن

بوونە ناسیۆنالیست هاوڕێیەکی گرنگی کۆچە، خۆدەرخستن وەک کوردێکی توندڕەو بەشێکی کولتووری مەنفایە، کۆچبەران لە مەنفا پتر دەکەونە حەسرەتی نەتەوە، ئەگەرچی چەمکی نەتەوە لە تاراوگەش هەمیشە چەمکێکە لە ڕێگای هەڵوێستێکی حیزبییەوە تەعبیر لە

خۆی دەکات، بەڵام سروشتی خۆدرکاندنی و گووتاری خۆدەرخستنی بەبڕێکی گەورەتر لە بارگەی ناسیۆنالیستیانە بارکراوە. دیارە لە دونیای ئێمەدا بەدەگمەن ڕێدەکەوێت ناسیۆنالیزم لەدەرەوەی حیزب هەڵگری دیکەی هەبێت، لێرەوە هەردەم لە پشت شوناسی ناسیۆنالییەوە شوناسێکی حیزبی وەستاوە، ناسیۆنالیزمی ئێمە هەمیشە عەشقێکی ئاوێتەیە لە نەتەوە زائید حیزب دروستبووە. لێرەوە سەیرنییە بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتی بەجۆرێک لە جۆرەکان بە بەهێزبوونی هەستی حیزبایەتی تەواوبێت. لە مەنفاش عەشقی نەتەوە بە دەمارگیرییەکی سەرسەختی حیزبایەتی دواییدێت.

ئەم سەرەتایەم بۆیە نوسی، تا بڵێم هیچ ناکۆکییەک نییە لە نێوان ئەو ڕاستییەی کە بەهێزبوونی ڕۆحی حیزبایەتی لە خۆرئاوادا بە بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتییەوە گرێدراوە، چونکە لە کولتووری سیاسی کوردیدا نەتەوە هەمیشە شوناسێکی حیزبی هەیە. لێرەوە ئەو ڕاستییەی کە کوردانی تاراوگە دابەش دابەشن، گروپ گروپن لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە هاوشان بەو دابەشبوونە لە ناویاندا هەستێکی نەتەوایەتی تێژپەڕ هەیە.

دیارە کێشەم زۆرە لەگەڵ ناونانی ئەم دۆخەدا بە ناسیۆنالیزم، بەلام لەبەر ئەوەی ئەم وتارە تەرخان نییە بۆ کێشەی زاراوەو ناونان، لەبەرئەوەی لە ئێستاشدا ناوێکی گونجاوتر نابینمەوە بۆ ئەم دیاردەیە، ئەوا ناچارین وەک چەشنێک لە چەشنەکانی هەستی ناسیۆنالیستیانەی تاراوگە مامەڵەیبکەین.

لە ڕاستیدا کێشەی من لەگەڵ ئەوجۆرە هەستەدا لەوەوەیە کە پەیوەندییەکی قووڵی بەنەتەوەوە نییە و ڕیشەی لە دۆخی وجودی کەسی تاراوگەکراوەوە وەرگرتووە، بەشێکە لە قەیرانی ئەم مرۆڤە لەگەڵ کۆچدا و تەنیا لە ناو پرۆسەی گەڕانیدا بۆ شوێنێکی دیکە دەتوانین تەفسیریبکەین. واتە مەرجەعییەتی ئەمجۆرە ناسیۆنالیزمە، نە لە فیکری سیاسیدایە، نە لە گۆڕانی دونیابینی سیاسی کەسی تاراوگەکراوەوە هەڵقووڵیوە، تێگەیشتنی سیاسی و خەزێنەی فیکری ئەم مرۆڤە وەک خۆیەتی، ئەوەی گۆڕدراوە، هەوڵێتی بۆ گەیشتن بە شوێنێک نیشتیمان بێت و نیشتیمانیش نەبێت، خۆرئاواش بێت و خۆرئاواش نەبێت. بە مانایەکی دی ئەوەی ناویدەنێین ناسیۆنالیزم، ڕەگەزێکی ناو دیکۆرێکە لە نمایشنامەیەکدا بە ناوی تاراوگەوە. ئەوەی ناسیۆنالیزم لە تاراوگەی کوردیدا زیندوودەکاتەوە خودی نەتەوە نییە، بەڵکو ئەو پێداویستییە قووڵەیە بۆ شکاندنی فەزاکانی غوربەت. ناسیۆنالیزم دیکۆرێکی دیکەی ناو ناشوێنە، پەیوەندی بە دیکۆرسازی ناو دونیای تاراوگەوە هەیە، نەوەک بە حاڵی ویژدانی نەتەوەوە.

لە ڕێگای سەیرکردنی دونیاوە بە هەستونەستێکی ناسونالیستیانەی گڕگرتووەوە، کۆچبەر وەفای بێسنووری خۆی، بۆ نەتەوە زیندوودەکاتەوە. کاتێک لە ئاستی سیاسی و نەتەوایەتیدا جێهێشتنی نیشتیمان، ئەوپەڕی بێهەڵوێستی بێت، کاتێک کۆچ خیانەت بێت لە نەتەوەو فەرامۆشکردنی ئەرکەکانی نەتەوەپەرستی بێت، لە جۆرە دۆخێکی وادا تیژپەڕی و سەرپەڕی پەرچەکرداری یەکێکە تا دوا ئەندازە لە ناو هەستکردن بە گوناهدا نوقمبووە، کۆچبەر بۆ داپۆشینی ئەو گوناهە دیکۆرێک سازدەکات و بەو دیکۆرە بە خۆی و دونیا دەڵێت، من نەوەک لە نیشتیمان دوورنەکەوتوومەتەوە، بەڵکو لە هەموو ئەوانەی لە نیشتیمانن پترلە نیشتیمان نزیکم، خودی ئەو جۆرە توندڕەوییە گەڕانەوەیەکی ڕەمزییە بۆ نیشتیمان، دیارییەکە کەسی کۆچبەر، وەک هەر دیاری و پارەیەکی دی دەیداتەوە بە وڵات. ئەمجۆرە هەستە نزیکبوونەوەیەکی ڕەمزییە لە نیشتیمان. دروستکردنی وەهمی نەپچڕانە. لە دونیای تاراوگەدا هیچ وشەیەک وەک پچڕان ترسناک نییە، ئاوسانی هەستی ناسیۆنالیستیانەش پەرچەکردارێکی دەرونییە دژ بە پچڕان، دیارە مەرج نییە ئەم هەڵهاتنە لە پچڕان تەنیا بەرگێکی ناسونالیستیانە لەبەربکات، لەوانەیە بەرگێکی دینیش بپۆشێت. ئەمرۆ کە دەبینین کۆچبەرێک دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتووترین شێوازی دین، هەقمانە بڵێین خودی ئەم گەڕانەوەیە بۆ لای خوداش خاڵییە لە ڕۆحانییەت و پڕە لە قورسایی مادییانەی مەنفا، پڕە لە ترسی پچڕان و فۆبیای دووری.

کۆچبەر لە ڕێگای ناسیۆنالیزم یان هەر مەرجەعییەتێکی ئایدۆلۆژی یان دینی دیکەوە پێماندەڵێت کە ئەو نزیکترین کەسە لە نیشتیمانەوە. فیکرەی نەتەوە لەم ئاستەدا هەمان وەزیفەی دیوارەکانی ماڵی هەیە، وەزیفەی پاراستن ، جیاکردنەوەو دوورخستنەوە. بەڵام لە هەمانکاتدا خودی ئەو تیژڕەوییە لە ناو خۆشیدا هۆکانی دووری لە نیشتیمان دەدۆزێتەوە، ناسیۆنالیزمی توندڕەو تەنیا ئەو جۆرە ناسیۆنالیزمە نییە کە خۆی لە جەنگێکی توندا دەبینێتەوە لەگەڵ هەموو ئەو شتانەدا کە کوردی نین، خزمەتی مێژووی نەتەوە ناکەن، کەلەپوری بەرزڕاناگرن، سەمبولەکانی پیرۆز تەماشاناکەن، بەڵکو لەپاڵ ئەو سیستمەی نرخ و تەقدیسکردندا، سیستمێکی دیکەی لە ناوەوەڕا دروستکردووە کە سیستمی « قوربانییە». وێناکردنی نەتەوە وەک کۆمەڵە خەڵکێکی ڕاونراو، بێجێگا، بێدۆست ، بێپەناگا، دابەشبوو بەسەر میللەتان و کولتوورەکانی دیکەدا وێنەیەکە پەناهەندە نەگەڕانەوەی خۆی بۆ نیشتیمان پێ پاساودەدات. کۆچبەر ئەم دۆخە واقعییە ناخاتە خزمەتی نەتەوەوە، بەڵکو دەیخاتە خزمەتی بونیادنانی ئەو شوێنگەیەی کە خۆی لە نێوان نیشتیمان و خۆرئاوادا دروستیدەکات. بیرۆکەی «نەتەوەی ئاوارەو پەرت پەرت» لە نەستی کۆچبەردا وەک میکانیزمێکی پاساوهێنانەوە بۆ

ئاوارەبوونی خۆی بەکاردەهێنرێتەوە، وێنەی ئەو نەتەوەیەی کە شوێنی لەسەر زەویدا نییە، هەلێکی لەبارە بۆ دروستکردنی وێنەی ئەو مرۆڤەی سەر بە هیچ جێگایەک نییە. لێرەدا ناسیۆنالیزمی مەنفا ئینتیماکردنی توندە بۆ نەتەوە لە ڕێگای پاراستن و بەرزڕاگرتن و بەهێزکردنی ڕەهەندی ئاوارەیی و بێشوێنی لە کولتووری ئەو ناسیۆنالیزمەدا، ئەمجۆرە ناسیۆنالیزمە لەسەر دیدێکی سیاسیانەی واقیعی یان شیاو دروستنەبووە، هێندەش کە پێ لەسەر کولتووری لاوانەوەو گریەی بێشوێنی دادەگرێت ، پێ لەسەر خۆشەویستی خاک داناگرێت. پێداگرتنی ئەم ناسیۆنالیزمە لەسەر دەوڵەت، هاوشانی هیچ چالاکییەکی فیکری و سیاسی نییە کە ڕاستگۆیی ئەو داواکارییە بسەلمێنێت، بەڵکو یەکسانکردنەوەی بێدەوڵەتییە بەبێشوێنی و بێنیشتیمانی، کۆچبەر خودی بێدەوڵەتی بە تاراوگەبوونێکی وجودی و ئەزەلی دەزانێت، بە قەدەرێک هەموو شوێنەکانی دونیا بۆئەو یەکساندەکاتەوە، وەک ئەوەی بڵێت «دواجار چونکە من خاوەن دەوڵەت نیم، لە هەموو شوێنێکی دونیادا لە تاراوگەم»، واتە ناسیۆنالیزمی توندڕەو یاریدەدەرێکی گەورەیە بۆئەوەی ئەوپەڕی خۆشەویستی نیشتیمان بەوپەڕی پێداگرتن لەسەر تاراوگەبوون گرێبداتەوە. لەم ناسیۆنالیزمەدا یەک ڕەهەند گەشەدەکات و تا ئەندازەی دیاردەیەکی نادروست گەورەدەبێت، کە ڕەهەندی سکالاکردن و پرۆتێستۆکردنە، چونکە بەپێداگرتن لەسەر قەیران و بوحرانی نەتەوە، بە «بەتراژیدیکردن»ی دۆخی نەتەوە، کۆچبەر زەمینەی زیاتر بۆ مانەوە لە ناشوێندا دەدۆزێتەوە. لێرەوە مرۆڤ ئەو ناکۆکییە ناوەکییە قووڵەی بۆ دەردەکەوێت کە خودی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ناوەوەو لەدەرەوە تیادەژی، هێزە ناسیۆنالیستییەکانی ناوەوە کەمتر لە هێزەکانی دەرەوە بایەخ بە ڕوکارە تراژیدییەکان دەدەن، کەمتر پێ لەسەر ڕوداوە ترسناک و خوێناوییەکان دادەگرن، توانای لێبوردنیان گەیشتۆتە ئاستی دروستکردنی مەهزەلەی مێژوویی گەورە، وەک لەو ئابڕووچوونە بێحەدو بێسنوورەدا دەرهەق بە کۆکوژێکی وەک نزار خەزرەجی بینیمان ، بەڵام ناسیۆنالیستەکانی دەرەوە توندڕەوترن، هەندێکییان هێندەی وشەیەکی عەرەبی لە نوسینێکدا دەبینن تووشی فێ دەبن، بەردەوام لە هاواری ئەوەدان کە زمانی کوردی و کولتووری کوردی بەرەو لە ناوچوون دەچێت. لێرەوە تێدەگەین کە ناسیۆنالیزمی کوردی لە ناوەوەو لەدەرەوەش لەسەر یاریکردنێکی تەکتیکی بەوشەی نەتەوەو نەتەوایەتی دروستبووە، لەم ئاستەدا ناسیۆنالیستە کوردەکانی دەرەوەی وڵات ڕاستگۆتر و دڵسۆزترنین، هێندە هەیە ناسیۆنالیزم لە سیاقێکدا بەکاردەهێنن، کە پێویستی بە قووڵکردنەوەی هەستی تراژیدی و گەورەکردنی ڕەهەندە درامییەکانی مێژووی نەتەوە هەیە، تا کۆچبەر خۆی بەبەشێک لەو ئاوارەبوون وپەرتبوونە بزانێت. هەڵوێست لە نەتەوە، یاریدەدەرێکی گەورەیە بۆ دۆزینەوەی لۆژیکێکی

داڕێژراو و ئەرگومێنتێکی زیندوو بۆ دووری لە نیشتیمان. ناسیۆنالیزم لێرەدا ئەو بەهانە ئایدۆلۆژییەیە کە کۆچبەر دەیکاتە سوپەر بۆ خۆدزینەوە لە هەردوو دونیاکە، خۆدزینەوەیەک یاسای گەورەی بونیادنان و سەقامگیرکردنی «ناشوێن»ـە.

**سێکس و ناشوێن**

یەکێک لە دیاردە گەورەکانی ژیانی جنسی لە کۆمەڵگای ئێمەدا نایەکسانی و ناچوونییەکی ئەو ژیانەیە، واتە هێزگەلێک هەن وادەکەن ژیانی جنسی تاکەکان جیاوازییەکی زۆریان لە نێواندا بێت، تا ئەو ئەندازەیەی دەکرێت بڵێین ئەو دیاردەیەی کە دەکرێت بە «نادادپەروەرێتی جنسی» ناویبنێین، بەشێکی پێکهێن و ستراکتوری ژیانی دەرونی و کۆمەڵایەتی ئێمەیە. بەوەدا سێکس تا ئەندازەیەکی زۆر لە هەموو ئانوزەمانەکاندا پەیوەستی ئارەزوو و هەڵبژاردنە فەردییەکانە، ئەو جۆرە جیاوازیانە دەشێت لە زۆربەی کۆمەڵگا ئازادەکانیشدا ببینرێت. جیاوازییەکە لەوەدایە سەرچاوەی حەرام و چەوساندنەوەکان لە نێوان کۆمەڵگاکانی ئێمەو کۆمەڵگاکانی دیدا دەگۆڕێن، لە دونیای ئێمەدا حەرامە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان هێزی سەرکوتکردنی جنسیین، ئەم دوو حەرامە بە شێوەی سەرەکی ژیانی جنسی ئێمە دیاریدەکەن، لە کاتێکدا لە کۆمەڵگاکانی دیدا بە جۆری دیکە ژیانی جنسی دەستنیشاندەکرێت. ئەو هەمەڕەنگی و ناچوونیەکییە تەواو لە ژیانی کۆچبەراندا ڕەنگدەداتەوە، ژیانی کۆچبەران لە ڕووی جنسییەوە پێوەرێکی نەگۆڕو یەکشێوە کۆیناکاتەوە، دۆزینەوەی ستاندارد و یەکەی پێوانەیی شتێکی زەحمەتە، چونکە ژیانی جنسی کۆچبەران دابەشبوونێکی بێئەندازە قووڵی تیادروستبووە کە کۆکردنەوەی لە ژێر یەک کاتاگۆریدا کارێکی زەحمەتە، لێرەوە ئەوەی دەکرێت قسەی لەسەربکەین، هەندێک کلێشەی گشتی ناو ئەو ژیانەیە، بەتایبەت ئەو کلێشانەی پابەندی پەیوەندی سێکسن بە شوێنەوە.

سێکس پەیوەندییەکی نەپساوی بە شوێنەوە هەیە، بە ئەندازەیەک دەتوانین بڵێین، سێکس هێزێکی ئەفسوناوی هەیە لە دیاریکردنی بونیادی شوێندا. کەس نییە نەزانێت سێکس چ جۆرە میعمارێکی بەسەر بونیادی ماڵ و شارەکاندا سەپاندووە، نەزانێت ئەو شوێنانەی دەبنە مەڵبەندی سێکس و سێکسفرۆشی چ جۆرە دەلالەتێکی تایبەتی وەردەگرن، لێرەدا من قسە لەسەر پەیوەندی نێوان سێکس و شوێن ناکەم، قسە لەو وەزیفەیە دەکەم کە جەستە و بەتایبەت جەستەی ئافرەت لە بونیادنانی ناشوێندا هەیەتی، دەشێت ئەم خاڵە بەیەکسانی بۆ هەموو کۆچبەرێک ڕاست نەبێت، بەڵام بە دڵنیایەوە وەک میکانیزمێکی شاردراوە لە ژێرەوەڕا شتێک دەرهەق بە ژیانی ناوەکی و دەرەکی کۆچبەر ئاشکرادەکات.

لەســەرەتای تێڕامــانەوە لە ســتراکـتوری نـاشـوێن ســەرەنجی جولّـەیەکی تایبــەتی دەدەین، بونیادنانی نـاشوێن لە ڕووی لۆژیکییـەوە بە خۆدوورخستنەوە لە خۆرئاوا دەستـپێدەکات، واتە وێستگەی یەکەم لەم سەفەرەدا هەمیشە ڕاگەیاندنێکی دەنگ بەرزو زوڵاڵانەیە بۆ نیشتیمان و ئەڤینی نیشتیمان. کەسی کۆچبەر ژیانی تازەی بە خۆشەویستی جاران و عەشقی نەمری نەتەوەو خاک دەست پێدەکات. ئەم وەفادارییە هاوڕێی ڕەتکردنەوەیەکی ویژدانی و مەعنەوییە بۆ خۆرئاواش، شێوەو کەرەستەکانی ئەم وەفادارییە بۆ نیشتیمان جیاوازو جۆراوجۆرە، شێوەی ڕەتکردنەوەی خۆرئاواش هەر جیاوازو جۆراوجۆرە، جنسیش یەکێکە لەو کەرەستانەی دی کۆچبەر گەمەی وەفاو ڕەتکردنەوەی لەسەر دەکات. ئەزمـوونی جنسی کۆچبەر بەهەر ئاستێکدا بکەوێتەوە لەدواجاردا وەک ڕەگەزێکی بونیادنەر بۆ ناشوێن دەخرێتەگەڕ... واتە جیاوازییە فەردییەکان لە ئاستی ژیانی جنسیدا، چەندە گرنگن بۆ تێگەیشتن لە ستراکتوری خودی ئەم ژیانە، هێندە گرنگ نین بۆ تێگەیشتنی وەزیفەی جنس لە داڕشتنی جوگرافیای ئەو شوێنەدا کە بە ناشوێن ناویدەبەم. جنس هەمیشە دەورێکی گرنگی لە بونیادنانی ناشوێندا هەیە، واتە شێوە جیاوازەکانی ژیانی جنسی و ئەو ستراکتورە دەروونییەی لە پشت ئەم ژیانەیە هەرچۆنێک بێت دواجار خزمەتی کۆمەڵێک دەرەنجامدەکەن کە پەیوەندی بە ناشوێنەوە هەیە « دیارە سەلماندنی ئەمە یەکێکە لە هەرە کارە قورسەکانیش». واتە هەر چۆنێک بێت جنس وەک گرنگترین بەش لە ململانێی ئینتمادا فرەڕەنگی خۆی لە پەیوەندیدا بە ناشوێنەوە نادۆڕێنێت.

سەرەتا کێشەکە لەوەوە دەستپێدەکات کە جنس لەجەوهەریدا بەدەر لەوەی ویستەوزە «غەریزە»یەکی مرۆڤانەیە، هەڵگری ڕەهەندێکی ڕەمزیشە بۆ چۆنێتی ئینتیماکردن بۆ دونیا. ڕەگەزنامەی نەتەوایەتی ئەوکەسەی لەگەڵیدا جنس دەکەیت، زۆرشت دەرهەق بە ئینتیمای تۆش دیاریدەکات، هاوسەرە جنسییەکەت کە کەسێکی ناکورد بێت، ئیتر جنس مانا سادەکەی خۆی دەدۆڕێنێت و بە کۆمەڵێک پرسیاری دیکە باردەکرێت کە پڕن لە ماناو نیشانەی سیاسی و کۆمەلایەتی. وەک چۆن لە دەستووری خێڵەکیدا ئەوەی ئافرەت لە دەرەوەی عەشیرەت دەهێنێت، لە دەرگای شەڕ یان لە دەرگای ئاشتی دەدات، لە دونیای ئێستاشدا ئەوەی شەریکێکی جنسی بیانی هەیە دەرگای ململانێیەکی قووڵی کۆمەلایەتی و دەرونی دەکاتەوە. ئێمە ئەم کولتوورە لە ولاتەوە لەگەڵ خۆماندا دەهێنین، لە نیشتیمان ئەو پیاوانەی کوردن و هاوسەری عەرەب دەگرن، بەو ڕەفتارە ئینتیمای نەتەوایەتی خۆیان لکەداردەکەن، ئەو ئافرەتانەی کوردن و شوو بە عەرەب و بیانان دەکەن، سەری بڵندی نەتەوەمان شۆڕدەکەن. ئەم نەریتە لە خۆرئاوا سروشتی ئاڵۆزتر وەردەگرێت، بۆئەوەی ئەو هاوکێشە ئاڵۆزانە وردتر

بخوێنمەوە کۆچبەران بەپێی ڕەفتاری جنسییان دابەشدەکەمە سەر چوار گروپی جیاوازو بە کورتی هەندێک تێبینیان لەسەر تۆماردەکەم.

**گروپی یەکەم:**

ئەوانەن کە هاوسەرێک یان شەریکێکی جنسی خۆرئاوایی یان ناکورد دەگرن و تا کۆتایی لەگەڵیدا دەژین و ئاوڕ لە دواوە نادەنەوە، لێرەدا سەروکارمان لەگەڵ ئەو دەستەیەدایە کە دەتوانن دەستبەرداری کوردێتی خۆیان بن، ئەم دەستەیە ڕەنگە تاکە گروپێک بن کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە کێشەکانی دونیای کوردو کۆچبەرانی کوردەوە نامێنێتەوە، زۆربەی کات لە پشت هەر یەکێک لەوانەوە ئافرەتێک هەیە. ئەم گروپە تا ڕادەیەکی زۆر دڵسۆزی ئەو مۆتیڤانەن کە لە ساتە سەرەتاییەکانی سەفەردا دروستدەبن، لەسەرەتادا من باسم لەوەکرد کە ژمارەیەکی گەورەی کۆچبەران بە تورەیی و بێزارییەکی ئەوتۆوە لە نیشتیمان دێنەدەرێ، بێزارییەک بەرەو حاشاکردن لە نەتەوەو نیشتیمانیان دەبات، ناتوانین بڵێین خودی ئەم گروپە ئینتگراسیۆنێکی تەواوی لە کۆمەڵگای خۆرئاوادا کردووە، ناتوانین بڵێین ئەو دابەشبوونە ترسناکەی کۆچبەر لە نێوان شوێنی یەکەم و دووەمدا قورساییەکی ڕاستەقینەی لەلای ئەوان نەماوە، بەڵام دەتوانین بڵێین، جەستەی ئافرەتی خۆرئاوایی دەبێتە شوێنی ئەلتەرناتیف بۆ هەموو شوێنەکان، ئەم پەیوەندییە جنسییە زۆرجار دەبێتە ڕێگای خۆدزینەوە لە خۆرئاواو لە خۆرهەڵات، دەبێتە ڕێگای یادبردنەوەی نیشتیمان... ژیان لەگەڵ کەسێکی خۆرئاواییدا ئەو وەهمە دروستدەکات کە تۆ قووڵ ڕۆچویتە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی خۆرئاواییەوەو ماڵێکی دیت دۆزیوەتەوە. واتە ئەم دەستەیە لە ڕێگا پەیوەندییە جنسییەکانیانەوە تەجاوەزی کێشەی بونیادنانی ناشوێن دەکەن. ئەو حاشاکردنەی سەرەتا بەرابەر خۆرئاوا دروستدەبێت، ئەو سۆزە هەمیشەییەی بەردەوام بۆ گەڕانەوە دەخرۆشێت لای ئەوان ئامادەگییەکی ڕاستەقینەی نییە، ناشوێن بەو مانایەی من لێرەدا باسیدەکەم خولیای ئەوان نییە، نیشتەجێبوون لەناو جەستەیەکدا دەبێتە ئەلتەرناتیفی هەموو کێشەکانی شوێن و ناشوێن... ئەم گروپە ڕۆژێک لە ڕۆژان سیفەتی کۆچبەر وندەکەن و قەیرانە وجودییەکەیان لە قەیرانەکانی کۆچبەران دووردەکەوێتەوەو دەکەونە سەر زەمینێک کەمتر سنووری ئەم لێکۆڵینەوەیە دەیانگرێتەوە. بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییە ببینین کە ئەم گروپە دەستەیەکی زۆر بچوک لە کۆچبەران لە خۆدەگرێت. هەندێکیان مێژووی سەفەریان دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغێکی دێرینتر، زۆربەیان سەردەمێکی دی و ئەزموونێکی دی لەگەڵ خۆرئاوادا ژیاون، یادەوەرییەکی دییان هەیە جیاوازە لە یادەوەری کۆچبەرانی دیکە.

**گروپی دووەم:**

گروپێکی گەورەترە لە گروپی یەکەم، گروپی ئەوانەیە کە ژیانی جنسیان لە ئامێزی ئافرەتی ناکورددایە «ژیانێکی ئازاد بێت، فرەهاوسەربێت، سەقامگیرو مۆنۆگام بێت یان تێکەڵێک بێت لە هەموو ئەوانە شتێکی جەوهەری ناگۆڕێت»، ئەم گروپە لە پاڵ ژیانی جنسی خۆیدا شەوق و خولیای هەمیشە کوردانەیە، پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ نیشتیمان و کوردان و کۆچبەرانی دیکەدا هەیە، زۆرجار چالاکترو ئەکتیڤترن لە گروپەکانی تر، زۆرجار پەیوەندییە جنسییەکانیان دەکەنە پرد بۆ ئیشکردن و خزمەتکردنی کێشە ڕۆژانەو گرنگ و هاوساتەکانی کوردو کۆچبەران، بە دیدی من لە ڕووی دینامیکیەوە گرنگترین بەشن لە نێوان کۆچبەراندا، هەندێکی کەم لەمانە تەنیا لە ڕووی جنسییەوە ئەکتیڤنین، بەڵکو لە ڕووی ئیشکردنەوە لە ناو خۆرئاواشدا چالاکن. ئەم گروپە لەناوەوە لەسەر یاسایەکی گشتی و چوونیەک ئیشناکات، بەڵکو دابەشدەبێتە سەر دوو ئاستی دیکە، بەشێکیان لەسەر بێلایەنکردنی جنس لە ئاستەکانی دیکەی ژیان ئیشدەکەن، بەشێکی دیکەشیان کەسانێکن لە بابەتی مستەفا سەعید پاڵەوانی ڕۆمانی «وەرزی کۆچ ڕووەو باکور» ی طیب صالح جنس وەک کەرەستەی تۆڵەکردنەوەیەکی شارستانی و نەتەوایەتی بەکاردەبەن.

ئەوەی لەسەر یاسای بێلایەنکردنی جنس کاردەکات، هەوڵدەدات لە نێوان ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی خۆیدا لەلایەک و ژیانی جنسی خۆیدا جیاکاریەک دروستبکات. ژیانی جنسی خۆی وەک هۆکارێک نابینێت بۆ جێهێشتن و لاوازکردنی سۆز بەرەو نیشتیمان، هەموو ئەو هەستانەی هەیە کە لەوەوبەر دەرهەق بە دووری و غوربەت باسمکردن، ژیانی جنسیشی لەگەڵ کەسانێکدا لە خۆرئاوا بە مانای قبووڵکردنی خۆرئاوا ناگەیێنێت، لە ڕاستیدا جەستەی خۆرئاوایی لەم ئاستەدا لە پاڵ وەزیفە جنسییەکاندا دوو فەرمانی دیکە بۆ کۆچبەر پڕدەکاتەوە، یەکەم هاوشانی دروستکردنی ئەو هەستەیە کە داگیرکردن و کۆنترۆڵکردنی لەشێکی خۆرئاوایی ئیحاو دەلالەتی داگیرکردنی خۆرئاوا خۆیەتی، واتە بەڵگەیەکی گرنگی سەرکەوتنە بەسەر ئەو دیوارە ئەستوورو دەرگا داخراوانەدا کە خۆرئاوا دەیخاتە بەردەم کۆچبەر. لێرەوە بڕوایەکی پتر لای کۆچبەر دروستدەکات کە گەڕانەوەی بەرەو ئامێزی نیشتیمان دەرەنجامی نوشووستی و تەنیایی و بێنرخی نییە لە خۆرئاوا، بەڵکو دەرەنجامی دڵسۆزی و وەفایە. دووەم کۆنترۆڵکردنی بۆ خۆرئاوا، وەک ئەکسسوارێک بەکاردەهێنێت تا هەموو وێنە سیحراوی و خورافییەکانی کۆچبەر لە کۆمەڵگای خۆیدا زیندوو ڕابگرێت، ئەو خورافاتانەی لە بەشی یەکەمدا دوورودرێژ لە ئاستەنگیاندا وەستاین. گەر سەرەنجبدەین دەبینین لێرەشدا پەیوەندییە جنسییەکان دووبارە هێزی خۆدزینەوەن لە خۆرئاوا، جنس دەبێتە

مایەی دروستکردنی وەهمی سەرکەوتن و کۆنترۆڵکردن، سەرکەوتنێک زۆرجار بنەمای نییە، ئەمجۆرە پەیوەندییە دواجار بە ڕەزامەندییەکی درۆزن دەرهەق بە خود تەواودەبێت، کۆچبەر لەم ڕوانگەیەوە زۆرجار «نەوەک هەمیشە» خۆرئاوا کورتدەکاتەوە بۆ ویلایەتێکی جنسی، پەیوەندییە جنسییەکانیشی لەگەڵ خۆرئاوادا دەبنە ئەلتەرناتیڤی پەیوەندییە فیکری و کولتووری و شارستانییەکان، ئەم خۆدزینەوەیە لە خۆرئاوا لە ڕێگای جنسەوە جیاوازییەکی گەورەی نییە لە خۆدزینەوەکانی دیکە کە بۆ بونیادنانی ناشوێن و وەفا نیشاندان دەرهەق بە نیشتیمان پێویستە.

لە دەستەی دووەمدا ڕۆحی ئەم گروپە ڕوونتر و بێمەکیاجتر ئاشکرادەبێت، لەلای دەستەی یەکەم جنس وەک چالاکییەکی سروشتی وەڕوودەخرێت کە نیشانەی سەرکەوتن و تێکەڵبوون و قەلاشکێنی کۆچبەرە لە خۆرئاوا، بەڵام ئەم ڕۆحەی کە عەوداڵی سەرکەوتنی جنسییە نەگەیشتۆتە پلەی شەڕانگێزێتی، جنس هێشتا ڕەهەندێکی تایبەتی و شەخسی هەیە جیاوازە لەدەستەی دووەم کە جنس سەمبولی نێرایەتییەکی نەشکستەو مەردایەتییەکی نەتەوەییە. ئەم دەستەیە لە «تەختکردن»ی ئافرەت «یان پیاوی» خۆرئاواییدا تەختکردنی کولتوورو شارستانییەتی خۆرئاوا دەبیننەوە (دیارە وشەی تەختکردن وشەیەکی جەنگاوەرانەیەو لە قاموسی جەنگەوە پەڕیوەتە فەرهەنگی ئەمجۆرە کۆچبەرانەوە)، لای ئەم دەستەیە جنس نەوەکو نیشانەی سەرکەوتنی شەخسییە بەسەر خۆرئاوادا، بەڵکو کردارێکە بە ناوی هەمووان و لە بری هەمووان و بۆ بەرزڕاگرتنی عیزەتی هەمووان ئەنجامدەدرێت. جنس لای ئەم دەستەیە نەوەکو بەشێک نییە لە پرۆسەی تێکەڵبوون و ناسینی خۆرئاوا، بەڵکو بەشێکی گرنگە لە پرۆسەی شەڕکردن لەگەڵ خۆرئاوادا، بەشێکە لە دەرخستنی نێرایەتی، بەشێکە لە دڵسۆزی و وەفاداری و بەرزکردنەوەی سەری نەتەوە. جنس لێرەدا پاککردنەوەی کۆی حیساباتەکانە لەگەڵ تاراوگەدا. کۆچبەر لێرەدا قسە لەگەڵ خۆرئاوادا ناکات، بەڵکو لە ڕێگای جنسەوە قسە لەگەڵ نیشتیماندا دەکات، قسە لەگەڵ هاوڕێکانیدا دەکات، قسە لەگەڵ کۆچبەرەکانی دەوروبەری خۆیدا دەکات و مەردایەتی خۆی نیشاندەدات. ئەوەی لۆرانس دەیگووت «بە چووکم شەڕ لەگەڵ بۆرژوازییەتدا دەکەم»، لای ئەم کۆچبەرانە کەمێک دەستکاریدەکرێت و دەبێتە ئەوەی بڵێن «بەچووکم شەڕ لەگەڵ تاراوگەدا دەکەم». لێرەدا کۆچبەر نەوەک وەک کەسێکی هاوچەرخ و مۆدێرن ڕەفتارناکات، بەڵکو لە غەزاکارێک دەچێت شورای شارەکانی شکاندووەو دوژمن ئەتکدەکات. ئەمجۆرە لە جنس حاشاکردنێکی گەورەیە لە خۆرئاوا، گەڕانەوەیە بۆ لای خێڵ بە کۆمەڵێک «سەبایا»وە. واتە جنس ئەو پاسپۆرتی گەڕانەوەیەیە کە پێویستی پێیەتی تا دەستبەتاڵ نەگەڕێتەوە. ئیدی لە ڕێگای جنسەوە خۆی

وەک سوارچاکێکی ڕەمزی نیشاندەدات کە ناتوانێت مەیدانی جەنگ جێبهێڵێت، خۆرئاوا کورتدەکاتەوە بۆ یەک ڕەهەند و کۆی لایەنەکانی دی توڕدەدات. ئەو لە خۆرئاوا ناژی، بەڵکو خۆرئاوا مەیدانی دلاوەری و نێرایەتییەتی، ناشتوانێت بگەڕێتەوە بۆ نیشتیمان، چونکە گەڕانەوە مانای دەستبەرداربوون و پشتگوێ خستنی سەرکەوتنەکان، جنس لای ئەمجۆرە لە کۆچبەر دەبێتە ئەو تاکە چالاکییەی مانادەدات بە ژیان، دەبێتە گەڕانەوەیەکی ڕەمزی بۆ کوردبوون بە مانا خێڵەکی و پریمتیڤەکەی. وەزیفەی ئەم شێوە ڕەفتارە جنسییە دووبارە خۆلادانە لە خۆرئاوا، بەو مانایەی خۆرئاوا جەستەیەکە ئەو کردوێتی بە موڵکی خۆی. خۆشی لە نیشتیمان لادەدات، چونکە گەڕانەوە بۆ نیشتیمان وەک چۆڵکردنی قارەمانێک وایە بۆ مەیدانی پاڵەوانبازییەکانی. جنس لای ئەم دەستەیە لەسەر ڕێزو حورمەت و خۆشەویستی دروستنەبووە، بەڵکو ڕوانینە لە جنس وەک کردارێکی تۆڵەسەندنەوە. تەماشاکردنی هاونوێنە وەک دوژمن «گەر ئەم وێنەیە تەواو لەسەر ئاستی هەست دەرنەکەوێت، ئەوا پشکنینی نەستی مرۆڤی کۆچبەر ئەو نهێنیانە ئاشکرادەکات».

لەمجۆرە ژیانەدا جنس ڕەگەزێکی گرنگی دروستکردنی ناشوێنە، دروستنەکردنی ئینتیما بۆ تاراوگەو خۆدزینەوە لە گەڕانەوەش بۆ نیشتیمان.

**گروپی سێهەم:**

ئەگەر گروپی دووەم بە جنسکردن تەعبیر لە حاشاکردنی خۆیان بکەن لە خۆرئاوا، ئەوا گروپی سێهەم بە پێچەوانەوە دووریان لە کۆمەڵگای خۆرئاوا دەبێتە جۆرە دوورییەکی قووڵ لە هەموو پەیوەندییەکی جنسی. ترس لە خۆرئاوا دەبێتە ترس لە جنس.

مرۆڤی ئێمە بە ئەزموونێکی جنسی بچوک و کزەوە لە وڵات دێتەدەرێ، بەدەگمەن شارەزایی لێزانترین کەسی ئێمە دەگاتە لێزانی و ئەزموونی هەرزەکارێکی خۆرئاوا، ئەو لە کۆمەڵگایەکەوە دێت تەنیا لە نوکتەو جنێودا دەستەواژە جنسییەکان ئازادن، کە پێدەخاتە ئەم کۆمەڵگایانە لە ڕێگای ئەزموونی خۆیەوە یان لە ڕێگای بیستن و بینینەوە تێدەگات کەوتۆتە جیهانێکەوە جنس شێوە بەرخوردێکی تری لەگەڵدا دەکرێت. جەستە بە شێوەیەکی دی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. ئەم گروپە کە دێنە خۆرئاواو ڕووبەڕوو بەرابەر ئەخلاقیات و ڕەفتاری سێکسوالیانەی کۆمەڵگای خۆرئاوا دەوەستن، توشی شۆکێکی قووڵتر دەبن، ئەو ترسەی سەرەتا کە پابەندی سامکردنە لە تەنهایی دەگۆڕێتە سەر ترسێکی جنسیش. لێرەدا ترسە کولتوورییەکان و ترس لە جەستە دەبنە دەستگیری یەکتر، هەر جەمسەرێکیان کۆمەکی ئەوی تر دەکات، هەر یەکەشیان بارگەی ئەوی دی بەهێزتردەکات.

ترس لە جنس کە بەشێکی بنچینەیی کولتووری ئێمەو بەشێکی سەرەکی پێکهێنی کارەکتەری مرۆڤی ئێمەیە، هەندێجار لە ئاستی نەستدا وەک ترس لە جەستەیەکی مێینەی فالوسی «خەسێنەر» بەرجەستەدەبێت. ئەو خۆشی و لەزەتەی کە کۆچبەر زۆرجار لە ئاستی هەستدا لە بینینی جەستەی کچانی خۆرئاوا دەیبینێت، ئەو جەستەیەی بە درێژایی ژیانی لێیحەرامکراوە، لە ئاستی نەستدا بە سزاو گوناهبارکردن و بارکردنی ویژدان دوایدێت. ئیفلیجی سەدان گەنجی کورد لەوەی لێرە پەیوەندییەکی سێکسیانە دروستبکەن لە بەشێکیدا دەگەڕێتەوە بۆ گەورەبوونی وێنەی مێینەی فالوسی، مێینەیەک هەڕەشە لە هاوسەنگی دەرونی دەکات، هەڕەشە لە هەموو ئەو بنەما ئەخلاقیانە دەکات کە کاراکتەری کۆچبەری لەسەر بونیادنراوە.

دروستبوونی وێنەیەکی ترسناک دەرهەق بە جەستەی خۆرئاوایی، جەستەیەک هەر سێکسی دەوێت، جەستەیەک سۆزی نییە، تێناگات، تواناکان دەمژێت، نێرایەتی و مێیایەتی لاوازدەکات، مرۆڤ بۆ پلەی ئاژەڵ نزمدەکاتەوە، ئەندامی جنسی قووتدەدات و دەیقرتێنێت و نایداتەوە... هەموو ئەم وێنانە بە کۆ دەبنە بەهانەی گەڕانەوە بۆ لای جەستەی کوردی، بۆ ئامێزی هاوسەری کورد. ئەوەی کە پیاوانی کورد و ژنانی کوردیش لە خۆرئاوا دواجار دەگەڕێنەوە بۆ نیشتیمان و لەوێ هاوسەری خۆیان هەڵدەبژێرن. بەشێکی گەورەی ترسە لەو وێنە فالوسییەی کە جەستەی خۆرئاوایی لە یادەوەری و نەستیاندا هەیەتی. ئەگەر گروپی دووەم لەسەر ئەوە کاربکەن هێزی خۆیان بە جنس بەرجەستەبکەن، هێزی جنسیان بچێتە بری هێزە ئینسانییەکانی تریانەوە، وزەی جنسیان وەک سەرپۆشێک بۆ لاوازی وزەکانی دیکەیان بەکاربهێنن، ئەم گروپەی تر بە پێچەوانەوە لە ئاستی جنسیشدا هەست بەلاوازییەکی ترسناک دەکەن، لەبەردەم ئازادی و ئیرۆتیکییەتی جەستەی خۆرئاواییدا هەست بە کەمییەکی گەورەدەکەن، ئەوان لە جەوهەردا کاراکتەری مرۆڤی خۆرئاوایی وەک کاراکتەرێکی جنسی ڕووت دەبینن، کاراکتەرێک تەقینەوەیەکی شەهەوانی و شەبەقییەتێکی ترسناکی لێدەتکێت، کە بە توانا لاواز و بێئەزموونەکانی ئەوان بەراوردناکرێت. لێرەوە دەرنەخستنی ئەو ویستە چکۆلەو بەشەرم بارکراوەی خۆیان تاکە ڕێگایە بۆ وەدەستهێنانەوەی حورمەتێک کە پێشوەخت لە ناو نەستی خۆیاندا تێکشکانێکی مەعنەوی ژیاوە. هەندێکجار تووڕەیی ئەم گروپە لە مەنفا ڕیشەیەکی جنسی هەیە، بەڵام زمانیان زمانێکی ئەخلاقییە. هەندێکجار پاشەکشێی ئەم گروپە دەچێتە ئاستێکی عوصابی سەختەوە، وەک ئەوەی دەبێتە گەڕانەوەیەکی عوصابیانە بۆ لای دایک و بۆ قۆناغی منداڵی. بەداخەوە هەندێک لەوانە کە هەوڵدەدەن زمانی فەلسەفی بۆ تووڕەبوونی خۆیان لە خۆرئاوا داتاشن، لە ژێر مانای ڕوکەشی

قسەکانیاندا، ئەو فۆبیا جنسییە هەیە، سێبەری ئەو عوصابە هەیە کە تا ڕادەیەکی زۆر لە نرخی فیکری توڕەبوونەکانیان کەمدەکاتەوە. کە هەستدەکەیت دژایەتی خۆرئاوا لە بنەڕەتدا هیچ نییە جگە لە میکانیزمی بەرگریکردنێکی ئەخلاقی بەرابەر ئیرۆتیکییەتی خۆرئاوا. کە هەستدەکەیت قسەکردنی لەسەر ڕۆح لەسەر درزێواندن و پیسکردنی لەش دروستبووە، تێدەگەیت ئەوەی کە بە دژایەتی خۆرئاوا خۆی ناوزەددەکات هیچ نییە جگە لە کۆپییەکی عوصابیانەی دژایەتیکردنی جەستە کە دواجار ناونیشانێکی ئایدۆلۆژی بۆ خۆی و بۆ بابەتە عوصابییەکەی دۆزیوەتەوە.

هەڵهاتن و توڕەیی و دابڕان لە خۆرئاوا، مەرجی گەورەی ناشوێنە، بەڵام تەواوکردنی ئەو مەرجە سەلماندنی عەشقە بۆ نیشتیمان بە مەرجێ ئەو عەشقە گەڕانەوەی لەگەڵدا نەبێت.

ئەم گروپە گەڕانەوە بۆ لای ئافرەت یان پیاوی کورد بە شێوەیەک لە نیشتیمانپەروەری دەزانن. گەڕانەوە بۆ ئامێزی ئافرەتی کورد «وەک پێشتریش ئاماژەم پێداوە» دەبێتە گەڕانەوەیەکی ڕەمزی بۆ نیشتیمان. لەم هاوکێشەیەدا وێنەی جەستەی ئافرەت «یان پیاوی کورد» وەک دژەوێنەی جەستەی ئافرەت و پیاوی خۆرئاوایی نیشاندەدرێت. ئەم لەشە زۆرجار وەک لەشێکی بێسێکس تەماشادەکرێت، جەستەیەکە سۆزو خۆشەویستی هەیە نەوەک جنس. بۆ نمونە وێنەی ئافرەتی کورد لەم دیدەدا : بە ڕەوشتە، حیشمەتناسە، منداڵ دروستکەرێکی باشە، خزمەتگوزارە، خێزان یەکەم و دواهەمین مەبەستی ژیانێتی، ئارەزووی جنسی نییە... لێرەوە هەر ئافرەتێک یان پیاوێکیش لەو سیفەتانە دەرچێت زڕانی ناوی و سەدای ئابرووچوونی لە ناو کۆمیونتی کوردیدا لە ناوزڕانی کەسێکی هاودەردی لە نیشتیمان دەیانجار گەورەترە. ئەم گروپە هەموو عەقڵ و هەست و ویژدانی خۆیان دەکەنە چاوەدێرکەری ئەخلاق، دەبنە پارێزەری ئەو وێنە جاویدان و ئەبەدی و نەگۆڕەی جەستە، وەزیفەیان لە وەزیفەی دەستەی تیربارانکردن دەچێت، کاریان بەنەفرەتکردنی ئەوانەیە کە لەو وێنەیە دەردەچن کە ئەوان بانگەشەی بۆدەکەن. لای ئەمانە گەڕانەوە بۆ لای ئافرەتی کورد گەڕانەوەیەکی ڕەمزییە بۆ خاوێنی و پاکی و شەرەف، ناشبێت هەرگیز ئەو ڕەهەندە ڕەمزییە بمرێت.

ئەم گروپە «هەروەها گروپی چوارەمیش کە دواتر باسیان دەکەم» هەوڵدەدەن ئەو ترسەی لە خۆرئاوا هەیانە تا دوائەندازە کپبکەن، ئەمانە گووتاری ئەخلاقی خۆیان لەسەر ئەوە بونیادناوە کە خۆرئاوا کۆمەڵگای مردنی ڕۆح و سەروەری فەسادە. ئەم بۆچوونەش دەرەنجامێکی هەیە، دیارە کەسی بەرابەر دەپرسێت کە خۆرئاوا مەڵبەندی ئەم هەموو دەردە

کـوشندەیەیە، لەبەرچی تـۆ ڕەوشـتی خـۆت ئاوا لـە بەردەم تۆڤـانـی فـەسـاددا ڕادەگـریت و ناگەڕێیتەوە بۆ نیشتیمان؟. کە ترس لە خۆرئاوا ترسێکی ئەخلاقی گەورەبێت، لێرەوە کۆچبەر دەبێت بەهـانەیەکی گـەورەی بەدەسـتـەوە بێت، بۆئەوەی بیـسـەلمێنێت ئەو نەکـەوتۆتە گـێـژەنی فەسـادەوە. وەڵامی ئەم پرسیـارە لای کۆچبەرانی ئەم گروپە ئەوەیە: ڕاسـتـە خۆرئاوا مـەڵبەندی فەسـادو سـەرزەمـینی خراپەو ماڵـی عوهرسـتـانە، بەڵام مرۆڤ شـەرەفی خۆی لەگەڵ خـۆیایەتی، مـرۆڤ کە خـۆی ڕەوشتـبەرز بوو لە هەمـوو جێگایەکدا خـۆی دەپارێزێت، کە واش نەبوو شـوێن نرخێکی ئەوتۆی نییە.

گـەر سـەرەنجبـدەین لە جـەوهـەری ئەم وەڵامـەدا جـیـاوازییـەکی گرنگ لەگـەڵ وەڵامی گـروپی دووەمدا هـەیە، گـروپی دووەم نـایانەوێت بگەڕێنەوە بۆ نیـشـتیـمان، چونکە گـەر ئەوان بگەڕێنەوە کێ دەتوانـێت درێژە بەمـارشـی فـحـولەت و کـەڵەپیـاوی ئـەوان بدات؟ لێـرەدا خـۆرئاوا گـرنگە چونکە ئەو مـەڵبـەندەیە کـە پیـاوی ئێمـە دەتوانێت بـۆ کـچـان و ژنان و پیـرێژنانی خـۆرئاوای بسەلمێنێت، چ کەڵەنێـرێکی بێوێنە و دانسقە و تەراکەوتەیە. بەڵام گروپی سـێهەم هەوڵدەدەن لە نرخـی «شـوێن» وەک فـەزایەکی ئەخـلاقی کەمـبکەنەوە. ئەوان شـەرەفی خۆیان لـەوە بە قـایمتـر وێنادەکەن خـۆرئاوا بتـوانێت بیـخـاتە بەر تاقیـکردنـەوەوە. بۆیە ناگـەڕێنەوە چونکە ئەخـلاقیـان لەوە بنجـبـەسـتـووترە دەوروبەر بیلەقێنێت. ناشـوێن لای ئەمـان لـە بێلایەنکردنی کـاریگەری شـوێنەوە لـەسـەر ئەخـلاق دەسـتـپـێدەکات، ئەوان ناگـەڕێنەوە چونکە لە بنەڕەتدا خـۆرئاوا ئەو هێزەی نییـە هەڕەشـە لـە ڕەوشـتیـان بکات، ئەخـلاق لای ئەمـان جـەوهـەرێکـی نەگـۆڕە، لێرەبن یاخود لە نیشتیـمان ئەو جەوهەرە هەردەم نەگـۆڕ دەمێنێتەوە. دەرەنجـامی ئەم بۆچوونە ئەوەیە کەسی کۆچبەر پتر دیواری شـورا ئەخـلاقییـەکانی خـۆی قـایمبکات، پتـر ویستـەکانی خـۆی بچـەپێنێت، گەر ئارەزووە حـەرامـەکانیش کـەوتنە سـەرەتاتکێکردن پتر سـزای دەرونی خـۆی بدات. پەلەبکات لەدروسـتکردنی مـاڵێکی کوردی و خـێزانێکی کوردیدا شـەرەفی بپـارێزێت. ناشـوێن لای ئەمـان خـۆشـاردنەوەیە لە خـۆرئاوا لە ڕێگای بایکۆتێکی ئەخـلاقیـیەوە، خۆشـاردنەوەشـە لە نیشتیـمان لە ڕێگای دڵنیـاکردنی دەوروبەرەوە بە هێزو قـایمی ئەخلاقیـاتی خۆی. ئەو خـۆی لە خۆرئاوا دەپارێزێت، چونکە خـۆرئاوا مەڵبـەندی بێڕەوشتییە، نـاشگەڕێتەوە بۆ نیشـتیـمان چونکە شـەرەفی ئەو لێرەو لەوێ نەگۆڕەو مـووی لێ نالەرێت. ئەم هـاوکێشـەیەیە ژیانی برێکی زۆری کۆچبەران کۆنترۆڵدەکات، هـاوکێشـەیەک هەردوو سـەری لە درۆو خورافـاتی کولتووری و دەرونیـدا نوقمبووە، دەرەنجـامـەکەشی بە تێنەگەیشـتن لە خـۆرئاواو تێنەگەیشـتن لە خـود کۆتاییـدێت. زۆربەی کـاتیش ئافرەت قـوربانی ئەم تێگەیشـتنەیە، کە بەردەوام چاوەڕوانی

ئەوەی لێدەکرێت، شتێک نەنوێنێت بۆنی هەواو هەوەسی لێبێت، چونکە هەموو ئاماژەیەک بۆ هەوەس و جوانی وەک شێوەیەک لە تەفرەدان سەیردەکرێت، کە پێش پیاو ئافرەت دەبێت لە خۆیدا بیکوژرێت.

**گروپی چوارەم:**

گروپی ئەوانەیە کە لە بنەڕەتدا بە خێزانەوە دێنە ئەوروپاو خۆیان وادەردەخەن کە پێویستیان بە پەیوەندی جنسی لەگەڵ خۆرئاوادا نییە. ئەم گروپە پاسیڤترین و داخراوترین گروپی کۆچبەرانن. ژیانی جنسی ئەم خێزانانە زۆرجار جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ ژیانی جنسی خێزانە هاوشێوەکانیان لە نیشتیمان نییە. ئەم پاسیڤیزمە جنسییە، ئەم ڕوو وەرگێڕانە لە خۆرئاوا وەک بابەتێکی جنسی و نیازێکی لیبیدۆیی، دەبێتە ڕوو وەرگێڕانێکی ڕەها لە هەموو ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیانی خۆرئاوا. باوک و دایکی ناو ئەم خێزانانە خۆیان بە پاسەوانی یەکەمی ئەخلاق دەزانن، وەزیفەی خۆیان بەوە تێدەگەین سنووری کۆنتاکت و شێوەی هەڵسوکەوتی منداڵەکانیان لەگەڵ خۆرئاوادا دیاریبکەن. توندگیری ئەخلاقی یەکێکە لەهەرە کۆڵەکە سەرەکییەکانی خۆپاراستنی ئەم خێزانانە، نیشانەی هەرە گەورەی وەفاو ئیماندارییشە بۆ نیشتیمان. پاراستنی ئەو بۆماوە ئەخلاقییەیە کە نەوە دوای نەوە دەیگوازنەوە، شارێگای گەورەی ئەم خێزانانەیە بۆ دەرخستنی وەلائی هەتاهەتایی خۆیان بۆ نیشتیمان. ئەم گروپە لە هەموو گروپەکانی تر لە خۆجیاکردنەوەو خۆ بە دوورگرتندا لە خۆرئاوا توندڕەوترن، لە هەموو گروپەکان زیاتریش قسە لە گەڕانەوە دەکەن. خەونی گەڕانەوە لە ناو ئەم خێزانانەدا میکانیزمێکی دروستکردنی بیرکردنەوەو وەلائە لەلای منداڵەکانیان، ئەوان لە ناو خێزان و لە دانیشتنە کۆمەڵایەتییەکانیاندا هێندە زۆر و بە جۆش قسە لە گەڕانەوە دەکەن، تا ڕۆژێک ئیدی دەبێتە پرسیارو خولیای منداڵەکانیشیان، دەبێتە بەشێک لە ئاسۆی بیرکردنەوەو خەیاڵیان، ئیدی وای لێدێت منداڵەکان قووڵتر بیر لە سەرچاوەو زادگای ڕەسەنی خۆیان دەکەنەوە... خودی ئەم باسکردنە بەردەوامە ویستی ڕاستەقینەی گەڕانەوە ڕانانێت، بەڵکو دایک و باوک لە ڕێگای باسکردنی نیشتیمان و گەڕانەوەیەکی حەتمییەوە دەیانەوێت پەیوەندی منداڵەکانیان بە خۆرئاوا و کولتوورەکەیەوە تا دوا ئەندازە بچوکبکەنەوە. خودی ئەم سووربوون و پێداگرتنە لەسەر گەڕانەوە، هەوڵە بۆ ئەوەی کاراکتەری منداڵ پێچێک ڕووەو زادگاو ئەخلاقیاتی باوان بکاتەوەو لە بیری ئەوەدا بێت کە ئەو سەر بە شوێنێکی دیکەیە، ئەمە لە جەوهەردا کارێکی گەلەک باش دەبوو گەر بە نیازی دابڕاندنی منداڵ لە کولتووری خۆرئاوا، چاندنی حوکمی پێشوەخت و ڕکەبەرایەتی دینی و ئەخلاقی نەبایە، گەر لە خزمەتی

سـیـاسـەتـی «ئێـرەش» و «ئـەوێش» دا نـەبـایە، کـە دەیەوێت پاڵەوگـەیەک دانێت لـە هـەردوولا سوودەکان بمژێت و سـەر بە هیچ دونیـایەکیش نەبێت. ئـەمـە ئەمرۆ وایکردووە منداڵی کورد بوونـەوەرێکی بێکاراکـتـەرو ئـیـفلیج بێت و سـەر بە هیچ دونیـایەک نەبێت... وایکردووە هەرزەکارانـی کورد دوو ڕێگایان لە بەردەمدا بێت کە هەردووکیان بە مردنی ڕۆحی و مـانەویی دوایی‌دێن. یان مـردن لە باوەشی خێزانـدا، یان هـەڵهاتن لە خێزان و ونبوون و دەستخەڕۆبوون لە دەرەوە.

ڕێگا سـەرەکییەکانی ئەم گروپە بۆ خـۆدزینەوە لەگەڕانەوە بەرەو نیشـتیـمان دوو شـێوازی سەرەکییـە، یەکەمیـان وەک دەستـەی سێهـەم، وێناکردنی خـودە وەک قەڵایەکی پتـەوو نەپساوی ئەخلاق، خـۆ نیشـاندانە بە وێنەی ئەو خـانەوادەیەی ئەخـلاقی لەوە قـایمتـر و بنج بەسـتووترە هیچ بـایەک بتـوانێت بیلەقـێـنێت. هیـچ خـێـزانێک لەم خـێـزانانە ناتوانن بڵـێن لـەبەرئەوەی مـەترسـی لەسـەر ئەخـلاقمـان بووە، بۆیە دەگـەڕێینەوە. ناتوانن دان بـەوەدا بنێن کە خـۆرئاوا لاوازیکردوون و خـەریک بووە بیـانخـاتە سـەر ئـاگـری هەواو هەوەس بۆیـە فـریاکـەوتوون و گەڕاونەتەوە بۆ نیشـتیمان. هیـچ بابێکی ناو ئەم خێزانە ناڵێت من هەوەسم چۆتە سـەر شێوە ژیانێکی جنسی دیکە بۆیە گـەڕاومـەتەوە، هیچ خـاتوونێکی ناو ئـەم خـێـزانانەش ناڵێت، من چیدی ئارەزووم لەو شێوە ژیانەی خێزانی خۆم نەمابوو، بۆیـە دەبایە فریای شـەرەفم بکەوم و ڕزگاریبکەم و لەو شوێنە دوورکەومەوە کـە وەسوەسـەو خەیاڵاتی بەدی لە مندا دەچاند. لەبری ئەم هەڵوێسـتـە نەگونجـاوو ژانبـەخـشـە، خـێزان خـۆی دەکاتـە قـەڵایەکی ئـەخـلاقی ئەوتۆ کـە ئارەزووی حـەرام لە هیچ دەلاقـەیەکـەوە ڕووی تێناکـات. بۆئەوەی بکاتە ناشـوێن و خـۆی لە گەڕانەوە بدزێتـەوە، خێزان لە ناوەوە دەکرێتە زەمینێک کە هیچ ویستێکی حەرام ناتوانێت تیا هێـلانـەبکات، وا وێنادەکـرێت نەکـردەو نـەشـیـاوە ئارەزوویەکی ناشـەرعی بە ڕێکەوت و ڕاگوزەریش بەناو ئەو ساختمانە بەرزەی شـەرەفدا ڕابورێت.

ڕێگای دووەمیش بۆ گەیشتن بە ناشوێن و خـۆدزینەوە لە گەڕانەوە، بریتییە لە «ستراتیژی قسـەکـردنی بەردەوام و خـەوبینینی بەردەوام بە گـەڕانەوەوە». ئەم گـروپە ژیانی خـۆیان لە ناشوێندا لـە ڕێگای یۆتۆپیـای گەڕانـەوەوە ئاودەدەن، ئەمـان ناگەڕێنەوە، بـەڵام بەردەوام قسـە لەوە دەکەن کە لەسـەر گەڕانەوەن. بەردەوام کۆمـەڵێک چیرۆک هـەیە، وەک ئەوەی لە چاوەڕێی هەلێکی گونجاودان، هەندێک پرۆژەیان هـەیە دەبێت تەواویبکەن، فرسـەتێکی باشتریان دەوێت، پـارەکـەیـان کـەمـەو دەبێت تۆزێک زیاتر بێت، بـارودۆخی سـیـاسـی کـەمـێک زیاتر ڕوونبێتەوە...هتد.

بەگشتی یۆتۆپیای گەڕانەوە باشترین ڕێگای درێژەدانە بە «نەگەڕانەوە» و بنجبەستبوون لە ناشوێندا. کۆچبەر تا ئەبەد دەتوانێت قسە لە گەڕانەوەیەک بکات کە هەرگیز کاتی گونجاوی بۆنادۆزێتەوە

**زمان و ناشوێن**

جۆزێف برۆدسکی دەڵێت «نوسەرێک بیت لە تاراوگە، وەک ئەوەیە سەگێک بیت لە کەپسولێکدا توڕیاندابیت بۆ ئاسمان» «١٤». دیارە ئەمە بەو مانایە نییە نوسەران لەهەر دەستەکەسێکی دی زیاتر نرخی ئەو ئازادییە نازانن کە تاراوگە دەیبەخشێت، بەڵام گومان نییە لەوەی کە کێشەی زمان یەکێکە لە هەرە کێشە کوشندەکانی تاراوگە و قورسایی ئەو کێشەیە لەسەر نوسەران چەندین جار سەنگدارترو فشاربەرترە لە کەسانی ئاسایی. سیزلاف میلۆزیتش کە باس لە زمان و تاراوگەبوونی نوسەر دەکات، وادەڵێت: « لەو جێگایەدا کە خەڵک چاوەڕوانی وشەکانی دەکەن، قەدەغەیە قسەبکات. کە دەڕوات و ئازادی قسەکردن وەدەستدەهێنێت، ئیدی کەس نییە گوێی لێبگرێت، جگە لەوەی خۆشی لەیادیچۆتەوە دەبێت چی بڵێت» «١٥». لە ڕاستیداهیچ شتێک لە وە ترسناکتر نییە، تۆ بە زمانێک بیربکەیتەوەو بنوسیت، بەڵام لەسەر زەمینی زمانێکی تردا بژیت. هیچ شتێکیش وەک دیلبوون لە ناو یەک زماندا خەمگین نییە، هەتا ئەگەر ئەو زمانە زمانی دایکیشت بێت. قۆناغە سەرەتاییەکانی نیشتەجێبوون لە مەنفا قۆناغی ئازارێکی قووڵە لەگەڵ زماندا، ئازاری تێنەگەیشتن و فێرنەبوون. هەندێ کەس هەرگیز ئەو قۆناغە جێناهێڵن، هەندێکی دیش جێیدەهێڵن بێئەوەی ئازارەکانیان بیربچێتەوە. بەهەرحاڵ کێشەی زمان بە ئاستی جیاواز جیاواز و بە شێوەی هەمەچەشن لەگەڵ کۆچبەردا دەژی و دەمێنێتەوە، چەند کات تێبپەڕێت، چەند لە فێربوونی زماندا بچینە پێشێ، کێشەی زمان نامرێت و لەگەڵماندایە. گێڕانەوەیەکی زۆرەملێیە بۆ منداڵی و بریندارکردنێکی قووڵە بۆ خۆئەڤینی و ئینسانییەتی مرۆڤەکان. کێشەی زمان زنجیرەیەک گرفتی یەک لە دوای یەکە، ئەگەر کێشەی تێنەگەیشتن نەبێت، ئەوا کێشەی قسەکردنە. ئەگەر کێشەی قسەکردن نەبێت، کێشەی نوسینە. ئەگەر کێشەی نوسین نەبێت، کێشەی توانای تەعبیرە. ئەگەر کێشەی تەعبیر نەبێت، کێشەی جیاوازی یادەوەری ناو زمانەکانە. ئەگەر هیچیان نەبێت ئەوا کێشەی ئەو کاراکتەرە دەستکردەیە کە زۆرجار زمانی بێگانە لە ناوماندا دەیچێنێت. کەمی وەرگێڕان لە زمانە بیانەکانەوە بۆ کوردی و لە کوردییەوە بۆ زمانە بیانییەکان تەنیا شاهیدی قەیرانی ڕۆشنبیری نییە، بەڵکو ئاوێنەی کێشەی مرۆڤی ئێمەیە لەگەڵ زمانیشدا، قەیرانێک هەمووومان تیادەژین، چ ئەوانەی زمانەکان دەزانن و چ

ئەوانەی نایزانن. زۆرجار تووڕەبوون و بێزاربوون لە زمانەکانی خۆرئاوا بە تووڕەبوون و بێزاری لە کۆی خۆرئاوا دەشکێتەوە، هەندێجاریش بە پێچەوانەوە ئەزموونی تاڵ لەگەڵ ئەم کولتوورانەدا دەبێتە هۆی ڕووەوەرگێڕان و کزبوونی ئارەزووش بۆ زمان. لە ڕاستیدا ئازاری زمان ئازارێکە دەکرێت هەوێنی تێرامانێکی سۆسۆلۆگی قووڵ بێت. ئێمە سەرەتا لە دونیایەکەوە دێین، زمانی خۆمان زمانی دووهەمە، تائەندازەیەک ئەو زمانانەی فێریاندەبین وەک فەرزێکی سیاسی بەسەرماندا سەپێنراون، زۆرجار بە ڕقێکی زۆرەوە مامەڵەمان لەگەڵ ئەو زمانانەدا کردوە کە زمانی داگیرکەرەکانمان بوون و دەبایە ئێمە بیانزانین، لە هاوکێشەیەکی زاڵمانەدا کۆنتاکتمان لەگەڵ زمانەکانی دیکەدا دروستکردووە، ئێمە ناچاربووین عەرەبی و فارسی و تورکی فێربین و بەدەگمەن لە ژیانماندا عەرەبێک و فارسێک و تورکێکمان بینیوە ئەلف و بێی زمانی ئێمە بزانن، خودی فێربوونی زمان لێرەدا ئاوێنەی بێدادییەکی گەورەبووە. دیارە من لەوانە نیم هەڵوێست لە داگیرکەر تێکەڵاوی هەڵوێست لە زمان و کولتووری بکەم، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە یادگارو یادەوەری و نەستی ئێمە دەرهەق بە فێربوونی زمان پڕنییە لە وێنەی غەمبار. تاراوگە ئەم برینە قووڵتردەکاتەوە، لەگەڵ کۆچدا تێدەگەین ئێمە هیچ کات بستە زەمینێک نادۆزینەوە زمانی ئێمە تیا سەروەر بێت. کەسێکی دی نادۆزینەوە زمانمان بزانێت و ڕێزی لێبگرێت، تێدەگەین ئێمە لەهەر کوێیەکی دونیادا بین زمانمان زمانی پەراوێزە، ئەمە وادەکات ئارەزووی فێربوونی ڕاستەقینەی زمانەکانی دی لە مرۆڤی ئێمەدا زۆر کزببێت، من پێموایە بەربەستێکی قووڵ لە نەستی ئینسانی ئێمەدا ئارەزووی فێربوونی زمان دادەمرکێنێتەوە. ئەوەی مرۆڤی کورد ناتوانێت بە زمانی خۆیەوە بەنرخ بێت، یەکێکە لە هەرە گورزە کوشندەکان لە نەرجسییەتی ئەم مرۆڤە... دیارە بەرزڕاگرتن و بەگرنگ زانینی زمانەکانی دیش بەرزکردنەوەیەکی ڕەمزییە بۆ کاراکتەری ئەویدی بەرابەر بەخۆی، هەتا ئەو کۆچبەرانەش کە زمان فێردەبن وەک ئەوەیە تەماهی لەگەڵ بەرزی و بڵندی زمانەکاندا بکەن، وەک ئەوەیە بە کۆچبەرەکانی دی بڵێن، ئەوەتا ئێمە لەوەدەرچووین گرێمانەی زمان «عقدة اللغة» مان هەبێت، ناڵێم کێشەی زمان، بەڵکو وشەی «گرێمانە ـ عقدة» بەکاردەهێنم، بەو مانایەی مانەوە لە سنووری زمانی خۆتدا، وەک مانەوە لە دۆخێکی نزم و ناکامڵ و ئیفلیجیدا سەیردەکرێت.

زمان یەکێکە لەو هۆیانەی پاڵ بە زۆرینەیەکی کۆچبەرانەوە دەنێت ڕووەو خود بگەڕێنەوە. فێرنەبوونی زمان، یان خواستی بەکارنەهێنانی، لە دواجاردا لە دروستکردنی ئینتیماکاندا فرمانێکی تایبەت دەبینێت، نەویستنی زمان، ڕانەهاتن لەگەڵیدا، یان فێربوونی بە ئەندازەیەکی زۆر سنووردار، یان فێربوونی و توانای سوود لێنەبینینی، لە دیوێکیدا

خۆشـاردنەوەیە لـە خـۆرئاوا. زمـان پلەی نـائاسـوودەگی لە ژیانی کـۆچبـەردا چەند پلـەیەک بڵنددەکاتەوە... پتر وادەکات مرۆڤ بۆ شوێنێکی دی بگەڕێت، بۆ جێگایەک کەمتر فشـاری بێـزمـانی لـەسـەر بێت. لێـرەوە گـەڕانەوە بەرەو زمـانی دایک، دەبێـتـە یەکـێک لە هـۆکـان و کەرەسـتـەکانی دروسـتکردنی ناشـوێن، دیارە قسـەکردن بە زمانی ڕەسـەنی خۆت شـتـێکی ئاسـایی و ڕەوایە، چ پەیوەندییـەکیشـی بـە شـوێن و ناشـوێنەوە نییـە، بەڵام کە بەکارهـێنانی زمانی دایک وەک جەمسەرێکی پێچەوانەو ئەلتەرناتیفی بەکارهێنانی زمانی بیانی بوو، لێرەدا قـسـە لە وەزیفـەیەکی زمـان دەکـەین، جـودایە لە وەزیفـە بنەڕەتـیـیـەکـەی، یاخـود کـاتێک بەکارهێنانی زمان هاوشـانی پێداگرتنێکی عاتیفی بوو لەسـەر نیشتیمان، واتە کـەرەستەیەکی نیشـاندانەوەی وەلائی کوردانە بوو لە خۆرئاواوە، ئیدی زمان و جۆشوخرۆشی زیاد بۆ زمانی دایک بەشـێکە لە دیکۆرە دەرونـی و ئایدۆلۆژییـەکانی ناشـوێن. ئیدی خـەمخـۆری دەرهـەق بە زمـانی دایک دەگاتە پلەیەکی ئـەفسـانەیی، هەندێک لە کۆچبەران ترسـێکی قووڵیـان دەرهـەق بە زمـانی خۆیان لادروسـتدەبێت، ترسـی ئەوەی منداڵەکانیـان کوردی نەزانن «دیـارە شتێکی زۆر سـروشـتییـە منداڵەکانمان فێری کوردی بکەین، من لەگەڵ ئەوەدام منداڵـەکانمان هـەتا فـێری عەرەبیش بکەین، بەڵام کە ئەم ترسە چووە ئاستی فۆبیاوە، چووە ئاستی ئەوەی ئەمە ئەرکێکی نەتەوەییـە، ئـەوەی منداڵەکـەی کـوردی باش نازانێت خـیـانەتکارە» لێرەدا لـە بەردەم دیاردەی بەکارهێنانی زمـانداین وەک چەکێک کە کۆچبـەر دڵسـۆزی و وەلائێکی زۆرجـار درۆزنانەی پێ وەدەردەخـات بۆ نەتەوە، زۆربـەی ئەوانە کـە بەو جـۆرە پێ لەسـەر کـوردایـەتی خـۆیان دادەگرن، ئامـادەنین لە هـەمـوو تەمەنیـاندا کتێبێک، یان گۆڤارێک یان سـیدی هونەرمـەندێک یان تابلۆی هونەرمەندێکی کورد بکڕن. واتە ئەو حاڵەتەی ئێمە دەیبینین حـاڵەتێکی فۆبیاییـە کە پەیوەندی بە خولقاندنی شوێنێکی ترەوە هـەیە لە مەنفا نەوەک بە خزمەتکردنی نەتەوەوە.

گەر نمونەیەکی نوێ و زیندوو بهێنمەوە، نمونەی یەکێک لە شاعیرەکانمان دەهێنمەوە، کە لە مێژە لە خۆرئاوایە. ئەم بـرا خۆشەویسـتەمـان لە چاوپێکەوتنێکدا واقسـەدەکات کـە ئەو هەندێ جـار کە شـیـعـر دەنوسـێت چەندین شـەو خـەوی لێنـاکـەوێت، تـەنیـا بیـر لە شـوێنی نوخـتـەو فـاریزەکان دەکاتەوە. دیارە ترسی ئەوەی شـوێنی نوختـەو فاریزەکانی تەواو نەبێت، بەجـۆرێک خەیاڵی داگیردەکات، بواری بۆ نـاهێڵێتەوە بیرێکی تر لە فیکرو ڕۆشنبیـری و کێشـەکانی دیکە بکاتەوە. هـەر ئەم برایەمـان فۆبیـایەکی گەورەی لە لە ناوچوونی زمـانی کوردی هـەیە، لـە هـەموو جـێگایەک وا باسـدەکات کـە زمـانی کـوردی بەرەو نەمـان دەچێت، نوسـینی کوردی هـەمـووی هەڵەیە، بەرگی کـتـێـبـەکـان هەمـوو هەڵەن، زمـانی هەواڵەکـان هـەمـووی هەڵەن، کـتـێـبی

قوتابخانەکان هەمووی هەڵەن، مانشێتی ڕۆژنامەکان هەمووی هەڵەن، لای ئەم برادەرە یەک کوردی لە دونیادا ڕاستە ئەوەی خۆی و سێ چوار برادەری خۆی پێیدەینوسن، ئیدی ڕێزمانی ئەوان و ڕێنوسیان ستانداردە. دیارە ئەم حیرسە بۆ زمانی کوردی گەورەو ڕاستگۆیانە دەبوو گەر ئەم برایەمان دوای گەشتێکی درێژ لە خۆرئاوا کۆمەڵێک هەوڵی فیکری جیدیانەی هەبایە، هەندێ کتێبی فیکرو هەندێ ڕۆمان و هەندێ دیوانی بۆ بکردینایەتە کوردی، هیچ نەبایە بەردەوامییەکی ڕاستگۆیانەمان لە شیعردا لێبدیبایە، ئەوا دڵنیادەبووین ئەوەی ئێمە بە فۆبیا ناویدەبەین، فۆبیا نییەو حەسرەت و دڵسۆزی و نەتەوە پەرستییە، بەڵام تۆ هەموو ژیانت لە ژێر نازناوی ڕۆشنبیردا ژیابیت و ئێستاش کەسمان بیروبۆچوونی ڕاستەقینەت لەسەر هیچ کێشەیەکی دونیا نەزانین، ئیدی شەو خەو لێنەکەوتن بۆ نوختە و فاریزە بۆ وەک سووتان بۆ کورد تەماشابکرێت؟ هەموو دەزانین کورد پێویستی بە ڕەنجی تر هەیە، حەسرەتیش بۆ شوێنی نوختەو فاریزەو «ئەو هەموو پرۆفیسۆرەی ئێمڕۆ لە بواری نوختەو فاریزەدا پەیدابوون» جگە لە حاڵەتێکی فۆبیایی دەرهەق بە زمان هیچی تر نییە. ترس دەرهەق بە زمان ئەمڕۆ گەلەک دەرکەوتەی تایبەتی هەیە، نیشاندانی هاتنی وشەیەکی نوێ وەک نیشانەی هەڵتەکان و لە بناغەدەرچوونی زمان، نیشاندانی ڕێنوسی تازە وەک مەترسییەک لەسەر مان و نەمانی نەتەوە، دەرکەوتنی ڕیزێک فەیلەسوف لە بواری واوی تاک و واوی جووتدا، کە دەکرێت بە «سوپای پرۆفیسۆرەکانی واو» ناویانبەرین. هەموو ئەمانە نیشانەی جۆرە بەرخوردێکی فۆبیایین لەگەڵ زماندا، سەیر لەوەدایە بەشی هەرە زۆری ئەم پیاوە ترساوانە لە زمانی کوردی لە خۆرئاواوە قسەدەکەن. ئەوانەن قسەدەکەن کە ڕۆژێک لە ڕۆژان نەیانتوانیوە بە وەزیفە بنەڕەتییەکەی ڕۆشنبیر هەستن کە بەرهەمهێنانی فیکرە «کە دڵسۆزی و نادڵسۆزی بۆ زمانی نەتەوە لەویادا دەردەکەوێت، نەوەک شەونخونی بە دیار نوختەو فاریزەوە».

ئەمە نیشانەیەکی گەورەیە کە پێداگرتن و سووربوون لەسەر هەندێک وردەکاری ناو زمان، پەیوەندی بە میکانیزمێکی ترەوە هەیە، جۆرێکە لە نیشاندانی سەرپەڕانەی وەفا کە دوای هەستێکی قووڵ بە بێوەفاییکردن سەرهەڵدەدا. واتە خۆبەستنەوەی توند بە زمانی نەتەوەوە، دواجار هەمان وەزیفەی هەیە کە دیواری ماڵ هەیەتی، وەزیفەی پاراستن و دووڕاگرتن لە خۆرئاوا، وەزیفەی بەکارهێنانی وەک پردی گەڕانەوە بۆ لای نەتەوە، وەزیفەی بەکارهێنانی وەک سوپەر بۆ پاراستنی لە مەترسییەکانی دەرەوە. کێشەکە لێرەدا ئەوە نییە من پێموابێت دەبێت کەس دەستبەرداری زمانی خۆی بێت، بەڵام لێرەدا ڕەگەزێکی شانۆیی هەیە. لە کاتێکدا دەستبەرنەدان لە زمان، شتێکە هەموو تەباین لەسەری، ئیدی بۆ بەمشێوە

تیاترئاسایە نیشاندەدرێتەوە؟ بۆ هەندێجار بەو شێوە هیستیرییە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت؟ بێگومان لە پشت ئەم تیاترەوە دەنگێک هەیە دەڵێت «ئەی وەتەن تەماشای کوڕەکەت بکە، لە غوربەتدا چەند دڵسۆزی زمانەکەتە»، ئەو بایەخدانە بە زمان وەک نامەیەک بۆ نیشتیمان دەنێرێتەوە کە «ئەو لە کۆمەڵگاکانی تردا وننەبووە و نەتواوەتەوە».

فێربوونی زمانی بێگانەش زۆرجار بە هەمانشێوە وەک فێرنەبوونی سروشتێکی تیاترئاسا و شانۆگەریانەی هەیە. وەک چۆن هەندێک دەڵێن «سەیرکەن ئێمە هێندە مەحەبەتمان بۆ زمانی خۆمان گەورەیە، چ بایەخێک بە زمانی تر نادەین»، ئەویدیان وێنەیەکی دی دروستدەکات کە وێنەی ئەو قارەمانەیە کە توانیوێتی زمانەکانی دی داگیربکات. لێرەدا فێربوونی زمان وەک ڕامکردنی ئافرەت وەهایە، هێمایەکە بۆ فحولەت و هێز. ئەمجارەش کۆچبەر وێنەکە هەر بۆ نیشتیمان دەنێرێتەوە. لێرەشدا کۆچبەر بە نیشتیمان دەڵێت «سەیرکە کوڕە قارەمانەکەت، چ ئازایانە بەسەر سەختترین بەشی ژیانی غوربەتتدا سەرکەوت» لە ڕاستیدا ناشوێن سیستمێکی بەردەوامی ناردنەوەی وێنەیە بۆ نیشتیمان، هەتا ناردنەوەی نوسین و کتێبیش کە ئێمەی نوسەران دەیکەین هەمان ڕۆڵی هەیە، واتە ئەلتەرناتیفی گەڕانەوەیە بە جەستە، هەوڵدانە بۆ خۆدزینەوە لە گەڕانەوەی ڕاستەوخۆ. هەموو ئەم شتانە دەکرا وەک چالاکی ئاسایی سەیربکرێن، بەڵام کاتێک بە کۆ بە دەلالەتی نیشتیمانپەروەرانە باردەکرێن، ئیدی ناوەڕۆکێکی دی ئاشکرادەکەن.

کۆچبەر کاتێک توندڕەوانە مامەڵەی زمانی خۆی دەکات، کاتێک هەڵهاتنی بەرەو دۆستە کوردەکانی دەبێتە هەڵهاتنێکی بەردەوام لە بەکارهێنانی زمانی ئەوی دی، کاتێک ژیانی دەبێتە خۆدزینەوە لە هەر جێگایەک بشێت زمانی بیانی تیا بەکاربێت، بەو هەڵوێستەی دەیەوێت پرسیاری گەورەی گەڕانەوە بکوژێت. کۆچبەر لە هەموو دۆخەکاندا بۆ دەربازێک دەگەڕێت بتوانێت لە بری خۆی وێنەیەکی گونجاو بنێرێتەوە بۆ وڵات. هەتا فێربوونی زمانی بیانیش زۆرجار تەنیاو تەنیا کەرەستەیەکە بۆ ناردنەوەی وێنەی جوان بۆ وڵات، نەوەک کەرەستەی گەیاندنی کولتوورو دامەزراندنی پردی دیالۆگ. کۆچبەر لەم دۆخانەدا دەڵێت « ئەوەتا من دەتوانم لە شوێنی دیکەشدا بژیم و سامانی تریش وەدەستخەم و تۆزێک میهرو وەفاشم بۆ دایکی نیشتیمان لکەدار نابێت». یان دەڵێت «من لێرە هەر بە زمانی خۆم قسەدەکەم، منداڵم بەهەمان زمان قسەدەکەن، مەترسییەک لەسەر ڕەسەنایەتی و شوناسمان نییە، ئیدی بۆ زمان وەک کەرەستەیەکی فشار بەکاربێت بۆ گەڕانەوە». فشارکردن لە سەر زمان فشارکردنە لەسەر شوناس. بەڵام لێرەدا شوناسێکە ڕووەو داخران و دوورەپەرێزی

دەڕوات، ڕووەو خۆجیاکردنەوەیەکی ڕەها، ئیدی لەم هاوکێشەیەدا بەکاربردنی زمانی ئەورووپی وەک کەرەستەیەکی کولتووری گرنگ، ئامادەگی نییە. ڕاستە زۆربەی هەرە زۆری ئەو هەوڵە جیدییانەی لە بواری فێربوونی زماندا دەیبینین لە ئاستی وەدەستهێنانی شەهادەو پلەوپایەی ئەکادیمیدایە، تا لە ڕێگای وەدەستهێنانی دانپیانانی خۆرئاواوە، ئەو ڕاستییە بۆ نیشتیمان روونبێتەوە کە ئەوە کوڕە بێنازەکەی ئەوە دوای وەدەستهێنانی دانپیانانی دونیا سەربەرزانە وەک کوڕی بەئەمەکی نیشتیمان دەگەڕێتەوەو داوای مافی خۆی دەکات، بڵێت ئەوە منم فەتح و غەزاکانی خۆم بردۆتە خاکی غەریبان و لەوێوە دڵی تۆ دەدوێنم. واتە فێربوونی زمان وەک کەرەستەیەکی ڕۆشنبیری بەکارناهێنرێت کە زمان و کولتووری پێدەوڵەمەند دەکرێت، بەڵکو پرۆسەیەکی تیاتراوی و نمایشییە. ئەگینا سەیرە زۆربوونی خاوەن شەهادەکان هاوڕێی فەقیربوونی بەردەوامی کتێبخانەی کوردییە، زۆربوونی ژمارەی ئەوانەی زمانی بێگانە دەزانن گەر بە ڕێژە لەگەڵ جاراندا پێوانەیبکەین هاوڕێی دوورکەوتنەوەی پتری ئێمەیە لە دونیا. ئەمە بۆخۆی نیشانەی ئەوەیە کە خەمی فێربوونی زمان خەمێکی ڕۆشنبیری نییە، بەڵکو خەمێکی نمایشییە، نیازی خۆشکردنی زەمینەی مانەوە لە ئەورووپاو ناردنەوەی وێنەی شیرینترە بۆ نیشتیمان. پەیوەندییەکە پتر بە ڕەگەزو بنەماکانی ناشوێن تەفسیردەکرێت، نەوەک بە خەمی کولتووری. کەم نەتەوە هەیە وەک ئێمە خەڵکی لە خۆرئاوابێت، کەم نەتەوەش هەیە، هێندە کەم ئاگاداری خۆرئاوابێت، کەم نەتەوە هەیە هێندە نەوەی لەدەرەوەبێت، کەم نەتەوەش هەیە وەک ئێمە نەناسراوبێت. کۆچبەر لەو ساتانەشدا کە فێری زمانی میللەتانی دی دەبێت، زیاتر ئەو سەرمایە ڕەمزییەی مەبەستە کە ئەو وەک تاک و وەک زمانزان وەدەستیدەهێنێت، نەوەک ئەو سەرمایەی ڕۆشنبیرییەی کە زمانەکانی دی پێشکەشیدەکەن. ئەو کە زمانی دیش فێردەبێت هەر قسە لەگەڵ خۆیدا دەکات، کە زۆرجاریش قسە بۆ خۆرئاوادەکات، گوێت لە ئیقاعی ئەو مەنەلۆژە ناوەکییەیە کە دەشکێت و ناتوانێت ببێتە دیالۆگ.

کاتێک لە زمانەکانی دی ڕادەکات، زمانی خۆی دەکات بە دەرگای نەکراوەو کڵۆمکراوی ناشوێن. کاتێکیش زمانەکانی دی فێردەبێت، دەیانکات بە وێنە، دەیانکات بە شێوازی خۆجوانکردن و مەکیاجکردن، نەوەک بە دەرگای قسەکردن و کرانەوە بۆ دونیا. بەوجۆرە نیشتیمان دێتەوە ناو زمان، دانیشتن لە ناو زمانی خۆتدا دەبێتە ئەلتەرناتیفی دانیشتن لە نیشتیمان، ئەو زمانانەی دیش کە دەیزانی نابنە نیشانەی عەشقی تۆ لەگەڵ دونیادا، بەڵکو دیاری تۆیە بۆ نیشتیمان، فێربوونی زمانەکانی دیش نابنە نیشتەجێبوون لە ماڵی ئەواندا، هێندەی کەرەستەی پێویستن بۆ شەڕی تۆ لەگەڵ ئەواندا. لێرەدا فێربوونی زمان لەبری ئەوەی ببێتە کەرەستەی ناسینی ئەویدی، دەبێتە کەرەستەی نەناسینی ئەو، ئیدی سەیرنییە لەو

هاوکێشەیە تێبگەین، بۆ زۆر لە دکتۆرو ئەکادیمی و ڕۆشنبیرەکانمان زمانی بێگانە دەزانن و ئەویدی ناناسن. بۆ ساڵەهای ساڵ لە خۆرئاوا دەژین و دوو وتاریان لەسەر خۆرئاوا ناخوێنینەوە. بۆ هەندێکیان لێرە دەبنە مامۆستای زانکۆو لەهەمانکاتیشدا ڕووەو سۆفییەت وەردەگەڕێن. چی وادەکات، لەگەڵ فێربوونی زیاتری زمان و بڵندبوونەوەی زیاتردا «لە توانای بەکارهێنانی زماندا»، ببنە ناسیۆنالیست و دیینگەرا. ئایا ئەمانە هەموو بەڵگەنین کە فێربوونی زمانەکانی دی، بۆ ناسینی ئەویدی نییە، بەڵکو بۆ دووبارە ناسینەوەی خودە، بۆ تەنیا کوردۆلۆژی دەبێتە بابەتی سەرەکی و هەرێمی سەرەکی ئیشکردنی بەشی هەرە گەورەی ڕۆشنبیرانی کورد؟ بۆ هیچ خۆرئاواناسێکمان نییە؟ ئایا ئەمە بەڵگەی ئەوە نییە کە ئێمە زمانی ئەوی دی دەکەین بە ئاوێنەیەک بۆئەوەی خۆمانی تیابببینینەوە، بەڵگەی لادان و سڕینەوەی ئەوی دی نییە، بە چەشنێک لەودا جگە لە خۆمان و نیگاری خۆمان و مێژووی خۆمان هیچی دی نەبینینەوە، ئایا ئەمە گۆڕینێکی زۆرەملێی ئەویدی نییە، بۆ نیشتیمان، سڕینەوەی ئەویدی نییە بەجۆرێک لە خۆمان زیاتر هیچی دی تیا نەبینینەوە، کە لە جەوهەردا ئەمە گەورەترین مەبەست و ستراتیژی پشت بونیادنانی ناشوێنە.

### هەندێک وردە تێبینی وەک کۆتایی بۆ سەرەتایەکی تر

ئەوەی من لێرەدا کارم لەسەرکرد، تەوەرێک و بەشێکی بچوکی ئیشکردنە لە دونیای ناوەوەی غەریباندا. قسەکردن بوو لە ترسی غەریبان لە غوربەت. دیارە ئەم ترسە و میکانیزم و دەرکەوتەکانی دونیایەکی گەورەتر و ئاڵۆزترە لەوەی کە من لێرەدا هێزم بەسەریدا شکاوە. جگە لەوەی کە غەریبان لە کۆمەڵێک گۆشە نیگای دیشەوە دەخوێنرێنەوە، وەک خوێندنەوەی ژیانی کۆچبەر لە دونیایەکدا کە دیاردەیەکی ترسناکی تیایە بە ناونیشانی «ترس لە غەریبان ـ کسینۆفۆبیا ـXenophobie » هەروەها مەیلیشی تیایە بۆ «عەشقی غەریبان ـ Xenophilie».
گەڕانی من تەنیا لە سنووری دەستداندا بوو لەو هێڵە گشتیانەی بڕێکی زۆر لە خسوسییەتی ژیانی کۆچبەری کوردی تیابوو. ژیانێک پێموایە تەنیا هەرێمێکی نەدۆزراوە نییە لەلای خۆمان، بەڵکو هەرێمێکی نەدۆزراوەشە لە زانستە ئەکادیمییەکاندا، کە لە چاوێکەوە سەیری کۆچ و کۆچبەری دەکەن، بۆ ئێمە کە ڕۆژانە ئازارە قووڵەکانی کۆچ دەژین، گەلەک دوورو نەپێکە. هەموو ئەو شتانەی من لە دونیای کۆچبەردا لێیدوام، بەتایبەت ناشوێن دروستکردن و زیندەگیکردن لەگەڵیدا هاوشانی ئازاری گەورەیە، من لەم باسەمدا نەمتوانی بەپێی پێویست ئەو ڕاستییە بگەێنم کە کۆچبەر بوونەوەرێکی خەمگینە، ڕاستە تا ئەندازەیەکی زۆر هەوڵی

دروستکردنی گونجان و هارمۆنی دەدا، هەندێکجار ناچارە نمایشی خۆشبەختی و بەختەوەری پێشکەشبکات. بەڵام دەبێت بزانین لەو هەولانەدا تەنیایە. لە هەموو شتێک ترسناکتر لە ژیانی کۆچبەردا ئەوەیە کە نە کۆمەڵگای خۆی ئازارەکانی هەڵدەگرێت و نە خۆرئاواش، نە کۆمەڵگای خۆی ئاگاداری ئەوەیە ئەو چیدەکات و چۆن دەژی و نە خۆرئاواش، ژیانی ئەو رووبەرێکی نەهێنییە. لە ئێستای ئەم دونیایەدا کەم بوونەوەر هەبێت وەک ئەو لە نێوان شەرم و ئارەزوو، خەون و نائومێدیدا پارچەپارچەبووبێت. نیشتیمان وێنەی کەسێکی خەمگین و بریندارو تێکشکاو لەو قەبووڵناکات، خۆرئاواش وێنەی پاڵەوانێکی سەرکەوتوو یان زانایەکی بەتوانا لەو قەبووڵناکات. ئەو خەمگین و شکستەیە، بەڵام مەحکومە سیماو دەموچاوێکی دیکە نیشانبدات، مەحکومە وێنەیەکی تر بنێرێتەوە بۆ نیشتیمان. ئەگەر پریشبێت لە جوانی و داهێنان، ناچارە وەک نەناس و غەریبەیەک خاچی خۆی بدات بەسەر شانی خۆیدا و بە رێگادا بڕوات. ئەو قوربانی یارییەکانی خۆی و جەبرە کوشندەکانی دونیایە. ئەو لە پنتێکدایە، کێشەکانی دونیای خۆی بەدەگمەن بە هەمان قورسایی جارانەوە دەبنە کێشەی ئەو، کێشەی کۆمەڵگاکانی خۆرئاواش هەر بەدەگمەن دەبنە مەسەلەی تایبەتی ئەو. بەدەگمەنیش کێشەکانی ئەو دەبێتە کێشەی کۆمەڵگای خۆی و بەدەگمەنیش دەبێتە کێشەی خۆرئاوا. لێرەوە ئەو شیعرەی «م. ویلاند» تەعبیرێکی ڕاستەقینە لە دۆخی ئەو دەکات، چونکە هیچ ئازارێک لە ئازارەکانی کۆچبەر ناچێت، هیچ شادییەکیش لە شادییەکانی ئەو ناچێت، بەوەدا ئەو لە نێوان دوو دونیادا دەژی، مەحکومە بەوەی خەمگین بێت بەو شتانەی تیادەژی و هەستی پێدەکات، مەحکومە بەوەی خەمگینیش بێت بەو شتانەی تیا ناژی و هەستی پێناکات. ڕۆحێکە زۆرجار پڕە لە چالاکی، بەڵام ناچارە پاسیف و ناچالاک بێت. پڕە لە خەیاڵ و ویستی کار، بەڵام ناچارە بوەستێت. پڕە لە هاوار، بەڵام دەبێت بێدەنگ بێت. هاوارەکانی ئەو لە هیچ زەمینێکدا بەتەواوەتی نابیسترێت، هەوایەک نییە، ژانی ئەو بە زەمیندا بەرێت، ئاوێک نییە دەنگی ئەو بەرەو شوێنێکی دی هەڵگرێت. لێرەوە ناچارە درۆ لەگەڵ هەموو دونیاکاندا بکات، کە بە درۆکردنێکی گەورەش لەگەڵ خوددا دواییدێت. بەڵام دەبێت لە ناویشەوەڕا ببینین کە کۆچبەر لە قوولایدا بوونەوەرێکە دژی نزیکبوونەوە ئیشدەکات. واتە ئەم مرۆڤە چەندە دیاردەیەکە سەر بەم سەردەمە، هێندەش دیاردەیەکە پێچەوانەو دژی ئەم سەردەمە، گەر ئەمڕۆ سەدەی تێکشکانی دوورییەکان بێت، ئینسان هەستبکات فاسیلەی نێوان ئەو بەرابەر هەموو شتە نامۆکانی دی بەرەو شکان دەڕوات، ئەوا ستراتیژی ناشوێن هەوڵێکی نەپساوە بۆ دروستکردنەوەی ئەو فاسیلەیە بێئەوەی خاوەنەکەی ببێتە ڕۆبنسۆن کرۆسۆیەکی مۆدێرن، بێئەوەی خاوەنەکەی خۆی بخنکێنێت، واتە چەندە

کۆچبەر خۆی بەرهەمی نزیکبوونەوەی شوێنەکان و مردنی فاسیلەکانە، ناشوێنیش هێندە هەوڵێکە بۆ نەڕوخانی شوێنی یەکەم و نەتوانەوەی لە ناو تاراوگەدا. واتە نزیکبوونەوەی مرۆڤەکان لەیەک مەرج نییە ڕاستەوخۆ وەک نزیکبوونەوەی جیهانەکان لەیەکتر سەیربکرێت. ناشوێن هەوڵێکی گەورەیە بۆ پاراستنی «شوێنی من» بەرابەر «شوێنی ئەوان». گەر ئەم پرۆسەیە سیفەتی هەڵهاتنێکی قووڵی تیانەبایە کۆچبەر دەیتوانی وەک هێزێکی گرنگی دیالۆگی شارستانی کاربکات، نە وەکو ڕاکردوویەکی مەزن لە هەموو جیهانەکان. بەڵام ناشوێن جیاکردنەوەی دونیای تایبەت و خۆخولقێنی تاکە لە بەرابەر تێکەڵبوون و شکانی مەوداکاندا، نیشتمان و شوێنی یەکەم لێرەدا نیشتیمانێکی ڕاستەقینە نییە، بە جۆرێک دوای تێگەیشتن لە میعمارو ئەندازەی ناشوێن دەتوانین بڵێین کە ناشوێن ئەگەرچی لەسەر بیرۆکەی نیشتیمان، لەسەر ستایشی ئەو دروستدەبێت، بەڵام هێندەی ڕوخاندنی مەنفایە، عەشقی نیشتیمان نییە. ئەو بیرۆکەی نیشتیمانی پێویستە تا لە تاراوگە ڕابکات، تا لە غوربەت هەڵبێت، هەڵهاتنێک لە ئاستی دەرونی و فیکری و ئایدۆلۆژیدا دەمێنێتەوە و نابێتە کردەیەکی فیزیکی. ئەم خۆلادانە مەزنە لە غوربەت ئەگەرچی وەک گووتم خۆلادانێکی پڕ ئازارە، بەڵام لەدواجاردا سەردەکەوێت بەسەر برێکی زۆری غەم و ترسەکانی تاراوگەدا، توانای مانەوە لە تاراوگە، نیشانەی توانای خۆگونجاندن نییە لەگەڵ تاراوگەدا، نیشانەی نزیکبوونەوەو شکاندنی دیوارە ئەستوورەکانی خۆرئاوا نییە، نیشانەی ئامێزانبوونی ئێمەو تێکەڵبوونمان نییە بە غوربەت، بەڵکو نیشانەی، سڕکردن و بەنجکردنی ئەو هەستەیە کە ئێمە لە تاراوگەین. بە جۆرێک زۆرجار هەستی دووری و غوربەت بەرابەر نیشتیمان، لە نوسین و قسەی ئەوانەدا زیاتر دەبیستریتەوە کە لە ناو نیشتیماندان نەوەک لەلای ئەوانەی لەدەرەوەی نیشتیمانن. واتە ناشوێنی دەتوانێت تەواو هەستی بێشوێنی بکوژێت. بۆیە وەک لەسەرەتاوە دیاریمکرد ناشوێن نەوەک بێشوێنی نییە، بەڵکو هێزە دژ و جەمسەرە پێچەوانەکەیەتی. ئەم باسە دەکرێت پتر لە ئاستی تێڕامان لە شێوەکانی شوێن و بێشوێنی و ناشوێنی دا قووڵ ببێتەوە، تا ئەو شوێنەی زمانی ئێمە ببێتە زمانێکی لە ڕووی فیکرییەوە دەوڵەمەند بۆ زاراوەکانی «غوربەت». ئەم باسە دەکرێت لە ئاستێکی دیکەشدا گەشەبکات کە ئاستی تەماشاکردنی نیشتیمانە وەک بابەت و مۆتیڤێکی یۆتۆپی. نیشتیمان لای کۆچبەر گەلەک دیوی یۆتۆپی هەڵدەگرێت، کە دەکرێت لە ڕەهەندەکانیدا گەڕان و دۆزینەوە هەبێت. بە مانایەکی دی کۆچی ئێمە نزیکبونەوەیەکی نوێشە لە دونیاکانی ئەفسانە، نزیکبوونەوەیەکە لە جۆرێکی دی لە واقیع و لە دایکبوونی شێوەیەکی دیشە لە خەیاڵ، کەوادەکەن کاراکتەری کۆچبەر پڕبێت لەوەهم و شکست، لە هیواو شانازی، لە ترس و لە خۆڕازیبوون.

سامۆیل پێکێت دەڵێت: «ئەو سەردەمەی ئێمە لەسەر زەوی دەیبەینەسەر، هێندە درێژ نییە، بەشی ئەوەبکات، جگە لە خۆمان لە هیچی دیکەدا بە فیرۆیدەین» «١٦». کۆچبەر بە جۆرە تێگەیشتن و خودخواهییەکی ئاوەهاوە دێتەدەرێ، بەڵام لە تاراوگە ئەو جۆرە تێگەیشتنە لە ژیان دەمرێت و کۆتایی پێدێت. کۆچبەر کەسێکە هەموو ژیانی لەوەدا دەباتەسەر لە نێوان جیهانە سەختەکاندا، خەریکی ئیشکردن بێت بۆ وێنەی خۆی لە بەردەم ئەوانی دیکەدا، لەسەرەتاوە تا کۆتایی کاتێکی بۆ نامێنێتەوە خودی خۆی تیا دەوڵەمەندبکات، ڕۆژ بە دوای ڕۆژ خودی دەپوکێتەوەو ویستە بچوکەکان تیا گەورەدەبن. ویستی بۆ جوانی، ویستی بە پارە، ویستی بۆ سێکس، ویستی بۆ پلەوپایە بە لاوازکردن و تێکشکاندنی کاراکتەری ڕاستەقینەی ئەو دواییدێت، ئەو کەسێکە بۆ جیهان دەژی، بۆ ئەوانی دی دەژی، بۆ وێنەکەی خۆی دەژی، نەوەکو بۆ خۆی. هەموو کاتی خۆی دەداتە ئەو ململانێیەی لە نێوان دونیاکاندا تووشیدەبێت، ئیدی ساتێکی بۆ نامێنێتەوە بوەستێت و لە حەقیقەتی خۆی بڕوانێت کە لە نێوان ئاوێنەی دونیاکاندا ونبووە... ئەو چیدی خۆی نادۆزێتەوە کە لە نێوان شوێنەکان و زەمانەکان و شتەکاندا پارچەپارچەبووە. بەداخەوە کۆچ لێرەدا بە ناکۆچ دوایی دێت، ناشوێن دەستبەرداربوونە لە مانا قوڵ و جەوهەری و دەوڵەمەندەکەی کۆچ، ناشوێن هیچ نییە جگە لە گۆڕاندنی سەفەر لە کۆچەوە بۆ ناکۆچ. ئیدی کارەساتی ڕاستەقینەی ئێمە لەو ساتەدا دەردەکەوێت کە دڵنیادەبین ئێمە هەرگیز کۆچمان نەکردووە، بەڵکو هەمیشە لەوێین، لەوێین، لە جێگایەک لە یادەوەریماندا بۆتە وێنە، لە جێگایەک لە یادیدا بووینەتە وێنە، ئێمەو نیشتیمان، ئێمەو خاک کە تا یەکدیمان نەگۆڕییە سەر، دوو وێنەی خەیاڵی، دوو فەنتازیا، دوو قەوارەی ناڕاستەقینە، نەمانتوانی پێکەوەبژین.......

## سەرچاوەو پەراوێزەکان

1. Marx, Karl ,,Ökonomisch-philosophische Manuskripte" in MEW Band 40, Berlin 1990

2. Bernhard Schlink . Heimat als Utopie. 2000. S12

3. FREUD, Sigmund: Totem und Tabu. "Werkausgabe in zwei Bänden". Hrsg:von Anna Freud und Ilse Grubrich-Simitis. Bd. 2. Frankfurt S.1978. S. 260-280.

4. THEWELEIT, Klaus: Buch der Könige.Stroemfeld/Roter Stern, 1991. S 356

5. ELLMANN, Richard: "Oscar Wilde". Aus dem Amerikanischen von Hans Wolf.

2. Aufl. München: Piper, 1991.S.491

6. بڕوانە سەرجەمی کتێبەکە

http://nomoi.philo.at/per/rh/ellvau/fb/book1.htm

بەشی Vorlesung 12. Ort, Körper, Fläche bei Bacon

7. MARC AUGÉ: Orte und Nicht-Orte. Vorüberlegungen zu einer Ethnologie der Einsamkeit. Frankfurt, 1994.S.46

10,9,8.: بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو. لێرەدا مارک ئاوگە بە قووڵی شوێنگەی خۆی لەو گفتوگۆیانەدا دەستنیشاندەکات بەرابەر هەندێک بۆچوونی گرنگی دیکە لە فیکری خۆرئاوادا دەرهەق بە شوێن بەتایبەت بەرابەر «مۆریس میرلۆ پۆنتی» و «میشێل دی سیرتۆی» . یەکێک لەو جیاکارییە گرنگانە کە ئاوگە کاری لەسەر دەکات، جیاکارییەکی تیوری گرنگە کە کەمتر ئاسەواری لە کولتووری ئێمەو کولتووری خۆرهەلاتیدا دەبینرێت، ئەویش جیاکاری نێوان شوێن «Ort» و شوێنگەیە «Raum».

11. لە موحازەرەکانی ساڵی ١٩٦٧ دا . فۆکۆ بۆچوونەکانی خۆی لەسەر هیترۆتۆبیا لە دەستنوسی یەکێک دارشتووە کە دواتر بە ناونیشانی «شوێنگەکانی دی » بڵاوبۆتەوە. بۆ دەقی ئەڵمانی ئەو گووتارە بڕوانە Michel Foucault - Andere Räume; in Politics-poetics, hrsg. Dokumenta und Museum Fridericianum - Veranstaltungs GmbH, Ostfildern-Ruit 1997, S. 262-272.

12. Ausziehen,Umziehen,Einziehen . Rudolf Maresch 2001

13*Boden Los . Vilem Flusser S.248

14. Bernhard Schlink . Heimat als Utopie. 2000. S.9

١٥پ.س.هـ . S.8-9

16. E.M.Cioran.Widersprüchliche Konturen.Suhrkamp1989.S.7

# عەلمانییەت و ئایین

## چەند سەرنجێک لەسەر مانا گشتییەکانی پەیوەندی نێوان ئایین و عەلمانییەت

مەریوان وریا قانیع

### ١. سەرەتا

لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەمرۆدا هەر پرسیارێک سەبارەت بە تێگەیشتنمان بۆ عەلمانیەت پرسیاریشە لە چۆنیەتی تێگەیشتنی باڵە جیاوازەکانی «ئیسلامی سیاسی» بۆ ئیسلام. باسکردنی عەلمانیەت لە ئێستای جیهانی ئێمە و جیهانی دراوسێکانماندا دانابڕێت لە باسکردنی چۆنیەتی وێناکردنی «ئیسلامی سیاسی» بۆ ئیسلام و لەو ڕۆڵەش ئەم بزوتنەوانە بە ئیسلامی دەبەخشن. بۆئەوەی بزانین عەلمانیەت لە جیهانی ئێمەدا چۆن دەبێ و چۆن کاردەکات و وەزیفەکانی چی دەبن، ناچارین بزانین بزوتنەوە ئوسولییەکان چۆن ئیسلام پێناس دەکەن، چ تێڕوانینێکیان بۆ ئایین هەیە و چ ئەرک و وەزیفەیەکی پێدەبەخشن. چونکە، لەکاتێکدا ئەم بزوتنەوانە فوو بە جەستەی ئاییندا دەکەن تا ئەو ئەندازەیەی هەموو کونوقوژبنێکی ژیانی ئینسان داگیربکات، عەلمانیەت هەوڵی ئەوە ئەدات دەستدرێژییەکانی ئایین بۆسەر ژیان کەمکاتەوە و ئەو مەیلە تۆتالیتێریانەش جڵەوبکات کە دەشێت وێناکردنێکی تایبەت بۆ ئایین هەڵگریان بێت. عەلمانیەت وەکچۆن سەندنەوەی دەسەڵاتی سیاسییە لە ئایین، ئاواش سەندنەوەی دەسەڵاتی ئاینییە لەدەوڵەت، واتە پرۆسەیەکی بەرفراوان و فرەجەمسەری بە عەقڵانیکردنی دەسەڵاتە، هەم لەبەرامبەر ئاییندا و هەم لە بەرامبەر دەوڵەتدا. بە مانا هەرە گشتییەکەی لەم پرۆسەی بە عەقڵانیکردنەی دەسەڵاتدا هەم ئایین دەسەڵاتی سیاسی دەدۆڕێنێت و هەم دەوڵەتیش دەسەڵاتی دینی.

ئەم دیدە سەرەتاییە بۆ عەلمانیەت بەهیچ مانایەک بانگێشەکردن نییە بۆ بێدینی، بەهیچجۆرێک هەوڵدان نییە بۆ بێحورمەتیکردن بەرامبەر بە موقەدەساتی ئایینی، هێرشکردنە سەر باوەڕی ئایینی تاکەکەس و گروپەکان نییە، بەپێچەوانەوە ئەم دیدە بۆ عەلمانیەت هەوڵدانێکی ڕاستەقینەیە بۆ بەخشینی پانتاییەکی تایبەت بە ئایین لەپاڵ کۆی پانتاییە کۆمەڵایەتی و کولتووری و ڕەمزییەکانی دیکەدا، هەوڵدانە بۆ بەخشینی ڕۆڵێکی نوێ بە ئایین لەژیانی ڕۆحی و کولتووری و عەقڵی کۆمەڵگادا جیاواز لەو ڕۆڵە تەقلیدییەی کە هەموو شتێک تەسلیم بە ئایین و دەسەڵاتدارانی ئایینی دەکات.

بەبۆچوونی من هەڵبژاردنی ئەم دەسپێکە بۆ قسەکردن لەسەر عەلمانیەت، واتە بەستنەوەی عەلمانیەت بە تێگەیشتنی بزوتنەوە ئوسولییەکانی ئێستاوە بۆ ئایین، گرنگیەکی تایبەتی هەیە. لەسەرێکەوە ئەم دەسپێکە ئەو ڕاستییەمان نیشانئەدات کە عەلمانیەت یەک شێوەی تایبەت نییە، بەڵکو دیاردەیەکی فرە فۆرم و فرە دەرکەوتە و لەهەلومەرجی مێژوویی جیاجیادا شێوازی جیایای گرتۆتە خۆی، لەسەرێکی دیکەشەوە ئەم دەسپێکە ئە مەودایە بە لێکۆڵەرەوە دەبەخشێت کە نەکەوێتە ناو گشتگیری و تەعمیاماتی نابەجێوە، نەکەویتە ناو کێشەکانی جەوهەرگەرایی و دۆگماتیزمی فیکرییەوە، ئاگاداربێت لەوەی باسی چ پرۆسێسێکی مێژوویی دەکات، لە کام ڕووبەری ڕەمزیی دەدوێت، چ پێکهاتێکی دەزگایی دەخوێنێتەوە و لە کام سنووری دیاریکراوی بیرکردنەوە و وێناکردن ڕادەمێنێت و چ هەلومەرجێکی مێژوویی تایبەت و کام پێدراوی کولتووری و ڕەمزی ڕاڤەدەکات. ئاخر هەم ئیسلامی سیاسی دیاردەیەکی فرە وێنەیە و هەم عەلمانیەتیش فرە فۆرمە. شتێک نییە ناوی عەلمانیەت بێت بە یەک مانا و بە یەک فۆرم و بە یەک پێکهاتی دەزگایی و یەک مێژووەوە، وەکچۆن شتێک نییە ناوی بوونی یەک ئیسلامی سیاسی و یەک ئوسولیەت و یەک دۆگماتیزمی ئایینی بێت. عەلمانیەتی فەرەنسی جیاوازە لە عەلمانیەتی ئەڵمانی و هی ئەڵمانی جیاوازە لە عەلمانیەتی هۆڵەندی و هی هۆڵەندیش لە دانیمارکی. پەیوەندی نێوان کەنیسە و دەوڵەت لە دانیمارک و فللەندە جیاوازە لە پەیوەندی نێوان کەنسیە و دەوڵەت لە یۆنان. هەریەکێک لەم ئەزموونانە پەیوەندی تایبەت لەنێوان ئایین و دەوڵەتدا پێشنیار و بەگەڕدەخات، لەکاتێکدا لە فەرەنسا دین و دەوڵەت بەشێوەیکی ڕادیکاڵ لەیەکدی دابڕاون، لە یۆنان بەشێوەیەکی بەرچاو بەناویەکدا چوون و فاتیکان خۆی دەوڵەتۆچکەیەکی دینییە (تەرابیشی: ٢٠٠٣، ل٢٠).

بەدیوی ئەودیویشدا دیدی هێزەکانی ئیسلامی سیاسی بۆ پەیوەندی نێوان ئایین و دەوڵەت جیاوازە، دیدی حەماس و جیهادی فەلەستینی زۆر جیاوازە لە دیدی حیزبی فەزیلەی تورکی و هی ئەمیش جیاوازە لە دیدی دەعوەی عێراقی. لێرەوە بەستنەوەی تێگەیشتنمان بۆ عەلمانیەت بە تێگەیشتنی ئیسلامی سیاسییەوە بۆ ڕۆڵی ئایین لەناو ڕووبەرێکی ڕەمزی و مێژوویی و مەعریفی دیاریکراودا تاقە دەسپێکێکە ڕزگارمان کات لە گشگیریکردن و خولاندنەوە لە بازنەیەکی ئەبستراکتدا کە هەموو پێدراوێکی مێژوویی ژێرپێنێت. بەڵام ئەم خوڵادانە لە گشتیگری مانای ئەوە نییە نەتوانین کۆمەڵێک هێڵی گشتی دەستنیشانکەین کە هەم خەسڵەتە هەرە سەرەکییەکانی ئیسلامی سیاسی و هەم خەسڵەتە هەرە سەرەکییەکانی عەلمانیەت نیشاندات. لە لاپەڕەکانی داهاتوودا هەندێک گشتگیری تایبەت سەبارەت بەم دوو لایەنە بۆ خوێنەر ئاشکرادەبێت و ئەم نووسینەش هەوڵدانێکە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو مانا

گشتییانەی عەلمانیەت و ئیسلامی سیاسی هەیانە، نەک دابەزین بۆ ئاستی خوێندنەوەی تایبەتی هەر هێزێک لەو هێزانە. ئەنجامدانی ئەم کارە مەسەلەیەکی گرنگە بەڵام دەکەوێتە دەرەوەی مەبەستی ئەم نووسینەی ئێمەوە.

ئاشکرایە یەکێک لەو خاڵە سەرەکییانەی کە زۆربەی هەرەزۆری باڵە جیاوازەکانی ناو بزوتنەوەی «ئیسلامی سیاسی» لەسەری تەبان دیتنی ئایینە وەک بوونێکی گشتگیر و بنەڕەتی و نەگۆڕ و ئەبەدی، بینینیەتی وەک «موقەدەسێک» کە ڕۆڵی ئەو خوانە هەڵدەگرێت کە کۆمەڵگا ناچارە لە پێناوی مانەوەیدا لەدەوری کۆبێتەوە، وەک سەرزەمینێک کە پایەکانی ئەخلاق و ویژدان و کەرامەتی ئینسانی تێدا بەرجەستەیە. لەم دیدەدا ئیسلام دەبێتە تاقە چوارچێوەی بوون، دەبێتە تاقە گشتێکی کۆگیر، دەبێتە ئەو «چیمەنتۆ» کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و ویژدانییەی کە بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بەیەکەوە گرێدەدات، دەبێتە ئەو ئەسڵەی کە هەموو شتێک لەبەرامبەریدا نا ـ ئەسڵە و دەبێتە تاقە شوێنێک بکرێت موقەدەس بەرهەمبهێنێت. لەم دیدەدا دەرەوەی ئیسلام یەکسانە بە قاتوقڕییەکی ڕۆحی، بە عەدەمیەتێکی ڕەها و بە کاکی بەکاکییەکی ویژدانی، هەموو شتێک لەدەرەوەی ئیسلامدا لادانێکی کوشندەیە لە ئەخلاق، لە ڕێز، لە ئیسنانبوون. دەبێتە خیانەت لە خوداوەند، خیانەت لە پیرۆزی و خیانەت لە ڕابووردو. ئەم دیدە دەرەوەی ئیسلام بە پرۆژەی دروستکردنی عەدەمیەتێکی هەمەلایەن یەکسان دەکات کە هەموو شتێک بە مردنی مانا و بەهاو و نرخ و بڵاوبوونەوەی پوچی و بێهیوایی مەحکومدەکات. عەلمانیەت دێت بۆئەوەی مانا و پیرۆزی و بەهاکان لە کۆنترۆڵ و مۆنۆپۆڵکردنی ئایینی ڕزگارکات و لە چوارچێوەیەکی ئەخلاقی و ڕۆحی و سیاسی والاتردا نیشتەجێیکات.

ئیسلام لەدیدی «ئیسلامی سیاسیدا» گشتێکی تۆتالیتارییە، یەکسانە بە دین و بە دنیا، بە ئاسمان و بە زەمین، بە نەخشەی ئێستا و نەخشەی جیهانی دوای ئێستا، هەم بنەمای ڕێکخستنی دەسەڵات و دەوڵەت و کۆمەڵگایە و هەم بنەمای ڕێکخستنی ژیانی تاکەکەسیش، وەکچۆن میتۆدی بەڕێوەبردنی پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئینسانە بە نادیارەوە، ئاواش بنەمای بەڕێوەبردنی پەیوەندییە ناوەکییەکانی ئینسانە بەخۆی و بە کۆمەڵگا و بە ئینسانەکانی دیکەوە، وەکچۆن وەڵامی قەیرانە ڕۆحییەکانی تاکەکەس و کۆمەڵگای پێیە، ئاواش وەڵامی بۆ کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی و جنسییەکانیش هەیە. عەلمانیەت دێت بۆئەوەی ئەم مەیلە ئەبستمۆلۆژییە تۆتالیتێرە بە ڕێژەییبوون ناچارکات و بۆهەر ڕەهەندێکی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئینسانی و کولتووری و بۆ هەر کایەیەک لە کایەکان شێوازێکی مەعریفی و ئەبستمۆلۆژی تایبەت سەروەرکات و بەڕێوەبردنیشیان بە لێزانی تایبەت ببەخشێت.

لەم دیدەدا ئیسلام هێزێکە چارەنووسی ئینسان و کۆمەڵگا و بوون دەستنیشان دەکات، هەر یەکێکیان بە نادیار و نائامادە و نەبینراوەوە گرێدەدات، دەیانبەستێتەوە بە جیهانێکەوە لەدەرەوەی جیهانی ئێستادا و لە هەمانکاتیشدا دەیانکاتە بوونەوەری نووقمبووی ناو کێشە رۆژانەییەکانی جیهانی ئێستا. ئیسلام لەم دیدەدا سیستمێکی میتافیزیکیە لەهەموو سەردەم و قۆناغ و رۆژگارێکدا وەڵامی بۆ جەوهەریترین پرسیارەکانی ئینسان پێیە، ئەو شتەیە کە مانا بە شوناس، بە ئامانج، بە هیوا، بە بەها، بە رێز، بە جوامێری، بە رزگاری، بە توانای پێکەوەبوون، بە سیاسەت و کۆی شتە گەورە و بچووکەکانی ناو بوون دەبەخشێت. لەڕاستیدا ئەم دیدە بۆ دین ئەوەندە گشتگیر و هەمەلایەن و فرەڕەهەندە شوێنێک یان شتێک ناهێڵێتەوە لە دەرەوەی دیندا بوونی هەبێت یان لە دینەوە نەئالابێت و دین سنوورەکانی دەستنیشان نەکردبێت، بوون لەم دیدەدا بووە بە بوونێکی دینی یان بوونێک لە دینەوە سەرچاوە وەرگرێت و هەر دینیش بتوانێت مانای پێببەخشێت. ئینسان لەم حیسابە دینییە تایبەتەدا بوونەوەرێکی ئایینییە و لەدەرەوەی دیندا نەک سەرگەردانە، بەڵکو هیچ مانایەک بۆ بوونی نامێنێتەوە.

بێگومان ئینسان ئازادە لەوەدا بوون بەمشێوە ئایینییە گشتگیرە ببینێت، ئازادە لەوەدا ژیانی خۆی بەپێی ئەم نەخشە کۆسمۆلۆژییە بەرێوەببات، هەموو بوونی خۆی تەسلیم بە پێدراوەکانی ئایین بکات، بون لە ناو جیهاندا یەکسانکات بە بوون لەناو ئاییندا، بەڵام ئەوەی تێیدا ئازاد نییە سەپاندنی ئەم تێگەیشتنەیە بەسەر کەس و لایەن و هێزی کۆمەڵایەتی دیکەدا، بەتایبەتی سەپاندنی بەزۆری بەسەر دەوڵەتدا وەک چوارچێوەیەک بۆ رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی. عەلمانیەت دێت بۆئەوەی رێ لەم سەپاندنە تۆتالیتێرە بگرێت و لەسنووری پیادەکردنی ژیانی تاکەکەسییدا بیهێڵێتەوە. دێت بۆئەوەی رێ لە سەپاندنی ویستی ئایینی هێز و لایەن و تاکەکەسێکی دیاریکراو بەسەر کۆی کۆمەڵگادا بسەپێنێت.

بێگومان ئەم دیدە ئوسولییە گشتیگرە بۆ ئیسلام لە زۆر رووەوە دیدێکی پڕ کێشەیە، یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی، لە رەوتی ئەم نووسینەی ئێمەدا، ئەوەیە کە نەفییەکی رەها و گشتگیری مێژوو دەکات. ئەم تێروانینە گشتگیرە بۆ ئیسلام ناهێڵێت ئەو گۆڕانە مێژووییە گەورانە ببینین کە لە ناو ئیسلام و دەرەوەی ئیسلامدا روویانداوە و روودەدەن. ناهێڵێت جیاوازی ماناکانی ئیسلام و ماناکانی ئایین لە قۆناغ و رۆژگار و سەردەمە جیاوازەکاندا ببینین. ناهێڵێت زیادبوون و کەمبوونەوە، هەڵبەز و دابەز و گەورەبوون و لاوازبوونی رۆڵی ئایین لە ساتە مێژووییە جیاوازەکاندا تێبینیبکەین. ئەم دیدە دیدێکی بان مێژوویی و تۆتالیتێر

و جەوهەرگەراییە و ناهێڵێت ئەو گۆڕانانە ببینین کە بەسەر شووناس و مانا و دەلالەتی ئاییندا دێت. ئەگەر بوون لە جەوهەردا بوونێکی ئایینی بێت، ئەگەر ئینسان و کۆمەڵگا ناچاربن بۆ مانەوەیان بەردەوام لەسەر خوانی ئایین کۆببنەوە، ئەگەر ئایین فاکتەرێکی هەمیشەیی و هەمان مانایی و نەگۆڕبێت، ئەگەر دین قەدەرێکی گەردونی بێت و کەس نەتوانێت لێیدەربازبێت، ئەوکات هیچ مانایەک بۆ مێژوو و تێپەڕینی کات و گۆڕانی سەردەمەکان نامێنێتەوە، هیچ مانایەک بۆ سەردەم و قۆناغ و ڕۆژگارە جیاوازەکان نامێنێتەوە، گرنگ نییە ئێمە لە کوێ و کام سەردەم و چ سیستمێکی بەرهەمهێنانی مانادا دەژین، هەڵگری کام فۆرمی مەعریفە و کام خەیاڵ و کام عەقڵانیەتین. ئایا لەناو خێڵ و فانتازیاکانی خێڵدا دەژین، یان لەناو چوارچێوە گەورەکانی ئیمپراتۆریەتە زەبەلاحەکانی مێژوودا، یاخود منالّی نێو دەوڵەتی نەتەوەیی و پرۆسەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانین لەیەکدی، یاخو لەناو جیهانگیردا نیشتەجێین کە لەیەکاتدا جیهان بەرە و هاوشێوەبوون و جیاوازبوونێکی گەورە پاڵپێوەدەنێت. مادامەکی دین نەگۆڕێکی میتافیزیکیە و بەهەمان ماناوە لەهەموو ئەو شوێنانەدا ئامادەیە، کەواتە جیاوازی نێوان ئەو ساتەوەخت و چوارچێوە و پێدراوە مێژووییانە گرنگ نین. دورگەی عەرەبی ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەری دەوارنشین و سلێمانی ئەمڕۆکە کە بەسەدان تۆڕی پەیوەندیی بە جیهانی دەرەوەوە گرێدراوە یەک لۆژیک بەڕێوەیان دەبات.

لەم دیدەدا گرنگ نییە ئایا جیهان گۆڕاوە یان نا، گرنگ ئەوەیە ئایا ئەو چوارچێوە نوێیانەی جیهان کەوتۆتە ناوییانەوە ئایینیان تێدایا یان نا، مانا کۆن و تەقلیدییەکانی ئایینیان پاراستوە یان نا، بەپێی ئاراستە ئایینیەکانی ئەم یان ئەو خوێندەواری دینی دەچن بەڕێوە یان ئاراستەی نوێیان وەرگرتوە. ئێمە لەم وێناکردنە گشتگیرەدا بۆ دین لەبەردەم نەگۆڕێکداین کە تێپەڕینی کات و گۆڕانی شوێن و جیاوازی سەردەمەکان کاریتێناکەن، ئایین شتێکی دانەبڕاو و جەوهەری و نەگۆڕی ناو هەموو فۆرمە جیاوازەکانی بوونە. لە دروستبوونی یەکەمین ئیسنانەوە و تا کۆتایی دواهەمین ئینسان، هەر کەسێکیش بخوازێت ئینسانیەتی خۆی بژی ناچارە ئایینیبوونی خۆی بپارێزێت. بەبۆچوونی من ئەم دیدە بۆ ئایین نەک دیدێکی نامێژوویی و هەڵە و ناڕاستە بەڵکو دیدێکە بکوژ بۆ هەر هەوڵێک بخوازێت ئایین لەئاستی میتافیزیکییەوە بۆ ئاستی سەرزەمینیبوون، لە بوونێکی کۆسمۆلۆژییەوە بۆ بوونێکی مێژوویی و لە جەوهەرێکی بان مێژوویی نەگۆڕەوە بۆ پێدراوێکی پڕ گۆڕانی ناو هەڵبەز و دابەزە گەورەکانی مێژوو، دابەزێنێت. عەلمانیەت دێت بۆئەوەی ڕەهەندی مێژوویی بوون و سەرزەمینیبوون و ساتەوەختیبوون بە ئایین ببەخشێتەوە.

بەکورتی ئەم دیدە ئوسولییەیە بۆ ئیسلام وادەکات کاتێک بخوازین گفتوگۆیەکی هێمن لەسەر عەلمانیەت لە جیهانی ئێمەدا بکەین، ناچاربین قسە لە چۆنیەتی تێگەیشتنی ئیسلامی سیاسی بۆ ڕۆڵی دین و بەگژاچوونەوەی هەمەلایەنەی ئەم بزوتنەوانە و ڕۆشنبیرەکانیان بۆ عەلمانیەت، بکەین. چەند هێرشی دین بۆسەر ئینسان و کۆمەڵگا هەمەلایەن و توندڕەو و گشتگیربێت، ئەوەندە بەرگریکردن لە عەلمانیەت گشتگیردەبێت و ئەو فۆرمانەی عەلمانیەتیش کە دەشێت بالادەستن پەرگیردەبن. عەلمانیەتی فەرەنسی نموونەی ئەم دۆخە تایبەتەی پەیوەندی نێوان دین و دەوڵەتە، یان عەلمانیەتێک بکرێت لە بەرامبەر هێزێکی وەک تاڵەباندا بەرزبکرێتەوە دەشێت ئەم کاراکتەر بگرێتە خۆی. عەلمانیەت بە مانای هەوڵدان بۆ دابەزاندنی ئایین لە ئاسمانەوە بۆ سەرزەوی، بەمانای بەستنەوەی بیرۆکەی پیرۆزیی بە ئینسان و بە کۆی ئەو گۆڕانکارییە سەرزەمینییانەوە کە تێپەڕینی کات و سەردەمە جیاوازەکان بەسەر ئینساندا دەیسەپێنن، عەلمانیەت بە مانای نیشتەجێبوونی ئایین لەناو جوڵەی بەردەوام و هەمەلایەن و فرەڕەهەندی مێژوودا، بە مانای کۆمەڵێک پرۆسەی مێژووی ئاڵۆز، وەک دیدێکی تایبەت کە لە هەوڵدانیدا بۆ تێگەیشتن لە ئایین لە تەماشاکردنی ئاسمانەوە دەپەڕێتەوە بۆ تەماشاکردنی ئینسان و زەوی.

بەشێکی گەورەی ئەو گفتوگۆ فیکرییانەی ئەمڕۆکە لەسەر عەلمانیەت لە ئارادان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ گرێدراوی ئەو بەگژاچوون و ڕەتکردنەوە تەکفیرییەن کە ئیسلامی سیاسی بۆ چەمکی عەلمانیەت هەیەتی، ڕەتکردنەوە و بەگژاچوونێک کە تیایدا عەلمانیەت بە کوفر و غەربزەدەیی و لادان لە ڕەسەنایەتی و ڕێزدانەنان بۆ خوداوەند و چەندان تۆمەتی نابەجێ و هەرزان و بێمانای دیکە، یەکساندەکات. ئەمڕۆکە لە بەشێکی گەورەی ئەو ناوچەیەی ئێمە تێیدا دەژین و لەژێر فشاری ئەم هێرشە تەکفیرییەدا ژمارەیەکی بەرچاوی دەوڵەت و حکومەت و هێزی سیاسیی ناچارکراون سیستمی یاسا، سیستمی خوێندن، سیستمی میدیا و فەرهەنگ و ئەخلاق، شێوەی ژیان و شێوەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و شێوەی دەوڵەت و دەسەلات هتد... بە بەرگێکی ئیسلامی چەپێنەر داپۆشن کە لە ڕاستیدا داخوازی نوخبەیەکی ئایینی دیاریکراوە و دەربڕی تێگەیشتنی تایبەتی ئەو نوخبەیەیە بۆ ئیسلام. ئەمڕۆ پرۆسەیەکی گەورەی بە ئیسلامیکردنی بەزۆری ڕەهەندە جیاجیاکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئەخلاقی و فیکری لەئارادایە کە تا ئێستا جگە لە بێبایەخکردنی ژیانی ئینسان و پووچکردنی فیکر و داخستنی کولتوور هیچی دی لێسەوز نەبووە و لەوەش ناچێت هیچیتری لێسەوز ببێت . قسەکردن لەسەر عەلمانیەت لەم

هەلومەرجەدا لەزۆر ڕووەوە قسەکردنە لەسەر ئەم هێرشە بەردەوام و هەمەلایەنەی ئایین بۆسەر بوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی تاک و گروه و کۆمەڵگاکان.

لەم هێرشەدا سەدەها خوێندەوار و ئیمام و ئەکتیڤیستی سیاسی، لەڕێگای تەلەفیزۆن و ڕادیۆ و کتێب و ڕۆژنامە و شێوە نوێکانی تری میدیای هاوچەرخەوە ئامادەن. سەربازانی ئەم لەشکرە گەورەیە هەندێکجار ڕاستەوخۆ و هەندێکجار ناڕاستەوخۆ دەستدەخەنە ناو ووشیاری هەزران ئینسانەوە و کار لە ڕا و بۆچوون و ترس و چاوەڕوانییەکانیان دەکەن. ئەم لەشکرە دینییە وێنەیەکی ئەهریمەنیانە بە دنیای هاوچەرخ و بە عەلمانیەت و بە کۆی ئەو سیستمە فیکری و سیاسی و کولتوورییانە ئەدەن کە لەگەڵ وێنەکانی ئیسلامی سیاسیدا بۆ جیهان و کۆمەڵگا و ئینسان یەکناگرێتەوە. بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی شریتی ڤیدیۆ و کاسێت و کتێبی ئایینی سادەگۆ، بالادەستی نووسینی بێقوڵایی و حەماسی و نازانستی ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە بەرهەمهێنانەوە و تیژکردنەوەی خەیاڵی ئەفسانەیی و دروستکردنی کۆمەڵێک سیمبۆلی ئایینیدا کە چمکێکی مێژووی دێرینی ئیسلام دروستیکردون و مامەڵەکردنێکی یەکلایەنە و ئینتیقائییانەی ئەو مێژووەش پاسادانیان دەکات. سەرەڕای ئەمانە گەوەرەبوونی ژمارەی ڕێکخراو و ئۆرگانە ئیسلامییەکان، لە ڕێکخراوی ئیسلامی منالان و ژنان و لاوانەوە بیگرە بۆ ڕێکخراوی قوتابیان و پارێزەران و مامۆستایان و فەرمانبەران و ئەندازیاران و دەیانی دیکە. پەیدابوونی چەندان ڕێکخراوی «نا ـ دەوڵەتی» نێونەتەوەیی ئیسلامی کە یارمەتی گروه و دەستە و حیزب و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان دەدەن لە شوێنە جیاجیاکانی جیهاندا، تێکەڵبوونی دەسەڵاتی ئیسلام و دەسەلاتی نەوت بەیەکدی، قسەکردن لەسەر کێشە و ناکۆکییەکانی جیهانی ئەمڕۆ بە زمانی ئایین، بەسەریەکەوە هەلومەرجێکییان دروستکردوە کە دەسەڵاتی دینی بە ئاستێکی ترسناک و خنکێنەر و کوشندە گەیاندوە. لە سەدام حوسەین و حەماس و جەبهەی ئینقازەوە، بۆ جوندل ئیسلام و یەکگرتو و بزوتنەوە، هەمووان لە ئیسلامدا بەدوای شەرعیەتدا دەگەڕێن و هەریەکێکیشیان گەشە بە فۆرمێک لە فۆرمەکانی بوون و بیرکردنەوەی ئایینی ئەدات. قسەکردن لەسەر عەلمانیەت لەم ساتەوەختە تایبەتەدا جیاناکرێتەوە لە قسەکردن لەسەر ئەم کێشانە.

بە کورتی لە ئێستادا پرۆسەیەکی بەرفراوانی تێکەڵکردنی ئیسلام و سیاسەت، ئیسلام و ئەخلاق، ئیسلام و دەسەڵات، ئیسلام و فیکر، ئیسلام و کولتوور، ئیسلام و کۆمەڵگا، ئیسلام و ژیان وەک گشتێک لە ئارادایە. مانا ڕاستەقینەکانی هاتنەپێشەوەی هەر گفتوگۆیەکی فیکریی لەسەر عەلمانیەت ئاشکرانابن بەبێ تێگەیشتن لە ماناکانی ئامادەگی ئەم بزوتنەوە ئوسولییانە

و ئەو پێناسانەی ئەم بزوتنەوانە بۆ ئیسلامی دەکەن و ئەو ڕۆڵە تایبەت و گشتییەش کە ئەمانە بەم ئایینەی دەبەخشن. بۆیە بەر لە وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەوەی عەلمانیەت چییە و چ پرۆسێسێکی مێژوویی ئاڵۆز بەرهەمهێنیەتی، هەوڵئەدەم چەند دەسپێکێکی میتۆدی پێشنیارکەم کە پێموایە هەر خوێندنەوەیەکی زانستی دیاردەی «ئیسلامی سیاسی» و دیاردەی عەلمانیەت لە جیهانی ئێمەدا خوازیارین:

یەکەمین دەسپێکێک بۆ تێگەیشتن لە «ئیسلامی سیاسی» پەڕینەوەیە لە کایەی ئایینەوە بۆ کایەی سیاسەت، ئەمەش مانای وازهێنان لە گەڕان بەدوای سەرچاوەکانی «ئیسلامی سیاسی»دا لە قورئان و کەلەپوری ئایینی کۆن و قسە و باسی ئەم یان ئەو ئەسحابە و فەتوای فلان یان فیسار زانای ئایینییدا. لەباتی ئەمانە هەوڵدان بۆ بەستنەوەی دیاردەی «ئیسلامی سیاسی» بەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فیکرییەوە کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ئەمڕۆ لەبەشێکی گرنگی جیهاندا ئامادەیە. بە مانایەکی دیکە وەکچۆن دەبێت ڕووداوە سیاسییەکان لە ناو مێژوو و کۆمەڵگا و قۆناغە جیاوازەکاندا جێگیرکەین و بیانبەستینەوە بە پەیوەندییەکانی دەسەڵات و مانا و بەرهەمهێنانەوە لەو ساتانەدا، ئاواش دەبێت دیاردەی «ئیسلامی سیاسی» لەناو ئەو چوارچێوە گشتییەدا جێگیرکەین و لەوێدا لە مانا و ویست و داواکارییەکانیان بڕوانین. بە زۆر مانا ئەم چوارچێوەیە چوارچێوەی ئامادەگی و بڵاوبوونەوەی مۆدێرنە و پرۆسەی بە عەلمانیکردنی بەشێکی گرنگی ژیانی کۆمەڵایەتییە لە وڵاتی ئێمە و دراوسێکانماندا.

دووهەم: ئەم بزوتنەوانە گەرچی فۆرمێکی «ئایینیی» بەخۆیان ئەدەن و بوونیان لەپاڵ ئەم ئایەت و ئەو سورەت و فلان فەرمودە و فیسار فەتوادا دەشارنەوە، قسە لە ڕۆح و ئەخلاق و ڕێز دەکەن، باس لە هاتنەکایەی عەدەمیەت و نەمانی مانا و کۆچی ڕۆحانیەت دەکەن، بەڵام لە جەوهەردا بزوتنەوەی سیاسین و دروشم و بەرنامە و داواکاری سیاسیان هەیە. ئیسلامی سیاسی کۆمەڵێک هێزن کە بۆ گێڕانەوەی حیکایەتە ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکانی خۆیان پەنا بۆ سیمبۆڵ و میتافۆر و سروتە ئایینییەکانی ئیسلام دەبەن، پرۆژە سیاسییەکانیان بە زمانێکی ئایینی پێشکەشدەکەن و لە ئاییندا بە دوای ژێرخانی سیاسەتدا دەگەڕێن. نابێت و هەڵەیەکی گەورەیە بە زمانی ئایین و ڕەسەنایەتی و ڕۆحانیەت لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا قسەبکرێت، گفتوگۆی فیقی لەگەڵ ئەم بزوتنەوانەدا بەفیرۆدانی کات و ململانێکردنە لە سەرزەمینێکی هەڵەدا.

سێیەم: ڕەخنە لە ئایین گەر بەرزنەبووەوە بۆ ئاستی ڕەخنە لەو جیهانە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەی لە بەرگی ئاییندا ئامادەیە ڕەخنەیەکە لە دوا ئەنجامدا ئاو بە ئاشی ئەم بزوتنەوە ئوسولیانەدا دەکات، ڕەخنەی ناڕاست و نازانستی لە ئایین لەسەرێکەوە توندڕەوی ئایینی و لەسەرێکی دیکەوە شێوەکانی تری توندڕەوی، لەوانەش توندڕەوی عەلمانیانە، بەهێز و دەسەڵاتدارا دەکات. ڕەخنە لە ئایین دەبێت بەرزبێتەوە بۆ ئاستی ڕەخنە لە جیهانێک کە لە ئاییندا بەدوای وەڵامی کێشەکانیدا دەگەڕێت و لە ئاییندا بەدوای سەرفیرازیدا وێڵە. مێژووی ئایین و مێژووی کۆمەڵگا و مێژووی ئینسان نیشانیداوین جیهانێک زۆربەی کلیلەکانی خستبێتە دەستی ئایینەوە جیهانێک بووە هەمیشە نایەکسان، ستەمگەر، نا دیموکراس. ڕەخنە لە ئایین و لە ئوسولیەتی ئیسلامی دەبێت ڕەخنەبێت لەو ڕەوتانە و لەو کوورتهێنانەی کە عەلمانیەت لە جیهانی ئێمەدا پێیدا تێپەڕیوە.

چوارەم: قسەکردنمان لەسەر ئیسلامی سیاسی دەبێت قسەکردنبێت لەسەر تێگەیشتنمان بۆ ماناکانی دەسەڵات، دەوڵەت، دەستور، زانست، کۆمەڵگا، کولتوور، شوناس، ئەخلاق و چۆنیەتی ڕێکخستنی کۆی ئەو پەیوەندییانەی لەنێوان ئەو لایەنانەدا دروستدەبن. ئیسلامی سیاسی هەموو ئەم شتانە دەخاتەوە کۆشی ئایین و لەوێدا پێناسێکی نەگۆڕ و هەمیشەیی و جەوهەرگەرایان پێدەبەخشێت، بەم کارەشی هەموو مافێکی هەڵبژاردن و بەکارهێنان و بەرهەمهێنانی مانا و شوناس و سیمبوڵی تایبەت و سەربەخۆ لە ئیسنان و کۆمەڵگا دەستێنێتەوە. بێگومان ئەم داپۆشینە ئایینییەی شتەکان تەعبیر نییە لە بەرگریکردن لە پیرۆزییەک گوایە ئێمە دۆڕاندوومانە و لەدەستمانداوە، وەک ڕۆشنبیرەکانی ئیسلامی سیاسی پوپاگەندەی بۆدەکەن، بەڵکو داپۆشینێکی ئایدیۆلۆژییە و بە زۆر مانا لەپشتییەوە پرۆژەیەکی دەسەڵاتگەری نادیموکراس و تۆتالیتێر ئامادەیە، خەیاڵێکی مەعریفی دەیبات بەرێوە کە ئەوەندەی پابەندی ستراتیژێکی فاشییانەی پڕ ناکۆکی و توندوتیژییە ئەوەندە پابەندی ڕۆحانیەتێکی ڕاستەقینە نییە.

پێنجەم: ئیسلامی سیاسی بە تەنها کۆمەڵێک گروپی ڕادیکاڵ و پەرگیر و توندڕەو نین، بەڵکو کۆمەڵێک هێزی جیاواز و هەمەجۆرن. نەک تەنها لە فۆرمی حیزبی سیاسیدا ئامادەن بەڵکو توانیویشیانە کۆمەڵێک کایەی ئەخلاقی و کولتووری و کۆمەڵایەتی دروستکەن کە بە زمانی ئایین بدوێت. تۆڕێکی گەورەی چاپ و بڵاوکردنەوە و مزگەوت و دەزگا و ڕێکخراو و نووسەر و خوێندەوار و فەتواچیان لەبەردەستدایە کە بەسەریەکەوە فەزایەکیان خستۆتەوە کە

تێـــدا ئایین وەک دواهـەمین چارەســەری کـۆی کـێـشـــە ســەرزەمـینـیـــەکـانـی ئیـسنان پێشنیاردەکرێت.

شـەشـەم: لەڕووی زانسـتیـیـەوە پێـویسـتـە پـەیدابوونی ئیـسـلامی سیـاسی بە ئامـادەگی مـۆدێرنەوە ببـەسـتـینەوە، مـۆدێرنە وەک چوارچێـوەیەکی مـێـژوویی بەرفـراوان کـە لەم دوو سـەدەیەی دوایدا کەم تا زۆر بۆتە چوارچێوەیکی جیـهانی و بەشـێکی گەورەی کۆمـەڵگاکانی جیـهان لەناویدا ئامـادەن، بە کـوردسـتـانی ئێمـەشـەوە. لە خـوێندنەوەمـاندا بۆ عـەلمانیـەت و ئیسلامی سیاسی هـەڵەیەکی فیکری و میتۆدی گەورە دەکەین گەر تەنها خۆمان لەناو مێژووی کوردیدا بەندکرد و تەماشـای ئەو چوارچێوە مێژووییە گەورانەمان نەکرد کە مێژووی کورد و مێژووی دراوسێکانی کـورد لە سەدە و نیوی ڕابووردودا بەیەکدییەوە و بە مێژووی جیـهانییەوە دەبەسـتێتـەوە. دەشێت ئەم چوارچێوەیە بە چوارچێوەی پەڕینەوە لە قۆناغی بەر لە مـۆدێرنەوە بۆ قۆناغی مۆدێرنە ناونووسیکەین. ئەو کێشانەش لەم سەدە و نیوەی دوایدا لە جیهانی ئێمە و لە جیـهانی دراوسێکانماندا دروسـتبوون وەک کێشـەی پـەڕینەوە لە قۆناغی یەکەمیـانەوە بۆ دووهـەمـیـان وێـناکـەین. گـرنگی ئەم کـارە لەوەدایە کـە پەیدابـوونی ئیـسـلامـی سـیـاسـی و عـەلمانیـەتیش دەبەسـتـێـەوە بە چوارچێـوە گـەورەکـانی گـۆڕانی کـۆمـەڵایەتـی و سـیـاسـی و کولتـوورییـەوە، ئەو فێڵـە ئایدیۆلۆژییـانەش ئاشـکرادەکات کە جـەوهـەرێکی نەگۆڕ بە ئایین و بەکارهێنانـەکانی لە ڕەهەندە جیـاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەبەخشێت. ئەمەش لە ڕووی پراکتیکییەوە لە مـێژووی ئێمـە و لە مێژووی دراوسێکانماندا مـانای بەیەکـەوە گرێدانی سێ ساتەوەختی مێژوویی گرنگ بەیەکدییەوە:

یەکـەم: سـاتەوەخـتی سـەرەتاکـانی ئاشـنابوون بە ڕۆژئاوا و دروسـتـبـوونی تـوانای «خـود ـ بەراوردکردن ـ بەویدی»

دووهـەم: ساتەوەختی کۆلۆنیالیزم

سێهەم: ساتەوەختی دوای کۆلۆنیالزم

لە سـەرەتاکـانی ناسـینی ڕۆژئاوادا سـەرەتـاکـانی پرۆسـەی تـازەبوونەوە و پیـادەکـردنی عەلمانیـەت و ڕیفۆرمکردنی ئایین دەستپێدەکات، لە قـۆناغی کۆلۆنیالیزمدا «دەوڵەتی نەتەوەیی» وەک یەکێک لە بەرهـەمـە سیـاسـییـە هـەرە گرنگەکانی مـۆدێرنە دروسـتـدەبێت و ئایین لەناو ئەم دەوڵەتدا وەک پێدراوێکی دواکەوتوو، ستەمگەر و غـەیبانی مامەڵـەدەکرێت، ئەزموونی کەمـالیزم لە تورکیـا نموونـەی ئەم شـێـوە تایبـەتەی دەوڵەتی نـەتەوە و چۆنیـەتی مـامـەڵەکردنی ئـایینە. لە

ڕاستیدا ئەزموونی کەمالیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕۆڵی ئەو مۆدێلە دەبینێت کە هێزەکانی دیکە لە ناوچەکەدا هەوڵی لاسایکردنەوە و پیادەکردنیان داوە و وەک مۆدێلی باڵادەستی تازەبوونەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی تەماشاکراوە.

لە قۆناغی دوای کۆلۆنیالیزمدا دەوڵەتی «دوای ـ کۆلۆنیالیزم» دێتەکایەوە کە لە زۆر ڕووەوە دەوڵەتێکی ستەمگەرە و لە زۆر ئاستدا هەموو توانایەکی ڕەخنەکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری وێراندەکات. لە سەرەتاکانی دەوڵەتی دوای کۆلۆنیالدا ئایین وەک هێزێکی کۆنەپارێز مامەڵەدەکرێت و پیاوانی ئایین بەڕادەیەکی زۆر دەکرێنە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی سیاسی و کولتووری و مەعریفییەوە، ئەزموونی ناسریەت، بەعس، بۆرقیبە لە نموونە هەرە دیارەکانی دەوڵەتی دوای کۆلۆنیالیزمن.

لە ساتەوەختی ناسینی ڕۆژئاوادا ڕیفۆرمی ئایینی بە ئاراستەی کرانەوەی ئایین بەڕووی جیهان و دەسکەوتە نوێکانی زانستدا دەستپێدەکات و ئیسلام دەخوازێت لەگەڵ پێدراوەکانی جیهانی نوێدا تەبایەک دروستکات. لە قۆناغی کۆلۆنیالیزمدا ڕۆڵی ئیسلام دەگۆڕێت و لەدەرەوەی ڕۆڵی مۆبیلیزەکردنی سیاسیدا دژ بە کۆلۆنیالیزم ڕۆڵێکی ئەوتۆی بۆ نامێنێتەوە و لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە وەک ئایدیۆلۆژیایەکی کۆنەپارێز مامەڵە دەکرێت. لە قۆناغی دوای کۆلۆنیالیزمدا ئیسلام وردە وردە ڕۆڵێکی ڕەخنەگرانە دەگرێتەخۆی و هەوڵی ڕەخنەکردنی ستەمگەرییەکانی دەوڵەتی دوای کۆلۆنیالیزم دەدات.

وەک دەزانین دەوڵەتی دوای کۆلۆنیالیزم بەناوی ئایدیۆلۆژییە گەورەکانی وەک ناسیۆنالیزم، سۆسیالیزم، مارکسیزم و بەعسیزمەوە دەدوێت، بەشێوەیەکی گشتی ئیسلام لەم ئەزموونانەدا وەک هێزێکی دواکەوتوو و کۆنەپارێز و ڕێگر لە پێشکەوتن وێناکراوە. تەنها کاتێک قەیرانەکانی دەوڵەتی دوای کۆلۆنیالیزم گەورە و هەمەلایەن دەبن و دەسەڵات لەم دەوڵەتانەدا کورتدەبێتەوە بۆ دەسەڵاتی نوخبەیەکی زۆر بچووک و ستەمگەر و فاشی، ئیدی ئیسلام لە فۆرمی ڕەخنەیەکی سیاسی و ئەخلاقی و کولتووریدا دەگەڕێتەوە ناو کایەی سیاسەت و ئەخلاق و کولتوور. هەم لەلایەن نوخبەی دەسەڵاتداری دەوڵەتەوە پەنای بۆدەبرێتەوە، وەک گەڕاندنەوەی سەدام حوسەین بۆ ئیسلام، هەم لەلایەن ئەو هێزە ئیسلامییە ئۆپۆزیسیۆنانەوە کە مژدەی ئایینییان پێیە بۆ ڕزگاربوون و ئیسلام وەک دەرمان و چارەسەری سیحری هەموو کێشە و گرفت و قەیرانەکان پێشنیاردەکەن. تێگەیشتن لە ماناکانی گەڕاندنەوەی ئیسلام بۆ ناو کایەی سیاسەت و ئەخلاق و کولتوور دەبێت لەم چوارچێوە مێژووییە گەورەیەدا ببینرێت و بەرەوپێشەوەچوون و نەچوونی عەلمانیەتیش لەهەمان چوارچێوەدا مامەڵەبکرێت.

حەوتەم: قسەکردن لەسەر عەلمانیەت دەبێت لەوەدا گیرنەخوات داکۆکیردنێکی بێمانا بێت لە کەنارگیرکردنی ئایین، بەڵکو دەبێت بەرزبێتەوە بۆ ئاستی قسەکردن لەسەر ئایین بەزمانی زانستە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئینسانییەکان. کاتێک ئیسلامی سیاسی ئایین دەکاتە چوارچێوەی بوون، پەرچەکرداری عەلمانیانە ئەوە نییە داوای ئەوەبکات ئیسلام دەرکرێتە دەرەوەی بوون و وەک سەرچاوەی هەموو کێشە و گرفت و ناڕەحەتییەکان بیناسێنێت. ئەوەی دەبێت ئەنجامدرێت ناچارکردنی ئایدیۆلۆژیست و خوێندەوار و ڕۆشنبیرانی ئیسلامی سیاسییە بۆ قسەکردن لەسەر ئایین بە زمانی زانست نەک بە زمانی ئایین خۆی. قسەکردن لەسەر ئایین بە زمانی ئایین کاری تیۆلۆژیایە، کە لە ئیسلامدا بەرامبەری عیلمی کەلامە، بەڵام قسەکردن لەسەر ئایین بە زمانی عەلمانیەت قسەکردنێکی سیاسی و مەعریفی و زانستییە. لەم ڕەوتەدا بەستنەوەی پیرۆزی، موقەدەس، بە خودی ئینسان خۆیەوە و تەماشاکردنی سەرزەمین بۆ تێگەیشتن لە ئاسمان تاقە دەسپێکێکی زانستیانەی تێگەیشتنە لە ئایین و شێوە جیاوازەکانی دیکەی موقەدەس. بە مانایەکی دیکە بۆ تێگەیشتن لە دین دەبێت هەوڵدەین لە موقەدەس تێبگەین، دین دۆخێکی تایبەتە لە دۆخەکانی موقەدەس و بەهیچ مانایەک هەموو شێوەکانی موقەدەس ناگرێتەوە. دەبێت لەوەش ئاگاداربین کە عەلمانیەتیش موقەدەسی خۆی هەیە و موقەدەسی خۆی بەرهەمدەهێنێت، بۆ تێگەیشتن لە موقەدەسەکانی عەلمانیەتیش نابێت تەماشای ئاسمان بکەین، بەڵکو دەبێت لە قووڵاییەکانی ئینسان ڕامێنین و لەوێدا بەدوای سەرچاوە و مانا و ئاستەکانی موقەدەسدا بگەڕێین.

هەشتەم: دواهەمین خاڵێک لێرەدا دەستنیشانیکەین گواستنەوەی سێنتەری قسەکردنەکانمان لە ئایینەوە بۆ سەر ئەوانەی لەسەر ئایین قسەدەکەن، لە سورەت و ئایەت و فەرمودەکانەوە بۆسەر بەکارهێنەران و بەگەڕخەران و ئایدیۆلۆژیستانی ئایین. ئەمەش مانای گواستنەوە لە قسەکردن لەسەر خودی ئایین خۆیەوە بۆ قسەکردن لەسەر «پیاوانی ئایین»، لە دەقە ئایینییەکانەوە بۆ سەر «خەباتگێڕە ئایینیەکان»، لە سوفی و عارفەکانەوە بۆ سەر ڕۆشنبیر و خوێندەوار و کادرە سیاسییەکانی ئیسلامی سیاسی.

بە کورتی مەسەلەی سەرەکی عەلمانیەت لە جیهانی ئێمەدا مەسەلەی ئایین نییە وەک باوەڕی کۆمەڵێک خەڵک بە جیهان و خالق و پیرۆزیەک لە دەرەوەی جیهانی ئێستادا، عەلمانیەت ڕاگەیاندنی شەڕ نییە لەگەڵ باوەڕی دینیدا، کۆتاییهێنان نییە بە پیرۆزی یان موقەدەس، بانگێشەکردن نییە بۆ بێڕێزی و بێباوەڕی و عەدەمیەت، بەڵکو مەسەلەی چۆنیەتی ڕێکخستن و

دارشتنەوەی ووشیاری و جیهانە: چۆن لەم جیهانەدا بژین و چۆن پێکەوە ڕێکبخەین و چۆن دابڕێژین و چۆن بەڕێوەیبەرین؟ چۆن بیربکەینەوە و چ شوێنێک بە موقەدەس بدەین و چۆن سەربەخۆبین لە بیرکردنەوە و باوەڕدا؟ چۆن یەکدی پێناسکەین و چۆن لە ئیرادە و ویست و هەڵبژاردنەکانی یەکدی ڕامێنین و بەچ شێوەیەک مامەڵەیان بکەین؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە ووشیارییەکی عەلمانیانە پێوەیان خەریکە. عەلمانیەت نە باسی ئایینە نە باسی سیاسەت، عەلمانیەت باسی تێکەڵنەکردنی ئەم دووانەیە بەیەکدی. جا ئەگەر خەباتگێڕانی ئیسلامی سیاسی جیهان لەناو ئاییندا نووقمکەن و دەرەوەی ئایین بە عەدەمیەت یەکسانکەن، لە ڕاستیدادەستەواژەی عەدەمیەت لە گوتاری ڕۆشنبیرە ئیسلامییەکاندا ناوێکی دیکەیە بۆ جاهیلیەت، ئەوکات کاری سەرەکی ووشایارییەکی عەلمانی بریتییە لەبەرگریکردن لە بوون لە بەرامبەر ئاییندا بەبێئەوەی ئەم بەرگرییە مانای بێدینی بگەیەنێت.

**٢. تیورەی عەلمانیەت چی دەڵێت؟**

ووشەی عەلمانیەت یان بە «عەلمانیبوون»، کە بەرامبەرە ئیلنگلیزییەکەی ووشەی «سیکیولاریزەیشنە»(Secularization)، ووشەیەکی لاتینییە و ماناکانی لەگەڵ تێپەڕینی کات و قۆناغ و سەردەمدا گۆڕانی گەوەرە گەورەیان بەسەردا هاتووە. لەسەرەتاوە ئەم ووشەیە بە مانای «ڕۆژگار» یان «سەردەم» بەکارهاتووە، دواتر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ماناکەی گۆڕاوە بۆ «جیهان»، «دنیا» یان «زەمین»، ووشەی عەلمانیەت کە بەکارهاتوە هەمیشە وەک ناوی پرۆسێسێکی تایبەت بەکارهاتوە و باس لە »پرۆسەی بە عەلمانیبوون« کراوە. مەبەست لە پرۆسەی بە عەلمانیکردن» یش «پرۆسەی بە دنیاییکردنی» ی دیاردەکانە، یاخود «پرۆسەی بە سەرزەمینیکردنی» دیاردەکان (Smits 1972:18). ئەمەش مانای بەستنەوە و گرێدانی دیاردە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریی بەبوونی سەرزەمینیانەی ئینسان و کۆمەڵگاوە. مانای دروستکردنی پەیوەندییەکی ئۆرگانیی لەنێوان دنیا لەلایەکەوە و ناوەوە و دەرەوەی ئینسانیش لەلایەکی دیکەوە، گرێدانی ئاسمانە بە ڕەگە سەرزەمینییەکانیەوە، بەستنەوەی دیاردەکانەوە بەڕەگە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە. ئەم بەستنەوەیەش هەمەلایەن و بەرفراوانە، هەم ڕەهەندی مادی هەیە و هەم ڕەهەندی نامادیش، «بە دنیاییکردن» مانای بە دنیاییکردنی هەردوو ڕەهەندەکەی بوونی ئینسان، واتە بەستنەوەی ڕەهەندی مادی و ڕەهەندی ڕۆحیی ئینسان بەو پێدراوە سەرزەمینیانەوە کە لە ساتێکی مێژوویی دیاریکراودا ئیسنان و کۆمەڵگا لەناویدا ئامادەن.

چەمکی عەلمانیەت لە سەدەی هەڤدەهەمدا بۆ یەکەمین جار مانایەکی سیاسی وەردەگرێت. بۆ یەکەمینجار لەو سەدەیەدا ووشەی «عەلمانیەت» و سیاسەت بەیەکدییەوە گرێدەدرێن. ئەم بەکارهێنانە ڕێک دوای کۆتایهاتنی جەنگی ئایینی ٨٠ ساڵەی نێوان کاتۆلیک و پرۆتیستانتەکان بووە کە دوو باڵی گەورە و گرنگی ناو ئایینی مەسیحین. نوێنەری فەرەنسا بۆ کوژاندنەوەی ئاگری ئەو جەنگە و ئیمزاکردنی ڕێکەوتنی (وێست فالسە) لە ڕۆژی ٨ ـ ٤ـ ١٦٤٦ دا بۆ یەکەمینجار ووشەی عەلمانیەت بە مانا سیاسییەکەی بەکاردەهێنێت. مەبەستی ئەو نوێنەرە لە دەستەواژەی عەلمانیەت لەوکاتەدا ئەوەبووە کە دەستبگیرێت بەسەر هەندێک لەو ملک و ماڵ و سامانەدا کە کەنیسە هەیبوە و هەوڵبدرێت بەشێکیانی لێبسێندرێتەوە (هـ. س. پ ل ١٩). مەبەست لە دەستبەسەرداگرتن و سەندنەوەی بەشێک لە ماڵ و ملکی کەنیسە ئەوە نەبووە دژایەتی کەنیسە یان ئایینی مەسیحیەت بکرێت، یان لەوەوە هاتبێت کە پادشا و ئەمیرەکانی ئەو کاتە ڕقیان لە کەنیسە بووبێت و بێباوەڕبووبن و باوەڕیان بە ئایین نەبووبێت، بەپێچەوانەوە مەبەست لە ووشەی عەلمانیەت لەو کاتەدا ئەوەبووە کە کەمەکێک لەو توانا ماددییەی کەنیسە کەمبکرێتەوە کە بەهۆیەوە خەرجی و تێچوونی شەڕە خوێناوی و درێژەکانی ئەو ڕۆژگارەی دابینکردوە. بەم پێیە مانا سەرەتاییەکانی عەلمانیەت مانایەک نین دژ بە کەنیسە و ئایین بن (هـ. س. پ ل ١٩).

عەلمانیەت تا سەدەی هەژدەهەمیش مانای دژایەتیکردنی کەنیسەی هەڵنەگرتووە. نموونەیەکی دیکە کە ئەم ڕاستییە نیشان ئەدات ئەوەیە کە خوێندەوارانی شاری (مونستەر) لە ئەڵمانیا لە ساڵی ١٧٧٣ دا دەیانەوێت زانکۆیەک بنیادبنێن کە دروستکردنی پارەیەکی زۆری تێدەچێت. بۆ کۆکردنەوەی ئەم پارەیە کەنیسە خۆبەخۆ و ئازادانە یەکێک لە دێرەکانی خۆی چۆڵ دەکات و دەیبەخشێت بە زانکۆکە. کە زانکۆکەش دروستدەبێت بە هیچجۆرێک وانەی ئایینی و تیۆلۆژیای تێدا ناگوترێتەوە. ئەم هەڵوێستەی کەنیسە لەو ڕۆژگارەدا وەک هەڵوێستێکی عەلمانیانە پێناسکراوە. لێرەشدا عەلمانیەت دیسانەوە مانای وازهێنان یان سەندنەوەی بەشێکی ملک و ماڵە لە کەنیسە. ئەوەی ئەم نموونەیە نیشانی ئەدات ئەوەیە کە مەرجنییە ئەم سەندنەوەیە هەمیشە بە زۆر و لەڕێی ناچارکردن و بەکارهێنانی توندوتیژییەوە بووبێت، بەڵکو هەندێکجار خۆبەخۆ و ئازادانە ڕوویداوە. ئەمەش ئەیسەلمێنێت کە عەلمانیەت لەسەرەتاوە مانای دژایەتیکردن و بەگژاچوونەوەی کەنیسە نەبووە. (هـ. س. پ ل ١٩).

بەڵام لە سەدەی نۆزدەهەمدا، بەتایبەتی دوای شۆڕشی فەرەنسی و جەنگەکانی ناپلیۆن، وشەی عەلمانیەت ئەم مانا بێلایەنە لەدەستئەدات و دەبێتە چەمکێک کە کێشە و ناکۆکی و

چەندوچوونێکی زۆر دەنێتەوە، هەندێک بەشێوەیەکی توند و پەڕگیر دژایەتی دەکەن و هەندێکی دیش زۆر بە توندی داکۆکی لێدەکەن. لە شۆڕشی فەرەنسیدا ڕقی زۆری خەڵک لە پیاوانی ئایین و دژایەتیکردنی دانیشتوان بۆ کەنیسە دەبێتە هۆی کوشتنی چەندان قەشە و بەتاڵانبردن و دزینی ماڵ و مڵکێکی زۆری کەنیسەش. (هـ. س. پ ل ٢٠). سەربڕینی لۆدڤیکی چواردەهەمیش سیمبولی کۆتایهاتنی ئەو دەسەڵاتە سیاسییەیە کە خۆی وەک دەسەڵاتێکی پیرۆز پێشنیاردەکرد. لە دوای ئەم ڕووداوانەوە ماناکانی عەلمانیەت فراوانتردەبێت و چیدی لەو سنوورەدا نامێنێتەوە کە بریتیبێت لە سەندنەوەی بەشێک لە مڵک و ماڵ لە کەنیسە، بەڵکو کۆمەڵێک مانای کولتووریش دەگرێتە خۆی و لەنێوان عەلمانیەت و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی کولتوورییدا پەیوەندییەک دروستدەبێت. لێرە بەدوا عەلمانیەت چیدی بەتەنها مانای سنەندنەوەی سامان و مڵک و ماڵ نییە لە کەنیسە بەڵکو مانای دەرهێنانی کولتووریشە لەژێر دەستی ئەم دەزگایە و پیاوەکانی. لە سەدەی نۆزدەهەمەوە ووشەی عەلمانیەت ئەم ڕەهەندە کولتوورییە دەگرێتەخۆی و هێما بۆ سەندنەوەی مافی مۆنۆپۆڵکردنی بەرهەمهێنانی فیکر و کولتوور و مانا دەکات لە کەنیسە. مانا کولتوورییەکانی عەلمانیەت ئەوەدەگەیەنێت کە چیدی دەسەڵاتی فیکری و مەعریفی و کولتووری لە دەستی پیاوانی ئاییندا نامێنێتەوە و بەسەر هێزی کۆمەڵایەتی دیکەدا دابەشبێت. سەندنەوەی دەسەڵاتی کولتووری لە پیاوانی ئایین هاوشانبووە بە پرۆسەی جێنشینبوونی بەرهەمهێنانی کولتووریی لە چوارچێوەیەکی فیکری و فەلسەفی و زانستی نوێدا کە لەو سەدەیەدا لە دەوری چەمکی «پێشکەوتن» یان «بەرەوپێشەوەچوون» کۆدەبێتەوە. لێرەبەدوا عەلمانیەت دەبێتە ناوی ئەو پرۆسە کۆمەڵایەتی و کولتورییەی کە تێیدا کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتوری لەژێر دەستی کەنیسە و ئایین دەردەهێنرێت (هـ. س. پ ل ٢٢).

بەڵام گەشەکردنی ماناکانی عەلمانیەت لە سەدەی نۆزدەهەمدا لێرەدا ناوەستێت، هەر لەو سەدەیەدا چەمکی عەلمانیەت دەبێت بە هێما بۆ مۆدێلێکی سیاسی و کولتووری کە تێیدا ئایین و دەوڵەت لەیەکدی جیادەبنەوە، نە دەوڵەت دەسەڵاتی ئایینی دەبێت و نە پیاوانی ئایینیش دەسەڵاتی سیاسی. لەهەمانکاتدا ئەم مۆدێلە دەبێتە هێما بۆ شێوازێکی تایبەتی پیادەکردنی گۆڕان و گەشە و بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵایەتی، دەبێتە فۆرمێکی تایبەتی سیستمی سیاسی و مۆدێلێکی نوێی کولتووری. لەدیدی زۆربەی زانا و فەیەلسوف و خوێندەوارە گەورەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ئەم مۆدێلە مۆدێلێکی «ڕزگاریخوازە»، ڕزگاریخواز بەو مانایەی هەوڵی ئەوە ئەدات کە «کایە کولتوورییە جیاجیاکان» لە ژێر دەستی کەنیسە

دەربهێنێت و بەرهەمهێنانی مەعریفە لە هێز و سانسۆر و خەیاڵی ئەم دەزگایە ڕزگارکات. مەبەست لە «کایە کولتوورییەکانیش» کایەی زانست، پەروەردە، هونەر، سیاسەت و زۆرانی دیکەشن. ئاشکرایە لە سەدەکانی پێشوتردا بەشی هەرەزۆری ئەم کایانە لەژێر دەسەڵات و فەرمایشی کەنیسەدا بوون، لاهوت لەناوەوە ڕێکیخستوون و سانسۆرێکی ئایینی سنووری بۆ توانای کار و گەشە و بەبرێوەچوونیان داناوە. ئاشکراشە ڕۆژگاری سانسۆری ئایینی بۆ ژیان و فیکر و مەعریفە ڕۆژگاری بێدەنگکردن و کوشتن و سەربڕینی دەیان و سەدان زانا و بیریار و فەیلەسوفی ڕەخنەیین. بە سەندنەوەی ئەم کایانە لە کەنیسە و دەرهێنانین لەژێر چنگی پیاوانی ئایین ئیدی هەریەکێکیان دەبێتە کایەیەکی سەربەخۆ و دەکەوێتە ژێر کاریگەری یاسا و بەها و میکانیزمە ناوەکییەکانی کایەکە خۆیەوە.

ئەم جیابوونەوەیەی کایە زانستی و فیکری و کولتوورییەکان لە کایەی ئایین دەرگایەکی گەورە دەکاتەوە بەڕووی ئۆتۆنۆمبوونی ئەو کایەکاندا. جیابوونەوەی زانست لە ئایین مانای ئەوەی چیدی زانست بەپێی جەبر و سنوور و چەمک و حەلاڵ و حەرامەکانی فیکری دینی کارنەکات، بەڵکو بەشێوەیەکی سەربەخۆ و بە پێی لۆژیکی تایبەتی خۆی بابەتەکان دەستنیشانکات، خۆی میتۆدی خۆی بەرهەمبهێنێت و خۆی گریمانەکانی خۆی دروستبکات، بەمەش خەیاڵی زانستیانە دەچێتە شوێنی خەڵی ئایینی و میتۆدی نوێ دەچێتە شوێنی میتۆدی کۆن و مێژووی زانست و مێژووی ئایین لەیەکدی جیادەبنەوە. ئەمەش پاڵێکی گەورە بە گەشەی زانستەوە دەنێت و فەزایەکی نوێ و ئازادی لەبەردەمدا دەکاتەوە. کە زانست لەدەستی ئایین دەربازدەبێت ئیدی خۆی بە کێشە و مەسەلە و گرفتە ئینسانییەکانەوە خەریکدەکات، لە تەماشاکردنی ئاسمانەوە دادەبەزێت بۆ تەماشاکردنی سەرزەوی، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی زانیاری و کەڵەکەبوونی بەردەوامی، دەبێتە هۆی دروستبوونی لق و کەناڵ و کایەی زانستی نوێ و نوێتر. زۆربەی هەرە زۆری ئەو بابەتانەی جاران ئایین بە سەرزەمینی کارکردنی خۆی دادەنان و لێکی ئەدانەوە و ڕاڤەیدەکردن دەکەونە ناو سنووری زانستە تازەکانەوە و بەشێکی زۆریان دەبنە بابەتی قسەلەسەرکردنی زانستی ئەنترۆپۆلۆژیا، سۆسیۆلۆژیا، سایکۆلۆژیا و ئەوانیدیش. لە ڕاستیدا لەدایکبوونی ڕاستەقینەی فیکر و خەیاڵ و میتۆدی زانستیانەی بیرکردنەوە لەم خاڵەوە دەستپێدەکات. (بێگومان من لێرەدا قسەم لە لەدایکبوونی ئەو ستراتیژە نوێیانەی دەسەڵات نییە کە بە زانست و بیرکردنەوەی زانستی بونیاد و بابەت و شێوازی تێبینیکردنی تایبەت دەبەخشن، قسەم لەو دەرەنجامە نێگەتیڤانەش نییە کە زانست لەپاڵ دەرەنجامە پۆزەتیڤەکانیدا دەیانخاتەوە، من لێرەدا هێما بۆ مێژووی

جـیـابونـەوەی زانست و ئـایین لەیەکـدی دەکـەم، ئاشکرایـە کـۆی ڕەهـەندە نێگەتیـڤـەکـانی گەشەکردنی زانست لەلایەن زۆر فەیلەسوف و مێژوونووس و نووسەری گەورەی جیهانەوە بەر ڕەخنەی گـرنگ و ڕیشـەیی دراون. ئەوەی من لێرەدا نیشـانیئـەدەم ئەو ئاراسـتـە و ئازادییـە نوێیە کـە عـەقڵ و خـەیاڵ و میتـۆدەکانی کارکردنی زانستی دوای ڕزگاربوون لـە جەبرەکانی ئایین دەکـەونە ناوییـەوە. بۆ زیاتر شـارەزابوون لە پەیوەندی نێـوان لەدایکبـونی زانسـتـە ئینسانییەکان و هاتنەکایەی ستراتیژە نوێکانی دەسەڵات خوێنەر دەتوانێت بۆ نووسینەکانی فەیلەسوفی فەرەنسی میشێل فۆکۆ بگەڕێتەوە بە تایبەتی بۆ کتێبی «ووشەکان و شتەکان»).

زانسـتە ئینسـانییەکانیش بەدرێژایی سـەدەکە گەشـەی گەورە و خـێرا و هـەمەلایەن دەکـەن، لەدایکبوونی سایکۆلۆژیا و سـۆسیـۆلۆژیا ڕۆڵێکی گرنگ دەبین لە بەخشینی کۆمـەڵێک وێنەی نوێدا بە ئینسـان و کـۆمـەڵگا و جـیـهـان کـە ناکـۆکن بە وێنەکـانی ئـایین، ئەم زانسـتـانـە لەزۆرڕووەوە ئەو بۆشاییـە پڕدەکەنەوە کە لاوازبوونی لێکدانەوەی ئایینی بۆ ئینسـان و کۆمەڵگا و گـەردون دروسـتـیـدەکـات. سـەرەڕای ئەمـانەش سـەدەی نۆزدەهـەم سـەدەی لەدایکبـوون و گەشـەکـردنی زانسـتی مێژووە، ئەم زانسـتـە لە نووسینـەوەی مێژووی ئینسـان و کـۆمـەڵگا و جـیـهـانـدا مـێـژوویەکی جـیـاواز و تەواو نـاکـۆکـمـان نـیـشـانئـەدات لەو مـێـژووەی ئـایین پێشنیاریدەکات، زانستی مێژوو کۆمەڵێک پەیوەندی سەبەبی و ئامانج و پاڵنەری جیا جیا لەنێوان مێژوو و جیهان و ئینساندا دەدۆزێتەوە کە دەکەونە دەرەوەی گریمانەکانی ئایینەوە و لەزۆر ڕووەوە بەو گریمانانە ناکۆکن.

ئەوەمـان لەیاد نەچێت سـەدەی نۆزدەهەم کـە ئەم مـانا تازەیە بە عـەلمانیـەت دەبەخـشـێت و دەیکاتە ئایدیالێکی سـیـاسـی و کـولتـووری، لەهەمـانکاتدا سـەدەی فـیکری لیـبـرالی و سۆسیـالیستیشـە، سـەدەی پەڕینەوەی بەشێکی گرنگی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییـەکانە لە قۆناغی بەر لە مـۆدێرنەوە بۆ ناو هـەناوی پرۆسـە کـۆمـەڵایەتی و سیـاسـی و فـەرهەنگیـەکـانی مـۆدێرنە. ئامـادەگی لیـبـرالیـزم و سـۆسـیـالیـزم لەزۆر ڕووەوە، دەسـەڵاتی کـەنیسـە و دیدی ئایینی بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆمـەڵگا لاوازدەکەن، لیبرالیزم بە گرنگیدان بە تاکەکەسی ئازاد و بە ئیرادەی هەڵبـژاردنی سـەربەست و عـەقڵانی و سـۆسیـالیزمیش بە هـەوڵدان بۆ لەناوبردنی جـیاوازی چینـایەتی و بنیـادنانی بەهەشت لەسـەر زەوی، پایەکـانی دەسـەڵاتی ئایینیـان لاوز کرد. بەر لەم سـەدەیەش، واتـە لە سـەدەی هـەژدەهەمـدا، ڕۆشنگەری بە پێداگرتنی بەردەوام و بەرفراوانی لەسـەر ڕۆڵی عەقڵ لە ڕۆشنکردنەوەی جـیـهـاندا، وایکردبوو کـە چەند ڕەهـەندێکی بیرکردنەوەی سیحری و خورافی لەناوچووبێت، یان لانیکەم لاوازبووبێت.

ئاشکرایە پرسـیـار دەربـارەی ئایندەی ئایین لەمـێژووی نوێی مرۆڤـایـەتیـدا بۆ یەکەمـینجـار

لەسەردەمانی ڕۆشنگەریدا دێتەکایەوە. مۆنتیسیکیو باوەڕی وابوو گەر دەوڵەت پشتی کەنیسە نەگرێت ئەوا لەناودەچێت و ئێسک و پروسکی نامێنێت. لەسەردەمانی ڕۆشنگەریدا زۆربەی فەیلەسوف و نووسەر و خوێندەوارە گەورەکان باوەڕیان وابوو کە بە تێپەڕینی کات هەم کەنیسە وەک دەزگا و هەم ئایین وەک چیرۆکێک دەربارەی بوون و ئینسان و کۆمەڵگا بوونیان نامێنێت. لەو ڕۆژگارەدا ئەو باوەڕە سەرداربوو کە «پێشکەوتن» و «گەشەکردنی» زانست وادەکەن ئینسان چیدی پێویستی بە ئایین و باوەڕی ئایینی نەمێنێت، زانست بچێتە شوێنی ئایین و لەباتی ئەویش جیهان و دیاردە و نهێنییەکان بۆ ئینسان لێکبداتەوە. یان پەیدابوونی زانست وادەکات ئەوەی کە ویژدانی ئەخلاقی ئینسان دەستنیشاندەکات چیدی ئایین نەبێت بەڵکو پەروەردەکردنێک بێت کە پایەکانی لەناو زانست و دەسکەوتە عەقڵی و ئینسانییەکاندا بێت.

ڕەنگە کەس ئەوەندەی «ئۆگست کۆنت» ئەم خۆشباوەڕییەی ڕۆشنگەریی بەرجەستە نەکردبێت. بەبۆچوونی کۆنت لە سەردەمی نوێدا، کە ناوی قۆناغی پۆزەتیڤیزمی لێدەنێت، زانست دەچێتە شوێنی شێوازەکانی دیکەی بیرکردنەوە. کێشە و گرفتەکان بەپێی یاساکانی سروشت و یاسا کۆمەڵایەتییەکان چارەسەردەکرێن نەک بەپێی یاسا ئایینییەکان، پیاوانی زانست دەچنە شوێنی پیاوانی ئایین و هەموو ئەمانەش وادەکەن ئەو توێژاڵە سیحرییەی ئایین دەیدات بەسەر جیهاندا بپوکێتەوە و جیهان ببێتە جیهانێکی داماڵراو لە سیحر. بەکورتی لەدیدی ئۆگست کۆنتدا لە دوای هاتنەکایەی ڕۆژگاری عەقڵەوە ئیدی ئایین کەنارگیردەبێت و هیچ ئەرک و ڕۆڵێکی لە کۆمەڵگادا بۆ نامێنێتەوە، بەبۆچوونی ئەم کۆمەڵناسەی سەدەی نۆزدەهەم ووشیاری نوێ ووشیارییەکە تەواو پێچەوانە و دژ بە ووشیاری ئایینی. (بێگومان ئەم دیدەی ڕۆشنگەری بۆ ڕۆڵی ئایین و زانست هەر زوو دەدرێتە بەر ڕەخنە و ئەم خۆشباوەڕییە سادەیە بەرامبەر بە نەمانی ئایین و شوێنگرتنەوەی زانست بۆ ئایین وەک بەسەهوداچوونێکی مێژوویی مامەڵەدەکرێت، بەلام سەرەڕای ئەم ڕاستییە خۆشباوەڕییەکانی ڕۆشنگەری دەربارەی ڕۆڵی زانست و ڕەخنەی ڕۆشنگەریش بەرامبەر بە ئایین لەزۆر ڕووەوە ڕەخنەی مێژوویی گرنگن و ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە لە پایەداربوونی بنەماکانی ووشیاری نوێدا کە دواتر شوێن و جێ و ڕۆڵێکی نوێ بە ئایین دەبەخشێت، نەک ڕەتیکاتەوە و بێڕۆڵی کات).

گەر لە ئاستی جیهانبینیدا قسەبکەین دەشێت گشتگیری بکەین و بڵێین: ئەو جیهانبینییەی عەلمانیەت دروستیدەکات لەزۆر سەرەوە ناکۆکە بەو جیهانبینییەی ئایین هەیەتی. لە

جیهانبینی ئایینیدا، مەبەستم لە جیهانبینی مانا هەرە هەرە گشتییەکەی جیهانبینییە وەک دیدێکی زۆر گشتی بۆ ژیان، ژیان وەک شانۆگەرییەکی کوورت وێنادەکرێت کە دەرهێنەرەکەی خوداوەندە و ئینسان کۆمەڵێک ڕۆڵ دەبینێ کە پێشتر خوداوەند بۆی دەستنیشانکردوە. عەلمانیەت دەسکارییەکی ڕیشەیی ئەم وێنەیەی دنیا و ڕۆڵی ئینسان لە جیهاندا دەکات. لە جیهانبینی عەلمانیدا، دیسان بە مانا هەرە گشتییەکەی جیهانبینی، ئینسان بوونەوەرێکی ئازادە و خۆی بەرپرسیاری هەڵبژاردن و ویست و هەڵوێستەکانی خۆیەتی، ئایین هەموو ژیانی داگیرناکات و چوارچێوەکانی بوونی بەتەنها ئایین بەرهەمیان ناهێنێت، بەڵکو کۆمەڵێک ڕەگەزی دیکەش بەشدارن لە بەرهەمهێنانیدا کە لە زۆر ڕووەوە بە ئایین و گریمانەکانی ئایین ناکۆکن. ڕۆڵی زانست لەم پرۆسەیەدا گرنگە و لەوەشدا بەرجەستە دەبێت کە لەباتی حیکایەتەکانی ئایین دەربارەی جیهان و دەربارەی ئینسان کۆمەڵێک حیکایەتی دیکە پێشنیاردەکات کە ڕەگەزەکانی لەناو پاسادانکردنی عەقڵی و ئەزموون و تاقیکردنەوەوە دێن، نەک لە باوەڕێکی میتافیزیکییەوە. لەم ڕەوتەدا بۆ نموونە پزیشکی دەچێتە شوێنی سیحر، حەبی ئەسپرین ئەچێتە شوێنی دوعا، چون بۆلای دکتۆری سایکۆلۆژی ئەچێتە شوێنی چوون بۆ لای شێخ و مەشایخ، کۆپەرنیکۆس و گالیلۆ و داروین دەچنە شوێنی قەشە و حاخام و شێخەکان. هەموو ئەمانەش نموونەی ئاشکرای ئەو حیکایەتە نوێیانە نیشانئەدەن کە هەم بە حیکایەتە ئایینییەکان ناکۆکن، هەم بەو تەرزە تایبەتەی زانستی بەر لە خۆیان کە لە کۆشی ئاییندا گەورە بووبوو.

زانستە تازەکان لە گەشەی خۆیاندا بەوەوە نەوەستان تەنها لە کۆمەڵێک دیاردەی کۆمەڵایەتی و سروشتی و ئینسانیی ڕامێنن، یان تەنها باس لە گەردون و ئابووری و سیاسەت و دەسەڵات بکەن، بەڵکو لەپاڵ بەرهەمهێنانی فیکر و دید و مێژوویەکدا بۆ ئینسان و کۆمەڵگا و جیهان جیاواز لەوەی ئایین پێشنیاری دەکات، ڕاستەوخۆ ڕوو دەکەنە تەماشاکردن و خوێندنەوەی ئایین خۆشی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و مەعریفی و سایکۆلۆژی. دەقە ئایینیە گەورەکانیش لەژێر سایەی پێدراو و گریمان و دەسکەوتە میتۆدییە نوێیەکاندا سەرلەنوێ دەخوێندرێنەوە. ئایین خۆشی دەبێتە بابەتێک لە بابەتەکانی خوێندەوەی زانستی و وەک دیاردیەکی کۆمەڵایەتی و ئینسانی مامەڵە دەکرێت (هـ. س. پ ل ٣٠). واتە پرۆسەی بە عەلمانیبوونی ووشیاری وادەکات کە ئایین چیدی بەتەنها بابەتی تیۆلۆژیا نەبێت و بەتەنها پیاوە ئایینییەکان قسەی دەربارە نەکەن، بەڵکو ببێتە بابەتی زانستەکانی دیکە و پیاوانی زانست بەشێوەیەکی زانستی لە ماناکانی بوون و ئامادەگی ڕابمێنن و بەدوای ڕەگوڕیشە سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکانیدا بگەڕێن. لێرە بەدوا ئایین چیدی سندوقێکی

تاریک نییە و ئینسان نەزانێت لەناوەوەیدا چی هەیە و چۆن کاردەکات و بنەماکانی چین، بەڵکو دەبێتە سندوقێکی کراوە و نهێنییەکانی ئاشکرادەبێت و مانا و وێناکردن و وەزیفەکانی دەردەکەوێت، هەموو ئەمانەش بەسەریەکەوە کۆمەڵێک ڕەهەندی نوێ بە ئیمان و ڕۆحانیەت و دینیبوون دەبەخشن جیاواز لە مانا تەقلیدییەکانی ئەم چەمکانە و بەشێوەیەکی بەرچاویش ئەزموونە ڕۆحییەکانی ئینسان تازە و قووڵ و هەمەلایەن دەکەنەوە.

لە هەمانکاتدا لەناو کایەی ئایین خۆشیدا گۆڕانی گەورە گەورە دروستدەبێت، زۆر لە خوداناس و تیۆلۆژ و عابیدەکان دەکەونە ژێر کاریگەری بۆچوونی تازەی زانستە ئینسانییەکانەوە و دەرەنجامی ئەم زانستانە دەگوازنەوە بۆ تازەکردنەوەی کایەی ئایین خۆشی. ئەمەش وادەکات بەشێک لە خوداناسانی ئەو سەدەیە کۆمەڵێک دید و تێڕوانینی نوێ و لیبرال و کراوە بەرامبەر ئایین و ڕۆڵی ئایین لە جیهاندا بەرهەمبهێنن کە یەکانگیربێت لەگەڵ دیدی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا و ناکۆکبێت بەدیدی دۆگمایی و تەقلیدیی کەنیسە و پیاوانی ئایین. بە مانایەکی دیکە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە عەلمانیەت لەناو کایەی ئایین خۆشیدا ئامادەیە و کۆمەڵێک گۆڕانکاری گەورە گەورە لەناو ئەم کایەیەشدا ئەنجامئەدات.

هەموو ئەمانە بەسەریەکەوە وادەکەن ئایین وەکچۆن لە ئاستی سیاسیدا ڕووی لە لاوزبوون بووە، وەک هێزێکی مەعریفیش توشی کێبەرکێ و ململانێی زانستە کۆمەڵایەتی و سروشتییەکان ببێتەوە و ئەو دەسەڵاتە مەعریفییە تەقلیدییە لەدەستبدات کە لەسەدەکانی پێشتردا هەیبووە. بەم مانایە عەلمانیەت پرۆسەیەکی دوو جەمسەرە، لەسەرێکەوە پێشنیاری شێوازێکی تایبەتی ڕێکخستنی سیاسی دەکات کە تێیدا سیاسەت لە ئایین جیاکرابێتەوە و پایەکانی لەناو کۆمەڵێک پرنسیپ و پێدراوی نائایینی و عەقڵانیدا جێگیربووبێت کە پیرۆزی لە دەسەڵاتی سیاسی دابماڵێت، لەسەرێکی دیکەوە پرۆسەیەکە تێیدا عەقڵ ئازادی و ئۆتۆنۆمبوونی خۆی وەردەگرێت و ڕاستەوخۆ و بێ ناوکۆییکردنی ئایین لەگەڵ جیهاندا دەرگیردەبێت.

بێگومان ئەم گەشەکردنە گەشەکردنێکی زۆر هێمن و لەسەرخۆ و درێژخایەنی پڕ هەڵبەز و دابەز بووە، لە شوێنی جیاوازدا بە شێوەی جیاواز ڕوویداوە و لای هێزێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو ئامادەتر بووە تا لای هێزێکی دیکە. لەهیچ شوێنێکدا پەیوەندی نێوان ئایین و سیاسەت بە قەتعی و بنەبڕی کۆتاییپێنەهاتوە و عەقڵ ئەو ئۆتۆنۆمبوونە سەد دەر سەدەی وەرنەگرتووە کە هەندێک لە تیوریستەکانی عەلمانیەت پێشنیاریدەکەن. بەهیچ شێوەیەک شتەکان بەو شێوەیە نەبوون وەک ئەوەی هەموو کەسێک لە ڕۆژئاوای سەردەمانی دیکارت و

کانت و مارکس و نیتشەدا وەک ئەم فەیلەسوفانە و بەهەمان شێوە بیریان لەئایین و سیاسەت کردبێتەوە، هەڵەیەکی گەورەیە وابزانین مارکس چەند دژ بە دین بووە، خەڵکی سادەی کۆمەڵگای ئەڵمانی و ئینگلیزی سەدەی نۆزدەهەمیش بەهەمان ئەندازە دژ بەدین بوون، یاخود کە نیتشە گوتوویەتی «خوداوەند مرد» ئیدی هەموو ئەوروپا بەدوایدا ئەم گوتراوەیان دووبارەکردبێتەوە، یان هەمووان وەک ئۆگست کۆنت باوەڕیان بەوەبووبێت کە ڕۆژگاری دین کۆتایی پێهاتوە و زانست شوێنی دین دەگرێتەوە. ئەو نەخشە گشتییەی لە لاپەڕەکانی پێشوودا بۆ گەشەکردنی عەلمانیەت و لاوازبوونی کاریگەرییەکانی ئایین وێنامانکرد بەهیچشێوەیەک ئەوە ناگەیەنێت کە لە سەدەی هەژدەهەمەوە ئایین هیچ ڕۆڵێکی لە ژیانی سیاسی و ئابوری و کولتووری و ڕۆحی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا نەماوە. ئەم وێنەیە بۆ ڕۆڵی ئایین لە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژئاوادا وێنەیەکی ناڕاست و سادە و هەڵەیە. ڕاستە ئایین لەگەڵ بەرپابوونی پرۆسەی بە عەلمانیبووندا کۆمەڵێک دەسەڵاتی لێسەندراوەتەوە، گۆڕانی گەورە بەسەر شێوە و ناوەرۆکیدا هاتووە، لە کایەیەکی نوێدا جێگیربووە، سایکۆلۆژیایەکی نوێی خستۆتەوە کە ئایین سێنتەری کارکردن و دروستبوونی نییە، بەڵام هەموو ئەم گۆڕانانە مانای بێڕۆڵی و بێکاری و بێبایەخی ئایین ناگەیەنن، لەڕاستیدا ئایین لە سەردەمانی مۆدێرنەدا لەهەندێک ڕووەوە بەهێزتر و کۆمەڵایەتیتر و قووڵتر بووە. هەر لە ئاستی فەلسەفیدا سەدەی نۆزدهەم چۆن سەدەی نیتشە و مارکسە ئاواش سەدەی کیرکجاردە، ئەگەر مارکس و نیتشە دوو لە بێباوەڕە گەورەکانی مێژووی فیکر بن، ئەوا کیرکجارد یەکێکە لە ئایینیترین فەیلەسوفەکانی مێژووی فەلسەفە. سەرەڕای ئەمانە ئایین لەناو دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئەوروپی سەدەی نوزدەهەم و بیستەمیشدا ئامادەبووە و ئامادەیە، بەشێکە لە شوناسی ژمارەیەکی زۆری تاکەکەس و گروە و هێزی کۆمەڵایەتی جیاواز. لە هەندێک شوێندا ماناکانی نەتەوە لەبەرگێکی ئایینیدا پێشنیارکراوە، ئیسپانیا نەتەوەیەکی کاتۆلیکی بووە، هۆڵەندا پرۆتستانی (Van der Veer 1995). (لە لاپەڕەکانی دیەکدا دێنیەوە سەر ئەم باسانە).

### ٣. عەلمانیەت و دوو پرۆسێسی تایبەت:

لە ڕووی سۆسیۆلۆژییەوە دەشێت ئەو گۆڕانانەی لەسەرەوە باسمانکردن لە دوو ئاستی تایبەتدا بەم شێوەیەی لای خوارەوە کووڕتکەینەوە: (Smits 1972:39).

یەکەم: ئاستی بەرپابوونی کۆمەڵێک گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی ـ بونیادیی.

دووهەم: ئاستی بەرپابوونی کۆمەڵێک گۆڕانی کۆمەڵایەتی ـ کولتووریی.

ئاستی یەکەمیان بەرجەستەکەری گۆڕانە لە بونیاد و پێکهاتی دەزگایی و فۆرمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگادا لە کاتێکدا ئاستی دووهەمیان پەیدابوونی گۆڕانە لە پێکهاتی کولتووری و زەینی و فانتازی تاکەکەس و گروهەکاندا. یەکەمیان دەربڕی گۆڕانی ئەو دەزگا و کایانەن کە لە کۆمەڵگادا ئامادەن، دووهەمیان دەربڕی گۆڕانی ووشیارییە. با ئەم خاڵانە زیاتر وردکەینەوە و سەرنجێکی قووڵتریان لێبدەین.

**١-٣: ئاستی یەکەم: عەلمانیەت وەک پرۆسەی بەرپابوونی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بونیادی**

لەم ئاستەدا عەلمانیەت، یان پرۆسەی بە عەلمانیکردن، پرۆسەیەکە کە دەبێتە هۆکاری بەرپابوونی گۆڕان لە گشتێتی کۆمەڵگادا، گۆڕان لەو دەزگا و ناوەند و هێز و کایانەدا کە ژیانی کۆمەڵایەتی بەڕێوەدەبەن. کۆمەڵناسان لەم ئاستەدا باس لە هاتنەکایەی کۆمەڵێک گۆڕانکاری بونیادیی و ڕیشەیی دەکەن کە پێکهاتی کۆمەڵایەتی و دەزگایی کۆمەڵگا دەگۆڕن، هەندێک نووسەر ئەم گۆڕانانە بە «گۆڕانی دەزگاکان» لە قەڵەم ئەدەن (هـ. س. پ ل ٣٩). نموونەی ئەم جۆرە گۆڕانانەش بریتین لە گۆڕان لە: سیستمی ئابوری، سیستمی پەروەردە و فێربوون، سیستمی قەزایی، سوپا، سیستمی تەندروستی، سیستمی خێزان، هتد... پرۆسەی بە عەلمانیکردن یان ئەوەتە دەزگای نوێ لەم سیستمانەدا دروستدەکات یان ئەوەتە دەزگا کۆنەکانی ناو ئەم سیستمانە ناچار بە گۆڕانی گەورە و گرنگ دەکات. لە ڕاستیدا بەرپابوونی گۆڕان لەم ئاستە بونیادی و دەزگاییەدا هێمای گواستنەوەی کۆمەڵگایە لە قۆناغێکی مێژوویی تایبەتەوە بۆ قۆناغێکی مێژوویی دیکە، دەشێت ئەم گواستنەوەیە بە قۆناغی گواستنەوە لە هەلومەرج و ڕۆژگاری بەر لە مۆدێرنەوە بۆ هەلومەرج و ڕۆژگاری مۆدێرنە ناوببەین. لەم گواستنەوەیەدا پرۆسەی بە عەلمانیبوون کۆی سیستمە تەقلیدییەکان و ئەو دەزگایانەی ئەو سیستمە بەڕێوەدەبەن ناچار بە گۆڕانکاری گەورە و گرنگ و هەمەلایەن دەکات. ئەوەی لێرەدا گرنگە باسیبکەین ئەو ڕاستییەیە کە لە قۆناغەکانی بەر لە پرۆسەی بە عەلمانیبووندا کۆی ئەو دەزگا تایبەتانەی کە ژیانی کۆمەڵایەتییان بەڕێوەبردوە، بە ڕادەیەکی زۆر، لەژێر کاریگەری و دەسەڵاتی کەنیسە و پیاوانی ئاییندا بوون. ئەوانەی سیستمی خوێندن و سیستمی قەزا و سیستمی ئابووری و سیستمی تەندروستی و سیستمی خێزان و کۆی سیستمەکانی دیکەیان بەڕێوەبردوە، یان کاریگەری زۆریان لەسەر هەریەکێک لەم سیستمانە هەبووە، پیاوانی ئایین و دەسەڵاتدارانی کەنیسە و گریمان و پێشداوەرییەکانی ئایین بوون. یان لانیکەم هەموویان ملکەچی یاسا و بۆچوون و ئەمرەکانی کەنسیە و ئەمرەکانی پیاوانی ئایین بوون. پرۆسەی بە عەلمانیبوونی «کۆمەڵایەتی و بونیادی» دەزگا کۆنەکان لە دەستی کەنیسە دەردەهێنێت و دەیان

دەزگای نوێش دروستدەکات کە هەر لەسەرەتاوە ناکەونە ژێر دەسەڵاتی پیاوانی ئایین، ئەم دەزگا نوێیانە دەکەونە ژێر دەسەڵاتی هێزی کۆمەڵایەتی نوێوە کە پرۆسەی تازەبوونەوە دروستیاندەکات.

وەک ووتمان پرۆسەی بە عەلمانیبوون وادەکات هەریەکێک لەو کایە و دەزگایانە سەربەخۆ بن، یاسا و بەهای تایبەت بەخۆیان بەرهەمبهێنن و چیدی ئایین لەدەرەوەڕا نەتوانێت کۆنترۆڵیان بکات. لە سایەی ئەم پرۆسەیەدا، بۆ نموونە، سیستەمی خوێندن و پەروەردەی تەقلیدی لەناودەچێت، یان لاوازدەبێت و لەشوێنیدا سیستەمێکی نوێ دێتە کایەوە کە چیدی تێیدا ئینسان ئامادە ناکرێت بۆئەوەی ببێتە بوونەوەرێکی ئایینی و کاری لێکدانەوە و ڕاڤەکردن و وردبوونەوەبێت لە دەق و بۆچوون و حوکمە ئایینییەکان، چیدی مامۆستا ئایینییەکان ئەم سیستەمە بەڕێوە نابن و ئەو قوتابیانەش کە ڕووی تێدەکەن چاوەڕوانیی ئایینیان لە سیستەمەکە نییە و خەیاڵ و بۆچوون و چاوەڕوانییەکانیان بەڕادەیەکی گەورە و ڕادیکاڵ جیاوازن لە هی ئەو فەقێ کۆنانەی کە لە سیستەمی تەقلیدی فێربووندا ئامادەبوون. دەکرێت ئەرکی سەرەکی ئەم سیستەمە نوێییەی پەروەردە و فێرکردن لە ئاشناکردنی قوتابیان بە زانستە ئینسانی و سروشتییەکاندا کورتکەینەوە، لەڕووی دەزگایشەوە ئەم سیستەمە گۆڕانی گەورە و فرەلایەنی بەسەردادێت و لەناوەوەڕا تازەدەبێتەوە، ڕەنگە گواستنەوە لە مزگەوتەوە بۆ قوتابخانەی نوێ، لە حەوزەی دینییەوە بۆ زانکۆ، لە فەقێیەتییەوە بۆ قوتابیبوون، لە مامۆستای ئایینییەوە بۆ مامۆستای مەدەنی ئاشکراترین گۆڕانێک بن کە پرۆسەی بە عەلمانیبوونی سیستەمی خوێندن نیشانیئەدات. (بێگومان من لێرەدا قسەم لەو کەم و کوڕییە گەورانە نییە کە لە سیستەمی تازەی خوێندن و فێربوونی ئێمەدا ئامادەیە کە بەسەریەکەوە تازەبوونەوەی ئەم سیستەمەیان ڕووبەڕووی قەیرانی گەورە گەورە کردۆتەوە. بەڵکو قسەم لە گۆڕانی سیستەمەکەیە وەک گشتێک بە بەراوردکردنی بە سیستەمی تەقلیدی فێربوون لە کوردستاندا)

گەر سەرنجێکی خێراش لە سیستەمی خێزان بدەین، دەبینین ئەم سیستەمەش گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە. لە قۆناغەکانی بەر لە پرۆسەی بە عەلمانیبووندا خێزان وەک دەزگایەکی کۆمەڵایەتی لەیەککاتدا هەم شوێنی لەدایکبوونی منداڵ، هەم شوێنی پەروەردە و فێرکردن، هەم یەکەیەکی ئابووری و هەم یەکەیەکی سیاسیش بووە. بەڵام کە پرۆسەی بە عەلمانیبوون دێتەکایەوە دەسکارییەکی گرنگی ئەم ئەرکانە دەکات و هەر بەشێکیان بە دەزگا و لێزان و لایەنی تایبەت دەبەخشێت. بۆنموونە بەشێکی پرۆسەی لەدایکبوون دەچێتە ژێر

دەستی نەخۆشخانە و دکتۆر و چاودێری زانیارییە پزیشکییەکانەوە، بۆ پەروەردە و فێرکردنی منداڵ لە پاڵ قوتابخانەدا چەندان دەزگای نوێ دروسدەبێت کە ئامۆژگاری و هاریکاری دایک و باوک دەکەن لە چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵاندا و لەم ڕێگەیەوە دەبنە بەشێک لە سیستمی پەروەردەیی، لەڕووی ئابوورییەوە چیدی پیشەکان لە باوکەوە بۆ کوڕ و لەوانیشەوە بۆ نەوەکانی دوای خۆیان بەجێنامێنێت، چیدی هەمووان یان زۆربەیان ئەو پیشانە ئەنجام نادەن کە باو و باپیرانیان ئەنجامیانداوە، بەڵکو زۆربەیان بەو پیشە نوێیانەوە خەریکدەبن کە گۆڕانە ئابوورییەکان دەیانخەنەوە. لەڕووی سیاسییشەوە چیدی خێزان یەکەی سیاسی هەرە گرنگ نییە، بەڵکو حیزب و ئایدیۆلۆژیا و میدیا دەچنە شوێنی. (بێگومان هەموو ئەم گۆڕانانە بەهیچ مانایەک شێوەیەکی ڕەها دروستنابن، بەڵکو گۆڕانی ڕێژەیین)

لە سیستمی قەزا و سوپا و تەندروستی و ئەوانیدیشدا گۆڕانی لەم بابەتە پەیدادەبێت، دەزگای نوێ دروستدەبێت و بەهەریەکێکیان توانا و کاراکتەر و گەمەکەری کۆمەڵایەتی نوێ دەبەخشێت. هەموو ئەمانەش وادەکەن دەزگای جیاواز و کایەی جیاواز و هێزی جیاواز و سیستمی جیاوازی بەها و نۆرم و نرخاندن دروستببن کە دواجار کۆمەڵگایەکی فرەڕەهەند و پلورال و فرەدید دروستدەکات، کۆمەڵگایەک کە فەزای جیاوازی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و سیاسی تێدادروستدەبێت، کایەی کولتووری تێیدا پارچەپارچە و هەمەجۆر دەبێت و ئایین ناتوانێت هەموویان ڕکێف و کۆنترۆڵ و سانسۆر بکات.

بە کورتی ئەم پرۆسە بونیادییە کۆمەڵایەتییە دووشتی گرنگ بەرهەمدەهێنێت:

یەکەم: بەرهەمهێنانی هەرچی زیاتری کایە و دەزگا و شێوەژیان و بەهای نوێ و جیاواز کە بەسەریەکەوە دەبنە هۆی لاوازبوونی دەزگا و هێز و بەها تەقلیدییەکان.

دووهەم: بەخشینی ئۆتۆنۆمی بە هەر بەشێک لە بەشەکانی ئەو هێز و دەزگا و لایەنە جیاوازانە.

ئەم دوو پرۆسەیەش بەسەریەکەوە دەبنە مایەی بەرپابوونی گۆڕان و تازەبوونەوەی بونیادیی ئەو دەزگایانەی لە کۆمەڵگادا بۆ ڕاپەڕاندن و بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کارەکان، ئامادەن. ئەم گۆڕانانەش گۆڕانی هێمن و لەسەرخۆ و بابەتین و بەتەنها بەدرەکردنی بڕیاری ئەم یان ئەو سەرکردە و ئەم هێز و ئەو لایەن دروستنابن و ڕێک گرێدراوی ڕەوتی گۆڕانکارییە بابەتییەکانی ناو مێژوون وەک گشتێک. ماوەیەکی درێژیشی دەوێت تا پیادەدەبن و کە پیادەشبوون زەحمەتە بەردەودوا بگەڕێنرێنەوە. بۆ نموونە زەحمەتە لە ئێستادا خێزان بەو ڕادەیەی پەنجا ساڵێک لەمەوبەر گەورەبێت و هەمان ئەو بەهایانە بیبات بەڕێوە کە پەنجا ساڵ لەمەوبەر خێزانی گەورەی بەڕێوەدەبرد، یان زەحمەتە سیستمی نوێی خوێندن و فێربوون

جارێکی دیکە ببرێنەوە بۆ ناو مزگەوت و حوجرە و حەوزە ئایینییەکان و مامۆستاکانی زانکۆ شوێنی خۆیان بدەن بە مەلا دینییەکان(بێگومان ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم پرۆسەیە بە ڕەهایی مەحاڵە، لە دۆخی تالەباندا لە ئەفگانستان ئێمە لەبەردەم مۆدێلێکدا بووین کە تێیدا نوخبەیەکی ئایینی کۆنەپارێز لەڕێگای بەکارهێنانی توندوتیژی و ناچارکردنەوە زۆر لەو گۆڕانانەی پەکخست کە ئەو کۆمەڵگایە لە مێژووی هاوچەرخی خۆیدا بەرهەمهێنابوو).

**٢-٣:ئاستی دووهەم: بەرپابوونی گۆڕانی کۆمەڵایەتی کولتووریی**

لەم ئاستەدا کۆمەڵناسەکان باس لە بەرپابوونی کۆمەڵێک گۆڕانکاری دەکەن کە لە کایەی کولتووردا دێتەکایەوە. مەبەست لە کولتووریش کۆی ئەو بەرهەمهێنانە فیکری و ڕۆشنبیری و ڕۆحیانەیە کە کۆمەڵگایەک بۆ ناسینی خۆی و جیهان و دیاردەکان بەرهەمیان دەهێنێت، لەوانەش زانست، ئایین، فەلسەفە، ئەدەب، هونەر، بەهای ئەخلاقی و کولتووری. بەرپابوونی گۆڕان لەم کایانەدا بەرپابوونی گۆڕانە لە چۆنیەتی بەرهەمهێنانی ڕا و بۆچوون، پێناس و وێناکردن، سیمبوڵ و ڕاڤەکردن و زۆر شتی دیکەدا کە ئینسان لەناوەوەڕا دەکەنە بوونەوەرێکی کولتووری سەربەخۆی عەقڵانی و ڕەخنەگر و ڕاڤەکەر. لەم ئاستەدا پرۆسەی عەلمانیەت گۆڕان لە ووشیاری و فانتازیا و سایکۆلۆژیای تاکەکەس و گروپدا بەرپادەکات و لەناوەوەڕا تازەیان دەکاتەوە.

لەم گۆڕانە کولتوورییانەدا سۆسیۆلۆژەکان دوو شێوازی تایبەتی بە عەلمانیبوون لەیەکدی جیادەکەنەوە:

ا ـ بە عەلمانیبوونی بابەتی.

ب ـ بە عەلمانیبوونی خودیی، یان بە عەلمانیبوونی زاتیی.

«بە عەلمانیبوونی بابەتی» بریتییە لە کۆی ئەو گۆڕانکارییانەی لە یەککاتدا و پێکەوە لە «گشتێتی» ژیانی کولتووریدا دێتەکایەوە، ئەمەش مانای گۆڕان لە کولتووردا وەک «فەزایەکی گشتی»، وەک پانتاییەک لە دەرەوەی تاکەکەسەکاندا و وەک ناوکۆییەک کە هەمووان کەم تازۆر لەسەری تەبان. نموونەی ئەم گۆڕانە گشتییەش لە فەزای کولتووریدا دەشێت لە لاوازبوونی ڕۆڵی ئاییندا لە بوارەکانی هونەر و ئەدەب و زانست و مۆسیقا و فەلسەفەدا بدۆزینەوە، بۆ نموونە ئەو ئامادەگییەی ئایین لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی سەدەی نۆزدەهەمدا هەیەتی لە سەدەی بیستەمدا نییەتی، ئەو ڕۆڵەی ئایین لە دروستکردنی شووناسی گشتی کۆمەڵگای کوردی سەدەی نۆزدەهەمدا بینیویەتی لەسەدەی بیستەمدا بەو ڕادەیە نەماوە. مۆسیقای دینی شوێنی خۆی چۆڵکردوە بۆ مۆسیقای نوێ.

لەهەندێک ئاستی دیکەدا دەشێت نموونەی جیابوونەوەی زانستی پزیشکی لە سیحر و دوعا و چاوەزار، هاتنەکایەی فیکر و ئەخلاقیات و مۆدە و شتی دیکەی نوێ لە شوێنی فیکر و ئەخلاقیات و هەڵسوکەوتی تەقلیدی، جیابوونەوەی مۆسیقای نوێ لە دەفی دەروێشی کۆن، بەسەریەکەوە وەک نموونەی هاتنەکایەی «فەزایەکی کولتووری» نوێ ناونووسبکەین. لێرەدا گۆڕانەکان گشتین و هێما بۆ کەمبوونەوەی بڕی ئایین لە کایە جیاجیاکانی ژیانی کولتووریدا دەکەن. بە عەلمانیبوون لەم ئاستەدا قسە لە هاتنە کایەی کۆمەڵێک گۆڕانکاری بابەتییانە دەکات کە کولتوور وەک گشتێک تازەدەکاتەوە و لەو فەزا تەقلیدییە دایدەبڕێت کە پێشتر لە هەناویدا ئامادەبووە.

هەرچی بە «عەلمانیبوونی خودیی»ە بریتییە لە کۆی ئەو کاریگەرییانەی عەلمانیەت لە عەقڵ و بۆچوون و دید و سایکۆلۆژیا و ڕۆحیەتی تاکەکەسەکاندا بەجێیدەهێڵێت، بریتییە لە دەسکاریکردنی خەیاڵ و عەقڵ و وێناکردنەکانی تاکەکەس، تازەکردنەوەی ئەو چەمک و گوتراو و جیهانبینیانەی تاکەکەس بەهۆیانەوە دنیا دەناسێ و ڕاڤەدەکات. دەشێت کۆی ئەم گۆڕانکارییانە بەسەریەکەوە لە ژێر چەمکی بە «عەلمانیبوونی ووشیاری» دا کۆکەینەوە (هـ. س. پ. ل٤٠). بە مانایەکی دیکە بە عەلمانیبوونی خودیی بریتییە لە بەرپابوونی کۆمەڵێک گۆاڕن لە ڕەهەندی فانتازی و عەقڵی و سیمبۆڵی کەسایەتی تاکەکەس خۆیدا، بریتییە لە تازەبوونەوەیەکی خەیاڵی و عەقڵی و مەعریفی تاکەکەس و لەوێشەوە تازەبوونەوەی ئەو پەیوەندیانەی بە جیهان و کۆمەڵگا و گەردونەوە گرێیدەدات. عەلمانیبوونی خودیی مانای لەدایکبوونی ووشیارییەکی نوێ لای تاکەکەس.

کەواتە، ئەگەر بە «عەلمانیبوونی بابەتی» پرۆسەی گۆڕانی پێدراوە کولتوورییە گشتییەکان کان بێت، واتە پرۆسەی گۆڕانی فەزای کولتووری بێت وەک گشتێک، ئەوا بە «عەلمانیبوونی خودی» پرۆسەی گۆڕانی ئیسنانە وەک ووشیاری و وەک زاتیەت، یەکەمیان گۆڕانە لە شتە گشتییەکانی ناو کولتووردا، دووهەمیان گۆڕانە لە عەقڵ و خەیاڵ و وێناکردنەکانی تاکەکەسدا، یەکەمیان سایکۆلۆژیای جەماعی دەگۆڕێت دووهەمیان سایکۆلۆژیای تاکەکەس، یەکەمیان دەسکاری خەیاڵی کۆمەڵایەتی دەکات دووهەمیان خەیاڵی تاکەکەس دەگۆڕێت.

بە کورتی پرۆسەی بە عەلمانیبوون لە ئاستی کولتووریدا هەم دەبێتە هۆی گۆڕانی فەزای گشتی کولتوور لە کۆمەڵگادا و هەم دەبێتە هۆی گۆڕانی خەیاڵ و عەقڵ و بیرکردنەوەی تاکەکەس. بەبۆچوونی کۆمەڵناسەکان گۆڕان لەهەردوو دۆخەکەدا، واتە بەرپابوونی

گۆڕانکاری «عـەلمانیـانـەی بابەتی» و بەرپابـوونی گـۆڕانکاری «عـەلمانیـانـەی خـودیی» ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە کەمکردنەوەی بڕی پیرۆزی و زیادکردنی بڕی ڕۆژانەییبوونی شتەکاندا. (هـ. س. پ. ل٤٢).

بێگومـان پرۆســەی بەرپابوونی «گـۆڕانی کـۆمـەڵایەتی ـ بونیـادی» و پرۆســەی بەرپـابوونی «گۆڕانی کۆمـەڵایەتی ـ کولتووریی»، ناکرێت لەیەکدی جیاکرێنەوە، کە دەزگاکان تازەدەبنەوە لەگەڵیاندا کولتوور تازەدەبێتـەوە، کە کـولتووریش تازەبووەوە دەشـێت ووشـیـاری تاکەکەس تازەببێتەوە. هەندێک نووسەر ڕەهەندی کۆمـەڵایەتی و بونیادی گۆڕانی عەلمانیـانە بە «ڕووکارە دەرەکـیـیـەکـانی» عـەلمانیـەت ناودەبەن و ڕەهەندی کـولتـووریی عـەلمانیـەت بە «ڕووکـارە ناوەکییـەکانی» عـەلمانیـەت ناودەبەن. ئەم «دەرەوە» و «ناوەوە»یەش بەسـەدان ڕایەڵ و پەیوەندی چەند جـەمسـەر بەیەکدییـەوە گرێدراون. پرۆسەی دەرەکی عەلمانیـەت لە فیکری سۆسیـۆلۆژیدا ناوی «پرۆسـەی فرەگەرایی»، پلورالیزەیشن، لێنراوە، واتە لەدایکبوونی دەزگا و هێز و لایەنی جیاواز و فـرەشێوە. لە کاتێکدا پرۆسـەی ناوەکی عەلمانیـەت ناوی «پرۆسـەی کەمـبوونەوەی پیرۆزیی»، پرۆفانیزەیشن، لێنراوە (هـ. س. پ. ل٩٣).

پیتـەر بێرگەر، کە یەکێکە لە ناسـراوترین نووسـەرەکانی سـۆسـیـۆلۆژیای ئایین، ئەم دیدەی ســەرەوە دەســەلمێنێ و جـەغـد لـەوە دەکـات کـە عــەلمانیــەت سێ ڕەهـەندی هـەیە. ڕەهـەندێکی کۆمەڵایەتی ـ بونیـادی کە تێیدا بۆ نموونە کەنیسـە، یان دەزگا ئایینییەکان، کۆمـەڵێک ڕۆڵ و ئەرکی تایبـەت لە دەستئـەدەن و ئەم ئەرکانە دەکەونە دەسـتی کۆمەڵێک دەزگا و هێـزی نوێوە. دووهـەم ڕەهـەندێکی کـولتــووری، کـە تێـیــدا بێـرگــەر، بۆ نمـوونە، بـاس لەوەدەکــات چۆن بەشــێــوەیەکی بەرفــراوان ڕەهـەندی ئایینی لـە هونەر، مــۆسـیــقــا، ئـەدەب و فــەلســەفــەدا کـەمـدەبێـتـەوە. سـێـهـەمـیش ڕەهـەندی ووشـیـاری تاکـەکـەسـیـیـە، کـە عـەلمانیـەت دەیکاتە ووشیـارییـەکی عەلمانی. ئەوەشی ئەم هەمـوو گـۆڕانانە مـەیسـەر دەکـات ژمـارەیەک هـۆکـار و پرۆسـەی مێژوویی ئاڵۆزە، کە پیتـەر بێرگەر بە پرۆسـەی «بەپیشـەسازیبوون»، «ئوربانیزەیشن» واتە بڵاوبوونەوەی خوێندەواری، «عەقڵانیەت» و «گەشـەی زانستـەکان» ناویاندەبات Aldridge) 2000: 79)

ئەگـەر عــەلمانیــەت بریتـیــبـێت لە کـۆی ئەو پرۆســە دەرەکی و ناوەکـیــانـەی لەســەرەوە باسمانکردن، ئەوا ئەوەی ئیسلامی سیاسی لە جیهانی ئێمەدا سەرقاڵیەتی دەسکاریکردنێکی ڕیشـەیی کۆی ئەو پرۆسـانەیە کە لەسـەرەوە باسـمـانکردن. ئیسـلامی سیـاسـی لە هێمنترین

دۆخدا خوازیاری ئەوەیە ڕەهەندێکی ئایینی بە کۆی ئەو دەزگا نوێیانە بدات کە گۆڕانە کۆمەڵایەتیی و بونیادییەکان لە وڵاتی ئێمەدا لە سەدە و نیوی ڕابووردودا دروستیانکردون، بۆ نموونە دەخوازێت سیستمی خوێندنی نوێ پڕبکات لە وێناکردنی ئایینی و کۆی بەهاکانی سیستمەکە بخاتەوە باوەشی ئایین. لە ئاستی کولتووریدا دەخوازێت ئایین بکاتەوە بەو بونیادە قووڵەی کە لەپشتی گۆڕانە کلوتوورییەکانەوە ئامادەبێت، دەخوازێت بڕی ئامادەگی ئایین لە ئەدەب، مۆسیقا، بەرهەمهێنانی فیکری و مەعریفی و ژیانی ڕۆحی ئینسان و کۆمەڵگادا زیادکات. لە ئاستی تاکەکەسیشدا دەخوازێت ووشیاری تاکەکەس پڕبکات لە ترس و خەیاڵ و چاوەڕوانی ئایینی، دەخوازێت ڕەهەندە سەرزەمینی و ڕۆژانەییەکانی ئەم ووشیارییە بگێڕێتەوە ژێر ڕکێفی سانسۆر و کۆنترۆڵی ئایین، بەجۆرێک ووشیاری لە پەیوەندییدا بەخۆی و بە جیهان و بە ماناکانەوە نەتوانێت لەو پەڕی کرانەوە و ڕەخنەیبوون و بەرخوردی عەقلانیدابێت. لە ڕاستیدا ئیسلامی سیاسی دێت بۆئەوەی لەهەموو ئەم ئاستانەدا بەگژ کۆمەڵێک پرۆسە و دەزگا و کایە و شێوازی ووشیاریدا بچێتەوە کە مێژووی تازەبوونەوەی کۆمەڵگای ئێمە لە سەدساڵی ڕابووردودا دروستیکردون. بڕی ئەم بەگژاچوونەوەیە لە هێزێکی ئیسلامییەوە بۆ ئەویدیان دەگۆڕێت، لە جوندول ئیسلامەوە بۆ یەکگرتو جیاوازییەک دەبینین، بەڵام ئەم هێزانە لەسەر ئەوە تەبان کە ئایین دەبێت لەدەرەوەڕا بخرێتەوە ناو ئەو سیستمانەی کە گەشەی عەلمانیەت لە جیهانی ئێمەدا دروستیکردوون، وەکچۆن دەبێت بخرێتەوە ناو ووشیاری ئەو تاکەکەسانەش کە هەمان گەشەکردنی عەلمانیانە جۆرێکی نوێی ووشیاری پێبەخشیون لەدەرەوەی ووشیاریی دینیدا.

### ٤. سێ فاکتەری گرنگ

ئەو ماتۆڕەی لە پشتی بەرپابوونی ئەو گۆڕانە عەلمانیانەوەیە کە تا ئێستا باسمانکردن بریتین لە سێ هۆکاری سەرەکیی کە دەشێت بەم شێوەیە ڕیزیان بکەین: (Smits 1972:42)

یەکەم: هاتنەکایە و بەرفراوانبوونی سنوورەکانی عەقلانیەت: لە مانا هەرە گشتییەکەیدا عەقلانیەت یەکسانە بە «پرۆسەی داماڵینی پیرۆزی لە جیهان». ئەمەش، لەسەرێکەوە، مانای لاوازبوونی بیرکردنەوەی غەیبی و خورافی و سیحری و لەسەرێکی دیکەوە مانای ڕزگاربوونی ئینسان لە کۆمەڵێک ترس و چاوەڕوانی ناعەقلانی. بە داماڵینی پیرۆزی لە جیهان ئینسان دەبێتە بوونەوەرێکی سەرزەمینی و بەرپرسیار بەرامبەر بەو کار و کردەوە و هەڵسوکەوتانەی

لە ژیانیدا ئەنجامیانئەدات، دەبێتە بوونەوەرێک کە لە بەرامبەر خۆی و کۆمەڵگا و جیهاندا بەرپرسیارە. بچووکبوونەوەی پانتایی پیرۆزیی وادەکات تواناکانی ئەو جیهانە سیحری و ئەفسانەیی و خورافییەی مرۆڤ لە ڕۆژگارە کۆنەکاندا بەدەوری خۆیدا دروستیکردوە لاوازبێت، ئینسان زیاتر و زیاتر خۆی وەک بوونەوەرێکی سەرزەمینی ببینێت و جیهان ببێتە لانە و سەرچاوە و ئاسۆی تەماشاکردنەکانی (هـ. س. پ. ل٤٥ـ٤٦).

هەندێک نووسەری وەک بریان ویلسن (Bryan Wilson) هاوکێشەی نێوان مۆدێرنە و عەقڵانیەت و عەلمانیەت بەم جۆرە لێکدەدەنەوە: عەلمانیەت ئەو پرۆسەیە کەتێیدا گرنگی بیرکردنەوەی ئایینی، گرنگی هەڵسوکەوتی ئایینی و گرنگی دەزگای ئایینییەکان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کەمدەبێتەوە، کلیلی عەلمانیەتیش لەناو پرۆسەی عەقڵانیەتدایە و ئەم پرۆسەیەش هاوڕێییەکی حەتمی مۆدێرنەیە. (Aldridge 2000: 73) . کەوابوو یەکێک لە فاکتەرە هەرە گرنگەکانی بەرپابوونی عەلمانیەت هاتنەکایە و گەشەکردنی عەقڵانیەتە.

دووهەم: گەشەکردنی تاکگەرایی، یان گەشەکردنی ڕۆحییەتی تاکگەرایی، واتە فەردانیەت: لە سادەترین پێناسەدا گەشەکردنی ڕۆحییەتی تاکگەرایی مانای بوونی تاکەکەس بە گوتراوێکی کۆمەڵایەتی و کولتووری و فەلسەفی سەربەخۆ و گرنگ، مانای ئەوەی تاکەکەس لە کاتی بیرکردنەوەیدا لە مەسەلە گەورەکانی ژیان بۆ زاتییەتی خۆی بگەڕێتەوە، بتوانێت کۆمەڵێک وەڵامی تایبەتی و خودیی بەرامبەر بە وەڵامە گشتی و تەقلیدییەکان بەرهەمبهێنێت و ووشیاری خۆی بخاتە شوێنی ووشیارییەکی لەدەرەوەڕا سەپێنراو، عەقڵی خۆی حەکەمبێت و توانا ڕەخنەییەکانی خۆی دەستگریبێت. بە مانایەکی دیکە گەشەکردنی تاکگەرایی مانای هەوڵدانی تاکەکەس بۆ دەرچوون لەو جیهانە ڕەمزییە گشتییەی کە پێشتر ئایین دروستیکردوە و بنیادنانی جیهانێکی ڕەمزی تاکەکەسی لە شوێنیدا. ئەمەش لە سادەترین شێوەیدا ئەوە دەگەیەنێت کە بەخشینی مانا و ئامانج و بەها بە ژیان چیدی لە فۆرمی کۆمەڵێک یاسا و داوکاری ئایینیدا نیشتەجێ نەبێت، بەڵکو لەفۆرمی کۆمەڵێک هەڵبژاردنی تایبەتدا دەرکەوێت کە عەقڵانیەت بنەماکەیەتی (Smits 1972:47). لەم پرۆسەیەشدا تاکەکەس گوێ لە ویژدان و عەقڵ و داوەرییەکانی خۆی دەگرێت، نەک ئەمر و نەهی لەوانەوە وەرگرێت کە خۆیان بە چاوساغ و جێگر و بریکاری خوداوەند دەزانن لەسەر زەوی.

سێهەم: زیادبوونی دیاردەی «تایبەتگەرایی»، پریڤاتیزەیشن. (privatization). مەبەست لە تایبەتگەرایی ئەوەیە کە هەر کایەیەک لە کایە کۆمەڵایەتییەکان سەربەخۆیی خۆی وەربگرێت

و ببێتە کایەیەکی «تایبەت». ئایینیش وەک هەموو کایەکانی دیکە ببێتە کایەیەکی تایبەت و لە پاڵ کایەکانی دیکەدا ئامادەبێت، نەک هەموویان بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و مانا و پێانس و پێدراوەکانی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت. تایبەتگەرایی لێرەدا مانای ئەوەی چیدی ئایین ئەو گشتێتییە گەورەیە نەبێت کە هەموو کایە و فەزا و ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆنترۆڵکات، بەڵکو ببێتە کایەیەک لەپاڵ کایەکانی دیکەدا. (خوێنەر سەرنجی ئەوە بدات لێرەدا قسە لە کۆتایی و بێڕێزی و بێبایەخی ئایین و ئایینگەرایی ناکرێت، بەڵکو باس لەوە دەکرێت کە ئایین ببێتە کایەیەکی تایبەت لە پاڵ کۆی کایەکانی دیەکەدا).

ئێستا گەر کۆی ئەو بۆچوونانەی تا ئێستا نیشانماندان کوورتکەینەوە دەکرێت بڵێین عەلمانیەت لە مێژووی خۆیدا دوو مانای سەرەکی هەبووە، یەکەمیان مانایەکی بەرتەسک و سەرەتاییە کە باس لە سەندنەوەی هەندێک مڵک و ماڵ و توانای مادی لە کەنیسە وەک دەزگایەکی ئایینی، دەکات. دووهەمیان مانایەکی بەرفراوانە کە بریتییە لە سەندەوەی چەندن شتی دیکە لە دەسەڵاتی دینی، وەک سەندنەوەی سیستمی خوێندن، زانست، یاسا، فیکر، هونەر، سیاسەت، پزیشکی هتد... و کردنی هەریەکێک لەم شتانەش بە کایەی سەربەخۆ. یەکەمیان هێمایە بۆ کۆمەڵێک ڕیفۆرمی سادە و بەرتەسک، دووهەمیان هاتنەکایەی سیستمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییە کە تێیدا ئایین ئەو ڕۆڵە گشتگیر و هەمەلایەنە نابینێت کە پێشتر بینیویەتی. یەکەمیان هێمایە بۆ منداڵی و سەرەتاکانی عەلمانیەت، دووهەمیان قسە لە عەلمانیەت دەکات لە ساتەوەختی کامڵبوون و پێگەیشتنیدا. وەک ووتیشمان ئەم پرۆسەی کامڵبوونە لە شەو و ڕۆژێکدا ڕووینەداوە و هەرگیزیش سەد دەر سەد نەبووە، لە شوێنی جیا جیادا بە خێرایی و قولایی جیا جیا لە ئارادابووە و فۆرم و ناوەرۆکی جیاوازیشی گرتۆتە خۆی. گەرچی دواهەمین دەرنجامی بە عەلمانیبوون بریتیبووە لە لاوازبوونی ڕۆڵی ئایین لەوەدا کە دەستبخاتە ناو هەموو کایە و ڕەهەندە جیاجیاکانی ژیانەوە، لە سیاسەتکردنەوە بۆ بیرکردنەوەی عەقڵانی.

ئارنست گیلنەر یەکێکە لەو تیوریستە گرنگانەی کە حیکایەتە ڕەسمییەکەی عەلمانیەت دەگێڕێتەوە: لای ئەم نووسەرە مادامەکی هەموو کۆمەڵگایەک تازەدەبێتەوە و مادامەکی عەلمانیەتیش بەشێکی دانەبڕاوی پرۆسەی تازەبوونەوەیە، کەواتە هەموو کۆمەڵگایەک دەبێت ببێتە کۆمەڵگایەکی عەلمانی (van der Veer, 1995: 6). ئەمەش دیدێکە بریان ویلسن و والیس و بروس، زۆر بە توندی بەرگری لێدەکەن و لە یەکێک لە کتێبە بەناوبانگەکانیاندا

لەسەر عەلمانیەت نیشانیئەدەن. تێزەی سەرەکی ئەم نووسەرانە دەڵێت، عەلمانیەت ئەو پرۆسەیەیە کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی گرنگی کۆمەڵایەتیی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و دەزگای ئایینی. عەلمانیەت وادەکات بوونی ئایین لە «مەسەلەیەکی گشتییەوە» ببێت بە «مەسەلەیەکی تایبەتی». وادەکات ئینسان بتوانێت توانای هەڵبژاردنی زیاد بکات، بۆ نموونە وەکچۆن دەتوانێت خۆی وەک بوونەوەرێکی ئایینی ببینێت و هاوسەنگی سایکۆلۆژی و ڕۆحی و وجودی لەپاڵ ئاییندا دەستنیشاکات، ئاواش بتوانێت وەک بوونەوەرێکی بێئایین بژی و بمرێ و هەڵسوکەوت کات. ئەمەش مانای ئەوەی هەم ئایینداری و هەم بێئایینی ببنە مەسەلەی هەڵبژاردن و بڕیاری تاکەکەسی، بەڵام ئەم بڕیارە تاکەکەسیانە کاریگەریەکی ئەوتۆیان لەسەر چۆنیەتی کارکردن و بەڕێوەچوونی سیستمی کۆمەڵایەتی نەبێت. (Wilson 1966) (Wallis and Bruce 1992).

ئەم خاڵەی بریان ویلسن و والیس بروس زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە لە تیورەی عەلمانیەت لە پەیوەندیدا بە بوون و نەبوونی باوەڕەوە، ئەم دوو نووسەرە نیشانیئەدەن کە عەلمانیەت باس لە دینداری و بێدینی ئینسان ناکات، پەیوەندی نییە بە مەسەلەی باوەڕ و ئیمانی تاکەکەسەوە، بەڵکو مەسەلەی سەرەکی ئەوەیە کە دینداری و بێدینی تاکەکەسەکان کاریگەرییان نەبێت بۆسەر «چۆنیەتی کارکردن و بەڕێوەچوونی سیستمی کۆمەڵایەتی»، واتە سیستمێکی کۆمەڵایەتیت هەبێت کە تێیدا هەم بە دیندار و هەم بەبێدین هەمان هەلی بوون و ژیانی یەکسان ببەخشێت. ئەمەش مانای ئەوەی عەلمانیەت خوازیاری بنیادنانی سیستمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە تێیدا باوەڕدار و بێباوەڕ، بوونی ئایینی و بوونی نائایینی، بەهای دینی و بەهاکانی دەرەوەی دین وەک یەک مامەڵەیان لەگەڵدابکرێت و وەک یەک هەلی بوون و مانەوەیان پێبدرێت. ئایین ببێتە چوارچێوەی شووناسی تاکەکەسی نەک ئەو چوارچێوە گشتییە کە هەمووان ناچاربن شووناسی خۆیانی لەناودا بەندبکەن.

بەکورتی تیورەی عەلمانیەت تیورەیەکە باس لە هێڵە گشتییەکانی ئەو گۆڕانکارییە نوێیانە دەکات کە لەسەرەوە باسمانکردن. هەموو ئەم گۆڕانکارییانەش بەسەریەکەوە ناوی بە سەرزەمینیکردنی دیاردە و ڕووداو و بابەتەکانی لێنراوە.

**٥ . عەلمانیەت و تاکگەرایی**

ڕەنگە ئەوەی تا ئێستا باسمانکرد بەسبێت بۆئەوەی خوێنەر بەوە ئاشکرابێت کە عەلمانیەت پرۆسەیەکی مێژوویی ئاڵۆز و هەمەفۆرم و فرە ڕەهەندە، هەرگیز بەو شێوە کاریکاتۆرییە نییە

کە هەندێک لە خوێندەواران و تیوریستانی ئیسلامی سیاسی وێنایدەکەن و یەکسانیدەکەن بە نەهێشتنی ڕێز و وێرانکردنی پیرۆزی و کوشتنی خوداوەند. قسە و باسی سادە و سەرپێیی سەبارەت بە چییەتی عەلمانیەت تەنها لە ڕۆشنبیرییەکدا ئامادەیە کە فیکری تیانەبێت و توانای تیوریزەکردنی هیچ ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کولتووری نەبێت. بۆ ئەوەی کۆی ئەو ئاڵۆزییانەی تا ئێستا نیشانماندا زیاتر ئاڵۆزکەین داوا لە خوێنەر دەکەم سەرنجێکی خێرای ئەو پەیوەندییانە بدات کە فیکری سۆسیۆلۆژی لەنێوان عەلمانیەت و تاکگەراییدا پێشنیاری دەکات.

پێشتر ووتمان مەبەست لە پرۆسەی تاکگەرایی مانای بوونی تاکەکەسە بە گرنگترین گوتراوێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەلسەفی، مانای ئەوەی تاکەکەس ببێتە چەقی قورسایی کۆمەڵگا، مانای ئەوەی دەبێتە بناغەی ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و کارکردنی دەزگاکانی ناو کۆمەڵگا بڕیارە عەقڵانی و سەربەخۆ و ئازادەکانی تاکەکەسە بێت. لەم پرۆسەیەدا تاکەکەس، نەک گروپ و دەستە و تاقمی تایبەت، دەبنە تەورەی سەرەکی بیکردنەوەی کۆمەڵگا لە خۆی، ویژدانی تاکەکەس دەبێتە یەکەی سەرەکی و ئەوەی کە دەبێت لەڕووی کۆمەڵایەتی و ڕۆحی و کولتوورییەوە گرنگی پێبدرێت تاکەکەسە. تاکگەرایی تاکەکەس دەکاتە سەرچاوەی بەرپرسیاری، سەرچاوەی مەعریفە و سەرچاوەی ئیرادە.

لە لاپەڕەکانی پێشودا نیشانماندا کە لەنێوان عەلمانیەت و تاکگەراییدا پەیوەندییەکی تایبەت هەیە، بەڵام سروشتی ئەو پەیوەندییە چییە و چۆنە؟ کامیان دەستنیشانکەری ئەویدیانە، ئایا عەلمانیەت تاکگەرایی دەخولقێنێت یان بەپێچەوانەوە؟ چۆن کار لەیەک دەکەن؟ ئایا یەکەمجار یەکێیان دروستدەبێت و دواتر ئەویدیان یاخود هەردووکیان لەیەککاتدا و لەنێو یەک پرۆسەی کۆمەڵایەتیدا لەدایکدەبن؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە فیکری سۆسیۆلۆژی چەندان وەڵامی جیاواز و هەندێک جار ناکۆک و پێچەوانەی بەرهەمهێناوە. من لێرەدا چوار وەڵامی جیاواز بەو پرسیارانەی سەرەوە بە خوێنەر نیشانئەدەم: (van Der V en 1994)

یەکەم: هەندێک کۆمەڵناس دیاردەی تاکگەرایی دەکەنە هۆکاری پەیدابوونی عەلمانیەت. واتە ئەوەی وادەکات عەلمانیەت دروستببێت هاتنەکایەی تاکگەرایی و دروستبوونی تاکەکەسی سەربەخۆیە. ئەم تاکەکەسە بە گەڕانەوە بۆ ئیرادە و عەقڵ و مەزنەی خۆی ڕاستەوخۆ بەشدارە لە داماڵین و پاککردنەوەی واقیعی ئینسان و کۆمەڵگا و سروشت لە سیحر و غەیب و خورافەت. لەگەڵ لەدایکبوونی ئەم تاکەکەسەدا ئیدی بەشێکی گەورەی ئەو تقوس و سروشە

کۆییانە لاوازدەبن کە بەر لە دروستبوونی تاکەکەس لەئارادابون، بەتایبەتی لاوازبوونی تقوسی ئایینی و ڕۆڵی دین لە دروستبوونی کۆمەڵەو گروهـ و دەستەو تاقمی جیاوازدا.

دووهەم: هەندێک کۆمەڵناسی دیکە دەڵێن، نەخێر تاکگەرایی هۆکاری دروستبوونی عەلمانیەت نییە بەڵکو پرۆسەیەکی یاریدەدەرە بۆ هاتنەکایەی عەلمانیەت. لەم بۆچوونەدا عەلمانیەت پرۆسەیەکی سەربەخۆیە و تاکگەرایی یارمەتیدەریەتی، لەنێوان تاکگەرایی و عەلمانیەتدا پەیوەندییەکی سەبەبی لە ئارادانییە، واتە هیچکامیان سەبەبی دروستبوونی ئەویدیکەیان نین بەڵکو دوو دیاردەی سەربەخۆن بەلام هەریەکێکیان کاریگەری گەورەی لەسەر ئەویدیان هەیە. تاکی ئازاد و سەربەخۆ پرنسیپەکانی عەلمانیەت بەهێزدەکات و عەلمانیەتیش بە تاکەکەسی ئازاد پانتاییەکی ڕەمزی و کولتووری و سیاسی گرنگ دەبەخشێت بۆ پیادەکردنی ئازادی.

سێهەم بۆچوون پێیوایە کە تاکگەرایی دەرەنجامی عەلمانیەتە، واتە ئەوەی وادەکات تاکگەرایی دروستبێت و بێتەکایەوە عەلمانیەتە، بەبێ عەلمانیەت ناتوانین باس لە ئەگەری بوون و دروستبوونی تاک و تاکگەرایی بکەین. هەڵگرانی ئەم بۆچوونە ئایین وەک «چیمەنتۆیەکی کۆمەلایەتی» دەبینن کە کەس و لایەن و هێز و بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بەیەکدییەوە گرێدەدات. گەر ئەم چیمەنتۆ کۆمەلایەتییە لاوازببێت ئەوکات کۆمەڵگا دەکەوێتە ژێر هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوە و پارچەپارچەبوون و لێکترازان. بۆیە کە عەلمانیەت ئایین لاوازدەکات ئیدی ئەو چیمەنتۆ کۆمەلایەتییە بێهێزدەکات کە تاک و بەشە جیاوازەکانی بەیەکەوە گرێداوە. بەمەش تاکەکەس ئازاد دەبێت و لەو جەبرانە ڕزگاریدەبێت کە ئایین بەسەریدا دەسەپێنێ، ئەمەش هۆکاری لە دایکبوونی تاکگەراییە.

بۆچوونی چوارەم پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە پرۆسەی بە تاکەکەس بوون و پرۆسەی عەلمانیەت لەیەک جیان بەلام هەردووکیان کاریگەریان لەسەر ئەویدیکەیان هەیە. هەردووکیان هەم هۆکاری دروستبوون و هەم دەرەنجامی دروستبوونی یەکترین. تاکگەرایی وادەکات ڕۆڵی کۆمەلایەتی ئایین لاوازببێت و ناچاربێت خۆی لەگەڵ پرۆسەی تاکگەراییدا بگونجێنێت و خۆی وەک مەسەلەیەکی تاکەکەسی پێشنیاربکات، بەمەش عەلمانیەت بەرەوەپێشەوە دەچێت. وەکچۆن عەلمانیەتیش لەڕێی پاککردنەوەی ووشیارییەوە لە خورافەت و پیرۆزی و غەیبانیەت هەلومەرجێک دروستدەکات تێیدا بیرکردنەوەی سەربەخۆ و تاکگەرانە بەهێزببێت.

وەک دەبینین ئێمە لەبەردەم کۆمەڵێک هەڵوێست و بۆچوونی تیوری جیاوازداین کە ناچارمان دەکەن لە قسەکردنماندا لەسەر عەلمانیەت، لەسەر ئایین، لەسەر تاکگەرایی و عەقلانیەت ڕێژەیی بین و هەڵوێستی گشتگیر و بنەبڕ و پەرگیرمان لا دروستنەبێت. ئەم لێکدانەوانە نیشانیئەدەن کە گشتگیری و قەتعیەت وەڵامی هیچ کێشەیەک نادانەوە و دەشێت لە شوێن و جێ و هەلومەرجی مێژوویی جیاجیدا بەدواییەکداهاتنی ئەو پرۆسێسانە جیاوازبن. بەبۆچوونی من لە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری ئێمەدا ناتوانین دروستبوونی هەردوو پرۆسەکە لەیەکدی جیاکەینەوە، لە واقیعی ئێمەدا دروستبوون و پایەدارکردن و بەرەوپێشەوەبردنی پرۆسەکانی عەلمانیەت لەهەمانکاتدا دروستکردن و پایەدارکردن و بەرەوپێشەوەبردنی پرۆسەکانی تکگەراییە. لە دنیای ئێمەدا هەم عەلمانیەت و هەم تاکگەرایی لەناو یەک پرۆسەی مێژوویی بەرفراواندا جێگیرن کە پرۆسەی تازەکردنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییە. ئەم پرۆسەی تازەکردنەوەیە لەسەرێکەوە کۆمەڵگا و سیاسەت و دەزگاکان تازەدەکاتەوە و ئامادەیان دەکات بۆ قبوولکردنی جیاوازی و فرەڕەنگی و فرە ڕۆحی، لەسەرێکی دیکەوە خەیاڵ و عەقڵ و سایکۆلۆژیای تاکەکەس تازەدەکاتەوە و ئینسان دەکاتە بوونەوەرێکی بەرپرسیار و لێبووردو و کراوە. دابڕانی ئەم دوو ڕەهەندە لە وڵاتی ئێمەدا لە یەکدی کێشەی گەورە بۆ گەشەی هەریەکێکیان دروستدەکات، بەگژاچوونەوەی عەلمانیەت بەگژاچوونەوەی پرۆسەی دروستبوون و هاتنەکایەی تاکەکەسی ئازاد و بەرپرسیار و خاوەن ئیرادەیە، وەکچۆن بەگژاچوونەوەی تاکەکەسیش بەگژاچوونەوەی عەلمانیەتە وەک مۆدێلێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری کە تێیدا عەقلانیەت مۆترۆڕی گۆڕان و بەرەوپێشەوەچوونی پرۆسەکان بێت.

### ٦. چەند سەرنجێکی ڕەخنەیی دەربارەی تیورەی عەلمانیەت

ئەوەی تا ئێستا باسمانکرد هێڵە گشتییەکانی تیورەی عەلمانیەت و پرۆسەی بە عەلمانیکردن بوو. بینیمان عەلمانیەت ئایدیالێکی سیاسی و تیورەیەکی تایبەتە سەبارەت بە شوێن و جێی ئایین لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا. ئەم تیورەیە پەیوەندییەکی ناوەکی گریمان دەکات لەنێوان هاتنەکایەی دنیای مۆدێرن و لاوازبوونی ڕۆڵی ئایین لەو دنیایەدا، لەم تیورەیەدا هاتنی مۆدێرنە مانای لاوازبوونی حەتمی ئایین، پرۆسەکانی تازەبوونەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کولتووری مانای لاوازبوونی ڕۆڵ و گرنگی ئایین لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا. تیورەی عەلمانیەت هەوڵی ئەوە ئەدات کاراکتەری جیهانی مۆدێرن بەوە دەستنیشاکات کە بڵێت ئایین

تێیدا بۆتە هێزێکی پەراوێزیی، چەندیش ڕەهەندەکانی تازەبوونەوی ئەم جیهانە زیادبکات، ئەوەندە ڕۆڵی ئایین کەم دەبێتەوە. عەلمانیەت پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ناتوانین جیهانێک کە مۆدێرنە سیحر و خورافەت و پیرۆزی لێداماڵیبێت لەگەڵ هێزێکدا کۆکەینەوە کەبەردەوام بە جیهان سیحر و پیرۆزی و خورافەت ببەخشێت. عەلمانیەت باس لەوە دەکات کە کۆمەڵگای مۆدێرن سیستمێکی سیاسی دروستدەکات کە دین ڕۆڵێکی ئەوتۆی تێدا نابینێت و کولتوورێک دروستدەکات کە سەرزەمینییە و پاکبۆتەوە لە غەیبانیەت. هەم سیاسەت و هەم عەقڵ لە جەبرەکانی دین ڕزگاریان دەبێت و هەم پانتاییەکانی پیرۆزیی ئایینی لە ڕەهەندەجیاجیاکنی ژیانی تاکەکەس و کۆمەڵایەتیدا کەمدەبنەوە.

ڕێک دژ بەم بۆچوونانەی عەلمانیەت سەبارەت بە ڕۆڵی ئایین لە دنیای مۆدێرندا ڕەخنەگران باس لە ڕۆڵی ئایین لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکندا دەکەن و لەنێوان مۆدێرنە و پیرۆزیدا چەندان پەیوەندی تایبەت دەدۆزنەوە. با چەند سەرنجێکی خێرا لەهەندێک لەو ڕەخنانە بدەین:

#### ١ـ٦ پەیوەندی نێوان مۆدێرنە و پیرۆزی

لە ٣٠ ساڵی ڕابووردودا ئەو پەیوەندییەی تیورەی عەلمانیەت لە نێوان ئایین و مۆدێرنە و لەنێوان مۆدێرنە و پیرۆزیدا پێشنیاریدەکات بەر ڕەخنە و پێداچوونەوەی هەمەلایەن کەوتووە. بە دەیان نووسەر و سۆسیۆلۆژ و ئینسانناس و فەیلەسوف ڕەخنەی هەمەلایەنیان لەم گریمانە تیورییەی عەلمانیەت گرتووە و بەوردی لە ڕۆڵی ئایین و ڕۆڵی پیرۆزی لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا ڕاماون. ئەم ڕەخنەگرانە نیشانیانداوە کە ئایین لەناو پرۆژەی مۆدێرنەدا ئامادەیە و کۆمەڵگا مۆدێرنەکان بە هیچ مانایەک کۆمەڵگای بێپیرۆزی و بێئایین نین. لەم نووسینانەدا نیشاندراوە کە ئایین بەشێوە و ناوەرۆک و دەلالەت و پێکهاتی دەزگایی نوێوە ئامادەیە، پیرۆزی لەفۆرم و سروت و بۆنە و کەس و ڕووداوی نوێدا بەرجەستەیە، ئەوەی تیورەی عەلمانیەت دەربارەی ئەم مەسەلانە دەیڵێت لەزۆر ڕووەوە کوورتدەهێنێت.

لەڕاستیدا دەشێت هەر لە سەدەی نۆزدەهەمدا دوو هێڵی تایبەتی بیرکردنەوە لە ڕۆڵ و شوێن و گرنگی ئایین لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا لەیەکدی جیاکەینەوە. هێڵێکیان پێدراوە تیورییەکانی تیورەی عەلمانیەت دەسەلمێنێت و باس لە کەمبوونەوەی ڕۆڵ و تەنانەت نەمانی ئایین دەکات لە کۆمەڵگا پیشەسازییە مۆدێرنەکاندا، وەکچۆن باس لە باڵادەستبوونی بیرکردنەوەی زانستی و جێگرتنەوەی زانست بۆ ئایین و کۆتایهاتنی پیرۆزی دەکات، نوێنەرانی ئەم هێڵە تیورییە دەربارەی ڕۆڵی ئایین لە کۆمەڵگا نوێکاندا بریتین لە تایلەر و فرێزەر و مارکس و فرۆید.

بەڵام هەر لە سەدەی نۆزدەهەمدا کۆمەڵێک زانا و فەیلەسوفی دیکە هەن کە پێیان وایە ئایین هەڵگری ئەرک و وەزیفەیەکی دیاریکراوە لە کۆمەڵگادا، بۆیە گەر شێوە تەقلیدی و کۆنەکانی ئایینیش لاوازبن، ئەوا شێوەی تازە و نوێی ئایین لەدایکدەبن بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرک و وەزیفانە. ئۆگست کۆنت «ئایینێکی نوێ» پێشنیاردەکات کە بناغەکانی لەسەر عەقڵانیەت و زانستی کۆمەڵناسی ڕاوەستابێت، بەبۆچوونی کۆنت لەم ئایینە نوێیەدا سۆسیۆلۆژەکان ڕۆڵی قەشە و پیاوانی ئایین دەبینن و ئەو بۆشاییە پڕدەکەنەوە کە لاوازبوونی ئایینی تەقلیدی دروستی دەکات. تۆکڤیل باوەڕی وابوو ئایین پێویستییەکی هەمیشەییە بۆ ژیانی تاکەکەسە ئازادەکانی ناو دەوڵەتێک کە فۆرمی کۆماریی هەبێت. لای دورکهایمیش بەهاکانی شۆڕشی فەرەنسی وردە وردە ئەو ئەرکانە جێبەجێدەکەن کە ئایینی تەقلیدی جێبەجێدەکرد (Hamilton 1999:165). بەر لەوانیش جاک ڕۆسۆ لە کتێبی «ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتیدا» باس لە «ئایینی مەدەنی» دەکات و بە مەرجێکی گرنگی مانەوەی کۆمەڵگای لە قەڵەم ئەدات. لە هەموو ئەم دۆخانەشدا ئایین لەناو ناچێت و ئەو ئەرکانەی کە جێبەجێیان دەکات لەلایەن ئایینی نوێ و بەهای نوێوە پڕدەکرێنەوە.

ئەم دوو هێڵە لە فیکری سۆسیۆلۆژی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی سەدەی بیستەمیشدا ئامادەیە. بۆ نموونە لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا ئەنترۆپۆلۆژێکی گرنگی وەک Bellah درێژە بە بۆچوونەکانی ڕۆسۆ دەربارەی «ئایینی مەدەنی» ئەدات و دەڵێت ئایین چەند لە کۆمەڵگا تەقلیدییەکاندا ئامادە بووە بەهەمانئەندازەش لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا ئامادەیە، ئەوەی ڕوویداوە کۆتاییهاتنی ئایین نییە بەڵکو گۆڕانی شێوەکانی ئایینە. بەباوەڕی ئەم نووسەرە شێوە تەقلیدییەکانی ئایین لاوازبوون بەڵام لەشوێنیاندا شێوازی نوێی ئایین لەدایکبووە کە لەپاڵ ڕۆسۆدا بە «ئایینی مەدەنی» ناونووسیدەکات. لای ڕۆسۆ ئامێزانبوونی کۆمەڵایەتی پێویستی بەبوون و ئامادەگی کۆمەڵێک بەها و نرخی دینی هەیە کە بەم شێوەیە کۆیاندەکاتەوە: باوەڕبوون بە خوداوەند، باوەڕبوون بە قیامەت، باوەڕبوون بەوەی کە چاکە پاداش دەدرێتەوە خراپەش سزا وەردەگرێت، هەروەها کۆمەڵگای باش ئەو کۆمەڵگایەیە کە باوەڕی بە لێبوردنی ئایینی هەیە و شوێن بە بیر و بۆچوونی ئایینی جیاوز ئەدات (Aldridge 2000: 142).

Bellah ئەم دیدەی ڕۆسۆ پەرەپێئەدا و دووسەد ساڵ دواتر بەسەر کۆمەڵگای ئەمریکی سالانی شەستی سەدەی بیستەمدا پراکتیکی دەکات. «ئایینی مەدەنی» لە دیدی Bellah بریتییە لە «ڕەهەندێکی دینی لە ژیانی سیاسی ئەمریکیدا کە لەدەرەوەی کەنیسەدا و بەسەربەخۆیی لە کەنیسە دروستبووە». بەڵام بوونی ئەم ڕەهەندە دینییە مەدەنییە لە

سیاسەتی ئەمریکیدا مانای ئەوە نییە دەوڵەتی ئەمریکی دینی هەیە و بەرگری لە بوونی ئایینی دەکات، بوونی ئەم ڕەهەندە دینییە مانای پێشێلکردن و لابردنی «پرنسیپی ئازادی ئایینی» نییە کە بە باوەڕدار و بێباوەڕ هەمان ماف و ئەرک و بەها دەبەخشێت و هەمووان وەک یەک تەماشادەکات. مافی ئازادی باوەڕ و عەقیدە، مافی بوون یان نەبوونی دین لە دەستوری ئەمریکیدا چەسپاوە و دەوڵەت پەیڕەویدەکات، بوونی ڕەهەندی ئایینی مەدەنی لە سیاسەتی ئەمریکیدا ئەو مافە لە خەڵک ناسێنێتەوە باوەڕدار بن یان بێباوەڕ، ئایینیان هەبێت یان نەبێت. کۆنگرێسی ئەمریکی یاسا دەرناکات بۆئەوەی ئایینێکی دیاریکراو بسەپێنێ و ئایینێکی دی یاساغکات، باوەڕداری بسەپێنێ و بێباوەڕی قەدەغەبکات و باوەڕداران وەک هاوڵاتی کامڵ مامەڵەکات و بە بێباوەڕان پلەی هاوڵاتی کامڵ نەبەخشێت. بەپێچەوانەوە، سەرەڕای بوونی ڕەهەندێکی ئایینی مەدەنیانە لە سیاسەتی ئەمریکیدا، ئازادی بوون یان نەبوونی باوەڕ یەکێکە لە پرنسیپە گرنگەکانی دەستوری ئەمریکی. واتە دەستوری ئەمریکی بەهەمووان هەمان ماف دەدات، بەباوەڕدار و بێباوەڕ و سیاسەتیش لەسەر بناغەی ئایین داناڕێژرێت گەرچی ڕەهەندێکی ئایینی لەم سیاسەتەشدا ئامادەیە. بێگومان بیرۆکەی «ئایینی مەدەنی» هەمان بیرۆکەی ئایینی مەسیحی تەقلیدی نییە کە لای زۆر هێزی ئوسولی مەسیحی ئامادەیە، ئایینی مەدەنی بریتییە لە پێکهاتێکی ئایینی نوێ کە مێژووی نوێی ئەمریکا دروستیکردوە.

ئەوەی گرنگە لێرەدا هێمای پێبکەین ئەوەیە کە «ئایینی مەدەنی» لای Bellah بەشێک نییە لە «ژیانی تایبەت» ی تاکەکەس و گروهەکان، شتێک نییە کاریگەری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی نەبێت، بوونی بوونێکی پەراوێزی نییە، بەڵکو بەشێکە لە «ژیانی گشتی» کۆمەڵگا و کاریگەری لەسەر مەسەلە گشتییەکان هەیە. لای ئەم نووسەرە ئەم ئایینە مەدەنییە لە کۆی ئەو بۆنە و جەژن و کۆڕ و کۆبوونەوە گشتییانەدا بەرجەستەیە کە لە ئەمریکادا بە بەردەوامی دەگیرێن و بە هەزاران و ملیۆنان ئینسان تێیدا بەشدارن. ئەم ئایینە مەدەنییە لە کۆمەڵێک سیمبۆڵی پیرۆز، شوێنی پیرۆز، پاڵەوانی پیرۆز و ڕووداوی مێژووی پیرۆزدا جێگیرە. Bellah بۆ هەریەکێک لەم شتە پیرۆزانە نموونەیەک نیشانئەدات، کە باس لە سیمبۆڵی پیرۆز دەکات باس لە تێکستی «بەیاننامەی سەربەخۆبوون» ی ئەمریکا دەکات کە تەواو بە لۆژیکی پیرۆزیی دەقە ئایینییەکان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، کە باس لە «پاڵەوانی پیرۆز» دەکات نموونەی جۆرج واشنتۆن، جیفرسۆن و لینکۆڵن، دەهێنێتەوە، کە باس لە شوێنی پیرۆز دەکات هێما بۆ «ئارامگەی لینکۆڵن» دەکات و کە لە ڕووداوی پیرۆزیش دەدوێت نموونەی «جەنگی

سەربەخۆبوونی ئەمریکا» دەهێنێتەوە (هـ. س. پ ل١٤٣). هەموو ئەمانەش بەسەریەکەوە ڕەگەزەکانی ئەو ئایینە مەدەنییە نیشانئەدەن کە لە ئەمریکادا ئامادەیە.

لە شوێنێکی وەک یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتە سۆسیالیستییەکانی جاراندا ئایین بەڕەسمی قەدەغە بوو، بێباوەڕی سیاسەتی ڕەسمی دەوڵەت بوو، لەناوبردنی پیرۆزی بەشێکی گرنگی خەیاڵی ئایدیۆلۆژی ئەو سیستمانە بوو، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا ئەزموونی ئەم دەوڵەت و کۆمەڵگایانە پڕیەتی لە فۆرمی نوێی پیرۆزی و پیرۆزبوون کە بێ چەندوچوون کارەکتەری ئایینێکی نوێیان هەیە. لەم وڵاتانەدا بەدەیان بۆنە و خۆپیشاندن و نمایشی جەماوەری گەورە هەبوون بۆ یادکردنەوەی ڕۆژە پیرۆزەکانی شۆڕش، ساتەوەختەکانی سەرکەوتن و کاتی بەدەستهێنانی دەسکەوتە مەزنەکان، سەردانی گۆڕی پێغەمبەرەکانی شۆڕش و کۆمۆنیزم، وەک سەردانی گۆڕەکەی لینین و ماو تسی تونگ و هۆشی منە. هەموو ئەمانە بەشێک بوون لە پێکهاتی ژیانی ڕۆژانە لەو وڵاتانەدا، پەرستن و پیرۆزکردنی سەرکردەکان ڕوویەکی دیکەی پرۆسەی پیرۆزیی بوو لەو ئەزموونانەدا، مامەڵەکردنی کتێب و نووسین و گوتراوی تیوریست و سەرکردەکان وەک دەق و نووسین و فەرمودەی پیرۆز، ڕاست مامەڵەیەکی ئایینیمان بیردەخاتەوە. بە مانایەکی دیکە ئەزموونی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم، وەک دوو ئەزموونی ناو مۆدێرنە، پڕیەتی لە سیمبۆل و بۆنە و میکانیزمی ئایینی کە ڕاست میکانیزمە ئایینییە تەقلیدییەکانمان بیردەخاتەوە بەڵام بە ناوەرۆکێکی ئایدیۆلۆژی و ڕەمزی و خەیاڵی نوێوە.

لە ئەزموونی نازیەتیشدا پیرۆزی ڕۆڵێکی گرنگ و گەورە دەبینێت و لە زۆر ڕووەوە ئەزموونی پیرۆزی لە نازیەتدا لە ئەزمونی پیرۆزیی لە سۆڤیەت و وڵاتە سۆسیالیستییەکان دەچێت، بەڵام بە جیاوازییەکی گەورەوە. لە ئەزموونی نازیەتدا ڕاسیزم ئامادەیە لەکاتێکدا لە کۆمۆنیزمدا ئەم ڕەگەزە ئامادەنەبووە. ڕاسیزم لە ئەزموونی نازیەتدا لە فۆرمی بەرزڕاگرتن و پیرۆزکردنی ڕەگەزی ئاریدا ئامادەیە، ئەم مەسەلەیش ڕەهەندە ئایینییەکانی ئەزموونی نازیەت تۆختر و مەترسیدار دەکاتەوە.

لە دەرەوەی ئەو ئەزموونانەشدا ڕەنگە ئارامگەی «سەربازی وون» باشترین سیمبۆڵێک بێت کە هێما بۆ ئامادەگی شوێنی پیرۆز لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا بکات، شوێنێک کە بە هەمان لۆژیکی شوێنی پیرۆزی ئایینی لە خەیاڵ و وێناکردنی ئینساندا ئامادەیە، هەروەها بوونی ئەو دەیان جەژن و ڕووداو و بۆنە عەلمانیانەی لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا بەڕێوەدەچن هێمای ئەوەن کە ئایین و پیرۆزی لە ژیانی مۆدێرن دەرنەکراون، بەڵکو شێوەکانیان گۆڕاوە و ئەرک و وەزیفەی جیاواز دەبینن.

بە کورتی ئەم نووسەرانە نیشانیئەدەن کە مۆدێرنە و پیرۆزی و مۆدێرنە و ئایین دوو بوونی دژ بەیەک نین، دەشێت مۆدێرنە شانبەشانی ئایین و ئایینیش شانبەشانی مۆدێرنە بڕوات. لەم ئامادەگییەدا هەم فۆرمی نوێی پیرۆزی و هەم فۆرمی نوێی ئایین لە ناو کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا لەدایکدەبن. مۆدێرنە نایەت بۆ لەناوبردنی ئایین بەڵکو بە ئایین مانا و پێناس و شوێنی کۆمەڵایەتی نوێ دەبەخشێت، ئایین لە هەناوی خۆیدا نیشتەجێی دەکات و وەک بەشێک لە پێکهاتی کولتووری و ڕەمزی خۆی دەیهێڵێتەوە، بەڵام دەسکاری مانا و دەلالەت و ئەرکەکانی دەکات.

هەڵەی سەرەکی لەوەدایە پیرۆزی ببەستینەوە بە ئایین و ترادیسیۆنی دێرینەوە، مەسەلەیەک کە ئایینگەراکان و بێئاگایان لە سادەترین دەرەنجامەکانی زانستە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکان، پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن. پیرۆزی لە سەردەمانی مۆدێرنەدا لە فۆرمی جیاجیادا ئامادەیە بەڵام لە باتی بەستنەوەی بە ئایینەوە بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێک ڕەهەندی نوێی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە کە لە سەرەوە هەندێک نموونەیمان نیشاندا. پیرۆزیی دیاردەیەکی ئاڵۆزە و لە فۆرمی جیاجیادا دەردەکەوێت، پیرۆزی ئایینی تەنها فۆرمێکە لە فۆرمەکانی دەرکەوتنی پیرۆزی، وەکچۆن پیرۆزیی ئایینی دەشێت ژیان هەم دەوڵەمەند و فرەڕەهەند کات و هەم وێران و نایرینیشی کات، ئاوا پیرۆزییەکانی ناو مۆدێرنەش دەشێت هەردوو دەرەنجامەکەیان هەبێت.

**٢-٦ مۆدێرنە و بەراورد**

هەندێک نووسەری دیکە لە ڕەخنەکردنی تیۆرەی عەلمانیەتدا تەماشای دیاردەی خۆ بەراوردکردنی مۆدێرنە دەکەن بە دەرەوەی خۆی، ئەم نووسەرانە عەلمانیەت و مۆدێرنە بەیەکەوە گرێدەدەن بەڵام لەو باوەڕەدان کە عەلمانیەت پرۆسەیەکی یەک ئاراستە نییە. عەلمانیەت چۆن هێزی نوێ دروستدەکات کە بە ئاراستەی بە عەلمانیکردنی جیهان و پایەدارکردنی عەقڵانیەت و تاکگەرایی کاردەکات ، ئاواش هێزی دیکە دروستدەکات کە دژ بە عەلمانیەتن و بەگژ پێدراوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییەکانیدا دەچنەوە، یان ڕازینین بە پێناسە و ئاراستە و پێدراوە باڵادەستەکانی ناو پرۆسەی بە عەلمانیکردنی جیهان. بە مانایەکی دیکە پرۆسەی بەعەلمانیەبوون پرۆسەیەکی یەک ڕەهەند نییە کە بە حەتمی ڕۆڵی ئایین و سیحر و خورافەت لاوازکات، بەڵکو پرۆسێسێکی فرە لایەنە و دەشێت هەندێکجار ببێتە هۆی بەهێزبوونی هەندێک گروهی ئایینی.

لەم ڕەوتەدا بەشێک لەو پرسیارە ڕەخنەییە گرنگانەی کە ڕووبەڕووی تیورەی عەلمانیەت کراونەتەوە ئەمانەن: ئایا دابڕان لەنێوان مۆدێرنە و ئاییندا حەتمییە؟ ناکرێت مۆدێرنە و ئایین پێکەوە بڕۆن؟ ناکرێت جیهان پیرۆز و مۆدێرنبێت لەیەککاتدا؟ ئەگەر ئایین، وەک پیتەر بێرگەر دەڵێت، ئامرازێکبێت بۆ بەگژاچوونەوەی نامۆبوون، کەوابوو چۆن دەکرێت عەلمانی بکرێت؟ لوکمان پێیوایە عەلمانیەت هەرگیز دروستنەبووە، چونکە دواجار فۆرمە تەقلیدییەکانی ئایین لاچوون و فۆرمی نوێی باوەڕهێنان دروستبووە (هـ. س. پ ل ١٦٥). کۆی ئەم پرسیار و سەرنجانە نیشانیئەدەن کە عەلمانیەت دیاردیەکی ئاڵۆزە و شوێن و جێی ئایینیش لە دنیایەکی عەلمانیکرودا بەو جۆرە نییە کە تیورەی عەلمانیەت لە چاپە سادە و دۆگماییەکەیدا پێشنیاری دەکات، مەبەستم لەناوچوونی ئایین و شوێنگرتنەوەیەتی بە زانست یان ئەدەب یان هەرشتێکی دیکە، ئەزموونی عەلمانیەت لەبەشە جیاجیاکانی جیهاندا تا ئێستا ئەوەی نیشانداوە کە ئایین گۆڕانی بەسەردا دێت، ڕۆڵە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییەکەی دەگۆڕێت، بەڵام نە لەناودەچێت و نە شوێنیشی گیراوەتەوە.

لەم ڕەوتەدا مێژوونوسسی هۆڵەندی (پیتەر ڤان رۆدن) یەکێکە لەو کەسانەی کە ڕەخنەی توندی بەرامبەر بە بەڵگەنەویست و گریمان و پێشنیارە تیورییەکانی عەلمانیەت هەیە. بە باوەڕی ڤان رۆدن ئەو گریمانە گشتییەی تیورەی عەلمانیەت سەبارەت بەشوێن و جێی ئایین لە جیهانی مۆدێرندا پێشنیاری دەکات ڕاستنییە، ئەگەرچی ئەم گریمانە زۆر بەربڵاوە و بێ تێڕامانێکی ڕەخنەییش قبووڵکراوە. مەبەستی ڤان ڕۆدن لەو گریمانە ئەوەیە کە دەڵێت ئایین لە ناو پرۆژەی مۆدێرنەدا شوێن و جێییەکی پەراوێزی هەیە و دەکەوێتە دەرەوەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە. لە یەکێک لە گرنگترین کتێبەکانیدا لەسەر مێژووی ئایین لە هۆڵەندادا، ڤان ڕۆدن نیشانیئەدات ئەو ڕۆڵەی ئایین لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لە نێوان ساڵانی ١٨٨٠ و ١٩٧٠ لە هۆڵەندادا بینیویەتی لەهەموو کاتێکی دیکە گرنگتربووە" .
ڤان ڕۆدن دەڵێت ئایین لە سەدەی نۆزدەهەم و سەدەی بیستەمی مێژووی هۆڵەندادا ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە کاتێکدا تیورەی عەلمانیەت باس لە کەمبوونەوە و بە پەراوێزبوونی ڕۆڵی ئایین لەو دوو سەدەیەدا دەکات (van Rooden,1996: 83-84). .

(ڤان رۆدن) ڕای وایە تیورەی عەلمانیەت کۆمەڵێک کارەکتەر بە دنیای مۆدێرن دەبەخشێت کە لەگەڵ پێدراوە واقیعی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو دنیایەدا یەکناگرێتەوە. عەلمانیەت دەڵێت مۆدێرنە سیحر و پیرۆزی و خورافەتی لە جیهان داماڵیوە و ڕۆڵی ئایینی لە ژیانی گشتیدا لاوازکردوە، لەکاتێکدا ڤان ڕۆدن دەڵێت دەشێت دەیان نموونە بهێنینەوە کە ناڕاستی ئەم گریمانەیە نیشانئەدەن. یەکێک لەو نموونانە ڤان ڕۆدن بەبەردەوامۆ باسیدەکات

ئەمریکایە، ئەم نووسەرە ئەڵێت کۆمەڵگای ئەمریکی تا ئێستاش یەکێکە لە ئاییندارترین کۆمەڵگاکانی جیهان، بە ملیۆنان خەڵک ئەندامی کەنیسەن و بەشداران لە سروت و بۆنە ئایینییەکاندا، لەسەر دۆلاری ئەمریکی ناوی خودا نووسراوە و سەرۆکەکانی ئەمریکا بەربەردەوامی لە گوتار و قسە و باسەکانیاندا دەڵێن: «خودا ئەمریکا بپارێزێت». لەکاتێکدا بەپێی تیورەی عەلمانیەت بێت، دەبێت لەسەدەی نۆزدەهەمەوە ئایین ڕۆڵی لەم کۆمەڵگایەدا نەمابێت. بەبۆچوونی ئەم نووسەرە ئەمریکا نموونەیەکی ئاشکرای ئەو ڕاستییەیە کە دەشێت مۆدێرنە و ئایین پێکەوە ئامادەبن.

بەبۆچوونی ڤان ڕۆدن تیورەی لاوازبوونی ڕۆڵی ئایین و ماڵئاوایکردنی لە ژیانی گشتیدا لەوێوە هاتوە کە مۆدێرنە پرۆژەیەکە هەمیشە لە بەراوردکردنێکی فرەلایەندا ژیاوە. ڕۆژئاوا، کە بەرهەمهێنەری مۆدێرنەیە و بە داهێنەری ژمارە یەکیشی دەژمێردرێت، جارێک خۆی لەگەڵ جیهانی دەرەوەی خۆیدا بەراورد کردوە، بۆ نموونە لەگەڵ ڕۆژهەلاتدا، جارێکی دیش ئێستای خۆی بە ڕابووردوی خۆی بەراورد کردوە. لەم بەراوردەدا ڕۆژئاوا هەمیشە جیهانی دەرەوەی خۆی، بۆ نموونە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەلاتی، وەک جیهانێکی نا عەقلانی و پڕ سیحر و پڕ ئایین وێناکردوە بەرابەر بە خۆی کە نائایینی و ناسیحری و نا خورافییە. ئاییندار بوونی کۆمەڵگا ڕۆژهەلاتییەکانی وەک دژە دیوی نائایینی خۆی نیشانداوە، ئەگەر ئەوان ئایین گرنگترین هێزیانبێت ئەوا ڕۆژئاوا عەقلانیەت هێزی سەرەکیەتی، ئەگەر ڕۆژهەلات شوێنی توندڕەوی ئایینی بێت ئەوا ڕۆژئاوا شوێنی لێبووردون و دیموکراسیەتە. ئەم شێوازە بەراوردە، وەک دەیان نووسین و کتێب و لێکۆڵینەوەی نوێ نیشانیداوە، بەراوردێکی ناڕست و هەڵە و نامێژووییە، نە ڕۆژهەلات بەو ئەندازەیە ئایینی و سیحری و خورافیی بووە و نە ڕۆژئاواش بێئایین و بیسیحر و بێخورافەت.

لە بەراوردکردنی ئێستاشیدا بە ڕابووردوی، ڕۆژئاوا، هەمیشە ڕابووردووی خۆی وەک ڕابووردویەکی ئایینی و خورافی و سیحری وێناکردوە و ئێستاشی وەک دژەدیوی ئەو دنیا کۆنە وێناکردوە. سەدەکانی ناوەڕاستی وەک سەدەی ئایین و خورافەت و سیحر وێناکردوە و سەدەکانی دواتری وەک سەدەی عەقلانیەت و ڕۆشنگەری و زانست، کە تیایاندا ئایین ڕۆڵی نەماوە. ڤان ڕۆدن دەڵێت لەم دوو بەراوردەدا سادەگۆییەکی گەورە هەیە، نە ڕابووردوی ڕۆژئاوا بەو ڕادەیە ئایینییە کە تیورەی عەلمانیەت پێشنیاریدەکات و نە ئەو کۆمەڵگایانەش کە دەکەونە دەرەوەی ڕۆژئاواوە ئایین هەموو بوونیانی دەستنیشان کردوە. وەکچۆن ئێستای ڕۆژئاواش ئێستایەکی بێدین نییە. بەبۆچوونی ڤان ڕۆدن تیورەی عەلمانیەت لەم ڕووەوە پشتی

بە زانیاری ورد و ڕاستەقینە و دسکەوتی لێکۆڵینەوەی تەتبیقی نەبەستووە، بەڵکو تەنها دوو گریمان پێشکەشدەکات و هەردووکیشیان وەک هەقیقەتێکی پرسیالێنەکراو قبووڵدەکات.

ئەو خاڵەی لێرەدا شایانی باسکردنبێت ئەوەیە کە ڤان ڕۆدن لە قسەکردنیدا لەسەر عەلمانیەت لە ڕۆژئاوادا باس لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان دەکات نەک لە دەوڵەت. بەبۆچوونی (ڤان ڕۆدن) دەوڵەت لە ڕۆژئاوادا تا ڕادەیەکی زۆر کاراکتەرێکی عەلمانی هەیە و پێویستە ئەم کاراکتەرەشی بپارێزرێت، بەڵام بوونی «دەوڵەتی عەلمانی» مانای بوونی «کۆمەڵگایەکی عەلمانی» نییە. دەشێت دەوڵەت دینی نەبێت بەڵام کۆمەڵگا و تاکەکەسەکان دینداربن. ئامادەگی سیاسەتێک کە پرنسیپەکانی عەلمانیەت و دەستورێکی دیموکراسی و لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بیبات بەڕێوە پەیوەندی بەوەوە نیە داخۆ کۆمەڵگا دیندارە یان بێدین. دەوڵەت و سیاسەت ئەتوانن لەسەر بنەمای غەیرە ئایینی ڕێکخرێن و دامەزرێن، لەکاتێکدا ئایین  لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیانی تاکەکەسدا ڕۆڵی تایبەت و دیاریکراوی هەبێت. مەرجیش نییە هەمیشە هەندێک لە پرنسیپە ئایینییە گەردونی و ئینسانییەکان، وەک پرنسیپەکانی یەکسانی و برایەتی و بەرەحمبوون، لە چوارچێوەی دەستوردا ڕۆڵە سیاسییەکەیان ببێت بە سفر. بەکورتی دەشێت ئایین لە ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابوری و کولتووریدا ڕۆڵی تایبەت ببینێت بەڵام بەشێک نەبێت لە پێکهاتی دەوڵەت و کارکردنی سیستمی سیاسیی. دەشێت دەوڵەتێکی عەلمانی و کۆمەڵگایەکی ئایینی، دەوڵەتی نادینی و ئایینی خاوەنرۆڵ لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا پێکەوە کۆببنەوە. مێژووی ڕۆژئاوا خۆشی شاهێدێکی گرنگی ئەم پێکەوەبوونەیە، دەوڵەتی عەلمانی ئەمریکی و کۆمەڵگای دینداری ئەمریکی نموونەیەکی گرنگی ئەم بۆچوونەن.

ڕەخنەگرێکی دیکەی تیورەی عەلمانیەت دەڵێت لاوازبوونی ڕۆڵی کەنیسە، وەک دەزگا، مانای لاوازبوونی ڕۆڵی ئایین نییە وەک ئایین. بەبۆچوونی ئەم نووسەرە تیورەی عەلمانیەت لەم ئاستەدا کێشەی گەورە گەورەی هەیە، چونکە ئەو زانیارییە کۆنکریتیانەی لەبەردەستدان ئەوەمان نیشانئەدەن کە هێز و ڕۆڵی کەنیسە لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا ڕۆڵ و هێزێکی جیاوازبووە و بەرپابوونی گۆڕانیش لەم ڕۆڵەدا هەرگیز لە یەککاتدا و بەهەمان ئەندازە ڕووی نەداوە، لە شوێنێکی وەک ئینگلتەرەدا لاوازبوونی ڕۆڵی کەنیسە لە دواهەمین چارەکی سەدەی نۆزدەهەمدا ڕوویداوە، بەڵام هەمان ڕۆڵ لە هۆڵەندا لە هەفتاکانی سەدەی بیستەمدا ڕوودەدات، بەڵام ڕۆڵی کەنیسە لە ئەمریکا تا ئێستاش لاواز نەبووە. بڕوانە: (van der Veer, 1995: 6)

بە بۆچوونی (ڤان دێر ڤێن) تیورەی عەلمانیەت هیچ لەسەر ئایین ناڵێت جگە لەوەی کە دەڵێت ڕۆڵی کەمدەبێتەوە و لاوازدەبێت و دەکەوێتە پەراوێزەوە. بەپێی ئەم تیورەیە سەرکەوتنی پرۆسەی بەپیشەسازیبوون، گەشەی زانست و تەکنۆلۆژیا وادەکەن ئایین چیدی پێویست نەبێت و ڕۆڵێکی ئەوتۆی لەژیانی گشتی و کۆمەلایەتیدا بۆ نەمێنێتەوە. بە پێچەوانەی ئەم دیدەوە ئەم نووسەرە دەڵێت لە دۆخی ئینگلتەرەدا بەڵگەی بڵاوبوونەوەی ئایین بەهۆی پرۆسەی بە پیشەسازیبوونەوە زۆر زیاترە لە بەڵگەی بڵاوبوونەوەی عەلمانیەت. (هـ. س. پ. ل ٦). واتە مەرج نییە پرۆسەی تازەبوونەوەی ئابووری و گەشەکردنی پیشەسازی بەشێوەیەکی حەتمی ببێتە هۆی لاوازبوونی ڕۆڵی ئایین، بەپێچەوانەوە دەشێت ببێتە هۆکاری زیاتر بڵاوبوونەوەی ئایین. (لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونەی ڤان دێر ڤێر بۆ جیهانی عەرەب زۆر ڕاستە، مۆدێرنە لە فـــۆرمی تەکنۆلۆژیای پەیوەندی و چاپەمـــەنی بەرفـــراوان و مـــیـــدیای نوێدا بۆتە هۆی بڵاوبوونەوەیەکی گەورەی وێنە و سیمبۆڵ و کتێب و کاسێت و نووسین و فەتوا و دیدی ئایینی. لێرەدا مۆدێرنە لەباتی ئەوەی ئایین لاوازکات، ئایینی بەهێزکردوە. کێشەکەش لەوەدایە لە جیهانی عەرەبدا مۆدێرنە ئەو فۆرمەی ئایینی بەهێزکردوە کە توندڕەو و ئوسولی و دۆگامییە و دەخوازێت هەموو ڕەهەندەکانی ژیان بخاتە ژێر کۆنترۆڵی ئایینەوە، بە خودی مۆدێرنە خۆشییەوە)

بە بۆچوونی (ڤان دێر ڤێر) ئایین لە هیچ کۆمەڵگایەکی سەرزەمیندا بێڕۆڵ نییە، بەڵام ئەم ڕۆڵە دەگۆڕێت و لەهەر بوار و ساتەوەختێکی مێژووییدا شێوە و ناوەرۆکی جیاواز دەگرێتەخۆی، تا ئەم ساتەش ئایین لەناو خودی ڕۆژئاوادا بە شێوازی جیاجیا ئامادەیە. لە ئیرلەندا و ئیتالیا و ئیسپانیادا ئایین بەشێکە لە شووناسی تاکەکەس و نەتەوە، لە زۆربەی ئەو گفتوگۆیانەدا کە لە ڕۆژئاوا لەسەر کۆمەڵگای فرە کولتووری دەکرێت قسە لە ڕەگی مەسیحی و یەهودییانەی کولتووری ڕۆژئاوایی دەکرێت. بەڵام هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی دەزگا و پرنسیپ و پێدراوە دیموکراسییەکان و پاراستنی مافە گشتییەکانی مرۆڤدا، واتە لە چوارچێوەی دەوڵەت و دەستورێکی عەلمانی و دیموکراسیدا.

بەبۆچوونی من ئەم ڕەخنانە لە تیورەی عەلمانیەت ئەو بۆچوونە ڕەتناکەنەوە کە لە سەردەمی مۆدێرنەدا کۆمەڵێک گۆڕانکاری گرنگ لە مانا و ڕۆڵ و چالاکی ئایینیدا هاتۆتەکایەوە، ئەو فۆرمە نوێییانەی ئایینیش کە دروستبوون و بەکاردێن جیاوازن لە فۆرمە کۆنەکانی ئایین، ناوەرۆکی کارە ئایینییەکانی ناو دنیای مۆدێرن موتوربەکراون بە دەسکەوتە گەورەکانی مۆدێرنە لە پێش هەموشیانەوە مافەکانی مرۆڤ و ڕێزگرتنی جیاوازی و ڕێزگرتنی شێوەژیان

و ڕەوشت و هەڵوێستی جیاواز و دروستکردنی زیاد لە مەرجەعێک بۆ ئەخلاق و داوەری و تێڕامان. بۆ نموونە «ئایینی مەدەنی» ئایینێک نییە بە زمانی جەنگ و شەڕوشۆڕ و فەتوا و تۆقاندن قسەبکات، بەڵکو ئایینێکە بەپێی ئەو هێڵە گشتییانە کاردەکات کە عەلمانیەت بە دیاردەی پیرۆزی و پیرۆزبوونی دەبەخشێت. بەکورتی ئەو نووسەرانە ڕەخنە لە تیورەی عەلمانیەت دەگرن بەرگری لەوەناکەن کە ئایین دەبێت حاکمبێت و دەستنیشانکەری هەموو شتێک بێت، بۆهەر گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی فەتوایەکی ئایینی پێویستبێ و حاخام و ئایینگەرا و ئیمامەکان جیهان بەڕێوەبەرن. ئەوەی ئەم نووسەرانە دەیڵێن ئەوەیە کە تیورەی عەلمانیەت لە باسکردنی ڕۆڵی ئاییندا لە سەدەی هەژدەهەمەوە بۆ ئێستا کۆمەڵێک گریمانە و پێشداوەری دەکات کە هەندێکیان ڕاستنین، یان لانیکەم مەرج نییە لە هەموو شوێن و جێیەکدا ئەو گریمانانە وەک یەک پاسادان بکرێن. بەبۆچوونی ئەم نووسەرانە ئایین لە سەدەی هەژدەهەمەوە تا ئێستا لە شوێنی جیاوازدا ڕۆڵی جیاوازی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریدا گێڕاوە، لەناووەڕا گۆڕانی گەورەی بەسەرداهاتووە و لەفۆرم و ناوەرۆکی نوێدا ئامادەیە. کێشەی تیورەی عەلمانیەت، لەدیدی ئەم ڕەخنەگرانەدا، لەوەدایە کە توانای بینینی ئەو ڕۆڵە جیاوازانەی نییە کە ئایین بینیویەتی و دەیبینێ و هەموو شتەکان دەکات بەژێر بەفری ئەو گریمانەوە کە دەڵێت ڕۆڵی ئایین لە سەردەمانی مۆدێرنەدا کەمدەبێتەوە. بە مانایەکی دیکە ئەم ڕەخنەگرانە لە خوێندنەوەیاندا بۆ جیهانی مۆدێرن شوێنێک بۆ ڕۆڵی کۆمەڵایەتییانەی ئایین بەجێدەهێڵن و ئەو دیدە سادەیەی کە دەڵێت زانست دەچێتە شوێنی ئایین ڕەخنە دەکەن، لەهەمانکاتدا نیشانیئەدەن چۆن فۆرمی نوێی ئایین و ئەزموونی ئایینی لەناو هەناوی کۆمەڵگا عەلمانییەکاندا ئامادەیە.

ئاشکرایە ڕەخنەگرتن لە عەلمانیەت مانای داکۆکیکردن نییە لە دەسەڵاتی دینی. ئەمانە نایەن بڵێن عەلمانیەت لەگەڵ ڕەسەنایەتی ئێمەدا ناگونجێت، ئایینەکەمان تێکدەدات، شووناسمان پارچەپارچە دەکات، پرسیاری ئەوە ناکەن ئایا دەبێت لەنێوان عەلمانیەت و نا عەلمانیەتدا هەڵبژێرن، باس لە ئەلتەرناتیڤێکی ئایینی ناکەن بۆ مۆدێلی عەلمانیانەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و سیاسەت و کۆمەڵگا، چونکە دوای دوو سەدە مۆدێرنە و دوو سەدە گەشەی عەلمانیانە ئەلتەرناتیڤە دینییەکان جگە لە کارەساتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هیچیدی بەرهەمناهێنن، ئەفگانستان، سودان، سعودیە، ئێران نموونەی بەرچاوی بەگژاچوونەوەی ئایینن بۆ عەلمانیەت. ئەم ڕەخنەگرانە لە باسکردنیاندا بۆ عەلمانیەت سەرنج لەو ڕەهەندە ئایینییە گرنگە ئەدەن کە ئامادەبووە و ئامادەیە، بەڵام تیورەی عەلمانیەت نەیبینیوە یاخود پشتگوێیخستوە.

باسکردن لە ئایین وەک دیاردەیەک کـە دەشـێت ڕەهەندێکی دەوڵەمـەندکـەربێت لە ژیانی تاکەکەس و کۆمەڵگادا مانای ئەوە نییە دەبێت دەسـەڵات لەسـەر بناغەی دین دابمەزرێ و ئایین جیهان و ئەخلاق و سیاسەت بەڕێوەببات. ئایین دەشێت قووڵاییەکی تایبەت بە ژیانی ئینسان ببەخشێت، بەڵام بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە پێویست ناکات ببێتە ڕێکخەری سیستمی سیاسی و لەناو دەوڵەتەوە حوکمبکات. لێرەوە ڕەخنەکردنی عەلمانیەت وەک تیورەیەکی سیاسی مانای ئەوە نییە دین دەبێت سەروەربێت، ئەم نووسەرانە باس لەوە دەکەن کە لەهەندێک هەلومەرجی تایبەتدا ئایین تا ئێستاش لە توانایدایە ڕۆڵی تایبەت لە کار و چالاکی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیدا بگێڕێت. بەڵام هیچ یەکێک لەم نووسەرانە باوەڕیان بە دەسەڵاتی دینی نییە، باوەڕیان بەوە نییە دەوڵەت لەسەر بنەمای ئایین بەڕێوەببرێت، لەبەر خاتری ئایین بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ پشتگوێخرێت، بیرۆکەی «هاوڵاتی یەکسان» لابرێت و لەشوێنیدا بیرۆکەی «برایەتی ئایینی» سەروەرکرێت، لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بکرێتە قوربانی کۆکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە دەستی سەرکردە و گروهێکی ئایینیدا، دەستورێکی دیموکراسی کە بەهەمووان هەمان ماف ببەخشێت بکرێتە خزمەتکاری کۆمەڵێک پرنسیپی ئایینی کە بەهەندێک مژدەی بەهەشت و بەهەندێکی دی وادەی جەهەنەم بدات. ڕەخنە لە تیورەی عەلمانیەت، وەک ڕەخنە لە هەر تیورەیەکی دیکە، ڕەخنەیە لە هەندێک لەو گریمانە تایبەتانەی ئەم تیورەیە پێشنیاریان دەکات نەک ڕەخنە لە چۆنیەتی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی پەیوەندی نێوان کۆمەڵگا و دەوڵەت، کۆمەڵگا و ئیسان و ئینسان و ئینسان لەگەڵ یەکدا.

بە مانایەکی دیکە ڕەخنەکردنی عەلمانیەت مانای بەرگری و هەڵبژاردن و دانەپاڵی پرۆژەی ئوسولیەتی ئایینی نییە، ئەم شێوە بیرکردنەوەیە یەکێکە لە کێشە هەرە گەورەکانی ناو ڕۆشنبیریی عەرەبی و لەوێشەوە ناو ڕۆشنبیریی کوردی. لە سەدەی نۆزدەهەمەوە ڕۆشنبیریی عەرەبی ناکۆکییەکی گەورە و چارە هەڵنەگری لەنێوان عەلمانیەت و ئاییندا دروستکردوە کە ڕەخنەکردنی لایەکیان مانای چوونەپاڵی لایەنەکەی دیکەیان بووە. لەم ڕۆشنبیرییەدا عەلمانیەت وەک هەڵبژاردنێکی ئایدیۆلۆژی دەبینرێت و ڕێک دەخرێتە ناو پەیوەندییەکی دوژمنکارانەوە لەگەڵ ئیسلامدا، عەلمانیەت وەک کۆمەڵێک پرۆسێسێکی مێژوویی کە زیاد لە سەدەیەکە ئامادەیە و بەشێکی گرنگی ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی ئەم وڵاتانەی گرتۆتەوە بەتەواوی پشتگوێخراوە. لەهەمانکاتدا وەک مۆدێلێکی خواستراو و وەک بەشێک لە پیلانێکی گەردونی گەورە دژ بە ئیسلام وێناکراوە و وێنادەکرێت. ( لە لاپەڕەکانی داهاتوودا ئەم مەسەلەیە زیاتر ڕووندەکەینەوە).

**٣-٦ عەلمانیەت و گۆڕانی ماناکان**

بێگومان ئەو ڕەخنانە دەربارەی عەلمانیەت کە لەسەرەوە هێمامان پێکردن بەبێ وەڵامدانەوە تێنەپەڕیون، زۆر نووســەر و لێکۆڵەرەوە زانای کـۆمــەڵایەتی بەشـێـوەی جـیــاواز و لەدیدی جیاوازەوە وەڵامی ئەو ڕەخنانەی سەرەوەیان داوەتەوە. یەکێک لەو نووسەرانە بریان ویلسۆنە، Bryan Wilson . ئەم نووسەرەوە لە وەڵامی ئەو ڕەخنانەدا لە عەلمانیەت پێ لەسەر کۆمەڵێک خاڵی سەرەکی دادەگرێت و زۆر بە توندی بەرگری لە تیورەی عەلمانیەت دەکات. ئەم پیاوە لە چەند ئاستێکدا وەڵامی ئەو ڕەخنانە ئەداتەوە و «کوورتبینی» هەندێکیان لە چەند خاڵێکدا بەمشێوەیە کوورتدەکاتەوە: (Aldridge 2000: 76-77)

یەکەم: چوون و سەردانی بەردەوامی خەڵک بۆ کەنیسە مانای ڕوونەدانی عەلمانیەت نییە، ڕاستە تا ئێستاش لە ئەمریکادا ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵک هەفتانە سەر لە کەنیسە ئەدەن، بەڵام لە هەمانکاتدا ژمارەیکی زۆری بۆنە و جەژن و سروتە دینییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو و ڕادیکاڵ لاوازبوون، وەک شوکردن و ژنهێنان لە کەنیسە یان ئیعتیرافکردن لای قەشە هتد... جگە لەمە مانا کۆمەڵایەتییەکانی چوون بۆ کەنیسە لە ئێستادا تەواو جیاوازە لەو مانایانەی بەر لە هاتنەکایەی پرۆسەی عەلمانیەت لە ئارادابووە.

دووهەم: لاوازبوونی توانای ئابووری دەزگا ئایینییەکان هێمایە بۆ بە عەلمانیبوونی کایەی ئابووری. ئاشکرایە ئەمڕۆ هێزی ئابووری لەدەستی دەزگا ئایینییەکاندا نییە، بەڵکو لەدەستی بانک و بازاڕ و بۆرسەکاندایە.

سێهەم: ڕەخنەگرانی عەلمانیەت پێ لەسەر هەڵبژاردنی سەربەخۆ و ئازادی تاکەکەسەکان دادەگرن بۆ ئایین، باسی ئەو سود و قازانجە تاکەکەسییانە دەکەن کە ئایین دەشێت بە تاکەکەسی بگەیەنێت، بەڵام بەهیچجۆرێک باس لە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی ئایین ناکەن کە لاوازبووە، باس لە لاوازبوونی ئەو ڕۆڵە ناکەن کە جاران ئایین لە بەخشینی شەرعیەتدا بە دەسەڵات بینیویەتی، باسی ئەوە ناکەن چۆن ئایین لە داڕشتن و دروستکردنی یاسادا ئەو ڕۆڵە نابینێت کە پێشتر بینیویەتی، باس لە لاوازبوونی ئەو ڕۆڵە ناکەن کە ئایین جاران لە داڕشتن و بەڕێوەبردنی سیستەمی پەروەردە و خوێندن و فێربووندا دەیبینی، لەوە بێدەنگن کە ڕۆڵی ئایین لە لێکدانەوەی ڕووداوە مێژوویی و جیهانی و گەردونییەکاندا لاوازبووە.

چوارەم: ویلسن پێ لەسەر هەرچی زیاتر کەمبوونەوەی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابوری و سیاسی ئایین دادەگرێت، بەبۆچوونی ئەم پیاوە گەرچی هەندێک چالاکی ئایینی دەتوانن هەندێکجار سەرنجی میدیا و هۆیەکانی ڕاگەیاندن ڕاکێشن و ببنە بابەتی باس و خواسی تایبەت بەڵام هێشتا نەیانتوانیوە ئەو ئامانجانە پیادەکەن کە دەیانەوێت پیادەی کەن.

ئەمەش مانای ئەوەی کە ئایین ئەو ڕۆڵەی لەدەستداوە کە بتوانێت جیهان بەڕێوەببات.

بەم خاڵانە (بریان ویلسن) وەڵامی ڕەخنەگرانی عەلمانیەت ئەداتەوە. ڕەخنەگرانی عەلمانیەتیش وەڵامی ئەم وەڵامەی بریان ویلسنیان داوەتەوە و بەمجۆرە لەناو کەیە فیکرییەکانی ڕۆژئاوادا ئەم گفتوگۆیە تا ئەم ساتەی ئێستامان بەردەوامە.

**٧. ئایا عەلمانیەت یەکسانە بە بێدینی؟**

لای هەموو ئوسوڵییەکی ئیسلامی، لای هەموو ئەو گروپ و لایەن و کەسانەی جیهان تەنها لەڕێی ڕەنگی سپی و ڕەنگی ڕەشەوە تەماشا دەکەن، لای ئەوانەی تەنها بە لۆژیکی هەڵە و ڕاست، باش و خراپ، یان من یان ئەویدی بیردەکەنەوە، ئەوانەی هەقیقەت لە یەک فۆرم و لە ڕەهاییەکی موتڵەقدا دەبینن، لای هەموو ئەمانە هەموو شتێک لەدەرەوەی ئاییندا جۆرێکە لە بێدینی، هەموو شتێک لەودیوی تێگەیشتنی ئەوانەوە بۆ ئایین کافرییە. لەدیدی ئەم بەڕێزانەدا ئینسان مەحکومە بە هەڵبژاردنێکی فاشیانە: یان ئاییندار و لەوێشەوە واڵابوونی دەرگاکانی ڕۆحانیەت و پیرۆزی و ڕێز لەبەردەمیدا، یان بێدینی و لەوێشەوە کردنەوەی پەنجەرەکانی جەهەنەم و عەدەمیەت بەڕوویدا. لەم لۆژیکە سادەگۆ و دۆگمایی و فاشییەدا مرۆڤ یان لەگەڵ ئاییندایە یان دژ بە ئایین، یاخود خواپەرستە یان بێخودا، یان پیاوی مزگەوت و عیبادەتە یان موریدی مەیخانە و دنیاگەر. لەم لۆژیکە دوو جەمسەردا مادامەکی عەلمانیەت دین، یان داکۆکیکردن لە دین نییە کەواتە بێدینییەکی گەورەیە، ئینسان دەبێت لەنێوان عەلمانیەت و ئاییندا هەڵبژێرێت، لەنێوان مۆدێرنە و گەڕانەوە بۆ ئەسڵەکاندا هەڵبژێرێت، لەنێوان ڕۆشنگەری و سوفیزمدا هەڵبژێرێت. ڕەخنەی ئەمانە لە عەلمانیەت ڕەخنەی سەدەکانی ناوەڕاستە لە هەموو بونێکی نا دینی، بیرکردنەوەیە بە لۆژیکی ڕۆژگارێک کە مۆدێرنە لەسەدەی نۆزدەهەمەوە لە جیهانی ئێمەدا خەریکی تێکشکاندنیەتی.

لە ڕاستیدا هیچ کۆمەڵگایەکی عەلمانی نییە لە جیهاندا دینی بێبایەخ و بێمانا کردبێت، زۆربەی زۆری کۆمەڵگا عەلمانییەکان مانا و شوێن و ئەرکی نوێیان بە ئایین بەخشیوە. سەرەڕای ئەم ڕاستییە عەلمانیەت پرۆسە و چوارچێوەیەکی مێژووییە و ناکرێت وەلاوەنرێت، ڕۆژگارێکی درێژە ئێمە لەناو ئەو چوارچێوە مێژووییەدا جێگیرن و تاسەر ئێسقان لە ڕەهەندە جیاجیاکانیەوە گلاوین، لە تازەکردنەوەی سیستمی فێربوون و پزیشکی و داوەری و سەربازی و هونەر و ئەدەب و چێژەوە بیگرە بۆ تازەبوونەوەی وێناکردنەکانی جیهان و مەعریفە و

دەسـەڵات. ئایینی بوونی ئەم تاکەکەس ئەو گروپ و فلان یان فیسار ڕێکخراو مانای نائامادەیی عەلمانیەت نییە وەک چوارچێوەیەکی مێژوویی گشتی، با لەوە بگەڕێین کە کەسێکی وەک جۆرج دەبلیو بوش مەسیحییە و مەسیحییەکی کۆنەپارێزیش، پیاوێکە سەر بە یەکێک لە کۆنەپارێزترین کەنیسەکانی ئەمریکا. لەمە گرنگتر ئەوەیە کە سیستمی سیاسی ئەمریکی سیسمتێکی عەلمانیە و دەستوری ئەمریکا دەستورێکە پرنسیپەکانی عەلمانییەت بەڕێوەیدەبات، ئەم ئینتیما تایبەتەی جۆرج بوش نەبۆتە هۆی پەکخستنی دەستوری ئەمریکی و نەبۆتە هۆی سەپاندنی ئاداب و ڕەسمیاتی ئایینی بەسەر کۆمەڵگای ئەمریکیدا. وەکچۆن بوونی دەستور و دەوڵەتێکی عەلمانی لە ئەمریکادا نەبۆتە هۆی ئەوەی کە کەسێکی باوەڕداری وەک بوش نەبێتە سەرۆکی ئەو وڵاتە. تۆنی بلێری سەرۆک وەزیرانی بریتاینا پیاوێکی باوەڕدارە و بە ئاشکرا باس لە مەسیحیبوونی خۆی دەکات، کە قوتابی بووە بیری لەوەکردۆتەوە ببێتە قەشە، مناڵەکانی لە ئینگلتەرە دەچن بۆ قوتابخانەی کاسۆلیکی، بەڵام ئەو سەرۆک وەزیرانی یەکێک لە عەلمانیترین دەوڵەتەکانی جیهانە. بەمانایەکی دیکە کۆمەڵێک پێدراوی مەسیحیانە لە بیر و بۆچوون و دیدی بوش و بلێردا ئامادیە بەڵام ئەمانە نەبوونەتە هۆی ئەوەی سیستمی سیاسی لە ئەمریکا و ئینگلتەرەدا ببێتە سیستمێکی ئایینی، یان ئەو ئایینەی بوش و بلێر باوەڕیان پێیەتی بەسەر هەموو خەڵکی ئەمریکا و ئینگلتەرەدا بسەپێنرێت. وەکچۆن ئەوەی کە دەستوری ئەو وڵاتانە عەلمانییە و سیستمی سیاسی وڵاتەکەش عەلمانییە، مانای ئەوە نییە کە سەرکردەکان نابێت باوەڕداری ئایینی بن.

لەناو نووسەر و خوێندەوار و فەتواچییە ئیسلامییە توندڕەوەکاندا ئەو دیدە بۆ عەلمانیەت باڵادەستە کە یەکسانی دەکات بە کوفر و زەندەقە و عەدەمیەت. کەسێکی وەک قەرزاوی بەتوندی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە عەلمانیەت مانای بێدینییە، ئەو دەڵێت عەلمانیەت مانای بە دنیاییبوونە و دنیاییبوونیش یەکسانە بە بێدینی (موقەلەد، ٢٠٠٠: ل ٢٩). لە ئوسامە بن لادنەوە بۆ ڕۆشنبیرە ئیسلامییەکانی کوردستان ئەم دیدە بەدەیان شێوەی جیاواز و لە دەیان بەرگی جیاوازدا پێشکەشکراوە و پێشکەشدەکرێت. بێگومان یەکسانکردنی عەلمانیەت بەبێدینی چەند درۆیەکی مەعریفییە بەهەنائەندازەش درۆیەکی دینیشە، چەند هەڵوێستێکی ناڕاستە لەبەردەم جیهان و کۆمەڵگا و ئینساندا، بەهەمانئەندازە هەڵوێستێکی ئایدیۆلۆژی دۆگمایی و توندڕەوە لەبەردەم باوەڕ و ئاییندا. لەپشتی یەکسانکردنی عەلمانیەتەوە بە کوفر و بێدینی کۆمەڵێک مەبەستی سیاسی و تاکەکەسی و ئایدیۆلۆژی ئامادەیە نەک دیدێکی زانستی و ئایینی و شەرعی کراوە. عەلمانیەت دیاردەیەکی نوێی جیهانی مۆدێرنە و بەهیچجۆرێک

پەیوەندی بە ڕۆژگاری سەرهەڵدان و پەیدابوونی حوکم و فەرمان و داخوازییە ئایینییە کۆنەکانەوە نییە.

بەدیوێکی دیکەشدا زەحمەت نییە لەناو هەر ئایینێک لە ئایینەکاندا ساتەوەختی گرنگی پێداگرتن لەسەر بە دنیاییبوون بدۆزینەوە، ساتەوەختێک کە بشێت بکرێتە خاڵێک بۆ بەخشینی ڕەوایەتییەکی ئایینی بە عەلمانیەت. زۆرن ئەو نووسەرانەی سەرقاڵی دۆزینەوەی شەرعیەتی ئایینین بۆ عەلمانیەت و لەمڕووەوە لە ئایینە کۆنەکاندا ڕەگ و ڕیشەی تایبەت بۆ عەلمانیەت ئەدۆزنەوە. لە ئایینی مەسیحیدا ئەو گوتەیەی مەسیح کە دەڵێت «ئەوەی هی قەیسەرە بۆ قەیسەر و ئەوەی هی خودایە بۆ خودا»، لە ئیسلامدا ئەو گوتەیەی پێغەمبەر کە دەڵێت «ئێوە بە کاروبارەکانی دنیای خۆتان ئاشناترن» لای زۆر نووسەر و لێکۆڵەرەوەی هاوچەرخ وەک بناغەیەکی ئایینی بۆ داکۆکیکردنێکی سەرەتاییانە لە عەلمانیەت بەکاردەهێنرێن، بۆ نموونە لای نەسر حامد ئەبو زێد و محەمەد ئارکۆن. هەر لەم ڕەوتە تایبەتەدا نووسەرێکی گرنگی وەک ئەبوزێد هەنگاوێک زیاتر دەچێتە پێشەوە و دەڵێت ئیسلام بە جەوهەر عەلمانییە (هـ. س. پ ل ٣٤).

بەڵام دۆزینەوەی ئەم ڕەهەندە ئایینیانە سەبارەت بە گرنگی سەرزەمینیبوون مانای ئەوە نییە کە ئایین و عەلمانیەت یەکن، وەک ووتم عەلمانیەت مناڵی سەردەمانی مۆدێرنە و گەشە و گۆڕانە گەورەکانی ناو کۆمەڵگای پیشەسازییە، لەکاتێکدا ڕەچەڵەکی ئایینەکان بۆ سەردەمێکی دێرین و ڕۆژگاری بەر لە هاتنەکایەی مۆدێرنە دەگەڕێتەوە. لەنێوان عەلمانیەت و ئاییندا دابڕانێکی مێژوویی و فیرکی و سیاسی تایبەت هەیە. چەقی قورسایی عەلمانیەت جیهانە و هی دین قیامەتە، دەسەڵاتی سیاسی باڵادەست لە ڕۆژگاری عەلمانیەتدا دەسەڵاتێکی دیموکراسیی ڕێکخراوە لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوونی یەکسان، دەسەڵاتی ئایینی بەردەوام دەسەڵاتێک بووە لەسەر بنەمای هاودینی ڕێکخراوە و ئەوەی هاو دین نەبووبێت ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بۆتە بوونەوەرێکی پلە دوو، ئەو مەعریفەیەی عەلمانیەت پشتی پێدەبەستێ دەسکەوتە عەقڵانییەکان و زانست و ئەزموونی مرۆڤە، لەکاتێکدا ئەبستمۆلۆژیای ئایینی پشتئەستورە بە بنەماکانی بیرکردنەوەی ئەفسانەیی. بێگومان ئەم دەستنیشانکردنە هەرە گشتییانە نە عەلمانیەت دەکاتە کوفر و نە ئایین دووردەخاتەوە لە هەر فۆرمێکی بە سەرزەمینیبوون. لە ڕاستیدا ئایین چوارچێوەیەکی ئەوەندە بەرفراوان و گشتییە کە دەشێت بۆ بەخشینی ڕەوایەتی بە چەندان شتی دژ بەیەک و ناکۆک، بەکاربهێنرێت. هەندێک هەن تەنانەت ئەو دیدە ئوسولیەی کە دەڵێت: " ئیسلام ڕێگای ڕزگارییە لە دنیا و قیامەتدا"، وا

لێکدەدەنەوە کە بتوانێت ڕەوایەتی بە عەلمانیەت ببەخشێت. ئەمانە دەڵێن مادام ئیسلام ڕێگای ڕزگارییە لە دنیا و قیامەتدا، کەواتە نیوەی ئەم ڕزگارییە ڕزگارییە لە دنیادا، ئەمەش مانای ئەوەی ئیسلام هەڵگری ڕەهەندێکی سەرزەمینی و دنیاییە. لێرەوە وەکچۆن عەلمانیەت بە مەسەلەی دنیاییبوونەوە سەرقاڵە ئاواش ئیسلام بەهەمان دنیاییبوونەوە سەرقاڵە، کەواتە ئیسلام بە ڕەهایی بە دنیاییبون ناکۆک نییە (هـ. س. پ. ل ٣٠).

من لە لاپەڕەکانی دیکەدا دێمەوە سەر ئەم باسانە و لەو هەڵوێستە جیاوازانە ئەدوێم کە لە ڕۆشنبیریی عەرەبیدا سەبارەت بە عەلمانیەت لە ئارادان. ئەوەی گرنگە لێرەدا جەغدی لێبکەین ئەوەیە کە دروستکردنی دوژمنایەتیەکی ئایدیۆلۆژیی و ئایینی و فیکری لەنێوان عەلمانیەت و ئاییندا کارێکی ناڕاستە و مەبەستێکی ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی تایبەتی لەپشتەوەیە. بۆیە ئەو پرسیارەی پێویستە وەڵامی بدەینەوە ئەوەیە: ئایا پیاوانی ئاین و گروهـ و ڕۆشنبیرە ئوسولیی و تەقلیدییەکان بۆ دژایەتی عەلمانیەت دەکەن، ئایا بنەما کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دژایەتیکردنەی عەلمانیەت لەکوێدایە؟

ئێمە ووتمان عەلمانیەت پرۆسەیەکی مێژوویی بەرفراوانە و هەڵگری ئەگەری چەندان گۆڕانی گەورە گەورە و هەمەلایەنە. ئەم گۆڕانانەش هێما و هۆکاری گواستنەوەی کۆمەڵگان لە قۆناغی بەر لە مۆدێرنەوە بۆ قۆناغی مۆدێرنە، لەڕۆژگار و سەردەمێکی تەقلیدییەوە بۆ ڕۆژگار و سەردەمێکی نوێ. بۆیە بۆ تێگەیشتن لە ڕەگە کۆمەڵایەتییەکانی دژایەتیکردنی پیاوانی ئایین بۆ عەلمانیەت دەبێت لەو دەرەنجامە کۆمەڵایەتییانە بڕوانین کە ئەم گۆڕانانە بۆ ئەم گروپە ئایینییە کۆمەڵایەتییە دەیخاتەوە؟ ئایا پەڕینەوە بۆ مۆدێرنە چ ئەنجامێکی کۆمەڵایەتی بۆ نوخبەی دینی لێدەکەوێتەوە؟

لە کۆمەڵگاکانی بەر لە مۆدێرنەدا پیاوانی ئایین بەتەنها سەروکاریان لەگەڵ لێکدانەوەی دەقە ئایینییەکاندا نەبووە، ئەوان تەنها مانای ئەم ئایەت و ئەو ئایەتیان لێکنەداوەتەوە، تەنها سەرقاڵی وردکردنەوە و نیشاندانی نەخشەکانی قیامەت نەبوون بە خەڵک، بەڵکو زۆر کاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری و سایکۆلۆژی و ڕەمزی دیکەشیان ئەنجامداوە. خەڵکی سادە بۆ بەخشینی مانایەک بە ژیانیان لە گەڕانەوەیەکی بەردەوامدابوون بۆ پیاوانی ئایین، پیاوانی ئایین ئەو کەسانەبوون کە توانیویانە مانا بە ژیانی تاکەکەس و گروهەکان ببەخشن و ڕۆڵی سەرکردەیەکی سایکۆلۆژی ببینن. ئەم ڕاستییانە کاتێک زیاتر ئاشکرادەبن کە زانیمان

پیاوانی ئایین لە کۆمەڵگا تەقلیدیەکاندا لەیەکاتدا ڕۆڵی قازی، مامۆستا، حەکیم، زانا، داوەر، لێکۆڵەرەوەی کۆمەڵایەتی، پزیشکی دەرونی، حەکەم و سەرکردە و چەندان ڕۆڵی کۆمەڵایەتی دیکەشیان بینیوە.

کە مۆدێرنە دێت هەر یەکێک لەو کارانە بە کەس و لایەن و دەزگای تایبەت دەبەخشێت و بەشێکی زۆریان لە دەستی پیاوانی ئایین دەردەهێنێت. پیاوانی ئایین کە لە یەککاتدا هەڵگری دەسەڵاتێکی کولتووری، کۆمەڵایەتی، ئایینی و سیاسی و مەعریفی و سایکۆلۆژی بوون، لەم پرۆسەیەدا بەشێکی زۆری ئەو دەسەڵاتانە لەدەستئەدەن و جێیاندەهێڵن بۆ ئەو هێزە تازانەی کە پرۆسەی بە عەلمانیبوون دروستیان دەکات. جەوهەری کێشەی پیاوانی ئایین لەگەڵ عەلمانیەتدا لێرەدایە، نەک لەوەدا کە عەلمانیەت دژ بە ئایینە و یەکسانە بە کوفر و بێدینی و بێخودایی.

ئەم گروهە ئایینییە سەرەتا بەگژ بکەرە عەلمانییەکانی وەک پزیشک و مامۆستا و سیستمی خوێندنی نوێدا دەچێتەوە و بە کوفر و بێباوەڕی و لادان لە ئایین تاوانباریان دەکات، دواتر کە ئەمانە دەسەپێن و دەبنە بەشێک لەو بونیادە کۆمەڵایەتیی و فەزا کولتوورییە گشتییەی مۆدێرنە دروستیان دەکات، ئیدی پەلاماری ئەو لایەنانەی دیکەی عەلمانیەت ئەدەن کە هەڕەشەی ڕاستەوخۆ لەو بەشەی دەسەڵاتیان دەکات کە بۆیان ماوەتەوە، بۆ نموونە پەلاماری عەلمانیەت ئەدەن کە داوای بە سەرزەمینیبوونی ژیان دەکات و خوازیاری تێکەڵنەکردنی بەرفراوانی ئایینە بە سیاسەت و داوای ئازادی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی عەقڵ دەکات. واتە دوژمنایەتی نوخبەی ئایینی بۆ عەلمانیەت سەرەتا دوژمنایەتی پێدراوە بابەتییەکانی عەلمانیەت بووە و دواتر دابەزیوە بۆ دوژمنایەتی پیدراوە خودییەکانی عەلمانیەت، سەرەتا بەگژ دەزگا و بونیادەکانی عەلمانیەتدا چۆتەوە، دواتر بەگژ ووشیاری عەلمانیانەدا. سەرەتا نەیانویستوە، بۆ نموونە، پزیشک و ئەندازیار و مامۆستا و دەزگا مۆدێرنەکانیان دروستبن، دواتر و دوای دروستبوونی ئەم دەزگایانە بەگژ ئەو ووشیارییە نوێیەدا چونەتەوە کە ئەم دەزگایانە دەشێت بە ئینسانی ببەخشن. لەهەردوو دۆخەکەشدا شەڕیان لە سەر بنەماکانی دەسەڵاتی خۆیان کردوە، کە کۆی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان هێدی هێدی لاوازیکردوە.

لێرەوە شەڕی گروهە ئایینییەکان لەگەڵ عەلمانیەتدا شەڕێکی ئایینی نییە، بەڵکو شەڕێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە، شەڕ نییە لەسەر چۆنیەتی لێکدانەوەی ماناکانی ئەم ئایەت یان ئەو ئایەت، بەڵکو شەڕە لەسەر ئەم پایە یان ئەو پایەی دەسەڵات، شەڕ نییە لەسەر ئەوەی فلان یان

فیسار کەس نوێژدەکات یان نایکات، بەڵکو شەڕە لەسەرئەوەی فلان یان فیسار کەس چ جۆرە دەسەڵاتێکی هەیە. ئایین لێرەدا لە فۆرمی تیۆلۆژییادا ئامادە نییە و بەزمانی خوداناسی و ڕۆحانیەت نادوێت، بەڵکو بوونێکی سیاسییانەی هەیە و بە ڕێسا و ڕێزمان و میکانیزمەکانی دەسەلات ئەدوێت. ئەگەرچی زمانی تەعبیرکردنی سیاسی ئەم نوخبەیە ئایینییە، بەلام ئەرکی ئەم زمانە ئایینییە ئەرکێکی سیاسییە و وابەستەی ململانێیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی دیاریکراوە. لە ئێستاشدا ئیسلامی سیاسی لەسەر هەمان هێڵ کاردەکات، ئەوان لەشەڕێکی سەرسەختدان لەسەر دەسەلات، خوازیاری داڕشتنی هەندەسەیەکی کۆمەلایەتی نوێن و دەیانەوێت هەندێک هێزی کۆمەلایەتی نوێ شوێنی هێزە کۆمەلایەتییەکانی دیکە بگرێتەوە، بەلام جیاوازی ئەمان لە هێزەکانی دیکە ئەوەیە کە ئەمان ئەم شەڕە سیاسییە بە زمانی ئایین دەکەن و بەگژاچوونەوەشیان بۆ عەلمانیەت وەک بەگژاچوونەوەیەکی ئایینی پێناسدەکەن.

یەکێک لە کارەساتە سیاسییەکانی جیهانی ئێمە و دراوسێکانیشمان لەوەدایە کە نوخبەی ئایینی لەوەدا سەرکەوتوە کە دید و بۆچوونی تایبەتی خۆی و ئەو دەزگا ئایینیانەی کە بەڕێوەیان دەبات بە خودی ئایین یەکسانکات. هەر ڕەخنەکردنێکی ئەو دید و بۆچوون دەزگایانەش وەک ڕەخنە لە ئایین پێناسبکات و بە غەربزەدەگی و عەلمانیەت و بێدینی یەکسانیانکات. بۆ نموونە ڕەخنە لە ئەوقاف یەکساندەکەن بە ڕەخنە لە خودا، ڕەخنە لە زیادبوونی ژمارەی مزگەوتەکان یەکساندەکەن بە بێدینی، ڕەخنە لە دەنگی ناخۆشی مەلایەک کە بەیانیان زوو لەڕێی بڵندگۆکانەوە خەوی سەدان منال و نەخۆش و پیر و پەککەوتە دەزڕێنێت، یەکساندەکەن بە بێحورمەتی بەرامبەر بە ئایین، ڕەخنە لەوەی کە نابێت ئابوری لە ڕەمەزاندا پەکیبکەوێت و بەزۆر چاخانە و چێشتخانە و شوێنە گشتییەکان داخرێت، یەکساندەکرێت بە ناماقوڵیکردن بەرامبەر بە ئیسلام. ڕەخنە لەوەی کە منالان لەباتی ئەوەی دەورەی لەبەرکردنی قورئانیان بۆبکرێتەوە دەورەی فێربوونی زمانی بێگانە و تەکنۆلۆژی هاوچەرخیان بۆبکرێتەوە، یەکساندەکرێت بە پرۆپاگەندە بۆ عەدەمیەت.

لە ڕاستیدا ئەم مەهزەلەیە بە ئاستێک گەیشتوە مرۆڤ نەوێرێت و نەتوانێت هیچ دەرکەوتێک لە دەرکەوتە ئایینییەکانی کۆمەڵگا ڕەخنەکات و بە هەر لایەکدا بڕوانێت کۆمەڵێک ئەگەری تەکفیرکردن بەڕوویدا بتەقێتەوە. بۆیە یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی هێزە عەلمانییەکان لەوەدا کۆدەبێتەوە کە ئەم دوو ڕەهەندە لەیەکدی جیاکەنەوە، واتە جیاکردنەوەی باوەڕی ئایینی لەو دەزگا و دەرکەوتە کۆمەلایەتی و کولتووری و سیاسییانەی بەناوی ئایینەوە ئامادەن کە

ەلزۆر کاتدا خۆشیان بەرهەمی گەشەی دەزگاییانەی عەلمانیەت خۆین. ئەوە ستراتیژی دەسەڵاتی نوخبەی ئایینییە وادەکات هەموو هێرشێک بۆ سەر دەزگا و کەس و سروتە ئایینییە داهێنراوەکان وەک هێرش بۆسەر دین و باوەڕ و خوداوەند پێناسکرێت. ئەوەی جێی داخە نوخبەی ئایینی لە کوردستاندا لە چەند ساڵی ڕابووردودا ئەو هێزەی بۆ خۆی دروستکردوە کە هەموو ڕەخنەیەکی سیاسی، کولتووری و ڕەمزی لە دەزگاکانی ئاین و لە دەسەڵاتی پیاوانی ناو ئەو دەزگایانە بە ئاسانی بگۆڕن بۆ ڕەخنەگرتن لە خودا و قورئان و ئاین خۆی. هەمووشیان یەکسانکەن بە عەلمانیەت و عەلمانیەتیش بە کوفر. هێزە ئوسولیەکانیش لەسەر ئەم ستراتیژە دەستبەکارن و ئیسلام وەک گشتێکی بەرفروان پێناسدەکەن کە لە هەموو ڕەهەندێکی ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئامادەیە، بەمەش دەیانەوێت ئەو هەستە لای ئینسانی ئێمە دروستبکەن کە ئەوان، وەک نوێنەری ئەو ئیسلامە، دەبێت لە هەموو شوێنێکدا ئامادەبن، دەنا ئینسانی ئێمە هەم دین و هەم شووناس و هەم ڕەسەنایەتی خۆی ئەدۆڕێنێت، ئەم هێزانە ئامادەگی خۆیان و ئامادەگی ئیسلامیان وەک دین کردوە بەیەک و ئامادەگی عەلمانیەت و غیابی خۆشیان یەکسانکردوە بە دوورکەوتنەوە لە دین و باوەڕ و شووناس و خودا و ڕەسەنایەتی.

وەک نیشانماندا عەلمانیەت نە مانای کۆتایی ئایینە، نە مانای بێدینی و کوفر و گەمەکردنە بە پیرۆزیی، نە هێماشە بۆ جاهیلیەت و عەدەمیەت و بێباوەڕی، عەلمانیەت مانای بوونی ئایینە بە کایەیەکی کۆمەڵایەتی و فیکری و ڕۆحی تایبەت و سەربەخۆ لەپاڵ کۆی کایەکانی دیەکدا. بەخشینی شوێنێکی سەربەخۆیە بە ئاین لەپاڵ دیاردە جیاوازەکانی دیکەدا. لە ڕاستیدا عەلمانیەت بە مانایەک لە ماناکان ڕزگارکردنی ئایینە لە کۆی ئەو قورساییە سەرزەمینییانەی کە مێژووی ئاین لەسەر شانی ئاین کۆیکردۆتەوە، ڕزگارکردنی ئایینە لەو کۆمەڵە ئەرکە سەرزەمینییەی کە نەبوونی دەزگا و لێزان و توانا لە کۆمەڵگا تەقلیدییەکاندا وایانکردوە ئاین جێبەجێیان بکات. بەم مانایە عەلمانیەت دێت تا ئاین بچێتە خانەی ڕاستەقینەی خۆیەوە، خانەی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی ئینسان وەک تاکەکەسێکی ووشیار و خاوەن ئیرادە و عەقڵانی بە ئاسمانەوە و قووڵکردنەوەی ئەو پەیوەندیانەش بۆ ئاستی ئەزمونێکی ڕۆحی تایبەت، عەلمانیەت مانای گەڕاندنەوەی ئاین بۆ ناو کایەی ڕێکخستنی پەیوەندییە ڕۆحییەکانی ئینسان بە نادیارەوە، پاککردنەوەی ئایینە لەو تەپوتۆزە دنیاییەی سەدەکانی بەر لە مۆدێرنە بەسەریدا پەرشوبڵاوی کردۆتەوە.

**٨. ئیسلام و عەلمانیەت لە ڕۆشنبیریی عەرەبیدا**

نزیکی سەدە و نیوێکە گفتوگۆیەکی بەرفراوان لە ناو ڕۆشنبیریی عەرەبیدا لەسەر پەیوەندی نێوان ئیسلام و عەلمانیەت لە ئارادایە، هەندێکجار ئەم گفتوگۆیە لەژێر ناونیشانی ئیسلام و مۆدێرنە، هەندێکجار ئیسلام و سۆسیالیزم، هەندێ جاری دی ئیسلام و دیموکراسیەت یان ئیسلام و سەرمایەداریدا ئامادەبووە، لەم سالآنەی دوایشدا ئەم گفتوگۆیە زۆربەی کات لەژێر ناونیشانێکی قەبە و بێناوەرۆکی وەک «ئیسلام و ڕۆژئاوادا» باسکراوە. لەم گفتوگۆیەد ا هێزی کۆمەلآیەتی و سیاسی و کولتووری هەمەجۆر، بە ڕا و بۆچوون و لێکدانەوەی جیاواز و ناکۆک و دژ بەیەکەوە، ئامادەبوون و ئامادەن. جەوهەری ئەم گفتوگۆیەش ئەوەیە ئایا ئیسلام و عەلمانیەت بەیەکەوە دەگونجێن یان نا؟

کێشەی سەرەکی ئەم گفتوگۆیە لەوەدایە کە باس لە ئەگەری هەڵبژاردن دەکات لەنێوان (عەلمانی ـ بوون) و (عەلمانی ـ نە ـ بووندا)، وەک ئەوەی ئەم هەڵبژاردنە ئەگەرێکی مێژوویی قابیلی پیادەکردن بێت، وەک ئەوەی ئەم کۆمەڵگایانە توانای ئەوەیان هەبێت بچنە دەرەوەی هێڵە گشتییەکانی مێژووی جیهانەوە کە مێژووی چوونەژورەوەیەکی دەستەجەمعی کۆمەڵگاکانی جیهانە بۆ ناو جیهانی مۆدێرنە و پێدراوە دەزگایی و زانستی و خەیاڵییەکانی مۆدێرنە. لە بەشێکی زۆری ئەم گفتوگۆیەدا ناکۆکیەکی بێچارەسەر لەنێوان عەلمانیەت و ئیسلامدا گریمانکراوە کە ئامادەگی یەکێکیان لەسەر حیسابی نائامادەیی ئەویدیکەیان وێنادەکرێت. لەم گفتوگۆیەدا هەم بە عەلمانیەت جەوهەرێکی نەگۆڕ و هەم بە ئیسلام جەوهەرێکی نەگۆڕتر بەخشراوە. عەلمانیەت وەک ئایدیۆلۆژیا پێشنیارکاوە و ئەو ڕاستییە سادەیە پشتگوێ خراوە کە عەلمانیەت کۆمەڵێک پرۆسێسی مێژوویی ئاڵۆزە و وابەستەی هاتنەکایە و دروستبوونی جیهانی مۆدێرنە، ئیسلامیش وەک جەوهەر و گشتێکی نەگۆڕ پێناسکراوە کە هەڵگری توانایەکی سیحرییە بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشە و گرفت و پرسیار و تەحەدا مێژووییەکانی ئەو کۆمەڵگایانەی تێیایاندا ئایینی بالآدەستە. لە بەشی هەرەزۆری ئەم گفتوگۆیەدا ئەو ڕاستییە سادەیە پشتگوێخراوە کە جیهانی ئیسلام لە سەدەی نۆزدەهەمەوە لەناو پرۆسەی تازەبوونەوەیەکی مێژووییدا نووقمە و عەلمانیەت لەسەدان شەبەق و دەرگا و پەنجەرەی مێژووییەوە هاتۆتە ناو ئەم جیهانەوە.

چونکە گفتوگۆ لەسەر عەلمانیەت لە جیهانی عەرەبدا گفتوگۆیە لەسەر بوون و نەبوونی ڕەوایەتی ئایدیۆلۆژی بۆ عەلمانیەت، چونکە گفتوگۆیەکە نایەوێت عەلمانیەت وەک پرۆسێسێکی مێژوویی و جیهانی ببینێت، چونکە گفتوگۆیەکە دەخوازێت لەنێوان ئیسلام وەک جەوهەرێکی

نەگۆڕ و عەلمانیەت وەک ئایدیۆلۆژیایەکی دەرەکی و خواستراودا یەکێکیان هەڵبژێرێت، بە کورتی چونکە گفتوگۆیەکی ئایدیۆلۆژییە دەربارەی کۆمەڵێک ئیشکالیەتی ئایدیۆلۆژی ناڕاست، بۆیە پڕە لە هەڵوسێتی ناکۆک و دژ بەیەک، نەک تەنها لەنێوان عەلمانییەکان و ئیسلامییەکاندا، بەڵکو لەناو ئیسلامییەکان و لەناو عەلمانییەکان خۆشیاندا. من لێرەدا هەوڵئەدەم ئەو هێڵە گشتییانە دەستنیشانکەم کە ئەم گفتوگۆیە لە ڕۆشنبیریی عەرەبیدا لەم سەدە و نیوی ڕابووردودا گرتویەتییە خۆی، ئەم دەستنیشانکردنەش دەستنیشانکردنێکی سەرەتاییە و پێویستی بە کاری زیاتر و وردتر و زانستیتر هەیە و گومانیشم نییە کە لە کەموکوڕی بەدەر نییە.

لەناو عەلمانییەکاندا بۆچوونەکانی جۆرج تەرابیشی زۆر جیاوازن لە بۆچوونەکانی بورهان غلیون. دیدی محەمەد ئارکون، کە خۆی وەک نووسەرێکی موسڵمان پێشنیاردەکات و عەلمانیەت بە هەنگاوێکی زۆر گرنگی ڕزگاربوونی عەقڵی ئینسان لە قەڵەم ئەدات، جیاوازە لە دیدی حەسەن حەنەفی و جابری کە دوو فەیلەسوفی بەناوبانگی عەرەبن. بەدیوی ئەودیوشدا تێڕوانینی «ئەفگانی» و« حەسەن بەنا»و «قەرزاوی» و «محەمەد عەمارە» و «بن لادن» بۆ عەلمانیەت یەک نییە و هەر کەس و لایەن و گروهێک مانا و پێناس و تێگەیشتنی جیاوازی بۆی هەیە.

جگە لەم گفتوگۆ تیورییەی نێوان ڕۆشنبیران لە جیهانی عەرەبدا سەدەی بیستەم بۆ وڵاتە عەرەبییەکان و بۆ دراوسێکانیشی سەدەی ئەزموونکردنی سیاسیانەی شێوازێکی تایبەتی عەلمانیەت بوو لە فۆرمی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی و سۆسیالیستی و لیبرالیانەی جۆربەجۆر و لە فۆرمی بەرهەمهێنانی دەزگا و دامەزراوی نوێدا، لەپێش هەمووشیانەوە هەڵوەشاندنەوەی بونیادی دەزگایی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی. لەپاڵ هەموو کەموکوڕییەکانی ئەم بزوتنەوە و دەزگا و دەوڵەتانەدا ئەو خاڵە ئاشکرایە کە هەر یەکێک لەم هێزانە هێزی گرنگی بەرهەمهێنانی عەلمانیەت بوون لە جیهانی عەرەبدا. تورکیای ئەتاتورک نموونە و مۆدێلی ئەم گۆڕانە تازەیە بووە و بەشێکی گەورەی ئەو ئەزموونانەی دواتر دروستبوون لەسەر ئەم هێڵە کەمالیزمییە ڕۆیشتن و بەشێوە و پلە و توانای جیاوازە هەوڵی دووبارەکردنەوەی ئەو ئەزمونەیان داوە. لە جیهانی عەرەبدا، ئەزموونی ناسریەت، ئەزموونی بۆرقێبە، ئەزموونی بەعس لە سوریا و عێراقدا، لانیکەم لە سەرەتاکانیدا، شۆڕشی جەزائیری، ئێرانی سەردەمانی شا، هەموویان هێزی سیاسی نوێبوون کە بەشێکی تایبەتی پراکتیک و پرۆسەی بە عەلمانیکردنیان لە جیهانی عەرەب و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خستۆتەگەڕ.

( کە دەستەواژەی «نوێ» بەکاردەهێنم مەبەستم نییە بڵێم ئەم هێزانە هێزی باش یان خراپ بوون، واتە هیچ نرخاندێک ،چ بە باش یان بە خراپ، لە دەستەواژەی نوێدا نیشتەجێ نییە، ئەوەی مەبەستمە کە بیڵێم ئەوەیە ئەم هێزانە هەڵگری دید و تێڕوانین و خەیاڵێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری نوێ بوون و خوازیاری دروستکردنی کۆمەڵێک دەزگا و دامەزراو و بەرنامەی نوێ بوون جیاواز لەوەی تا ئەو ساتەوەختە لە وڵاتە عەرەبییەکاندا ئامادەبووە).

بە کورتی لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە کۆمەڵێک گۆڕانکاری گەورە گەورە لە جیهانی عەرەبدا هاتۆتەکایەوە کە وردە وردە بوونەتە ئەو چوارچێوە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی و کولتوورییە نوێیەی کە پرۆسەی بە عەلمانیکردن لەناویدا پیادەبووە. واتە لە جیهانی عەرەبیدا لەسەرێکەوە گفتوگۆیەکی فیکری لەئارادابووە لەسەر عەلمانیەت وەک ئایدیالێکی سیاسی و کولتووری و لەسەرێکی دیکەوە پرۆسەیەکی بەرفراوانی بە عەلمانیبوون لە فۆرمی لەدایکبوونی دەزگا و مانا و کایەی نوێدا لە ئارادابووە.

ئەوەی شایانی باسە لە قسە و باسدا سەبارەت بە عەلمانیەت لە جیاهنی عەرەبدا ڕەهەندی یەکەمیان زیاتر گرنگی پێدراوە و تا دووهەمین، نەک هەر ئەمە بەڵکو بەڕادەیەکی سەرسوڕهێنەر ڕەهەندی دووهەمی عەلمانیەت بەتەواوی پشتگوێخراوە، واتە لە کاتێکدا باس لە پێویستی بوون یان نەبوونی عەلمانیەت کراوە لەلایەن ئەو هێزانەوە کە بەرگریان لێکردوە یان هێرشیان کردۆتە سەر، لەهەمانکاتدا کۆی ئەو گۆڕانە عەلمانییە گرنگانە پشتگوێخراوە کە لەهەناوی ئەو کۆمەڵگایانەدا بەرپابووە، زۆر بە دەگمەن نەبێت قسە لەسەر ئەو پرۆسە بەرفراوانەی بەعەلمانیبوون نەکراوە کە لەسەدەی نزۆدەهەمەوە لە جیهانی عەرەبدا ئامادەیە. ڕەنگە محەمەد ئارکۆن و عەزیز ئەل عەزمە لەو نووسەرە کەمانەبن کە سەرنجیان لەم ڕەهەندەی عەلمانیەت دابێت.

لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا جیهانی عەرەب هەم لە ئاستی «بونیادی کۆمەڵایەتیدا» و هەم لە ئاستی «بونیادی کولتووریدا» چەندان گۆڕانکاری عەلمانیانەی بەسەرداهاتووە. لە ئاستی یەکەمیاندا دەیان کایەی نوێ بە دەزگا و دامەزراوی نوێوە دروستبوون، لە پەروەردە و فێرکردنەوە بۆ ئابوری و سوپا و تەندروستی و میدیا و هتد...لە ئاستی دووهەمیشیاندا گۆڕانی بەرچاو هەم لە «فەزای گشتی» کولتووردا پەیدابووە و هەم لە دید و خەیاڵ و چاوەڕوانییەکانی تاکەکەس خۆشیدا. بێگومان من لێرەدا مەودای کەوتنەدوا و ڕیزکردن و خوێندنەوەی کۆی ئەو گۆڕانکاریانەم نییە، بەڵام خاڵێک لێرەدا گرنگبێت نیشانیدەین ئەوەیە ئەم گەشەیە لە جیهانی عەرەبیدا گەشەیەکی هاوسەنگ نەبووە و هەموو

کایە و ئاستەکانی بەیەک ڕادە نەگرتۆتەوە. ئەم جیهانە لە سەدەی بیستەمدا هەم لە ئاستی «بونیادی کۆمەڵایەتی» دا و هەم لە «فەزای کولتووری گشتی» دا گۆڕانی بەرچاو و گرنگی بەسەرداهاتووە (ئەل عەزمە ١٩٩٦: ل٦١ـ٧٨). بەڵام ئەم گۆڕانانە بەهەمان ئەندازە دانەبەزیونەتە ناو خەیاڵ و عەقڵ و سایکۆلۆژیای تاکەکەسەکانەوە، واتە عەلمانیەت لە «ئاستی بابەتییەوە» نەیتوانیوە بەتەواوی دابەزێت بۆ «ئاستی خودیی» یان لە «ئاستی دەرەکی»یەوە بۆ «ئاستی ناوەکیس دابەزێت، گەرچی لەو ئاستانەشدا لە قۆناغی جیاوازدا بە ئەندازەی جیاواز گۆڕانی عەلمانیانە ئامادەبووە و لەئێستاداش هەر ئامادەیە. بۆ نموونە لە شەستەکان و هەفتاکاندا عەلمانیەت لە ئاستی ووشیاریدا ئامادەتربووە تا لە هەشتکان و نەوەدەکاندا، خەیاڵ و سەلیقە و عەقڵیەتی عەلمانیانە بەر لە شۆڕشی ئێرانی، بەشێوەیەکی ڕێژەیی، بەهێزتر و بەرفراوانتر و ئامادەتربووە تا لە قۆناغی دوای بەرپابوونی ئەم شۆڕشەدا.

کە باس لە «نەگۆڕان» و «مانەوە» و «جێگیری» دەکەم دەبێت خوێنەر لەو ڕاستییە ئاگاداربێت کە ئەم چەمکانە چەمکی ڕێژەیین و ڕێژەییبوونیشیان لەوێوە سەرچاوەدەگرێت کە هەمیشە گۆڕان لەناو ڕەهەندە جیئاجیاکانی ژیان و بیرکردنەوەدا ئامادەبووە و ئامادەیە.

لاوازی ئەو گۆڕانە ناوەکییانەی عەلمانیەت لە ئاستی ووشیاریدا خستویەتییەوە وابەستەی کۆمەڵێک هۆکار و ڕووداو و هەلومەرجی مێژوویی تایبەتن کە ناکرێت لە چوارچێوەی جەوهەری نەگۆڕ و گریمانکراوی ئیسلامدا کۆیانکەینەوە. یان ڕێگا ئایدیۆلۆژییە هەرە سوک و ئاسان و هەرزانەکە هەڵبژێرین و بڵێین عەلمانیەت و ئیسلام بەیەکدییەوە کۆنابنەوە. نەگۆڕانی بونیادەکانی بیرکردنەوە وابەستەی کۆمەڵێک فاکتەری مەعریفی و مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورین کە بەهیچ مانایەک لەژێر دەستەواژەی توانای ئیسلامدا بۆ برگری کۆناکرێنەوە. دەشێت فاکتەرەکانی چۆنیەتی ڕێکخستن و دابەشکردنی دەسەڵات، چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، چۆنیەتی مامەڵەکردنی کۆمەڵگا، چۆنیەتی ڕێکخستنی کایە جیاجیاکانی مەعریفە، بڕو ئامادەگی ئازادی بیرکردنەوە و ڕادەربڕین، بڕ و ئامادەگی ئیمپریالیانە و نا ئیمپریالیانەی «ئەویدی، و چەندان هۆکاری دیکە بەرپرسیاربن لە مانەوەی ئەم بونیادانەدا بە نەگۆڕی، نەک «جەوهەری» گریمانکراوی ئیسلام کە گوایە مۆدێرنە و عەلمانیەت و دیموکراسیەت و کۆی دەسکەوتە گەورەکانی دیکەی ژیانی هاوچەرخ قبووڵناکات.

فەشەلی ئەزموونی عەلمانیانەی لیبرالیزم و سۆسیالیزم و ناسیۆنالیزم و بەعسیزم و ئەواندیش لە جیهانی عەرەبدا و گۆڕانی هەریەکێک لەم ئەزموونانە بۆ ئەزموونی دیکتاتۆری و هەندێکجار فاشی، لەوەوە نەهاتووە ئەم جیهانە ناتوانێت عەلمانیبێت چونکە ئیسلام دینێکە عەلمانیەت قبووڵناکات، بەڵکو لەوێوە هاتووە کە لە هیچ یەکێک لەو ئەزموونانەدا دەسەڵات

سروشتێکی شەفاف و دابەشکراو و چاودێریکراوی نەبووە، لۆژیکی خێڵ، نوخبە و خێزان پێش لۆژیکی کۆمەڵگا و نەتەوە و نیشتیمان کەتووە، مافپەروەری و ڕێزگرتنی ئینسنان و ڕێزگرتنی جیاوازی لە نزمترین ئاستدا بوون، بونیادی ئابووری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی پاشکەتووبووە و ئەو هێزانەش کە بەناوی ئەو ئایدیۆلۆژیای عەلمانییەتەوە دەسەلاتداربوون لەسەر هێشتنەوەی ئەو پاشکەوتوویيە ژیاون و دەستیان بۆ پرۆسەیەکی گشتی و بەرفراوان و ڕاستەقینەی تازەکردنەوەی کۆمەڵگاکانیان نەبردوە، لانیکەمی پرنسیپەکانی یەکسانی و مافپەروەریان پیادەنەکردوە، ئایدیۆلۆژیا لە شوێنی فیکر دەسبەکاربووە و ئالۆزیەکانی جیهان لە ناو کۆمەڵێک دروشمی سادە و دۆگمایيدا بەندکراوە، ئەمانە و دەیان هۆکاری دیکە لەئارادابوون کە نەیناهێشتوە بە عەلمانیکردن ببنە بەشێکی گرنگی خەیاڵ و عەقڵ و وێناکردنەکانی ئینسان لە جیهانی عەرەبدا، نکوڵیکردنی ئەم هۆکارانە و بەستنەوەی نائامادەیی عەلمانیەت لە ئاستی ووشیاری تاکەکەسدا بە جەوهەری ئیسلامەوە گاڵتەکردنە بە فیکر و بە ئیسلام خۆشی.

ئەمرۆ «ئیسلامی سیاسی» لەزۆر ڕووەوە هەمان کار دەکات کە هێزە عەلمانییەکانی بەر لە خۆی دەیانکرد، ئیسلامی سیاسی هەمان یۆتۆپیا بەرزدەکاتەوە کە ئایدیۆلۆژییای هێزە عەلمانیەکان بەرزیاندەکردەوە، و بەهەمان لۆژیک باس لە ڕزگاری و مافپەروەری و ڕۆحانیەت و چارەسەری سەرتاسەری هەموو کێشەکان دەکات، کە عەلمانییەکان دەیانکرد. هەمان ئەو چاوارِوانیانە لای ئینسان دروستدەکات کە ئایدیۆلۆژییە عەلمانییەکان دروستیاندەکرد. چاوەڕوانی مافپەروەری و یەکسانی و ئاسودەیی هەمیشەیی. ئیسلامی سیاسی لە هیچ ڕەهەندێکدا نەهاتووە ئەو چاوەڕوانیانە عەقلانی کات و بیانبەستێتەوە بە توانا مێژوویی وکۆمەلایەتی وفەرهەنگییەکانی ئەو ساتەوەختە مێژووییيەوە کە کۆی شتەکانی تێدایە، بەرنامەیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و فەرهەنگی نییە بتوانێت بەو چاوەڕوانیانە ڕەهەندێکی واقیعیانە ببەخشێت. ئیسلامی سیاسی، بەهەمان لۆژیکی ئایدیۆلۆژیا عەلمانییەکان، ئیسلام دەکاتە دەرمانێکی سیحری و ئەرکی ڕزگاربوونی ڕەهای ئینسان و کۆمەڵگا و جیهانی پێدەبەخشێت. لەڕاستیدا بەخشینی ئەم توانا گشتیگیرە بە ئیسلام بە ئاشکرایی نیشانمانئەدات چۆن ئیسلامی سیاسی بە لۆژیکی ئایدیۆلۆژیا گەورەکانی مۆدێرنە بیردەکاتەوە و کاردەکات، چۆن بێئەوەی ئاگاداربێت نووقمە لەناو ئەو چوارچێوە عەلمانیە گەورەیەدا کە سەدەونیوێکە لە جیهانی ئێمەدا لە دروستبوون و گەشەکردن و بەرجەستەبووندایە.

هەموو ئەمانە لە کاتێکدایە کە ئیسلامی سیاسی لە هەموو ئەو ئەزموونانەدا کە پیادەی کردون بە زمانی توندوتیژییەکی کەموێنە دەدوێت، ئەو ئەزموونانەی ئیسلامی دەسەڵاتدار لە جەزائیر و ئێران و سودان و ئەفگانستاندا نیشانیداوین ئەزموونی ناشیرین و بە ڕادەیەکی بەرفراوان بوون و ژیانی ملیۆنان ئینسانیان ناشیرین و بێمانا کردوە، بێگومان سەرچاوەی ئەم ئەزموونانەش، وەک ئەزموونە عەلمانییەکان، هەر لەناو هەمان هەلومەرجی مێژوویی تایبەتەدایە کە هێمامان پێکرد. ڕەتکردنەوەی ئیسلامی سیاسیش بۆ عەلمانیەت لەم دۆخەدا لە بەرگریکردنەوە لە ڕۆحانیەت نایەت، بەڵکو لە پێشنیارکردنی مۆدێلێکی تایبەتی دەسەڵاتەوە سەرچاوەدەگرێت کە بەهۆیەوە نوخبەی ئایینی هەوڵئەدات دەست بەسەر دەزگاکانی دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی و تواناکانی دەرکردنی بڕیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا بگرن.

من لێرەدا هەوڵئەدەم زۆر بە کورتی بەشێک لە گرنگترینی ئەو هەڵوێستە فیکری و تیورییانە لێکجیاکەمەوە کە لە ڕۆشنبیریی عەرەبیدا سەبارەت بە عەلمانیەت لە ئارادان، دەڵێم گرنگترینیان، نەک هەموویان، چونکە جێبەجێکردنی کارێکی لەو بابەتەدا شوێن و کاتێکی زۆری دەوێت و وەک ئامانجیش دەکەوێتە دەرەوەی توانا و مەبەستی ئەم نووسینەوە. ئەوەشی لێرەدا بە خوێنەری نیشانئەدەم بەشێکە لەو پێنج ووتارە کوورتەی کە من لە ساڵی ١٩٩٨ دا بە زمانی هۆڵەندی نووسیومە و بە زنجیرە لە لاپەڕەی «فەلسەفە و ئایین» ی ڕۆژنامەی «Trouw» ی هۆڵەندیدا بڵاوبۆتەوە (بڕوانە ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە لە ڕۆژانی ٧ـ٧، ٩ـ٧، ١٣ـ٧، ١٧ـ٧، ٣١ـ٧ ی ساڵی ١٩٩٨).

**١ـ٨: لەنێوان بوستانی و ئەفغانیدا**

سەرەتای دروستبوونی گفتوگۆ لەسەر عەلمانیەت لە ڕۆشنبیری عەرەبیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم. لەو سەدەیەدا گفتوگۆیەکی بەرفراوان لەسەر پەیوەندی نێوان ئیسلام و دەوڵەت دێتەکایەوە، ئەو سەدەیە ڕووی بە پرسیارێکی گرنگدا دەتەقێتەوە کە ڕاستەوخۆ ڕۆشنبیری عەرەبی دەباتە ناو هەناوی بیرکردنەوە لە پەیوەندی نێوان ئایین و سیاسەت. ئەو پرسیارەی ڕۆشنبیریی عەرەبی لە سەدەی نۆزدەهەمدا بۆ یەکەمینجار لە سەرزەمینێکی تیوری و کۆمەڵایەتی نوێدا پێوەی گیرۆدەدەبێت بریتییە لە: ئایا دەبێت ئیسلام و دەوڵەت پێکەوە کۆکرێنەوە یاخود دەبێت لەیەکدی جیاکرێنەوە؟ ئایا دەوڵەت بنەمایەکی ئایینی هەبێت یان دەبێت لە ئایین دابڕێت؟ ڕۆڵی ئایین لە پێشکەوتن و پاشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا چییە؟

ئاشکرایە ئەم گفتوگۆیە دەرنجامێکی ڕاستەوخۆی ئەو قەیرانە گەورانەیە کە جیهانی عەرەب و دراوسێکانی لەو سەدەیەدا تێیدەکەون، قەیرانێک کە وابەستەی لە نزیکەوە

ئاشنابوونە بە ڕۆژئاوا و دیتنی بارودۆخی دواکەوتوی جیهانی ئیسلامە لە بەراوردکردنیدا بە جیهانی ڕۆژئاوا. سەدەی نۆزدەهەم سەدەی خۆ بەراوردکردنی جیهانی عەرەبە بە دەرەوەی خۆی، سەدەی ووشیاربوونەوەیەتی بە پاشکەوتوویی و بە بەجێمانی لە ڕەوتی گەشەکردن و بەرەوپێشەوەچوون لە هەموو بوارەکاندا. لە زانستەوە بۆ سیاسەت و لە هێزی سەربازەییەوە بۆ هێزی ئابووری. ئەم ووشیاربوونەوە و ئاگادارییەش لە ساتێکدا ڕوودەدەن کە ڕۆژئاوا لە فۆرمی پەلاماری ناپلیۆندا بۆ سەر میسر و دواتر داگیرکردنی جیهانی عەرەبیدا دەردەکەوێت. هاتنی ڕۆژئاوا دوو وەڵام بەو پرسیارانەی سەرەوە پێشنیاردەکات. وەڵامێکیان گرێدانی هۆکاری دواکەوتنی جیهانی عەرەب و ڕۆژهەڵاتە بە ئایینەوە، بینین و مامەڵەکردنی ئایینە وەک هۆکاری سەرەکی پاشکەوتن و بەجێمان. ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی دروشمی دابڕانی ئایین لە دەوڵەت و بەرزکردنەوەی داواکاری تازەکردنەوەی سیاسی و کولتووری و یاسایی لەژێر سایەی دابڕینی دین لە دەوڵەتدا وەک ڕێگاچارەی دەربازبوون لە دواکەوتوویی. ڕەنگە ( پیترۆس بوستانی) یەکەمین ڕۆشنبیری عەرەب بێت کە لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدهەمدا بە دورودرێژی لەسەر ئەم مەسەلەیەی نووسیبێت بۆ دەرچوون لە دۆخی پاشکەوتوویی و داوای جیاکردنەوەی دینی لەدەوڵەت کردبێت. لەدیدی ئەم نووسەرەدا دابڕانی ئایین لە دەوڵەت سەرەتای چارەسەرکردنی زۆربەی کێشە ڕاستەقینەکانی جیهانی عەرەب و هەنگاوی یەکەمی دروستکردنی ژیان و کۆمەڵگا و دەوڵەتێکی مۆدێرنە.

وەڵامی دووهەم بەو پرسیارانەی سەرەوە وەڵامی جەمالەدینی ئەفگانییە. تەواو بە پێچەوانەی وەڵامەکەی بوستانی یەوە، ئەفگانی ئیسلام بە هۆکاری دواکەوتنی جیهانی عەرەب و موسڵمانەکان نازانێت و بە توندی بەگژ ئەو بۆچوونەدا دەچێتەوە کە ئیسلام و دواکەوتن بەیەکدیەوە گرێدەدات. بەبۆچوونی ئەفگانی ڕێک پێچەوانەی ئەم بۆچوونە ڕاستە، ئەوەی وایکردوە جیهانی عەرەب و موسڵمانان دواکەوێت ئیسلام نییە، بەڵکو پشتگوێخستن و لادان و بێبایەخکردنی ئیسلامە. لەدیدی ئەم خوداناسەی سەدەی نۆزدەهەمدا ڕیشەکانی پاشکەوتن لەوێوە هاتووە کە موسڵمانان ئیسلامیان پشتگوێ خستووە و نرخ و بەها و پێدراوەکانیان فەرامۆشکردوە. بە باوەڕی ئەفگانی ئیسلام ئایینێکە گەر بە باشی و بە ڕاستی پیادەبکرێت پێشکەوتن و گەشەکردن و سەرفیرازی بەرهەمدەهێنێت. لە دیدی ئەفگانیدا هەموو پێشکەوتن و داهێنان و دەسکەوتە شارستانییەکانی جیهانی ئیسلام لەسەدەی حەوتەمەوە بۆ سەدەی یازدەهەم بەبۆنەی ئیسلامەوە بووە، بۆیە گەر جیهانی تازەی موسڵمانان بیەوێت پێشبکەوێ و گەشەبکات دەبێت بۆ ئیسلام بگەڕێتەوە. لەبەر ئەم هۆیە ئەفگانی دژ بە مەسەلەی جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت دەوەستێت و بەکارێکی ناڕاست و خراپی لە قەڵەم ئەدات. لەباتی

عەلمانیەت ئەفگانی دروشمی «گەڕانەوە بۆ ئیسلام» بە ڕێگاچارە دەزانێت. بەمجۆرە لەسەدەی نۆزدەهەمەوە سەرەتای ئەو گفتوگۆییە دادەمەزرێت کە لە چۆنیەتی پەیوەندی نێوان ئایین و دەوڵەت دەدوێت.

ئاشکرایە ئەم دیدەی ئەفگانی لە سەدەی بیستەمدا دەبێتە لانکی گەرمی دیدی ئوسوڵییەکانی ئەم سەدەیە و بانگێشەی ڕەتکردنەوەی عەلمانیەت وەک مۆدێلێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی وکلوتووری نوێ دەکات. دەبێت لێرەدا ئەو ڕاستییە بە خوێنەر بڵێین کە ئەفگانی و هاوڕێکانی لە سەدەی نۆزدەهەمدا زۆر لە ئوسولییەکانی ئەمڕۆ کراوەتر و خەیاڵبەرینتر و لێبووردوتر بوون. کەسێکی وەک کەواکیبی بەبێترس لەو سەدەیەدا دەستدەخاتە سەر یەکێک لە گرنگترین ڕیشەکانی ستەمگەریی سیاسی و دەڵێت ڕەگەکانی ئیستیبدای سیاسی لەناو ئیستیبدادی دینیدایە. لێرەوە هەندێک نووسەر ڕایان وایە کە لە دیدی ئەم نەوەیەدا شەڕی سەرەکی مێژووی نوێی عەرەب لە نێوان ئیسلام و عەلمانیەتدا نییە، بەڵکو لە نێوان ئیسلام و دەزگای پیاو ئایینییە تەقلیدییەکانی ناو ئیسلام خۆیەتی. ئەم کراوەییە وا لە ژمارەیەک لە ئوسولییەکانی ئەمڕۆ ئەکات ئەفگانی وەک ماسۆنی و لادەر لە دین و کافر لێکدەدەنەوە (موقەلەد، ٢٠٠٠: ل٨٣)

ئەم دوو وەڵامە لەناو ڕۆشنبیری عەرەبی سەدەی بیستەمدا لە فۆرم و شێوەی جیاجیادا بەردەوامدەبن و دەمێننەوە. بزوتنەوە و ڕۆشنبیرە ئوسولییەکان بەشێوەیەکی گشتی ئاڵای دژ بە عەلمانیەت هەڵدەگرن و هەر یەکێکیان لە دیدێکی تایبەت و بۆ مەبەستێکی تایبەت عەلمانیەت ڕەتدەکەنەوە. دەستەواژەی «ئیسلام دین و دەوڵەتە» دەکەنە ئەو دروشمەی بەهۆیەوە پرۆسەی بە عەلمانیکردن و دروستبوونی کایەی جیاواز و سەندنەوەی تۆتالیتاریزم لە دین ڕەتدەکرێتەوە و شەڕێکی توندیش ڕووبەڕووی هەموو ئەو هێزە دەکەنەوە کە باس لە گرنگی عەلمانیەت دەکەن لە جیهانی عەرەبدا. هێزە ئوسولییەکان گوێ لەو ڕاستییە مێژووییە ناگرن کە دەستەواژەی «ئیسلام دین و دەوڵەتە» دەستەواژەیەکی نوێییە و بۆ یەکەمینجار لە لایەن «حەسەن بەنا»وە بەکارهاتووە و هیچ پەیوەندییەکی بە مێژووی ئیسلامەوە نییە و ڕەگوڕیشەکەی لەناو فیکری سیاسی سەدەی بیستەمدایە نەک لەناو عیلمی کەلامی سەدەکانی پێشوتردا. بەدیوی ئەودیویشدا بەرزکردنەوەی دروشمی عەلمانیەت لەلایەن کۆمەڵێک هێزی نیمچە فاشی و دیکتاتۆری و دەسەڵاتگەری عەرەبییەوە هەلومەرجێک دەخاتەوە کە تێیدا عەلمانیەت و بەربەریەت، عەلمانیەت و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و عەلمانیەت و تێرۆری فیکری بەیەک یەکسانبن.

**٢-٨ ڕەتکردنەوەی ئوسولییانەی عەلمانیەت**

بۆ مەبەستی ئەم نووسینە و بۆ جیاکردنەوەی دیدی ئوسولیەتی ئیسلامی بەرامبەر بە عەلمانیەت دەکرێت سێ گروە لەیەکدی جیاکەینەوە. گروهی دەعوەیی، گروهی جیهادی و گروهی تەکفیری. سەرەڕای جیاوازی گەورەی نێوان ئەم گروهانە لەناو خۆیاندا ئەوەی بەیەکەوە کۆیان دەکاتەوە ئەوەیە هەرسێکیان باوەڕی تەواویان بەوەیە کە ئیسلام لە ڕۆژی لەدایکبوونییەوە هەم دینە و هەم دەوڵەتیش، هەم خەریکی ڕێکخستنی پەیوەندییە ڕۆحییەکانی ئینسانە بە خوداوەند و نادیارەوە و هەم خەریکی ڕێکخستنی پەیوەندییە سیاسی و کۆمەلایەتی و کولتوورییەکانیش. ئەوەی شوێنی سەرنجە ئەم دیدە تایبەتەی ئیسلامی سیاسی لەزۆر ڕووەوە یەکانگیرە لەگەڵ دیدی هەندێک لە ڕۆژهەلات ناسەکاندا کە ئوسوڵیەکان بە یەکێک لە دوژمنە فیکرییەکانی خۆیانی دەزانن. دەشێت لێرەدا هێما بە ناوی «بیرنارد لویس» و« بیرنارد بادی» و تا ڕادەیەک «ئارنست گیڵنەر» بکەین کە هەڵگری ئەم دیدەن بۆ ئیسلام.

گروپی دەعوەیی بە هیوایە لە ڕێگای کاری دەعوەیی، بانگێشەکردنەوە، دەسەلاتێکی ئایینی دامەزرێنێت و نەهێڵێت عەلمانیەت بچەسپێت.

گروهی جیهادی بە نیازە هەم لەڕێگای بانگێشەکردن و هەم لەڕێگای توندوتیژییەوە دەوڵەتی ئیسلامی دامەزرێنێت ڕێ بە دروستبوونی هەر فۆرمێکی ژیانی عەلمانیانە بگرێت .

گروهی تەکفیریش هەڵگری پرۆژەی بەکارهێنانێکی زۆر و بەرفراوانی توندوتیژییە بۆ دامەزراندنی دەسەلاتێکی ئیسلامی و وێرانکردنی هەر دەرکەوتێک لە دەرکەوتەکانی ژیانی عەلمانیانە.

لە دیدی ئەم سێ گروهەدا ئیسلام ئایینێکە تەواو جیاواز لە ئایینەکانی دی، «جەوهەرێک!!!» بۆ ئیسلام پێشنایردەکەن و دەڵێن ئەم جەوهەرە و جەوهەری ئایینەکانی دیکە لێکناچن. ئەوەشی گوایە ئەم جەوهەرە ئیسلامییە دەستنیشاندەکات مەسەلەی «سیاسیبوونی» ئیسلامە. لە دیدی ئەم هێزانەدا ئیسلام لە سروشتی خۆیدا ئایینێکە ناتوانین لە دەوڵەت جیایکەینەوە، ئیسلام کاتێک ئیسلامە کە خەریکی سیاسەتکردن بێت، دەوڵەتی دینی دروستکات و شەریعەت پیادەکات. لێرەوە سیاسەت ڕەهەندێکی ئەنتۆلۆژییە لە ئیسلامدا، پێکەوەبوونی ئیسلام و سیاسەت بوونێکی بان مێژوویی و هەمیشەیی هەیە. لەهەموو کات و ساتێکدا وابووە و واشە و واشدەمێنێتەوە.

ئەگەر ڕاستیش بێت ئیسلام پەیوەندییەکی تایبەتی بە سیاسەتەوە هەیە ئەمە لەبەرئەوە نییە ئیسلام لە هەلومەرجێکی مێژوویی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی تایبەتدا لەدایکبووە کە ئەم

پێکەوەبوون و گرێدانەی ئیسلام و سیاسەتی لەو ساتەوەختە خواستووە، تا ئەم پێکەوەبوونە بەشێکی ناوەکیی ئیسلام خۆیەتی و پەیوەندی بە «جەوهەری» ئایینەکەوە هەیە، ئەمەشە وادەکات پەیوەندی نێوان ئیسلام و سیاسەت پەیوەندییەکی حەتمی و لۆژیکیی و هەمیشەیی بێت. لە دیدی ئەم گروهانەدا هۆکاری ئەم خۆسەرقاڵکردنەی ئیسلام بە سیاسەتەوە دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی گوایە ئیسلام دینێکە تەنها مەسەلەی پەیوەندی نێوان خوداوەند و ئینسان ڕێکناخات، واتە تەنها مەسەلەی عیبادەت کردن نییە، بەڵکو پەیوەندی نێوان ئینسان و ئینسان و ئینسان و کۆمەڵگاش ڕێکدەخات. مادامەکی ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ئینسان و ئینسانیش کارێکی سیاسییە بۆیە ئیسلام بە جەوهەر سیاسییە. ئینسان لەم دیدە ئوسولیەدا زۆر لەوە داماوتر و گێلتر و بێتواناترە بتوانێت خۆی بەسەربەخۆیی و بەبێ خوداوەند پەیوەندییەکانی خۆی بە جیهان و کۆمەڵگا و ئینسانەکانی دیکەوە ڕێکخات، بۆیە خوداوەند لە فۆرمی ئیسلامدا ئەم مەسەلەیەی بۆ هەمیشە و بەیەکجاری بۆ چارەسەرکردوە و پێیگوتووە چۆن و بە چ شێوەیەک ئەم مەسەلەیە جێبەجێبکات. کەواتە ئیسلام تەنها دین یان باوەڕ نییە بەڵکو فۆرمێکی تایبەتی کۆمەڵگا و حوکم و دەوڵەتیشە. بۆیە لە دیدی ئەم ئوسولیانەدا ناتوانین مەسەلەی پەیوەندییە ئینسانیە ڕۆژانەییەکان لە مەسەلەی پەیوەندی نێوان خوداوەند و ئینسان جیاکەینەوە. (بڕوانە: ڕاشد الغنوشی و حسن الترابی١٩٨٠).

لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا «حەسەن بەنا» بە مەسەلەی پەیوەندی نێوان ئیسلام و دەوڵەتەوە سەرقاڵ بوو، لەدیدی ئەم پیاوەدا، ئیسلام هەم دینە و هەم دەوڵەت، هەم ڕێکخەری ژیانی سەرزەمینییە و هەم پسولەی گەیشتن بە جیهانی دەرەوەی زەویشە. بەنا دەنوسێت: «ئیسلام عیبادە و قیادە و دین و دەوڵەت و ڕۆحانیەت و کارکردنە... هیچ یەکێک لەمانە ناکرێت لەوانی دی جیاکرێتەوە» (حسن البنا ل ٢٨٣). بەنا خەونی بەوەوە دەبینی ئیسلام جارێکی دیکە گرنگی پەیدابکاتەوە و ببێتە فاکتەرێکی گرنگی ناو ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری وڵاتە ئیسلامییەکان. بەبۆچوونی بەنا یەکەمین دەوڵەتی ئیسلامی پێغەمبەر دروستیکردوە و ئیسلام هەر لە سەرەتای سەرەتاوە وەک دین و وەک دەوڵەت لەدایکبووە، هەم کتێب بووە و هەم شمشێر، ڕووکارە سیاسییەکان و ڕووکارە ئایینییەکانی لەیەکدی یەکن و لەیەک جیاناکرێنەوە.

ئەم دیدەی بەنا لە شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە دەبێتە دۆگمای سەرەکی زۆربەی هەرەزۆری بزوتنەوە ئیسلامییە ئوسولییەکانی جیهانی عەرەب و جیهانی موسڵمانانی نا عەرەب. بەلای ئەم هێزانەوە پاراستنی ئەم پرنسیپە، واتە پرنسیپی ئیسلام دین و دەوڵەتە،

بەشێکە لە پاراستنی دین خۆی. هەندێک چەند هەنگاوێک زیاتر دەڕۆن و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی وەک فەرزێکی دینی دەبینن، ئەوەشی بە جێبەجێکردنی ئەم فەرزە هەڵنەسێت ڕاستەوخۆ لە دین لایداوە (محمد خلف الله، ١٩٨٧).

بێگومان هەندێک ئوسوڵی دیکە هەن کە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی وەک فەرزێکی دینی نابینن، لەوانە بۆ نموونە کەسێکی وەک محەمەد عەمارە، سەردەمانێک مارکسی و ئێستا ئیسلامی. عەمارە ڕای وایە کە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی فەرزێکی دینی نییە، بەڵام پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە بەبێ بوونی دەوڵەتێکی ئیسلامی ناکرێت هەموو فەرزە دینییەکانی دیکەی ئیسلام جێبەجێکرێن، ڕاستە دەوڵەت دروستکردن خۆی فەرز نییە، بەڵام جێبەجێکردنی فەرزەکانی دی پێویستی بە دەوڵەتێکی ئیسلامی هەیە. عەمارە دەڵێت ئەگەر دەوڵەت دەوڵەتێکی ئیسلامی نەبێت چۆن دەکرێت فەرزی زەکات، دەعوە، جیهاد جێبەجێکرێت. کەوابوو بۆ جێبەجێکردنێکی ڕاستەقینەی فەرزە ئایینییەکان دەبێت دەوڵەتێکی ئیسلامی لەئارادابێت. لێرەوە عەمارە وەک ئوسولییەکانی دیکە ئیسلام و دەوڵەت بەیەکەوە گرێدەدات و عەلمانیەت بەلاوەدەنێت ( محمد عماره ١٩٨٦).

لە ڕاستیدا زۆرن ئەو نووسەر و خوێندەوار و ئەکتیڤیستە ئوسولیانەی دیکە کە هەڵگری ئەم جۆرە دیدەن بۆ ئیسلام، بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان دەشێت لەناو ئەم نەخشە گشتییەدا جێیان بکرێتەوە.

**٣-٨ ڕەتکردنەوەی عەلمانیەت لەسەر بنەمای یەکسانکردنی بە «کێشەیەکی خوازتراو» (جابری و حەنەفی)**

کۆمەڵێ ڕۆشنبیری عەرەبی دیکە هەن، بۆ نموونە حەسەن حەنەفی و محەمەد عابد الجابری، عەلمانیەت لەسەر بنەمایەکی دیکە ڕەتدەکەنەوە جیاواز لەو بنەما فیکرییانەی کە ڕۆشنبیر و هێزە ئوسولییەکان عەلمانیەتی پێ ڕەتدەکەنەوە. ئەگەر ئوسولییەکان پێیان وابێت عەلمانیەت لەگەڵ جەوهەری ئیسلامدا ناگونجێت، چونکە ئیسلام و دین و دەوڵەتە لەیەک کاتدا، یان دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی فەرزێکی ئایینییە، یاخود فەرزنییە بەڵکو پێویستییەکە بۆ جێبەجێکردن و پیادەکردنی فەرزەکانی دیکە، ئەوا حەسەن حەنەفی و محەمەد عابد الجابری عەلمانیەت لەسەر بنەمای گەشەی جیاوازی مێژویی ئیسلام و مێژووی ڕۆژئاوا، ڕەتدەکەنەوە.

ئەم دوو ڕۆشنبیرە عەرەبە پەیوەندییەکی جەوهەری و حەتمی لەنێوان ئیسلام و سیاسەتدا نابینن، کە عەلمانیەتیش ڕەتدەکەنەوە لەبەر خاتری ئەرگومێنتی ئایینی ئەم کارە ناکەن، ئەم

دوو نووسەرە پێیان وایە مێژووی ئیسلام لە جیهانی عەرەب و مێژووی مەسیحیەت لە ڕۆژئاوادا دوو مێژووی جیاوازن و ئەم دوو دینە لەو دوو بەشەی جیهاندا ڕووبەڕووی دوو جۆر کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی جیاواز بوونەتەوە. ئەگەر دابڕینی دەوڵەت و کەنیسە لە ڕۆژئاوادا پێوسیتیەکی مێژوویی بوبێت، ئەوا لە ئیسلامدا ئەم پێویستییە مێژووییە ئامادە نەبووە و ئامادە نییە. هۆکاری ئەم جیاوازییەش، لە بۆچوونی ئەم دوو نووسەرەدا، ئەوەیە کە لە ئیسلامدا کەنیسە بوونی نییە تا لە دەوڵەتی جیاکەینەوە.

هەم حەنەفی و هەم جابری ڕایان وایە کە ئیسلام وەک دین بونیادێکی دەزگایی جیاوازی هەیە لە مەسیحیەت، لە ئیسلامدا کەنیسە هەیە کە وەک دەزگایەکی سەربەخۆ کاردەکات، ئەم دەزگایە لەناوخۆشیدا پلە و پایە و مەرتەبەی دینی جیاواز و هیرارکی هەیە کە بەوردی دەستنیشانکراون، ئینسان لەم دۆخەدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ خوداوەندا نییە بەڵکو ئەو پەیوەندییە لەڕێگای پیاوانی ئاینەوە دروستدەبێ و ڕێکدەخرێت، واتە پیاوانی ئایین دەبنە ئەو هەڵقەیەی کە ئینسان و خوداوەند بەیەکدییەوە دەبەستنەوە. بەباوەڕی جابری و حەنەفی کۆی ئەم شتانە لە ئیسلامدا بوونیان نییە، ئەمەش وایکردوە ئیسلام ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە ببێتەوە جیاواز لەو کێشانەی مەسیحیەت ڕووبەڕوویان بۆتەوە. بۆیە گەر عەلمانیەت وەڵامێکی مێژوویی تایبەت بێت بە پێکهاتێکی دەزگایی و دینی و مێژوویی تایبەت ئەوا ئەو وەڵامە لەبەرنەبوونی ئەو پێکهاتە دەزگایی و مێژوودینی و ییە بە کەڵکی جیهانی ئیسلام نایەت. لێرەوە و لە دیدی ئەم دوو نووسەرەدا عەلمانیەت کێشەییەکی تایبەتی ناو مێژووی ڕۆژئاوایە و وابەستەی پێکهاتی دەزگایی مەسیحیەتە و پەیوەندی بە جیهانی موسڵمانان و ئیسلامەوە نییە. بۆیە هەر قسەکردنێک لەسەر عەلمانیەت لە جیهانی ئیسلامدا قسەکردنە لەسەر کێشەیەکی خواسترا و ناڕاست و نامێژوویی کە پەیوەندی بە واقیعی ئەم جیهانەوە نییە.

وەک دەبینین لای حەنەفی و جابری ڕەتکردنەوەی عەلمانیەت پەیوەندی بە دید و تێڕوانینێکی ئایینییەوە نییە، لەوێوە نەهاتوە کە بڵێت ئیسلام دین و دەوڵەتە، بەڵکو وابەستەی لێکجیاکردنەوەی دوو مێژوو و دوو پێکهاتی دەزگایی و دوو ئایینە لەیەکدی.

لە کتێبی (دیالۆگی مەشریق و مەغریب) دا حەنەفی و جابری بە ئاشکرایی بەرگری لەم تێزە تایبەتەی خۆیان دەکەن. لەو کتێبەدا حەنەفی دەڵێت مەسەلەی جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت بیرۆکەیەکی ڕۆژئاواییە و پەیوەندی بە مێژوو و ستراکتوری مەسیحیەتەوە هەیە. ئەم بۆچوونەش لەڕێگای کۆلۆنیالیزمەوە گواستراوەتەوە بۆ دەرەوەی ڕۆژئاوا و لەوانەش جیهانی

عەرەب. حەنەفی دەڵێت لە جیهانی عەرەبدا عەرەبە مەسیحییەکانی وەک شبلی شمێل، فرح ئەنتوان، سلامە موسی و زۆرانی دی، بیرۆکەی جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت لە قوتابخانەی موبەشیرە مەسیحییەکاندا فێربوون و لەوێوە بە ژیانی کولتووری و سیاسی عەرەبیدا بڵاویان کردەوە. دروشمی ئەم ڕۆشنبیرە مەسیحیانە بریتیبوو لە «ئایین بۆ خودا و نیشتیمان بۆ هەمووان».

بەڵام لەسەر چ بنەمایەک حەنەفی پێیوایە کە ئیسلام پێویستی بە عەلمانیەت نییە؟ بۆچی ئەم دینە وەک مەسیحیەت پێویستی بە عەلمانیەت نییە؟ حەنەفی لە وەڵامدا دەڵێت:«ئیسلام لە جەوهەر و سروشتی خۆیدا دینێکی عەلمانییە بۆیە پێویستی بە عەلمانیەتێکی زیاد نییە لە شارستانیەتی ڕۆژئاواوە وەرگیرابێت» (حنفی و جابری،١٩٩٠: ل٤٥). مەبەستی حەنەفی لە دەستەواژەی «ئیسلام بە جەوهەر دینێکی عەلمانییە» ئەوەیە کە کە ئیسلام هەر لەسەرەتاوە کایەی ئایین و کایەی سیاسەتی لێکدی جیاکردۆتەوە، ئیسلام لە جەوهەری خۆیدا دابڕانی ئایین و سیاسەتی لەیەکدی قبووڵە و پێویست ناکات جیارێکی دیکە ئەم مەسەلەیە بهێنرێتە پێشەوە و باسبکرێت.

گەر ئەم دیدەی حەنەفیمان قبوولکرد کە ئیسلام بە جەوهەر عەلمانیە ئەی پەیوەندی پڕ کێشەی ئیسلام و دەوڵەت لە جیهانی عەرەبی ئێستادا لەکوێوە هاتووە، ئایا سەرچاوەی ئەو هەموو کێشە و باس و خواستەی کە دەڵێت ئیسلام دین و دەوڵەتە لە کوێدایە؟

لە وەڵامدا حەنەفی دەڵێت ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە «جەوهەری ئیسلام»ەو نییە، بەڵکو پەیوەندی بە «مێژووی ئیسلام»ەوە هەیە. بە بۆچوونی حەنەفی مێژووی ئیسلام و جەوهەری ئیسلام دووشتن لێکجیاواز، ئەوەی ئەم کێشانەی بۆ جیهانی عەرەب دروستکردوە مێژووی ئیسلامە نەک جەوهەری دینەکە خۆی. لە دیدی حەنەفیدا پیاوانی ئایین لە جیهانی ئیسلامدا لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا ئیسلامیان بەشێوەیەک مامەڵەکردوە کە دواجار وەک کاتۆلیکیەتی مەسیحیەتی لێهاتوە، قەشە و پاپایان بۆ دروستکردوە و لەنێوان ئینسان و خوداوەندا کۆمەڵێک مەرتەبەی ئایینیان دروستکردوە کە لە ئیسلام خۆیدا بوونیان نییە. ئەمەش سەرچاوەی کێشەکانی پەیوەندی نێوان دین و دەوڵەتە لە جیهانی عەرەبدا. واتە کێشەی پەیوەندی نێوان دین و دەوڵەت کێشەیەکە نوخبەی ئایینی لە هەلومەرجێکی مێژوویی دیاریکراودا دروستیکردوە، نەک کێشەیەک پەیوەندی بە جەوهەری ئسیلامەوە هەبێت، چونکە ئەم جەوهەرە لە دیدی حەنەفیدا، جەوهەرێکی عەلمانییە.

مادامەکیش ئیسلام هەر لەسەرەتاوە دین و دەوڵەتی لەیەکدی جیاکردۆتەوە، بۆیە پێویست ناکات جارێکی دیکە و لەڕێگای تیورەی عەلمانیەتەوە باس لە جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت

بکەین، بەتایبەتی کە ئەم تیورەیە لە هەلومەرج و مێژوو کولتوورێکی دیکەوە گواستراوەتەوە.

لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونەی حەنەفی بۆ ئیسلام وەک ئایینێک کە عەلمانییە یان هەڵگری ڕەگەزی عەلمانیانەیە تەنها لەناو بیریارە عەرەبەکاندا ئامادە نییە. پیتەر بێرگەر، کە پێشتر ناومان هێنا، هەمان ڕای بەرامبەر بە مەسیحیەت و ئایینی جولەکە هەیە. بەباوەڕی ئەم سۆسیۆلۆژە گەورەیە ئاین بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت لەناوخۆیدا هەڵگری ڕەهەندی عەلمانیانەیە. وەکچۆن مارکس ڕای وایە کە سەرمایەداری وەک سیستم هەڵگری تۆیی لەناوبردنی خۆیەتی، ئاوا لای بێرگەریش مەسیحیەت و ئایینی جولەکەش هەڵگری هەمان تۆون کە عەلمانیەت بەرهەمدێنێت. ( Aldridge 2000: 79).

محەمەد عابد جابری لە گۆشەنیگایەکی تیوری دیکەوە بە هەمان دەرەنجامەکانی حەسەن حەنفی دەگات دەربارەی پەیوەندی نێوان ئیسلام و عەلمانیەت. جابری لەو خاڵەوە دەستپێدەکات کە لە ئیسلامدا نە کەنسیە بوونی هەیە نە هیچ دەزگایەکی ئایینی دیکە تا لە دەوڵەتی جیاکەینەوە. بۆیە مەسەلەی جیاکردنەوەی کەنیسە لە دەوڵەت لە دنیای ئیسلامدا ئیشکالیەتێکی ساختەیە و پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە.

جابریش وەک حەنەفی هەمان ئەو بۆچوونە دووبارەدەکاتەوە کە ئەوەی یەکەمی عەلمانییەکانی عەرەب مەسیحی بوون و دروشمی جیاکردنەوەی دین و دەوڵەت لە ڕۆشنبیری عەرەبیدا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە لە لوبنانەوە و لەسەردەستی ئەو ڕۆشنبیرە عەرەبە مەسیحیانەوە هاتووە. هاتنی ئەمەش پەیوەندی بە شوێن و جێی مەسیحییەکانەوە هەیە وەک کەمایەتییەک لەناو زۆرایەتییەکی موسڵماندا. بە مانایەکی دیکە جابری بڵێت مەسەلەی عەلمانیەت مەسەلەیەکی ساختەیە و وابەستەی مێژووی ئیسلام و کۆمەڵگا ئیسلامییەکان نییە، بەڵکو وابەستەی خەیاڵ و ویست و گرفتی گروهێکی ئایینی بچووکە لەناو زۆرینەیەکی ئایینی دیکەدا.

جابری کە باوەڕی بە بوونی کێشەیەک بەناوی کێشەی عەلمانیەتەوە لە جیهانی ئیسلامدا نییە ئەو بۆچوونەی حەسەن حەنەفی ڕەتدەکاتەوە کە دەڵێت «ئیسلام دینێکی عەلمانییە». لەیدی جابریدا ئەم بۆچوونە ناڕاستە، چونکە دەستەواژەی ئەوەی کە «ئیسلام دینێکی علمانییە» جیاوازی نییە لەگەڵ ئەو دەستەواژانەی دیکەدا کە دەڵێت «ئیسلام دینێکی سۆسیالیستییە»، یان «ئیسلام دینێکی سەرمایەدارییە» یان «ئیسلام دینێکی لیبرالیە». ئەمانەش هەموویان دەستەواژەی دروستکراون و بەهەمانئەندازە هەڵەن.

جابری ئەو بۆچوونەی ئوسولییەکان دەسەلمێنێت کە پێیوایە ئیسلام لەیەککاتدا هەم دین و هەم دنیایە پێکەوە، بەڵام ئەم پێکەوەبوونە نابەستێتەوە بە جەوهەری گریمانکراوی ئیسلامەوە،

واتە نایبەستێتەوە بە ئیسلام خۆیەوە وەک دین، وەک بەشێک لە پێکهاتی ناوەکی ئایینەکە. جابری ئەم مەسەلەیە دەبەستێتەوە بە مێژووی ئیسلامەوە، دەیبەستێتەوە بەو پێدراوە مێژووییە تایبەتانەوە کە ئیسلام لەناویدا وەک دین ئامادەبووە. بەباوەڕی جابری ئیسلام لەسەردەمانی پێغەمبەردا دەوڵەتی دامەزراندوە و دەسەڵاتێکی سیاسی بەرقەراکردوە، بۆیە گەر ووتمان ئیسلام بەتەنها دینە نەک دەوڵەت ئەوکات بەتەواوی مێژووی ئیسلام پشتگوێدەخەین.

جابری لەهەمانکاتدا جەغد لەوەدەکات کە ئیسلام نە لە قورئاندا و نە لە قسەکانی پێغەمبەردا دەستنیشانی ئەوەی نەکردوە کە فۆرمی ئەو دەوڵەتە دەبێت چۆن بێت و ئەمەی هەڵگرتووە بۆ لێکدانەوە و ڕاڤەکردن و ویستی موسڵمانەکان خۆیان. بەبۆچوونی جابری ئەو گوتەیەی پێغەمبەر کە دەڵێت «ئێوە دنیای خۆتان باشتر دەناسن» ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە پێغەمبەر چۆنیەتی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی دنیای بۆ خەڵک خۆی بەجێهێشتووە، هۆکەشی ئەوەیە پێغەمبەر زانیویەتی دنیا دەگۆڕێ و خەڵک خۆیان دنیای خۆیان باشتر دەناسن تا یەکێک لەدەرەوەڕا بۆیان دەستنیشانکات چی بکەن و چی نەکەن و چۆن ئەو دنیایە ڕێک و بەڕێوەبەرن.

جابری لەهەمان نووسیندا دەڵێت ئەگەر مەبەست لە عەلمانیەت مەسەلەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی «ئومەرا» بێت لە «عولەما» ، واتە جیاکردنەوەی دەسەڵاتی سەرکردە سیاسییەکان بێت لە سەرکردە ئایینییەکان، ئەوا ئەم جیاکردنەوەیە لە کۆتایی دەسەڵاتی چوارەمین خەلیفەی ئیسلامدا لەسەدەی حەوتەمدا، واتە لە سەردەمی مەعاویەی کوڕی ئەبو سوفیاندا، پیادەکراوە. ئەمەش مانای ئەوەی عەلمانیەت لە ئیسلامدا زیاد لە ١٣٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە دنیای عەرەب و موسڵمانەکاندا پیادەکراوە و هەر زۆر زوو دەسەڵاتی دینی و دەسەڵاتی سیاسی لەیەکدی جیاکراوەنەتەوە. بەبۆچوونی جابری تەنها لە سەردەمانی پێغەمبەر و چوار خەلیفەکەیدا دەسەڵاتی ئایینی و دەسەڵاتی سیاسی بەیەکەوە کۆکرابوونەوە، لە ڕۆژگاری مەعاویەوە ئەم دوو دەسەڵاتە لەیەکدی جیاکراونەتەوە و لەو ڕۆژە ئەم جیابوونەوەیە بۆتە بەشێکی دانەبڕاوی مێژووی ئیسلام (حنفی و جابری: ١٩٩٠ ل ٤٨-٤٩).

بەبۆچوونی جابری ئەوانەی لە جیهانی عەرەبدا باسیان لە عەلمانیەت کردوە ویستویانە کارەکتەرێکی دیموکراسییانە بە دەوڵەت ببەخشن و کاراکتەرێکی عەقڵانیش بە سیاسەت، واتە بەرزکردنەوەی دروشمی عەلمانیەت بۆ بەرگریکردن لە دوو شت بووە، یەکەم، دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیموکراسی و دووهەم پیادەکردنی سیاسەتێکی عەقلانی. بەڕای جابری داواکردنی ئەم دوو شتەش پێویستی بە بەرزکردنەوەی دروشمی عەلمانیەت نییە، واتە بۆئەوەی

داوای دیموکراسیەت و داوای عەقلانیەت بکەیت مەرج نییە دوای عەلمانیەت بکەیت. بەڕای جابری کارێکی هەڵەیە ئەم دوو داوکارییە لەڕێگای هەڵگرتنی دروشمی جیاکردنەوەی ئیسلام لە دەوڵەت بخەیتەڕوو. لەباتی بەرزکردنەوەی دروشمی عەلمانیەت مرۆڤ دەبێت داوای موتوربەکردنی ئیسلام و دیموکراسیەت و ئیسلام و عەقلانیەت بەیەک بکات، ئەمەش داواکارییەکی جیاوازە لەوەی کە بڵێین ئیسلام و سیاسەت لەیەکدی جیاکەینەوە.

**٤-٨: بورهان غەلیون و عەلمانیەت وەک پرۆسەی هەتیوخستنی کۆمەڵگا: (برهان غليون، ١٩٩٣)**

بۆچوونەکانی بورهان غەلیون دەربارەی عەلمانیەت ڕەهەندێکی سۆسیۆلۆژیان هەیە و پەیوەندیان بە چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان دەوڵەت و هێزە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە. کێشەی ئەم پیاوە لەگەڵ عەلمانیەتدا لەوێوە نەهاتوە کە عەلمانیەت داهێنراوێکی ڕۆژئاواییە و لە دەرەوەی جیهانی ئیسلامەوە هاتووە. هەڵوێستی غەلیون لە عەلمانیەت لە هەڵوێستییەوە لەو مۆدێلە تایبەتەی دەوڵەتی نەتەوەییەوە هاتووە کە لە جیهانی عەرەبدا سەروەرە. هەر ناونیشانی کتێبەکانی ئەم نووسەرە لەسەر دەوڵەت گەواهی لە تێڕوانینی ئەم پیاوە ئەدات بۆ کێشەی دروستبوونی دەوڵەت و پەیوەندی نێوان دەوڵەت و ئایین و دەوڵەت و کۆمەڵگا لە جیهانی عەرەبدا.

من لێرەدا کاتی ئەوەم نییە بە وردی لەسەر کۆی تێڕوانینەکانی غەلیون لەسەر دەوڵەتی نەتەوەیی لە جیهانی عەرەبدا بدوێم بەڵام لە پەیوەندیدا بە مەسەلەی عەلمانیەتەوە ناچارم چەند هێڵێکی گشتی دیدی ئەم نووسەرە بۆ دەوڵەت ئاشکراکەم و دوای ئەوە لەو پەیوەندییەش بدوێم کە ئەم نووسەرە لەنێوان ئایین و دەوڵەتدا دەیبینێت.

غەلیون لە زیاد لە کتێبێکدا باس لەو ڕاستییە سیاسی و سۆسیۆلۆژییە دەکات کە گەرچی دەوڵەت لە جیهانی عەرەبدا خۆی وەک دەوڵەتی نەتەوە و دەوڵەتی خەڵک و دەوڵەتی جەماوەر نیشانئەدات، گەرچی باس لە ناسیۆنالیزم و مافپەروەری و شۆڕشگێڕی دەکات، گەرچی دروشمی جەماوەری بەرفراوان بەرزدەکاتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم دەوڵەتانە دەوڵەتی خێزان و دەوڵەتی خێڵ و دەوڵەتی تایەفەن. بەبۆچوونی غەلیون دەوڵەت لە جیهانی عەرەبدا نوێنەری خەڵک و نەتەوە و چین نییە، بەڵکو زیاتر باخچەی ڕابواردنی دەسەڵاتدارانە.

بۆ پاراستنی ئەم باخچە تایبەتەش دەسەڵاتدارانی عەرەب هەموو هێزێکی سەربەخۆی دەرەوەی دەوڵەت، چ لە فۆرمی دەسەڵاتی تاکەکەس و چ لە فۆرمی دەسەڵاتی گروپدا، لەناوبردوە و هەموو ڕەهەندە جیاجیاکانی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیشیان مۆنۆپۆڵکردوە. هەر هێز و ئایدیۆلۆژیا و بۆچوونێک بشێت بۆنی ئەوەی لێبێت ببێتە ئامرازێک

بۆ لێپرسینەوە لە دەوڵەت و لێپرسینەوە لە دەسەڵاتداران یان ئەوەتە لەناودەبرێت، یاخود بەتەواوی کۆنترۆڵ دەکرێت و لەناوەوەڕا بەتاڵدەکرێتەوە لەهەر هێزێکی ڕەخنەیی چاودێریکەر.

لەم ڕەوتەدا دەوڵەتی عەرەبی دەسەڵاتی ئیسلامی وەک دین و کاریگەرییەکانی لە فۆرمی ڕێکخراوی ئایینی، مزگەوت، سێنتەری ئایینی، سێنتەرەکانی تەسەوف، خوێندەوار و زانا ئایینییەکاندا، بەشێوەیەکی بەرفراوان و هەمەلایەن کەمکردۆتەوە و بەتەواوی سنووردارێکردوون، گەر سەرلەبەر لەناوینەبردبن. ئەمەش لە دیدی غەلیوندا تەواو پێچەوانەی ئەو شوێن و دەسەڵاتەیە کە ئیسلام بە درێژایی مێژووی خۆی هەیبووە. لەدیدی غەلیوندا ئیسلام بەدرێژایی مێژوو ڕۆڵی هێزێکی سەربەخۆی دەرەوەی دەوڵەتی بینیوە و بەشێک بووە لە پێکهاتی کۆمەڵگای مەدەنی و هێزە نادەوڵەتییەکان، سەربەخۆیی ئیسلامیش لەوێوە هاتووە کە ڕابەرە دینییەکان، عولەما، ئامانجی ئەوەیان نەبووە دەسەڵات بگرنە دەست و ببنە سەرۆک و بەڕێوەبەری دەوڵەت، بەڵام هەمیشە وەک هێزێکی مەعنەوی دەسەڵاتدارانی چاودێریکردوە و سنوورێکی تایبەتی بۆ هەڵسوکەوتەکانیان داناوە.

غەلیون ئەم خاڵە زیاتر وورد دەکاتەوە و هۆکاری ئەوەی عولەما لە ئیسلامدا بەدوای گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسیدا نەگەڕاون دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو ڕاستییە سۆسیۆلۆژییەی کە ئەم هێزە بەدرێژایی مێژوو هێزێکی پارچەپارچەبووە، غەلیون دەڵێت عولەما لەناو خۆیاندا هاوئاهەنگ و هاوشێوە نەبوون، گروهێکی پارچەپارچە و هەمەجۆربوون، ئەمەش وایکردوە نەتوانن ئەو دەسەڵاتە کۆبکەنەوە کە ببنە سەرچاوەی مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتی ئەمیر و پادشا و خەلیفە دەسەڵاتدارەکان. سەرەڕای ئەم ڕاستییە هەندێک لە عولەما دینییەکانیش لەگەڵ دەسەڵاتداراندا کاریانکردوە و لە بەرەی ئەواندا نیشتەجێبوون. ئەمەش ناکۆکییەکانی توندتر و تیژتر و قووڵتر کردۆتەوە و ئەم هێزەی تووشی لاوازییەکی بونیادی کردوە، ئەمەش کارێکی کردوە کە دەسەڵاتداران زۆر توند نەبن لەبەرامبەر ئەو عالمە دینیانەدا کە هەندێکجار داواکاری گروهە پەراوێزی و لاواز و بێدەسەڵاتەکانی ناو کۆمەڵگایان بەرجەستەکردوە و بەڕووی دەسەڵاتداران بەرزیانکردۆتەوە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەندێک زانا و ڕابەری ئایینی تایبەت لە هەندێک ساتی مێژووی دیاریکراودا کۆمەڵێک سنووری تایبەتیان نەبەزاندبێ بە ئاستێک لە ڕابەرایەتی و ڕێکخستن و بەگەڕخستنی خەڵک نەگەیشتبن کە دەسەڵاتدارانی ترساندبێ و وایلێکردبن پیلانیان بۆدانێن و لاوازیانکەن و لەناویبەرن، مێژووی ئیسلامە نموونەی چەندان زانای ئایینیمان نیشانئەدات کە توڕەبوونیان بەڕووی دەسەڵاتداراندا وایکردوە سەرببڕرێن و بسوتێنرێن و هەڵواسرێن.

بەبۆچوونی غەلیون «عولەما» لە مێژووی ئیسلامدا ئەو ڕۆڵەیان بەرامبەر بە دەسەڵاتداران بینیوە کە ئێستا «کۆمەڵگای مەدەنی» بەرامبەر بە دەوڵەت دەیبینێت، وەکچۆن ئەرکی سەرەکی «کۆمەڵگای مەدەنی» سنووردانانە بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت و چاودێریکردنی چۆنیەتی پراکتیکردنیەتی ئاواش ڕۆڵی ئیسلامیش چاودێری و کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی ئەمیر و پادشا و خەلیفە کۆنەکان بووە. غەلیون ڕۆڵی عولەما و بە ڕۆڵی ڕۆشنبیری هاوچەرخ بەراورد دەکات. وەکچۆن ڕۆشنبیران لەمڕۆدا لەپاڵ کۆمەڵگادان و بەرگری لە کۆمەڵگا دەکەن لە بەرامبەر دەوڵەتدا، بەهەمانشێوە عولەما لە قۆناغەکانی پێشتردا ئەم ڕۆڵەیان جێبەجێکردوە. ئایین هێزێکی ئەخلاقی و ڕەمزی و مەعنەوی بەم پیاوە ئایینییانە بەخشیوە و ئەمانیش ئەم هێزەیان بۆ چاودێریکردنی دەسەڵاتداران بەکارهێناوە. بەمشێوەیە لە مێژووی ئیسلامدا دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان دەسەڵاتداران و پیاوانی ئاییندا بەشێک بووە لەو هاوکێشە و میکانیزمانەی بەهۆیەوە کۆمەڵگا توانیویەتی چاودێری دەسەڵاتدارەکانی بکات.

بەبۆچوونی غەلیون ئەم دابەشکردنەی دەسەڵات و ئەم ڕێکخستنی ڕۆڵە لەنێوان ئیسلام و دەسەڵاتداراندا لەسەدەی بیستەمدا بەتەواوی تێکدەچێت، بەتایبەتی لە قۆناغی دوای کۆلۆنیالیزمدا. دەوڵەتی دوای کۆلۆنیالیزم لەگەڵ دروستبوونیدا دەکەوێتە لابردن و مۆنۆپۆڵکردن و دەستبەسەراگرتنی هەر هێزێک لەدەرەوەی دەوڵەتدا توانیبێتی وەک هێزێکی سەربەخۆ بژی، هەموو توانایەکی سەربەخۆبوون و ڕەخنەبیبوون و چاودێریکردنی لەو هێزانە سەندۆتەوە و دەسەڵاتی خۆی کردۆتە تاقە دەسەڵاتێکی ئامادە لە هەناوی دەوڵەت و کۆمەڵگادا. ئەمەش پرۆسەی مۆنۆپۆڵکردنێکی گشتی کۆی ئۆرگانەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بووە. لەم پرۆسەی دەستبەسەراگرتن و مۆنۆپۆڵکردنەی کۆمەڵگای مەدەنیدا دەوڵەت دەستیش بەسەر کۆی دەزگا دینییەکاندا دەگرێت و کۆنترۆڵیان دەکات. ئیدی ئایین ئەو ڕۆڵە ئازاد و سەربەخۆیەی لێدەسێندرێتەوە کە پێشتر لە چاودێریکردنی دەسەڵاتداراندا هەیبووە، ئەو دەسەڵاتە مەعنەوی و ڕەمزییە دەدۆڕێنێت کە لە قۆناغەکانی پێشتردا هەیبوە و هەموو ئەم شتانەش بەناوی بە عەلمانیکردنی دەسەڵاتەوە جێبەجێکراوە. ئاشکرایە غەلیون دەڵێت پرۆسەی بە عەلمانیکردنی دەسەڵات لە دەوڵەتی پۆست کۆلۆنیالدا بەڕادەیەکی زۆر بریتیبووە لە پرۆسەی مۆنۆپۆڵکردنی دەسەڵات، ئەم مەسەلەیەش لە هەندێک وڵاتی عەرەبیدا بەو ئاستە گەیشتوە کە تەنانەت خوتبەی ڕۆژانی هەینی لەلایەن موخابەرات و ئەمنی ئەو وڵاتانەوە نووسراوە و کاری پیاوە ئایینییەکان تەنها خوێندنەوەی ئەو ووتارانە بووە بۆ خەڵک، بەمجۆرە ئایین لەو ڕۆڵە ویژدانی و ڕەخنەیی و ڕەمزییە ڕووتکراوەتەوە کە بەدرێژایی مێژووی ئیسلام بینیویەتی.

ئەوەی بەلای غەلیونەوە گرنگە ئەوەیە کە ئەم دەوڵەتە پۆست کۆلۆنیالە تازانە و دەسەڵاتدارەکانیان چیدی شەرعیەتی خۆیان لە ئیسلامەوە وەرنەگرتوە و ئایینیان دابڕیوە لەهەر ڕۆڵێک پەیوەندی بە شەرعیەت و چۆنیەتی کارکردنی دەوڵەتەوە هەبێت، لەهەمانکاتدا ئەم بێڕۆڵکردنە مۆنۆپۆلخوازەی ئایینیان وەک پیادەکردنی سیاسەت و دامەزراندنی دەوڵەتی عەلمانی پێشنیارکردوە. بەم کارەشیان توانیویانە تاقە هێزێک کە بتوانێت چاودێرییەکی ئەخلاقی و مەعنەوی هەڵسوکەوت و ئاکار و بڕیارەکانی دەوڵەت بکات لەناوببەن، بەمەش ڕێگایان بۆ دروستبوونی دەوڵەتی دەسەڵاتگەر خۆشکردوە کە دواتر فۆرمی دەوڵەتی خێزان و خێڵ و تایەفەی وەرگرتوە. بەبۆچوونی غەلیون ڕەگی کێشەی پەیوەندی نێوان دین و دەوڵەت یان دەوڵەت و ئیسلام لە جیهانی عەرەبدا لەوێوە نەهاتووە کە ئیسلام بەسەر دەوڵەتدا زاڵە، بەڵکو لەوێوە هاتوە کە دەوڵەت بەسەر ئیسلام و بەسەر هەموو هێزێکی نادەوڵەتیدا زاڵە. ئیسلام کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئامرازی دەستی کۆمەڵگا بووە بۆ کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتداران لەلایەن دەوڵەتی دەسەڵاتگەرەوە و بەناوی جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەتەوە دەرکراوەتە دەرەوەی هەر بەشدارییەکەوە لە کۆنترۆڵکردنی دەوڵەتدا. دەوڵەتی دەسەڵاتگەر کە هێزی کۆنترۆڵ و چاودێریکردن لە ئیسلام دەسێنێتەوە لەهەمانکاتدا پشتیش دەکاتە سادەترین داواکاری و سادەترین مافێک کە هاوڵاتیان خوازیارین، هەرئەمەشە وادەکات ئەو هێزانەی کە دەوڵەت ساڵەهای ساڵە پلیشاندونیەتەوە و بێماف و بێنرخ و بێبەشی کردون لەهەر دەسکەوتێکی کۆمەڵایەتی وسیاسی جارێکی دیکە پەنا بۆ ئیسلام دەبەنەوە بۆ داواکردنی مافەکانیان. ئەوانەشی داوای دابڕانی دین لە دەوڵەت دەکەن بەبێئەوەی بەخۆیان بزانن بەرگری لە دەوڵەتێک دەکەن کە ئامادە نییە لەگەڵ هیچ هێزێکدا دەسەڵات بەشکات و هەموو هێزێکیش بتوانێت چاودێریبکات لەناودەبات. لێرەوە غەلیون پێیوایە دروشمی دابڕینی دین لە دەوڵەت لەم هەلومەرجە سیاسی و سۆسیۆلۆژی و فەرهەنگییە تایبەتدا لەباتی ئەوەی کۆمەڵگا بەهێزبکات دەوڵەت بەهێزدەکات، دەوڵەتێک کە دەوڵەتی خێڵ و تایەفە و خێزانە.

**٥-٨: تەرابیشی و لێکچواندنی ئیسلام بە پرۆتستانیەت: (حنفی و جابری، ١٩٩٠: ل١٣٦-١٤٦)**

لە وەڵامیدا بۆ حەسەن حەنەفی و محەمەد عابد جابری، جۆرج تەرابیشی دیدێکی تەواو جیاواز سەبارەت بە کێشەی عەلمانیەت لە جیهانی عەرەبیدا بەرجەستە دەکات. لە دوو وتاری توندا بەناوی «ڕۆشنبیرانی عەرەب و وازهێنان لە بیرکردنەوە» تەرابیشی بەگژ بۆچوونەکانی جابری و حەنەفیدا ئەچێتەوە و پێ لەسەر پێویستی پیادەکردنی سیاسەتێکی عەلمانی لە جیهانی عەرەبدا دادەگرێت.

تەرابیشی ئەو خاڵەی قبوڵە کە ئیسلام کەنیسەی تێدا نییە، بەڵام نەبوونی کەنیسە لە ئیسلامدا مانای ئەوە نییە عەلمانیەت شتێکی زیادە و جیهانی عەرەبی پێویستی بە عەلمانیەت و بە مەسەلەی جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت لەیەک نییە.

بۆ وەڵامدانەوەی بۆچوونەکانی جابری، تەرابیشی لەو خاڵەوە دەستپێدەکات کە گوایە جابری هاوکێشەیەکی ناڕاستی دروستکردوە و هەندێک گریمانە و دەرەنجام دەسەپێنێت کە لەو هاوکێشە ناڕاستەوە سەرچاوە دەگرن. تەرابیشی دەڵێت جابری سەرەتا عەلمانیەت یەکسان دەکات بە جیاکردنەوەی کەنیسە لە دەوڵەت، دوای ئەوەش دەڵێت مادامەکی لە ئیسلامدا کەنیسە بوونی نییە کەواتە لە ئیسلامدا شتێک نییە لە دەوڵەتی جیاکەینەوە، بۆیە ئیسلام پێویستی بە عەلمانیەت نییە.

تەرابیشی دەڵێت جابری لەم بۆچوونەیدا سێ ڕووەوە بەهەڵەدا چووە:

یەکەم عەلمانیەت یەکسان نییە بە جیاکردنەوەی کەنیسە لە دەوڵەت، بەڵکو یەکسانە بە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت. کەنیسە دۆخێکی تایبەتە لە دۆخەکانی ئایین نەک هەموو ئایین، کەنیسە بەشە و دین گشتە. عەلمانیەتیش مانای جیاکردنەوەی دینە وەک گشتێک لە دەوڵەت، نەک جیاکردنەوەی دەزگایەکی تایبەتی ئایینی لە دەوڵەت، کە کەنیسەیە. تەرابیشی دڵێت عەلمانیەت مانای سڕینەوە و نەهێشتنی دەسەڵاتی دینی نییە، بەڵکو مانای جیاکردنەوەی دەسەڵاتی دینییە لە دەسەڵاتی سیاسی، مانای ڕێگرتن و قەدەغەکردنی پەڕینەوەی دەسەڵاتی دینییە بۆ ناو دەسەڵاتی سیاسی، وەکچۆن مانای ڕێگرتنە لە پەڕینەوە و گواستنەوەی دەسەڵاتی سیاسیش بۆ ناو دەسەڵاتی دینی. لێرەوە تەرابیشی ئەنجامگیریەک دەکات کە تەواو جیاوازە لە ئەنجامگیرییەکەی جابری. تەرابیشی ئەڵێت، عەلمانیەت یەکسانە بە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت، ئیسلامیش دینە، کەواتە ئیسلامیش دەبێت جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت قبووڵبکات. بەبۆچوونی تەرابیشی، جابری بۆئەوەی خۆی لە کێشەی عەلمانیەت ڕزگاکات عەلمانیەتی یەکسانکردوە بە جیاکردنەوەی کەنیسە لە دەوڵەت لە کاتێکدا عەلمانیەت جیاکردنەوەی دینە لەدەوڵەت.

تەرابیشی دەڵێت هەڵەی دووهەمی جابری لەوەدایە کە دان بەوەدا نانێت کە لە ئیسلامدا وەک لە ئایینەکانی دیکەدا «دەسەڵاتێکی دینی» تایبەت هەیە، ڕاستە ئەم دەسەڵاتە لە فۆرم و شێوەی کەنیسەدا بەرجەستە نییە، بەڵام فۆرم و شێوەی تایبەتی خۆی هەیە. وەکچۆن شتێکی ئاشکرا و بەڵگەنەویستە کە ئیسلام کەنیسەی تێدا نییە، ئاواش شتێکی ئاشکرا و بەڵگەنەویستە کە لە ئیسلامدا دەسەڵاتی دینی بوون و ئامادەگی هەیە.

بەباوەڕی تەرابیشی هەڵەی سێهەمی جابری لەوەدایە کە دان بە بوونی هێزی پیاوانی ئایینیدا وەک گروپ نانێت. تەرابیشی دەڵێت ڕاستە لە ئیسلامدا کەنیسە و پلەو پایەی ئایینی و هیرارکی جیاواز بوونی نییە، بەڵام لە ئیسلامدا، وەک لە هەموو دینێکی دیکەدا، «پیاوانی ئایین» هەن کە خاوەنی دەسەڵاتێکی تایبەتن. ڕاستە پیاوانی ئایین لە ئیسلامدا لە فۆرمی کاهین و قەشە و پاپادا ئامادەنین بەڵام کار و فەرمانیان وەک کار و فەرمانی هەر پیاوێکی ئایینی دیکە جێبەجێکردنی کاروبار و فەرمانە ئایینییەکانە. بەشی هەرە زۆریشیان جگە لە جێبەجێکردنی ئەم کارە ئایینییانە کاری دیکەیان نییە. ڕاستە لە ئیسلامدا کاری ئەم پیاوە ئایینییانە بریتییە نییە لە ناوکۆیکردن لەنێوان خوداوەند و ئینساندا، واتە نابنە هەڵقەیەکی گەیەنەر بۆ گەیاندنی ئینسان بە خوداوەند، وەک لە ئایینی کاسۆلیکیەتدا وایە، بەڵام بوونی پیاوانی ئایین لە ئیسلامدا بۆ ناوکۆیکردن لەنێوان ئینسان و مەسەلە ئایینییەکاندا شتێکی پێویستە، واتە بوونی پیاوانی ئایین پێویستە بۆ لێکدانەوە و ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی مەسەلە ئایینییەکان. تەرابیشی ئەم تێزە وردتر دەکاتەوە و دەڵێت هیچ دینێک بوونی نییە بەبێ پیاوانی ئایین. لە ئیسلامیشدا پیاوانی ئایین بوونیان هەبووە و بوونیان هەیە و شتێکی ئەوتۆشمان لەبەردەمدا نییە وامانلێبکات بەو باوەڕە بگەین کە بوونیان نامێنێت.

کەواتە ڕاستە لە ئیسلامدا نە کەنیسە هەیە، نە کەهنوت هەیە، بەڵام دەسەڵاتی ئایینی هەیە.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم بۆچوونانە تەرابیشی بەراوردێکی کوورت لەنێوان ئیسلام و پرۆتستانیەتدا دەکات و دەڵێت هەم لە ئیسلام و هەم لە پرۆتستانیەتدا هیرارکیەت بوونی نییە، لە هەردووکیاندا کەسانێک بوونیان نییە کە پیرۆز و بێهەڵە و «مەعسوم» بن، هەردووکیان بیرۆکەی بوونی کەسێک یان دەزگاییەکی ناوکۆیی وگەیەنەر لەنێوان خوداوەند و ئینساندا ڕەتدەکەنەوە. بەکورتی ئیسلام لە زۆر ڕووەوە لە پرۆتیستانیەت دەچێت و هەردووکیان هەڵگری دەسەڵاتێکی دینی تایبەتن.

تەرابیشی دەپرسێت: باشە گەر پرۆتستاینەت وەک ئایین لە دەوڵەت دابڕابێ و عەلمانیەتی قبوڵبێت، بۆ دەبێت  ئیسلام ئەمەی بەسەردا نەسەپێت و لە دەوڵەت جیانەکرێتەوە؟

بەبۆچوونی تەرابیشی جیهانی عەرەب، لە هەلومەرجی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری ئەمڕۆدا، زیاد لەهەموو کات و زیاد لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی جیهان،  پێویستی بە جیاکردنەوەی ئیسلامە لە دەوڵەت. دەسەڵاتی ئایینی لە جیهانی عەرەبدا بەشێوەیەک گەورە و قەبە و ئاوساوە کە دەسەڵاتی سیاسی قووتداوە. دەسەڵاتی دینی خەریکە دەبێتە دەسەڵاتێکی سیاسی، بەتایبەتی لە هەرلومەرجی ئەمڕۆدا کە پرۆسەیەکی بەرفراوانی بە سیاسیکردنی

ئیسلام لە ئارادایە کە تیایدا پیاوانی ئایین ئەو ڕۆڵانەیان بەخۆیان داوە کە لە ڕاستیدا سەرکردە سیاسییەکان دەبێت بیبینن. لەمەش بترازێت دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگا عەرەبییەکاندا دەسەڵاتێکی بێ شەرعیەت و بێ بنکەی جەماوەرییە، ئەم دەسەڵاتە لە هەوڵدانیدا بۆ بەخشینی شەرعیەت بەخۆی کە نییەتی، بۆ داپۆشینی عەیبی ناشەرعیبوونی هەوڵی ئەوەئەدات خۆی لەژێر پەردەی شەرعیەتی دینی و ئایدیۆلۆژیای دینیدا داپۆشێت. بە کورتی تەرابیشی دەڵێت لە جیهانی عەرەبدا هەم بە سیاسیکردنێکی بەرفراوانی ئایین لە ئارادایە و هەم بە ئایینیکردنێکی هەمەلایەنی سیاسەت. ئەمەش وادەکات پێویستی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت لە کۆمەڵگا عەرەبییەکاندا زۆر زیاتربێت لە پێویستی جیاکردنەوەیان لە کۆمەڵگاکانی دیکەدا.

تەرابیشی ئەڵێت ڕاستە ئیسلام کەنیسەی تێدا نییە، بەڵام ئەم نەبوونە چی دەگەیەنێت و دەشێت چ دەرەنجامێکی لێوە هەڵبهێنجرێت؟ تەرابیشی بۆ بەرگریکردن لە تێزەکەی خۆی، واتە بۆ سەلماندنی پێوستیی کۆمەڵگا عەرەبییەکان بە عەلمانیەت، هێما بە بۆچوونەکانی تەها حوسەین دەکات دەربارەی ئەم مەسەلەیە. تەها حوسەینیش لەو خاڵەوە دەستپێدەکات کە ئیسلام کەنیسەی تێدانییە، بەڵام ئەم ڕاستییە سۆسیۆلۆژییە وایلێنکات ئەنجامگیری بکات و بڵێت کەوابوو ئیسلام پێویستی بە عەلمانیەت نییە، بەڵکو تەواو بەپێچەوانەی ئەمەوە تەها حوسەین ئەنجامگیری دەکات و دەڵێت مادام ئیسلام کەنیسەی تێدا نییە کەوابوو موسڵمانەکان بە ئاسانتر دەتوانن دین لە دەوڵەت جیاکەنەوە و عەلمانیەت پیادەکەن. نەبوونی کەنیسە مانای نەبوونی نوخبەیەکی دینی ڕێکخراو و بەهێز کە قازانجیان لەوەدابێت نەهێڵن ئایین و دەوڵەت لەیەکدی جیابێتەوە، مادامەکی ئەم نوخبەیە لە ئیسلامدا بوونی نییە کەواتە جیاکردنەوەی دین و دەوڵەت لە ئیسلامدا ئاسانترە.

جابری ئەو بۆچوونە دووبارەدەکاتەوە کە گوتراوی «ئیسلام دین و دەوڵەتە» گوتراوێکی نوێییە و یەکەم کەس کە بەکاریهێناوە حەسەن بەنایە. لەهەمانکاتدا جابری جەغد لەوە دەکات کە چەمکی «دەوڵەت» چەمکێکی نوێییە و ئەو مانایانەی ئەمڕۆکە بە چەمکی دەوڵەت ئەدرێت لەدوای ڕێنیسانسەوە پەیدابووە، جگە لەمە جابری دەڵێت لە قورئاندا ووشەی «دەوڵەت» تەنانەت یەکجاریش بەکارنەهاتووە. هەمو ئەو مانایەنەی لە قورئاندا بە ئیسلام دراوە تەنها مانای ئایینین و پەیوەندیان بە دەوڵەتەوە، ئیسلام دینە نەک دەوڵەت. کەواتە چۆن ئیسلام بکەین بە دەوڵەت لەکاتێکدا ئەم دینە ئەم ناوەی بەخۆی نەداوە؟

بێگومان تەرابیشی تاقە ڕۆشنبیرێکی عەرەب نییە بەگژ ئەو بیرۆکەیدا دەچێتەوە کە دەڵێت مادامەکی ئیسلام کەنیسەی تیا نییە بۆیە شتێکمان نییە تا لە دەوڵەتی جیاکەینەوە. محمود

ئەمین عالم ، لەسەر هەمان هێڵی بەرخوردکردنی تەرابیشی، بەوردی دەستنیشانی کۆی ئەو دەزگا دەوڵەتیانە دەکات کە ڕاستەوخۆ بە مەسەلەی ئایینەوە گرێدراون، ئەم نووسەرە میسر وەک نموونە وەردەگرێت و نیشانیئەدات کە ئیسلام و دەوڵەت لەو وڵاتەدا لەزۆر ئاستدا بەشێوەیەکی بەربڵاو بەناویەکداچوون و تێکئالاون. ئەم نووسەرە ئەو دەزگا ئایینیانەی کە بەشێکن لە دەوڵەت یان لە سایەی دەوڵەتدا دەژین بەمشێوەیە ڕیزدەکات: "ئەزهەر، دار الافتاء، وزارەتی ئەوقاف، ئەنجومەنی باڵای کاروباری ئایینی، کۆڕی لێکوڵینەوە ئیسلامیەکان، ئەنجومەنی باڵای تەریقەتە سوفییەکان، بەرنامە ئایینییەکانی ناو تەلەفیزۆن و میدیا، بەرنامەی خوێندنی قوتابخانەکان، فلیم و شانۆ و بۆنە ئایینییەکان کە دەوڵەت تیایاندا بەشداره" (موقەلەد، ٢٠٠٠: ل ١١٣) . بەمانایەکی دیکە دەوڵەتی مسیری لە چەندان سەرەوە بە ئایینەوە گرێدراوە و بە مانایەک لە ماناکان تا بینەقاقای لە ئاییندا نووقمە، کەچی گروهە ئیسلامییەکان ئەم دەوڵەتە وەک دەوڵەتی عەلمانی ناودەبەن و بە سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسی دادەنێن بۆ ئایین. زانکۆی ئەزهەر ئەنجومەنێکی تایبەتی هەیە کە لە ٥٠٠٠ پێنج هەزار کەس پێکهاتووە، کاری سەرەکی ئەم ئەنجومەنە بەگژاچوونەوەی عەلمانیەتە، ئەمانە هەمووشیان فەرمانبەرن و موچە لە دەوڵەت وەردەگرن.

لە شوێنێکی وەک لوبنانیشدا دەوڵەت ئەو ژمارە زۆرەی دەزگای ئایینی نییە کە لەمیسردا هەن، ئەو ژمارە تایبەتەش لە دەزگای ئایینی کە لوبناندا هەن بەشێکی ئۆرگانیی جەستەی دەوڵەت نین، لە لوبنان دەزگا ئایینییەکان خۆیان دەوڵەتێکن لە پەراوێزی دەوڵەتدا (موقەلەد، ٢٠٠٠: ل ١١٤).

دژ بە هەمان بۆچوون کە دەڵێت گوایە ئیسلام کەهنوت و کەنیسەی تیا نییە و تیانەبووە تا عەلمانیەتی پێویست بێت، نووسەرێکی دیکە بەم شێوەیە دەنووسێت: لە هەر شارێکدا جگە لە موفتی و فوقەها، لەشکرێک فەرمانبەری کاروباری ئایینی هەبووە کە بریتین لە: خەتیبە ئایینیەکان، ئیمامەکان، مامۆستایان.... بانگدەر، قورئانخوێن، واعیز... شاهید، وەکیلی قازی، مجەور، بەردەستی قوتابخانە ئایینیەکان، بەرپرسیارانی ئەوقاف. بەجۆرێک لەهەر شارێکدا ژمارەیان بەسەدان کەس بووە. ئەم سیستمەش لەناوخۆیدا سیستمێکی هیرارکی بووە و سنووری هەر گروهێک تەواو لەویدیکەیان جیابووە. ئەم سیستمە سیستمێکی داخراو بووە و زەحمەتبووە یەکێک لەدەرەوەڕا بچیتە ناوی مەگەر تەنها بەبوونی چەند مەرجێک، کە تا هاتوە لەگەڵ پتەوبوونی چوارچێوەکانی ئەم سیستمەدا خودی ئەو مەرجانەش زەحمەتتر و نارەحەتتر بوون (هـ. س. پ ل ٥٢ ـ ٥٩).

بە کورتی لەم دیدەدا عەلمانیەت پێویستییەکی گرنگی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییە لە جیهانی عەرەبیدا و ئەو بۆچوون و لێکدانەوە و ڕاڤەکردنانە قبووڵناکات کە پێیوایە ئیسلام لە ئایینیەکانی دیکە جیاوازە و کەنیسە و هیرارکیەتی ئایینی تێدا نییە بۆیە پێویستی بە عەلمانیەت نییە. ئەمەش ڕێک پێچەوانەی ئەو دیدانەی دیکەیە کە باسمانکردن.

وەک دەبینین لە ناو ڕۆشنبیری عەرەبیدا هەڵوێست و بۆچوون و وێناکردنی جیاواز بۆ مەسەلەی عەلمانیەت و پەیوەندی نێوان ئیسلام و دەوڵەت لەئارادان. ئەم هەڵوێست و وێناکردن و بۆچوونانەش بەیەکدی ناکۆکن و لە مەرجەعیاتی سیاسی و فیکری و ڕۆشنبیری جیاوازەوە هاتوون. ئەوەی لەم ووتارەدا شوێنی سەرنجی منە ئەو ڕاستییەیە کە مێژووی هاوچەرخی عەرەبی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە مێژووی بەرهەمهێنانی کۆمەڵێ پرسیاری نوێیە دەربارەی پێشکەوتن و دواکەوتن، تازەبوونەوە و ترادیسیۆن، پەیوەندی ئایین و پێشکەوتن، ئایین و سیاسەت. ئەم پرسیارانەش بەڕادەیەکی زۆر دەرەنجامی ئاشنابوونی ڕاستەوخۆی جیهانی عەرەبن بە مۆدێرنە وەک پرۆژەیەکی مێژوویی بەرفراوان هەم لە فۆرمی جەنگ و پێکدادانی سەختدا کە لەشکرێکی تەیار بە تەکنۆلۆژیا و ڕێکخستنی مۆدێرن ئەنجامیداوە، هەم لەڕێگای ئاشنابوون و گواستنەوەی هەندێک لە دەرکەوتە دەزگایی و فیکری و سیاسییە تازەکانی مۆدێرنەدا، لەوانەش عەلمانیەت وەک مۆدێلێکی سیاسی تایبەت. بە مانایەکی دیکە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە مۆدێرنە ورەدە وردە، بەڵام بە شێوەیەکی بەردەوام، دەبێتە ئەو چوارچێوە مێژووییە بەرفراوانەی کە کۆی ڕووداو و دیاردە و گۆڕان و هەڵبەز و دابەزەکانی جیهانی عەرەبی تێدا لەدایکدەبێت. کۆی ئەو دیالۆگ و کێشمەکێشمە فیکرییانەش کە لەنێوان ڕیفۆرمیستە ئایینییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و تازەگەرەکانی جیهانی عەرەبدا ڕوودەدەن، کۆی تازەبوونەوەکانی ناو فیکری دینی و هەوڵدانی ڕیفۆرمکردنی ئیسلام لە ناوەوەڕا، دوای ئەوانەش لادان لەم ڕیفۆرمە و هەوڵدان بۆ بەستنەوەی ئیسلام و سیاسەت بەیەکەوە، تا بە تەکفیرکردنی کۆمەڵگا و جیهان دەگات، هەروەها لەدایکبوونی «کایەی سیاسەت» وەک کایەیەکی نوێی بارگاویکراو بە ماناکانی نەتەوە، ناسیۆنالیزم، قازانجی نەتەوەیی، دەوڵەتی مۆدێرن، حیزب و دواتریش پەیدابوونی دەوڵەتی نەتەوەیی و دروستبوونی نوخبەیەکی سیاسی و فیکری و ئایدیۆلۆژی نوێ لە جیهانی عەرەبدا، هەرهەموویان لە چوارچێوەی خەیاڵ و ئایدیۆلۆژیا و چاوەڕوانی و ئەگەر و کێشە و ئاسۆکانی مۆدێرنەدا ڕوویان داوە. واتە نزیکەی سەدە و نیوێکە جیهانی عەرەب بەهێمنی کەوتۆتە ناو چوارچێوە مێژووییە فراوانەکانی مۆدێرنەوە و لەوێدا و بەپێی پێدراو و ئەگەر و چاوەڕوانییەکانی

مۆدێرنە کاردەکات. کۆی ئەو بۆچوونانەی سەرەوەش لەسەر عەلمانیەت لەدایکبووی ناو ئەم چوارچێوە گەورەیەی ئامادەگی مۆدێرنەن و بە چەمک و پێدراوە و گوتراوە فیکری و سیاسی و کولتوورییەکانی مۆدێرنە دەدوێن. زیاد لە سەدە و نیوێکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەردەم پرۆسەیەکی مێژوویی بەرفراوانی گواستنەوەدایە لە قۆناغی بەر لە مۆدێرنەوە بەرەو مۆدێرنەوە، لە جیهانی بەر لە عەلمانیەتەوە بۆ سەردەمی عەلمانیەت. لەم پرۆسەیەشدا ماناکانی ئایین، شوێن و جێی ئایین، ئەو ڕۆڵ و ئەرکانەی بە ئایین ئەسپێردرێت گۆڕانی گەورەگەورەیان بەسەردا هاتووە. ئەگەر نەوەی یەکەمی ڕیفۆرمیستە ئایینییەکان بەرخوردێکی تیۆلۆژیان لەگەڵ مۆدێرنەدا کردبێت، ئەوا نەوەی هاوچەرخی ئوسولییەکان بەرخوردێکی سیاسی لەگەڵدا دەکەن، گواستنەوە لە تیۆلۆژیاوە بۆ سیاسەت ئەو گۆڕانە ڕادیکاڵ و گەورەیەیە کە مۆدێرنە لە چۆنیەتی وێناکردنەکانی ئاییندا دروستیکردوە. کۆی ئەو گۆڕانانەیسەرەوە لەزۆر ڕووەوە کۆمەڵگای ئێمەشی گرتۆتەوە، گەرچی بڕی ئامادەگی گفتگۆ فیکرییەکان لە وڵاتی ئێمەدا لاوزتربوون و لاوازترن.

خاڵێکی دیکە کە شوێنی سەرنجی منە لەو گفوگۆیانەدا زاڵبوونی لۆژیکی هەڵبژاردنە لەنێوان عەلمانیەت و نا ـ عەلمانیەتدا، مامەڵەکردنە بە لۆژیکێک کە دوو دژ دروستدەکات و بەیەکێکیان شەرعیەت و بەویدیکەیان زۆڵبوون دەبەخشێت. ئامادەگی ئەم لۆژیکە مانای ئەوەیە ئەو ڕاستییە لەیادکراوە کە مۆدێرنە خۆی بۆتە چوارچێوەی ئامادەگی دیاردەکان. ئەو ڕاستییە سۆسیۆلۆژی و مێژوویی و کولتوورییە نابینرێت کە کۆی ئەو هەڵبژاردنانە خۆیان بەشێکن لە کۆی ئەو ئەگەرانەی مۆدێرنە پێشنیاریان دەکات، لەئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتێکی دینییەوە کە حەسەن بەنا و هاوڕێ ئوسولییەکانی دەیانەوێت، تا بە دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە عەلمانییە دەگات کە تەرابیشی و عەلمانییەکانی دیکە خوازیارین. خەیاڵی سیاسی هەردووگروپەکە خەیاڵێکی مۆدێرنە و گرێدراوی ئەو مۆدێلە نوێیانەی دەوڵەتە کە مۆدێرنە دروستیکردون، مبلام ناوەرۆکی دەوڵەتەکان جیاواز و دژ بەیەکن. مۆدێرنە وەکچۆن توانای بەرهەمهێنانی دەوڵەتی خۆشنوودگەرایی، دولە الرفاه، و دەوڵەتی دیموکراسی و دەوڵەتی یاسا، دەوڵەتی فاشی و دەوڵەتی نازی و دەوڵەتی سۆسیالیستی هەیە ئاواش توانای دامەزراندنی دەوڵەتی دینی هەیە، دەوڵەتی دینی و ئەو فانتازیا سیاسییەی خوازیاری دامەزراندنیەتی دەوڵەت و فانتازییایەکی مۆدێرنن. لێرەوە کۆی بۆچوونە ئوسولییەکان و کۆی بۆچوونە عەلمانییەکانی ناو ئەم گفتوگۆیە بەشێکن لەو ئیمکاناتە تیورییانەی کە ئامادەگی ئەم چوارچێوە مێژوویەی مۆدێرنە دەیرەخسێنێت. بەداخەوە ئەوەی لە بەشی هەرە زۆری ئەم

گفتوگۆیەدا نائامادەیە ووشیاربوونە بە ئامادەگی چوارچێوە مێژووییە و خوێندنەوەی دەرەنجامەکانی بۆ نیشاندانی ئامادەگی فۆرمە جیاوازەکانی عەلمانیەت لە جیهانی عەرەبدا، نەک تەنها لە ئستی سیاسیدا بەڵکو لە ئاستی کولتووری و کۆمەڵایەتی و ڕەمزیشدا. کارکردن بەو لۆژیکە دوو جەمسەرەی کە باس لە هەڵبژاردنێکی قەتعی دەکات لەنێون دوو مۆدێلی دەوڵەتدا و پێشنیارکردنیان وەک دوو دژە دیوی ڕەها ئەو هەستە لای خوێنەر دروستدەکات وەک ئەوەی جیهانی عەرەب لەدەرەوەی مێژووی عەلمانیەت و مێژووی مۆدێرنەدا ژیابێت و بژی، لەکاتێکدا ئەم مێژووە سەدەونیوێکە لە مۆدێرنە و عەلمانیەتەوە ئالاوە. لە لاپەڕەکانی داهاتوودا ئەم خاڵە زیاتر ڕووندەکەمەوە.

ئاشکرایە ئەم گفتوگۆکردنە لەسەر عەلمانیەت لە جیهانی عەرەبدا جیاوازە لەو گفتوگۆیەی لە ڕۆژئاوادا لەسەر عەلمانیەت لە ئارادایە، خاڵی سەرەکی ئەم گفتوگۆیە لە ڕۆژئاوادا بریتییە لەوەی داخۆ ئایین ڕۆڵی لە ژیانی گشتی کۆمەڵگادا بینیوە یان نا، ئایا تیۆرەی عەلمانیەت ڕاستدەکات کە دەڵێت ئەم ڕۆڵە لە ڕۆژگاری مۆدێرنەدا لاوازبووە و ئایین بۆتە هێزکی پەراوێزی، ئایا جیابوونەوەی مۆدێرنە و ئایین حەتمییە یانا نا، لە کاتێدا خاڵی سەرەکی ئەم گفتوگۆیە لە جیهانی عەرەبدا بریتییە لە وەلامدانەوەی ئەو پرسیارەی ئایا دەشێت ئیسلام عەلمانی بکرێت. ئایا مێژووی عەرەبی عەلمانیەت قبووڵدەکات یاخود تایبەتمەندێتی ئەم مێژووە ڕێ لەم پرۆسەیە دەگرێت، ئایا ئیسلام دەکرێت لە دەوڵەت داببڕێت؟ ئاشکرایە ئەو پرسیارانەی ڕۆشنبیرانی عەرەب سەبارەت بە عەلمانیەت دەیکات بە پلەی یەکەم پرسیارن دەربارەی شووناس و تایبەتمەندێتی مێژووی عەرەبی و ئایینی ئیسلام خۆی، لەپشتی گفتوگۆ لەسەر عەلمانیەتەوە داکۆکیکردنێکی تایبەت هەیە لە ئیسلام و لە شووناس و لە تایبەتمەندێتی کە گوایە عەلمانیەت دێت بۆ لەناوبردنی، لەکاتێکدا پرسیارەکان لە ڕۆژئاوا پرسیارن دەربارەی ئەو هێزانەی کە ڕۆڵیان لە بەڕێوەبردنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا بینیوە. پرسیاری ڕۆشنبیرانی عەرەب ئەوەیە چۆن بچینە ناو مۆدێرنەوە بەبێئەوەی ئیسلام بدۆڕێنین چی لە ئیسلام بکەین لەناو مۆدێرنەدا، یاخود چۆن ئیسلام بکەین بە ئەلتەرناتیڤی مۆدێرنە، لەکاتێکدا پرسیاری نووسەرە ڕۆژئاواییەکان پرسیارە دەربارەی چۆنیەتی شیتاڵکاری مۆدێرنە بۆ ناسینی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەکانی و ناسینی ئەو هێزانەی لەناویدا ئامادەن. لەیەکەمیاندا ترسێک ئامادەیە لەوەی مۆدێرنە وابکات ئیسلام لەدەستبچێت، لە دووهەمیاندا تێگەیشتن لە مۆدێرنە خاڵی سەرەکییە. لە ڕاستیدا زۆربەی هەرە زۆری هێزە ئوسولییەکانی جیهانی عەرەب ئەمڕۆکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر ئەو ترسە کاردەکەن کە ڕۆشنبیریی

عەرەبی زیاد لە سەدەیەکە بەرهەمهێناوە، وەک پێشتریش هێمامان پێکرد ئەم ترسە لەڕووی سۆسیۆلۆژییەوە ترسی گروپێکی دینی تایبەتە بەڵام لە چوارچێوەی کێشەکانی جیهانی عەرەبدا بەرزکراوەتەوە بۆ ترسی هەموو کۆمەڵگا عەرەبییەکان بەرامبەر بە لەدەستدانی شوناسی تایبەتی خۆیان، هێزی ئوسولیەتی ئیسلامیش لەم خاڵەدایە، ئەم هێزانە لە چەند دەیەی ڕابووردودا لەوەدا سەرکەوتن ئەم «ترسە سۆسیۆلۆژیە تایبەتە» بکەنە «ترسێکی گشتی» و لە سێنتەری گفتوگۆ سیاسی و فیکری و کولتوورییەکاندا جێگیرکەن. بێگومان ئەم گواستنەوەیە لە «ترسی تایبەتەوە» بۆ «ترسی گشتی» مەحاڵبوو بەبێ ئامادەگی کۆی ئەو توانا تەکنیکی و دەزگایی و خەیاڵییەی کە ئامادەگی مۆدێرنە لە جیهانی عەرەبیدا مەیسەری کردوە، ئەو توانایانەی کە لە لاپەڕەکنی پێشوودا هێمامان بۆ هەندێکیان کرد، لەوانەش بوونی میدیای نوێ، سیستمی خوێندنی جەماوەری نوێ، فۆرمی حیزب و ئایدیۆلۆژیای نوێ هتد...

لەناو ئەو نووسەرە عەرەبانەدا کە بەوردی باسیان لە ئامادەگی بەرفراوانی عەلمانیەت لە جیهانی عەرەبیدا کردوە دەکرێت لێرەدا دووانیان ناوبەین، عەزیز ئەل عەزمە و محەمەد ئارکۆن. ئەم دوو نووسەرە نیشانیانداوین کە عەلمانیەت بەشێکی ئۆرگانی پێکهاتی کۆمەڵگا عەرەبییەکانە و لەفۆرمی دەیان دەزگا و کایە و بۆچوونی کۆمەڵایەتی و فیکری و کولتووریدا ئامادیە. دەزگای خوێندنی نوێ، سیستمی نوێی خێزان، سیستمی تەندروستی و دادگا و چەندان ڕەهەندی نوێی دیکە هێمای ئەوەن کە عەلمانیەت لە فۆرمی جیاوازدا ئامادەیە. لەبەر نەبوونی کات من لێرەدا تەنها چەند هێمایەکی خێرا بە هەندێک بۆچوونی ئارکۆن دەکەم. خوێنەر بۆ شارەزابوون لە بۆچوونەکانی عەزمە دەتوانێت بگەڕێتەوە بخ دوو کتێبی (دنیا الدین فی حاظر العرب، ط ١، دار الطلیعە بیروت ١٩٩٦ . هەروەها زخ کتێبی العلمانیە فی منظور مختلف، مرکز دراسات الوحدە العربیە، ت ١)

بەباوەڕی محەمەد ئارکۆن عەلمانیەت لەگەڵ هاتنەکایە و دروستبوونی ئەو چوارچێوە مێژووییەدا ئامادەیە کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە لە جیهانی عەرەبیدا لە ئارادایە. پرۆسەی بە عەلمانیبوون بەشێکی گرنگی مێژووی سەدەی بیستەمی کۆمەڵگا عەرەبییەکانە و لەم ڕووەوە ئەم کۆمەڵگایانە هەنگاوی گرنگ و بەرچاویان بڕیوە. لە دیدی ئارکۆندا کۆمەڵگا ئیسلامییەکانی ئەمڕۆکەش زیاد لە هەمووکات لە پرۆسەیەکی بەرفراوانی بەعەلمانیبوونەوە ئاڵاون (Haleber, 1992: 32).خودی بزوتنەوە ئوسولی و هێزە توندڕەوە ئیسلامییەکانیش بەرهەمی ئەم پرۆسە بەرفراوانەی عەلمانیەتن لە جیهانی عەرەبدا، کە لە فۆرمی تازەبوونەوەیەکی مادی و ئایدیۆلۆژیدا ئامادەن. ئارکون دەڵێت بەشێکی زۆری ئەوانەی کە

هەواداری بزوتنەوە ئیسلامییە ئوسولییەکانن سەر بە چینەکانی خوارەوەن، ئەمانە کۆمەڵێک «خەونی عەلمانییانەی نوێیان» هەیە، کە بریتییە لە خەونی باشتر و چاکترکردنی هەلومەرجی ژیانی مادی و مەعنەویان و هەوڵدان بۆ بەرەوپێشەوەبردنی توانا و ویست و دەسکەوتەکانیان، بەڵام کاراکتەری سەرەکی ئەم خەونە عەلمانیانە لەم ساتەدا ئەوەیە کە لە بەرگێکی دینیدا پێشکەش دەکرێن. بەبۆچوونی ئارکۆن هۆی سەرەکی پێشکەشکردنی ئەم خەونە لە فۆرمی ئاییندا ئەوەیە ئەوانەی ئەم خەونە دەبینین هێزە هەژار و پەراوێزی و لەبیرکراوەکانی جیهانی عەرەبن و ئەم هێزانەش جگە لەم زمانە ئایینییە زمانێکی دیکەیان لەبەردەمدا نییە خەونی پێببینن، ئەم زمانە ئایینییە تاقە زمانێکە بەردەستبێت و بشێت خەوی پێببینن. (هـ. س. پ ل ٣٢).

بەبۆچوونی من ئەم لێکدانەوەیەی ئارکۆن نیوەی ڕاستییەکان دەڵێت، ڕاستە ئەو هێزانەی ئەمڕۆکە لەدەوری ئیسلامی سیاسی کۆدەبنەوە ئەو هێزانەن کە کراونەتە دەرەوەی توانای بڕیاردان و توانای هەبونی ژیانێکی ئینسانی و لانیکەمی ڕێزلێنان، بەڵام ئەو نوخبەیەی بەناوی ئەم هێزەوە ئەدوێت و بەناوی ئەم هزێەوە داوای گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی دەکات نوخبەیەکی دینییە، نوخبەیەکە لە قۆناغی دەوڵەتی پۆست کۆلۆنیالدا بۆ مەبەست و ئامانجی جیاواز بەهێز و گەورە کراون و بوون. نزیکبوونەوەی ئەم نوخبە دینی و ئەو جەماوەرە بەرفراوانەی کە لە هەلومەرجێکی پەراوێزی نالەباردا دەژین وایکردوە ئیسلامییەکان لەمڕۆدا ئەو هێزە سیاسی و کولتووری و ڕەمزییەیان هەبێت کە هەیانە.

ئارکۆن ڕای وایە کە ئایندەی عەلمانیەت لە جیهانی عەرەبدا وابەستەی «تازەبوونەوەیەکی ڕۆشنبیریی»ە بەشێوەیەک کە «فەرهەنگێکی نوێی عەقڵانی» دروستببێت کە بۆ نموونە «قوتابیانی ڕشتە زانستییەکان نەبنە ئینسانی ئوسولی توندڕەو« (هـ. س. پ ل ٣٢)، بە مانایەکی دیکە ئارکۆن دەڵێت سەرباری ئەوەی کە عەلمانیەت لە ئاستی کۆمەڵێک تازەبوونەوەی دەزگایی و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ئامادەیە، بەڵام چارەنووسی ئەم تازەبوونەوانە وابەستەی تازەبوونەوەی کولتووریی ئەو کۆمەڵگایانەیە.

**٩. ئیسلامی سیاسی و عەلمانیەت؟**

با جارێکی دیکەش ئەو ڕاستییە دووبارە بکەینەوە کە «ئیسلامی سیاسی» خۆی لەڕێی پێکهاتی حیزبی و ئایدیۆلۆژی و فانتازییەوە کۆمەڵێک هێزن کە گۆڕانە گەورەکانی ناوچەکە لە سەدە و نیوی ڕابووردودا هێناونیەتە کایەوە. ئیسلامی سیاسی تەواو نیشتەجێی ناو ئەو

گۆڕانانەیە کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا بە «گۆڕانی بونیادی و دەزگایی» ناونووسمان کردن.

وەک نیشـانمانـدا ئەم گۆڕانانەش بریتین لە کۆمـەڵێک گۆڕانکاری بونیـادیـی و ڕیشـەیی لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمـەڵایەتیـدا، بۆ نموونە گۆڕان لـە: سیستـمی ئابوری، سیستـمی پەروەردە و فێربـوون، سیستـمی قـەزایی، سوپا، سیسـتـمی تەندروستی، سیستـمی خێزان، هتـد... ئوسـوڵیـیـەکـانی ئەمـڕۆ لەناو سـیسـتـمی فـەقێـیـەتی کـۆنەوە نایەن، بـەڵکو دەرچووی زانکۆکانن، باوەڕیان بە نووشتـە و مـوفـەڕک و دوعا نییـە، بەڵکو کە نەخـۆشکـەوتن دەچن بۆ نەخۆشـخانە و جـەستەیان دەخـەنە بەردەمی تەکنیک و زانیارییە نوێکانی کایەی پزیشکی، کە تووشی کێشـە دەبن لەگەڵ دەوڵەت یان هـەر کـەسێکی دیەکەدا، زۆرجـار، وەک هـەر کـەسێکی دیکە دەچن پارێزەردەگرن و لە دادگایەکی مەدەنیدا بەرگری لەخۆیان دەکەن، بەشێکی زۆریان ناهێـڵن لە دوو تا سێ منداڵ زیاتریان ببێت و لەم ڕووەوە وەک هـەمـووان بەشـدارن لە گـۆڕینی فۆرمی خێزاندا، ئەو حیزب و ڕێکخراو و دروشـمانەی دروسـتیـدەکەن سـەر بە شێـوازی نوێی ڕێکخـراوی سیـاسـین، بەتایبـەتی لە چاپە مـارکـسی و لینیـەکەیدا هتـد... بە مـانەیـەکی دیکە ئیسـلامی سیاسی نووقمـە لەناو ڕەگەزە تازەکانی ژیانی هاوچەرخـدا و لـەبەردەم بەشێک لە دامـاڵینی پیرۆزی لە جیـهـانـدا ئامـادەیە و بە ئەندازەیـەکی گەورە لە پرۆسـەیەکی بەرفـراوانی بەسـەرزەمـینیبـوونەوە ئالاوە. کەچی لەگـەڵ ئەوەشـدا لە ئاسـتی فیکری و ئایدیۆلۆژیدا دژ بە عەلمانیەتە، ئەم ناکۆکیەی ئیسلامی لەکوێوە هاتووە؟

بەر لەوەی وەڵامی ئەم پرسیـارە بدەمەوە دەمەوێت سـەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕاکێشم کە ئەم هەڵوێستـەی ئیسـلامی سیاسـی هەڵوێسـتێکی سیاسییـە نەک تیـۆلۆژی، بنەمـا و مـەبەست و نەخشـەیـەکی سیاسـی بەڕێوەیدەبات نەک گەڕانەوە بۆ ئەم یان ئـەو ئایەت. بۆ تێگەیشتنیش لەم هەڵوێستەی ئیسلامی سیاسی من لێرەدا سێ هۆکاری گرنگ لەیەکدی جیادەکەمەوە

یەکـەم: ویسـتی خـۆجیـاکردنەوەی ئیسـلامی سـیـاسی لـە ڕێبـازە ئایدیۆلۆژی و فـیکری و سیاسییەکانی دیکە هۆکارێکی گرنگی دژایەتیکردنی ئەم بزوتنەوانەیە بۆ عەلمانیەت. ئیسلامی سـیـاسی لە هەوڵدانیدا بـۆ بەرهەمـهـێنانی شـووناسـێکی سـیـاسی و ئایدیـۆلۆژی و فـیکری جـیـاواز، ڕاسـتـەوخـۆ عـەلمانیـەت بە دیاردە و مـۆدێل و پێـدراوێکی نامـۆ ناونووسـەدەکـات و دەیبـەسـتـێـتـەوە بە مـێـژووی ڕۆژئاواوە. ئـەمـەش مـانای ئەوەی دژایەتیکردنی عـەلمانیـەت دژایەتیـیـەکی ئایدیۆلۆژییـە و ئەو ڕۆڵەشـی لەم دژایەتیکردنەدا بە ئیـسـلام ئەدرێت ڕۆڵێکی ئایدیۆلۆژییە و وابەستـەی ویست و خـواست و تەمـاحـە سـیاسـییـەکـانی ئەم هێـزەیە، نەک وابەستەی جەوهـەرێکی نەگۆڕ کە گوایە ئیسلام وەک دین هەڵگریەتی.

دووهەم: چونکە ئیسلامی سیاسی دێت بۆ ڕەخنەکردنی بزوتنەوە سیاسییەکانی بەر لە خۆی و مادامەکی بەشێکی زۆری ئەو بزوتنەوانەش پڕوپاگەندەی هەڵگرتنی شووناسێکی عەلمانیان کردوە، بۆیە دژایەتیکردنی عەلمانیەت یەکسانکراوە بە دژایەتیکردنی ئەو بزوتنەوانە. بەحوکمی ئەوەش کە ئیسلامی سیاسی شووناسێکی ئایینی هەڵگرتووە، بۆیە شەڕێکی گەورە بەرپادەکات لەگەڵ ئەو شووناسانەی دیکەدا کە لە حیساباتی ئەودا نا ئایینین، لەپێش هەمووانیشەوە عەلمانیەت.

سێهەم: لەو دوو هۆکارەی سەرەوە گرنتر هۆکاری لاوازی پرۆسەی بە عەلمانیکردنە لە بەرپاکردنی گۆڕانکاری قووڵ و هەمەلایەندا لە ووشیاری تاکەکەسدا:

من لە لاپەڕەکانی پێشوودا پرۆسەی «بە عەلمانیبوونی بابەتی» و پرۆسەی «بە عەلمانیبوونی خودی» م لەیەکدی جیاکردەوە، یەکەمیان هێمای گۆڕانی دەزگا و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانەوە، دووهەمیان هێمای گۆڕانی ووشیارییە. بەپێی ئەو جیاکردنەوەیە دەشێت بڵێین لە جیهانی عەرەب و لە وڵاتی ئێمەشدا زۆر دەرکەوتی بە «عەلمانیبوونی بابەتی» لە کۆمەڵگا و کولتووردا بەرپابووە، بەڵام تا ئێستا ئەم گۆڕانانە نەیتوانییەوە لە ئاستی تاکەکەسەکاندا گۆڕانی بەرفراوان بەرپابکات. پرۆسەی بە «عەلمانیبوونی خودیی» کە گۆڕانی گەورە و ڕیشەیی لە عەقڵ و خەیاڵ و ڕۆحیەتی تاکەکەسەکاندا بەرپادەکات، کە عەلمانیبوونی ووشیاری دەخاتەوە، کە مەرجەعێکی سەرزەمینی بۆ ڕوانین و لێکدانەوە و نرخاندن دروستدەکات، تا ئێستاش لاوازە. پرسیاری سەرەکی ئەوەی ئەم لاوازییە چۆن لێکبدەینەوە، ئایا ئەمە وابەستەی ئامادەگی کۆمەڵێک هۆکاری مێژوویی و سیاسی و فەرهەنگییە، یاخود وابەستەی ئەوەی ئیسلام جەوهەرێکی نەگۆڕی هەیە و ناکرێت عەلمانیکرێت؟

لە لاپەڕەکانی پێشوودا نیشانماندا چۆن هێزی جیاواز وەڵمی جیاوازیان بەم پرسیارە داوەتەوە. بەبۆچوونی من ئەم لاوازییە پەیوەندی بە ماهیەت و جەوهەری ئیسلامەوە نییە بەڵکو کۆمەڵێک هۆکاری مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری هەن کە ڕێییان لە گۆڕانی ووشیاریی تاکەکەسەکان گرتووە، ئەم هۆکارانەش زۆر دوورن لەو هۆکارانەوە کە ئیسلامی سیاسی لەژێرناوی ڕەسەنایەتی و فیکری خواستراو و جەوهەری نەگۆڕی ئیسلامەوە پێشنیاری دەکات. مانەوەی بنەما تەقلیدییەکانی بیرکردنەوەی غەیبی و خورافی و سیحری لە وڵاتی ئێمەدا پەیوەندی بە بەهێزی و لاوازی ئیسلامەوە نییە، بەڵکو مێژوویەکی تایبەتی

ڕۆشنبیری و فیکری و سیاسی لە پشتەوەیە کە نەیهێشتوە ووشیاریی ئینسانی ئێمە ئازادانە بەڕووی جیهاندا بکرێتەوە. بەڵام، ئەگەر ئیسلامی سیاسی نەیتوانیبێت بەر بە پرۆسەی بە «عەلمانیبوونی بابەتی» بگرێت و پێدراوە کولتوورییە گشتییەکانی ئەم گۆڕانە بوبێتە ئەو چوارچێوە کولتوورییەی هەموومان لەناویدا دەژین، ئەوا لە ئێستادا هەوڵێکی ڕاستەقینە ئەدات بۆ ڕێگرتن لە پرۆسەی «بەعەلمانیبوونی ووشیاری» تاکەکەسی. ئەم هەوڵەش لەژێر چەتری دروشمەکانی «پاراستنی ڕەسەنایەتی» و «بەرگری لە شووناس» و «پاراستنی تایبەتمەندیی» دا پیادەدەکات.

وەک دەبینین ڕقی ئیسلامی سیاسی لە عەلمانیەت ڕقێکی تیۆلۆژی و ڕۆحی نییە، بەڵکو تەکتیکێکی سیاسییە، پەیوەندی بە جەوهەری ئیسلامەوە نییە، بەڵکو وابەستەی کۆمەڵێک هاوکێشەی سیاسی و هەندێک پێدراوی مێژووییە. لەم تەکتیکە سیاسییەدا ئیسلامی سیاسی لەڕێگای بەکارهێنانێکی تایبەتی دینەوە شووناسێکی سیاسی بەخۆی دەبەخشێت. بە کورتی ململانێی ئیسلامی سیاسی لەگەڵ عەلمانیەتدا ململانێیەکی ئایدیۆلۆژییە کە مەبەستی سیاسی لە پشتەوەیە نەک دینی.

**١٠. ئیسلامی سیاسی و مارکسیزم**

یەکێک لە هەنگاوە ئایدیۆلۆژییە گرنگەکانی ئیسلامی سیاسی لە بەگژاچوونەوەیدا بۆ عەلمانیەت بریتییە لە یەکسانکردنی ئیسلامە بە چارەسەری هەموو کێشەکانی کۆمەڵگا. لەم گوتارە ئایدیۆلۆژیەدا ئیسلام چارەسەرکەری هەموو شتێکە، چارەسەری کێشەکانی زانست، ئابوری، تەکنۆلۆژیا، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئازادی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کێشەی میتۆدی زانستی، غیابی دیموکراسیەت، نایەکسانی، پەیوەندی نێوان نێر و مێ، ژینگە، هەژاری و کۆی کێشەکانی دیکەی کۆمەڵگا هاوچەرخەکان. ئیسلامی سیاسی هەڵگری گوتارێکی زۆر دڵنیایە، لەزۆر ڕووەوە هەمان ئەو دڵنیاییە بە ئینسان دەبەخشێت کە بیست ساڵێک لەمەوبەر مارکسییەکان دەیانبەخشی.

لەڕاستیدا وێکچوونی باڵە جیاوازەکانی ناو ئیسلامی سیاسی لەگەڵ بزوتنەوە مارکسییەکاندا تەنها لەو خاڵەدا کۆتاییان پێنایەت. ئەم بزوتنەوانە کە ئەمڕۆ لەئارادان وەک مارکسییەکانی دوێنێ نەوەیەکی ئیرادەگەرن، «ئیرادەی گۆڕان» لای ئیسلامییەکان

ئیـرادەیـەکی گـشـتـیگیـرە، خـوازیاری گـۆڕانی ڕادیکاڵ و فـرەلایەنن، ئەم ئیـرادەیەش، وەک ئیرادەی مارکسییەکانی دوێنێ، باز ئەدات بەسەر کۆی ئەو بەربەستە سیاسی و کۆمەلایەتی و کولتووری و نێودەوڵەتیانەی ئەمڕۆکە لە ئارادان.

خاڵێکی دیکەی وێکچوونی ئیسلامی سیاسی و بزوتنەوە مارکسییەکان بریتییە لە شێوازی خۆڕێکخستنیان. وەک مارکسییەکانی دوێنێ ئیسلامیەکانیش دێن تا دنیا بگۆڕن، نەک لێکیبدەنەوە. بۆ پیادەکردنی ئەم گۆڕانە ئەمانیش حیزبی سیاسی لەسەر هەمان مۆدێلی حیزبی مارکسی لینینی دادەمەزرێن، لەشوێنی سکرتێری گشتی ئەمیریان هەیە، بەهەمان دەسەلات و سەلاحیات و کاریزماوە، ئەمنایش هەمان دیسپلینی پۆلاییان هەیە، سیاسەت ئەکەن نەک بە لێکدانەوەی ئایینەوە خەریکبن، دەسەلاتی سیاسی دەکەنە گرنگترین مەسەلەیەک لە ئیسلامدا، نەک ڕەهەندە ڕۆحییەکانی.

خاڵێکی دیکەی لێکچوونی نێوان ئیسلامییەکانی ئەمڕۆ و مارکسییەکانی دوێنی ئەو پەیوەندییە کە بە دەقە پیرۆزەکانەوە هەیانە. ئیسلامی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی قەیرانەکانی ئەمڕۆ وەک قەیرانی واقیع پێناس ئەکات، نەک وقەک قەیرانی دەقە ئایینییەکان. سەرچاوەی ئەم قەیرانە واقیعیانەش نابەستێتەوە بە مێژووەوە، بەڵکو دەیبەستێتەوە بە دوورکەوتنەوە و پشتگوێختنی دەقە ئەسڵییەکان. لەم بۆچوونەدا دەقەکان گەردونیان و بۆ هەموو شوێنو سەردەم کاتوساتێک دەخۆن، خەتا خەتای واقیعە کە ئامۆژگاری ناو دەقەکان پایادەناکات کە بۆ هەموو کێشە و گرفتە کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابوری و کولتووری و سیاکۆلۆژیان چارەسەریان پێیە. لە دیدی زۆربەی ئیسلامییەکاندا واقیع ناکۆکە بە دەق، ئەم ناکۆکیەش وەک ووتمانخەتای دەق نییە، بەڵکو خەتای واقیعە کە لە پێدراوەکانی دەق دوورکەوتۆتەوە. لێرەوە بۆئەوەی قەیرانەکان چارەسەرکەین دەبێت واقیع بگەڕێنینەوە بۆناو دەق، دەبێت واقیع بەشێوەیەک دەسکاریکەین لەگەڵ پێدراوە دەقییەکاندا بگونجێت. وەک دەبینین ئەم دیدە، کە زۆر لە دیدی مارکسییەکانی دوێنێ دەچێت، هیچ قەیرانێک لەناو خودی دەقەکاندا نابینێت، پرسیار دەربارەی ڕەوایەتی دەقەکان و دەربارەی سنوور و تواناکانی ناکات، نایەوێت لەو ڕاستییە زانستییە تێبگات کە دەقەکان وابەستەی زەمان و زەمینێکی دیاریکراون، لەناو هەلومەرجێکی مێژوویی مەعریفی و عەقڵی دیاریکراودا بەرهەمهاتوون، ئەمەش وایانلێدەکات دەقی ڕێژەیی بن و ئەم ڕێژەیبوونەشیان دەبێت سەرەتایەک بێت بۆ ڕزگارکردنی واقیع و کێشەکانی لە جەبری دەقە پیرۆزەکان.

گوتاری دژ بە غەرب بوونی ئیسلامییەکان لەزۆر ڕووەوە دووبارەکردنەوەیەکی بێلەزەتی گوتاری مارکسییە تەقلیدییەکانی دوێنێیە، «شۆڕشی ئۆکتۆبەر» چەند دژ بە ڕۆژئاوا بوو «شۆڕشی ئیسلامیش» بەهەمانئەندازە، ڕۆشنبیرانی سەر بە بزوتنەوە کۆمۆنیستییە ڕەسمی و ناڕەسمییەکان چەند ڕۆژئاوایان وەک هێزێکی ناشیرین وێنادەکرد، ڕۆشنبیرە ئیسلامییە توندڕەوەکانیش هەمان وێنە بۆ ڕۆژئاوا دووبارەدەکەنەوە، بەڵام موتوربەی دەکەن بە ڕەهەندێکی ئایینی لەهەردوو دیدەکەدا ڕۆژئاوا دوژمنی سەرسەختی مرۆڤایەتییە.

**١١ . دەرەنجام**

عەلمانیەت پرۆسەیەکی مێژوویی ئاڵۆزە، بەشێکی دانەبڕاوە لە مێژووی هاوچەرخی جیهان، کۆمەڵگاکانی لای ئێمە زیاد لە سەدەیەکە لەناو ئەم پرۆسەیەدا ئامادەن. ئەم پرۆسەیەش بەهیچ مانایەک پرۆسەی بێدینکردن نییە و عەلمانیەت مانای بێدینی نییە، مانای ئەوە نییە کە ئایین هیچ ڕۆڵێکی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریدا نامێنێت، عەلمانیەت نایەت تا ئایین لەناو سروت و بۆنە و ڕیتواڵە تایبەتەکاندا لەناوبات، لەنێو ویژدانی کۆمەڵایەتی و ویژدانی تاکەکەسیدا بیسڕێتەوە، دەریکات لەناو دەزگا ئایینیەکاندا، کۆتایی بهێنێت بە ژیان و مانای سیمبۆڵە ئایینییەکان. عەلمانیەت هەوڵدانێکی دیموکراسییانەیە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ئایین و ژیان و ئایین و سیاسەت و ئایین وفیکر. عەلمانیەت دێت لەپاڵ جەژن و بۆنە ئایینییەکاندا جەژن و بۆنەی دیکە دروستدەکات، لەپاڵ دەزگا ئایینییەکاندا دەزگای مەدەنی و نائایینی دروستدەکات، لەپاڵ ویژدانێکی ئایینیدا ویژدانێکی دیموکراسی بارگاویکراو بە پاراستنی مافی جیاوازی دروستدەکات. دەشێت لە دروستکردنی ئەم جیهانە نوێیەدا ڕەهەندی ئایینی ڕەهەندێکی یارمەتیدەربێت بەڵام دەشێت ڕەهەندێکی ڕێگر و خوێناویش بێت. عەلمانیەت کە دێت مێژوویەکی دیکە بە ئایین ئەبەخشێت نەک بێ مێژووی کات، شوێنێکی دیکە بۆ ئایین دەستنیشاندەکات نەک بێشوێنی کات، کار و ئەرک و پەیامێکی دیکەی پێدەبەخشێت، نەک بێکار و بێ ئەرک و بێ پەیامی کات. عەلمانیەت دێت بۆئەوەی خودی ئایین خۆی تازەبکاتەوە نەک جنێو بە ئایین بدات. دەسکاری سیستمی بەرهەمهێنانی هەقیقەت دەکات، نەک کۆتایی بە هەقیەت بهێنێت، ستراکتورەکانی باوەڕداری و بێباوەڕی تازەدەکاتەوە، نەک یەکێکیان لەسەر حیسابی ئەویدیان بەهێزکات. عەلمانیەت دەسکاری پەیوەندی نێوان جەستە و ڕۆح دەکات. جەستە بارگاوی دەکات بە بەهای گەورە و کۆمەڵێک مافی بۆ دەگەڕێنێتەوە کە پێشتر لێیسەندراوەتەوە و دەشیکاتە گوتراوێکی فیکری و ئەخلاقی

و ویژدانی گرنگ، وەکچۆن بە ڕۆحیش قووڵاییەکی گەورەتر و هەمەلایەنتر ئەدات و بەتەنها لە قووڵایی دینییەکاندا بەندیناکات. نە جەستە دەکاتە کۆیلەی ڕۆح و نەک ڕۆحیش دەکات کۆیلەی جەستە. عەلمانیەت لە توانایدایە دەرگای پەیوەندییەکی نوێ و هاوسەنگ لەنێوان جەستە و ڕۆحدا بکاتەوە.

هەموو ڕۆژگارێک باوەڕدار و بێباوەڕی خۆی هەبووە، عەلمانیەت دێت بۆئەوەی پەیوەندی نێوان باوەڕاداران و بێباوەڕان بەشێوەیەکی ئینسانی و کراوە و یەکسان ڕێکخات. بەڵام وەکچۆن لە ئاییندا دیدی توندڕەو و پەڕگیر هەیە، ئاواش دیدی عەلمانی پەڕگیر و توندڕەو هەیە، گرنگ دۆزینەوەی ئەو هاوکێشە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسییانەیە کە هەم لە ئایین توندڕەوی و هەم لە عەلمانیەت توندڕەوی دەسێننەوە، چۆن نەهێڵین فاشیەتی دینی و فاشیەتی عەلمانی ژیان ناشیرین کەن.

پرۆسەی بە عەلمانکیکردن لە زۆر ئاستدا تازەبوونەوەی بونیادە جیاوازەکانی کۆمەڵگای ئێمەی کردۆتە پێدراوێکی بەڵگەنەویستی ناو ژیانی ڕۆژانەمان. ئەوەی گرنگە ڕوویدات بە عەلمانیکردنی ووشیاری و سیاسەتە، ئەمەش مانای ئەوەی هێزە سیاسییەکان لەو ڕاستییە سادەیە تێبگەن کە کایەی سیاسەت کایەی دۆزینەوە و گەڕان بەدوای هەقیقەتدا نییە، بەڵکو کایەی ناوبژیکردنە لەنێوان هەقیقەتە جیاجیاکاندا. ئەوەشی ئەم ناوبژیە دەکات دەوڵەتە. ئەم خاڵە بەرەو ئەوەمان دەبات بەراوردێکی بچووک لەنێوان حیزب و دەوڵەتدا بکەین. دەبێت لای هەموو یەکێک لە ئێمە ئاشکرابێت کە دەوڵەت و حیزب دوو بوونەوەری لێکجیاوازن، دەوڵەت بریتییە لە پێکەوەبوونی کۆمەڵێک دەزگای تایبەت بەیەکەوە کە هەڵگری هیچ ئایدیۆلۆژیایەک و هیچ هەقیقەتێکی تایبەت نین، دەوڵەت ئەو شوێنەیە کە تێیدا هەر هێزێک یان چەند هێزێک، لە کات و ساتێکی دیاریکراودا، لەناو دەزگاکانیەوە، بەرگری لە بەرنامەیەکی سیاسی و هەقیقەتێکی تایبەت دەکات، بەڵام لە کات و ساتێکی دیکەدا شوێن چۆڵدەکەن بۆ هێز و لایەن و گروپی دیکە، کە هەڵگری هەقیقەت و بۆچوون و دیدی دیکەن.

ئەوەی هەڵگری ئایدیۆلۆژیایە حیزبە نەک دەوڵەت، دەوڵەت دەشێت لە قۆناغێکی تایبەتدا لەلایەن حیزبێک یان چەند حیزبێکی ئایدیۆلۆژییەوە بەڕێوەبرێت، بەڵام خۆی بوونەوەرێکی بێ ئایدیۆلۆژیایە، کێشەی گەورە لەوێوە دەستپێدەکات، بە دەوڵەت ئایدیۆلۆژیایەک یان دینێک بدرێت کە بەناوی هەقیەتێکی ڕەهاوە بدوێت. بێگومان ئەوەی کە وادەکات دەوڵەت بوونەوەرێکی بێ ئایدیۆلۆژیابێت، بوونی دەستورێکی دیموکراسییە کە توانای ڕێکخستنی پەیوەندیی و هاوسەنگیی نێوان هێز و ئایدیۆلۆژیا و هەقیقەتە جیاجیاکانی هەبێت،

دەستورێک کە هەڵگری کۆمەڵێک پرنسیپی سیاسیبێت کە تێیدا سەربەخۆبوونی دەوڵەت و سەربەخۆبوونی گەمەکەرە سیاسییەکان و سەربەخۆبوونی تاکەکەسەکان پارێزرابێت. عەلمانیەت لە مانا هەرە گشتییەکەیدا هەوڵدانێکی مێژووییە بۆ بەخشینی ئەم کارەکتەرە بە دەوڵەت.

لاوازی عەلمانیەت لە جیهانی ئێمەدا لە دانەبەزینی تەواوەتیدایە بۆ ناو ووشیاری و سایکۆلۆژیای تاکەککەسەکان، ئەمەش وابەستەی هەلومەرجێکی مێژوویی و سیاسی و مەعریفی تایبەتە، نەک وابەستەی جەوهەری نەگۆڕ و گریمانکراوی ئیسلام. بالادەستی خەیاڵ و عەقڵیەتی ئەفسانەیی و لاوازی ڕەهەندە مەعریفی و کولتوورییەکانی تازەبوونەوەی کۆمەڵایەتییە وایکردوە عەلمانیەت لەم ئاستەدا کێشەی هەبێت، هەر ئەم لاوازیەشە ئەو هەلە بەهەندێک باڵی ئیسلامی سیاسی ئەدەن ژیان تەواو بێبایەخ کەن و لە ئینسانی سادە بۆمبایەکی گەڕۆک دروستکەن.

بەداخەوە ململانێی نێوان عەلمانیەت و ئایین لە کوردستاندا دابەزیوەتە نزمترین ئاستەوە، ئاستێک بێفیکر کە تێیدا دابەشکردنی تۆمەت و سوکایەتیکردن بەیەکدی بالادەستە. ئەم ململانێییە لە چەند ڕەهەندێکی تایبەتیدا دابەزیوەتە ئاستێکی بازاڕی بێمانەوە، لای هەندێک لە عەلمانیەکان عەلمانیەت یەکسانە بە خواردنەوە و چوون بۆ یانە و ئاهەنگ گێڕان، وەکچۆن لای هەندێک لە ئیسلامییەکانیش یەکسانە بە ڕێگرتن لەوەی ئینسان بچێت بۆ یانە، داخستنی دوکانی مەیفرۆشەکان و فەلاقەکردنی ئەوانەی مەینۆشن. لەڕاستیدا ئەم جۆرە دیدە بۆ عەلمانیەت کوشتنی هەموو توانایەکی قسەکردن و ئیفلیجکردنی هەر دیالۆگێکە کە مەبەستی بێت پاڵێک بە کۆمەڵگای ئێمەوە بنێت بەرە و پێشەوە و هەلومەرجێک بخاتەوە ئینسان تێیدا هەست بە لانیکەمی ڕێز و بەها و بەختەوەری بکات.

### سەرچاوەکان


١ـ برهان غليون، الدولة والدين، نقد السياسة، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ت ٣ بيروت ١٩٩٣.

٢ـ تەرابيشی، جۆرج، علمانية الاتحاد الاوروبی لاتزال جزئية، تتكيف مع التقاليد الثقافية لبلدانه، الحياه، الاحد ١٣ نيسان ٢٠٠٣

٣ـ حسن البنا، مذكرات الدعوة الداعية، القاهرة، دار الشباب.

٤ـ راشد الغنوشي و حسن الترابي، الحركة الاسلامية و التحديث، الخرطوم، مكتبة دار الفكر، ١٩٨٠.
٥ـ محمد خلف الله، «الصحوة الاسلامية في المصر»، الحركات الاسلامية المعاصرة في الوطن العربي، بيروت، مركز دراسات الوحدة العربية، ١٩٨٧.
٦ـ محمد عماره، العلمانية و نهضتنا الحديثة، القاهرة، دار الشروق ١٩٨٦.
٧ـ د.مقلد، محمد علي. الاصوليات، بحوث في معوقات النهوض العربي. دار الفارابي، بيروت، لبنان ٢٠٠٠ .

8- Aldridge, Alan, religion in the Contemporary World, A sociological introduction. Polity Press, UK 2000.
9- Bellah, R.N. Civil Riligion in America, Daedalus, 1967.
10- Haleber. R, Islam en Humanisme, de wereld van Mohammed Arkoun, VU uitgeverij, Amesterdam 1992.
11- Hamilton, Malcolm, The sociology of Religion, theoretical and comparative perspective. Routledge, London 1995.
12- pro.dr. P. Smits, De onttoverde wereld. Agon Elsevier,1972
13- van Rooden, Geschiedschrijving en de secularisatiethese, Etnofoor, jaargang 9, nummer 1 1996. 83-84
14- Van der veer, peter, Modern Oriëntalisme. Essays over de westerse beschavingsdrang. Meulenhoff, Amsterdam 1995.
15- van Der Ven J.A.(red). Individualisering en religie. Ambo, Baarn 1994.
16 -Wallis, R. and Bruce, S. SeculaRIZATION: THE ORTHODOX AND MODEL. IN S. BRUCE (ed), Religion and Modernization: sociologists and historians debate the secularization thesis. Oxford: Clarendon Press 1992.
17- Wilson, B.R. Religion in Secular society: a sociological comment. Watts, London 1966.

# هێرمێنۆیتیک و پرۆسەی خوێندنەوە و نووسین

**دارا مەحمود**

لەوەتەی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی هاتۆتە ناو ژیانەوە، لەو چرکەساتەوە هەستی بە بوونی خۆی کردووە و هۆشی بەسەر خۆیدا شکاوەتەوە، هەستی بە بوونی بەرامبەرەکەی یان خەڵکانی تریش کردووە. ئەمەش بە واتای دیتنی لایەنە هاوبەش و وەک یەکەکان و لە هەمان کاتیشدا جیاوازی و لەیەکنەچوونەکانی عەقڵ و شێوازی بیرکردنەوە. ئیتر شتێکی سروشتییە کە هەر لەو کاتەوە هەوڵی یەکترناسین و خوێندنەوەی بیری یەکتر بۆ چوونە ناو ئەزموونێکی هاوبەشەوە درابێت. لەم ڕێگایەشدا هەمیشە میتۆد و میانجیگەر، هەروا ڕێباز و تیۆری خاوەن قوتابخانەی جۆراوجۆر دیتراونەتەوە و سەریانهەڵداوە بەجۆرێک کە بابەتی لێکدانەوە «١» بێتە زانست یان هونەرێکی سەربەخۆ کە هەر لە کۆنەوە بە (Hermeneutics)«٢» ناسراوە.

هەرچەندە کاری هێرمێنۆیتیک لە بنچینەدا لێکدانەوەی دەقە ئایینی و پەرتووکە پیرۆزەکان بوو و هەر لەبەرئەمەش وەک تیۆری و ڕێبازێکی کۆن دەناسرێت. بەڵام لە هەمان کاتدا بە یەکێک لە سێ کۆڵەکەی تیۆری ئەدەبی هاوچەرخ (ساختگەری، هەڵوەشاندنەوەگەری و هێرمێنۆیتیک) دەژمێردرێت و ئەمرۆ ڕەهەندەکانی هێرمێنۆیتیک بە لێکدانەوەی دەقە ئایینییەکان سنووردارنابێت، بەڵکو دەربازی گۆڕەپانەکانی مێژوو، کۆمەڵناسی، ڕەخنەی ئەدەبی، زمانناسی، زانست و تەنانەت سیاسەتیش دەبێت. بێگومانیش هەر لە دەستپێکەوە تا ئەمڕۆ شوێنێکی بەرچاوی لەناو فەلسەفەدا داگیرکردووە، و هەر فەلسەفەیە و هەر سەردەمە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم بابەتەدا باوەڕ و ڕچەی جۆراوجۆر و لەویتر جیاوازی بۆخۆی هێناوەتە کایەوە.

هێرمێنۆیتیک لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا (1660- 1770) پەرەسەندێکی گەورەی بەخۆیەوە دیت و لەسەردەمی ڕۆمانتیکیشدا (1798- 1870) گەیشتە لووتکەی تۆکمەبوونی و پاشانیش لە سەردەستی مارتین هایدگەر (1889- 1976) شێوازێکی نوێی بە ناوی هێرمێنۆیتیکی بوونناسی (Ontological)ـەوە بەخۆیەوەگرت. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە هێرمێنۆیتیکدا دوو شێوازی سەرەکی، کلاسیک و مۆدێرن هەیە. هێرمێنۆیتیکی کلاسیک باوەڕی بە واتای

بنەڕەتی و کۆتایی دەق هەیە. بەو جۆرەی هەر دەقێک لە لایەن مرۆڤەوە نووسرابێت، واتایەکی هەیە کە نیاز و مەبەستی نووسەرەکەیەتی و ئەرکی لێکدانەوە و دیتنەوەی ئەو پەیامەیە کە نووسەر نیازیبووە بیگەیەنێ. بێگومان بۆ بەدەستهێنانی ئەمەش دەبێ تەواوی هەلومەرجە مێژووییەکانی سەردەمی نووسینی دەقەکە و شێوازی ژیانی تایبەتی نووسەر و تەواوی ڕووداوە سیاسی، کۆمەلایەتی، فەرهەنگی و ئابوورییەکانی ئەو سەردەمە ببینێتەوە. بە واتایەکی تر لێکدەرەوە بچێتە ناو قاڵبی نووسەرەوە و وایدابنێ کە خۆی ئەو دەقەی نووسیوە. ئیتر ئامانج جگە لە دینەوەی یەک ئەگەر و یەک واقیع، کە لە ئەنجامی بیرکردنەوەی نووسەرەکەیەوە هاتۆتەکایەوە، بەولاوە شتێکی تر نابێت. بەڵام لە لێکدانەوەی دەقە ئایینییەکان ووردتر بڵێین لە ئینجیلدا، ئەو باوەڕە زاڵبوو کە توانای مرۆڤ تەنیا بەسەر لێکدانەوەی واتا ڕواڵەتییەکاندا دەشکێت و لێکدانەوەی واتا ناوەڕۆکییەکان نە کاری مرۆڤە و نە لە تواناشیدا هەیە پێیبگات. ئەم بۆچوونە لە کۆمەڵگای ئیسلامیشدا زاڵبوو، و تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە. کەواتە کێشەی لێکدانەوەی دەقە ئایینییەکان تەنها کێشە ڕۆژئاوا نەبووە، بەڵکو لە ڕۆژهەڵاتیشدا یەکێک لە گرفتەکانی لێکدانەوەی قورئان بووە. لێکدانەوەی ڕابردوو بە تێگەیشتنی هاوچەرخ و پەیوەندی لەگەڵ گرفت و ئارەزووەکانی مرۆڤی هاوچەرخدا کێشەیەکی لەبننەهاتووە. هەربۆیە لە زۆر زووەوە ڕێباز و باوەڕی جیاواز لەمڕۆوە چ لە سەر بناغەی تایەفەگەری یان مەزهەب وەک: شیعەگەری، سۆفیگەری، ڕواڵەتگەری، ئەشعەری، موعتەزیلە... لەسەر ئاستی تاکەکەس سەریانهەڵداوە. هەندێک لەمانە لە دوو جەمسەری توندڕەوی دژبەیەکدا و ئەوانی تریش لە نێوان ئەم دوو جەمسەرەدا جێدەگرن. بۆ نموونە لە کاتێکدا ڕواڵەتگەرایان لەو باوەڕەدان کە تەنیا ڕواڵەتی دەقە قورئانیییەکان شیاوی لێکدانەوەن، موعتەزیلە، بە پێچەوانەوە سەرتاپای دەقە قورئانییەکان چ واتا ڕواڵەتییەکان و چ شاردراوەکان شیاوی لێکدانەوە دەبینن. هەروا ڕواڵەتگەرایان زمان بە یەکێک لە سیفەتەکانی خودا دەزانن و پێیانوایە کە زمان لە لایەن خوداوە بە مرۆڤ بەخشراوە. بەڵام موعتەزیلە زمان و توانای ئاخاوتن بە خەسڵەتی مرۆڤ دەزانن. یان لە حاڵێکدا ئەشعەرییەکان باوەڕیان بە ناسینی شەرع و وەحی و پەیامبەرێتی تێناپەڕێن، موعتەزیلە بە جۆرێک باوەڕیان بە عەقڵە کە پێیانوایە بەبێ بوونی (وەحی)ش عەقڵ لە توانایدایە پەی بە بوونی خودا و تواناکانی ببات. و عەقڵ بە بنەمای ناسین دەزانن «٣».

ئەم جیاوازی بیروبۆچوونە بەتایبەتی لەمەڕ لێکدانەوەی دەقە قورئانییەکان ئەو ئەنجامەی لێکەوتۆتەوە کە هەر لێکدانەوەیەک لە چوارچێوەی سنوورە باوەکە دەرچووبێ لەلایەن ئۆتۆریتەی ئایینەوە بە توندی ڕەتکراوەتەوە و خاوەنەکەی چ تاک بێت و چ گروپ و مەزهەب بە

کـافـر و مـورتەد نـاوبراون و فـەتوای زیندانیکردن و ئەشکەنجەدان تەنانەت کـوشتن و سووتاندنیان دراوە. موعتەزیلەکان، سۆفییەکی وەکو مەنسوری حەلاج، ئەحمەدی حەنبەل و پاشانیش تەها حوسەین. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا کەسانی وەک نەسر حامید ئەبوزەید، حەیدەر حەیدەر و لە کۆمەڵگای کوردەواری خۆشماندا عەبدولخالق مەعروف ئەو نموونانەن کە کەتوونەتە بەر وەها فەتوایەک.

بەڵام لە ئەورووپای دوای ڕێنیسـاس کـە سـەرتاپای ژیان و شـێوازی بیـرکـردنەوە گـۆڕانی بەسەرداهات، هێرمێنۆتیکیش بەشێکی لەم گۆڕانکارییە بەرکەوت. فەیلەسوفی هۆڵەندی باروخ سپیونزا بەو ئەنجامە گەیشت کە پیاوانی ئایینی بەو جۆرەی دڵیان دەخوازێت و لە بەرژەوەندی ئامانجەکانی خۆیاندا دەقە ئایینییەکان لێکدەدەنەوە و هەر لێکدانەوەیەکی تر بە تاوانی دژی خوا و شتە پیرۆزەکان مەحکومدەکەن. ئەم ڕەفتارەش ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی لەناوبردنی ئازادی بیـروبۆچوونی خـەڵکی و سـەپاندنی یەکجـۆر لێکدانەوە. بۆیە بەلای سپیونزاوە چۆن ناسینی سروشت لە خودی سروشتەوە بەدەستدێت، ناسین و دیتنەوەی واتاو پەیامی ئینجیلیش هەردەبێ لەخۆیەوە بێت. بۆیە لەبری ئەوەی خەڵکی گوێ لە پیاوانی ئایینی ڕابگرن داخۆ ئینجیل چییان پێدەڵێت، بۆخۆیان ئەم کارە بکەن و بە ئاسانیش لە توانایاندایە و «هەرکەس ئەو مافەی هەیە بۆخۆی داوەری بکات و بنەما ئایینییەکان لێکداتەوە و ڕوونبکاتەوە» (٤)

هەروا سپیونزا ئەو دابەشکردنەی هێرمێنۆیتیکش کە «واتای هەندێک دەق وەک دەقە ئایینییەکان بێ چەند و چۆن بەڕاستی دەگەن، لە حاڵێکدا مەرج نییە واتای هەر دەقێکی تر بە ڕاستی بگات« (٥) ڕەتکردەوە و پێیوایە کە هیچ دەقێک نییە وەک پێویستییەک واتایەکی ڕاستەقینەی هەبێت.

ئەم بۆچوونانەی سپیونزا کاریگەری زۆری لەسەر فەیلەسوف و بیریارانی هێرمێنۆیتیک پاش خۆی بەجێهێشت، بەجۆرێک کە هێرمێنۆیتیک لەسەردەستی شلایەرماخەر (1768-1832) لە بازنەی ئایین هاتەدەرەوە و وەک زانست یان هونەرێکی سەربەخۆ ناسرا؛ واتا، لەبری ئەوەی سەر بەزانستێکی تر بێت، بوو بە خاوەن چوارچێوە و یاسا و ڕێسای تایبەت بەخۆی. هەربۆیە لەلایەن زانایەکی هێرمێنۆیتیک دوای خۆیەوە (ئەگەرچی لە زۆر ڕووەوە لەگەڵیدا هاوبیریش نەبوون) بە باوکی هێرمێنۆیتیک ناسرا.

شلایەرماخەر جیاوازی گەورە لە نێوان دوو جۆر لێکدانەوە (لێکدانەوەی دەستووری) و (لێکدانەوەی هونەری) دادەنێت. ئەم جیاوازییەش لەوەدایە کە دەرکی هەر دەربڕینێکی گوفتاری یان نووسراو دوولایەنی جیاوازی تێدایە. یەکەمیان دەرکی ئەو دەبڕینەیە لە

پەیوەندی لەگەڵ سیستمی ژمانەوانیدا، یان دەتوانین بڵێین واتای ئەو دەبڕینە لەناو ئەو زمانەی لە کۆمەڵگادا بەکاردێت. ئەمەش ئەو لایەنەیە کە لێکدانەوەی دەستوری سەروکاری لەگەڵدا هەیە. بەڵام لایەنەکەی تر، وەک بەشێک لە ژیانی شەخسی لە ڕووی فیکری و دەروونی خاوەنەکەیەوە. ئەمەشیان سەروکاری لەگەڵ لێکدانەوەی هونەریدا هەیە. جالەبەر ئەوەی ئەمجۆرە لێکدانەوەیە سەروکاری لەگەڵ لایەنی فیکری و دەروونیدا هەیە بە لێکدانەوەی دروونناسیانەش ناودەبرێت.

بەڵام لێکدانەوەی هونەری تەنیا کاتێک دەتوانێت لەتوانادا دەبێت، کە داهێنەری دەق بۆ لێکدراوە ناسراو بێت. کە شلایەرماخەر هەر لە بناغەدا دژی هەر هەوڵێک بۆ ناسینی دەق لە ڕێگای ناسینی ژیانی داهێنەرەکەیەوە بوو، و بەکارێکی بێهودەی دەزانی و هەر لە پەیوەندی لەگەڵ ئەمەشدا هیچ باوەڕێکیشی بە نیاز و مەبەستی داهێنەری دەق نەبوو؛ بەڕادەیەک کە دەڵێت: «داهێنەر نەخۆی دەناسێت، نە نیازی کارەکەی خۆشی دەزانێت، بەڵکو ئەوە ناسینی لێکدەرەوەیە. ناسینی داهێنەر لەلایەن لێکدەرەوە چەندان جار لە ناسینی داهێنەر بۆخۆی زۆرترە.» (٦)

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا شلایەرماخەر وەک فەیلەسوفێکی پەیڕەوی هێرمێنۆیتیک کلاسیک باوەڕی بە واتای یەکەو کۆتایی دەق هەبوو، بە ڕادەیەک کە پێیوابوو هەر واژە و دەستەواژەیەک لەناو دەقدا یەک واتای هەیە. بۆیە دژی لێکدانەوەی جۆراوجۆری دەقێکی دیاریکراو بوو. دەربارەی پەیوەندی نێوان دەق و داهێنەر؛ ئەو پەیوەندییەی هەمیشە سەرنجی لێکدەرەوە بۆخۆی ڕادەکێشێت، شلایەرماخەر چەمکێکی سەرنجڕاکێشی هەیە کە بە ڕووالەت ناکۆکییەکی زۆری تێدایە. ئەویش ئەمەیە کە بۆ ناسینی گوفتاری مرۆڤ پێویستە مرۆڤەکە بناسین. بەڵام بۆ ناسینی خۆی پێویستە گوفتاری بناسین، ئەمەش ناودەنێت (بازنەی ناسین کە ئەمڕۆ بە (بازنەی هێرمێنۆیتیک ناودەبرێت. (٧) مەبەستی شلایەرماخەر لەمەدا ئەوەیە کە لە پرۆسەی لێکدانەوەدا دەق و داهێنەر لە پەیوەندی دانەبڕاو بەیەکەوە پێ بە پێ دەناسرێن و « هەر چرکەساتێکی بەرهەمی هونەری نیشانەی تەواوی ژیانی داهێنەرەکەی پێوەدیارە، نەک نیازی ئەو لە چرکەساتی داهێناندا» (٨).

شلایەرماخەر هێرمێنۆیتیک وەک زاست یان میتۆدێک قبوڵ نەبوو، بەڵکو پێیوایە کە هونەرەو بە (هونەری لێکدانەوە) ناویدەبات. پێگە بنەڕەتییەکەشی لەم زماندایە و هەر کارێکی لێکدانەوەش بە دوو هەنگاوی سەرەکی ناودەبات، یەکەمیان ناسینی واژە و دووەمیان واتاناسی (Samantics).

له گرنگیدان به ڕۆڵی زمان شلایەرماخەر تاکەکەس نییە، بەڵکو لە دوای ئەویش نیچە (1844-1900) زۆر زوو پەی بەو ڕۆڵە لە پەیوەندی لەگەڵ بیرکردنەوە، لێکدانەوە، ڕاستی، واقیع، بوون، بایەخ، ئەخلاق ... بردوو و لەم بارەیەوە دەڵێت: «ئێمە باوەڕمان بە عەقڵە، ئەمە لەگەڵ ئەوەشدا فەلسەفە چەمکگەلێکی خۆڵەمێشی (نە ڕەش نە سپی)یە. زمان پەیوەندی بە سادەترین پێشداوەرییەکانەوە هەیە. ئێمە ئێستا ناهاوئاهەنگی و پرسی ناخی شتەکان دەخوێنینەوە؛ ئەمەش چونکە بە تەنیا لە قاڵبی زماندا بیردەکەینەوە و لەمڕووەوە باوەڕمان بە (ڕاستی نەمر) بە (عەقڵ) {بۆ نموونە زەین، سیفەت و ...} هەیە. ئێمە بە زەحمەت دەتوانین گومان لەمەدا بکەین کە ئەم سنووردارێتییە، سنووردارتییەکی واقیعییانەیە. بیرکردنەوەی عاقڵانە بریتییە لە لێکدانەوەی سەر بنەمای پلانێک کە دەرچوون و سەرپێچیکردن لێی لە توانادا نەبێت» (٩).

نیچە تەواوی فەلسەفە و شێوازی لێکدانەوەی سەردەمی پێش خۆی دەخاتە بن هێرشی ڕەخنەی توند و لە کتێبی خواستی دەسەڵاتدا زۆر لە فەیلەسوفەکان بە سادەعەقڵ، نەخۆش، شێت، گەوجە ... ناودەبات و لێکدانەوەی ئایینی پیاوانی کڵێساش لەبن توانجی ڕەخنەی دەرباز نابن. ئەو دەڵێت: «هونەرەکانی پەیوەستەی خوێندنەوە و ڕەخنە چ سوودێکیان هەیە، تا ئەو کاتەی لێکدانەوەی کڵێسایی لەسەر پەرتووکی پیرۆز، چ لە جۆری پرۆتستانتی و چ کاتۆلیکی، هەروەک هەمیشە دادەتاشرێن» (١٠). بەڵام تۆبڵێی نیچە پێیوابێ دێرۆک لەوەوە دەستپێدەکات وابەشێک لە دیرۆکی پێش خۆی ڕەتدەکاتەوە! بێگومان نەخێر، بەڵکو ئەو پێیوایە مرۆڤی ئەمرۆیی تەمەن و ئەزمون و دیرۆکی سەرتاپای مرۆڤایەتی لەخۆیدەگرێت. ئەو ڕەخنەدەگرێت، بەڵام دابڕان لە دێرۆک ناخوازێت. دەنا هەوڵی لێکدانەوە و تێگەیشتنی ڕابردوو بەکەڵکی چیدێت؟ هەربۆیەش دەڵێت: «لە واقیعدا ڕەوتێکی هاوبەش بەگشت ئادەمیزادەکاندا ڕەتدەبێت» (١١).

بەڵام ئەو شێوازێکی تری بۆ لێکدانەوە دەخواست، و مەبەستی داهێنان و دیتنەوەی ڕەچە و ڕێگای نوێ بوو. ئەو نەک تەنیا مرۆڤێکی داهێنەری دەویست و ملکەچکردن و خۆبەدەستەوەدان و لاسایی و لاوازیی ڕەتدەکردەوە، بەڵکو دروستکردنی مرۆڤی بڵند و کامڵ و هەڵگری خەسڵەتە باشەکانی مرۆڤایەتی کاکڵی فەلسەفەی ئەون. لەم گۆشەنیگایەشەوە دەڵێت: «بۆ بناتنانی داهاتوو پێویستە لێکدانەوە کۆنەکان لەبیربکەین» (١٢). نیچە لەو باوەڕەدایە کە لێکدانەوەی هەڵەی واژەکانی ناو سیستمی زمان کاریگەرییەکی نێگەتیڤانەی قووڵ لەسەرتاپای بیروڕامان و فەلسەفەو لێکدانەوەی بەجێدەهێڵێت و دەڵێت: «بەلێکدانەوەی درۆییانەی واژەکان، هەلومەرجەکانی مەرگ، بۆ نموونە ترسی بەردەوام لە مەرگ، و (ترس لە

دوای مەرگ)مان لەگەڵ یەکدا لێتێکدەچێت»، پاشان لە پەراوێزدا دەنووسێت: «ئەم لێتێکچوونە تەنانەت لەناو فەیلەسوف و دەروونناسانیشدا باوە» (١٣).

لە مامەڵەکردن لەگەڵ چەمکە فەلسەفییەکاندا و بەتایبەتی چەمکی ڕاست (هەقیقەت)، نیچە بە قووڵی و بە بیرکردنەوەیەکی جیاواز هەوڵی دیتنەوەی وەڵا'ی پرسەکانی وەڵامی پرسەکانی لەمڕۆوە دەدات و لە حاڵێکدا کە بەلای پەیڕەوانی هێرمێنۆیتیکی کۆنەوە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی لێکدانەوە، دیتنەوەی ڕاستییەکانە؛ بەلای نیچەوە ئەمە کارێکی بێهوودەیە، بۆ ئەم مەبەستەش دەڵێت: «دەڵێن کە تەنیا ڕاستییەکان بوونیان هەیە، بەلاَ من دەڵێم نەخێر، ڕاستییەکان دروست ئەو شتانەن کە بوونیان نییە، بەڵکو ئەوەی کە هەیە لێکدانەوەکانن. ... واتایەک لە دەرەوەی لێکدانەوەدا بوونی نییە و واتاکان لە ژمارە نایەن» (١٤).

ئەگەرچی کاریگەری نیچە لەسەر شارەزایانی هێرمێنۆیتیک نکوڵی ناکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا نیچە وەک فەیلەسوفێکی هێرمێنۆیتیک نەناسرواە. ئەمەش نەک لەبەرئەوەی کارو چالاکییەکانی ئەو لەمڕووەوە بێبایەخن، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەو کارو چالاکیانە لە جیهانی هێرمێنۆیتیکدا سنووردارنەبوون. جگە لەمەش دانانی دەستوور و یاسا و ڕێسای تایبەت بە هێرمێنۆیتیک و دیتنەوەی چوارچێوەیەکی تایبەت بەخۆی بابەتی کارو چالاکی بیرکردنەوەی ئەو نەبوون.

بەڵام ویلیام دیلتای (1833-1911) کە قوتابی شلایەرماخەر بوو، هەر لەسەرەتاوە هەوڵی درێژەپێدانی ئەو ڕێبازەی دا کە شلایەرماخەر گرتبوویەبەر. دیلتای هەوڵیدا زانستە سروشتییەکان لەگەڵ زانستە مێژووییەکان جوێکاتەوە. زانایانی پێش ئەو وەک، ئوگوست کۆنت، ژان ستیوارت میل ... لەو باوەڕەدا بوون کە چۆن زانستە سروشتییەکان خاوەنی میتۆدی ئەزموونگەرین، پێویستە زانستە مرۆییەکانیش هەمان ڕێگا بگرنەبەر. ئەمەش تا لە دواکەوتوویی دەربازبن و بگەنە هاوشانی زانستە سروشتییەکان. بەڵام دیلتای جیاوازییەکی گەورەی لە نێوان دوو زانستی ناوبراو، بە تایبەتی لە بواری هێرمێنۆیتیکدا دەدیت، چونکی بابەتی زانستە مرۆییەکان بەرهەمی عەقڵی مرۆڤن، لە کاتێکدا بابەتی زانستە سروشتییەکان لە دەرەوەی عەقڵی مرۆڤن و لە خودی سروشتدان. بۆیە لە زناستە مرۆییەکاندا لە کاتی گەڕان بەدوای واتا و بایەخەکاندا دەبێ بۆ عەقڵی بکەرەکەی کە مرۆڤە، بگەڕێینەوە و هەرچی لەم چالاکییەشەوە بەدەستدێت پەیوەندی بە لێکەدەرەوە و ئاستی ئاگاداری و تێگەشتنی ئەو بە دانەر یان داهێنەرەوە هەیە؛ لە حاڵەتێکدا لە زانستە سروشتییەکاندا بە پێی میتۆد و یاساگەلێک هەڵسوکەوت دەکرێت کە لە هەر تاقیگا و شوێنێکدا هەمان ئەنجام بەدەستدەخرێت.

ئەم بۆچوونەی دیلتای یاخیبوونێکی گەورە لە دژی ڕەوتی فیکری سەردەمی خۆی بوو کە یاسا مرۆیی و سروشتییەکانی وەک یەک دەدیت.

فرێدریک ئێنگلس پێیوابوو کە دەکرێ لە مێژوودا بۆ یاسا فیزیکییەکان بگەڕەێین و بە یارمەتی نموونەگەلی زانستە سروشتییەکان یاساکانی دیالێکتیک بسەلمێنین. ئەم دیدە دوای کتێبە بەناوبانگەکەی (ئەنتی دۆهرنگ) بووە دیدگای ڕەسمی و میتۆدی کاری مارکسیستەکان. هەروا «مارکس بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی هەروەک پرۆسەیەکی مێژوویی سروشتی دەبینی» (١٥).

هێرمێنۆیتیک لە دیدی دیلتایەوە تەنیا دیتنەوەی واتای شتێکی پێشتر دیاریکراو و لە دەرەوەی بیری خوێنەر یان لێکدەرەوە نییە، بەڵکو لە نێوان نووسەر و خوێنەردا ئەزموونی ژیان هەیە کە ئەم دووانە پێکەوەگرێدەدات. مرۆڤ لە میانی ئەزموونەکانی ژیانییەوە لە خۆی و جیهانی دەوروبەری دەگات و لە خولقاندن و پەرەسەندندا بەردەوامدەبێت. بەڵام ئەویش وەک فەیلەسوفێکی سەر بە هێرمێنۆیتیکی کلاسیک واتای دەق و نیاز و مەبەستی نووسەرەکەی یەکێک دەدەیت و لەو باوەڕەدابوو کە لە ڕێگای لێکدانەوەوە دەکرێ جیهانی هزری نووسەر ببینرێتەوە.

لایەنێکی تری کاری دیلتای گرنگیدان بە هونەر بوو، بەجۆرێک کە لە ناو فەیلەسوفە کلاسیکییەکانی ئەڵمانیاسا لە مرووەوە بە زەقی دیاربوو. ئەو دەڵێت: «هیچ زانایەک ناتوانێ وەک هونەرمەند لە ناوەڕۆکی ژیان بدوێت و هیچ شێوازێکی تەکامولی زانستی ناتوانێ ئەم نێوەڕۆکە ڕوونکاتەوە» (١٦).

پێش ئەویش نیچە گوتبووی «من لە بناغەدا لەگەڵ هونەرمەندان هاوبیرم تا لەگەڵ فەیلەسوفێکدا؛ هێشتا ئەوان بۆنی ژیانیان بزرنەکردووە و شتەکانی ئەم جیهانە و هەستەکانی خۆیان خۆشوسیتووە» (١٧).

کاریگەری دیلتای لەسەر بیریارانی هێرمێنۆیتیکی پاش خۆی بە تایبەتی مارتین هایدگەر و گادامێر نکوڵی لێناکرێت. هەرچەندە ئەمانە لە زۆر ڕووەوە بیروباوەڕی دیلتایان ڕەتدەکردەوە. بەڵام لە گرنگیدان بە ڕۆڵی لێکدەرەوە و ئەزموونی ژیان لە پرۆسەی تێگەیشتن و ناسیندا، هەمووان لەسەری کۆکن.

هایدگەر، هەروەک دیلتای، دەیویست میتۆدێک بۆ لێکدانەوەی «بوون» ببینێتەوە. بۆئەمەش بەر لە هەرشت پەنای بۆ فەلسەفەی دیاردەناسی (فینۆمینۆلۆژیا)ی هوسرل برد. هوسرل باوەڕی بە ناسینی شتەکانە بەوجۆرەی کە هەن؛ وات ڕەتکردنەوەی هەر پێشداوەری و پێشنیاز و بڕیارێکی پێشوەخت. بەلای هوسرلەوە بۆ تێگەیشتن و ناسینی هەر شتێک،

پێویستیمان بە ناسینی خودی دیاردەکان هەیە، هەر بۆیەش ناوی لە فەلسەفەکەی ناوە «دیاردەناسی».

هایدگەر بە شێوازێکی خوڵقێنەرانە پەرەی بەم فەلسەفەیە دا؛ بەجۆرێک کە لە بواری هێرمێنۆیتیکدا ناوی مارتن هایدگەر و فەلسەفەی هێرمێنۆیتیکی دیاردەناسی بەیەکەوە دێن و دەستپێکی هێرمێنۆیتیکی نوێش هەر لەوێوە دەزانرێت.

بەگشتی ئامانجی فەلسەفەی هایدگەر دیتنەوەی وەڵامی ئەم پرسیارەیە: بوون چییە؟ ئەو جەخت لەسەر چییەتی بوون دەکات و بە هاوبەشبوونی دادەنێت. بوون لە جیهانی مندا پێویست بەوەدەکات ئەم بوونەی من لەگەڵ بوونی خەڵکانی تردا بێت. چییەتی قەڵەمێک لەوەدایە کە پێیبنووسرێت. واتا ئەگەر کاغەزێک یان هەر ڕوویەکی تر نەبێت کە پێی بنووسرێت، چییەتی خۆی (کە قەڵەمە) لەدەستدەدات. «سەرتاشێک بەبێ بوونی کەسێک کە سەری بتاشێت و دەرزییەکیش بەبێ داو و بێ قوماش کە بیدورێ، چییەتی خۆی لەدەستدەدات» (١٨).

هایدگەر لەو خاڵەدا لەگەڵ هوسرلی مامۆستایدا یەکدەگرێتەوە کە میتۆدی دیاردەناسی پشت بەو بنەمایە دەبەستێ کە لێیگەڕێین شتەکان بەو جۆرەی کە هەن خۆیان دەربخەن، نەک ئێمە چەمکەکانیان بەسەردا بسەپێنین. بە واتایەکی ڕوونتر ئێمە دەرک بە شتەکان ناکەین، بەڵکو ئەوە شتەکانن خۆیان بۆ ئێمە دەردەخەن یان وادەکەن دەرکیان پێبکەین. ئەمەش تەنیا لە ڕێگای زمانەوە دەبێت.

زمان تاکە بواری لێکدانەوە و تێگەیشتنە، هایدگەر لە تەواوی ژیانی فیکری خۆیدا زمانی بە خاڵێکی یەکجار گرنگ دەزانی، بەڵام ئەو زمانی تەنیا وەک کۆمەڵە واژە و هێمایەک نەدەدیت، بەڵکو تەواوی ئەو شتانەی بە هۆیانەوە وا ڕووندەبێتەوە. لەم گۆشەنیگایەشەوە دەڵێت: «مرۆڤ دەدوێت، ئێمە دەدوێین، کاتێک بێدارین یان لەخەوداین، دیسان دەدوێین، تەنانەت کاتێک کە هیچ واژەیەکیش بە زارماندا نایەت. ئەو کاتانەش کە گوێناگرین و نادوێین، بەڵکو خەریکی کارێکین یان حەساوینەوە، ئێمە بەردەوام بە شێوازێک دەدوێین، چونکە دوان سروشتی ئێمەیە لە ڕووی ویستێکی تایبەتەوە نییە کە دەدوێین، بەڵکو لەبەرئەوەی سروشتی ئێمەیە. دەڵێین مرۆڤ لە ڕووەک و گیانلەبەرانی تر جیاوازە، چونکە دەتوانێ بدوێت. ئەمە تەنیا بەم واتایە نییە کە مرۆڤ لە پاڵ تواناکانی تریدا توانای پەیڤینیشی هەیە، بەڵکو بەم واتایەیە کە توانای پەیڤین وا لە مرۆڤ دەکات مرۆڤ بێت. مرۆڤ تا ئەو کاتەی دەدوێت مرۆڤە. ئەمە حوکمی (ویلیام فۆن هومبلت)ە، کە ڕوونیدەکاتەوە مرۆڤ بەچی شتێک دەووترێت. زمان نزیکترین دڕواسێی مرۆڤە.» (١٩)

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە زمان تەنیا بەکارهێنانی قورگ یان نووسینی واژە و ڕستە و پەرەگراف نییە، بەڵکو پارچەیەک پانتۆمیم، تابلۆیەکی شێوەکاری، پەیکەرێک، پارچە مۆسیقایەک، فیلمە بێدەنگەکانی چارلی چاپلن، وێنەی فۆتۆگراف ... هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی زماندا جێدەگرن.

هەروا هایدگەر هیچ دەقێک وەک دەبڕی ناخی نووسەرەکەی نابینێت، بەڵکو وەک ئەزموونێکی بوونگەرایی تەماشایدەکات. بێگومان شیعریش هەروا. بەلای ئەوەوە شیعر تەنیا دەربڕی خۆیەتی، نەک شتێکی تر، و گەوهەری خۆی لە خۆیدایە. شیعر دەرکەوتنە لە ژیانی ڕۆژانە و چوونە بۆ ناو ژیانی بوونگەراییەوە «شیعر ناولێنانی بنچینەیی هەر شتێک و گەوهەری هەر شتێکە ... تەواوی ئەو شتانەی کە زمان درەنگ دەریاندەبڕێت شیعر زۆر زوو دەستیانپێدەکات». (٢٠)

بەلای هایدگەرەوە بابەتی بنەڕەتی فەلسەفە، لێکدانەوەی بوونە. هەر بۆیەش ئەو دیاردەناسی لە گەوهەری هێرمێنۆتیکدا دبینییەوە.

یەک لە قوتابیانی هایدگەر کە وەک یەکێک لە درێژەپێدانی ڕێبازەکەی و یەکێک لە ناودارانی هێرمێنۆتیک دەژمێردرێت (هانز گیۆرگ گادامێر)ە. گادامێر هەر لە سەرەتاوە جەختی لەسەر ڕۆڵی زمان و پەیوەندی زانستە سروشتی و مرۆییەکانی بە هێرمێنۆتیکەوە کرد، و کرنگی ئەو ڕۆڵەشی تەنیا لە ئەدەبیات و زانستە مرۆییەکاندا نەدەدیت، بەڵکو لە زانستە سروشتییەکاندا و بە تایبەتی ماتماتیک و فیزیک. ئەو دەڵێت «هەندێک لە فیزیکییەکان ئاماژەیان بە گرنگی زمانی دایک، بەوەی کە بنکەی هەموو ڕێککەوتنێکە (Abkommen) کردووە. ئەمە بەسەر سمبولە دەستکردەکانیشدا تەتبیق دەکرێت.» (٢١)

فیزیکی ناودار (تۆماس کوهن) Thomas Kuhn لە وتارێکدا بە ناوی «شۆڕشی زانستی چییە؟» بابەتێک دەگێڕێتەوە کە ڕاستی بۆچوونەکەی گادامێر دەسەلمێنێت. ئەو لە کاتێک لە ساڵی ١٩٤٧دا قوتابی زانستگا بووە، ناوبانگی ئەرستۆی لە بواری میکانیک و کاریگەری ئەو لەسەر گالیلێ و نیوتن بیستووە و ویستویەتی لە نزیکەوە دیراسەی بەرهەمەکانی ئەرستۆ لەم بارەیەوە بکات. ئەو بە ئاکامێکی سەیر دەگات و دەڵێت: « بە خێرایی بۆم دەرکەوت کە ئەرستۆ لە بواری میکانیکدا شتێکی ئەوتۆی نەدیتۆتەوە و دیتنەوەی هەموو شتەکانی بۆ نەفشەکانی پاش خۆی بەجێهێشتووە.» (٢٢) کۆهن سەرەڕای ئەمە ئاکامێکی دیکە بەدەستدەخات کە « ئەرستۆ نەک تەنیا لە میکانیک بە تەواوی بێئاگا و نەشارەزا بووە، بەڵکو فیزیکییەکی زۆر خراپیش بووە. (٢٣) بەڵام ئەو مل بۆ ئەم ئاکامە کەچ ناکات و باوەڕناکات ئەرستۆیەک بەم هەموو ناوبانگەوە هێندە نەزان بێت و دەڵێت: «لە خۆم پرسی نەکا هەڵە

لەخـۆم بێت، نـەوەک ئەرسـتـۆ. ڕەنگە واژەکـانی بـۆخـۆی و هـاوچـەرخـانی واتـایەکی دیکـەیان هـەبووبـێ، تا بۆ من و هـاوچەرخـانم». بەمـجـۆرە دوای هـەوڵوتەقـەلایەکی زۆر سـەرئـەنجـام بە ئاکـامـێکی تری تـەواو پێچـەوانەی ئەوەی یەکـەمـجار دەگـات و بۆی دەردەکـەوێ کـە ئەرسـتـۆ فـیـزیکدانێکی یەکجـار شـارەزا و زانا بووە و گرفتی کارەکە لە زمـان و شـێوازی لێکدانەوەی خـۆیدا بووە. بۆ نموونە «کاتێک واژەی (جوڵـە) لە فـیـزیکی ئەرسـتـۆییدا بەکـاردێت، دەلالەت لە گـۆڕان بە شێوەیەکی گشتی، نەک تەنیا جێگۆڕگێی شتێک دەکات» (٢٤). ئەمە و کوهن گەلێک نموونـەی تر کـە پەیوەندی بـە زمـانەوە هـەیە و ئـاکـامی لێکدانەوەی دیاریدەکـات، دەهێنێـتـەوە. ئەمـە تەنیا نموونەیەکە لە گرنگی ڕۆڵی زمـان لە زانسـتە سروشـتـییەکاندا و ڕاسـتی قسـەکەی گادامێریش دەسەلمێنێت.

گادامێـر دەیخـواست سنووری نێوان دوو جۆر زانسـتی ئاماژەپێکراو لابەرێت، بەڵام نـەک بـەو جـۆرەی دیلـتـای مەبەسـتی بوو. واتا دانانی مـیـتۆد و یاسـا و ڕێسـایەک بۆ زانسـتە مرۆیـیـەکان و هـەر بەوجـۆرەی لـە زانسـتـە سـروشـتـیـیـەکاندا هـەیە. گـادامـێـر ئەرکی لابـردنی ئەو سنوورەش دەخـاتە ئەستـۆی فـەلسـەفـە و دەڵێت: «پێمـوایە ئـەمـڕۆ ڕۆڵی فـەلسـەفە بەدیهـێنانی زەمـینەیەکی هـاوبەشـە کـە گـشت ئـەو ڕەوت و بیـروبۆچوونە جـۆراوجـۆرانەی لـە باس و لێکۆڵیـنەوەکـاندان بگرێتـەخۆ. بەمـجۆرە نـاکـۆکی کـۆنی نێـوان زانسـتـە سـروشـتـی و مـرۆیـیـەکـان لەناودەچێت و گفتوگۆ دەربارەی جیاوازی میتۆدەکان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەبێتە شتێکی بێسوود.» (٢٥)

لـە لێکدانەوەی بـەرهـەمـــە ئەدەبی و هـونەرییـــەکـــاندا گـــادامـــێـــر بە تـوندی توانـای (دووبارەکـردنەوەی کـاری بەرهـەمـهـێنەر) کـە لە چەمکی (عـەبقـەرییـەتی هـاوبەش)ـەوە کـە چەمکێکی تەوەرەیی و بنەڕەتی دیدی ڕۆمـانسـیـیـەکـان بوو، ڕەتدەکاتـەوە. لەمـەشـەوە پەنا بۆ بیـروڕای کانت دەباتـەوە، کە پێـۆوایە «هـەر بەرهـەمـێکی ئەدەبی عـەبقـەرییـەت پێکدەهـێنێت و بەجۆرێک لە چەمکی عەبقەرییـەت دەگەین کە بە واتای مەحـاڵبـوونی لاساییکردنەوەی (خـاوەن بەرهـەم) و دووبارەکردنەوەی کاری بەرهـەمهێنان» (٢٦).

هـەربۆیە گادامێر لە لێکدانەوەی شیعریشدا هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئاسۆی ڕاستەقینەی شاعیر و دووبارەبنیاتنانەوەی توانا تایبەتییەکان بە کارێکی خەیاڵی دەزانێت. چونکە کارێکی وا لە ئاستی کـاری خودی شاعیرەکە، واتا شیعـرنووسیندا دەبینێت. ئەمـەش کارێکی دوور لە ڕاستییە و «ئەگەر کاری شیعرنووسین ئاسان بووایە، هەموومان دەبووین بە شاعیر.» (٢٧)

لە ئەنجـامی هـەمـوو ئەمـانەدا گـادامـێـر بەو ئاکامـە دەگات کە هـەمـیشـە مـەودایەک لە نێوان نووسـەری دەق و خـوێنەردا دەمێنێتـەوە، کە ناتوانرێ پڕبکرێتەوە. هـەربـۆیەش گرنگی بەرهـەمی هونەری هیچکات کۆتایینایەت. (ئەدۆرنۆ)ش لەم بارەیەوە دەڵێت: «لەبەرهـەمـی ئەدەبیدا ووتەی

کۆتایی بوونی نییە.» (٢٨) هەر لەم ڕوانگەیەشەوە گادامێر هێرمێنۆیتیک بە بابەت یان تیۆرییەکی ڕەها نازانێت، بەڵکو شتێک کە لە ڕێگای ئەزموونەوە دەناسرێت.

بۆیە زۆر جەخت لەسەر چەمکی گومان دەکاتەوە، بەجۆرێک کە هەموو ڕاستییەک گومان هەڵدەگرێت و ڕاستیش تەنیا لە دیالۆگی نێوان دوو ئاسۆی واتایی جیاواز (سەردەمی بەرهەمهێنان و سەردەمی خوێندنەوەی دەق)دا دەدیرێتەوە و «مەعریفە بەردەوام پرۆسەی لەگەڵ یەک ئاوێتەبوونی ئەم ئاسۆیانەیە کە وا دێنە بەرچاوان، سەربەخۆ و جیالەیەکتر هەبن». (٢٩)

تەوەرەی بنەڕەتی فەلسەفەی گادامێر لە بواری لێکدانەوەدا بریتییە لە کێشەی «تێگەیشتن»، چونکە بەبێ تێگەیشتن لێکدانەوەش لەتوانادا نابێت. لێکدانەوە بە شێوەیەکی سادە بریتییە لە تێگەیشتن و ناسینی دەلالەتی دەق و دەربڕینەوەی ئەو تێگەیشتن و دەلالەتە بە زمانێکی تری تایبەت بەخۆ (نەک نووسەری دەق). یەک لەو ڕێگا و شوێنە گرنگانەش بۆ لێکدانەوە بەلای ئەوەوە وەرگێڕانە، «چونکە وەرگێڕان تەنیا ناچاری پەیداکردنی واژەی گونجاومان ناکات، بەڵکو دووبارەبنیاتنانەوە و پێکهێنانی واتای ڕاستەقینەی دەقیش لەناو ئاسۆیەکی زمانەوانی تەواو نوێدا. وەرگێڕانی ڕاستەقینە هەمیشە ئەو تێگەیشتنە دەخوازێت کە هەوڵی لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی دەدەین». (٣٠)

بیروبۆچوونەکانی گادامێر دەربارەی هێرمێنۆیتیک لەلایەن گەلێک لە فەیلەسوف و شارەزایانی هێرمێنۆیتیکەوە هەڵسەنگێنراوە و ڕەخنەی لێگیراوە؛ بەتایبەتی لەلایەن ڕیچارد بێرنشتاین و یورگن هابەرماس پەیڕەوانی تری قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە. هەرچەندە هابەرماس لە زۆر لایەنەوە لەگەڵ بۆچوونەکانی گادامێردا بوو، لەگەڵ ئەمەشدا پێیوایە کە گادامێر لە پرۆسەی دیالۆگی نێوان دوو ئاسۆی واتاییدا لە بری ئەوەی لەگەڵ ئاسۆی نەریتی (کۆن یان سەردەمی نووسینی دەق)دا بکەوێتەوە دیالۆگەوە، خۆی بەدەستەوەدەدات. بەمجۆرە ئیعتیباری هەر جۆرە لێکدانەوەیەک کەمدەبێتەوە. پەیڕەوانی قوتابخانەی فرانکفۆرت (کە لەسەردەستی ماکس هۆرهایمەر و هاوڕێکانی بناغەڕێژدەکرێت) تیۆری ڕەخنەگرانە دەخەنەپێش هێرمێنۆیتیک. ئەمەش لەو نیگایەوە سەرچاوەدەگرێت کە گوایە تیۆری ڕەخنەگرانە بەبێ هیچ گومانێک تیۆرییەکی مۆدێرنە، لە حاڵێکدا هێرمێنۆیتیک، لەبرئەوەی خاوەنی دەربڕینێکی بێ چەندوچوون (جەزمی) و بەواتایەکی دی نەریتییە، کەواتە هەڵەیە. هەروا پەیڕەوانی تیۆری ڕەخنەگرانە خوازیاری ڕاکێشانی هێرمێنۆیتیک بوون بۆ قەڵەمڕەوێکی تر، واتا سیاسەت. ئەوان لە دیدێکی مارکسییانەوە وایان دەبینی کە لێکدانەوەی جیهان بەس نییە، بەڵکو خوازیاری گۆڕینی ئەو جیهانەش بوون. بەلای ئەوانەوە «گرفت»

دەرک بە جیهانکردن نییە، بەڵکو گۆڕینێتی» (٣١) گومانی تێدا نییە کە مێژوو سەلماندی جیهان بەو جۆرەی مارکس دەیخواست، نەگۆڕا.

دیک هاوارد (Dick Howard) لە ووتارێکی تایبەتدا بە ناوی هێرمێنۆیتیک و تیۆری ڕەخنەگرانە دەربارەی ئەو ڕەخنە سیاسییانەی ئاڕاستەی گادامێر کراونەتەوە دەڵێت: «ڕەخنەی سیاسی بێرنشتاین لەسەر دید و بۆچوونەکانی گادامێر ڕاست و لۆژیکین. گادامێر لە ڕووی سیاسییەوە کەسێکی خاوەن بێئەزموونە ... بەڵام پێویست نییە وەک فەیلەسوفێکی سیاسی لەگەڵ ئەودا ڕەفتاربکەین». (٣٢)

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا بەلای گادامێرەوە هەر مەبەستێک لە کاری لێکدانەودا هەبێت و هەر میتۆد و ڕێبازێک بگردرێتەبەر، هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ناسینی (ڕاستی) دەق کارێکی بێهوودەیە، چونکە ڕاستی دەق هەر لە بناغەدا شیاوی ناسین و دیتنەوە نییە و هیچ دەقێکی هونەری خاوەنی ڕاستییەکی کۆتایی و بێچەندوچوون نییە و هەر لێکدانەوەیەک بەرفراوانکەرەوەی ئاسۆی دەلالەتی واتایی بەرهەمە و هیچ لێکدانەوەیەک وەک ووتەیەکی کۆتایی نییە.

بەڵام لە بەرامبەر هێرمێنۆیتیکی گادامێردا گەلێک لە فەیلەفوفانی تر بە دیدوبۆچوونێکی جیاواز و هەندێک جار سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆ هێرمێنۆیتیکی کلاسیکەوە هاتنە ناو ئەم گۆڕەپانەوە. لە هەموو ئەمانەش ناودارتر (هرش) لە ئەمریکاو پۆل ڕیکۆر لە فەرەنسا. هرش لە کتێبەلەیدا (Validity Interpration)دا سەرسەختانە داکۆکی لە تیۆرییە کلاسیکییەکانی هێرمێنۆیتیک دەکات و جارێکی تر دەگەڕێتەوە سەر جەختکردن لەسەر (نیاز و مەبەستی نووسەر)، کە بە کاڵکی هێرمێنۆیتیکی کلاسیک دەژمێردرێت. ئەو ئەم نیاز و مەبەستە بنەڕەتییە بە ئەڵقەیەکی وونبوو دەزانێت و واتای هەر دەقێکیش بە دیتنەوەی ئەم ئەڵقەیە وونبووە دەزانێت و هەر دەقێکیش وەک شتێکی نەگۆڕ و چەسپاو هەڵدەسەنگێنێت. بەلای ئەوەوە لە هەر دەقێکدا دوو بواری بنەڕەتی هەن. یەکەم: واتا و دووەم: دەلالەت. واتا، ئەو شتەیە کە هیچکات گۆڕانی بەسەردا نایەت و نیاز و مەبەستی نووسەرەکەیەتی، بەڵام ئەوەی کە بە پێی کات و شوێن و گۆڕانی بەسەردادێت، دەلالەتی دەقە. لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم دوو بوارەشدا کاری ڕەخنەی ئەدەبی لەگەڵ لێکدانەوەدا تەواو جوێدەکاتەوە. کاری دیتنەوەی واتا بە ئەرکی لێکدانەوە و دیتنەوەی دەلالەتیش بە ئەرکی ڕەخنەی ئەدەبی دەزانێت.

بە بڕوای هرش جیاوازی چەند جۆر لێکدانەوەش بۆ دەقێک هێندە گرنگ نییە، چونکە هەر چۆن لە زانستدا گریمانە و تێگەیشتنی جیاواز لە کۆتاییدا بە یەک یاسا دەگەن، لێکدانەوە جیاوازەکانیش لە ئەنجامدا لەیەک واتادا یەکدەگرنەوە. ئەو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەقدا چوار

ڕێگا دەستنیشاندەكات و پێیوایە هەڵەیەكی گەورەیە كە هەر یەكێك لەم چوارە لە جیاتی ئەوی تر بەكاربێت و دەڵێت: «لە هەر دەقێكی ئەدەبیدا چوار كاركرد هەن: ناسین، لێكدانەوە، نرخاندن و ڕەخنە، كە بە ڕاستی جوێكردنەوەی ئەمانە لەیەكتر چەندە پێویستە، هێندەش كارێكی زەحمەتە.» (٣٣)

(لیۆ شتراوس)یش لە تیۆرییەكەی خۆی دەربارەی لێكدانەوە، هەرچەندە لە زۆر بوار و لایەندا لەدژی تیۆرییەكەی (هرش)دایە، بەڵام لە باوەڕهێنان بە واتای كۆتایی دەق لەگەڵ ئەودا یەكدەگرێتەوە. شتراوس هەر وەك هرش لایەنگری سەرسەختی تیۆری كلاسیكە. لە لێكدانەوەی گوتەی مرۆڤێكی تردا پێیوایە دوو چركەساتی لەیەكجیاواز هەن: لێكدانەوە و وەسفكردن. لێكدانەوە ئەو ئامرازەیە بە هۆیەوە نیازی بێژەرەكەی دەبینینەوە، بەڵام وەسفكردن كۆششێكە بۆ تێگەیشتنی ئەو خاڵەیە كە هاندەر و هۆكار (Motive)ی ئەو چی بووە.

بەڵام فەیلەسوف و ئەدیبی فەرانسەوی (پۆل ڕیكۆر) لە دەرگایەكی ترەوە دێتە ناو جیهانی هێرمێنۆیتیكەوە. ئەو لە ڕەخنەی خۆی لە ساختارگەرایانەوە دەستپێدەكات و تێگەیشتنی ساختارگەرایانە لە زمان بەو پێیەی زمان سیستمێكی داخراوی پەیوەندیگەلێكی ناوەكی كە دەلالەت لە هیچ شتێكی دەرەوەی خۆی ناكات، ڕەتدەكاتەوە. ئەو دەق بەو جۆرە نابینێت كە لە كۆمەڵە واژە و ڕستەیەك پێكهاتبێت، بەڵكو وەك ساختارێكی تۆكمە و تەواو كە خاوەن سەربەخۆیی و لە هەمان كاتدا وابەستەی گوفتاری دەدیت. بەمجۆرە بەلای ڕیكۆرەوە دەق «تۆماركردنی هەر جۆرە گوفتارێك لە نووسراودا»یە (٣٤). كەواتە بە پێی ئەم بۆچوونەی ڕێكۆر پارچە مۆسیقایەك پێشئەوەی وەك نۆتە بنووسرێتەوە، یان شیعرێك كە لەبەردەخوێندرێتەوە و لەسەر كاغەز نەنووسراوەتەوە بەدەق ناژمێردرێن. جگە لەمانەش ئەوەی لە بیرو فەلسەفەی ڕیكۆردا زۆر دیارە و بە كاكڵی ئەو فەلسەفەیە دەژمێردرێت، ئیستیعارەیە (Metaphor) ئەمەش لەوەوە هاتووە كە كاروچالاكییەكانی مرۆڤ هەریەك چەند واتایان هەیە. بەم پێیەش هەریەكەیان بنەمایەكی ئیستیعارەییان هەیە. هەروا بەلای ڕیكۆرەوە ئیستیعارە ئەو شتانە دەردەبڕێت كە بە شێوازی تر شیاوی دەربڕین نین و كاری بنەڕەتی ئیستیعارە «هێنانی لایەنگەلێكی ژیانە بۆ ناو زمان. ئیستیعارە ئەو ووزەیەیە كە بە هۆیەوە دەتوانرێ واقیع سازبكرێت». (٣٥)

هەچەندە ڕیكۆر گرنگی زۆر بۆ پەیوەندی دەق بە دانەرەكەیەوە دادەنێت، بەڵام لە هەمان كاتدا لە ڕووی واتاو دەق وەك شتێكی سەربەخۆ نیاز و مەبەستی نووسەرەكەی دەناسێ.

بەلای ئەوەوە نیازومەبەستی نووسەر چی دەبێ با ببێ، کاری لێکدەرەوە دیتنەوەی واتا شاردراوەکانی ئەو دەقەیە.

ڕیکۆر هەروەک گادامێر وەگێڕان بەیەکێک لە شێوازەکانی لێکدانەوە و کاری دووبارەکردنەوەی خوڵقاندن و داهێنان دادەنێت، بەلام وەک دەردەکەوێت ئەو لە نێوان نووسین، لێکدانەوە، ڕەخنە، هەڵسەنگاندن، وەرگێڕان و خوێندنەوەدا پلەبەندییەک دادەنێت و پێیوایە کە «تەنها وەرگێڕ دەتوانێ ئەو شتەی دەق دەریدەبڕێت بخاتە ناو زمانەوە، واتا زمانێک دەبینێتەوە کە نەک تەنها زمانی خۆی نییە، بەڵکو زمانێکی گونجاو لەگەڵ دەقە بنەڕەتییەکەدایە و تەنها ئەوە بە کردەوە دەتوانێ خوڵقاندن دووبارەبکاتەوە. دووبارەکردنەوەی خوڵقاندن، یان ئەرکی وەرگێڕ لە ڕووی چلۆناتییەوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەرکی گشتی لێکدانەوەی هەر دەقێکی تردا نییە و جیاوازییەکە تەنیا لە پلەدایە». (٣٦)

ڕیکۆر لە بابەتی لێکدانەوەدا لایەنێکی زۆر گرنگ و دەروونناسییانە دێنێتە ئاراوە، ئەویش لێکدانەوەی مرۆڤە بۆخۆی. واتا ئەوەی لێکدەرەوە لە پەیوەندی لەگەڵ دەقێکدا و لە پرۆسەی لێکدانەوەدا بەدەستیدەهێنێت لە لێکدانەوەی سوبژێکتی خۆی جوێناکرێتەوە و ئەو لێکدانەوەیەی بەرهەمیدەهێنێت ڕەنگدانەوەی ئەزموونەکانی ژیانی خۆی و ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنیەتی و لە هەمان کاتیشدا دارشتنەوەی سەرلەنوێی ئەم ئاستەیە. بەواتایەکی دیکە دەتوانین بچێین لێکدەرەوە لە ڕێگای دەقەوە بە قووڵایی خۆیدا دەچێتەخوارێ دەکەوێتە لێکدانەوەی خۆی و لە ڕێگای خۆشییەوە بەقووڵایی دەقدا شۆڕدەبێتەوە و سەرئەنجام سوبژێکتێکی نوێ و دەقێکی نوێی کاریگەر لەسەریەکتر دێنێتەئاراوە. «لێکدانەوەی دەق لە ناو لێکدانەوەی (سوبژێکت)ێکدا کە لێکدەرەوەی سوبژێکتی خۆیەتی، کامڵدەبێت. ئەم سوبژێکتە هەر لەدەستپێکردن بە لێکدانەوەی دەقەوە پێبەپێ بەرەو سەر شێوەیەکی باشتر و جیاواز تێگەیشتن لە سوبژێکتی خۆی دەستپێدەخات». (٣٧)

* * *

لە دوان و نووسین دەربارەی هێرمێنۆیتیک، زەحمەتە بەرلەوەی ئاماژە بە ڕۆڵ و کاریگەری فەیلەسوفێکی تر کە کاروچالاکی ئەو لە گۆڕەپانی زمانناسیدایە بکەین، بە ئاکامێکی باش بگەین، کە ئەویش (لودڤیگ ڤیتگنشتاین)ـە لە بواری هێرمێنۆیتیکدا نەبووەو هیچکات خۆی خەریکی لێکدانەوە نەکردووە، بەلام ئەو بیروبۆچوونانەی ئەو لە بواری زماندا و ئەو ئەنجامەی ئەو بەدەستیهێنان کاریگەری زۆریان لەسەر فەلسەفەو ئەدەبیاتی سەردەم و دوای خۆی دانا.

ئەو سەرنجی خۆی بە شێوازەکانی بەکارهێنانی زمان و ڕەهەند و سنووری ئەو بەکارهێنانە و پەیوەندی و کاریگەری بەسەر نووسین و تێگەیشتن و بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا. جا هەر لە فەلسەفە و ئەدەبیاتەوە بگرە تا دەگاتە کۆمەڵناسی زانستە سروشتییەکان و زانستە سیاسییەکان و ... هتد. ڤیتگنشتاین واژە و زمان هەروەک سندوقێک کەلوپەل و ئامرازی وەک (چەکوش، ئیسپانە، پلاییس، مشار، ڕاستە، جەڕبادەر، قووتوی چەسپ، بزمار و جەڕ ...) (٣٨) دەبینێت. ئەو مەبەستی لەم نموونەیە ئەوەیە کە چۆن ئەم کلوپەلانە لە پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر و لە بەکارهێناندا سنووریان نییە، هەرئاوا لە پەیوەندی واژەکانیشدا لەگەڵ یەکتر و ڕەهەند و سنووری بەکارهێناندا بێ کۆتایین. گادامێر کە پێشتر دەربارەی دواین، کە هاوچەرخی ڤیتگیشتیانە، ئەم تێڕوانینە کە زمان وەک کەلوپەل و ئامراز سەیربکرێت کە بە هۆیەوە جیهانی پێبناسین و فێربوونی زمان شێوازێکی سوودوەرگرتن لە ئامرازێکی تایبەت نییە، بەڵکو بناغەی ناسینی شتەنەناسراوەکانە. جیاوازی گەورەی نێوان واژەکانی زمان و ئامرازی لەوەدادەدیت کە «چییەتی ئامراز جگە لەوەی دوای سوودوەرگرتن لێی وەلای دەنێین، شتێکی تر نییە. لە کاتێکدا ناتوانین کارێکی وا بە وازەکانی زمان بکەین» (٣٩).

بەڵام بێگومان وێکچواندنەکەی ڤیتگنشتاینیش هێندە وشک و دەقاودەق نییە، بەڵکو تەنها باسی نموونەیە بۆ ئاسانکردنی دەربڕین و تێگەیشتن. تەنانەت ئەوەی ڤیتگنشتاین باسی لێوەدەکات ڕاستییەکە نەک تەنیا واژەو زمان، بەڵکو لە پەیوەندی ڕەنگەکان لە شێوەکاری و نۆت و دروستکردنی ئاواز لە مۆسیقادا و بە گشتی تەواوی بوارەکانی ئەدەب و هونەریش دەگرێتەوە.

ڤیتگنشتاین شێوازە جۆرەجۆرەکانی زمان و بەکارهێنانی ڕستە و واژە و بوونی یاسا و ڕێسایەک بۆ هەر زمانێک بە یاری زمانەوانی ناودەبات و هەر بە یارییە وەرزشییە ئاساییەکانی دەچوێنێت؛ و چۆن ئەو یارییانە هەریەک ڕێگا و ئوسوڵی تایبەت بە خۆیان هەیە، لە زمانیشدا هەروەها. چۆن شێوازو جۆراوجۆری یارییەکان سنووریان نییە و مرۆڤ هەرکات دەتوانێت یارییەک کە لە یارییەکانی تر جیاواز بێت، دابهێنێ، لە زمانیشدا هەروا. جەختیش لەسەرئەوەدەکاتەوە کە زمان هونەرێکی کۆمەڵایەتییە و واتای هەر واژەیەک بە پێی نموونە و بنەمایەک کە ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتی لەسەر بەکارهێنانی هەیە، سوودی لێوەردەگیرێت. ئەو دەڵێ «واتای هەر واژەیەک بریتییە لە سوودوەرگتن و بەکارهێنانی ئەو واژەیە لە زماندا» (٤٠) کە ئەمانەش هەموو بە شێوەیەکی سروشتی بەدیهاتوون و بە پێی نیازو پێویستییەکانی مرۆڤ چەسپاون.

ڤیتگنشتاین لە ڕێگای لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵ و کاریگەری و بەکارهێنانی زمانەوە ڕەخنە لە فەلسەفەی نەریتیش دەگرێت و بە تیۆری درۆنە ناویدەبات و بە باوەڕی ئەو ئامانجی ڕاستەقینەی فەلسەفە ڕوونکردنەوەی چۆنێتی سوودوەرگرتن و بەکارهێنانی هەڵە و لێکدانەوەی چەوتی زمانەوانییەوە بەدیاردەکەون، لەناوببەین و فەلسەفە «پرسەکان لە ڕێگای خستنەڕووی زانیاری تازەوە چارەسەر ناکات، بەڵکو بە ڕێکوپێککردنی ئەو شتانەی کە هەمیشە زانیومانن» (٤١).

ڤیتگنشتاین واتا و لێکدانەوە لەیەک جیادەکاتەوە و دەڵێت «لێکدانەوەکان بە تەنها دیاریکەری واتانین» (٤٢) ئەمەش چونکە واتا ملکەچی یاسا و ڕێسایەکی گشتییە نەک تایبەتی. لە کاتێکدا لێکدانەوە کارێکی هونەرییە بەڵام نەک بەشێوەیەکی ڕەها. لێکدانەوە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتیشی هەیە کە لە ڕێگای زمانەوە بەئەنجامدەگات. زمانیش چییەتیەکی کۆمەڵایەتی هەیە. هەربۆیەش ئەو جیاوازی تواناو لێهاتوویی لە لێکدانەوەدا بە پەروەردە و خوونەریتەوە دەبەستێتەوە.

ڤیتگنشتیان لە کتێبی (دەربارەی ڕەنگەکان) کە لە ساڵی ١٩٧٧دا، واتا پاش مردنی بۆ یەکمین جار بە زمانی ئەڵمانی لە چاپدرا، لە ڕگای باسکردن لە ڕەنگەکان، پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا، کاڵی و تۆخی، ڕەنگە بنەڕەتییەکان و ڕەنگە تێکەڵەکان، ئەگەر و شێوازی دیتنی ڕەنگەکان، ڕووناکی و تاریکی ... باس لە یارییە زمانەوانییەکان دەکات و جەخت لەسەر جیاوازی تێگەیشتنی واتا و جیاوازی هەستکرتن و دیتن و بیستن دەکات، بە مانایەکی تر ئەو جیاوازی لە لێکدانەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەکات و دەڵێت: « چ بەڵگەیەک بەدەستدەخەین لەوەی سەوز (ڕەنگێکی بنەڕەتی) نەک تێکەڵ لە زەردو شین ببینین. ئایا ئەم وتەیە ڕاستە کە ـ تەنیا لە ڕوانینێکی بێ میانجییەوە بۆ ڕەنگەکان ئەمە دەڕانرێ ـ بەڵام چۆن بزانم کە مەبەستی من لە (ڕەنگی بنەڕەتی) هەمان ئەو شتەیە کە کەسێکی تر لەسەر ئەم بنەمایە سەوز وەک ڕەنگێکی بنەڕەتی ناودەبات؟ نەخێر! لێرەدا یارییە زمانەوانییەکان بڕیاردەدەن.» (٤٣)

هەروا دەڵێت: «ئایا دەتوانین تەسەوربکەین کە تەواوی ئەو شتانەی ئێمە بە(سپی)یان کەسێک بە (ڕەش)یان نابینێ، یان بە پێچەوانەوە». (٤٤)

ڤیتگنشتاین لەگەڵ ئەو بیروڕایەدایە کە جیاوازی لە نێوان زانستە سروشتی و مرۆییەکان دادەنێت. ئەمەش چونکە زانستەکانی لە جۆری ماتماتیک و میکانیک کەمتر گومان هەڵدەگرن و بوار بۆ لێکدانەوەی جۆراوجۆر لەئارادا نییە. بەڵام لە لاێکدانەوەی دەقێکی ئەدەبی یان هونەری، بە گشتی بابەتە مرۆییەکاندا، وەک تەماشاکردنی وێنەیەکی سێ ڕەهەندییە کە بە

دیواردا هەڵواسرابێت و بتوانرێ بەشێوازی جۆراوجۆر سەیربکرێت.

فەلسەفەی ڤیتگنشتاین زمان و شێوازەکانی ژیان وابەستەی دیرۆک، یان وابەستەی کات و شوێن دەزانێت. بە بڕوای ئەو ئەوە ئێمەین واتا بە واژە دەبەخشین. بۆیە پرسیار دەربارەی واتای ڕاستەقینە و واقیعی واژە کارێکی بێهودەیە، چونکە واتا تەنیا لە ڕێگای بەکارهێنان و سوودوەرگرتنەوە بەدەستدێت.

* * *

دوای ئەوەی گوزەرێکی خێرامان بەسەر بیروبۆچوونی ناودارترین فەیلەسوفانی کلاسیک و مۆدێرنی هێرمێنۆیتیک لەمەڕ پرۆسەی لێکدانەوەدا کرد. وەک دەرکەوت، لە دیدی زۆربەی ئەو بیریارانە لەم بوارەدا کاروچالاکی بە بڕشتیان ئەنجامداوە. ئەم بە ئاکام گەشتنە لەئارادایە، کە لە جیهانی هێرمێنۆیتیکدا لێکدانەوەی کۆتایی و واتای کۆتایی بوونیان نییە. هەرچەندە هەندێکیش باوەڕیان بەم بەئاکام گەشتنەش نەبێت، بەڵام ئایا بوونی ئەم هەموو بیربۆچوونە لەیەکجیاوازانە، ئەم هەموو تیۆری و فەلسەفە لەگەڵ یەک ناکۆکانە، و ئەم هەموو ڕێباز و قوتابخانە جۆراوجۆرانە کە هێشتا لە زۆربووندا و لە داهاتووشدا بەردەوامدەبن، بۆخۆیان بەڵگەی نەبوونی یەکجۆر لێکدانەوە و کۆتایی نەهاتنی واتاکان نین؟ بەڵام لەناو ئەم هەموو جۆربەجۆریی و دژبەیەکی و ناکۆکۆکەی لێکدانەوە، واتا، تیۆری و فەلسەفەکاندا ... ڕاستی و ناڕاستییەکان چۆن لەیەکتر جیابکەینەوە؟ کامانەن سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان و بۆچی ئێمە لە بیروبۆچوونەکانی خۆمان لە لێکدانەوە و ڕەخنە و لێکۆڵینەوەکانماندا پێویستمان بەسەرچاوەیەو پشتیان پێدەبەستین؟

لە پرۆسەی داهێناندا سەرچاوە و چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا خاڵێکی یەکجار گرنگە، و هیچ کارێکی فیکری نییە بێ پشتبەستن بەسەرچاوە ئەنجامبدرێت. ئیتر ئەو پشتبەستنە چ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و لەسەر بناغەی نموونە هەڵگرتن لە سەرچاوە، یان ناڕاستەوخۆ کە سەرچاوەیەکی دیاریکراو لە ئارادا نییە و تەنیا ئەو زانیارییانەی لە ئەنجامی خوێندنەوە و ئەزموونەوە بەدەستهاتوون، لە مێشکدا ئەنبار و پاشەکەوتکراون. واتا هەر خوێندنەوەیەک سەرچاوەیەکە بۆ کارەچالاکییەکانی بیرو تێگەیشتن. بەڵام بۆچی ئێمە پەنا بۆ کارێکی ئاوادەبەین؟ لە ڕاستیدا پەنای بۆ نابەین، بەڵکو کارێکە بەسەرماندا دەسەپێت و خۆدەربازکردن لێی مەحاڵە. مرۆڤ بەم ژیانە کورتەی هەیەتی و لەناو ئەم هەموو ڕووداو،

دیارده و ئەزموونانەدا فریای چەندیان دەکەوێ، تا ڕاستەوخۆ بۆخۆی تاقیانبکاتەوە؟ بۆیە بیرێکی دابڕاو لە ڕابردوودا، دابڕاو لە سەرچاوە تەمبەڵ و خاو و بێبەرهەمە.

ئەزموونی خوێندنەوە و داهێنان ئەوەمان فێردەکەن کە ئێمە: بەرفراوانی ڕەهەندی بیرکردنەوە، ئاڵوگۆڕی ئەزموون، زانیاری جۆراوجۆر، دیتنی ڕەنگاوڕەنگی بیری مرۆڤایەتی، تێکەیشتن لە توانای بێسنووری خەیاڵی ئادەمیزاد، زمان و ... گەلێک شتی تر لە سەرچاوە بەدەستدەخەین. بەڵام لە هەمووی گرنگتر لە سەرچاوە ئەم ڕاستییە فێردەبین کە ئەوان هیچ ڕاستییەکی ڕەهامان فێرناکەن. پێشتریش ئاماژەمان بە ووتەیەکی بەناوبانگی نیچە کرد، کە دەڵێ: «ڕاستییەکان دروست ئەو شتانەن کە بوونیان نییە». کەواتە ئەگەر مەبەستی خوێندنەوە دیتنەوەی ڕاستییەکی ڕەها بێت و ئەگەر لە نووسیندا مەبەستی نموونەهەڵگرتن یان ئاماژە بە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان نیشاندانی ڕاستییەکی بێچەندوچۆن و کۆتایی یان سەلماندن و سەپاندنی وتە و بۆچوونێک بێت، هەرگیز ناسەلمێت و ناسەپێت. چونکە ڕاستییەک کە دوو کەس لەسەر ناکۆک بن ئیتر نابێتە ڕەها.

لە بواری بەرهەمهێنانی بیردا هەمووان لەسەر ئەمە کۆکن، وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو مامەڵە لەگەڵ بەرهەمی فەیلەسوف، ئەدیب، و نووسەرە ناودارەکانی جیهاندا بکرێت. ئەفلاتون، دیکارت، هێگل، مارکس، هایدگەر ... هەریەک بۆئەوەی دوای خۆی و هەمووشیان بۆ ئێمە سەرچاوەی باوەڕپێکراون. بەڵام ئەگەر ئەو ڕاستییە ڕەهایەی کە مرۆڤ عەوداڵێتی لەسەرچاوەی باوەڕپێکراووەوە بەدەستبێت، بۆچی جیاوازی دید و بۆچوون، شێوازی لێکدانەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردەو ڕووداوەکاندا، ڕەخنەو هەڵسەنگاندنەوەکان، واتاکان، ... لەیەکێک لەو سەرچاوە باوەڕپێکراوانەدا کۆتایی نەهاتووە و یەکلانەبووەتەوە و ئەم جیاوازییانە ئێستاش هەر بەردەوامن و لە داهاتووشدا هەر وادەبن؟ وەڵامەکەی، لەبەرئەوەی هۆکاری سەرەکی بەدیهاتن و جۆراوجۆری سەرچاوەکان لە ناکۆکی و یەکنەگرتنەوەیاندایە. ئیتر لەناو ئەم هەموو جۆراوجۆری و ناکۆکیانەدا ڕاستی لای کامەیانە؟ بێگومان لای هیچیان. کەواتە ئێمە بۆیە پەنا بۆ سەرچاوەنابەین تا ڕاستییەک بۆ خەڵکی بسەلمێنین، بەڵکو تەنها بۆئەوەی هەوڵبدەین کاریگەری دیدوبۆچوونەکانی خۆمان زۆرتربکەین و ئیعتیبارێک بە وتەکانی خۆمان بدەین.

بەڵام لەپەنابردن بۆ سەرچاوە، لە لێکدانەوەی دەقدا، ئێمە مامەڵە لەگەڵ چیدا دەکەین؟ لەگەڵ واژە و ڕستە و چەمک و واتا، جوانی و هونەر، زمانزانی ... یان کەسایەتی خاوەن بەرهەم؟ ئایا لە تابلۆکانی ڤان کوخدا ئێمە بۆ دەلالەتی هونەری و سەلیقەی بەکارهێنانی ڕەنگ و فڵچە دەگەڕێین یان بۆ شێتایەتی ڤان کوخ؟ ئایا مارکس بەلای ئێمەوە ئەو

فەیلەسوفەیە کە کاری لە ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتی (باش یان خراپ) کرد، یان مرۆڤێکی دڵڕەقی بێهەست بوو، جگە لە هەندێک لە دەوروبەرانی خۆی کەسی تری خۆش نەدەویست؟ (٤٥). بەڕاست «ئایا ئێمە شتێک دەربارەی ژیانی ئەفلاتون و ئەرستۆ دەزانین؟» (٤٦) کە لە زۆربەی دەربڕینەکانماندا گورج نموونەیەک لە وتەکانی ئەوان دەکەینە پاڵپشتی قسەکانمان، یان بالەوان گەڕێین و نموونەی نزیکتر و خۆماڵی بهێنینەوە. ئێمە ئەحمەدی خانی دەناسین؟ چی لەبارەی ژیانی نالی شاعیرەوە دەزانین؟ مەولەوی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە چۆن مرۆڤێک بووە؟ هەڵەو کەموکوڕییەکانی ئەم زاتانە لە ژیاندا چی بوون؟

ئایا ووردو درشتی ژیانیان بەوجۆرەی لەسەردەمی ئێمەدا ژیابن دەزانین؟ یان تەنیا بەشی ڕەشکردنەوەی دووسێ لاپەڕە زانیاری گشتیمان لایە؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە هەر چییەک بێت، سنووری زانیارییەکانمان لە سەریان لەئاستی هیچدایە، بەرفرەتر ناکات. ئێمە تەنیا لە ڕێگای بەرهەمەکانیانەوە ئەوان دەناسین. ئەوان بەهەمان خەسڵەت و کەسایەتییەوە و بەهەمان بیروباوەڕەوە ئەگەر نەیانتوانیبایە لە چوارچێوەی زماندا و لە ڕێگای ئەدەبیاتەوە مەبەست و پەیامێک بە ئێمە بگەیەنن، هیچکات نەماندەناسین. کەواتە ئەوەی دەیناسین ئەان نین، بەڵکو ئەو واتایانەن کە لە ڕێگای واژە و ڕستەوە لالایەن ئەوانەوە نووسراون و بە ئێمە گەیشتوون. دەی کەواتە بۆچی ئەمڕۆ مامەڵە لەگەڵ شاعیرێک، هونەرمەندێک، نووسەرێک و ... بەگشتی داهێنەرێک لەسەر بنچینەی هەڵوێستی سیاسی، ژیانی خاوخێزانی، ڕەوشی کۆمەڵایەتی بکەین، کەسێک کە توانی خۆی بسەلمێنێ کە داهێنەرەو بەرهەمێکی هەمیشەزیندووی خوڵقاندووە، بۆچی هەڵسەنگاندنی ئەو بەرهەمە بە هەڵەکانی ژیانی ڕۆژانەیەوە ببەستینەوە؟ نەفشەکانی دوای ئێمە، بۆ نموونە دوای سەدسالی دیکە شاعیرێکی ئەمڕۆ لە ڕێگای شیعرەکانییەوە هەڵدەسەنگێنن یان لە میانی ڕەفتاری ڕۆژانەیەوە؟ لە میانی ئەم دووانەدا کامەیان زیندووە و کامەشیان مردوو؟ کامەیان دەبێتە سەرچاوە و کامەشیان لەبیردەچێتەوە؟ وەڵامەکان دیارن. شاعیرێک، نووسەرێک، هونەرمەندێک ... کە لەبواری داهێناندا لە ئستی نزمدایە، ئەو ئاستە بەوەی مرۆڤێکی خاوەن ڕەوشتی بەرزی کۆمەڵایەتییە، بەرزنابێتەوە. خۆئەگەر بە ڕوواڵەت شتێکی ئاوا ڕوویدات، تەنیا کاتییە و لای ئەوانەشە کە خاوەنی بڕیاردان نین.

لە هەموو بوارەکانی چالاکی بیردا، دیاریکردنی ئاستی بەرزی و نزمی کەسێک لەیەکێک لەم بوارانەدا، کارێکی گشتی نییە، بەڵکو تایبەتییە و پێویستی بە لێزانی شارەزایی هەیە. بۆ دیاریکردنی ئاستی شاعیرێتی کەسێک، ناتوانین پەنا بۆ ڕیفراندوم ببەین. بەڵکو ئەمە کاری ڕەخنەگرانی ئەدەبی، شاعیران، خوێنەرانی پلە بالایە نەک کۆمەڵانی بەرفراوانی خەڵک، نەک

مامۆستایەکی زانستگا کە بۆ نموونە پسپۆڕی زیندەوەرناسییە، یان وەزیرێک کە لە سیاسەت شارەزایە. هەروا نرخاندنی لایەنی هونەری پارچە مۆسیقایەکیش کاری شاعیرێک نییە، ئەو تەنیا ئەو مافەی هەیە پێی خۆش بێ یان ناخۆش. بەڵام هەڵسەنگاندنی ڕووە زانستییەکەی تەنیا کاری پسپۆڕانی مۆسیقایە. لە هەڵسەنگاندنی کاری شێوەکاری، شانۆ، سینەماشدا هەروایە. لەهەر بوارێکدا کۆمەڵێکی تایبەت و شارەزا مافی بڕیاردانیان هەیە. بەلاّ کێ ئەو مافەی بەوان داوە؟ ئایا شتێکی وا لە چوارچێوەی یاسادا دەستنیشاندەکرێت، یان دامەزراو و دەرزگایەکی تایبەتی بۆ ئەمە هەیە؟ نەخێر!، بەڵکو تەنیا لە پرۆسەی نووسین و خوێندنەوەدا و بە بەرزبوونەوە لە ئاستی داهێناندا ئەم مافە بەدەستدێت. بەڵام دیسانیش بڕیاری ڕەهاو گردەبڕ و هەڵسەنگاندنی یەکجاری و بێچەندوچۆن لای هیچ کەس نییە و هەموو دید و بۆچوونەکان لە بەرامبەر یەکتردا ئاستێکی ڕێژەییان هەیە. بڕیارەکانیش لەمڕۆوە وە تەنیا لە سەرجەمدا بەدیاردەکەون و ناسین و دەستنیشانکردنی دانەدانەی ئەم کەسە خاوەن بڕیارانەش کارێکی سادە و سانا نییە و هەمیشە لەناو تەمومژدا دەیانبینین.

* * *

لە هەموو ئەو بابەتانەدا کە باسکران، لە گشت کاروچالاکییەکی عەقڵیدا؛ نووسین، لێکدانەوە، ڕەخنە، لێکۆڵینەوە، وەرگێڕان ... پرۆسەیەکی هاوبەش هەیە کە هەموویان بەیەکەوە دەبەستێتەوە. بایەخی هەمووشیان لەوێدا بەدایردەکەوێت، ئەویش پرۆسەی خوێندنەوەیە.

لە هەر دەقێکی نووسراودا دوو لایەن هەیە: خوڵقێنەری دەق و خوێنەری دەق. زۆرجار بە هەڵە ئەم لێکدانەوە، کە نووسەر یان خوڵقێنەری بەرهەم پلەیەکی بالاتری لە خوێنەر هەیە. بەڵام هەموو دەزانین کە هەر خوڵقاندنێکی تۆمارکراو لە خوێندەوەدا بوونی بەدەستدێت و بەبێ بوونی خوێنەر نووسەر و دەق واتایەکیان نییە. ئەمە بەو واتایە نییە کە نووسەر بەپێی ویست و سەلیقەی خوێنەر بەرهەم دەخوڵقێنێت. بەلام هەر نووسەرێک بەم هیوایەیە بەرهەمەکەی بگاتە دەستی هەرچی زۆرتری خوێنەران و ئەو خوێنەرانەش لە ئاستێکی وادابن ئەگەر لەگەڵ بیروبۆچوونەکانیشدا نەبن، توانای هەڵسەنگاندێکی وایان هەبێت کە ئاستی هونەری بەرهەمەکە دەستنیشانبکەن.

خوێندنەوە بە واتا بالآکەی کارێک نییە بۆ سەرگەرمی و بەسەربردنی کات، بەڵکو ئامانجی سەرەکی خوێندنەوە تێگەیشتن و ناسین و بەدەستهێنانی واتا شاراوەکانە، بە واتایەکی دی لێکدانەوەیە. خوێندنەوە ئەو پرۆسەیەیە کە لەسەرتاپای ژیانی چالاکی عەقڵیدا بێپسانەوە

بەردەوامبێت و هەموو خوێندەوارێک خوێنەر نییە. وەک چۆن نووسەری چاک و خراپ هەن، خوێنەریش هەروا.

بۆیە مەبەستی ئێمە خوێندنەوە وەک پرۆسەیەکی داهێنان، بابەتی و ڕەخنەگرانەیە. نەک خوێندنەوەی ڕۆمانێکی پۆلیسی یان تێپەڕینێکی سادەوسانا بەسەر واژەو ڕستەدا. خوێندنەوە خۆی لە خۆیدا هونەرێکە لە ئەنجامی ماندووبوون و بەردەوامی و ڕاهێنانی مێشکدایە. خوێنەریی ئاستێکە لە بیروتێگەیشتن کە هەموو خوێنەوارێک بە ئاسانی پێیناگات و هیچکام لە ئێمە بە ئاسانی ناتوانین ئەم بانگداشتەمان هەبێت کە خوێنەرێکی باشین و خوێندنەوە لە پەیوەندی لەگەڵ خوڵقاندن و داهێناندا لە ئاستی نووسیندایە. بۆیە نووسەری باش بەر لە هەرشت دەبێ خوێنەرێکی باش بێت.

کەواتە هیچ کارو چالاکییەکی نووسین و داهێنان بێ تێپەڕین و مانەوە و بەردەوامبوون لە پرۆسەی خوێندنەوەدا سەرناگرێت و بوونی نابێت. یەک لە فاکتەرە هەرە گرنگ و سەرەکییەکانی داهێنان، خوێندنەوەیە.

شێوازی خوێندنەوە، ئاستی چوندایەتی و چلۆنایەتی خوێندنەوە، چۆنیەتی بەپیرەوەچوون و مامەڵەکردن لەگەڵ دەقدا، هەروا لەگەڵ سەرچاوەدا... ئەم خاڵانەن سەرکەوتنی خوێندنەوە و پاشانیش ئاستی هەرجۆرە داهێنانێک دیاریدەکەن.

گەرچی لە نێوانی نووسەر و خوێنەر و لە ڕێگای دەقەوە هەمیشە پەیوەندی گەرموگوڕ هەیە، بەڵام هەر لە چوارچێوەی ئەم پەیوەندییەدا کێشەو ململانێش هەیە. بەشێک لەم کێشانە لە پەیوەندی لەگەڵ دەقی ئاسان و دەقی قورس، تێگەیشتن و تێنەگەیشتن، خوێندنەوەی خۆبەدەستەوەدەرانە و ڕەخنەگرانەدایە. کە ئەمانە لەسەرجەمدا بوونە هۆی بەدیهێنانی قەیرانی خوێندنەوە و ئەمیش بە ڕۆڵی خۆی بۆتە هۆی قەیرانی ڕەخنە و لێکدانەوە و داهێنان.

«دەقی ئەدەبی شتێکی وەک گۆڕەپانی زۆرانبازییە کە لەوێدا خوێنەر و نووسەر بەشداری لە یاری خەیاڵدا دەکەن. خۆئەگەر نووسەر هەموو شتێکی دایە دەست خوێنەر و کارێکی بۆ ئەو نەهێشتەوە بیکات، ئەوە هەرگیز خەیاڵی نایەتە ناو گۆڕەپانەکەوە ئەنجامی حەتمیش بریتی دەبێ لە بێزاربوون. ئەمە کاتێک کە شتەکان بە ئامادەیی پێشکەش بکەین. بۆیە کاری ئەدەبی دەبێ بە جۆرێک بێت، بەو مەبەستەی خوێنەر بۆخۆی شتەکان ببینێتەوە، خەیاڵی ببزوێنێ ئەو کاتە خوێندنەوە شادمانی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت و دەبێتە کارێکی چالاکانە و داهێنەرانە». (٤٧)

بەڵام تۆبڵێی بە پشتبەستن بەم بنەمایە هەر دەقێکی قورس دەقێکی سەرکەوتووبێت؟ نەخێر! دەقێک کە لە ڕێگای چەواشەکردنی واتاکان و تێکەڵوپێکەڵکردنی بابەتەکانی و

سستکردنی بنەما سەرەکییەکانییەوە قورسکرابێت، دەقێکی ناسەرکەوتووە. چونکە لە هەر حاڵێکدا دەبێ پەیوەدەنی لۆژیکی لە نێوان گشت واژە و ڕستە و بابەتەکانی دەقدا بەرقەراربێت و هەرگیز نابێ واتاکانی دەق ببنە ئەو مەتەڵەی بەکەس هەڵنایەن و نووسەر نابێ بە قستی ئەو سەرە پەتانە لە خوێنەر بشارێتەوە کە بە هۆیانەوە ڕەنگە واتاکان ببینرێنەوە. دەقی سەرکەوتوو لە نێوان تاریکی و ڕووناکی، ئاسانی و قورسی، ئاڵزی و سادەییدا دەبێت.

بەڵام کە دەقێک نیوەی دەرگاکانی بۆ ئاوەڵا کردوومەوە و هێشتا تێیناگەم، ئەمە بێسەلیقەیی و تەمبەڵی و سستی توانای خۆمە. کەواتە لە پێناو داهێنان خوڵقاندنی بەرهەمی سەرکەوتوو و لە پێناوی بەرفرەکردنی سنوورەکانی خەیاڵ و بەهێزکردنی توانای لێکدانەوە و دیتنەوەی واتا بەر لە هەر شت، دەبێ ببینە خوێنەرێکی چاک.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١ـ هێرمێنۆیتیک لە (هیرمنیا) کە ڕیشەکەی لە (هرمز)ـەوەیە، وەرگیراوە. یۆنانییەکان ناویان لە خوای میسرییەکان (Toth) نابوو، هرمز. لە کراتیلۆسی ئەفلاتوندا هاتووە «هرمز ئەو خوایەیە کە زمان و گوفتاری خوڵقاندووە؛ هەم لێکدەرەوەیە و هەم پەیامبەر»

بڕوانە: بابک احمدی: ساختار و تاویل متن، تهران، نشر مرکز. ١٣٧٢، لاپەڕە ٤٩٦

٢ـ لێرەدا مەبەست لە لێکدانەوە (ئەئویل ـ Inerpretation)ـە کە لە کوردیدا بۆ (تەفسیر (Commentary)یش بەکاردەهێنرێت. تەئویل لە عەرەبی و فارسیدا بە واتای گێڕانەوەی شتێک بۆ ئەسڵەکەی و لێکدانەوی ناوەڕۆکی شتەکان دێت. لە کاتێکدا تەفسیر زۆرتر بۆ ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوەی ڕواڵەتەکان دێت.

٣ـ بۆ زانیاری زۆرتر لەمڕووەوە بۆ نموونە بڕوانە: نصر حامد ابوزید: فلسفة التاویل، درسة فی تاویل القران. مرکز الثقافی العربی، بیروت. ١٩٩٦، یان لە هەمان نووسەرەوە، اشکالیات القراءة والیات التاویل. مرکز الثقافی العربی، ١٩٩٤.

٤ـ بابک احمدی: ه.س.پ. ل ٥٠٩

٥ـ ه.س.پ.

٦ـ ه.س.پ. ل ٥٢٦

٧ـ ه.س.پ. ٥٢٧

٨ـ هـ.س.پ. ل ٥٢٦

٩ـ فریدریش نیچه: اداره قدرت. ترجم دکتر مجید شریف. چاپخانه نیل، تهران، ١٣٧٧. لاپەڕە ٤١٤

١٠ـ هـ.س.پ. ل ٢٠٦

١١ـ هـ.س.پ. ل ٥٣٢

١٢ـ بابک احمدی، هـ.س.پ. ل ٥٠٩

١٣ـ نیچه، هـ.س.پ. ل ١٦٧

١٤ـ بابک احمدی، هـ.س.پ. ٥١١

١٥ـ هـ.س.پ. ل ٥٣٢

١٦ـ هـ.س.پ. ل ٥٣٧

١٧ـ نیچه، هـ.س.پ. ل ٦٢٧

١٨ـ هـ. ج. بلاکهام: شش متفکر اگزیستانیسیالیت. ترج

١٩ـ بابک احمدی، هـ.س.پ. ل ٥٥٦

٢٠ـ هـ.س.پ. ل ٥٥٧

٢١ـ هانز جورج جادامر: التاویل واللغة والعلوم الانسانیة. ترجمة محمد شوقیالزین. فصول ـ المجلد السادس عشر ـ العدد الرابع، ربیع ١٩٩٨، قاهرة.

٢٢ـ تامس کوون: تاویل متن. زبان و جهان. لە کتێبی فەلسەفەی تکنولوژی. ترجمه: شاپور اعتماد ـ نشر مرکز ـ تهران، ١٣٧٧، لاپەڕە ٢٠٣ـ ٢١٣

٢٣ـ هـ.س.پ.

٢٤ـ هـ.س.پ.

٢٥ـ هانز. ج. جادامر، هـ.س.پ.

٢٦ـ هـ.س.پ.

٢٧ـ هـ.س.پ.

٢٨ـ بابک احمدی، هـ.س.پ. ل ٥٧٣

٢٩ـ هـ.س.پ. ل ٥٧١

٣٠ـ جادامر، هـ.س.پ.

٣١ـ مدرنیته و مدرنیزم: ترجمه و تدوین: حسینعلی نوذری. انتشارات نشر جهان، تهران، ١٣٧٩، ل ٣٨٨.

٣٢ـ هـ.س.پ. ل ٣٩٥

٣٣ـ بابک احمدی، هـ.س.پ. ل ٥٩٣

٣٤ـ هـ.س.پ. ل ٦١٦

٣٥ـ هـ.س.پ. ل ٦٢٠

٣٦ـ پل ریکور: النص والتاویل. ترجمة: منصف عبدالحق. العرب الفكر العالمی. العدد الثالث. بیروت، ص ٦٦٣

٣٧ـ هـ.س.پ.

٣٨ـ پەراوێزی ٣١، ل ٦٦٣

٣٩ـ بابک احمدی، هـ.س.پ. ل ٥٨٠

٤٠ـ سەرچاوەی ٣١، ل ٦٦٤

٤١ـ هـ.س.پ. ل ٦٦٦

٤٢ـ هـ.س.پ. ل ٦٦٧

٤٣ـ لودویگ ویتگنشتاین: درباره رنگ رها. ترجمه؛ لیلی گلستان. نشر مرکز، تهران، ١٣٧٨، ١٢

٤٤ـ هـ.س.پ. ل ٥٤

٤٥ـ ئایزایا بەرلین دەڵێت: «مارکس کەسێکی کەللە وشک و دڵڕەق بوو. جگە لە ئێنگلس و خانەوادەکەی و چەند کەسی تر ... کەسێکی خۆشنەدەویست. لە کۆتایی ژیانیدا مەگەر کچەکانی دەنا دڵی بەکەسەوە نەبوو».

بڕوانە: ایزایا برلین: در جستوجوی ازادی. مصاحبەهای رامین جهانبگلو با ایزایا برلین. ترجمه: خجسته کیا ـ ویراسته عبدالحسین اذرنگ. نشر مرکز، ١٣٧١، ل ١٥٠

٤٦ـ گادامێر دەڵێت: «ئێمە ناتوانین دەربارەی ئەفلاتون شتێک بزانین. دەکرێ ئێمە دەربارەی خۆمان بزانین، ئەویش لە ڕێگای یەکخستنی ئەو پرسیارانەی ڕووبەڕووی ئەفلاتون دەبوونەوە لەگەڵ ئەمانەی لەبەرامبەر زەینی ئێمەدا.»

بڕوانە بابک احمدی: هـ.س.پ. ل ٥٧٥

٤٧ـ ڤولفجانج ایزر: عملیات القراءة مقاربة ظاهراتیة. ترجمة: علی عفیفی. فصول ـ المجلد السادس عشر ـ العدد الرابع، ربیع ١٩٩٨، قاهرة.

## هەندێ لە ساتەوەختەکانی واقع

## یان شانۆ وەک ژیان، ژیان وەک شانۆ و خوێندنەوەیەکی جیاوازی (بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە)

**نووسینی: دانا ڕەئوف**

(١)

هێندە نەبوو گەیشتبوومە وولاتی سوید. یەشتا زمانم نەدەزانی، چاو و پێم نەکرابووەوە. زۆرجار بەتەنها بە شەقامەکاندا پیاسەم دەکرد. لە جامخانەی کۆگاکان وورد دەبوومەوە، دەچوومە باخچەکان و بەدوای دەرگای شانۆکاندا دەگەڕام.

زۆرجار خۆم لە کاراکتەرەکانی «بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆدا»، دەدییەوە. خۆشەویستیم بۆ «سامۆێل بێکێت» و «بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە» ڕاستیەکی ڕەها بوو.

«**هیچ ڕوونادات، کەس نایەت، کەس ناڕوات، ئەمە ترسناکە**» تێکەڵ بە ڕۆژە سارد و بەستووەکانی تەنهاییەکەی ئەو ڕۆژانەی ستۆکهۆلم بووبووم. هەستم بە نزیکیەکی گەورە دەکرد لە سامۆێل بێکێتەوە، بەڕای من بێکێت تاکە کەسێکە توانیویەتی لە تەنیایی مرۆڤ، لە بێدەنگی، لە نائومێدی، لە هیوا و لە چرکە ساتەکانی ناوەوەی مرۆڤ بگات. هەر ئەویش توانیویەتی بەوپەڕی گەورەیی، قوڵی و ساکارییەوە ببێتە دەربڕینێکی ڕاستەقینە و ڕاستەوخۆی ئەو جیهانە.

هەر لەم ڕۆژانەدا بوو خانمێکی هونەرمەندم ناسی. بەئاماژە، زمانی جەستە، هەندێ وشەی ئینگلیزی و زمانێکی زۆر تێکشکاوی سویدی قسەمان دەکرد. هەر بەو زمانە گفتوگۆمان لەسەر سامۆێل بێکێت و شاکارەکەی «بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە» دەکرد. هەندێ جار مەشقمان لەسەر هەندێ لە دیمەنەکانی گۆدۆ دەکرد(١). پاش چەند جارێک یەکتر بینینەوە کتێبێکی پێشکەش کردم. نەم دەزانی کتێبەکە بخوێنمەوە، زۆر تامەزرۆش بووم. بەڵام دەمزانی کتێبەکە باسی سامۆێل بێکێت و شانۆنامەی «بەدەم چاوەڕوانیی گۆدەۆوە» دەکات. چەند وێنەی جوانی دیمەنەکانی گۆدۆ و خودی بێکێتی تیابوو. بەڵام خانمەکە ئەوەشی

تێگەیاندم کە ئەم کتێبە ڕیژیسۆرێکی سویدی نووسیویەتی و «بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە» باس لە ئەزموونێکی بێ وێنەی خۆی دەکات.

ڕۆژان ڕۆیشتن و ڕۆژانی تر هاتن. منیش لە خەم ڕەخسیم، زمانی سویدیش فێربووم و شارەزای شانۆکانیش بووم. ڕیژیسۆر و نووسەری کتێبەکەشم ناسی. کتێبەکە وەک ئاماژەم بۆ کرد، گێڕانەوەی ئەزموونی ئەو هونەرمەندەیە لەگەڵ سامۆێل بێکێت و «بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە» باسی بەندیخانەکانی سوید و وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکات.

ئەم هونەرمەندە پیەسی «بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە»ی بۆ بەندییەکانی ئەو گرتووخانانە و لەگەڵ خودی بەندەکان خۆیاندا پێشکەشکردووە. ئێستە خۆی بۆتە بەشێک لەو ئەزموونە و لە گەشتی بەردەوامدا بەنێو هەموو شار و شارۆچکەکانی وولاتی سویدا، ئەزموونەکەی دەگێڕێتەوە. دوێنێ شەو ئەو نەمایشە تایبەتمەندە، ئەو گێڕانەوە ئەفسونیە و ئەو شانۆ پیرۆزەم دی.

(٢)

هونەرمەند یان یۆنسۆن‹٢› Jan Jönson لە پانتاییەکی ڕەشی بەتاڵدا، بەتەنها دەرکەوت. پانتاییەکە تەنها دوو وێنە و دوو کورسی تیادابوو. وێنەیەکی گەورەی سامۆێل بێکێت و مۆمێک لەملای شانۆکە. وێنەیەکی گەورەی مرۆڤێکی ڕەش پێست و گوڵێکی سوور لەولای شانۆکە، کورسیەک لەلای ڕاست و یەکێکیش لە ناوەڕاستدا. یان یۆنسۆن سەرەتا باسی یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەکانی خۆی کرد وەک مێردمناڵێک لەگەڵ پیەسی «بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە». ئەم هونەرمەندە لە تەمەنێکی زۆر منداڵیدا، لەگەڵ یەکێک لە گرۆ شانۆییە سەربەستەکانی شاری یۆتۆبۆریدا ڕۆڵی «کوڕێکی منداڵکار» لە شانۆنامەی ناوبراودا یاریکردووە. نەمایشەکە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست دەهێنێ و بۆ ماوەی یەک ساڵ بەبەردەوامی پێشکەش دەکرێتەوە. ئەم مێردمنداڵە لەماوەی ساڵێکدا هەموو شەوێک دێتە سەر شانۆ و دەڵێت: «**جەنابی گۆدۆ ڕایسپاردووم پێتان بڵێم کە ئەم ئێوارەیە نایەت، بەڵام سبەینێ بە مەعلوومی دێت.**»

لەم ڕوانگەیەوە گۆدۆ دەبێتە کەسێکی ئاڵودە، ناسراو، لە هەمانکاتیشدا نادیار بۆ ئەو مێردمناڵە.

دواتر «یان یۆنسۆن» دەبێتە قوتابی هونەری نواندن لە ستۆکهۆلم، خوێندن تەواودەکات و وەک ئەکتەر لە شانۆی پادشایەتی دەکەوێتە کار. «بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە» لە شانۆی

پادشایەتی پێشکەشدەکرێت. زۆربەی ڕۆژانی مەشق گوێی لە دەیالۆژی پیەسەکە دەبێت:

**ڤلادیمیر: پێخۆشحاڵم بەوەی ئەتبینمەوە. وامزانی بەیەکجاری ڕۆیشتیت.**

**ئێستراگۆن: منیش**

**ڤلادیمیر: چ ئاهەنگێ بەبۆنەی ئەم بەیەکشادبوونەوەیە بگێڕین؟ (بیرئەکاتەوە.) هەستە با لەباوەشت بگرم. (دەست بۆ ئێستراگۆن ڕائەکێشێ.)**

**ئێستراگۆن: (بەتووڕەییەوە.) تاوێکی تر، تاوێکی تر. (بێدەنگی)**

**ڤلادیمیر: (دڵی شکاوە، بەساردییەوە.) بۆمان هەیە بزانن جەناب شەوی لەکوێ بردۆتەسەر؟**

**ئێستراگۆن: لەناو خەندەقێکدا.**

**ڤلادیمیر: خەندەقێک! لەکوێ؟**

**ئێستراگۆن: (بێ ئەوەی هیچ شوێنێ نیشان بدا.) لەوێ.**

**ڤلادیمیر: لێیان نەدایت؟**

**ئێستراگۆن: با. زۆر نا.**

**ڤلادیمێر: هەر هەمان خەڵک؟**

**ئێستراگۆن: دەمێکە... بیری لێئەکەمەوە... ئاخۆ بەبێ من... چیت بەسەرئەهات؟ (بە بنبڕییەوە) لە ئێستادا لە مشتێ ئێسکو پروسک بەولاوە هیچی ترت لێدەرنەئەچوو، بەهەڵەدا نەچووم.**

**ئێستراگۆن: (پێکراوە.) ئێ جا چییە؟**<٢>

«یان یۆنسۆن» هێدی هێدی نزیکدەبێتەوە لە ڤلادیمیر و ئیستراگۆنەوە. ئەو دیالۆگەش دەبێتە بەشێکی گرنگی ئەو پرۆسەیە. (لێیان نەدایت؟ با. زۆر نا. هەر هەمان خەڵک؟ هەمان خەڵک؟ نازانم.) ئاوێتە بیرکردنەوەیەکی قوڵی فەلسەفی دەبێت لە مێشکی یانی هەنەرمەندا. گەڕان بەدوی خودا، تەنهایی و بچوکی لەبەردەم زەبەلاحی سروشدا. ئەمانە و دەیەها پرسیاری تری فەلسەفی، مرۆڤایەتی بەبێ وەڵام دەمێنێتەوە. باڵای ڤلادیمیر و ئێستراگۆنیش هەر لە گەورەبووندایە. کارەساتەکانی مرۆڤایەتیش هەر لە پەرەسەندندایە. «یان یۆنسۆن»یش بەردەوام لەسەر مەرزی چارەنووس لە چاوەڕوانیی گۆدۆدایە! مرۆڤیش لەو چاوەڕوانیەدا لە چەقی ڕووداوەکاندایە، ڕووداوەکانیش بریتییە لە کۆمەڵێ کارەساتی دڵتەزێنی مرۆڤایەتی!

پاش ئەو نەمایشەی گۆدۆ لە شانۆی پادشایەتی، یان یۆنسۆن خۆی سەرقاڵی کارێکی مۆنۆدراما دەبێت. شوێن لە پیەسەکەدا چێشتخانەی ئەپارتمانی لاوێکی تەنهایە، کەلوپەلی نەمایشەکەش کورسی و مێزێک، پێکێک بیرە و سەلاجەیەکی کۆنی ئینگلیزیە. پیەسەکەش

دەربڕینێکی ڕەشی پڕ لە نائومێدی گەنجێکی تەنها دەکات. یان یۆنسۆن پیەسەکەی زۆر خۆشدەوێت، سەرکەوتوانە نەمایشەکە پێشکەشدەکات، دواجاریش دەبێتە یەکێک لە پرۆگرامە گرنگەکانی گەشتە هونەریەکانی شانۆی «ڕیکس تیاتەر».

لە یەکێک لە شەوەکانی ئەو نەمایشەدا، بینەرێک لە ڕیزی پێشەوە دانیشتووە، زۆر بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش لە نەمایشەکە و «یان یۆنسۆن» ووردەبێتەوە. ئەمەش بۆ یۆنسۆنی ئەکتەر، لەکاتی خۆدی نەمایشەکەدا دەبێتە جێگای تێڕامان و بیرکردنەوە. نەک هەر ئەوە بەڵکو بۆ چەند چرکە ساتێک ئەو بینەرە دەبێتە هۆی نائارامی بۆ ئەکتەرێکی تەنها لەسەر شانۆیەکی گەورە؟! دوای نەمایشەکە ئەو بینەرە جیاوازە دەچێتە کالوسەکانی پشتەوە و قسە لەگەڵ ئەکتەرەکە «یان یۆنسۆن» دەکات. ئەو بینەرە ڕووبەڕووی یۆنسۆن دەبێتەوە، پیرۆزبایی لێدەکات، دووپاتی ئەوەش دەکاتەوە ئەوەی ئەو پێشکەشی کردووە واقعێکە ئەو هەموو ڕۆژێک تیا دەژێ.

**بینەر: (زۆر بە قایم لە دەرگا دەدات).**

**ئەکتەر: چییە؟ چی ڕوویداوە؟**

**بینەر: بۆم هەیە بێمە ژوورەوە؟**

**ئەکتەر: چی ڕوویداوە، فەرموو وەرە ژوورەوە.**

**بینەرەکە دێتە ژوورەوە، ئەکتەرەکە بە بینینی ((بینەر)) تووشی حاڵەتێکی سەرسوڕمان دەبێت، لە یەکتری نزیکدەبنەوە، بینەرەکە دەڕوانێتە ئەو ئەکتەرە ماندووە ئارەقاوییە.**

**بینەر: بۆم هەیە دانیشم؟**

**ئەکتەر: بەڵێ، فەرموو.**

**بینەر: تۆ نەمایشێکی گەورەت پێشکەشکرد. من هەموو ڕۆژێک ئەو کاراکتەرە دەبینم، دەمەوێت تۆ بۆ لای من و سەرلەنوێ ئەم نەمایشەم بۆ پێشکەشبکەیتەوە. ئەمە شتێکی گەورەیە.**

**ئەکتەر: ببورە من ناتوانم، بەڵام ئێوە دەتوانن بێن بۆ شانۆکە، من بلیتیشتان بۆ ئامادەدەکەم.**

**بینەر: نەخێر، ئێمە ناتوانین، گرنگە تۆ بێیت.**

**ئەکتەر: بۆچی؟**

**بینەر: لەبەرئەوەی ئەوانەی من دەمەوێت ئەم نمایشە شانۆییە ببینن ناتوانن بێنە دەرەوە، بۆیان نییە بێنە دەرەوە.**

**ئەکتەر: لەبەرچی؟**

**بینەر: من بەڕێوەبەری بەندیخانەی ((کوملە))م. من دەمەوێت بەندەکانم ئەم نەمایشە ببینن.**

کوملە یەکێکە لە بەندیخانە گەورەکانی سوید. بەندەکانی ئەم بەندیخانەیەش ئەو تاوانبارانە دەگرێتە خۆ کە بەپێی یاساکانی دەوڵەتی سوید، تاوانباری گەورە و ترسناکن. هەروەها ئەو بەندانە ماوەی بەندییەکەیان لە چەندین ساڵ تێپەڕیووە.

ئەم مەسەلەیە دەبێتە جێگای سەرنجی «یان یۆنسۆن»، لەبەرئەوە بڕیاردەدات کەلوپەل و شتەکانی بپێچێتەوە و واز لە کارەکەی لە شانۆی پادشایەتی بهێنێت و بچێت بۆ بەندیخانەی کوملە. لەم ڕێگایەوە، ئەم هونەرمەندە بۆ یەکەمجار ڕووبەڕووی یاسا توندوتیژەکانی بەندیخانە، دیوارە ڕەقەکانی، بەندە بێهیواکان، یاساوڵە بێبەزەییەکان و ئەو جیهانە تایبەتە دەبێتەوە. بۆ یەکەمجار سوید بە چاوێکی تر و لە ڕوانگەیەکی ترەوە دەبینێت. بۆیەکەمجار تاوان و سزا لە تەرازووی یاسایەکی نەبینراودا، لە وولاتێکی دیموکراتی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤدا دەبینێ. هەروەها ئەم هونەرمەندە وەک کەسێکی تاک نهێنی بونیادی ڕاستی پەیوەندیەکانی زمانێکی جیاوازتری بۆ ئاشکرا دەبێت. زمانی دەسەڵات، تاوانبار، دەسەڵاتدار و کەسانی مەحکوم. لەم پانتاییەشدا میتودێکی نوێ، زمانێکی جیاواز و هاوکێشەیەکی هونەری نوێ دەبێتە خودی ستركتورە شانۆییەکە. هەموو ئەم شتانە، کاریگەری و کاردانەوەی بەندەکانیش دەبنە خوڕپەیەکی بەهێز، ڕاچڵەکاندنێکی توندوتیژ و ڕاستیەکی جیاوازتر بۆ هونەرمەندێکی وەک «یان یۆنسۆن».

سەرەتا یاساوڵێکی چەتەوڵ بە سەگێکی ڕەشی دڕندەوە دێت، ڕیتواڵی خۆئامادەکردن، پیرۆزی هونەر، گەورەیی شانۆ و بەهای مرۆڤایەتی دەخاتە ژێر پۆستاڵەکانیەوە. یان یۆنسۆنیش لە ژووری سەرئاوێکی بچوکدا توندەکات، بە ماوەیەکی کەم بەر لە دەستپێکردنی نەمایشەکە دەرگاکەی لێدەکاتەوە. دەقیژێنێت بەسەریدا تا هەر ئێستە دەستپێبکات. بەندەکان دێنە ژوورەوە، نەک تەنها شانۆ یەکێکە لەو شتانەی کە هەرگیز ئەو بەندانە بیریان لێنەکردۆتەوە؟! بەڵکو بە چاوێکی سوک و دەموچاوێکی پڕ لە گاڵتەشەوە دەڕواننە ئەکتەر و نەمایشەکە. کۆمەڵێ ئاماژەی گاڵتەئامێز دەبێتە کۆمەڵێ هیمای سیمۆلۆژی و ڕاستەوخۆ نامایش، ئەکتەر و بەندەکان، لە بونیادێکی ناتەبا و جیاوازتردا پێکەوە کۆدەکاتەوە. نەمایشەکە بەردەوام دەبێت، هێما سیمۆلۆژیەکانیش هێدی هێدی تێکدەشکێت، لەبری ئەوە نەمایشێکی جیاواز، کۆمەڵێ هێمای بێدەنگ و هەستێکی قوڵی هەست بەتەنهایکردن لەنێوان نەمایش/ بینەراندا دروستدەبێت. لەبڕی زمانی گاڵتە، زمانێکی هاوبەش، هەستێکی هاوبەش، حەزێکی هاوبەش و دنیایەکی دیکە ئەو کۆمەڵە مرۆڤە پێکەوە کۆدەکاتەوە. تەنانەت یاساوڵە بێبەزەییەکەش، وەک سەگەکەی چۆکدەدات و بەدیار نەمایشەکەوە دۆشدادەمێنێ. لەم

ساتانەدا پانتاییەکانی سترکتورێکی دڕندەترم هاتەوەیاد، پانتاییەکانی بەندیخانەیەکی ڕەق و تەق، پیس، سارد و ئاسمانێکی بێبەزەیی. ئاسمانی بەندیخانەکانی ڕژێمی بەغدا. ساتە ترسناکەکانی خۆم وەک بەندێکی بێ هیوا، بێ دەسەڵات و لەهەمانکاتدا منێکی شانۆکار دەهێنێتەوە یاد!

یاساوڵەکە داوای لێبوردن لە «یان یۆنسۆن»ی هونەرمەند دەکات، بەندەکانیش لەو هونەرمەندە کۆدەبنەوە و داوای ئەوەی لێدەکەن کە جارێکی تر بگەڕێتەوە.

**ئەکتەر: سوپاستان دەکەم.**

**بەند: سوپاس بۆ ئێوە، هیوادارم بتوانی جارێکی تر بگەڕێیتەوە.**

**ئەکتەر: بگەڕێمەوە؟!**

**بەند: بەڵێ، ئێمە هەمووومان دەمانەوێت جارێکی تر بگەڕێیتەوە بۆ ئێرە!**

**ئەکتەر: بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە.**

**بەند: نمایشەکەت هاوارێکی تاساو بوو لە جیهانێکی داخراودا.**

سنورەکانی دەسەڵات، پەیوەندییەکان، ڕووداوەکان و هەمووشتە زیندووەکانی تری ژیان و مرۆڤایەتی لە بەندیخانەیەکدا دەمرێت. دەسەڵاتیش فۆرم و چەکێکی تر، جیاوازتر لە خۆ دەگرێت. لە بەندیخانەدا «هیچ ڕوونادات، کەس نایەت، کەس ناڕوات، ئەمە ترسناکە» سنورەکانی تەنهایش تا سەر ئێسقانە، ژانێکی ترسناکە و هەموو پەیوەندیەکانی تیا دەمرێت. «یان یۆنسۆن» بڕیاردەدات بگەڕێتەوە بۆلای بەندەکان، بەڵام لە ڕوانگەی پرۆسەیەکی ترەوە.

**ڤلادیمیر: پێخۆشحاڵم بەوەی ئەتبینمەوە. وامزانی بەیەجگاری ڕۆیشتیت،**

**ئێستراگۆن: منیش.**

**ڤلادیمیر: چ ئاهەنگێ بەبۆنەی ئەم بەیەکشادبوونەوەیە بگێڕین؟ (بیرئەکاتەوە) هەستە با لەباوەشت بگرم.**

سامۆێل بێکێت، بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە، یان یۆنسۆن و شانۆ دێنەوە بۆ بەندیخانە. بەندەکان بەهۆی هونەری شانۆوە، بۆ یەکەمجار هەست بە خۆشەویستی، هاودەمی و بوونی خۆیان دەکەن. ئەم هونەرمەندە بیر لەوە دەکاتەوە «بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە» لە بەندیخانە و لەگەڵ بەندەکان خۆیان پێشکەش بکات. یەکێک لە بەندەکان ژمارەیەکی ئێجگار زۆر سیغار دەپێچێتەوە و لەسەر مێزێک ڕیزیاندەکات. دواتر دەستدەکات بە خوێندنەوەی «بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە» و یەکەیەکە سیغارەکانیشی دەکێشێ. دوای خوێندنەوەی پیەسەکە بەسەر هونەرمەندەکەدا دەقیژێنێ و دەڵێت: «ئەمە بێکێت نییە، ئەمە پیەسێکی شانۆیی نییە، ئەمە ژیانی ئێمەیە! من دەمەوێت لەم کارەدا بەشداربم.»

ئم هونەرمەندە لەماوەی شەش مانگدا لەو بەندیخانەیە و لەگەڵ ئەو بەندانە دەژی، بەشی یەکەمی پیەسەکە پێشکەشدەکەن. پرۆسەی کار و ئەزموونی بەرجەستەکردنیشی ئاسان نابێت، بەڵکو بە کۆمەڵێ پرۆسەی گران و توندوتیژدا تێپەڕدەبێت. دواجار نەمایشەکەش لەنێو دیوارە بەرز و ڕەقەکانی بەندیخانەکەدا پێشکەشدەکرێت. بینەران بریێتی دەبێت لە کەسوکاری بەندەکان، هەندێ لە ڕۆژنامەنووسەکان، قوتابیانی پەیمانگاکانی هونەری نواندنی شارەکانی سوید، هاوڕێ نزیکەکانی یان یۆنسۆن و کۆمەڵێ هونەرمەندی شانۆیی. بێگومان یاساوڵ و کارمەندەکانی بەندیخانە و هەندێ لە لێپرسیارانی دەسەڵاتدارانی بەندیخانەکانی سویدیش ئامادە دەبن.

(٣)

قوتابیانی هونەر، هونەرمەند و ڕۆژنامەنووسەکان بە چاوێکی ترەوە دەڕواننە نەمایشەکە و هانی «یان یۆنسۆن» دەدەن ئەم ئەزموونە بەرێتە دەرەوەی دیوارەکانی بەندیخانە. نەمایشەکە پەیوەندیەکی نزیک و گەرم لەگەڵ بینەران دروستدەکات. چرکە ساتەکانی شانۆ دەبێتە کۆمەڵێ چرکەساتی واقعی. واقعی ناوەوەی ئەکتەرە بەندەکان، بیرکردنەوە و هەست و سۆزیان. شانۆ دەبێتە داڕشتەیەکی جیاواز، لەو داڕشتەیەدا سەرلەنوێ ژیانێکی تر لەدایکدەبێت. لەدایکبوونی سەرلەنوێی ئەو ئەکتەرانەش لەدایکبوونی خۆشەویستی، هەستکردن بە خود و بڕوایە.

هەرچۆنێک بێت بەڕێبەرایەتی بەندیخانە قایلدەکرێت کە «بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە»ی بەندەکان لەدەرەوەی سنوری دیوارەکانی بەندیخانەوە پێشکەش بکرێت. یەکەم وێستگەش شانۆی «شار» دەبێت لە شاری یۆتۆبۆری. کۆنفرانسی ڕۆژنامەگەری، چەندەها وتاری پۆزەتیڤی ڕەخنەیی، وێنەی بەندەکان وەک ئەکتەر لەسەر ڕووپەری زۆربەی ڕۆژنامە کلتوریە گرنگەکان و دواتریش نەمایشکردنی شانۆییەکی سەرکەوتوو، دەبێتە ڕووداوێکی گرنگی ئەو ساتەوەختە. ئەو شتانە، ئەو ڕووداوانە بۆ ئەو بەندانە دەبێتە پێداگرتنێکی گرنگ لە دەروازەیەکی فراواندا بۆ ژیانێکی نوێ. بیرەوەرییەکی مەزن، خەون و هەستکردن بە خۆشەویستیەوە. بەڵام کە سەرلەنوێ دەگەڕێنەوە بۆ بەندیخانە، یاساوڵەکان بەوپەڕی توندوتیژییەوە ڕووبەڕوویان دەبنەوە، دیاری و یادگارەکانیان لێدەسەنن و هەموو کەلوپەلە بەنرخەکانیان دەسوتێنن. سەرلەنوێ فڕێدەدرێنەوە ژوورە سارد و ڕەقەکانی بەندیخانەکەیان و دەرگاکانیان بە توڕەیی لەسەر دادەخرێتەوە.

**ئێستراگۆن: نەبەستراوینەوە؟**

**ڤلادیمیر: گوێم لێ نییە.**

**ئێستراگۆن: ئەپرسم ئایا نەبەستراوینەتەوە؟**

**ڤلادیمیر: بەستراو؟**

**ئێستراگۆن: بەس ـ تراو؟**

**ڤلادیمیر: چۆن چۆنی بەستراو؟**

**ئێستراگۆن: دەست و پێ.**

**ڤلادیمیر: بەڵام بە کێوە؟ لەلایەن کێوە؟**

**ئێستراگۆن: بە کابرای لەمەڕ تۆوە.**

هەواڵی ئەم نەمایشە لەڕێگای ڕۆژنامەکانی سویدەوە دەگاتە سامۆئیل بێکێت لە فەرەنسا. بێکێت نامەیەکی بروسکە ئاسا دەنێرێت بۆ هونەرمەند «یان یۆنسۆن» و داوای ئەوەش دەکات بێتە پاریس تا چاوی پێبکەوێت. بێکێت زۆر خۆشحاڵ دەبێت بەم تەقەلایە و هەموو مافێکی نەمایشکردنی پیەسەکەش دەبەخشێتە «یان یۆنسۆن»، «یان یۆنسۆن» دەگەڕێتەوە بەندیخانەکە و بە گیانێکی ترەوە بەردەوامی بە کارەکەی دەدات. لە یەکێک لە ڕۆژانی مەشق و خۆئامادەکردنەکانی ئەو پرۆژە زۆر ناتەبایەدا، ئەو بەندەی ڕۆڵی ئێستراگۆن یاریدەکات، تووشی هەڵچوونێکی دەروونی گەورە دێت، بەر لە هەموو کەسێک شاڵاو بۆ یان یۆنسۆن دەهێنێ. یاساوڵەکان فریادەکەون، دەنیشنە سەری و دارکارییەکی باشی دەکەن، دواتر فڕێیدەدەنە ژوورێکی تەنهاوە. پاش هەفتەیەک یەکتر دەبیننەوە، بە لەشی تێکشکاوەوە دێتە ژوورەوە، داوای لێبوردن لە یان یۆنسۆن دەکات.

**ڤلادیمیر: سەرلەنوێ تۆ! (ئێستراگۆن ئەوەستێ، بەڵام سەر بەرزناکاتەوە، ڤلادیمیر ئەچێ بەلایەوە.) وەرە باوەشم.**

**ئێستراگۆن: دەستم تێوە نەدەی.**

**(ڤلادیمیر پێش بە شاڵاوەکەی خۆی ئەگرێ، دڵگرانە. بێدەنگی.)**

**ڤلادیمیر: حەزئەکەم بڕۆم؟ (تاوێ.) گۆگۆ! (تاوێ ڤلادیمیر بە وردی تێی ئەڕوانێ.) تێیان هەڵدای؟ (تاوێ) گۆگۆ! (ئێستراگۆن هەردەم سەرکز و کڕە.) شەوت لە کوێ بردەسەر؟ (بێدەنگی، ڤلادیمیر دێتە پێشەوە.)**

**ئێستراگۆن: دەستم لێوەمەدە. هیچم لێ مەپرسە. هیچم پێ مەڵێ. بەڵام بمێنەرەوە.**

**ڤلادیمیر: بۆچی تا ئێستا تۆم بەجێهێشتووە؟**

**ئێستراگۆن: لێم گەڕایت بڕۆم.**

پاش ماوەیەک بەندەکان دەکەونە نامە گۆڕینەوە لەگەڵ سامۆێل بێکێت. یان یۆنسۆنیش زیاتر و زیاتر لە سامۆێل بێکێت نزیکدەبێتەوە، بەردەوام سەردانی دەکات، بە ئەنجامی مەشق و نەمایشەکانی پێیرادەگەیەنێ. بێکێت دەرگای ماڵەکەی بەتەواوەتی بۆ ئەم هونەرمەندە سویدیە دەکاتەوە. پرسیارەکانی بوون، بەرپرسیاریەتی، شانۆ و ڕۆڵی شانۆ تێکەڵ بە کۆمەڵێ گفتوگۆی قوڵی فەلسەفی، مرۆڤایەتی و هونەری دەبێتەوە. سامۆێل بێکێت لە یەکێک لەو گفتوگۆیانەدا لە یان یۆنسۆن دەپرسێ: چی وایلێکردووی ئا بەم شێوەیە کار لە بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە بکەی؟ یۆنسۆن لە وەڵامدا دەڵێت: عاشقی ئەفسونی ئەو بێدەنگیەم کە لە پیەسەکەدا هەیە.

یان یۆنسۆن لەگەڵ گروپە بەندەکەی بەردەوام دەبێت. لەم سەری سویدەوە بۆ ئەوسەری، لە شارە گرنگەکانی مالمێ، یۆتۆبۆری و ستۆکهۆلم نەمایشە بەندکراوەکەیان پێشکەش دەکەن. هەموو جارێکیش کە دەگەڕێنەوە دەکەونەوە بەر شاڵاوی سوکایەتی پێکردنی یاساوڵە داخ لەدڵەکان. دوا نەمایش، دوا ماڵئاوایی و دوا خەونی ئازادی، ئەکتەرە بەندەکان هەڵدێن و ناگەڕێنەوە بۆ بەندیخانەکەیان. هەڵهاتنەکەیان بەڕای یۆنسۆن تەقەلایەک دەبێت بۆ گەڕانەوەی کەرامەتی ڕوشاویان. یان یۆنسۆن یەکسەر دەفڕێت بۆ لای سامۆێل بێکێت لە پاریس و پێی ڕادەگەیەنێ کە بەندەکان هەڵهاتن. بێکێت بە بیستنی ئەم هەواڵە زۆر پێدەکەنێ. پێکەنینی بێکێت چرکەساتێکی پڕ لە خەندەی مرۆڤێکی گەورەیە. گۆدۆ دەبێتە هۆی دروستکردنەوەیەکی تری ئەو بەندانە و ڕزگارکردنیان. بەندەکان هەڵدێن تا لەگەڵ بێکێت و گۆدۆدا، لە زەمەنێکی تر و ژیانێکی جیاوازتردا یەکبگرنەوە.

یان یۆنسۆن بۆ ماوەی ساڵێک لە بەندیخانەی کوملە لەگەڵ ئەو کۆمەڵە بەندە کاردەکات. بەرئەنجامیش نەمایشێکی سەرکەوتوو، لە ڕوانگەی ئەزموونێکی جیاوازەوە پێشکەش بە مرۆڤایەتی و بە ڕەووتی شانۆی جیهانی دەکات.

(٤)

**ئێستراگۆن: دەمێکە نووستووم.**

**ڤلادیمیر: نازانم. (بێدەنگی)**

**ئێستراگۆن: بۆ کوێ بچین؟**

**ڤلادیمیر: دوور نا.**

**ئێستراگۆن: با، با، با لێرە دووربکەوینەوە.**

**ڤلادیمیر: ناتوانین .**

**ئێستراگۆن: بۆچی؟**

**ڤلادیمیر: ئەبێ سبەینێ بێینەوە .**

**ئێستراگۆن: چی بکەین؟**

**ڤلادیمیر: چاوڕێی گۆدۆ بکەین .**

بەندەکان ڕادەکەن، یان یۆنسۆن دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی ئاسایی ڕۆژانەی خۆی، بەڵام پەیوەندیەکانی بە «سامۆێل بێکێت»ەوە هەر دەمێنێتەوە. لەو پەیوەندیەدا «بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە» لە شانۆ و فەلسەفەیەکی بێهودەوە دەبێتە دیدێکی فەلسەفی واقعی، واقعی شتە نەبینراوەکان، گەوهەری مەسەلە مرۆڤایەتیەکان، دەسەڵات و لەسەروی هەموو ئەمانەشەوە واقعێکی توندوتیژی هەستپێکراوی یاساکانی بەندیخانە. دەزگاکانی میدیای سویدیش گرنگیەکی تەواوەتی دەبەخشنە ئەزموونەکە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دەنگوباسی پرۆژەکە دەگاتە زۆربەی وڵاتانی جیهانی. لە گەرمەی ئەم کێشەیەدا «یان یۆنسۆن» نامەیەکی تایبەتی لە بەندیخانەی سان کوینتین، یەکێک لە سەختترین بەندیخانەکانی کالفۆرنیا لە ئەمەریکاوە پێدەگات. یان یۆنسۆن جانتاکەی دەپێچێتەوە و بەرەو ئەمەریکا و ئەو بەندیخانە ترسناکە دەکەوێتەڕێ. بەندیخانەکەش زۆر زەبەلاحە و نزیکەی دوو هەزار بەندی تاهەتاهەتایی تیا توندکراوە. زۆربەی بەندەکانیش ڕەش پێستەکان، هیندیە سوورەکان و بێگانەکانی تری سەر بە نەژادە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی لەخۆگردەگرێت.

ئەم هونەرمەندە بۆ ماوەی چوار ساڵ لەم بەندیخانەیە و لەناو ئەو بەندانەدا دەمێنێتەوە. «بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە» دەبێتە کەرەسەی کار و ئەزموونی پرۆژەیەکی زۆر دەوڵەمەند. هەموو چرکەساتەکانی مەشق و کاری ئەو چەند ساڵەش لەژێر چاودێرییەکی توندی ڕاستەوخۆی یاساوڵە چەکدارەکانی بەندیخانەکەدا بووە. ڕووداوەکانی ئەو چوار ساڵە تەنها ڕووداوێکی هونەری نەبووە. بەڵکو هەموو چرکەساتەکانی ئەو ڕۆژگارە پڕبووە لە کارەساتی دڵ تەزێن، ساتەوەختی پڕ لە خەندە و تێکەڵبووە بە چارەنووسێکی نادیاری ئەو بەندانەوە.

دوای شەش مانگ لە مەشقی کاراکتەری «پۆزۆ»، ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو ئەکتەرە «بەندە» ڕەش پێستەی ئەو کاراکتەرەی یاری کردووە، لە ژوورەکەی چۆتە دەرەوە. «یان یۆنسۆن» لە چرکەساتێکی پشودا، لە پەنجەرەی ژوورەکەوە دەڕوانێتە ئەو مرۆڤە بێئارامە. بە گۆڕەپانی بەندیخانەکەدا دەڕوات، سەرەتا دەچێتە باخچەکەوە، سێوێک دادەکرمێنێ، دەگەڕێتەوە

گۆڕەپانەکە، پیاسەیەکی هێمن بەناو بەندەکانی تردا دەکات و دەچێتە ژوورەکەی خۆی و دوای تاوێک خۆی هەڵدەواسێ.

مردنی ئەو ئەندامەی مەشق و پڕۆژەی گۆدۆیەکی بەندکراو، دەبێتە خورپەیەکی دڵ تەزێن بۆ تێکڕای گروپەکە بەگشتی و «یان یۆنسۆن» بەتایبەتی. بەڵام مەرگ ناتوانێ ڕێگا بە بەردەوامی ژیان بگرێت. «گۆدۆ» بێت، یان نەیەت خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان هەر بەردەوام دەبێت. ئێمەش تا هەتاهەتایە لەچاوەڕەوانیدا دەمێنینەوە. گروپەکە کۆڵنادەن و لە ڕووی وەفادارییەوە بەردەوامی دەبەخشنە ئەزموونەکەیان.

ئێستە سامۆێل بێکێت مردووە، ئەو مرۆڤانە لە بەندیخانەکانیاندا ماونەتەوە، «یان یۆنسۆن»یش لە سوید بووە بە بەشێک لە هەر یەکێک لەو مرۆڤانە. گێڕانەوەی ئەم ئەزموونەش نەمایشکردنی شانۆنامەیەکی زۆر گەورەیە. شانۆنامەیەکە لەم چرکەساتەدا دەژی. ژیانی شانۆنامەکەش ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ژیانی خۆیەوە. تازە هەرگیز ئەو ناتوانێت بە جۆرێکی تر بژی.

**ئێستراگۆن: (سەیری درەختەکە ئەکا.) ئەمە چییە؟**

**ڤلادیمیر: درەختە.**

**ئێستراگۆن: ئەزانم، چ بابەتە؟**

**ڤلادیمیر: نازانم، لەوانەیە بی بێ.**

**ئێستراگۆن: وەرە سەیرکە. (ڤلادیمیر بۆلای درەختەکە کێش ئەکا و، لەبەردەمیا جووڵە لە خۆیان ئەبڕن. بێدەنگی.) ئەی ئەڵێی چی خۆمانی پیا هەڵواسین؟**

**ڤلادیمیر: بە چییەوە؟**

**ئێستراگۆن: دوو گەز گوریست پێ نییە؟**

**ڤلادیمیر: نا.**

**ئێستراگۆن: کەواتە ناتوانین.**

**ڤلادیمیر: با بڕۆین.**

**ئێستراگۆن: بوەستە، پشتوێنەکەم.**

**ڤلادیمیر: نابێ، زۆر کورتە.**

**ئێستراگۆن: تۆ قاچم ڕاکێشە.**

**ڤلادیمیر: ئەی کێ قاچی من ڕابکێشێ؟**

**ئێستراگۆن: ڕاستە.**

## پەراوێزەکان

‹١› لە چوارچێوەی دیدێکی جیاوازدا، لە ساڵی ١٩٩٥دا، لەگەڵ ئەو خانمە سویدییەدا کارم لە شانۆنامەی «بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆدۆوە» کرد. نەمایشەکە دوای مانگ و نیوێک مەشقی بەردەوام، لە پانتایی هۆڵی ماڵێکی گەورەدا، لە دوورگەیەکی دەرەوەی ستۆکهۆلم ئامادەی پێشکەشکردن بوو. بەڵام بەداخەوە نەمانتوانی ئەو گەمەیە پێشکەشبکەین، لەبەرئەوەی مافی نەمایشکردنی پیەسەکە بەر لە ئێمە فرۆشرابوو بە گروپی تری شانۆیی لە ستۆکهۆلم و کۆپنهاگن.

‹٢› یان یۆنسۆن، ئەکتەر و ڕیژیسۆرێکی ناسراوی سویدییە. لە هەشتاکانی هەزارەی ڕابردوودا لە بەندیخانەکانی «کوملە» لە سوید، لە «سان کیونتین» لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کاری لە شانۆنامەی «بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە» کردووە. بەرئەنجامی ئەو کارانە نەمایشی «هەندێ لە ساتەکانی واقع»ی لێدەخوڵقێ. یان یۆنسۆن ئێستە لەگەڵ گروپی ڕیکس دراما لە گەشتێکی بەردەوامدا ڕووبەڕووبوونەوەکانی خۆی سەبارەت بە کوملە، سان کیونتین و سامۆئێل بێکێت دەگێڕێتەوە.

هەندێ لە ساتەکانی واقع نەمایشێکی شانۆیی گێڕانەوە ئامێزی چڕ، پڕ لە هەست و سۆز و مرۆڤایەتیە. یان یۆنسۆن بە شێوازێکی تایبەت، شیعر ئامێز، دەوڵەمەند و گشتگرەوە لەم نەمایشەدا یادەوەرییەکانی خۆی سەبارەت بەو دوو بەندیخانە شانۆییەی خۆی، بەدەم چاورەڕوانیی گۆدۆوە دەگێڕێتەوە.

‹٣› دیمەنەکانی «بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە» بۆ ئەم باسە لە وەرگێڕانەکەی سمکۆ ناکامەوە وەرگیراوە، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی هونەری کورد لە سوید.

# گفتوگۆیەک لەگەڵ «د. یوسف سلامة»

## سازدان و ئامادەکردنی: صلاح احمد

صلاح: لە ووتاری « تێڕامان لە چەمکی کۆتای» توانای کولتوری خۆرئاوای لەسەر ڕاگەیاندنی، کۆتایی. (کۆتایی مێژوو، کۆتایی فەلسەفە، کۆتایی ڕۆشنبیر... هتد) بە یەکێک لە بیشانەکانی زیندوێتی ئەو کولتورە داناوە، هەروەها بە بەڵگەی بارێزگاریکردنی ئەو کولتورەت زانیوە بە توانای خۆیەوە لەسەر نوێبوونەوەی بەردەوامە. هەروەها تێگەی «دیالیکتیکی ناوەکی» لەناو ڕۆشنبیریی خۆرئاوادا ئەخەیتەڕوو. لەکۆتایی ووتارەکەتدا ڕەخنە لە دید و هەڵوێستی لاساییگەرانەی ڕۆشنبیری عەرەب دەگرێت کە لەسەر بەنەفرەتکردنی خۆرئاوادا بەندە، هەروەها میهبەخشینێکی نەخۆشیئامێز بە ڕابووردوو. ئایا بەهۆی ئەم دیدە بابەتیەوە، هەست بە جۆرێک لە جیاوازی ئەگەر نەڵێم نامۆیی ناکەیت لەگەڵ هاوپیشەکانتا لە بیریاری عەرەب؟

**د. یوسف**: ڕۆشنبیر دەبێ خودان هەڵوێستی فیکریی ئاشکرا و تایبەت بێت و دەبێ ئەو هەڵوێستە بەر لە هەموو شتێک جێگای قەناعەتی خۆی بێت و بەم پێیەش دەبێت ئەم بەرپرسێتییە بە ڕەزامەندی و ئەگەر نەڵێم بەخۆشحاڵیشەوە لەئەستۆبگرێت، لەم ڕووەوە عادەتەن زۆر گوێ نادەم بەو دەرئەنجامەی کە لە هەڵوێستە فیکریی و سیاسییەکانم دەکەونەوە کە مەرج نییە هەمیشە دەرئەنجامی ئاسایی بن. لێرەوە بابەتی نامۆیی لە هەموو ساتێکدا شیاوە و نامۆبوونیش مەسەلەیەکی فیعلەن واقعییە، بەتایبەتی ئەگەر مرۆڤ ئەو هەڵوێستانە هەڵبژێرێ کە ئاسایی و باو نین. هەرچەندە لەڕاستیدا من پێم وا نییە هەڵوێستەکانم باو نەبن، بەڵکو لەو باوەڕەدام کە هەڵوێستەکانم ئاشکرا و ڕوون و ڕاستەقینەن و لێرەوە دەبنە هۆی زۆر پەرچەکرداری نێگەتیڤ لەلای هەندێ لە هاوپیشەکانم (تەنها هەندێکیان) هەروەها لەلای هەندێ لایەنی (دیسان تەنها هەندێکیان). وەلێ لە هەموو حاڵەتێکدا، تاوەکو ئێستا توانای ئەوەم ماوە کە جەخت لەسەر هەڵوێستەکانم بکەم و هەوڵم داوە بە ئەرکی خۆم هەڵسم وەکو کەسێک لەو ڕۆشنبیرانەی کە لە ناوچەکەدا دەژین و پێویستە لەسەریان کە پابەندبن بە ڕەوشەکانی ناوچەکەوە، بەڵام ڕەوشەکانی هەنوکە و ئاینده وەک ڕەوشەکانی ڕابووردوو. من بەشێک نیم لە ڕابووردوو هەروەها بیری من بەشێک نییە لە ڕابووردوو بەڵکو هەمیشە ڕووی لە ئایندەیە بەمەبەستی هەڵسانەوە بە ئێستا. ڕۆشنبیر بەم چەشنە دەتوانێت هەمیشە بەرزبێتەوە بۆ گەیشتن بە ئاستی ئایدیاکانی خۆی، و بگرە ئەمە ئەرکی ئەخلاقیی ڕۆشنبیرە. و دەبێ کەم گوێ بدات بەڵکو زۆر کەم گوێ بدات بەو پەرچەکردارانەی کە لە پلەی گووتن

و گووتاری خۆیەوە دێنەئاراوە، لەبەرئەوەی کاتێک گوتارێک دادەمەزرێنێ یا گووتەیەک ڕادەگەیەنێ، ئامانجی ئەو ڕاستییە و ڕاستییش دەبێ ڕێزی لێبگیرێ لەلایەن بێژەرەکەیەوە بە پلەی یەکەم و لەلایەن بیستەرەکەیەوە بە پلەی دووەم.

**صلاح: بەڕای تۆ کارابوونی زیاتری جیهانگیریی و شۆڕشی زانیاری و پەیوەندی دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی زووتری هۆشیاریی دیموکراتی لەنێو گەلانی دواکەوتووی جیهانی سێیەمدا. ئایا ئەمەش لەلایەکی دیکەوە توانستێکی باش فەراهەم دەکات بۆ ئەوەی گەلانی چەوساوە و سەرکوتکراو و گۆشەگیرکراو لە زەمەنێکی کورتتردا ئەو گۆشەگیرییە تێکشکێنن کە ڕژێمە سیاسیە دواکەوتوو و سەرکوتکەرەکانیان سەپاندویانە بەسەریاندا؟**

**د. یوسف:** هەموو دیاردەیەک لە جیهاندا و لە مێژوودا دوو دیوی هەیە دیوێکی پۆزەتیڤ و دیوێکی نێگێتیڤ، و هەردوو دیوی هەر دیاردەیەک دەوەستێتە سەر شێوەی تێگەیشتنمان لەو دیاردەیە و جۆری بەکارهێنانی توخمە سەرەکییەکانی ئەو دیاردەیە. بەڵام ئەوەی کە دەبێت زۆر بەشێنەیی لەسەری بوەستین ئەو پرسیارەیە کە ئایا دیاردەیەکی دیاریکراو تا چەند دیاردەیەکی بابەتییە. یا دیادەیەکی خودییە و بێنرخە. ئەگەر دیاردەکە بابەتی بێت دەبێت مامەڵەیەکی بابەتی لەتەکدا بکەین، واتا سەرەتا دان بە بوونی دیاردەکەدا بنێین و باوەڕی پێبهێنین، پاشان پێویستە گرنگترین شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دیاردەیەدا ئاشکرابکەین وە لەڕێگەی ئەو مامەڵەکردنەوە چاکترین دەرئەنجامی مومکین وەدەستتبهێنین.

بە بۆچونی من جیهانگیریی دیاردەیەکی بابەتییە کەس بۆی نییە پشتگوێی بخات یان فەرامۆشی بکات یان پێیوابێت کە دەتوانێت خۆی لێلادا جیهانگیریی واقعێکی ڕاستەقینەیە لە هیچ حالەتێکدا ناکرێ فەرامۆشبکرێت یان بازی بەرا بدرێت یان وا بزانرێت کە نییە. لێرەوە هەڵمەتی توند دەکرێتە سەر جیهانگیری لەلایەن ئەو سیستەمانەو کە پێیان وایە جیهانگیریی تەنها بۆ ڕیساکردن و کۆلۆنیالکردن و کۆنترۆڵکردنی گەلان هاتووەتە ئاراوە. ئەم بۆچوونە بەشێوەیەکی هەندیی (جزئی) ڕاستە، بەو مانایەی کە جیهانگیریی بەردەوام بوون و قوڵکردنەوەی دیاردەی سەرمایەدارییە. بەڵام دیاردەی سەرمایەداری هەر لە دروستبوونێوە لە سەدەی پازدە و شازدەوە، مامەڵەی لەگەڵ کرا هەروەها مامەڵەی لەتەک پەرەسەندندنەکانیدا کرا هەتا گۆڕا بۆ ئیمپریالیزم. ئێستاش کە سەرمایەداری لەسەر وێنە جیهانگیرییەکەیەتی دەبێ مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، بۆ؟ چونکە جگە لە مامەڵەکردن لەگەڵیا وەکو خۆی هیچ ڕێگەیەکی دیکەمان لەبەردەما نییە. ئەوەی کە تازەیە لەم دیاردەیەدا بڕی ئەو زانیارییانە و هەڵڕژانی ئەو مەعریفەیەیە کە فەراهەمی دەکات. لێرەوە پێویستە لەو گۆشانەوە بڕوانینە جیهانگیریی کە بۆ ئێمەی دانیشتوانی جیهانی سێهەم دەستکەوت و

قازانجی هەیە، ئەمەش لەڕێگەی چاک بەکاربردنماندا بۆ جیهانگیریی و لەڕێگەی توانستمانەوە لە ڕەفتارکردن لەتەکیا. ڕەنگە هەندێ کەس بڵێن لایەنی لاواز ناتوانێت دیاردەی جیهانگیریی بخاتە بەرژەوەندی خۆیەوە. ئەم بۆچونە بەتەواوی هەڵەیە، لەبەرئەوەی لاواز ئەگەر بەچاکیی دیاردەکەت شیکردەوە و بە ووردی شوێنگەی خۆی دیاریکرد ڕەنگە بتوانێت بیخاتە خزمەتی خۆیەوە، یان لانی کەم زیانەکانی کەمبکاتەوە. لێرەوە جیهانگیریی بە لایەنە زانیاریی (المعلوماتیة) و مەعریفی و کولتورییەکانیەوە و بە توانستێوە بۆ گواستنەوەی زانیاری و هەڵرشتنی ئامرازی زانستیی هەلێکی لەبار دەستەبەردەکات بۆ ریسواکردنی هەموو شێوازەکانی دیسپۆزیزم (الاستبداد) و ئەو شێوازە نادیموکراتیانەی کە لە جیهانی سێیەمدا پیادەدەکرێت و ڕەنگە هەندێ جار لە جیهانی یەکەمیشدا پیادەبکرێت، هەر لەو کارە ترسناکانەی کە لە دژی خەڵکی بێگوناه بەڕێوەدەبرێن تا ئەو کارانەی کە هەندێ جار لە دژی گەلانیش بەڕێوەدەبرێن. ئەم هەڵڕژانە ئازادە یان نیمچە ئازادەی زانیاری بنکەیەک لە ئامرازی زانستیی دەستەبەردەکات نەک تەنها بۆ کەسی پسپۆر بەڵکو بۆ مرۆڤی ئاساییش، ئەو مرۆڤەی کە ژیانی هاوولاتی ئاسایی دەگوزەرێنێ، ئیدی ئەم مرۆڤە چاویکرایەوە لەبەرانبەر هەموو ئەو ڕووداوانەی کە ڕوودەدەن لە جیهاندا. ئەم بنکەی ئامرازە زانستییانەی کە ئیدی دەکرێت فەراهەمبکرێت بۆ هاوولاتی ئاسایی، هاوولاتیانی جیهانی سێ یەکەمین سودمەندن لێی و تیایشیاندا هاوولاتی عەرەب. پێشتر کەم شتمان دەزانی لەسەر ئەوەی کە لە وولاتەکانماندا ڕوودەدات و لەسەر ئەوەی کە حکومەتەکانمان پێمان دەکەن، بەڵام ئێستا لەڕێگەی ئەم دیاردە نوێیە، واتا دیاردەی جیهانگیریی میدیایی و کولتوریی، وامانلێهات زۆر لەو شتانە بزانین کە پێمان دەکرێت و بەسەرماندا دێت. لێرەوە ڕەنگە ئەم مەعریفەیەی کە بۆ هاوولاتی ئاسایی یان هاوولاتیانی ئاسایی بەدیدێن ببێت بە بنکەیەک لە بنکەکانی بەرگری، و بکرێت دەستی بدرێتی بەڕووی سیستەمەوە سەمکارەکاندا هەڵکێشرێ. واتا مەعریفە چەشنێک لە هێز دەستەبەردەکات بۆ مرۆڤ. لەڕاستیدا سیستەمە ستەمکارەکان پشت ئەستور بوون بە قەبارەی زانیارییەکان و بە هێزێکی نابیناکەر و لەلایەکی دیکەشەوە جیهانگیریی زانیاریگەلێکی زۆری خستە بەردەستی هاوولاتی ئاسایی، و توانستی پەیوەندیکردن بە دەزگا میدیاییەکانەوە و توانستی و تێکگەیشتنی ڕۆشنبیریی بۆ فەراهەمکرد. هەموو ئەم گۆڕانانە بنکەیەکی سەرەکی دەستەبەردەکەن بۆ هاوولاتی ئاسایی کە دەتوانێت لێوەی بدوێت و گفتوگۆ لەگەڵ ئەو دەزگایانەدا بکات کە حوکمی دەکەن قسە لەسەر ئەو شێوازە ڕەفتارانە بکات کە پیادەی دەکەن. گومانی تێدا نییە کە هاوولاتی لە زۆربەی وولاتانی جیهانی سێیەمدا هێشتا نەگەیشتووە بەو ئاستەی کە بتوانێت گفتوگۆی حکومەتەکەی بکات و ئەو شتانە ڕەتکاتەوە کە حکومەتەکەی پێیان هەڵدەسێت. بەڵام حکومەتەکان ئێستا دەزانن کە تا چ ئەندازەیەکی فراوان زانیاری دەستەبەر بووە بۆ هاوولاتی. ئەو هاوولاتییەی ملکەچی هەموو

شێوازەکانی دیسپۆتیزم و سەرکوتکردن کراوە. ئەو سەرکوتکراوە، هەر لەبەرئەوەشە ئەو حکومەتانە ناچاربوون کە بچنە ژێر باری جۆرێک لە دیالۆگی خودییەوە، کە لەڕێگەیەوە هەوڵدەدەن هەندێک مشتیان شلبکەن یا لە مشتێکی ئاسنییەوە بیکەن بە مشتێکی ئاوریشمین. ڕاستە دواجار ناوەڕۆک هەر یەکە، وەلێ ئەمە جۆرێکە لە دانپیاهێنانی ئەو حکومەتانە بەوەی کە بەڕێگای ڕاستدا ناڕۆن و هەروەها دانپیاهێنانە بەوەدا کە نوێنەری هاووڵاتی نین. بۆیە ئەو جۆرە حکومەتە وا پیشاندەدات کە لە مشتیا مشتێک ئاوریشم هەیە نەک مشتێکی ئاسن.

**صلاح: وەکو بەشێک لە «دەمارگیریی دژەخۆرئاوایی» زۆر دەنگ هەیە بانگەشەی دامەزراندنی هەندێ چەمکی سەیر دەکەن وەکو «جاڕنامەیەکی ئیسلامی بۆ مافی مرۆڤ» ، «دیموکراتییەتی ئیسلامی» و... هتد. بە بۆچونی تۆ کارایی مێژوویی ئەم ڕەوتانە تا چەندە؟**

**د. یوسف:** مافی مرۆڤ یەک شتە لە هەر شوێنێک بێت، چی لە جیهانی عەرەبی بێت یا لە جیهانی سێیەم یا لە جیهانی ئەمریکی... هتد. هەر باسێک مافی مرۆڤ دابەشبکات بۆ جاڕنامەی ئیسلامی مافی مرۆڤ و جاڕنامەی عەرەبی مافی مرۆڤ، هەوڵێکە بۆ لاوازکردنی خودی پرنسیپی مافی مرۆڤ و هەوڵدانە بۆ بازدان بەسەریا و خۆلادان لێی و فەرامۆشکردنی، و هەروەها چەواشەکردن و خەریککردنی خەڵکیی بە پێچ و پەنای لاووکییەوە، تا ڕوو لە پنتی ڕووداوەکان نەکەن کە داواکردنی ئەکتیڤکردنی مافی مرۆڤە لە ژیانی هاووڵاتی و ژیانی کۆمەڵدا. لێرەوە پێموایە ئەم چەمکانە زۆرکات بریتین لە هەندێ فێڵ بۆ بازدان بەسەر چەمکە سەرەکییەکە و ڕەوشە سەرەکییەکەدا، کە نائامادەگی مافی مرۆڤە لە ژیانی هاووڵاتی عەرەبیدا، و لەجیاتی داواکردنی مافی مرۆڤ مەسەلەکە دەگواسترێتەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەرئەوەی:
چ چەشنێک لە مافی مرۆڤ دەخوازن، ئیسلامی، عەرەبی، کوردی... لەکاتێکدا کە خوازراو یەک شتە: مافی مرۆڤ.

لەبەرئەوە لەڕاستیدا مەرج نییە ئەم چەمکە زیادکراوانە گوزارشت لە ڕق و کینە بکەن لەدژی خۆرئاوا، بەڵکو بەشێوەیەکی بنەڕەتی و بەدیاریکراوی بریتین لە هەندێ فێڵ بۆ چەواشەکردنی هاووڵاتی و وونکردنی ناوەڕۆکی ڕەوشەکە کە مافی مرۆڤە، بۆیە لەجیاتی ئەوەی داوای بەرجەستەکردنی مافی مرۆڤ بکرێت، هەندێ گفتوگۆی بێبەها سازدەکرێت لەسەر ئەوەی چ جۆرێک لە مافی مرۆڤمان دەوێت، دواجاریش چەمکە سەرەکییەکەی مافی مرۆڤ کارایی خۆی لەدەستدەدات، چاکتر وایە هەوڵەکانمان ئاراستەی ڕەوشە سەرەکییەکە بکەین و بیر لەو ڕێگە و ئامرازانە بکەینەوە کە نزیکترمان دەخەنەوە لە دەستەبەربوونی مافی مرۆڤ بۆ زۆرترین ژمارەی هاووڵاتیان.

صەلاح: لەسەر هەردوو ئاستی ڕۆشنبیریی و سیاسیی عەرەبیی گوتارێکی گشتگیر هەیە بۆ بەرگریکردن و پارێزگاریکردنی «خاک»، «کولتور»، «سەردارێتی»، «یەکێتی»، «ئابرووی نەتەوەیی» و... هتد. گوتارێک کە پڕچەکە بە دروشمگەلێک بۆ بەرگرییکردن لە هەموو شتێک جگە لە مرۆڤ، یا هاووڵاتی، وەکو ئەوەی گرنگیی مرۆڤ دوایین شت بێ، و هەمیشە مرۆڤ لەپێناو شتی دیکەدا و هیچ لەپێناو مرۆڤدا.

لە گوتاری ڕۆشنبیریی خۆرئاواییدا بەتەواوی پێچەوانەی ئەمە دەبینین و هەروەها لە پرنسیپەکانی سیاسەتە خۆرئاواییەکاندا بەرانبەر بە هاووڵاتی، و لەو بنەمایانەدا کە دەوڵەتی نوێی لەسەر دروست بووە لە خۆرئاوا کە بەر لە هەموو شتێک مرۆڤ و ئازادییە تاکەکەسییەکان و مافەکان پیرۆزدەکات.

**د. یوسف**: دوو کولتور یان دوو هەڵوێستی جیاواز هەیە بەرانبەر بە جیهان و بە سروشت کە مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو گەڵاڵەی کردون. و دواجاریش دوو هەڵوێستە بەرانبەر بە خۆی.

هەڵوێستی یەکەم هەڵوێستی کولتوری خۆرهەڵاتە کە لە چین و هند و فارسەوە دەستپێدەکات و درێژدەبێتەوە تا دەگاتە کولتوری ئیسلامی بە هەموو پێچ و پەنا و چەشنەکانیەوە. هەڵوێستی دووەمیش خۆرئاواییە کە لە یۆنانەوە دەستپێدەکات و درێژدەبێتەوە تا کولتوری خۆرئاوایی ئەوروپیی لە سەدەکانی دواییدا و کولتوری ئەمریکی لە ئێستادا، چاکتر وایە بە هەمووی بڵێین کولتوری خۆرئاوا. لەڕاستیدا ئەم دوو هەڵوێستە زۆر جودا و جیاوازن. ئینسانی خۆرهەڵاتی هەمیشە وەکو کۆمەڵێ نهێنی و کۆمەڵێ توخمی ترسناک ڕوانیوێتیە سروشت، بۆیە لەجیاتی ئەوەی بیبڕێ و ڕێساکانی ناس بکات، خۆی لێلادا و لێیهەڵهات و بەجێیهێشت ئیدی بەم شێوەیە پەیوەندی مرۆڤی خۆرهەڵاتیی بە سروشتەوە بە جۆرێکی نێگێتیڤانە فۆرمالیزە بوو. مرۆڤی خۆرهەڵاتیی بەم دیدە لە سروشتی ڕوانی و نەیتوانی لە ڕێساکانی تێبگات و نهێنییەکانی ئاشکرابکات بۆیە وایپێباشبوو کە دەستبەرداری سروشت بێ و لێیگەڕێ، دواجاریش بڵندگەیی و بەرزبوونەوەی بەسەر سروشتدا هەڵبژارد و هاوکاتیش فەرامۆشکردنی سروشت و بەجێهێشتنی وەکو خۆی. تاکەشتێک کە پێیهەڵسا دابڕانی خۆی بوو لەو جیهانەی کە دەبوایە تێیدا بژی واتا سروشت. ئیتر پەیوەندی مرۆڤ بە سروشتەوە لەسەر ترس و نەزانین مایەوە، ئەم دیدەش سەراپاگیری کۆمەڵگابوو، هەر ئاوهاش کۆمەڵگا بەبێ لێکۆڵینەوەی زانستی مرۆڤی خۆرهەڵاتی مایەوە.

ئیدی سروشت و کۆمەڵگا بوون بە کۆمەڵێ نهێنی، چونکە مرۆڤی خۆرهەڵاتی هەوڵی نەدا پەنهان و هێماکانیان شیبکاتەوە، بەڵکو بەسەر جیهاندا فڕی و بەدیدارگەیشتن و تواندنەوەو یەکبوونی لەگەڵ ڕەهاو خواوەندا هەڵبژارد.

ڕەنگە هێورترین و نەرمونیانترین جیاوازی و کارتکردن کە مرۆڤی خۆرهەڵاتی پێیهەستابێت، جیاکردنەوەو لێکدابڕانی هەردوو جیهان بێت. ئەم جیهانەو جیهانی ئاخیرەت. بۆیە لە زۆربەی نەریتە

خۆرهەڵاتیەکاندا ئاخیرەت وەها خویابوو کە بەرامبەرو پارسەنگە بۆ جیهانەکەی دیکە کە خۆرهەڵاتییە سەرەتاییەکان لە هند و چین وەکو جیهانگەلێکی پەرگیر سەیریانکردن، دواجار زۆربەی ڕەوشەکان دواخران، ئیدی نە لێکۆڵرانەوەو نە گفتوگۆکران و نەخرانە بەر ڕووبەڕووبوونەوەش، بەو پێیەی کە ڕۆژێک هەیە بۆ قیامەت کە تیایدا حوکمی ڕاست و ڕەها بەسەر شتەکاندا دەدرێن، لە کاتێکدا کە حوکمەکان لەم دنیا لەسەر مەزەندەو گومان بەندن. ئەم هەڵوێستە وای لە مرۆڤ کرد کە لەبەردەم جیهان و سروشتدا لاوازبێت، مرۆڤی خۆرهەڵاتی بەدامەزراندنی کۆپێکهاتێک لە ئایدیای پیرۆز پارسەنگی ئەو لاوازییەی خۆی دایەوە لە بەرامبەر جیهان و لە بەرامبەر سروشتدا. ئەو کۆپێکهاتەش پتر ڕەوایەتی هەڵهاتن و ڕووبەڕووبوونەوەی پێبەخشی.

بەڵام لە کلتوری خۆرئاوادا، هەر لە کلتووری یۆنانیەوە خوویەکی عەقڵانی سەرداربوو. بێگوومان هەندێ خووی پەراوێزگیری و ناعەقڵانیش لەو کلتوورەدا دەرکەوت، وەلێ لە پەراوێزدا مایەوە. لە کلتووری یۆناندا خوویەکی عەقلانی سەردەست بوو کە ڕێگەی بە فەیلەسووفانی یۆنانی دا کە جیهان بکەن بە بابەتێک بۆ بیرو عەقڵیان، دواتریش ڕووبەڕووی جیهان و سروشت بوونەوەو هەوڵیانداکە نهێنیەکانیان ناسبکەن، سەرکەوتووش بوون لە وەدەستهێنانی چەندین ڕاستیدا. لەگەڵ سەردەمی نوێدا ئەم ئاڕاستگەیە گەیشتە لووتکە، کاتێک کە فەلسەفەی خۆرئاوایی هەر لە دیکارتەوە جەختی لەسەر ئەوە کرد کە مرۆڤ پنتی جیهانە. ئیدی واتای گرنگی نوێگەری لەوەدا کۆبۆوە کە: مرۆڤ پنتی جیهانە، بەم شێوەیە لە دەرەوەی خودی مرۆڤ بوو بە دەستپێک و پانتایی جیهان، لێرەشەوە خۆرهەڵاتی و خۆرئاواییەکان لە بینینیاندا بۆ مرۆڤ لێکدابڕان. ئەو بینینەی کە تائێرە هەوڵمدا جیاوازی گەورەی هەردوو هەڵوێستەکە لەبەرامبەریدا ڕوونبکەمەوە. لێرەوە مرۆڤ لە کلتووری خۆرهەڵاتیدا کەمبایەختربوو لەبەردەم سروشت و کۆمەڵگادا، دواجاریش مرۆڤ بوو بە ساتەوختێکی وێڵ یان گەردیلەیەکی سەرگەردان لەبەردەم ئەو هێزانەدا کە ناتوانێ کۆنترۆڵیان بکات و زاڵبێت بەسەریاندا، ئەو هێزانەش هێزەکانی سروشت و هێزەکانی کۆمەڵگان واتا ئەو هێزە سیاسیانەی کۆمەڵگا کە حوکمی مرۆڤ دەکەن و کۆنترۆڵی دەکەن و دەیچەوسێننەوەو دەیبەزێنن بەبێ ئەوەی بتوانن ڕووبەڕوویان بێتەوە.

مرۆڤ لەم ستراکتوورە کلتووریەدا شوێنگەیەکی پەراگەندەی گرت لە کاتێکدا مرۆڤ لە کلتووری خۆرئاوایدا بەو پێیەی بوو بە پنتی جیهان و بەدیاریکراویش لەسەردەمی نوێگەرییەوە واتا لەسەردەمی هەڤدەوە، بەو پێیە بوو بە خاڵی سەرەتاو کۆتایی.

ئیدی لە کلتوورو سیاسەتی خۆرئاواییدا خویابوونێکی بەرچاو بۆ مرۆڤ چێ بوو، وە ڕێز لە مافەکانی گیرا. بەڵام لە کلتوورەکانی ئێمەداو لە سیاسەتەکانی ئێمەدا ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ نەگیرا، نا لە هیچ دۆخێکدا مەفەکانی مرۆڤ لەبەرچاو نەگیرا.

بەڵام ئەمە ڕێگای ئەوەمان لێناگرێت کە بڵێین خۆرئاواییەکان هێندەی وەکو مافی مرۆڤی خۆرئاوایی سەیری مافی مرۆڤیان کرد هێندە وەکو مافی مرۆڤ بەگشتی سەیریان نەکرد. ئەمەش دیاردەگەلێکمان بۆ ڕاڤەدەکات کە نەتەوە خۆرئاواییەکان پێیاندا چوون، وەکو کۆلۆنیالیزم و تالانکردنی سەروەت و سامان و بەرووبوومی گەلان و ...هتد. بەڵام بێگومان زۆر ڕۆشنبیریی خۆرئاوایی هەیە کە بەچاوی یەکسانی دەڕواننە مرۆڤ. سیاسەتمەدارانی خۆرئاوا ئەو چەمکەیان پەرتکرد، بەجۆرێک کە لە خزمەتی بەرژەوەندی خۆیاندابێت و مافی مرۆڤیان بە مافی مرۆڤی خۆرئاوایی بینی و مافی مرۆڤی غەیرە خۆرئاواییان فەرامۆشکرد.
بەڵام کولتووری خۆرئاوا لە هێڵە سەرەکییەکانیدا پابەند دەبێ بەمافی مرۆڤەوە وەکو مرۆڤ، جا ئەو مرۆڤە خۆرئاوایی بێ یان نا. لێرەوە کلتوور بە شێوەیەک بنەڕەتی بۆ ئێمە گرنگە چونکە سەرچاوەی سەرەکی بیرو بەهایە.

**صلاح: لە کتێبی «ئیسلام و بیری یۆتۆپی» دا پرسیارێک لەسەر ئەگەری هەڵسانەوەی ژیاری ئیسلامی و دووبارە ژیانەوەی دەوروژێنیت؛ وە وەڵامەکە تا ڕادەیەک بە کراوەیی جێدێڵیت (هەندێکیش بەلای «بەڵێ»دا دایدەشکێنیتەوە)**
**بەڵام لە ووتاری «ڕەخنە لە پۆستمۆدێرنیزم – ژیاری لە نێوان دیالۆگ و ململانێدا لەسەردەمی پۆستمۆدێرنیزمدا» دەڵێی: [لەسەر هەر کۆنسێپتێک تونها یەک ژیاری هەڵدەچنرێت، ئەگەر ئەو کنسێپتە لاوازبوو یان مرد ئەوا هەرگیز لەسەر وێنە جەوهەریی و بنەڕەتییەکەی ژیانی ناکرێتەوە بەبەردا]. ئایا ئەوەی کە لە ووتارەکەتدا گوتووتە ڕای ئێستاشتە؟**

**د. یوسف**: سەرەتا کتێبەکەم «ئیسلام و بیری یۆتۆپی» لە ساڵی ١٩٨٩ لە چاپی یەکەمدا دەرکەوت و پێشتریش بە زمانی ئینگلیزی لە لێکۆڵینەوەیەکی چەند کەسیدا لە زانکۆی تۆکیۆی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان چاپکرابوو، (UN UNIVERSTY OF TOK). ئەو هەڵوێستەی ووتارەکەش «ژیاری لە نێوان دیالۆگ و ململانێ لەسەردەمی پاشنوێگەریدا» یەکەمجار لە کتێبخانەی ئەلئەسەد بە سیمینار پێشکەشمکرد و دواتر لە گۆڤاری «اداب» لە دەوروبەری ساڵی ١٩٩٨ بڵاوکرایەوە. هەردوو هەڵوێستەکە واتا ئەوەی کتێبەکەو ووتارەکە هاوشێوەن. لەبەر ئەوەی ئەگەر بگەڕێیتەوە سەر کتێبەکە دیسان دەبینی من باسی (کۆنسێپتی ژیاری – الفکره الحضاریه) دەکەم، باسی ئەوە دەکەم کە هەر ژیارییەک کۆنسێپتێکی خۆی هەیە، بەم پێیە ناکرێت یەک کۆنسێپت جگە لەیەک ژیاری بەرهەمبێنێت. ڕەنگە لە ووتارەکەدا لەڕووترو ڕادیکاڵتر و سوورتربووبم، واتا لە سیمینارەکەو لە لێکۆڵینەوەکەدا لە گۆڤاری «اداب»دا بڵاوکرایەوە.

بەنیسبەت ڕای ئێستاشمەوە: هەر لە نامەی دکتۆراکەمەوە لە ساڵی ١٩٨٥وە تا ئەمڕۆ بۆچوونم وەکو خۆیەتی بەبێ گۆڕان، ئەوەی بەسەریا هاتووە تەنها قوڵبوونەوەی زیاتر. ڕاکەشم ئەوەیە کە هەر ژیارییەک کۆنسێپتێکی هەیە کە لەسەری دروستدەبێت، ئەگەر ئەو کۆنسێپتە مرد یان لاوازبوو، ئەوا مەحاڵە ئەو ژیارییە ببوژێنرێتەوەو دووبارە بخرێتەوە سەرپێ. واتا من پێمەوایە کە عەرەب و ئیسلامەکان دەبێ بەچەشنێکی نوێ بیربکەنەوە و دەبێ کۆنسێپتێکی نوێ بەرهەمبهێنن لە بری ئەوەی بیر لە ژیانەوەی ئەوە بکەنەوە کە مردووە، و کاتی پێوە بکوژن.

ئەوەی مرد ناگەڕێتەوە، ئەوەشی کە بو نابێتەوە. وەکو دەزانیت زۆر پارتی ناسیۆنالیستی هەیە کە ئایدۆلۆژیەتی بنەڕەتی خۆی لەسەر ئایدیای ژیانەوە دروستکردووە. بۆ نموونە پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی و بزوتنەوە نەتەوەپەرستە عەرەبەکان، هەروەها ناسریەکان؛ بەگشت وێنەو ڕەنگە ئایدۆلۆژییەکانیانەوە. هەموو وایدەبینن کە گەایە دەکرێ ژیاریی عەرەبی ئیسلامی دووبارە بژیەنرێتەوە.

منیش دەڵێم ئەمە کات بەفیرۆدانە، ئەوەی پێویستە پێیهەستێن بیرکردنەوەیەکی ڕیشەییە، لە کوێوە دەست بەم بیرکردنەوەیە بکەین؟ لەسەردەمەوە.. لە ساتەوەختی هەنووکەوە تا لەلامان ڕوونبێت کە پێویستە چیبکەین بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕوومان وەستاونەتەوە. بەڵام ئەگەر بەردەوامبین لەسەر وەرگرتن و داپچڕانی چارەسەری کۆن بۆ کێشەکانی ئێستا ئەوا لەسەر ئەم لاوازیی و بەزین و دۆڕانەی خۆمان دەمێنینەوە. ئومێدم زۆرە کە ژمارەیەکی زیتر لە بیریاران ساتەوەختی ئێستا بکەن بە خاڵی لێوە دەرچوون بۆ ئایدیاکانیان و بیکەن بەسەرەتایەکی نوێ بۆ هەوڵەکانیان.

بەیرکردنەوە لە ئایندە نەبێت هەڵسانەوەی «ئێستا» مومکین نییە. بەیرکردنەوەش لە ڕابردوو هیچ ناکەین جگە لەوەی لەمەودای نێوان خۆمان و ئێستادا گرفت دەخەینە سەر گرفت و بەربەست دەخەینە سەر بەربەست، چونکە هەر چارەسەرێک کە لە ڕابردووەوە وەریدەگرین دەمانگێڕێتەوە بۆ ڕابردوو دوورمان دەخاتەوە لە ئێستا.. لە کاتێکدا ئەوەی کە پێویستە لەسەرمان ڕۆچوونە بۆ ناواخنی ئێستاو چوونە بەناو ساتەوەختی هەنووکە، لە پێناو ڕووکردنە ئایندە.

**صلاح: فەلسەفە بەپێی «دۆلۆز» ئەو کایە مەعریفییەیە کە لەسەر دروستکردن و ڕاهێنانی «چەمک» وەستاوە. لەم کۆبەشەوە؛ ئایا شتێک هەیە ناوی فەلسەفەی عەرەبی هاوچەخ بێت؟**

**د. یوسف:** لەوانەیە فەلسەفەیەکی عەرەبی هاوچەرخ، بەمانای ووردی ووشەکە و بەمانای بوونی تیۆری گشتگیر و ڕێکبەن کە وەڵامی بۆ ئەو کێشانە یا زۆربەی ئەو کێشانە هەبێت کە پەیوەندیان بە گەردوون و مرۆڤەوە هەیە، لەئارادا نەبێت. بەڵام ئەوەی کە گومانی تێدانییە ئەوەیە کە هەندێ هەوڵی

فەلسەفی پڕ بایەخ هەیە کە بەرکاری هەندێ بیریارو هەندێ مامۆستا و هەندێ لەو کەسانەیە کە بەشێوەیەکی گشتی لە کایەی فەلسەفەدا کاردەکەن.
پێدەچێ هەندێ لەم هەولانە هەوڵی تاکو دیارو پێشکەوتووبن. واتا لەوانەیە بکرێت هەندێ لەم هەولانە وەها وەسف بکرێن کـە چەمکی نوێ وەبەرهەمـدێنن، ئەم وەبەرهەمـهـێنانی چەمکانە ئەگـەر بەردەوامـبێت و درێژەی هەبێت و دۆخی گونجاوی وای بۆ دابینبکرێت کە یارمەتی بدات و قـایمی بکات، ئەوا من لەو باوەڕەدام کە هەڵوێستی فەلسـەفی نوێ، دیدگای فـەلسـەفی نوێ بۆ مرۆڤ و بۆ جیـهان وەبەرهەم دێت. بەڵام ئەگەر ئازادی بیـرو ئازادی فـەیلەسـوف، چەسـپـاو نەبێت ئاسـتـەمـە فەلسـەفە بوونی هـەبێت. ئەمەش ناگەڕێتەوە بۆ عـەرەب یان غـەیری عـەرەب بەڵکو بۆ ئەو سـتـراکـتـۆرە سیاسـی و کۆمەلایەتیە دەگەڕێتەوە کە فەیلەسوف یا فـەلسەفکار لەگەڵیدا دەژی. بەگوزارشـتێکی دی کاتێک کە لە یۆنانی کۆندا ئازادی عـەقـڵی مـافێکی بێسـنوور فـەراهـەمبوو بۆ دیالۆگ و گـفـتـووگۆ، فەیلەسوفی مەزن پەیدابوو، ئەم فەیلەسوفە مەزنانە کۆمەڵێ چەمکی زۆریان بە مرۆڤایەتی بەخشی کە تا ئەمـرۆش بەکاریاندێنین. هـەروەها لەسـەرەتای سـەدەی هەڤـدەوە کاتێک بە ئێـجگاری سـەدەکـانی ناوەڕاست کۆتایی هات، وە دوای تێپەڕینی ئەوروپا بەسەردەمی ڕێنیسـانس و سەردەمی ڕۆشنگەری، بڕێکی وا لە ئـازادی و دیموکـراتـی هـاتە ئـاراوە، یان بـا بڵـێین عـەقڵ توانـی ئەو بڕە لە ئـازادی و دیموکراتی بۆ خۆی وەدەستبێنێ لە ئاکامی دوو سەدە لە ململانێ لەگەڵ دەستەلاتی کڵێسـایی و دەسـتـەلاتی سـیـاسـی کـاتێک ئەو ئـاسـتـە لە دیموکراتیـەت فـەراهـەم بوو، عـەقڵ توانی چەمکگەلێکی فەلسـەفی وەبەرهـەمبێنێ.
ئەوەی لەبەردەمماندا دەبێتە ڕێگر بۆ وەبەرهەمهێنانی چەمکی فـەلسەفی و تیۆری فەلسـەفی، چەندەها کـێشـەیە، لەوانە نـەبوونی دیموکـراتیـەت و کـەمـاسی لە ئازادیدا و نەبوونی ئـازادی ئەکـادیمی لە زانکۆکاندا . بەڵام دواجار ئەو دواکەوتوویەی کە باڵی بەسـەر سـیاسـەت و کۆمـەڵناسی و ئابووریدا کـێشـاوە گـەورەترین و سـەرەکـیـترین بنکەیە بۆ تێکڕای نەخـۆشی و درمـەکـان لێـرەوە پێـدەچێ ململانێمـان لەگەڵ دواکەوتندا بەشـێوە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیرییەکەیەوە، ئەو دەروازەیە بێ کە توانای ئەوەمان پێدەبەخشێ کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بیرێکی فەلسەفی وا وەبەرهـەمبێنین کە بڕێکی باش داهێنانی تیابێت.

**صلاح: «رینان» نکولی لە بوونی فەلسەفەی عەرەبی دەکات و دەڵێ ئەوەی پێیدەگوترێت فەلسەفەی عـەرەبی لە بنەڕەتدا بەرهەمی بلیمەتیی هیندۆئەوروپییە، کە بەشداری لە ژیاری ئیسـلامیدا کرد، تەنها ئەوەندەیە ئەو فەلسەفەیە بە زمانی عەرەبی نووسراواتەوە.**
**هەروەها دەڵێت ئەو فەلسـەفەیە لە بەشە دوورەکانی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی و دوور لە دوورگەی عەرەبی گەشەیکردووە. لە شوێنی وەکو بخارا و سەمەرقەند و ئیسپانیا.**

ئایا فلسەفە ناکۆکە لەگەڵ ڕۆحی ژیاری ئیسلامیی و جوگرافیا خۆرهەڵاتیەکەی؟ بەپێی جۆرج طرابیشی «امین و بدوی و جابری» ئەم بۆچوونەیان هەیە.

دەمەوێ دوورکەومەوە لە باسکردن و وێناکردنی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان فەلسەفەو ئیسلام و فەلسەفەو مەسیحیەتدا بە هەردوو دیوی پۆزەتیڤ و نەگەتیفیەوە. دەمەوێ پرسیارەکە بە شێوەیەکی جیاواز بخەمەڕوو: ئایا ئەو شتەی کە ئاینی ئیسلامی کرد بە ئاینێکی سەرکوتکەر، هەمان ئەو شتەیە کە لێنەگەڕا پەراوێزێک بۆ هەناسەدانی فەلسەفە بهێنێتەوە، لە ژیاری ئیسلامیدا؟ ئایا ئەو شتەی کە ئاینی مەسیحی پارست لە داخران و سەرکوتگەرێتی «دیسپۆتیزم – ئیستبدادیەت» هەمان ئەو شتەیە کە ئەو زەوییە بەپیتەی بۆ فەلسەفە فەراهەمکرد تا گەشەبکات؟
مەبەستم لەو شتە: ستراکتۆری مێژوویی – عەقڵی کەسی خۆرئاواییە، بەدواییەکدا.
هیگڵ لە کتێبی «فەلسەفەی مێژوو»دا دەڵێ: «خۆرهەڵاتیەکان نەگەیشتنە ئەوەی کە ڕۆح – یان مرۆڤ وەکو ئەوەی کە مرۆڤە – ئازادە ...» سەرکێشی و گوتنی شتێکی تازەنییە گەر بڵێم فەلسەفە (هەرچەندێک جیاوزیش بێ لە پێناسەماندا بۆی) لەسەر هەردوو ئاستی مەعریفی و بەهایی مەرجدارە بە ئازادییەوە، دواجاریش چالاکییەکی تایبەتە بە مرۆڤی ئازاد. لەبەرئەوەی «فەیلەسوفیا دۆستایەتی و خۆشەویستی و یەکبوونە لەگەڵ حیکمەتدا» هایدگەر وادەڵێت و بەم شێوەیە ووشەکەی تەواودەکات «کەواتە فەیلەسوف ئەو کەسەیە کە لەگەڵ هەبووندا لە بووندایە».
با بگەڕێینەوە بۆ دیکارت کە مەعریفەی مرۆڤ دەکاتە چوار بەشی بەناوبانگەوە «یان چوار ڕێگا بۆ مەعریفەت» و دەڵێ «فەیلەسوف» بەو کەسە دەگوترا کە بەدوای ڕێگای پێنجەمی حیکمەتدا دەگەڕا.

ئایا ئینسانی نائازاد و دروکنەکردن بە ئازادی خۆی دەتوانێت جگە لە ڕێگا باوەکان بەدوای ڕێگای پێنجەمی مەعریفەتدا بگەڕێ؟ بێگومان نەء.
کەواتە پرسیارەکەم ئەمەیە: ئایا ستراکتورو عەقڵی خۆرهەڵاتیی بوو کە وایکرد ئیسلام وەکو ئاینێکی سەرکوتکەر بەرجەستەبێ، هەر ئەو ستراکتورەشە کە فەلسەفەی لە ژیاری ئیسلامیدا نەفی کرد؟
یان لە بنەڕەتدا ئەو گووتارەی کە ئاینی ئیسلام پێشکەشی دەکات ڕێگا نادات هیچ پەراوێزێک بۆ ئازادی هەروەها هیچ پەراوێزێک بۆ فەلسەفە دروستبێت؟
یان لە بنەڕەتدا ناکۆکی لەگەڵ ئەو شتانەدا کە لە پێچەکانی هەردوو پرسیارەکەدا وەکو بەڵهەنەویست وەرمانگرت؟

**د. یوسف**: سەرەتا، سەبارەت بە هەڵوێستی «رینان»: هەڵوێستی رینان هەڵوێستێکی فەلسەفی نییە بەرامبەر بە خۆرهەلات، بەڵکو هەڵوێستێکی ئیتنی توندڕەوە، ئەو ناڵێت لە خۆرهەلات فەلسەفە نییە، بڵکو دەڵێت ستروکتورێکی وەستاو هەیە ناوی دەنێ ستراکتوری عەقڵی سامی و دەڵێت ئەم عەقڵیەتە سامییە وەکو سروشتی خۆی، شیاونییە بۆ فەلسەفاندن، لەبەرانبەر ستراکتوری عەقڵی ئەوروپی کە وەکو سروشتی خۆی شیاوە بۆ فەلسەفاندن. پاشان دەگاتە ئەوەی کە ئیسلام ناکۆکە لەگەڵ ڕۆحی ئازادی فەلسەفەدا چونکە ئاینێکە لە ئاینە سامییەکان، بەلام مەسیحییەت لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاینێکی سامییە لە بنەڕەتدا و عەرەب لە فەلەستین دایهێنا بەلام ئەوروپییەکان بردیان و دووبارە دایانڕشتەوەو پەرەیانپێدا بەجۆرێک کە ئیدی نەبوو بە گرفت لەبەردەم فەلسەفەدا .کەواتە ئەو هەڵوێستەی رینان، مەبدەئییەن ناپەسەندە چونکە پشت بە پێوەری ئیتن و ڕەچەڵەک وبنەچە دەبەستێت و دواجار دەگات بە جیاکارییەکی ڕەگەزپەرستانە لە نێوان شتەکاندا، ئەمەش لە بنەڕەتدا ناکۆکە لەگەڵ دیوێک لە دیوە هەرە زیندووەکانی کولتوری خۆرئاوادا کە چەمکی مرۆڤ و پنتبوونی مرۆڤە.

ئەگەر نابەرابەرییەک هەبێت لە سروشتی مرۆڤدا، لە نێوان مرۆڤێکدا کە توانای فەلسەفاندنی هەبێت و مرۆڤێکی دی توانای فەلسەفاندنی نەبێت؛ لە نێوان مرۆڤی ئەوروپی و مرۆڤی سامیدا، ئەمە مانای ئەوەیە یەک تیۆر نییە بۆ مرۆڤ و یەک ماهیەتیش لە مرۆڤدا نییە، ئەمەش ووتەزای ناوەندی و بنەڕەتی کولتووری خۆرئاوایی بەتاڵئەکاتەوە. بۆیە ئێمە تەبانین لە گەڵ «رینان»دا لەوەدا کە دەڵێت عەقڵیەتی سامی شیاونییە بۆ فەلسەفاندن، بەلام تەباین لەگەڵیدا لە باسکردنی ئەو ئاستەدا کە فەلسەفاندن لە ژینگەی عەرەبی ئیسلامیدا پێگەیشتووە، چونکە گومان لەوەدا نییە کە ئەو ئاستەی کە فەلسەفاندن پێیگەیشت لە ژینگەی عەرەبی ئیسلامیدا کەمتربوو لەو ئاستەی کە لە کلتووری ئەوروپیدا پێیگەیشت، هەر لەسەردەمی ڕێنیسانسەوە تاکو ئەمڕۆ. بەلام ئەمە وەکو ووتم ناگەڕێتەوە بۆ عەقڵیەتی سامی و عەقڵیەتی ئاری «لەجیاتی ستراکتوری عەقڵی خۆرئاوایی بڵێ ستراکتوری عەقڵی ئاری، چونکە «رینان» عەقڵیەتی سامی و عەقڵیەتی ئاری جیاکردەوە»، کەواتە مەسەلەکە مەسەلەی ستراکتوری عەقڵی سامی و ستروکتوری عەقڵی ئاری نییە؛ بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە کە قەڵەمڕەوان و پیاوانی سیاسەت و پیاوانی عەرشە یەک لەدوای یەکەکان پێیان وابوو کە ئاینی ئیسلام وەلامی هەموو دۆخەکانی مرۆڤی پێیە لە ژیانی دونیاو ئاخیرەتدا، وە وەلامی دۆخەکانی مرۆڤی تاک و دۆخەکانی مرۆڤ وەکو هاولاتی و وەلامی پەیوەندی هاولاتی بە قەڵەمڕەوەوەو پەیوندی نێوان ژێردەست و بالادەست و ...هتد. ئەمە بۆچوونی پیاوانی عەرشە یەک لەدوای یەکەکان و پیاوانی ئاین بوو کە هاوپەیمانی یەکتری بوون. بە درێژایی ئەو سەردەمانە وا سەیری ئیسلام کرا کە هەم ئاینە و هەم دەوڵەت، تا ئێستاش ئەم دیدە باو و زاڵە لای جەماوەری ئیسلام. پێدەڵێت ئەمە وای لە زۆربەی

ئیسلامەکان کردبێ کە هەستبکەن پێویستیان بە چالاکیەکی عەقڵی نییە بکەوێتە دەرەوەی ئاین، دواجاریش هەندێ لە پیاوانی ئاین و پیاوانی سیاسەت پیانوابوو فەلسەفە دوژمنێکی سەرسەخت و ترسناکی ئاینە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی فەلسەفە و فەیلەسوفان لە جیهانی ئیسلامیدا لە ژێر ترسی بەردەوامدا بژین چونکە لە هەموو لایەکەوە ترس و هەڕەشەیان لەسەربوو. کەواتە هەستکردنی موسڵمانان بەوەی کە وەڵامی زۆربەی پرسیارەکانیان لایە، ئەگەر هەمووشی نەبێت ئەوا «ئەو پەسیارانەی کە پەیوەندییان بە تاک و هاوڵاتی و دەوڵەتەوە هەیە» فریویدان تا ئەو ڕادەیەی کە وابزانن جگە لە شەرع و عەریعەت پێویستیان بەهیچ شەرعێکی دیکە نییە. لێرەوەو بەتایبەتی لەم دوو خاڵەوە، فەلسەفە وا هاتە بەرچاو کە چالاکییەکی زیادو ناپێویستە. ئەمە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە بۆچی لە ڕۆژگاری ژیاری بەهێزی ئیسلامدا، فەلسەفە وەکو چالاکییەکی پەراوێزنشین و گۆشەگیر دەرکەوت، هەروەها وەکو چالاکیەکی «ئەگەر بشێت بڵێین» نیمچە نهێنی یان ژێرزەمینی بە زمانی ئەم سەردەمە.

پێدەچێ لەبەر ئەو شتانە فەیلەسوف لە ژیاری عەرەبی ئیسلامیدا بێبەشبووبێ لە سیفەتی هاوڵاتی. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەو هەوڵانەی عەرەب و ئیسلامەکان بێبایەخبوون، بەڵکو خودی «رینان» لە کتێبی (ئەمین روشد و روشدییەت»دا گرنگی ئەو ڕۆڵە پیشاندەدات کە عەرەب و ئیسلامەکان دەستپێشخەرییان تیاکرد لە وەرگێڕان و شیکردنەوەی کوولتوری یۆنانی و گواستنەوەی بۆ بۆ ئەورووپا لەسەدەکانی ناوەڕاستدا. بەڵام تەنها ئەوەش بەس نییە کە دووپاتی بکەینەوە کە عەرەبەکان هەستان بە وەرگێڕان و شیکردنەوەو گواستنەوە بۆ ئەورووپا، بەڵکو داهێنانیشیان ئەنجامداو شتیشیان زیادکردوو دیدیشیان هەبوو کە دواجار پەرەی بەو شتانەدا کە وەریانگێڕاو گواستیانەوەو شیانکردووەوە. ئەشێت ئەو دیدە بەپێزانە لە روشدییەتی لاتینیدا لەسەدەی سیانزەدا لە زانکۆی سۆربۆن ببینرێت. پاشان روشدییەتی لاتینی ڕۆڵێکی زۆر گرنگی گێڕا لە پەرەپێدانی زۆر لەو چەمکانەی کە ریفورمی ئاینی لەسەدەی شانزەدا پشتی پێبەست لەلای «لوسر و کالفن و زوینکلی.

من لەو کەسانەم کە پێیان وایە فەلسەفەی ئیسلامی ئاسایی لەسەردەمی ڕێنیسانسی ئەورووپیدا و لە ریفورمی ئاینیدا کۆتایهات، بەو مانایەی لەو دوو دیاردەیەدا بەتەواوی بەدیهات و بەرجەستەبوو، لەدوای ئەوەوە ئیدی دەبوو فەلسەفەیەکی نوێ وەبەرهەمبێنین.

**صلاح: تەنها دوو پرسیارم ماوە کە یەکەمیان لەسەر مردنی فەلسەفە و ئەوەی دیکەیان لەسەر مردنی یان کوشتنی مرۆڤ، بەڵام ئەوەی دووهەمیان بەمانای ڕاستەوخۆی دەستەواژەکە نەک بەمانایەکی خواستراو و فەلسەفی، لەبەر ئەوە پێمباشە پرسیاری دووهەم پێشخەم.**

**دەزانین کە ڕۆشنبیرانی فەرەنسا، لەبەرامبەر داگیرکردنی جەزایر لەلایەن وڵاتەکەیانەوە، هەڵوێستی ئاشکرایان وەرگرت و ڕۆڵێکی ئۆرگانی و گرنگیان گێڕا لەمەسەلەی رزگاری جەزائیردا. بەچەندەها**

شێوە ئیدانەی هەڵوێستی فەرەنسایان کرد. بۆ نموونە هەندێک لە ڕۆشنبیران دەستبەرداری پایە زانکۆییەکانی خۆیان بوون و دەستیان لەکار کێشایەوە لە دژی هەڵوێستی کۆلۆنیالیستی وڵاتەکەیان؟

هەروەها چەندین ڕۆشنبیری ئەمەریکی هەیە کە بە توندی هەڵوێستی ئەمەریکیان لە ڤێتنام ئیدانەکرد.

هەروەک چۆن چەندین ڕۆشنبیری جوو هەیە کە هەڵوێستی دەوڵەتی جوویان ئیدانەکرد لەبەرامبەر مەسەلەی فەلەستین و مەسەلەی دیکە. ئەوانەی کە لە دژی ئەو تاوانە مرۆڤایەتیانە هاتنەدەنگ، کە لە دژی کوردان لە عێراق بەڕێوەبراو تائێستاش بەڕێوە دەبرێ، زۆرنین، وەلێ تاکە کەسێک نییە لە جیهاندا بتوانێت نکولی لە بوونی تراژیدیایەکی مرۆڤایەتی گەورەبکات کە لە کوردستاندا ڕوودەدات.

هەندێ نموونەت بۆ دێنمەوە کە ئێستا لە جیهاندا بەناوبانگن:

١- «پرۆسەکانی ئەنفال»، ئەو پرۆسە میلیتارییە بەرنامەڕێژکراوەیە کە هێزە چەکدارەکانی عێراق لە ساڵی ١٩٨٨دا لە دژی کوردان ئەنجامیاندا، کە پتر لە سەدو هەشتاو دوو هەزار مرۆڤ کە زۆربەیان منداڵ و ژن و پیربوون، بوون بە قوربانی. هەروەها وێرانکردنی کۆمەڵگای گوندنشینی کوردستان بەتەواوی و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و کردنی کوردستان بە کێڵگەیەکی گەورەی مین.

٢- خاپورکردنی شاری هەڵەبجەی کوردی بە چەکی کیمیاویی لە ساڵی ١٩٨٨ دا.

٣- پرۆسەکانی گرتن و دەرکردن و ڕاونان و تۆقاندن و بەعەرەبکردن لە گەورەترین و کۆنترین شاری کەرکوک و نیشتەجێکردنی عەرەب تیایدا و وێرانکردنی شوێنەوارە مێژووییەکانی کە دەگەڕێنەوە بۆ چەندین سەدە بەر لە زایین و ...هتد.

پرسیارەکەم زۆر سادەیە؛ بۆچی گوێمان لە دەنگی ڕۆشنبیریی عەرەب نابێت کاتێک مەسەلەکە پەیوەندی بە کۆمەڵە تاوانێکەوە هەبێت کە ڕژێمێکی عەرەبی لە دژی نەتەوەیەکی دیکە ئەنجام دەدات؟ لە کاتێکدا کە ئەگەر مەسەلەیەک پەیوەندی بە ڕەوشی عەرەبەوە هەبێت، ئەوا ڕۆشنبیری عەرەب «بەوپەڕی دڵنیایی و ئاسودەییەوە نیوەی جیهان بە ڕەگەزپەرستێتی تاوانبار دەکات؟

**د. یوسف**: یەکەم دەبێ جیاوازییەکی ڕوون و ئاشکرا بکەین لە نێوان ڕەوشی فەلەستین و ڕەوشی کورد. زۆرجار باسی ڕەوشی فەلەستین دەکەین و دەڵێین ڕەگەزپەرستی. ڕەگەزپەرستییەکی زایۆنی لە ئارادایە، تاوانگەلێک کە ڕۆژانە لە فەلەستین لە دژی مرۆڤ بەڕێوەدەچێ. ئەمە مەسەلەیەکە دووکەس تیایدا ناکۆک نابن لەسەری. دەبێ جیاوازیی بکەین لە نێوان ڕەوشی فەلەستین و ڕەوشی کورد، لەبەرئەوەی ڕەوشی فەلەستین لەگەڵ دوژمنێکی دەرەکی و داگیرکەر و نیشتەجێکەردایە کە لەدەرەوەی ناوچەکەوە هاتووە بەمەبەستی سەپاندنی هەندێ شێوازی ژیان و ڕستێ لە وێناکاری کە

تەواو ناپەسەندن، چونکە بە ڕیسواکردن و چۆکپێدانی ناوچەکە بۆ کۆپێکهاتێک لە بەرژەوەندی تەواودەبن، کە ناکۆکە لەگەڵ بەرژەوەندی ڕاستەقینەی ڕۆڵەکانی ناوچەکەدا.

بەڵام ڕەوشی کورد، ڕەوشێکی لۆکاڵەو لە سروشتی ئەو ڕەوشانەیە کە ناوچەکە تیایدا دەژی. کورد بەشێکە لە تەونی ناوچەکە، نە بێگانەن لە ناوچەکەدا و نە میوانن تیایداو نە داگیرکەریشن، کوردەکان هاولاتین و ئەوەی کە بۆ هەمووانە بۆ ئەوانیشە، ئەوەی لەسەر هەمووانە لەسەر ئەوانیشە. ئەمە لانی کەم لە ڕووی دەستووریی و یاساییەوە. کەواتە ئەگەر باوەڕمان بەوەهێنا کە ڕەوشی کورد ڕەوشێکی لۆکاڵی و نیشتمانییە، ئەوا مانای ڕەوشی کورد دەبێ نەک بەتەنها کوردەکان بەڵکو هەموو ئەو هاولاتیانە بگرێتەوە کە لە ناوچەکەدا دەژین و لە پێشیشیانەوە عەرەب. ڕەوشی کورد، ڕەوشێکی گرنگە بە نیسبەت هەموو عەرەبەوە، نەک لەبەرئەوەی ڕەوشی کوردە بەڵکو لەبەر ئەوەی ڕەوشێکە لە تەونی کێشە عەرەبیەکانەو لە تەونی کێشەکانی ناوچەکەیە. لەبەرئەوە سەرنەکەوتن لە ڕەفتارکردن لەگەڵ ڕەوشی کورد و کردنی هەڵەی زۆر و پیادەکردنی ڕەشەکوژی و کوشتن و برین و بەزاندنی مافی مرۆڤ... هەموو ئەم شتانە زۆرکات بەو شێوەیە ڕوویاندا کە لەگەڵ عەرەبیشدا ڕوودەدان. وەک چۆن ڕەشەکوژی لەگەڵ زۆر لە هاولاتیانی عەرەبیشدا ڕوویدا، مافی مرۆڤ بە نیسبەت زۆرینەی «ئەگەر نەڵێم هەموو» عەرەبەوە بەزێنرا. وەک چۆن نموونەت بۆم هێنایەوە لەسەر ڕەشەکوژی کوردان، ئەگەر دەخوازی دەتوانم نموونەت بۆ بێنمەوە لەسەر ئەو کوشتن و برین و ڕەشەکوژیانەی کە ڕژێمی عەرەبی یان ڕژێمە عەرەبیەکان لە دژی خودی عەرەب پیادەیانکرد. کەواتە کێشەکە بە بۆچوونی من، بێدەنگبوون نییە لەسەر ڕەشەکوژیی و چەوساندنەوەی کوردان، بەڵکو ئەو ڕەشەکوژی چەوساندنەوانە بەشێکن لەوەی کەبەسەر ستراکتوی گشتی و سەراپاگیری ناوچەکەدا دێت. لێرەوە پێموایە، ڕۆشنبیری عەرەب ڕەوشی کورد دەبینێ و دەندەنێت بەوەدا کە زۆرجار لە دژی کورد مافەکانی مرۆڤ دابەزێنرێت بەڵام وەکو بەشێک لەو سنووربەزێنیانە دەیبینێ کە ڕۆژانە لە دژی خۆشی بەرێوەدەچێ. من لەسەر جێگایەکی جیهانی عەرەبیدا هەستناکەم لە کوردێک بالادەسترم یان کەمتر دەچەوسێمەوە، لەهەر جێگایەکی جیهانی عەرەبیدا لە کوردێک زیاتر هەست بەوەناکەم کە دەتوانم بە ئازادی و بە مافەکانی خۆمەوە هەڵسوکەوتبکەم.

لێرەشەوە ئەوەی کە وادەبینێ بێدەنگییە، لە ڕاستیدا بەشێکە لەو ترسە گشتییەی کە ڕۆشنبیر پێوەی دەناڵێنێ، ترس لە باسکردنی ئاشکرای ڕەوشەکانی خودی واقیعی عەرەبی. ئەمە بێدەنگبوون و فەرامۆشکردنێکی دەستە ئەنقەستی ڕۆشنبیر نییە بەرامبەر بە ڕەوشی کورد.

وەکو دەزانیت سیستەمی سیاسی عەرەبی لەسەرتاپایدا سیستەمێکی سەرکوتکەر و تۆتالیتارییەو سیستەمێکە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادی مرۆڤ ناگرێت، و دیموکراسی لای ئەو هیچ مانایەکی نییە جگە لە ئازادی وەرگرتنی ئەو بریارانەی کە خۆی دەیخوازێ.

لەم حاڵەتەدا ئەمە بەسەر کورد و غەیری کوردا دەبڕدێتەوە، وە پێش کورد بەسەر عەرەبدا. لێرەوە من نامەوێت کوردەکان زیادەڕۆیی بکەن لە هەستکردن بە چەوساندنەوە. من دەمەوێت بەوردی بیربکەمەوە، تابۆیان دەرکەوێت کە ناوچەکە بەگشتی بەوەوە دەناڵێنێ کە ئەوان پێوەی دەناڵێنن و تا بۆیان دەرکەوێت کە ڕەگی کێشەکە سیاسییە نەک نەتەوەیی. دژایەتییەک نییە لە نێوان کورد و عەرەبدا. من وەکو کەسێک کە لە جیهانی عەرەبیدا دەژیم و ئاگاداری ڕەوشەکانیم، هەستناکەم کە ڕەوشێکی کوردی هەیە، بەڵکو هەستدەکەم یەک ڕەوش هەیە کە ڕەوشی دیموکراتیەتە کاتێک کێشەی دیموکراسی چارەسەر دەبێت، کێشەکانی کورد و غەیری کورد چارەسەری ڕاستەقینە دەکرێن. بەڵام ئەگەر چارەسەرێک بۆ کێشەی دیموکراسی دەستەبەرنەبێت ئەوا هیچ لایەک ناتوانێت چارەسەر بۆ کێشەکەی خۆی بدۆزێتەوە، لە پێش هەمووانیشەوە عەرەب. کەواتە فەرامۆشکردن لە ئارادانییە بەڵکو ڕەوشی کورد بەشێکە لە تەونی واقیعی عەرەبی کە خودی خۆی قوربانی سەرکوتکردنی سیاسییەو قوربانی چەوساندنەوەیە بە تێکڕای شێوەکانیەوەو قوربانی نەبوونی ئازادی و دیموکراتیەتە. کاتێک کێشەی دیموکراتیەت لە ناوچەکەدا چارەسەردەکرێت، ئەوا کێشەی کورد بە ئاسانی چارەسەردەبێ .. چارەسەرێکی ڕاست کە لەلای کورد و لەلای عەرەبیش پەسەندبێ.

صلاح: ڕێگە بدە لێرەدا وەڵامەکەت پێببڕم.

**د. یوسف** فەرموو

**صلاح: من وەکو کوردێک سەرنجی ئەوەمداوە.. نا بەڵکو بە قوڵی ئەوە ژیاوم کە: کوردبوون مانای چییە، گەلێک زۆر کوردم بینی دەستبەسەربوون، لە زۆربەی جارەکاندا بەدزێوترین ڕێگا دەکوژران تەنها لەبەر ئەوەی کوردبوون. لەبەر ئەوە زۆر ئەستەمە بتوانین چۆنیەکی سازبکەین لە نێوان ئەو چەوساندنەوەیەی کە ڕووبەرووی عەرەبێک دەبێتەوە لە دەوڵەتێکی خاوەن سەرداریەتی عەرەبیدا لەگەڵ ئەو چەوساندنەوەیەی کە تووشی کوردێک دەبێ لە هەمان دەوڵەتدا.**

**بەسادەیی؛ مەعقول نییە لە عێراقدا عەرەبێک دەستبەسەربکرێت تەنها لەبەرئەوەی عەرەبە. بەڵام ئەمە لەگەڵ کوردێکدا ڕوودەدات تەنها لەبەرئەوەی کوردە. ئەرێ عەرەبیش دەستبەسەردەکرێت و دەچەوسێنرێتەوەو ئەشکەنجەدەدرێت و ماف و ئازادیەکانی و ژیانی دەبەزێنرێت، کاتێک کە ئۆپۆزیسیۆنی ڕژێمی حوکم بێت یان لەسەر بەلایەکی سیاسی ئۆپۆزیسیۆنی بێت، یان لەبەرئەوەی ڕەئێکی سیاسی تایبەتی هەیە یان شتێکی لەو بابەتە، یان گومانی لێدەکرێ کە نازانم چی و چی بێ، ئەمە ڕاستییەکی بەرجەستەیە نامەوێت لە گرنگی کەمکەمەوە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو شتانە، بۆ کوردێک تەنها کوردبوونی واتا لەبەردەم مەترسی کوشتندایە.**

دەگەڕێمەوە بۆ ئەو نموونەیەی لە پرسیارەکەمدا باسمکرد کە سەبارەت بە پرۆسەکانی ئەنفال بوو، کە سەدو هەشتاو دوو هەزار مرۆڤ تیایدا بوون بە قوربانی.. زۆربەی هەرە زۆری ئەمانە منداڵ و ژن و پیربوون و هەموو گوناهیان ئەوەندە بوو کوردبوون و بەزمانی دایکیان دەدوان و پابەندبوون بە کلتوورو نەتەوەیی خۆیان و بە نەریتەکانی خۆیانەوە.. وەکو تێکڕای کۆمەڵگەی کوردی، وەکو هەر نەتەوەیەکی دیکە لە جیهاندا. وە بۆ چرکەساتێک بە مێشکیاندا نەهات کە تەنها کوردبوونایەن دەکاتە تاوان لە دیدی ئەوی دیکە.. هەر ئاواش بۆ قسەکردنیان بۆ زمانی کوردی، بەئاسانی لەبەر ئەوەی زمانێکی دیکە نازانن، نە عەرەبی و نە غەیری عەرەبی، ئەمە واقیعی کوردستانە.

لەلالیەکی دیکەوە وێنەکێشانی کێشەکە وەکو کێشەیەکی دیموکراتی و کێشەی شێوەی دەوڵەت و شتی لەوبابەتە.. هەموو ئەمانە هەوڵێکن بۆ بچوکنیشاندان و کەمنیشاندانی کێشەکە، ئەگەر نەڵێم بۆ سڕینەوەشی. لەبەرئەوەی ڕەوشی نەتەوەیەکی چەوساوەو لەتوپەتکراوە بە ڕێگای سیاسی و عەسکەری. بۆیە ناکرێت کێشەکە وەکو کێشەیەکی ئیداری ڕووت وێنابکرێت.

دەگەڕێمەوەو دەڵێم من وەکو کوردێک ئەگەر بەبێ هیچ داشکاندنەوەیەک بیربکەمەوە واینابینم کێشەکە تەنها پەیوەندی بە دیموکراتیەتەوە هەیە. هەتا ئەگەر دیموکراتیەتیش بەدەستبێت، کورد ڕزگاری نابێت لەوەی کە پێوەی دەناڵێنێ هەر لە سڕینەوەی شوناسەوە تا دەگاتە مەحفکردنەوەی.

ئێمە دەبینین کە چۆن هەر لە دروستبوونی دەوڵەتی نوێی عێراقەوە و لەسەر دەستی تەواوی ڕژێمەکانی حوکم، کورد بەدەست کوشتن و کۆچکردن و بە عەرەبکردن و تۆقاندن و...هتد، ناڵاندوێتی. خاڵێکی دیکە هەیە کە قسەم هەیە لەسەری ئەویش ئەوەیە: ئەگەر جیاوازیمان کرد لە نێوان ئەو کوشتنەی کە لە فەلەستین پیادەدەکرێت و ئەو کوشتنەی کە لە کوردستان پیادەدەکرێ یان لە مەغریب یان لە سودان لەدژی جنوبییەکان یان لە میسر لە دژی قبتییەکان یان لەهەر شوێنێکی دیکە. ئەمە مانای چی دەگەیەنێت؟

من ناتوانم وێنای بوونی مردنێکی ڕێژەیی و مردنێکی دیکەی ڕەهابکەم. ئەو مردنەی کو تووشی فەلەستینییەک دەبێت مردنەو نوقتە. ئەو مردنەشی کە کوردێک ڕووبەڕووی دەبێتەوە، یان ئەمازیغییەک یان جنوبییەک یان قبتییەک دیسان مردنەو نوقتە. لە هەموو حاڵەتەکاندا هیچی دیکە نابینینەوە جگە لە تەنها یەک جۆر لە مردن کە ڕەهایە. کاتێکیش کە دەمرم جیهان بە نیسبەت منەوە تەواو بووە. جائیدی بکوژەکەم برام بێت یان زایۆنیزم یان ئیمپریالیزم یان ڕژێمی سەدام، هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت. هەموو ئەو شتانە هیچ نین جگە لە کۆمەڵێ هەوڵ بۆ جوانکردن و ئارایشتکردنی ئەو پرۆسەی کوشتنانەی کە لەسەر دەستی ڕژێمە عەرەبیەکان بەڕێوەدەچێ، من وادەزانم کە ناکۆک نیت لەگەڵما «لانی کەم لە ڕووی ئەخلاقییەوە» لەوەدا کە کوشتن لە هەموو حاڵەتەکاندا هەر کوشتنەو کوشتنێک نییە جوان بێ و کوشتنێک ناشیرین.

**د. یوسف:** لێگەڕێ با کێشەکە پڕ پێچ و پەنا نەکەین تا ئەو ڕادەیەی بگاتە ئەمازیغ و قبتییەکان. با لەیەک کێشەدابین.. لەبەرئەوەی هەر کێشەو تایبەتمەندێتی خۆی هەیە.

**صلاح: بێگومان جیاوازییەکی گەورە هەیە.. بەڵام مەبەستم ئەوەیە کە مردن یەک جۆرە.**

**د. یوسف:** بەڵێ مردن یەکە؛ مردنێک نییە جوان بێ و مردنێک ناشیرین و مردنیش نییە ڕێژەیی و مردنێک ڕەها. بەڵام جیاوازی هەیە لە نێوان ئەوەدا کە لەبەردەم ململانێیەکی ناوخۆیدابین لە نێوان دوو لایەندا و لە نێوان ئەوەدا کە لەبەردەم ململانێیەکدابین لە نێوان لایەنێکی ناوخۆیی و لایەنێکی دەرەکیی.

کوردەکان لایەنێکی ڕەسەنن لە ناوچەکەدا، بێگانەنین هاتبنە ناوچەکەوە، هەروەها سەردانیکەر و میوانیش نین؛ لێرەوە ئەوان بەشێکن لە تەونی ناوچەکە، بەشێکی ڕەسەنن لە تەونی ناوچەکە؛ کەواتە بەم مانایە چارەسەری کێشەی کورد «وە من دانبەوەدادەنێم کە کێشەی کورد هەیە» لە جیاکردنەوەیدا نییە لە چارەسەری کێشەکانی ناوچەکە، وە بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار دڵنیادەبین لەم قسەیە.

ناتوانین چارەسەرێک بۆ کێشەی کورد بدۆزینەوە لەم دۆخە عەرەبیانەی ئێستادا، کە دۆخی سەرکوتکردن و چەوساندنەوەو نادیموکراتیەتە، تەنها مەگەر مەبەست لەو چارەسەرە ئەوەبێت کە هێزی دەرەکی بێت و چەشنێک لە چارەسەر بسەپێنێت ئەمە شتێکی ترە، من چەخسی خۆم ڕازینابم بەوەی هەندێ هێز لە دەرەوەی ناوچەکەوە بێن و دیدەکانی خۆیان بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنن و ناوچەی پارێزراو بۆ کوردەکان دروستبکەن و جۆرێک لە سنووە بسەپێنن لە نێوان ناوڵەی کورد و ناوچەکانی دیکەدا لەم وڵات یان لەو وڵات. من پێمەوایە کوردەکان هاوڵاتین و بۆیان هەیە لەهەر شوێنێک دەیانەوێ بژین و پێمەوایە کە مافی خۆیانە بە زمانی خۆیان بدوێن و پێمەوایە کە مافی خۆیانە ڕۆژنامەی خۆیان دابمەزرێنن؛ هەموو ئەمانە خەمناکا لە چوارچێوەی یەکێتی ناوچەکەدا. من ناتوانم وێنایە کۆمەڵێ قەوارەی جیاجیا بۆ کورد یا غەیری کورد بکەم، نە بۆ عەرەبیش.

قەوارەی جوداخواز دەبێتە هۆی لەتبوونی ئەوەی کە ئێستا هەیە. بۆچوونی من بۆ کێشەی کورد ئەوەیە کەدەبێ مافەکانی خۆیان وەرگرن لە ئۆتۆنۆمییەکی بەرفراواندا تا ئەکرێت، تا ئەو ڕادەیەی یەکێتی ناوچەکە نەخاتە بەر ئەگەری لەتلەتبوونەوە. ڕێز لە کولتووری کورد بگیرێ لەو سنوورەدا کە ڕێز لە کلتوورەکانی دیکە دەگیرێ، بەجۆرێک کە یەکێتی و ئایندەی ناوچەکە نەخەینە بەر ئەگەری لەتبوون و مەترسییەوە. باوەڕموایە لە چێوەیەکی دیموکراتیدا نەبێ ئەمە نابێت، واتا گەیشتن بە چارەسەرێکی ئەوها پێشکەوتوو مومکین نابێت، لە چوارچێوەی بڵاوبوونەوەی بەها دیموکراتیەکاندا نەبێت. کەواتە ئەو مرۆڤەی کە داوای ئازادی تایبەتی خۆی دەکات مرۆڤێکی دیموکراتی نابێت ئەگەر

دان بە ئازادی ئەوانی دیکەدا نەنێت. ئەگەر کەسی کورد بیەوێت بە زمانی خۆی بدوێت و ئەگەر من ڕێگەم نەدا کە بە زمانی خۆی بدوێت و ڕۆژنامەیەک دەرکات ئەوا من دیموکراتی نیم. بەلاَم پێمبلێ کام گروپی عەرەبی دەتوانێت ڕۆژنامەیەک دەرکات، عەرەب نەک کورد، کەسمان ناتوانین ڕۆژنامەیەک دەرکەین، هەمووومان ناتوانین ئیزگەیەک دامەزرێنین، هەمووومان ناتوانین زانکۆیەک دامەزرێنین، هەمووومان ناتوانین پارت دروستبکەین. لێرەوە بایەخی ئەوە دێت کە دووپاتی بکەینەوە کە کێشەی کورد بە شێکە لە تەونی ناوچەکە و من کاتێک کە باس لە دیموکراتیەت دەکەم نامەوێت کێشەی کورد بسەرمەوە، بە پێچەوانەوە دیموکراتیەت کێشەکە دەخاتە بەرچاو؛ لەبەرئەوەی سیستەمێکە لەسەر شەفافیەت و یەکڕوویی و گووتنی ڕاستی بەندە. بەپێچەوانەوە ڕژێمە سەرکوتکەرەکان وا پیشاندەدەن کە کێشەکان بوونیان نییە، لەکاتێکدا ئەوە دیموکراتیەتە کە کێشەکان بەزەقی پیشاندەدا و بەڕاستی دەدوێ.

سەبارەت بە دڵەڕاوکێکانیشت لەو لایەنەوەی کە دیموکراتیەت چێبێت و کێشەی کورد چارەسەر نەبێ، پێموایە لەم حاڵەتەدا لە نێوان دوو شتداین، یان ئەوەیە دیموکراتیمان چێنەکردووە، واتا گەیشتووین بە سیستەمێک وانیشاندەدات کە دیموکراتییە، لەم حاڵەتەدا ناڵێین دیموکراتیەتمان دامەزراندووەو کێشەی کوردیش چارەسەرناکرێت. یان ئەوەتا گەیشتووین بە دیموکراتیەت و چارەسەرێکمان بۆ کێشەی کورد دۆزیوەتەوە بەدڵت نییە، ئەوا لەم حاڵەتەدا تۆ دیموکراتی نیت.

**صلاح: دیموکراتیەت لەم ناوچەیەدا بەکورتی گرەوێکی دۆڕاوە لەسەرەتاوە، ئێستا ئەگەر پرسیارت لێبکەم: چەند ئومێدت بە ئایندە هەیە بۆ بەدەستهێنانی دیموکراتیەت...بێگومان دەبینم ڕەشبینیت. وایدانێ دیموکراتیەت هەرگیز بەدەستنایەتلە ناوچەکەدا. ئەمە مانای ئەوەیە کە دەبێ کوردان هەتا هەتایەبکوژرێن؟**

**د. یوسف**: نا... نا... ئەوەنابێت، کوشتنی مرۆڤ یاساغە...

**صلاح:لەساتەوەختێکدا ئیتر مافی خۆیانە کە بیر لە دامەزراندنی دەوڵەت بکەنەوە، دەوڵەتێک تیایدا بژین.. دەوڵەتێک تایبەتبەخۆیان.**

**د. یوسف**: باشە، گوێملێبگرە. ئێستا ووتت سەدو هەشتاو دوو هەزار کورد کوژران. باشە من لێت دەپرسم؛ چەند ملیۆن عەرەب کوژران.. چەندن ئەوانەی کە بەشداریان کرد لە ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبیدا چ لە عێراق و لە غەیری عێراق؛ چەند ملیۆن؟ بە ملیۆنەهان وانییە؟ کەواتە جەختکردنمان لەسەر دیموکراتیەت لەجێی خۆیدایە. بەلاَم هەندێ هێز لە دەرەوەڕا بێن ئۆردووگایەک یان ناوچەیەکی

پارێزراو بۆ جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی بسەپێنن؛ من ئەمەم پێ چارەسەرنییە، ئایا کورد ئەمەی پێقبووڵە؟!

**صلاح: ئایا تۆ پێتقبووڵە هەروا لە جێگەیەکی دوونیاوە بێن کێشەکانی خۆیان و قۆناغە مێژووییەکانی خۆیان بەسەرتا بسەپێنن، ئەو قۆناغە مێژووییانەی کە پڕن لە دەردی خۆیان. باسی ئەوەتکرد کە کورد نە میوانەو نە سەردانیکەرە لە ناوچەکەداو ...هتد. بەتایبەتی لەبەرئەوە، ئەو سوپایانەی کە لە قوڵایی کوردستان خەریکی کوشتن و دزین، داگیرکەرن.**

**د. یوسف**: بەڵام ئەو سوپایانەی کە لە کوردستان خەوریکی کوشتنن لە «بصرە»ش خەریکی کوشتنن، ئایا دەبێت بڵێین با «بصرە» جیابێتەوەو کۆمارێکی سەربەخۆ دروستبکات. ئەمەی خوارەوە ڕەئی منە لەسەر دوا وێنەی: من لەوانەم کە پێیانوایە دیموکراتیەت کێشەکانی ناوچەکە چارەسەر دەکات، ئەمە یەک. دوو، چارەسەری دروستنییە بۆ کێشەی کورد تەنها لە چوارچێوەی گشتی دیموکراسی ناوچەکەدا نەبێت. سێ، ئەوەی کە من بە چارەسەری دەزانم بۆ کێشەی کورد ئەوەیە کە: کوردەکان مافە نەتەوەیی و کلتووریەکانیان بە شێوەیەکی زۆر فراوان بۆ فەراهەم بێت، تا ئەو ڕادەیەی کە بتوانن وەکو کۆمەڵێکی کلتووری تایبەت و خاوەن داب و نەریت و کلتوور و مێژوو، گوزارشت لە خۆیان بکەن، لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمییەکی بەرفراواندا لە چوارچێوەی یەکێتی دەوڵەتی عەرەبی، بەبێ ئەوەی نەبەدەست هیچ سەرکوتکردنێکەوە بناڵێنن، نە سوپایەک لێیان بدات، نە سوپایەک لەناویانبەرێت، نە چەکی کیمیاوی لەسەر خۆیان و منداڵەکانیان تاقیبکرێتەوە. ئەمە یاساغە بۆ هەموو مرۆڤایەتی. بەڵام من لەگەڵ ئەوەدانیم لە دەرەوەی ناوچەکەوە چارەسەر بۆ کێشەی کورد بدۆزرێتەوە و بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنرێ، ئەمە لە بەرژەوەندی کوردا نابێت و لە بەرژەوەندی عەرەبیشدا نابێت، یەعنی من واینابینم ئەوە لە بەرژەوەندی کوردابێت.

**صلاح: بۆچی ئەم دیدە«ئەگەر ڕێگەم بدەیت»دۆگماتیکیەت هەیە لە بەرانبەر دەوڵەتێکی دروستکراوی دەستی ئیمپریالیزمی جیهانی کە لە مێژوویەکدا دروستکراوە کە دوورنییە و هەموومان دەیزانین، وە دەزانین ئەوە کردەی کۆلۆنیالیزمە، ئەو کۆلۆنیالیزمەی کە هەمیشە ئیدانەی دەکەن. مەبەستم ئەو دەوڵەتەیە کە ناوی عێراقە؟! ئەم تەقدیسکردنەی یەکێتی ئەم دەوڵەتە لەبەرچی؟ئەتوانم باکگراوندەکانی ئەم دیدە تێبگەم ئەگەر لەگەڵ کەسێکی سیاسیدا بدوێم کەبەرژەوەندی ئەو وایەکە بەم شێوەیە بدوێت. بەڵام زۆرم پێسەیرە کە گوێم لەم ئاخاوتنە دەبێت کاتێک لەگەڵ بیریارو ڕۆشنبیرێکی عەرەبدا دەدوێم کە یەکڕووە لەگەڵ خۆی و لەگەڵ خەڵکدا. واتا پێمسەیرە کە ئێستا ئەو دیدە دۆگماتیکە دەبینمەوە، کە بۆ هەرلایەک دەچم دەیبینمەوە.**

**د.یوسف**: براکەم من دیدی دۆگماتیکی نەگۆڕم نییە...

**صلاح: نا.. زیاد لە جارێک دەستەواژەی «لە چوارچێوەی یەکێتی ناوچەکە»تدا دووبارەکردەوە..**

**د. یوسف**: (لە چوارچێوەی یەکێتی ناوچەکە)، من ڕێز لە قەوارەی عێراق ناگرم، و ڕێز لە قەوارەی سوری ناگرم و ڕێز لە قەوارەی میسری ناگرم، ئەمانە هەموو قەوارەی وەهمی و لە بنەڕەتدا دەوڵەتی قوتریی قەڵبن. بەڵام وەکو پێم ووتی دەبێ جیاوازی بکەین لەنێوان چارەسەرێکدا کە لە ناوجەرگەی ناوچەکەوە هەڵقوڵێ لەگەڵ چارەسەرێکدا کە بۆ پەیڕەوکردنی پەنا ببرێتە بەر هەندێ هێز لەدەرەوەی ناوچەکە. بۆ کورد و عەرەب چاکتر وایە چارەسەرێک بدۆزینەوە کە لە ناوچەکەوە هەڵقوڵابێ و لەنێوان خۆماندا لەسەری پێکهاتبین. ئەمە باشترە لەوەی لەدرەوەی ناوچەکەوە چارەسەر بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنرێ. و ئەمە مەنهەجێکە لە هەموو ململانێکانی ناوچەکەدا پەیڕەوی ئەکەم، و ناوچەکەش لەخوا بەزیادبێ ماململانێی زۆری تێدایە. چاکتر وایە چارەسەر گەلێک لەنێوان خۆماندا بدۆزینەوە کە لەسەری پێکبێین و لەسەری ڕێکەوین نەک خۆمان لەبەردەس هەندێ هێزدا ببینینەوە کە چارەسەرمان بەسەردا بسەپێنێ. من پێت دەڵێم چوارچێوەی دیموکراتییەت فراوانە. بەڵان کێ دەزانێ، ڕەنگە ئەو دیموکراتییەتە فراوان بێتەوە تا مافی دیاریکردنی چارەنووستان هەبێت. وەکو دەزانی دیموکراتییەت سیستەمی زۆرینەیە، ئەگەر زۆرینە ووتی کورد مافی دیاریکردنی چارەنووسی هەیە، واتا جیابنەوە، ئەوە مانای مافی دیاریکردنی چارەنووسە، ئەو دەمەش من دیموکراتی دەبم و ڕازیدەبم. بەڵام ئەگەر پرسیارم لێدەکەی، ئەوا وامپێباشە و وایئەزانم کە لە بەرژەوەندی کوردەکاندایە کە بەشێک بن لە تەونی ناوچەکە و پێکبێن لەسەر چارەسەری کێشەکانیان و لەو سنور و چوارچێوەنەدا کە بەرژەوەندی هەمووان لە ناوچەکەدا دەپارێزێ، و من ڕەئیم وایە کە لە بەرژەوەندی کوردایە هەروەکو چۆن لە بەرژەوەندی عەرەبیشدایە، کە یەک قەوارە دروستبکەن. یەک قەوارە مانای ئەوە نییە لایەنێک لایەنێک لەناوبەرێت، مانای ئەوە نییە عەرەب کولتوری کورد لەناوبەرێت، مانای ئەوە نییە عەرەب ڕێگانەدات کورد ڕۆژنامەیەک دەربکات و زانکۆیەک دامەزرێنێت و بە زمانی کوردی بدوێت. مانای ئەوە نییە، مانای ئەوەیە کە لە ئەوروپا ڕوودەدات. ئەوروپا نەتەوەی جیاجیا و زمانی جیاوازە و بەرژەوەندی بەریەک کەوتووە. بەڵام نزیکبوونەوە لەنێوانیاندا دروستدەکرێت تا ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەوروپا دروستدەکرێت، چۆن ئێمە بەرەو هەڵوەشان و پەرتبوون و وردوخاشبوون بچین، لەکاتێکدا کە لە نیمچە قەوارەیەکدا دەژین چاکتر وایە چارەسەر بۆ نەخۆشییەکانمان بدۆزینەوە، لەجیاتی ئەوەی وا بزانین برینی کۆئەندامەکان چارەسەرە. بەڕەئی من برینی کۆئەندامەکان چارەسەر نییە، چارەسەر ئەوەیە چارەیەک بۆ هەموو لەش بدۆزینەوە، بە هەموو کێشە و گرفتەکانێوە، و کێشەی کوردیش یەکێ لە کێشە گرنگەکانی ناوچەکەیە کە نابێ چاوی لێبپۆشرێ و

وانیشانبدرێ کە نییە، نەء، هەیە و ترسناکە و گرنگیشە. و دەبێ ڕێز لە ئازاری مرۆڤ بگیردرێ و نابێ ستەم لە خەڵکی بکرێ و نابێ مافەکانی مرۆڤ ببەزێنرێ. بەڵام من ڕەئیم وایە کە لە بەرژەوەندی کوردایە کە بەشێکی چالاکی ناوچەکە بن لەجیاتی ئەوەی جیابنەوە لەم بەشانە و لەم قەوارانەی ئێستا... و لە هەمان کاتدا پێت دەڵێم ئەگەر دیموکراتییەتەکە بەرفراوانتریشبوو تا ڕادەی داننان بە مافی دیاریکردنی چارەنووس، ئەوا من دیموکراتی دەبم. بەڵام من ڕەئم وایە، ئەگەر پرسیاری ئامۆژگاری و ڕەئیم لێبکرێ: دەڵێم لە بەرژەوەندی کوردا نییە کە قەوارەی تەواو سەربەخۆ دروستبکەن، بەڕەئی من ئەوە لە بەرژەوەندیاندا نییە، لەبەرئەوەی دەبن بە هەڵقەلەگوێ بۆ دەوڵەتە گەورەکان بەو پێیەی کە قەوارەی بچکۆلەن. کەواتە ئەمە لە بەرژەوەندی کوردا نییە. بەرژەوەندی کورد ئەوەیە کە وەکو بەشێکی ناوچەکە بمێننەوە. ئەمە جیایە لە بابەتی کورد لە تورکیا، لەوێ مەسەلەیەکی دیکە هەیە، واتا پێویستی بە ڕێگایەکی دیکەی گفتوگۆکردنە، پێدەچێ من تا ئەو ڕادەیە شارەزا نەبم تیایدا کە ڕەئی بدەم، تەنها ڕەئی گشتیی نەبێ سەبارەت بە مافی مرۆڤ و ئازادی و ئابڕوی مرۆڤ و مافی دیاریکردنی چارەنووسی. من نازانم کورد لە تورکیا بەدیاریکراوی چی دەوێت. ئایا سەربەخۆیی دەوێت یان ئۆتۆنۆمی دەوێت یان...

**صلاح: سەرنجمدا کە لە ئاخاوتنەکەتدا هەندێ ئاماژەی سەیرت سەبارەت بە (ناوچەی پارێزراو) دووبارەکردەوە. دەمەوێ بەکورتی چۆنێتییەکانی دامەزراندنی ئەو ناوچەیەت بۆ ڕوونکەمەوە کە تا ڕادەیەکی زۆر پارێزراویش نییە بەڵام کەمترین ئاستی خوازراو دەستەبەردەکات.**

**پاش بەزینی سەدام لە کوێت و هەڵگیرسانی ڕاپەڕینی باشور، ڕاپەڕینی میللی کورد لە کوردستان دەستپێکرد، ئەمە لەپاش ئەوەی کە کوردستان بە تاریکترین و سەخترین ساڵەکانیدا تێپەڕیبوو واتا ١٩٨٧ ـ ١٩٩١ . پاشان ڕاپەڕینی خەڵکی باشور شکستی خوارد و دواتریش ڕاپەڕینی کوردستان شکستی خوارد پاش ئەوەی کە شار و شارۆچکە کوردییەکان ڕزگارکران، هەموو خەڵکی کوردستان لە ترسی تۆڵەکردنەوەی هێزەکانی سەدام حوسێن هەڵهاتن، و زیاد لە سێ ملیۆن مرۆڤی کورد ڕوویکردە سنوری ئێران و سنوری تورکیا کە بەڕوویاندا داخرابوو، ئەم چەند ملیۆنە چەندەها ڕۆژ لە سەخترین دۆخەکانی زستاندا و لە چیا سەخت و عاسییەکان مانەوە و ڕۆژانە ژمارەی زۆر ترسناکیان لێدەبوو بە قوربانیی بۆردومان و سەرما و برسێتیی و نەخۆشیی، هەموو ئەم شتانە لەکاتێکدا ڕوویاندا کە هێشتا ئاژانسە جیهانییەکانی هەواڵ چاودێری دۆخەکەیان دەکرد لە عێراق و کەنداو، و ئەمەش بووە هۆی ووروژاندنی ڕای گشتی خۆرئاوا و پاشان ئاشکرابوون و ڕیسوابوونی ئەمریکا و خۆرئاوا بۆ یەکەمجار. بۆئەوەی لەوە زیاتر سیاسەتەکانیان بەرانبەر بە کوردان، ئاشکرا و ڕیسوا نەبێ، دەوڵەتە هاوپەیمانەکان ناچاربوون سنورێک بۆ ئەم کارەساتە مرۆڤایەتییە دابنێن. ئەمە لەکاتێکدا کە چەند ساڵێک بەر لەو مێژووە ڕژێمی عێراق چەندین ڕەشەکوژی و پرۆسەی بەرفراوانی**

**دیکەی پاکتاوکردنی ئیتنی و جینۆسایدی پیادەکرد دژی کورد و لەتەک تاریککردنی بەئەنقەست لە میدیای خۆرئاوایی.**
**بەڵام ئەمجارەیان مەسەلەکە مەسەلەی ڕای گشتیی خۆرئاوا بوو. بۆیە خۆرئاواییەکان خۆیان لەبەردەم قەیرانێکی ڕیسواکەر و شەرمەزارکەردا دۆزییەوە بۆ ووتەزا و سیاسەتە بنەڕەتییەکانیان. لەبەرئەوە هەڵسان بە دانانی ناوچەیەکی پارێزراو، وەکو چارەسەرێکی بەپەلەی مرۆڤایەتی نەک سیاسی، و وەکو کەمترین ئاستی پێویست لەوەی کە لێیان دەخوازرا کە پێی هەڵسن بۆ دەرچوون لەو تەڵەزگەیە و ئەمەش لە چوارچێوەی بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشدا ئەنجامدرا، کە مەبەست لێی بە هیچ شێوەیەک زیانگەیاندن نەبوو بە ڕژێمی عێراق، تەنانەت ڕێگەیان نەدا کوردان بگەڕێنەوە بۆ زۆربەی ئەو شارە کوردییانەی کە کەوتونەتە خوارو هێڵی ٣٦ بە شاری کەرکوکەوە.**
**کەواتە چۆن دەکرێ ئەو ناوچە ئارامە وەکو موئامەرە و شتی وا وێنابکرێت.**

**د. یوسف**: من نامەوێت کوردەکان لە ناوچەی پارێزراودا بژین، دەمەوێت هاووڵاتی سەربەستبن و چالاکبن و بەشداربن لە بڕیاردانی چارەنوسی ناوچەکەدا. ئەو ناوچە ئارامەی کە دەتداتێ لە هەر کاتێکدا ئیلغای دەکاتەوە. من ئەوەم پێپەسەند نییە بۆ کوردەکان، چونکە ئەو مەرجانە نامرۆڤایەتین، و خۆت دەزانی لە بۆسنە ناوچەی ئارامیان بۆ موسوڵمانەکان دروستکرد و نەیانپاراستن. سربییەکان چونە ناوەوە و هەموویانیان کوشت. ناوچەی ئارام بەزاندنی بەها مرۆڤایەتییەکانە. دەبێ تاکی کوردی هاووڵاتییەک بێت، وەکو هەموو هاووڵاتیان، خاوەن تێکڕای مافەکانی بێت. هەروەها ئەو مافانەشی هەبێ کە لە کولتورەکەیەوە هەڵدەهێنجرێ، و بۆی هەبێ مومارەسەی داب و نەریت و کولتوری خۆی بکات. بەڵام شەرمەزارییە بۆ مرۆڤایەتی کە لە ناوچەی پارێزراو بژی، چونکە ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو لە هاووڵاتی کەمترە. و ئەگەر مەسەلەی ناوچەی پارێزراو بۆ ماوەیەکیش شیاوبێت، نابێ بۆ هەمیشە بەردەوام بێت. کوردەکان لە ناوچەی پارێزراودا ژیان بەسەربەرن، ئەمە شتێکە دژ بە ئابڕوویان وەکو مرۆڤ، لەبەرئەوەی ناوچەی ئارام شتێکی کاتیی و نائاساییە و ناینپارێزێ، ئەوەی کە مرۆڤ دەپارێزێ هاووڵاتی بوون و دیموکراتییەتە، هەروەها دانان بە ئابڕوویدا و دانانی ئەویش بە خەڵکی دیدا. خۆت دەزانی سیستەمە عەرەبییەکان چەند ملیۆن عەرەب و غەیری عەرەبیان کوشت، پێوەرەکە ئۆپۆزیسیۆنی سیاسییە. جەلادێک کە لە ژێرزەمینەکانی ڕژێمە عەرەبییەکاندا کاردەکات ئەم جەلادە کورد بێ یا عەرەب جیاوازی چییە؟ نۆکەرێک یان دۆستێکی یەکێ لە ڕژێمەکان، ئەگەر عەرەب بێ یا کورد ئایا هەردوویان پارە و پول وەرناگرن و سود لەو ڕژێمە ناکەن؟ بەڵام ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن بێ، چ عەرەب یا کورد، جیاوازی چییە؟ هیچ. بێگومان کێشەی دیموکراتییەت ئاسان نییە. واتا لەو باوەڕەدا نیم کە سبەینێ پێیبگەین. بەڵام ئەم دەردەسەرییە گشتییە بۆ ناوچەکە، وەلێ تۆ مافی خۆتە کە تەماشای کێشەی کورد بکەیت و بیکەیت بە پنتی نیگات، بەڵام ئایا لە ناوچەکەدا

چەند کێشە هەیە؟ گەلێک کێشە هەیە. ژمارەیەکی زۆر ئۆپۆزیسیۆنی عەرەب هەیە، سبەینێ دەچێ بۆ کەنەدا ئەو سەدان هەزار عەرەبە دەبینی کە لەبەر هۆی جیاجیای سیاسی و ئابوری و ئاینی کۆچیانکردووە بۆ ئەوێ. باشە تۆ هەستدەکەی لە ناوچەکەدا دوژمنایەتییەک لەلایەن عەرەبەوە هەیە دژ بە کورد یان تەنها دوژمنایەتی سیستەم دژ بە کورد؟ بەڕاشکاوی وەڵامم بدەرەوە.

صلاح: بەڕاشکاوی وەڵامت دەدەمەوە. سەرەتا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم کە لە ڕووی ئەخلاقیی و مرۆڤایەتییەوە، هاوبەشی و هاوسۆزم لەگەڵ هەر کەسێکدا کە ئازار دەچێژێ لە هەر شوێنێک بێ. لە ئەمریکای لاتین بێ یا لە جەزایر بێ یا لە مەغریب یا لە سودان یا لە بەسرە، بەڵام دواجار ڕژێمی سەدام ڕژێمێکی عەرەبییە و کێشەیەکی عەرەبییە نەک کوردی یا ئینگلیزی یا... هتد. بەو مانایەی کە ڕژێمی سەدام دەرهاویشتەی ململانێ و نەخۆشی کۆمەڵایەتی و سیاسی مێژوویی عەرەبییە. ئیتر بۆچی من ناچاربکرێم کە قۆناغی مێژوویی خەڵکی دیکە بگوزەرێم؟ و بۆچی دانی باجی درمێکی مێژوویی عەرەبیی لە منی کورد بخوازرێ؟ یان بە شێوە پرسیارێکی دی وەڵامی پرسیارەکەت دەدەمەوە، بۆچی بەشداریکردن بەسەر مندا دەسەپێنرێ، و فارسێک بۆ نمونە داوای لێناکرێت بەشداربێت خۆ ئەوانیش لە ڕابوردودا لە چوارچێوەی ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامیدا دەژیان.

**د. یوسف:** فارس لە کوێ؟

صلاح: ئەو فارسەی لە هەمەدان یان تاران دەژی؟

**د. یوسف:** براکەم لەوێ فارس هەیە.

صلاح: باشە لەوێش کورد هەیە. هەمور ئەوەی کە کورد کۆدەکاتەوە لەگەڵ بەغدا و بەسرەدا تەنها بڕیارێکی عوسبەت ولئومەمە. نە کەمتر و نە زیاتر.
خۆ ئەگەر باسی ئەو ئیمپراتۆرییەتە ئیسلامییانەش دەکەیت کە لە ڕابوردودا ئەم میللەتانانەی کۆدەکردەوە ئەوا فارسەکان و میللەتی دیکەش لە چوارچێوەی ئەو ئیمپراتۆرییەتانەدا دەژیان و ئێستا سەربەخۆن.

**د. یوسف:** تۆ چی دەڵێی. صلاح الدین کورد بوو، و بەشداریی لە بەرپەچدانەوەی گەورەترین هەڵمەتدا کرد دژی ناوچەکە. ئیتر چۆن بەتەنها عوسبەت ولئومەم؟

صلاح: بەڵێ. بەڵام لە ڕۆژگاری «صلاح الدین»دا دەوڵەتی ناسیۆنالیستی لەئارادا نەبوو، دەوڵەت لەسەر بنەمای ئیسلامی بونیادنرابوو، یان ڕاستتر بنەمای نێونەتەوەیی ئیسلامیی. بەڵام ئێستا

ئێمە باسی دەوڵەتی ناسۆنالیستی دەکەین لەسەر شێوە خۆرهەڵاتییە دواکەوتووەکەی و بە ئاسۆ هەرە تەسکەکەیەوە. من دەزانم کە «سەلمانی فارسی»یش عەرەب نەبوو فارس بوو و... هتد. هەتا پێش تۆزێک باسی فەیلەسوفەکانمان کرد کە بە عەرەبی دەیاننووسی و عەرەبیش نەبوون. ئیبن خەلدون بۆ نمونە ئامازیغی بوو. کەواتە پرسیارەکە بەئاسانی ئەمەیە: ئەوەی کە بەسەر مندا دەسەپێنرێ بۆچی لە فارسێک داواناکرێ؟ بۆچی دەبێ من بەشداریی ئەم تراژیدیایە بکەم بە وورد و درشتێوە؟

**د. یوسف**: ئەی فارس بەدەست جەنگی هەشت ساڵەوە نەیناڵاند؟

صلاح: بەڵێ بێگومان.

**د. یوسف**: کەواتە کێشەکە سیاسییە. لە جەنگی عێراق ئێراندا لە ١٩٨٠ بۆ ١٩٨٨ هەموو لایەک زەرەرمەند بوو.

صلاح: بەڵێ. بەڵام من باسی گوتاری باوی عەرەبی دەکەم. بە فارستان نەگووت وەرە بەشداری تراژیدیاکە بکە. پێیتان نەگووت وەرە بەوەوە بناڵێنە کە ئێمە پێیوەی دەناڵێنین!

**د. یوسف**: فارس لە ئێمە بەهێزترە، ئەشێت ئەو زیان بە ئێمە بگەیەنێت نەک بەپێچەوانەوە، واتا فارس سنوری سەربەخۆی هەیە و لە سەرداریتی خۆیدایە، کێ دەتوانێ لێیان نزیکبێتەوە، بە چ سیفەتێکەوە لەگەڵیاندا بئاخڤین. بەڵام ئێمە لە یەک ناوچەدا دەژین، ئەمەمان بەسەراسەپێنراوە بۆیە دەبێ بیر لە چارەسەرێک بکەینەوە گونجاوبێت بۆ هەموو دانیشتوانی ناوچەکە. دەڵێن ناسنامە لە نزیکەی سەد هەزار کورد لە سوریا سەنراوەتەوە. ئەی هەنگاوێکی ناعەقلانیی و ناپەسەندە و دەبێ چاو بەو مەسەلەیەدا بگێڕدرێتەوە و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئیتر دەوڵەتێکی کوردی لە باشوری سوریا دابمەزرێ. چونکە زۆر فیئەی سوریی هەیە تووشی گرفت بووە، ئەمە مانای ئەوە نییە هەر فیئەیەک دەوڵەتێک دامەزرێنێ. ئێستا جیهان بەرەو لێکدان دەچێت نەک بەرەو جیابوونەوە. بە بۆچونی من کوردەکان لە کیانێکی سەربەخۆدا لاوازتر دەبن لەوەی کە لە کیانێکی گەورەتردا بن. پاشان ئەم ڕژێمانەی ئێستا هەتاهەتایی نین، دەترسێم کوردەکان ڕەشبین بن تا ئەو ڕادەیەی کە لایان وابێ ڕژێمی سیاسی عەرەبی سیستەمێکی هەتاهەتاییە و هەرگیز ناگۆڕێت (لێرەدا پێئەکەنێ).
چونکە ئەگەر پێتان وابوایە کە ئەم سیستەمە سیاسییانە ئەگەری گۆڕانیان هەیە و ئەگەری دامەزراندنی دیموکراتییەت هەیە، ئەوا تا ئەم ڕادەیە ڕەشبین نەدەبوون.

صلاح: تۆ گەشبینی بە دامەزراندنی دیموکراتییەت.

**د. یوسف:** پێویستە هەوڵبدەین، دەبێ هەرچی لەتوانامانادایە بیکەین.

صلاح: مەبەستت ئەوەیە، بۆ نمونە، ئێمە ژیان تەئجیل بکەین تا ئەو دەمەی عەرەب دەگات بە دیموکراتییەت!!

**د. یوسف:** نا... هیچ شتێک تەئجیل ناکرێت. وەلێ من لێت دەپرسم ئایا کێشەی کورد لەم بارودۆخەدا چارەسەردەکرێت؟ چارە چییە؟ چ چاەسەرێک کورد یا زۆربەی کورد قایلدەکات؟ من دەترسێم ئەگەر کوردان سەربەخۆ بن شەڕی ناوخۆ ڕوودات لەنێوانیاندا.

صلاح: بڕوانە ئەوەی کە دەیڵێی وەکو گوتار، هەمان گوتاری کۆلۆنیالیزیە بەرانبەر بە خودی عەرەب، هەموو ئەو ڕەوابینییەی کە کۆلۆنیالیزم دەیبەخشێ بەخۆی شتی لەم بابەتە بوو، ئێمە شارستانی بوونتان فێردەکەین و وا دەکەین و وا دەکەین... هتد.

**د. یوسف:** ئێمە شارستانییەتیان فێر ناکەین... کوردەکان لەنێوان خۆیاندا بەقووڵی کەرتدەبن.

صلاح: ئەمە کێشەی کورد خۆیەتی. بۆ نمونە با گوتاری ڕژێمی سودانی وەرگرین. لەبەرانبەر ئەو هەموو چەوساندنەوە و سەرکوتکردنەی کە جنوبییەکان دەیچێژن، ڕژێمی سودانی بەبێ هیچ دوودڵی و شەرمێک دەڵێت ئەگەر لێتان گەڕێین ئێمە قازانجمانە و ئێوە زەرەردەکەن، بەڵام لێتان ناگەڕێین بۆئەوەی شەڕی ناوخۆ ڕوونەدا لەنێوانتاندا و... هتد. ئەم گوتارە باو و ئاشکرایە. گوتاری ئەو کۆلۆنیالیزمەیە کە تۆ یەکاویەک و ڕاستەوخۆ و سەرتاپا ئیدانەی دەکەیت و ڕەتیدەکەیتەوە. بەڵام لەهەمان کاتدا چۆن هەمان گوتار دووبارەدەکەیتەوە،

**د. یوسف:** من هەمان گوتار دووبارەناکەمەوە «من» ڕێگەمبدە...

صلاح: تۆ ڕێگەمبدە دکتۆر. پێش تۆزێک گوتت جیهان بەرەو لێکدان «دمج» دەچێت، ئەوەی من دەیبینم پێچەوانەی ئەو قسەیەیە ڕاستە و تۆش لە من باشتری دەزانی لە ڕووی سیاسییەوە و لە بنەمای ئازادییەوە، یان با بڵێین دوای بەجیهانیی بوونی ئازادی لەپاش هەڵوەشانی سەربازگەی کۆمۆنیزم بە هەڵوەشانەوەی دەوڵەتە کۆمۆنیستەکانی خۆرهەڵاتی ئەوروپا و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێت و لەم دە ـ دوانزە ساڵەی دوایدا دەیان دەوڵەت دروستکرا.
کەواتا نەتەوەیەک کە خاوەنی هەموو کۆڵەگەکانی نەتەوە بێ، بۆ نابێ ژیانی خۆی بژی.

**د.یوسف:** ئەگەر ئەم چارەسەرە لە چوارچێوەی دیموکراتییەتدا بێ ئەوا من پێم پەسەندە، وەکو وتم ئەگەر دیموکراتییەت تا ئەو ڕادەیە فراوانبێتەوە کە زۆرینەی کوردەکان بڕیاری جیابوونەوە بدەن، ئەوا با جیابنەوە، من پابەندی گوتاری خۆمم. ئەگەر وویستیان بەشێوەیەکی دیموکراتی جیابنەوە ئەوا من لە دژیان نیم، بەڵام بە مەرجێک ئەوە بە شێوەیەکی دیموکراتی ڕووبدات. باشە، تۆ دەخوازی بەشێوەیەکی نادیموکراتی بێ، شێوەی نادیموکراتیت پێپەسەندە؟

**صلاح: بەئاسانی، من پێم وایە ژیان خواستێکی دیموکراتییە، بەبێ هیچ مشتومڕێک. ژیان مافێکی سروشتیی و سەرەتاییە، و هەموو ڕێگرتنێکیش لە ژیانی هەر مرۆڤێک تراژیدیایە. ئیتر ئەگەر تاکە ڕێگایەک کە لەبەردەمما بمێنێتەوە بۆئەوەی بژم، سەربەخۆبوونم بێت، بۆ سەربەخۆ نەبم... تاوان و نادیموکراتیبیەت لە چیدایە؟**

**د. یوسف:** ئەگەر بەڕێگایەکی دیموکراتی بێ من لەگەڵیام، بەڵام چارەسەری دەرەکیی بۆ کێشەکانی ناوچەکە پەسەند ناکەم. بەڵام ئەگەر بەڕێگایەکی دیموکراتی بێ ئەوا بەخودا من لەگەڵیام بەتەواوی. ئەگەر گەیشتین بە چارەسەرێکی دیموکراتی و کوردەکان ویستیان جیابنەوە، با جیابنەوە، واتا ئەوکاتە دەبێ پابەندی دیموکراتیبوونی خۆم بم. واتا ناکۆکییەکەمان لەسەر ئەوەیە چۆن بگەین. من پێم وایە دەبێ لەڕێگای دیموکراتییەتەوە بکەین. ئەگەر گەیشتین بە دیموکراتییەت و کوردەکان وویستیان جیابنەوە، با جیابنەوە چونکە یەکێ لە بنەماکانی دیموکراتییەت ئەوەیە کە هیچ بەسەر کەسدا نەسەپێنی، ئەمە لە چوارچێوەی عەقڵ و یاسادا. ئیتر کە ئەوان دیموکراتیانە جیابوونەوەیان خواست من لەگەڵیانم، بەڵام لە دەرەوەی چوارچێوەی دیموکراتییەت من جیابوونەوە پەسەندناکەم. بەڵام «پەسەندی ناکەم» ئەمە ڕای خۆمە، دواجار نە کەس ناچاردەکات، نە کەس پابەنددەکات تەنها ئەوەندەیە من پێموایە کە چارەسەرە هەمیشەیی و بەردەوامەکان ئەو چارەسەرانەن کە پشت بە بنەڕەتێکی دیموکراتی دەبەستن.

**صلاح: بەوە ناچێ بگەین بە زەمینەیەکی چەسپاو بۆ گفتوگۆ. لە گۆشەیەکی دیکەوە بابەتەکە باسدەکەم. ـ وەکو ڕۆژنامەنووسێکی کوێتی لە سیاقێکی دیکەدا ئاماژەدەکات ـ ئەو قوربانییانەی کە کوردان لەپێناو دەستەبەرکردنی دیموکراتییەتدا پێشکەشیانکرد زۆر زیاترە لەبری ئەو قوربانییانەی کە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی نوێ پێویستە، زۆر زیاترە و بەووردی ئاگادارم چی دەڵێم. جا کە تۆ دەڵێی دەبێ بەڕێگایەکی دیموکراتی بگەین بە ئەنجام. چۆن بتوانم دیموکراتییەت وەکو ئامراز بەکاربهێنم لەکاتێکدا کە لەبنەڕەتدا لای هەموو کورد و غەیری کوردێک دیموکراتییەت دوو خواست و خەونی گەورەیە. من لەم خاڵە ناگەم. سەهویەکی گەورە لە قسەکاندایە،**

**د. یوسف**: باشە، چارەسەر چییە؟ تۆ چۆن دەبینی؟
صلاح: من چارەسەر نابینم... من باسی گوتارێکی باو دەکەم... گوتاری ئایدیۆلۆژیی و سیاسیی عەرەبیی.

**د. یوسف**: گوتاری دیموکراتییەت، گوتاری باو نییە، گوتارێکی نوێیە؟

صلاح: نەء. دکتۆر. پێدەچێ ئەم زاراوانە بەزۆر بخزێنینە باسەکەوە. من مەبەستم ستراکتوری گوتاری ئایدیۆلۆژی باوە چ لەلای سیاسەتمەدارانی عەرەب و چ لەلای ڕۆشنبیرانی عەرەب، من لەمە دەکوڵمەوە... چارەسەر مەسەلەیەکی دیکەیە.

**د. یوسف**: من پێموایە هەموو چارەسەرێک دەبێ دیموکراتی بێ و لەڕێگای دیموکراتییەتەوە بێ... بەبێ دیموکراتییەت هەموو چارەسەرەکان کاتیی دەبن و کێشەی زیاتر دروستدەکەن.

صلاح: بەیارمەتیت دکتۆر. من دژی لۆجیکی قسەکانم نەک قسەکان وەکو خۆی. کە دەڵێیت «لەڕێگای دیموکراتییەتەوە» وا قسەدەکەی وەکو ئەوەی زەمینەیەکی دیموکراتی لەئارادابێت کە فەراهەم بێ بۆ هەموو کەسێک کە دەیەوێت دیموکراتییانە کاربکات و پەرلەمانیانە چالاکبێت، بەڵام لەبنەڕەتدا ئەو زەمینەیەی کە وەها باسی دەکەی وەکو ئەوەی هەبێ و فەراهەم بێ، لەبنەڕەتدا ئامانجی خواستراو بوو (تا ئێستاش) لای هەر کورد و غەیری کوردێک لە عێراق.
کە ئەم دیموکراتییەتە لە نزمترین ئاستیشدا فەراهەم نەبوو... چی؟
بیهێنە بەرچاوی خۆت، کەسێک بە تەلەفون بە دۆستێکی خۆی دەڵێ هەڵۆیەکی سپیم بۆ ڕاوبکەن... هەر هەموویان دەپێچنەوە و سەرنگومیان دەکەن، چونکە جەماعەت وایانزانیبوو کە مەبەست لەو هەڵۆ سپییە پیاوە موقەدەسەکەی بەغدایە.

**د. یوسف**: ئەمە بەسەر هەمووداً پەیڕەودەبێت.

صلاح: با بگەڕێینەوە سەر دەتەواژەی «مەرگی فەلسەفە» لە گوتاری بیریارانی پۆستمۆدێرنیزمدا. فۆکۆ لە یەکێ لە گفتوگۆکانیدا دەڵێت: «تەنها ئەگەر بشێت فەلسەفەیەک هەبێت کە بریتی نەبێت لە تەنها چالاکییەکی تیۆریی لەناو ماتماتیک و زمانناسی و ئەنتۆلۆژیا و ئابوری سیای، کە فەلسەفەیەکی سەربەخۆ و ئازاد و جیابێت لە هەموو ئەو بوارانە، ئەوا دەتوانین بەم شێوەیە دەستنیشانی بکەین: پرۆسەی دیاریکردنە وەکو فەحسی تەندروستی، هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی ‹ئێستا›... هەوڵدەدات ئەوە دەستنیشانبکات کە ‹ئێستا› چییە؟، و ‹ئێستا›مان لە چیدا

بەتەواوەت جیاوازە لەوەی کە ‹ئێستا› نییە، واتا بەچی جیاوازە لە ڕابووردوومان، ڕەنگە ئەوە ئەو کارەبێ کە دەبێ فەلسەفە پێیهەڵسێت و لەوانەیە ئەوە ئەو ئەرکە بێ کە دەبێ فەلسەفە لەئەستۆی خۆی بگرێ». و هەروەها دەڵێت: «فەلسەفە ئەگەر وونیش نەبووبێ ئەوا پەرت پەرت بووە و پرژاوە».

ئایا دەتوانین لە قسەکانی فۆکۆ ئەوە هەڵبهێنجێنین کە بەشێوەیەک لە شێوەکان لەبەردەم هەڵهاتنی چورسکەی سەردەمێکی نوێی فەلسەفەداین... و هەموو ئەوەی کە ڕوویداوە تەنها ئەوەیە «چەمکی نەسق گۆڕاوە» وەکو دۆلۆز دەڵێ: و ئاوها ووتەکەی تەواودەکات: «لە هەر شوێن و کاتێک چەمک داهێنرێت، ئەوا ئەو پرۆسەیەی کە ئەنجامیدەدات پێیدەگوترێت فەلسەفە، هەتا ئەگەر ناوێکی دیکەشی لێبنرێ، بە هیچ شتێک لە فەلسەفە جودا نییە».

دەکرێت ئەمە بەمانای ئەوە بێت کە خەونەکەی هیگل: «بەرزبوونەوەی فەلسەفە بۆ ئاستی زانست» بەدیهات؟ ئەگەر وابێت، مانای وایە فەلسەفە ئەو زیندوێتییە تایبەتییەی خۆی لەدەستدا کە بە (دیدی گشتگر) و بە کۆزمۆپۆلیتانیزم بەرجەستە دەبوو.

ئەوەش واتا فەلسەفە دەستبەرداری ئەو پرسیارە وجودییانە بووە کە هەر لە سوکراتەوە تا نیتشە و بگرە تا هایدگەر و سارتەر و میرلۆپۆنتی جەختی دەکرد لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەیان.

**د. یوسف**: بێگومان ئەو ووتەزایەی کە هەردەم دەبێ بخرێتە بەرچاو و دووپاتبکرێتەوە ئەوەیە کە: فەلسەفە ڕۆڵەی سەردەمەکەیەتی. ئەگەر فەلسەفە ڕۆڵەی سەردەمەکەی بێ و سەردەمەکان جیاوازبن لەیەکدی، ئەمە مانای وایە کاتێک بابەتەکە پەیوەندی بە فەلسەفەوە هەبێ، ئەوا دەبینین پلەگەلێک هەیە بۆ فەلسەفە ئەگەر نەڵێین فەلسەفەی جیاجیا. دەبینین لەجیاتی یەک فەلسەفە، چەندین وێنەی فەلسەفە هەیە، وەلێ کاتێک دەڵێین وێنەگەلێکی فەلسەفە مانای وایە ئەم وێنانە لە شتێکدا وێکدەگەن کە فەلسەفەیە، هەرچەندە لە چەندین شتیشدا جیاوازن بەڵام دواجار وێنەگەلێکن بۆ یەک پێکهات. بەڵام ئەوەی کە لەدەرەوەی هەموو گومانێک دەمێنێتەوە ئەوەیە کە فەلسەفە گوزارشتێکی زیندوی سەردەمی خۆیەتی و داڕشتبێکی ووردی هەموو ئەو کێشە و ئەرکانەیە کە سەردەمەکەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. لێرەوە ئیدی کێشەی فەلسەفە لە پۆستمۆدێرنیزمدا جیاوازبوو لە کێشەی فەلسەفە لە سەردەمی مۆدێرنیزم.

ئەگەر چەمکی سێنتراڵ لە سەردەمی مۆدێرنیزمدا مرۆڤە، و مرۆڤ سەرداری جیهانە و ئەو پێوەرە و هەموو شتێک بۆ ئەو دەگەڕێتەوە... ئەوا مۆدێرنیزم لە «نیتشە»دا گەیشتە تروپکی خۆی... ئەو فەیلەسوفەی کە «ئیرادەی هێز»ی بەو کۆڵەکە سەرەکییەدا نا کە فەلسەفە لەسەری دەوەستێ، بەڵام ئێمە لە پۆستمۆدێرنیزمدا چووینە سەر ڕستێک چەمکی جیاواز کە هەمووی ئاماژە بۆ مەرگ و کۆتایی دەکات. باسکردنی مەرگی فەلسەفە و مەرگی مرۆڤ و... هتد. و باسی ئەوەی کە مەرگی

فەلسەفە هیچ نییە جگە لە ڕوونبوونەوەی ڕوخساری ئەم سەردەمە... دواجار هەموو ئەم باسانە واتا ئەرکی فەلسەفە بەیانکردنی ڕوخساری ئەم سەردەمەیە. ئەمە مانای وایە کە «فۆکۆ» یان کەسی دی دان بەوەدا دەنێن کە هێشتا فەلسەفە بەو شێوەیە ماوە کە هیگل لە سەدەی نۆزدەدا وێنای دەکرد. ئەم گوتارەش زیاتر سەر بە سەردەمی مۆدێرنیزمە لەبەرئەوەی دواجار فەلسەفە گوزارشتکردنە لە مرۆڤ و خەونەکانی و تێڕامانەکانی و تێگەیشتنی بۆ کێشەکانی و کێشەکانی ئەو جیهانەی کە لەچواردەوریێتی. لێرەوە دەڵێم باسی مەرگی فەلسەفە و مەرگی مرۆڤ و کۆتای ڕۆشنبیر و کۆتای ئایدیولۆژیا... هتد. ئەمانە هەموو بابەتی پۆستمۆدێرنیزمن و سەر بە قۆناغێکی کاتیین کە تیایدا فەلسەفە چاو بە خۆیدا دەخشێنێتەوە و هەوڵدەدات مانا و فرمان و ئەرکی نوێ بۆ خۆی دیاریبکات. خودی چەمکی کۆتای، کاتێک مرۆڤ تێیڕادەمێنێ بەڵگەیە بۆ زیندوێتی مرۆڤ و بۆئەوەی کە مرۆڤ دەیەوێت نوێبێتەوە. بەڵام بە گەڕانەوە بۆ ڕابووردوو، و کۆپیکردنەوەی وێنەی ڕابووردوو، و هێنانەوەی بۆ ئێستا، نوێنابێتەوە. بەوە نوێدەبێتەوە کە لە وێناکاریی نوێوە دەستپێبکات و چەمکی نوێ وەبەرهەمبێبێت، چەمکگەلێک کە دەستپێکی سەردەمی نوێ بێ.

لێرەوە دەکرێ بەشێوەیەک یان شێوەیەکی دی، هەموو فەیلەسوفانی پۆسمۆدێرنیزم بە پێشەکییەکی پێویست لەقەڵەم بدرێن بۆ ئەو تێڕامانە قووڵەی کە فەلسەفە لەڕێگەیەوە، بەخۆیدا دەچێتەوە. واتا لەڕێگەی گوتاری ئەو فەیلەسوفانە و تێکستەکانیانەوە، هەروەها لەڕێگەی تێگەیشتنیانەوە بۆ مردنی یا داڕوخانی دەزگا سەرەکییەکان بە زانکۆ و حیزب و ئایدیولۆژیا و... هتد.

ئەو بەخۆداچوونەوەیەی فەلسەفە نیشانەیەکی سەلمێنەرە لەسەر ئەوەی کە هێشتا فەلسەفە وەکو هەمیشە مومارەسەی ئەرکی خۆی دەکات. لەبەرئەوەی فەلسەفە و ئەرکی فەلسەفە بە بوونی مرۆڤەوە گرێدراوە... کاتێک فەلسەفە نامێنێ کە مرۆڤیش نەمابێ.

صلاح: سوپاس.

**د. یوسف**: سوپاس.

# ئایین و عەلمانییەت و کۆمەڵگای مەدەنی
## (گفتوگۆیەک لەگەڵ د. محەمەد ئارکۆن)

**سازدانی: هاشم ساڵح**

**وەرگێڕانی: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد**

ئەم گفتوگۆیە بەشی سێیەمی گفتوگۆیەکی دوور و درێژە کە د. هاسم ساڵح بە زمانی فەرەنسی لەگەڵ د. محەمەد ئارکۆن سازیداوەو بۆ ماوەی پێنج کاتژمێر قسەیان کردووەو بە ریکۆردەر تۆمار کراوە، پاشان هاشم ساڵح لە کاسێتی ریۆردەرەکەوە ئەم گفتوگۆیەی کردووە بە عەرەبی و بە سێ بەش و بە سێ ناونیشانی جیا لە کتێبی (الفکر الاسلامی - نقد واجتهاد) بڵاوی کردۆتەوە.
من ئەم بەشەم لە چاپی سێیەمی کتێبەکەوە وەرگێڕاوە کە لە ساڵی (١٩٩٨) لە (دار الساقی) چاپکراوەتەوە. پێویستە خوێنەر ئاگاداری ئەوە بێت ئەم گفتوگۆیە لە رۆژی یەکشەممەی رێکەوتی ١٩٨٨/١٢/٢٥ لە پاریس لە ماڵی د. محەمەد ئارکۆن سازکراوە. وەک هاشم ساڵح دەڵێ پێشتر ئارکۆن داوای کردووە هەموو پرسیارەکانی بۆ بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی لەکوێدا پێویستی کرد دەستکارییان بکات و ڕاستیان بکاتەوە.
دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم ناونیشانی ئەم بەشە لە کتێبەکەدا بەمجۆرەیە: (لەبارەی فەلسەفەی سیاسی - چەند پرسیارێک لەبارەی کۆمەڵگاو ئایین و دەوڵەت)، بەڵام من پێم باش بوو ناونیشانەکەی بەو شێوەیەی سەرەوە بگۆڕم، چونکە لەم بەشەدا گفتوگۆ لەسەر ئایین و عەلمانییەت وکۆمەڵگای مەدەنی کراوە.

(وەرگێڕ)

هاشم ساڵح: ئەمڕۆ لە کۆمەڵگا عەرەبییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەراستدا تەقینەوەی هەموو دژایەتی و دابەشبوونە کۆنەکانی تایەفەگەرایی و مەزهەبگەرایی دەبینین، ئەم بارودۆخەش تەنها لە لوبناندا قەتیس نەکراوە، بەڵکو درێژ دەبێتەوەو هەموو وڵاتە عەرەبییەکانی هاوسنووری لوبنانیش دەگرێتەوەو هەڕەشە لە یەکێتی و پەیوەستەگیی ناوەکییان دەکا. پرسیارەکەم ئەمەیە: ئەگەر تۆ خەڵکی ئەم ناوچەیە بوویتایە، لە ئاستی پلانرێژیی زانستی و پەروەردەییدا چیت دەکرد، ئەگەر بۆ دەرچوون لەو قەیرانە نەبێ لانیکەم بۆ دەستنیشانکردن و توێژینەوەی بەشێوەیەکی دروست؟ ئەمە

دەڵێم و بیر لە هەموو ئەو نووسین و کتێبە ڕەشانە دەکەمەوە کە ئێستا بازاڕیان تەنیوەو گوایە ئەو «حەقیقەتانە» باسدەکەن کە لە تایەفەو ئایینەکان شاراوەیە، لە ڕاستیدا ئەمانە بەنزین دەخەنە سەر ئاگر بۆ هەڵگیرسانی کینەو مەترسییەکی زیاتر. هەروەها ئەمە دەڵێم و بیر لە بۆشایی گۆڕەپانەکە دەکەمەوە کە خاڵییە لە کۆمەڵێ کتێبی مێژوویی و زانستی تایبەت بەو بابەتە. ئەوەی ئێستا هەیە یان بریتییە لەو کتێبە کەلەپوورە کلاسیکییانەی کە تێڕوانینێکی رابردووگەرایی بۆ رابردوو دەچەسپێنن و لە ڕووی زانستی و میتۆدییەوە لێیان نەکۆڵراوەتەوە، یانیش بریتییە لە کتێبی ئیسلامیستە هاوچەرخەکان کە زۆربەیان زۆر هەژارترو زۆر دوورترن لەو ڕاستییە مێژووییانەی لە کتێبە ئیسلامییە کلاسیکیەکاندا هەن. کەواتە تۆ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەموو کتێبە نامێژوویی و نامیتۆدییانە چیت دەکرد، ئەو کتێبانەی گیروگرفتەکان پترو گەورەتر دەکەنەوە لە بری ئەوەی گرفتەکان دیاری بکەن و ڕێگەیەک بۆ چارەسەرکردنیان بکەنەوە. بە وشەیەکی تر: چار چییە؟ چ بکرێ باشە؟ چ ڕێگایەک هەیە؟

**ئارکۆن**: بەبۆچوونی من، ئەم پرسیارەی تۆ لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە وێناکردنی سیاسیانەی دەوڵەت و ئەو پەیوەندییانەی لە نێوان دەوڵەت و ئەو شتەدا هەیە کە بە زاراوەی فەلسەفەی سیاسیی هاوچەرخ پێی دەڵێین: کۆمەڵگای مەدەنی (La Societe Civile).

هاشم ساڵح: مەبەستت ئەوەیە ئێمە کۆمەڵگای مەدەنیمان بەمانای تازەی وشەکە، نییە، بۆ نموونە وەکو کۆمەڵگای فەرەنسی؟

**ئارکۆن**: بێگومان، ئێمە کۆمەڵگایەکی پەرت و پارچەپارچەمان هەیە، تا ئێستاش ملکەچی کۆمەڵێ باوەڕو پرۆسەو نەریتی زۆر کۆنەو هێشتا پاشماوەی پێشکەوتنی نوێی پێنەگەیشتووە. سەرجەمی ئەو توێژە کۆمەڵایەتییەی کۆمەڵگا پێکدەهێنن، لە ڕووی مافەکانەوە یەکسان نین، بەتایبەتی لە ڕووی مافی ئاخاوتنی ئازادو گوزارشت لە خۆکردن. بە شێوەیەکی گشتی گوزارشتی ئازاد لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا بوونی نییە، کۆمەڵگاکانی ئێمە بەشێوەیەکی ئازاد لەبارەی خۆیانەوە نادوێن، کۆمەڵگاکانی ئێمە کۆمەڵگای چەپێنراون. هۆی نەبوونی تەعبیری ئازاد لە خود دەگەڕێتەوە بۆ: ئەو دەوڵەتانەی یان ئەو ڕژێمە سیاسییانەی کە لە دوای سەربەخۆیی دەسەڵاتی حوکمیان گرتە دەست، ئەو ڕژێمانەن کە لە لایەن کۆمەڵێ خەباتگێڕی سیاسییەوە دەستیان بەسەردا گیراوە.

گومانی تیانییە کە ئەو خەباتگێرانە لەنێو ریزەکانی کۆمەڵگاکانی ئێمەوە دەرچوونە، بەڵام «ڕۆشنبیریی سیاسی»یان لە دەرەوەی کۆمەڵگاکانی ئێمەوە وەرگرتووە، ئەگەرچی دەڵێم

رۆشنبیریی سیاسی، بەڵام لە راستیدا ئەمە رۆشنبیرییەکی راستەقینەی پێکەوە بەستراو نییە، بەڵکو بریتییە لە چەند بەشێکی داپچڕاو لە رۆشنبیریی لیبرالیزم یان بەشێوەیەکی تایبەتی رۆشنبیریی سۆشیالیزم، ئەم دوو رۆشنبیرییەش لە دەرەوەی کۆمەڵگاکانی ئێمەو لە دەرەوەی بارودۆخ و کەلەپووری کۆمەڵگاکانی ئێمەوە پێگەیشتوون و گەشەیان کردووە، ئەو کەسانەی ئەو خەباتگێڕە سیاسییانە دەناسن کە لە دوای سەربەخۆیی حوکمیان گرتە دەست، دەڵێن رۆشنبیریی ئەوانە لە کۆمەڵێ وێناکردنی ئایدیۆلۆژیی داپچڕاو و پەرت و بڵاو دوور لە یەک شکڵیان گرتووە، رۆشنبیریی ئەو خەباتگێڕە سیاسییانە بریتییە لە چەند بەشێکی یان چەند پارچەیەکی ئەو رۆشنبیرییەی بەگشتی بە «سۆشیالیزم» ناوبراوە، ئەوەی کە بەتایبەتی لە دوای ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەم گەشەی کردووە. هۆی گەیشتنی ئەو خەباتگێڕە سیاسییانەش بۆ سەر حوکم لەبەر ئەوەیە هەموو جەنگە رزگارییە نیشتمانییەکان بە ناوی ئایدیۆلۆژیای «شۆڕشگێڕی» یان «سۆشیالیزم»ەوە بەرپاکراون، هیوادارم ئەو دوو وشەیە بخەیتە ناو دوو جووت کەوانەوە. خەباتی رزگاریی نیشتمانی بەناوی رۆشنبیریی لیبرالیزمەوە نەکراوەو مومکینیش نەبوو بەو ناوەوە بکرێ، چونکە ئەمە رۆشنبیریی خودی داگیرکەر بوو. ئەو پرسیارەی لێرەدا دەخرێتە روو، بەمجۆرەیە: جۆری ئەو رۆشنبیرییە سۆشیالیزمە شۆڕشگێڕییە چییە کە لە چلەکان و پەنجاکاندا لەبەردەم ئەو خەباتگێڕە سیاسییانەدا بوو کە لە دوای سەربەخۆیی دەسەڵاتی حوکمیان کەوتە دەست؟ باوەرم وایە جۆری ئەو رۆشنبیرییە رۆشنبیریی ئەو رژێمە دیموکراتییە میللییە بوو کە ئەوساکە لە وڵاتانی خۆرهەڵاتدا باوبوو.

**هاشم ساڵح: مەبەستت رۆشنبیریی حزبە شیوعییە لۆکاڵەکانە؟**

**ئارکۆن**: بەڵێ، ئەو حزبە شیوعییانەی ئایدیۆلۆژیی لۆکاڵییان لە درەختی دایکەوە وەرگرتووە، واتە لە ئینتەرناسیونالیزمی کۆمۆنیزم لە دارشتە ستالینییەکەی یان لە دارشتە چینییەکەی ماوتسی تۆنگ یان لەوانەیە لە دارشتنی تیتۆ، چونکە تیتۆ هاورێی جەمال عەبدولناسر بوو، ئەو فۆرمەی تیتۆ لە میانی جمال عەبدولناسرەوە هەندێ کاریگەری لەسەر جیهانی عەرەبیدا هەبوو. هەرچۆنێ بێ، ئەم مەسەلەیە شوێنی بایەخپێدانەو هیوادارم توێژەرێکی گەنج لێی بکۆڵێتەوەو بە رێگەی توێژینەوەی زانستی لە سەرچاوەی رۆشنبیریی سیاسیی رێبەرانی ئەو رژێم و دەوڵەتانە بکۆڵێتەوە کە لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا یەکسەر لە دوای سەربەخۆیی حوکمیان گرتە دەست، خۆ ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی لەو چەشنە بە شێوەیەکی پێویست ئەنجام بدرێ، ئەوسا ئەو وێنەیەمان بۆ رۆشن دەکاو جۆری فانتازیای سیاسیی باوی ئەوسامان بۆ دەخاتە بەردەست (مەبەستم لە «خەیاڵکراو» فانتازی- المتخیل شتێکی ترە کە

لە خەیاڵیش زیاترە، خەیاڵکراو یان فانتازی بریتییە لە کۆمەڵێ وێنای پێکەوە بەستراو کە ئاگایی تاکە کەس دەجووڵێنێ). وتم فانتازیای سیاسیی ئەو ڕێبەرانەو نەمووت فیکری سیاسی. ئێمە کاتێ ناوی ئەو ڕێبەرە گەورانە دەهێنینە بەرچاو کە حوکمیان گرتە دەست و کۆمەڵێ بڕیاری ترسناکیاندا، دەبینین ژمارەیەکی زۆرکەمیان خاوەنی فیکرێکی سیاسی بوون، ئەمە خاڵێکە شایستەی ئەوەیە بەفراوانی قسەی لەسەر بکرێ و بە قووڵی پەرەی پێبدرێ و من لێرەدا کاتی ئەوەم نییە ئەو خاڵە شیبکەمەوە. من بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم قسەیە سێ نموونە دەهێنمەوە کە دەشێ نموونەی ئەبستراکتی و تیۆری بن، ئەو سێ نموونەیەش: مستەفا کەمال ئەتاتورک لە تورکیا، حەسەنی دووەم لە مەغریب، حەبیب بۆرقیبە لە تونس.

**هاشم سالح: بەڵام کەمال ئەتاتورک سەر بە قۆناغی لیبرالیزمە کە پێش قۆناغی «شۆڕشگێڕیی سۆشیالیزم» دەکەوێ.**

**ئارکۆن**: بێگومان، بێگومان، بەڵام نموونەیەکی زۆر گرنگە. جا لەبەر ئەوەی ئەم نموونەیە پێش ئەوانیتر کەوتووە، دەشێ بووبێ بە پێشەنگ و بە نموونەیەک بۆ ئەوانەی لە دوای ئەو هاتن، بەتایبەتی کە تورکیا وڵاتێکی گەورەی ئیسلامییەو گاڵتەی پێناکرێ. ڕاستە تورکەکان بە خۆیان دەڵێن ئێمە ئەوروپین لە پێناوی ئەوەی لە شارستانیەتی ئەوروپی نزیک بنەوە، بەڵام لە ڕووی کولتووری و مێژووییەوە سەر بە بازنەی ئیسلامین، نموونەی ئەتاتورک نموونەیەکی باشە بۆ لێکۆڵینەوەو گەلێ پەندو وانەمان پێشکەش دەکا، لێرەدا ئەزموونی پیاوێک دەبینین لە فەرەنسە فێربووەو لە ئەکادیمیەی سەربازیی شاری تۆلۆز خوێندوویەتی، لە کەشوهەوای کۆماری سێیەمی فەرەنسا کە عەقڵێکی پۆزەتیڤیزمیی خەباتگێرانەی تیادا زاڵبووە لەناو چوارچێوەی عەلمانیکردنی فەرەنسیدا کە دژ بە قەشەو تیۆلۆژیستەکان بوو.
ئەتاتورک بەو وێناکردنە ئایدیۆلۆژییەی عەلمانیکردنەوە گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی، وتم ئایدیۆلۆژی لەبەر ئەوەی عەلمانییەتی فەرەنسی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەم پرۆسەیەک بوو لەناو کەشی ململانێی سیاسی و جەنگی توندوتیژی نێوان سیستمی دەوڵەت (واتە کۆماری سێیەم)و کڵێسەی فەرەنسەیی کە لە پێناوی پاراستنی ئیمتیازو بەرژەوەندی و دەسەڵاتی بەسەر دۆگمای ئایینی و بگرە هەموو کۆمەڵگادا، تێدەکۆشا.
کڵێسە هەروا بەئاسانی وازی لە دەسەڵاتی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا نەهێنا، بەڵکو بە جەبروهێزەوە ناچار کرا پاشەکشە بکات، ئەم ململانێیەش لە فەرەنسەدا پەرەسەندنێکی سەرجەمگیرو گشتگیری بەرهەمهێنا کە لە یەک کاتدا دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنیی گرتەوە، ئەمە پەرەسەندنێکی ئیجابی و تەندروست بوو بۆ هەموو هێزەکانی کۆمەڵگا، ئەمە ڕێگەی بۆ

کۆمەڵگای فەرەنسی کردەوە تا لەو کۆت و پێوەندە کۆنانە رزگاری بێت کە بەربەستێکی گەورە بوو لەبەردەم بووژانەوەو پێشکەوتنیاندا. بێگومان سەرباری هەموو ئەو لایەنە نێگەتیڤانەش کە لە قۆناغی عەلمانییەتی خەباتگێریی فەرەنسیدا دەرکەوتن کە دەبێ ئەمڕۆ راست بکرێنەوەو تەواو بکرێن وەک دواتر باسی دەکەم. کەواتە پەرەسەندنی عەلمانی لە فەرەنسەدا پەرەسەندنێکی سروشتی و مەعقول بوو و لە پاش ماوەیەکی دوورودرێژی ململانێی فیکری و مشتومڕی سۆسیۆ رۆشنبیری هات کە لە چەرخی رێنیسانس و لە سەدەی شازدەیەمەوە دەستی پێکردو بەدرێژایی چەرخی رۆشنگەری لە سەدەی هەژدەم بەردەوام بوو و لە سەدەی نۆزدەهەمیشدا (چەرخی پۆزەتیڤیزم و زانست و باوەڕی رەها بە بێشکەوتن) گەیشتە لوتکە.
بەڵام لە تورکیادا مەسەلەکە بەتەواوی جیاوازە، تورکیا وڵاتێکی تەقلیدییەو نەرێنیسانسی بە خۆوە بینیوە نە رۆشنگەری و نەشتێکی دی، پاشان گواستنەوەی ئەم ئەزموونە مێژووییە گەورەیە لە فەرەنسەوە بۆ ناو کۆمەڵگای تەقلیدیی تورکی کۆمەڵێ مەترسی و سەرکێشیی وا پێکدەهێنێ کۆتاییەکەی دیار نییە. گواستنەوەی ئەم ئەزموونە مەزنە بۆ وڵاتێکی تر کە بەتەواوی جیاوازە لە فەرەنسا، وڵاتێک کە خاوەنی مێژوو و چەندین مەرجەعیەتی کولتووریی زۆر جیاوازە، کاردانەوەیەکی توندڕەوانەی بەرهەمهێنا، جێکەوتە سەلبییەکانی ئەم گواستنەوەیە، لە کۆمەڵگای تورکیی ئەمڕۆدا دەبینین، ئەمە دەڵێم و ئەو لایەنە ئیجابیانەشم لەبەرچاوە کە لە ئەزموونی پێشرەوانەی ئەتاتورکدا هەبوون و نکوڵییان لێنا کرێ.

**هاشم سالح: بەڵام زانکۆییە تورکەکان کە لەو کۆنگرە زانستییەدا بینیمانن کە لەم دواییە لە پاریس لە بارەی ئیسلامەوە گیراو تۆش ئامادەبوویت، پێیان وتم مومکین نییە تورکیا لە بەعەلمانیکردن پاشەکشە بکات، هێرشی رەوتە ئیسلامیستەکانی ئێستاش بتوانێ سیستمی عەلمانییەت هەڵبگێڕێتەوە..**

**ئارکۆن:** بەڵێ. گومانی تیانییە ئەتاتورک بەشێوەیەکی توندو ریشەدار ئەزموونە عەلمانییەکەی خۆی بەسەر کۆمەڵگای تورکیدا سەپاند بە ئەندازەیەک لەوەدا سەرکەوتوو بوو کە بیرۆکەی عەلمانییەت بە قووڵی لەناو کۆمەڵگادا بچێنێ، بەڵام ئەم عەلمانییەتە هەمیشە وەک عەلمانییەتێکی خەباتگێڕانەو پڕ لە مشتومڕ دەمێنێتەوە پتر لەوەی عەلمانییەتێکی کراوەو نەرم بێت، بەم مانایە ئەو عەلمانییەتە لە رووی عەقڵی و کولتوورییەوە مەترسیدارە و هەمیشە شوێنی هەرەشە لێکردنە، چونکە هەموو رەهەندەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی تورکی لەبەرچاو ناگرێ، بە تایبەتی رەهەندی ئایینی ئەم کۆمەڵگایە کە ئەویش رەهەندێکی قووڵ و رەگدا کوتاوە، هەروەها فرەیی ئیتنی و تایفەگەریی کۆمەڵگای مەدەنیی تورکی لەبەرچاو ناگرێ، ئەم

عەلمانییەتە بەجۆرێ پرۆسەکانی خۆی جێبەجێ دەکا وەک بڵێی هەموو ئەم شتانە بوونیان نەبێت و بەتەواوی فەرامۆشیان دەکات، ئەم عەلمانییەتە تاکلایەنییە و لە ئاستی گیروگرفتە راستەقینەکانی کۆمەڵگای تورکیدا کوێربووە یان وەک کوێرێک رەفتار دەکا.
لەبەر ئەم هۆیە دەبینین چۆن لەم سالآنەی دواییدا ئایدیۆلۆژییە ئایینی و تایەفەگەری و ئیتنییەکان جارێکی تر دەگەڕێنەوە سەر ئاستی رووداوەکان هەموو ئەمانە پاش ئەوە دێن کە ئەتاتورک باوەری وابوو دەتوانێ بە تەواوی لەناویان ببات و هەر تەنها بەهێنانی عەلمانییەت و بە زۆر سەپاندنی لە سەرەوە نەک لە خوارەوەو لە دەرەوە نەک لە ناوەوە. لەبەر ئەم هۆیە تورکیا نەیتوانی ببێتە نۆرمێک و ببێتە پێشەنگی کۆمەڵگا ئیسلامییەکانی تری وەک کۆمەڵگای ئێرانی یان پاکستانی یان میسری یان سووری یان عێراقی...هتد، بە پێچەوانەوە رۆڵی نموونەیەکی دژی بینی: واتە نموونەیەک کە ناشێ شوێن پێی هەڵبگیرێ و لاسایی بکرێتەوە.

نموونەی دووەم (حەبیب بۆرقیبە)یە، ئەم پیاوە تونسی- مەغریبیەش لە رووی رۆشنبیرییەوە بەرهەمی کۆماری سێیەمە لە فەرەنسا، لە هەمان سەردەمدا لە دواناوەندی و زانکۆکانی فەرەنسادا خوێندوویەتی، یەکێکە لە دەستەبژێرە بورژوازییەکانی شارو پایتەختە عەرەبی و ئیسلامییەکان، ئەم دەستەبژێرە وەک دەزانین ژمارەیەکی زۆر کەم پێکدەهێنن لە چاو ئەو ژمارە زۆرەی هاوولاتیانی دی کە بەشێوەیەکی تر خوێندوویانە و فێربوونە، واتە فێربوونی تەقلیدی و ناوچەیی. کەواتە بورقیبە لە رووی رۆشنبیرییەوە لەو کاتەدا پێگەیشتووە کە فەرەنسا یاسای جیاکردنەوەی کڵێسە و دەوڵەتی سەپاند لەنێو مەرجەکانی ئەو ململانێ توندو تیژەی دەیزانین. ئەمەش چەمکی دەوڵەتی عەلمانیی بەرهەمهێنا، هەروەها رێگەی پرۆسەکردنی وەزیفە و ئەرکەکانی دەوڵەت لە بەرامبەر کۆمەڵگای مەدەنیدا.
لە کاتێکدا ئەم عەلمانییەتە رێزی لە پلورالیزمی کۆمەڵگای مەدەنی گرت و بە یەکسانی مامەڵەی لەگەڵ هەموو توێژەکانیدا کرد و چنینە چەسپاوەکانی خۆی پێکهێنا، کەچی هەموو ئەو شتانەی تری بەرتەسک کردو خستنیە پەراوێزەوە، ئەوانەی پەیوەست بوون بە کولتووری ئایینی کۆمەڵگای فەرەنسییەوە، وتم کولتووری ئایینی و نەموت سرووت و پەرستنەکان، چونکە ئەم دوو شتە بە تەواوی جیاوازن.

لەوساوە تا ئەمرۆ کولتووری ئایینی کۆمەڵگا تەنها لە فەزای تایبەتی کڵێسە و لە تەعالیمی کڵێسەدا قەتیسکراوە، ئەم فەزایەش هەرگیز تێکەڵ بە فەزای گشتیی کۆمەڵگای مەدەنی نابێت، ئەو کۆمەڵگایەی دەوڵەت کۆنترۆڵی دەکات. کەواتە جیاکردنەوەیەکی زۆر ئاشکرا لە

نێوان دین و دەوڵەتدا کراوە و دیوارێکی جیاکەرەوەش هەڵچنراوە لە نێوان: فەزای تایبەتی پرۆسیسەکردنی ئایین و کولتووری ئایینی لە سەرێک،/ فەزای گشتیی پرۆسیسەکردنی ژیانی مەدەنی و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە سەرێکی تر. بورقیبە بەم نۆرم و بەم نموونەیە پڕ کرابوو، لەبەر ئەوە هەوڵیدا ئەو ئەزموونە بگوازێتەوە بۆ تونس، هەوڵیدا بچێتە نێوان ئەو سنوورانەی شتە ئاینییەکان لە شتە مەدەنییەکان جیا دەکاتەوە، ئەو دیاردە مەدەنییانەی دەوڵەت کۆنترۆڵیان دەکات. تەنانەت بورقیبە جورئەتی ئەوەیشی کرد کە دەست لە روکنەکانی باوەڕی ئاینیش وەربدات کاتێ ڕێی بەوەدا کە خەڵکی لە مانگی رەمەزاندا رۆژوو نەگرن ئەگەر رۆژووگرتن ببێتە بەربەستێک لەبەردەم پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەوڵەت و کۆمەڵگا، هەروەها دەستکاری یاسای باری کەسایەتی (قانون الاحوال الشخصیە)شی کرد ئەمەش لە ڕێگەی ئەو ریفۆرمانەی بۆ راستکردنەوەی یاسای تەڵاقدان و قەدەغەکردنی فرەژنی خستیە روو. ئەو ئەم کارانەی ئەنجامدا لەبەر ئەوەی پیاوێک بوو لە چوارچێوەی ئەزموونە ناودارەکەی فەرەنسەدا بیری دەکردەوە کە ئاین تەنها بۆ ژیانی تایبەتی هەر هاووڵاتییەک قەتیسدەکا و دووری دەخاتەوە لەو فەزا گشتییەی کۆمەڵگای مەدەنی کە دەوڵەت کۆنترۆڵی دەکات، پێی وابوو دەبێ بە پێویست مەرجەعیەتە ئایینی و تایەفەگەرییەکان لە گۆڕەپانی فەزای مەدەنی لاببرێت، چونکە ئەم مەرجەعە ئایینی و تایەفییانە هۆی هەڵگیرسانی پەرتبوون و شەڕو ناکۆکین.

هاشم ساڵح: ئایا بورقیبە لە مەدا راست و لەسەر هەق بوو؟

**ئارکۆن**: بێگومان لەسەر هەق بوو. من بانگەشەی پاشەکشە کردن لە بیرۆکەی ئەو بەعەلمانیکردنە ناکەم بەو مانایەی کڵێسە لە دەوڵەت جیادەکاتەوە، بەڵکو بانگەشەی ئەوە دەکەم کە پێیدا بچنەوەو دەوڵەمەندتری بکەن بێگومان لە ڕێگەی جارێکی تر بیرکردنەوە لە مەسەلەی کارکردنی ئایینی و/ کارکردنی دنیایی، بە سیفەتی ئەوەی ئەم دوو کارکردە دوو رەهەندن لە رەهەندەکانی مرۆڤ ک لە یەکتر جیاناکرێنەوە. من دەڵێم ڕێگەیەکی تر هەیە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی بەعەلمانیکردن لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا. ڕێگەی ئەتاتورک و بورقیبە تەنها ڕێگەیەک نین، دەشێ ئەم دوو ڕێگەیە سەرکەوتوو و سوودبەخش نەبووبن، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو رووداوانەی ئێستایە کە دەبینین بزاوتە سیاسییە ئاینییەکان بە هێزێکی ترەوە دەگەڕێنەوە سەر شانۆی تونسی و تورکی و وڵاتانی دیش، جگە لەوەی کۆمەڵگای تونسی هیچ بزاوتێکی فیکریی بەرزو ئازادیبەخشی بەخۆیەوە نەدیوە وەک ئەو بزاوتە فیکرییە گەورەیەی کۆمەڵگای فەرەنسی لەسەردەمی رۆشنگەریدا بینیویەتی، پاشان سەپاندنی عەلمانییەت لە

سەرەوە و هێنانی لە دەرەوە، سەرکێشییەکی وا پێکدەهێنێ ئەنجامەکانی روون نین، دەبێ لە سەرەتادا زەمینەی بۆ سازو ئامادەبکرێ بەر لەوەی ئەو بریارە بوێر و پر لە سەرکێشییانە بدرێن کە هەریەکە لە ئەتاتورک و بورقیبە دایان. ئەمە تا ئێستاش رووی نەداوە، تا ئێستاش لە رۆشنبیریی عەرەبی – ئیسلامیدا هیچ تیوریزەکردنێکی پێگەیشتووی بیرۆکەی بە عەلمانیکردن بوونی نییە. بە عەلمانیکردن بە کردەوە لەسەر زەویی واقیعدا هەیە و دەژی، بەلام لەبەرامبەر ئەم کردەیەدا هیچ تیوریزەکردنێکی بەرپرسیار لە گوتاری هاوچەرخی عەرەبیدا نییە. توێژەرە راستەقینەکان لە کوێن؟ رۆشنبیران لە کوێن؟ ئەو بیریارانە لە کوێن کە دەتوانن بە رووی هەموو جەبەرووتی رابردوو و ئێستادا بووەستنەوە؟..

لەبەر ئەوە کاتێ داوای ئەوە دەکەم چاو بە ئەزموونە سەرەتاییەکانی بە عەلمانیکردندا بخشێنینەوە، نابێ واتێبگەن کە من دژی بە عەلمانیکردنم یان دژی ئازادیی فیکرو عەقڵم! من پێشتریش وتوومە بە عەلمانیکردن بریتییە لە هەڵوێستی رۆح لە بەرامبەر گرفتی مەعریفەدا. واتە: ئایا مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە نهێنییەکانی گەردوون و کۆمەڵگا بزانێت یان مافی ئەوەی نییە؟ ئایا متمانە بە عەقڵی مرۆڤ بکەین لە دۆزینەوەی نادیارەکان و رێبەریکردنی مێژوو یان متمانەی پێنەکەین؟ ئایا مرۆڤ بە هۆی عەقڵی خۆیەوە، تەنها بەهۆی عەقڵییەوە، توانای ئەوەی هەیە لە شتەکان تێبگات و بریارێک وەربگرێ یان توانای نییە؟

هەندێ کەس دەڵێن مرۆڤ پێویستیی بەهێزێکی دەرەکی (سەرووی سروشت) هەیە تا ژیان و کارەکانی بۆ بەرێوەببات. هەندێ کەسی دی دەڵێن: نا، مرۆڤ بۆ خۆی دەتوانێ کارەکانی خۆی بەرێوەبباو گرفتەکانی چارەسەر بکاو فۆرمێکی باشترو جوانتری ژیان لە کۆمەڵگەدا پێکبهێنێ. لە حاڵەتی یەکەمدا ئێمە سەر بە هیومانیزمی ئاینین، لە حاڵەتی دووەمیشدا هیومانیزمی نوێ. من باوەڕم وایە دەشێ پەیوەندییەکی نوێ لە نێوان ئەو دوو حاڵەتەدا دابمەزرێ بە جۆرێ کەمتر شپرزەیی یان هێرشکردنی تێدابێ وەک ئەوەی لە سەدەی نۆزدەدا لە کاتی دەسەلاتی (عەلمانیکردنی خەباتگێڕی) لە فەرەنسەدا روویدا. ئەمرۆ دەبینین رێگەیەکی تر هەیە بۆ تێگەیشتن لە عەلمانیکردن کە فراوانترو پۆزەتیڤترە.

هاشم ساڵح: تەنانەت لە فەرەنسەشدا؟

**ئارکۆن**: بەڵێ، تەنانەت لە فەرەنسەشدا. من لە قسەکانی پێشوومدا باسی فەرەنسا و ئەزموونەکەیم کرد بە هەموو ئیجابیات و کەم و کورییەکانیەوە. فەرەنسای ئەمرۆ لە قۆناغێکدایە کرانەوەی فەزای گشتیی مەدەنی بەخۆوە دەبینێ بۆ گوزارشتی پلورالیزمی لە کولتووره ئاینییەکان. دەشێ فشاری وجودی ئیسلامی و قورسایی جالییەی ئیسلامی تیایدا

شتێکی نامۆ نەبێ بۆ ئەم حاڵەتە. بەرپرسە فەرەنسییەکان ئەمڕۆ کۆمەڵێ پرسیار لە بارەی ئەزموونە مێژووییەکەیان لە عەلمانییەت دەخەنە ڕوو، بێگومان جەخت لەسەر ئەوەش دەکەن مومکین نییە پاشەکشە لە عەلمانییەت بکرێ کە بواری بۆ لەدایکبوونی مافەکانی مرۆڤ و هاوولاتی بە شێوە زانراوەکەی ڕەخساند، عەلمانییەت بوو بیرۆکەی هاوولاتیبوون–ی ڕاست و دروستی چەسپاند، هەروەها چنینی کۆمەڵگای مەدەنی و یەکسانی نێوان هەموو ئەندامانی نەتەوە پێکهێنا، هەموو ئەمانەش کۆمەڵێ نیشانەو خاسیەتی پۆزەتیڤی سیستمی نوێن کە بەر لە دوو سەدە لەو شۆڕشە گەورەیەوە لە دایکبوون. فەرەنسا ئامادە نییە واز لە عەلمانییەت بهێنێ پاش ئەوەی لەبەروبوومە شیرینەکەی خواردووەو بۆ ماوەیەکی درێژ و تا ئێستاش لەو نیعمەتەدا دەژی. بەڵام ئێستا پرسیاری ئەوە دەکەن ئاخۆ مومکینە بە ڕێگەیەکی تر بیر لە عەلمانیکردن بکەنەوە جیا لەوەی لە ساڵی (١٩٠٥)دا ڕوویدا، واتە ساڵی جیاکردنەوەی کڵێسە لە دەوڵەت بە شێوەیەکی ڕەسمی و، قەدەغەکردنی خوێندنی هەر شتێک لە قوتابخانەکاندا کە پەیوەندیی بە ئاینییەوە هەبێ. ئەوان لەسەر بەشی یەکەمی ئەم مەسەلەیە تەبان، بەڵام بەشی دووەم بووە بە بابەتی گفتوگۆ و لێدوان.

**هاشم ساڵح: بەڵام فەرەنسە لە کاتێکا ئەم کارە دەکا ماوەیەکی زۆرە قۆناغی هەستیاری ئایینی سەدەکانی ناوەراستی جێهێشتووە، ئێستا لەوە ناترسێ ئەگەر باسی مێژووی ئایینەکان لە فەزای گشتیی کۆمەڵگای مەدەنیدا بکرێ، شەڕو ئاژاوە بخوڵقێ...**

**ئارکۆن**: بێگومان. بە هەرحاڵ حیزبە سیاسییەکانی فەڕەنسا (لەوانە حیزبی سۆسیالیستی، ئەمەش خاڵێکی گرنگە) ئێستا لە بەرامبەر ئەو بیرۆکەیەدا کراونەتەوە کە ڕێگە بە کولتووری ئایینی یان کولتووره ئایینییەکان دەدا گوزارشت لەخۆیان بکەن. دەشێ شێوەی ئەم گوزارشت لە خۆکردنە لە لایەن دەوڵەتەوە ڕێک بخرێ هەروەکو چۆن دەوڵەت جۆری گوزارشت لە خۆکردنی سەندیکاکان ڕێکدەخات، یان گوزارشتی هونەری و مۆسیقی و بیناسازی.... هتد ڕێکدەخات.

**هاشم ساڵح: ئەمە مانای وایە دەشێ فەرەنسا بیری لەوە کردبێتەوە کە ئایینەکان بهێنێتەوە نێو میتۆدەکانی خوێندن پاش ئەوەی لە ساڵی (١٩٠٥)دا بە تەواوی دووری خستبوونەوە؟**

**ئارکۆن**: ئایینەکان وەک عیبادەت و وەک تەبشیر نا، بەڵکو مێژووی ئایینەکان وەک کۆمەڵێ سیستمی گەورەی کولتووری کە لە مێژووی مرۆڤایەتی لە ئەورووپا و غەیری ئەورووپاشدا

ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو. بەڵام خوێندن و فێرکردنی ئایین وەک عەقیدەیەکی ئیمانی و تیۆلۆژیی تەبشیری ئەوە مومکین نییە ڕێگەی هێنانەوەی پێبدرێ، چونکە ئەمە دابەشبوون و جیاوازی دەخاتە نێو ریزەکانی کۆمەڵگای فەرەنسی کە لە ڕووی تایەفی و ئایینییەوە کۆمەڵگایەکی پلورالیستییە، ئایینی وەک کاسۆلیک، پرۆتستانت، جوولەکە، ئیسلامی تێدایە، فێرکردنی دۆگمایی و باوەرداریی ئایین تەنها لەناو چوارچێوەی تایبەتیی کڵێسەدا دەمێنێتەوەو لەوێدا قەتیس دەکرێ، یان لە مزگەوت و لە پەرستگاو... هتد. سیمای پۆزەتیڤی عەلمانیکردنی پێشوو بریتیی بوو لەوەی تەبشیرو فێرکردنی عەقیدەی لە قوتابخانە گشتییەکان و فەزای گشتیی کۆمەڵگای مەدەنیدا قەدەغە کرد، ئەگەر وای نەکردایە ئەوسا شۆرشی فەرەنسی نەیدەتوانی ئەم کۆمەڵگا مەدەنییەی ئەمڕۆ پێک بهێنێ، مەبەستم لە خوێندنی مێژووی ئایینەکان وەک چەند سیستمێکی کولتووری، لێکۆڵینەوە و خوێندنی ئەنترۆپۆلۆژیای ئایینییە.

ئایا دەزانیت ئەمڕۆ مامۆستایانی قوتابخانە ناوەندییەکانی فەرەنسا نازانن چۆن دەقێکی ئەدەبیی باسکال شیبکەنەوە، لەبەر هۆیەکی سادە ئەویش ئەوەیە قوتابیان هیچ شتێک لە بارەی مێژووی ئایینی مەسیحی نازانن، تەنانەت مامۆستایانیش زۆرجار شتێکی ئەوتۆ نازانن... نابێ ئەوەشت لەبیربچێ ئێمەکاتێ باسی عەلمانیکردن دەکەین ئێستا لە فەرەنسە داین و لە سوریا یان لە میسر یان لە جەزائیردا نین. عەلمانیکردن لە دوو سەدە بەر لە ئەمڕۆوە هەموو فەزای فەرەنسیی گرتۆتەوە، ئامادەبوونی ئاینیش لە ژیانی کۆمەڵگای مەدەنیدا زۆر بێهێزو لاوازە لە چاو ئامادەبوونی ئایین لە وڵاتانی ئێمەدا، لەبەر ئەوە کاتێ لەبەردەم عەرەبەکان یان موسڵمانەکاندا قسە دەکەم داوایان لێدەکەم پتر بەرەو عەلمانیکردن هەنگاو بنێن و تێروانینێکی مێژوویان بۆ ئایین هەبێت، کاتێکیش لە بەرامبەر فەرەنسییەکاندا دەدوێم داوایان لێدەکەم مەسەلەی ئایین لەبەرچاو بگرن.

**هاشم ساڵح: بەڵام لە فەرەنسەدا چەند کۆلێژێک هەیە ئەنترۆپۆلۆژیای ئایینی تیادا دەخوێنرێ.**

**ئارکۆن:** بێگومان، چەند کۆلێژێک هەیە، بەڵام تێکەڵ بە تەعلیمی گشتی و ڕەسمی نەکراوە، هەروەها ژمارەی ئەو پسپۆرمەندانە زۆر کەمە کە بەپێی میتۆدی مێژوویی وانەی ئاینیەکان دەڵێنەوە نەک بە ڕێگەی باوەڕی تەقلیدیی زانراو. دەبێ تێگەیشتنێکی ڕوون لەم هەڵوێستەی مندا هەبێ: من دژی ئەوەنیم ئایین بەشێوە تەقلیدییەکەی بخوێنرێ، بەڵام دەبێ ئەمجۆرە خوێندن و فێرکردنە لەناو مزگەوت یان کڵێسەدا بکرێ نەک لە زانکۆکان و لە ئەنیستیتوتەکانی توێژینەوەی زانستی. دەبێ تەقلیدییەکانیش ئەوە قبوڵکەن کە چەند کۆلێژێک

بۆ سۆسیۆلۆژیای ئایینەکان و بۆ مێژووی بەراوردکاریی ئایینەکان و ئەنترۆپۆلۆژیای ئایینی لە زانکۆکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا بکرێنەوە. وەک چۆن تەقلیدییەکان چەندین ئەنیستیتۆت و دامەزراوی خۆیان هەیە، دەبێ دیدی مێژوویی نوێش دامەزراو و ئەنیستیتوتی خۆی هەبێ. کاتێ دەڵێم ئەو بەعەلمانیکردنەی لە سەدەی نۆزدەدا هەبوو ڕاست بکرێتەوە مەبەستم ئەوەیە هەردوو فەزای ئایینی و/ عەلمانی بە شێوەیەکی باشترو گونجاوتر سیستماتیزە بکرێ. وەک چۆن بە ناوی کاتیگۆریی تیۆلۆژی یان بە هەنجەتی «داکۆکیکردن لە پیرۆزەکان» نابێ مرۆڤ لە ئازادیی بیرکردنەوە بێبەش بکرێ، بەو جۆرە نابێ لێکۆڵینەوە لە ئاین و قووڵبوونەوە تیایدا قەدەغە بکرێ و دەبێ دیاردەی ئایینی وەک کایەیەکی جیددی بۆ مەعریفە و تێگەیشتن سەیر بکرێ. تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆری عەلمانییەکانی فەرەنسا بە چاوێکی سووکەوە سەیری ئەو کەسانە دەکەن کە پسپۆرییان لە زانستە ئاینییەکاندا هەیە و پێشتر حوکمی «کۆنەپەرست» یان بەسەردا دەدەن! ئەمەش هەڵوێستێکی عەلمانیانەی رووکەشانەیە نەک هەڵوێستێکی عەلمانیی قووڵ و رۆشنگەرانە. عەلمانیکردن، وەک پێشتر وتم، بریتییە لە هەڵوێستی رۆح لە بەرامبەر گرفتی مەعریفەدا. دیاردەی ئاینیش یەکێ لە رەهەندەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگا پێکدەهێنێ و ناشێ بە کەمی سەیر بکرێ یان بە بیانووی «پێشکەوتن» و «پێشکەوتنخوازی»یەوە لێی نەکۆڵرێتەوە.. ئەگەر ئێمە ئەم کارەمان کرد (کە بە درێژایی قۆناغی پێشوو لە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا ئەمە رووی داوە) ئەوسا ئاین تەنها لە لای پیاوە تەقلیدییەکانی خۆی مۆنۆپۆلیزە دەکرێ، ئەوانەی وێنەیەکی کەلەپووریی باوەرداریی پێشکەش دەکەن نەک وێنەیەکی مێژوویی و مەعریفی. من لە دژی باوەڕداری نیم و دژی ئەو پیاوە ئاینییانەش نیم کە رێزی خۆیان دەگرن و زۆربەی کاتی خۆیان بۆ مەسەلە رۆحییەکان تەرخان دەکەن نەک مەسەلە سیاسییەکان، بەڵام من داوا دەکەم ئەم دیدو تێروانینە ئیمانییە هاوسەنگیی تیایدا بکرێ کە بۆ ماوەیەکی درێژ بەسەرماندا زاڵ بوو بەهۆی دیدێکی تر کە خێرێکی زۆری بۆ عەرەب و موسڵمانان تێدابوو، مەبەستم: دیدو تێروانینی مێژوویی.

دەگەرێمەوە بۆ نموونەکەی پێشوو و دەڵێم پاش ئەوەی فەرەنسا بە درێژایی قۆناغی یەکەمی عەلمانییەت توانی ئازادیی فیکری بە دەست بێنێ لە دژی ترسی کەهنوتیی، ئێستا دەبێ حیسابێک بۆ دیاردەی ئایینی بکاو شوێنی شایستەی خۆی بدرێتێ لە بواری لێکۆڵینەوە و توێژینەوەدا. ئەم دیاردەیە دەستکەوتێکی فیکری و بەشەرییەو دەبێ بخوێنرێ و لێی بکۆڵرێتەوە. بێگومان پروپاگەندەی ئایینی لە فەزای گشتی مەدەنیدا قەدەغە دەکرێ سا هەر ئاینییێک بێت، وەک ئێستا باوە. بەڵام لەو لایەنەی باسم کرد چاو بە عەلمانیکردندا

دەخشێنرێتەوە بۆ ئەوەی عەلمانییەت فراوانتر و پێگەیشتووتر بێت و پتر بایەخ بە هەموو رەهەندەکانی مرۆڤ بدات بێئەوەی هیچ رەهەندێ لاببات.
ئێستا دێمە سەر باسکردنی نموونەی سێیەم، واتە نموونەی (حەسەنی دووەم) لە مەغریب. ئەو وەرەسەی رژێمێکی پاشایی ئێجگار کۆنە، لە راستیدا رژێمی پادشایی لە هەموو مەغریبدا هەر لە ساڵی (٨٠٨ز) هەیە ئەو کاتەی بۆ یەکەمجار سولالەی ئیدریسی دامەزرا.

**هاشمساڵح: بەڵام حەسەنی دووەم ئیدریسی نەبووە؟**

**ئارکۆن:** نا، پادشای ئێستا سەر بە سولالەی عەلەوییە، بەڵام دەبێ بزانیت کە لەسەردەمی ئیدریسییەکانەوە چەندین سولالات هاتوونەتە سەر حوکم نەک یەک سولالە. مەبەستم ئەوەیە دەوڵەتی ئیسلامی یەکەمجار لە شاری (فاس) لە ساڵی (٨٠٨ز) دامەزرێنرا، ئەمەش مێژوویەکی گرنگە، چونکە ئەو دەوڵەتەی ئەوسا دامەزرێنرا بەردەوامبوونێکی وای بەخۆوە بینیوە کە زۆربەی دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامییەکان ئەو بەردەوامبوونەیان بەخۆوە نەدیوە. بۆ نموونە لە جەزائیردا چەندین داپچران و سولالەی جیاجیا هەبووە و بەردەوامبوونێکی وەک ئەوەی مەغریبی بەخۆوە نەدیوە، دەشێ ئەمە هۆی ئەو شپرزەیی و شڵەژانە بێت کە بەگشتی دوچاری کەسایەتیی جەزائیری بووە، بەڵام لە مەغریبدا، پرەنسیپی دەوڵەتی ئیسلامی، واتە ئەو دەوڵەتەی خۆی دەباتە سەر مەشروعیەتێکی کۆن کە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەرو بگرە راستەوخۆ پەیوەستە بەو مەشروعیەتەوە، بەردەوام هەبووەو نەپچڕاوە. عەلەوییەکانی مەغریب خۆیان دەبەنەوە سەر پێغەمبەر و خۆیان بە زورییەتی پێغەمبەر دەزانن.

**هاشم ساڵح: کەواتە رەچەڵەکیان لە مەشریقدایە؟**

**ئارکۆن:** بێگومان، ئیدریسییەکان لە لایەن ئومەوییەکانەوە شاربەدەر کران و پاشان هاتنە مەغریب بۆ ئەوەی سولالەیەکی پادشایی لەنێو چوارچێوەی مەشروعیەتی عەلیی (واتە عەلی کوری ئەبو تاڵیب) دابمەزرێنن.

**هاشم ساڵح: کەواتە ئەمانە لە سەرەتادا شیعە بوون و پاشان دواتر هەڵگەڕانەوەو بوون بە سوننە؟**

**ئارکۆن:** نا، نا. لەو کاتەدا تەنها یەک مەشروعیەت هەبووە، واتە گەڕانەوە بۆ نەسەبی پێغەمبەرو کەلەپووری پێغەمبەری (واتە سوننەتی پێغەمبەرایەتی)، لەو کاتەدا سوننە و شیعە بەو مانایانەی ئەمڕۆ نەبوو، یان بەو مانایەی کە دواتر دروست بوو، دەبێ ئەوە بزانیت ئێمە

هێشتا لە سەرەتای سەدەی نۆیەمی زانییداین (٨٠٨ز)، عەقیدە مەزهەبییەکانیش تەنها لە ساڵی (٨٥٠ز) دەرکەوتن و بنجیان داکوتا (ئەم مێژووە زۆر بە چاکی لە زەینی خۆتدا تۆمار بکە).

موسڵمانەکان باوەڕیان وایە لە سەرەتای دروستبوونەوە یان سوننەن یان شیعە، ئەمەش لە راستیدا کۆمەڵێ ئەوهامە و وێنەیەکی نامێژووییە سەبارەت بە مێژووی ئیسلامی. بۆچی من پتر بایەخی خۆم دەخەمە سەر میتۆدی مێژوویی؟ تۆ لێرەدا هۆیەکم بۆ دەرەخسێنی تا جارێکی تر پێ لەسەر ئەوە دابگرم کە زۆر پێویستە موسڵمانەکان میتۆدی مێژوویی وەربگرن و لە تێڕوانینێکی مێژووییانەوە سەیری مەسەلەکانی خۆیان بکەن، ئەوسا لە ژمارەیەکی زۆری ئەو وەهمانە رزگاریان دەبێ کە هیچ راستییەکیان تیادا نییە. چەمکی سوننە و شیعە لە رووی ماددی و مەعنەوییەوە لە پاش سێ سەدە یان چوار سەدە لە سەرهەڵدانی ئیسلام، ئینجا دەرکەوت و گەڵاڵەبوو.

بەهەرحاڵ شکڵگرتنی ئەرثۆزۆکسیەتی سوننی و شیعی (کەدەبێ خەوارجیشی بۆ زیاد بکەین) بە تەواوی دەرنەکەوت ئەو کاتە نەبێ کەکتێبی فەرموودەکان (الاحادیث) لە هەردوولایەندا دەرکەوت: ٠(بوخاری) و (موسلیم) لە لایەنی سوننە، (کلینی) و (ابن بابویە) لە لایەنی شیعە.

بەر لەمە موسلمان تەنها بە مانای سەرەتایی وشەکە هەبووە، بەڵام حیزبە تیۆلۆژی – سیاسییەکان (واتە فیرقەکان) لە پاش ماوەیەکی دوورودرێژی ململانێی عەقائیدی و سیاسی و دەسەڵاتخوازی، ئینجا دەرکەوتن و پێگەیشتن و لە رووی مێژووییەوە خەسڵەتی جیاوازیان لە یەکدی وەرگرت. ئێستا ئەم تێبینییە لا بەلایە دادەخەم و دەگەڕێمەوە بۆ بابەتی مەغریب و دەڵێم پاشا کەلەپوورێکی زۆر درێژ لە مەشروعیەتی ئیسلامییەوە درێژە پێدەدا، ئەم بەردەوامی و درێژە پێدانەش لە هیچ دەوڵەتێکی تری ئیسلامیدا بەو جۆرە بوونی نەبووە. هەندێ جار میسر وەک نموونەی دووەم دەهێننەوە کە دەوڵەت و بونیادی دەوڵەتی مەرکەزی درێژەی هەبووەو بەردەوام بووە. بێگومان هەیکەلی دەوڵەت لە میسردا زەمەنێکی دوورودرێژە هەبووەو هەیە، بەڵام بەردەوامبوونی ئەو مەشروعیەتەی تیانەبووە کە لە مەغریبدا هەبووە، بۆ نموونە لە نێوان (فاتمییەکان) و (مەمالیکەکان)دا داپچڕانێکی تەواو لە مەشروعیەتدا هەیە.

هاشم ساڵح: مەبەستت لەرەوتی ئاینیدا؟

**ئارکۆن**: بەڵێ. لەوێدا داپچڕانێکی تەواو لە مەشرعیەتدا هەیە: مەشروعیەتی فاتمییەکان هەر

ئەو مەشروعیەتەی مەمالیکەکان نەبووە. کەچی لە مەغریبدا تەنانەت کاتێ سولالەکانی پادشایش گۆڕاون (لە ئیدریسییەکانەوە بۆ مرابطییەکان و بۆ عەولەوییەکان) و ناوی پاشاکانیش گۆڕاوە، بەڵام هەموویان چوونەتەوە سەر مەشروعیەتی ئیسلامی.

**هاشم سالّح: بەڵێ، بەڵام فاتمییەکان و مەمالیکەکانیش تەنسیب دەکرێن بۆ مەشروعیەتی ئیسلامی؟**

**ئارکۆن**: نەک بە هەمان رێگە. مەمالیکەکان، وەک لە ناوەکەیاندا دیارە، لە رەچەڵەکدا کۆیلە بوون، هەوڵیاندا دەوڵەتێک دابمەزرێنن لەسەر چەند مەشروعیەتێک و چەند مەزهەبێکی ئایینی یاری بکات.

**هاشم سالّح: ئەوانیش سوننی بوون؟**

**ئارکۆن**: بەڵێ سوننی بوون، فاتمییەکانیش شیعەبوون، ئەمەش دابڕانێکی گەورەی مەزهەبی و تیۆلۆژییە، بەڵام لە مەغریبدا مەزهەبی مالکی سوننی هەمیشە زاڵبووە. پاشان لەمانەش گرنگتر: نەسەبی خێزانە. خێزانی موڵکدار هەمیشە و راستەوخۆ خۆی دەباتەوەسەر نەسەبی پێغەمبەر، واتە خۆی دەباتەسەر لوتکەی مەشروعیەتی باڵا کە لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە و هیچ شتێک لە سەرووی ئەوەوە نییە، کەواتە- و لێرەدا دەگەمە ئەسڵی مەبەستەکە- حەسەنی دووەم بە پێچەوانەی ئاتاتورک و بورقیبە، هەوڵیدا ئاشتەواییەک لە نێوان مەشروعییەتی ئیسلامیی دێرین و مۆدێرنیزم و سەردەمدا بەرپابکات، لەم هەوڵەشیدا شێوازی بە عەلمانیکردنێکی کتوپڕو خێرای نەگرتەبەر کەوا دەربکەوێت لە دەرەوە هێنراوەو کۆششی خود بەرهەمی نەهێناوە. ئایا حەسەنی دووەم لەم ئاشتەواییەدا سەرکەوتووبوو یان نا؟ ئەمەیان مەسەلەیەکی ترە.

لە هێنانەوەی ئەم نموونانەدا تەنها مەبەستم ئەوەبوو ئەو هێڵانە دەرنجەم کە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی لە پاش سەربەخۆیی گرتیانەبەر لە پێناوی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان و بە دیهێنانی پەرەسەندن و پەرەپێدان لە کاتێکدا مۆدێرنیزمی ئەورووپی لە دەرگاکانیانی دەدا، بەڵام ئەگەر حاڵەتی جەزائیر وەربگرین، داپچڕانێکی مێژوویی تەواو دەبینین: داپچڕان یان دابڕان لە بونیادی دەوڵەت، دابڕان لەوەی پەیوەستە بە مەشروعیەت، دابڕان لە کولتوورو ئایدیۆلۆژیای سیاسی...

هەموو شتێ لە جەزائیر دابڕاوە، لەبەر ئەوە، ئەو بۆشاییەی ئیستیعماری فەرەنسی لە پاش خۆی بەجێی هێشت، بە ئایدیۆلۆژیایەکی خواستراو پڕ کرایەوە، ئایدیۆلۆژیایەکی نامۆ بە پێکهاتی ولات و بەرەگەزە پێکهێنەرە بنچینەییەکانی. ئەو ئایدیۆلۆژیا خواستراوەش بریتی بوو لە: سۆشیالیزم، بەمجۆرە جەزائیر لە دوای سەربەخۆیی بە سۆشیالیزم دەستی پێکرد، یان بابڵێین چەشنێکی دیاریکراو لە چەشنەکانی سۆشیالیزم: ئەوەی لەبارەی جەزائیر وتم، دەشێ لەبارەی سوریا یان عێراق و غەیری ئەوانیش بوترێ. لە هەموو شوێنێکدا دیاردەیەکی جێگیرو گشتی دەبینین، ئەویش: مەسەلەی جیابوونەوەی قووڵی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی.

**هاشم سالح: ئەمە مانای وایە مومکین نییە کۆمەڵگای مەدەنی زار هەڵبێنێ تەنها لە رێگەی تەقینەوەکان نەبێ، و مومکینیش نییە لەمیانی هەموو پێکهاتەو توێژەکانییەوە گوزارشت لە خۆی بکات؟**

**ئارکۆن:** دروست وایە. ئەم کۆمەڵگایە لە رەگەزە بنەڕەتییەکانیدا کۆمەڵگایەکی چەپێنراوە. ئێمە دەزانین مومکین نییە ئەو گیروگرفتانە چارەسەر بکەین کە لەبارەی مەشریقی عەرەبی باسم کردن (لوبنان، سوریە، عێراق، میسر...) تەنها ئەگەر هاوکارییەک دروست ببێ لەنێوان دەنگی کۆمەڵگای مەدەنی یان بە جۆرێکی تر فرە دەنگەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و لەنێوان ئەو دەوڵەتەی بەرپرسیاریی هەموو ئەو دەنگانە هەڵدەگرێ. مەبەستم ئەوەیە دەبێ دەوڵەت رێزی کۆمەڵگای مەدەنی بگرێ و کۆمەڵێ مەرج و کۆمەڵێ دامەزراوی گونجاو بخوڵقێنێ تا لەوێوە بتوانێ گوزارشت لە خودی خۆی بکات، لەجیاتی ئەوەی کۆمەڵگا داپڵۆسێ و دوچاری چەپاندنی بکات. بە چ جۆرێ دەشێ بگەنە ئەم سەرەنجامە؟ یەکەم لە رێگەی وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندنەوە، پاشان لە رێگەی وەزارەتی پەروەردەی نیشتمانییەوە. دەبێ کتێبەکانی قوتابخانە بە شێوەیەکی نوێ و بە رێگەیەکی نوێ دابنرێن، بگرە پێویستە هەموو پرۆگرامەکانی فێرکردن لە ولاتە ئیسلامی و عەرەبییەکاندا بگۆڕدرێن، چونکە ئەمانە پێداویستی و ئاتاجەکانی کۆمەڵگا دابین ناکەن و وێنەی کۆمەڵگاش پێچەوانە ناکەنەوە، هەروەها رێگە بۆ سەرجەم دەنگەکانی کۆمەڵگا ناکەنەوە تا گوزارشت لە خۆیان بکەن و رێگەیەکیش بۆ ئایندەو بۆ تازەگەری ناکەنەوە، دەبێ فێرکردنی مێژوو لە قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و تەنانەت زانکۆکانیشدا بەو جۆرە پرۆسە بکرێ کە روونم کردەوە، نەک بەو رێگەیەی تا ئێستاش پرۆسە دەکرێ. ئەمە هەنگاوێکی بنچینەییەو هەردەبێ ئەنجام بدرێ لە پێناوی ئەوەی کۆمەڵگا لەسەر رێگای مۆدێرنیزم و عەلمانیکردن و ئایندەدا

بڕوات. ئەو ڕێگەیەی کە ئێستا لە کۆمەڵگا عەرەبییەکاندا مێژووی پێ دەخوێنن، توێژەکانی کۆمەڵگا بەردەداتە وێزەی توێژەکانی دی (بڕوانە گرفتی لوبنان بە شێوەیەکی تایبەتی)، ئەگەر ئێمە بمانەوێ ململانێ و فیتنەو ئاژاوە بەردەوام بێت ئەوا باهەر بەو شێوەیەی ئەمڕۆ مێژوو و پەروەردەی ئایینی لە قوتابخانەکاندا بخوێنرێ. ئەگەر بمانەوێ کۆمەڵگای مەدەنی پارچەپارچە بکەین و ئیبادەی بکەین ئەوا باهەر بەو شێوە کۆن و تەقلیدییە مێژوو بخوێنرێ. لەبەر ئەم هۆیە دەڵێم: هیچ کەسێ لە ڕووداوە تراژیدییەکانی ئەمڕۆ سەری سوڕنەمێنێ و سەرسام نەبێت، ئەم بەرووبوومە لەو درەختەوەیە.

چارەسەرو وەڵامی ئەو پرسیارە گرنگەی تۆ لەم چەند وشە سادەیەدا هەیە: خوێندن و وانە وتنەوەی مێژوو بەشێوەیەکی زانستی و کراوەو واقیعی ئەنجام بدرێ. دەبێ ئەو دەوڵەتانە واز لە شێواندن و تەحقیرکردنی واقیع و مێژوو و پێکهاتەکانی واقیع و مێژوو بهێنن و هەریەک لەمانە بە یەکسانی لەبەرچاو بگرن. بەم ڕێگەیە، تەنها بەم ڕێگەیە، دەشێ چنینی کۆمەڵگای مەدەنی پێکبهێنرێ بەشێوەیەکی توندو پتەوی وا کە لەگەڵ یەکەم شۆکدا پارچەپارچە نەبێت. ئەمەیە وەڵام و ئەمەیە چارەسەر. من وتم مێژوو و نەمووت فەلسەفە، واتە بەر لە فەلسەفە دەبێ بایەخ بە مێژوو بدرێ، ئەمە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو قسەیەی لەسەرەتای ئەم وتووێژەدا کردمان لەبارەی ئەولەویەتی زانستی مێژوو و میتۆدۆلۆژیای مێژوویی لەچاو زانست و میتۆدۆلۆژیاکانی تر.

بێگومان من لێرەدا نامەوێ بابەتی فەلسەفەو فێربوونی فەلسەفە لا ببەم، ئەمە دواشتە بیری لێدەکەمەوە، بەڵام من پتر جەخت لە ئەولەویەتی ئەپستیمۆلۆژیای زانستی مێژوو دەکەم بە مەرجێ بەوجۆرە لەو زاراوەیە تێبگەین کە هەموو زانستە مرۆڤایەتییە زانراوەکان دەگرێتەوەو بەوجۆرەی کە لە نوێترین زانستە پێشڕەوەکان پرۆسە کراوە، مەبەستم: سۆسیۆلۆژیا، ئەنترۆپۆلۆژیا، زانستی دیمۆگرافیا، زانستی ئابووری، پەروەردەی ئایینی و...هتد.
پاش ئەوەی لە مەسحی مێژوویی زەوی دەبینەوە، دەشێ پەیوەندییەکی هاوجومگەیی پتەو لەنێوان میتۆدی مێژوویی و میتۆدی فەلسەفیدا دامەزرێنین. ئێمە ئێستا هیچ شتێ لەبارەی کۆمەڵگاکانی خۆمان نازانین، ئێمە ئێستا نکۆڵی لە واقیعی کۆمەڵگاکانی خۆمان دەکەین، ئێستا ئێمە مێژووی کۆمەڵگاکانی خۆمان دەشێوێنین و دەیگۆڕینەوە بە مێژوویەکی خەیاڵیی دیکە کە هیچ پەیوەندییەکی بە واقیعەوە نییە، گشت ئەمانە لەمیانی ئایدیۆلۆژیاو بەهۆی ئایدیۆلۆژیاوە ئەنجام دەدرێن. باشە ئیتر چۆن دەتەوێ کۆمەڵێ چارەسەر بۆ واقیعێک پێشنیار بکەین کە بوونی نییە.

لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ریفۆرمی رەگوڕیشەیی سیستمی پەروەردەو فێرکردن و پرۆگرامەکانی فێرکردن دەبێتە پێویستییەکی بنچینەیی.

ئەمە ئەو ئەرکە گرنگەیە کە خراوەتە سەرشانی وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنی نیشتمانی و بەرپرسانی. نازانم ئاخۆ دەبێ وەزارەتی کاروباری ئایینی بهێڵینەوە یان لای ببەین، ئەمە پرسیارێکە تا ئێستا ئاراستەی خۆمی دەکەم.

هاشم ساڵح: ئەم وەزارەتە لەلای ئێمە پێی دەوترێ وەزارەتی ئەوقاف..

**ئارکۆن**: ئەمە هەر ئەو شتەیە، لەلای ئێمە لە جەزائیر پێی دەوترێ وەزارەتی کاروباری ئایینی. هەرچۆنی بێ، ئەگەر وایدابنێین کە ئەو وەزارەتەمان هێشتەوە، ئەوسا دەبێ بە هاریکارییەکی پتەو لەگەڵ هەردوو وەزارەتی پەروەردەو رۆشنبیریدا کار بکات. دەبێ ئەم وەزارەتە تا ئەوپەڕی کرانەوە رۆڵی خۆی پرۆسە بکات. دەبێ بە گیانێکی وا کار بکات کە بە ئاراستەی پێکهێنانی کۆمەڵگای مەدەنی بڕوات تا کۆمەڵگا ببێتە یەک چنین و یەک ریز و پێکەوە بەستراو، بەڵام ئەگەر ئەم وەزارەتە بەهەموو دامەزراوو ئەنیستیتوتە ئاینییەکانیەوە بەردەوام تەعالیمی تەقلیدی و مەزهەبگەرایی و تایفەگەرایی و نامێژوویی بڵاو بکاتەوە کە ئەمانە کۆمەڵگا پارچەپارچەو دابەش دەکەن و گیانی فیتنەو ئاژاوەو لێکترازانی تیادا دەچێنن، ئەوا دەبێ یەکسەر دابخرێ. دەبێ ئەم وەزارەتە بە گیانێکی کراوەوە کار بکات بۆ رزگارکردنی کۆمەڵگای مەدەنی لە گرێ دێرینەکەی، نەک بەگیانی پروپاگەندەی ئایدیۆلۆژی کە تەنها بایەخ بە جۆرێکی دیاریکراوی ئاینێک یان مەزهەبێک دەداو ئەو دوای ئایین و مەزهەبەکانی دیکە ناشیرین دەکا کە بەداخەوە ئەم دیاردەیە تا ئەمڕۆکەش بوونی هەیە. دەبێ ئەم رۆحە تەسکبینەی سەدەکانی ناوەڕاست بچووک و ناچیزە بکرێ، دەنا هیچ چارەسەرێک بۆ ئەو کێشانە سوودی نابێت و هیچ رزگارییەکیش نایەتە دی.

هاشم ساڵح: بەڵام گوتاری ئایدیۆلۆژیی باو بە هەموو کۆپییەکانیەوەو بەرێژەی جیاجیا دان بە پێکهاتەکانی واقیعدا نانێ و لەڕووی زانستی و مەعریفیشەوە بەرپرسیارێتییەکەی هەڵناگرێ. ئەم گوتارە ئایدیۆلۆژییە باوە باوەڕی وایە دەتوانێ بە بازدان بەسەر پێکهاتەکانی واقیعدا تەجاوزی بکات، ئەمە سەرباری ئەوەی هەموو جارێ لەبەرامبەریدا راست دەبێتەوە..

**ئارکۆن**: دروست وایە. دەوڵەتی ئێستا کاری سووتاندنی قۆناغەکان پرۆسیسە دەکا، یان بە جۆرێکی تر بڵێین راکردن بەرەوپێشەوە. لەوەش ناچێ ئەم جۆرە دەوڵەتە بە پێکهات و

دارِشتەکانی ئێستایەوە بتوانێ بەرپرسیاریی وەقایعە کۆمەڵایەتی و کولتووری و مێژووییە تایبەتییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەڵبگرێ. گرفتی بنەڕەتی و ئەسڵی مەبەست لێرەدایە.
ئەو دەوڵەتەی لەپاش سەربەخۆیی دامەزرا، لەبەرامبەر واقیعدا بێهێزی و فەشەلی خۆی سەلماندو باوەڕم وایە رووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی ئەمەیان سەلماندووە. دەوڵەتی ئێستا پێی وایە ئەگەر هەموو پێکهاتەکانی واقیع لەبەرچاو بگرێ و ئەگەر دان بە هەمەچەشنی و پلورالیزمی ناو کۆمەڵگای مەدەنیدا بنێ، ئەوسا یەکێتی نیشتمانی دەتەقێتەوەو تێکدەشکێ. ئێمە دەزانین ئەم دەوڵەتە لەسەرەتای دامەزراندنیەوە پرۆژەی خۆی لەسەر وێنایەکی دیاریکراوی یەکێتی نیشتمانی و نەتەوەیی دامەزراندبوو: ئەویش ئەو وێنایە بوو کە لەلای نەتەوە نوێیەکانی ئەوروپادا باو بوو کە لەسەدەی نۆزدەهەمدا شکڵی گرت، واتە فۆرمیولای ناسیونالیزمی سێنترالیزمی لە ئەوروپاوە خواستووە بێئەوەی پرسیار لە رەوایی ئەم خواستنە بکات، بێ ئەوەی پرسیار لە بارودۆخ و وردەکارییەکانی ئەم خواستنە بکات. ناسیویالیزمی لە ئەوروپا خواست بێ ئەوەی پرسیار لەوە بکات چۆن نەتەوەیەکی تازەی وەک فەرەنسە لەسەردەمی پاشا هیگ کابییەوە لە پێناوی یەکێتی نیشتمانییدا دەستی بەکارکردن کرد؛ واتە رێک بەر لە هەزار ساڵ دەستی بەوکارە کردووە! رژێمی سیاسی و حزبە ئایدیۆلۆژییەکانی ئێمە پرسیاریان لەوە نەکردووە چۆن نەتەوەی فەرەنسیی ئێستا لەڕووی مێژووییەوە شکڵی گرتووەو بەچ جۆرێ رێگەی بۆ سازو خۆشکراوە. حزبە ئایدیۆلۆژیستەکانی ئێمە ئەم نۆرمەیان بە حازری لە ئەوروپا خواست و بە زۆرەملێ بەسەر واقیعێکی تردا پراکتیزەیان کرد بەبێ هیچ دەستکارییەک و بێ ئەوەی زەمینەی بۆ ساز بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ واقیعی نوێدا بگونجێ. سەرباری ئەوەی ویستیان تەنها بەپشت بەستن بەیەک ستوون لە ستوونەکانی نەتەوە، یان تەنها بە یەک رێسا لە رێساکانی نەتەوە، یەکێتی نیشتمانی بێکبهێنن، بەمانایەکی تر لە نێو دەنگەکانیدا تەنها یەک دەنگیان وەرگرت و دەمی هەموو دەنگەکانی تریان داخست.
لەم حاڵەتەشدا سەیر نییە گیروگرفتەکان بتەقێنەوەو لەدوای تێپەڕبوونی دەیان ساڵ چنینی کۆمەڵگای مەدەنی هەڵبووەشێتەوەو پارچەپارچە ببێ.

ئەمە هەڵەیەکی رەهایەو رژێمەکان نایانەوێ دانی پێدا بنێن. شیکردنەوەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی (بەمانای فەلسەفەی سیاسی) پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی، بە ئاسانی ئەم هەڵەیە دەردەخاو دەیسەلمێنێ. لێرەدا شتێکی تر هەیە پێم خۆشە ئیزافەی بخەمەسەر هەموو ئەوانەی پێشتر ئاماژەم بۆ کردن، ئەویش: وێنای فیدرالی وەک چارەسەرێکی سیاسی شیاو بۆ گرفتی پلورالیزمی کولتووری لە کۆمەڵگای مەدەنیدا،

لەلایەن هیچ سەرکردەیەکی سیاسی عەرەبی یان ئیسلامی بیری لێنەکراوەتەوەو ئەم چارەسەرە فیدرالییە بەبیری هیچ کەسێکدا نەهاتووە.

هاشم سالح: بۆچی؟

**ئارکۆن:** لەبەر ئەوەی عەرەب و موسڵمانەکان هەمیشە لەمیانی سێنترالیزمەوە بیریان لەمەسەلەی دەوڵەت کردۆتەوە.

هاشم سالح: ئایا ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی نۆرمی فەرەنسی و ناسیونالیزمی ئەورووپی یان بۆ خودی مێژووی ئیسلامی؟

**ئارکۆن:** نا، ئەمە بەکوللی ناگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی نۆرمی فەرەنسی یان ئەورووپی، بەڵکو دەبێ بازنەی شیکردنەوەی مێژوویی فراوانتر بکەینەوە بۆ ئەوەی شەریحەیەکی درێژترو دێرینتر لە زەمەن بگرێتەوە، شەریحەیەک سەدەی نۆزدەیەمیش– سەدەی ناسیونالیزمە ئەورووپییەکان بە ئیمتیازەوە– تێدەپەڕێنێ. لەوانەیە بشێ کەلەپووری درێژو زۆر کۆنی ئایینە یەکتاییەکانیش لەبەرچاو بگرین. بەتەواوی ئایینی یەکتایی یان یەکخودایی مانای چیە؟ ئەمە تەنها مانای باوەڕهێنان نییە بەیەک خودا، بەڵکو واتایەکی تریشی هەیە کە ڕاگەیاندنی بوونی یەک حەقیقەتەو لەلایەن بەشەرەوە تەعبیری لێکراوە. ئەم دەستەواژەیەی دوایی مانای چییە؟ مانای وایە کە هەمیشە بۆشاییەکی گەورە یان کەلەبەرێکی فراوان هەیە لەنێوان ئەو حەقیقەتەی لەلایەن نووسینەکانی سرووش (وحی)یەوە پێکهێنراوەو بووەتە شوێنی ئامانج کە حەقیقەتێکی کراوەو دەوڵەمەند دەنوێنێ، چونکە بە ڕێگەیەکی میتافۆریی هێمایی گوزارشت لە خودی خۆی دەکات، وە لەنێوان حەقیقەتی تیۆلۆژیستەکان (واتە فوقەهاکان) کە ئەو حەقیقەتە ڕەمزی و کراوانەی کتێبە پیرۆزەکان دەکا بەجۆرێ لە حەقیقەتی سێنترالیزمی داخراو (Logocentrique).

ئێمە دەزانین تیۆلۆژیستەکان (بەمانای فراوانی وشەکە) لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا دەست لەناو دەست کاریان کردووە: واتە لەگەڵ خەلیفە، یان لەگەڵ ئیمپراتۆر، یان پاپا، یان ئەمیر، یان سوڵتان، یان پاشا، یان سەرۆک کۆمار، کەواتە لە ئاستی وێنای تیۆری و لە ئاستی پرۆسیسەی سیاسی و بەرجەستەکردنی دامەزراویدا هاوکارییەکی کاریگەرو ئەکتیڤ هەیە لەنێوان ئەو پێکهاتە تیۆلۆژییەی لە ئایینە یەکتاییەکانەوە بەرهەم هێنراوە، وە لەنێوان چەمکی دەوڵەتی سێنترالیزمدا. ئەمەش گرفتێکە لە قووڵاییدا سەر بە فەلسەفەی سیاسییە. لێرەدا

جۆرێک لە دژایەتی یان جیاکاری هەیە لەنێوان ئەو ڕۆشنبیرییە سیاسییەی لە تێڕوانینی فیدرالیزمەوە سەیری گرفتی کۆمەڵگای مەدەنی دەکات، وە ئەو فیکرە سیاسییەی لەمیانی چەمکی یەکتایی، مۆنۆپۆلیزەیی، سێنترالیزم سەیری کۆمەڵگا دەکات کە بەرەو حەقیقەت دەڕوا: واتە حەقیقەتی دەوڵەت و حەقیقەتی تیۆلۆژی لەیەک کاتدا.

**هاشم ساڵح: کەواتە ئەمە یەک حەقیقەتەو ڕازی نابێت هیچ شتێکی تر بەشداریی لەگەڵدا بکات؟**

**ئارکۆن:** دروست وایە، ئەمە حەقیقەتێکی تەنهاو تەنهایە. دروشمی ناوداریش ئەمەیە: «نەتەوەی عەرەبی یەک نەتەوەیە، خاوەنی یەک پەیامی نەمرە» {امە عربیە واحدە، ذات رسالە خالدە} ، دروشمێکی جوان و ڕوونە، بەڵام ئەی نابێ بەهەموو فرەیی و هەمە چەشنی و دەوڵەمەندییەکیەوە سەیری واقیع بکەین؟ ئایا هەقی ئەوەمان هەیە فرەیی فەرامۆش بکەین و واقیعەکە بە درۆ بخەینەوەو باوەڕ بە دروشمەکە بکەین؟ کێ لەمەدا سوودمەند دەبێ؟ من دەڵێم: نە واقیعەکەو نە دروشمەکە.تەنانەت فەرەنسەش ئێستا دەستی بەوە کردووە سێنترالیزمی توندو پتەوی خۆی سووک و کەمتر بکاتەوەو پلانێکی گشتی و سەرجەمگیر بۆ سیاسەتی ناسێنترالیزمی بگرێتەبەر. کەواتە ئیعترافکردن بە هەمەڕەنگی و پلورالیزم دژی سۆزی هاوکاری یان یەکێتی و یەکبوون نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەهێزی دەکا لەناو پێوەرێک کە وەک شتێکی واقیعترو ئینسانیتر دەربکەوێ. سروشتی مرۆڤ بریتییە لە فرەیی و هەمەڕەنگی و جیاوازی. دروشمێکی سیاسی توندیش بوارێک بۆ فرەیی و پلورالیزم ناهێڵێتەوە، بگرە ئەمە دەبێتە دروشمی ئەو کولتوورە سیاسییەی کە زاڵە بەسەر هەموو فۆرمەکانی ئەو دەوڵەتەی لەڕووی مێژووییەوە لە فەزای ئیسلامیدا بەرجەستە بووە سەرباری ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان بەتەواوی دابین نەبووە، هەمیشە چەند ناوچەیەکی سەخت و یاخی یان چەند سێنتەرێکی ملمانێکاری دەسەڵاتخواز هەبووە. بۆ نموونە لە مەغریبدا، هەمیشە جیاکارییەکی ڕوون لەنێوان دوو فەزادا هەبووە کەتا ئێستاش پێیان دەوترێ (بلاد المخزن) و (بلاد السباع)، یەکەمیان ئەو فەزا سیاسییەیە کە دەوڵەتی مەرکەزی بەسەریدا زاڵەو ئەو حەقیقەتە ئیسلامییە دەپارێزێ کە فیلۆلۆژیستەکان سنووریان بۆ کێشاوە، بەڵام دووەمیان بریتییە لە کەنارە دوورەکان و ناوچە دوورەدەست و سەختەکان کە زەحمەتە دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزی بیانگاتێ. ئەم دابەشکردنە زۆر گرنگەو زۆریش کۆنە. ئەگەر بمانەوێ دەستنیشانی گیروگرفتەکانی ئێستای دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامییەکان بکەین، ئەوا ناچار دەبین لەمیانی «ماوەی دوورودرێژ»ەوە سەیری مەسەلەکان بکەین بەپێی ئەو تێرمە ناودارەی فیرنان برۆدێل کە یەکێکە لە گەورە پێشەنگانی زانستی مێژووی نوێ لە فەرەنسە.

تێڕوانینمان بۆ مێژوو (یان بۆ گیروگرفتەکانی مێژوو) جیاواز دەبێ ئەگەر ماوەیەکی زەمەنی کورت وەربگرین (بۆ نموونە سەدەیەک یان دوو سەدە) یان ئەگەر ماوەیەکی درێژتر وەربگرین، بۆ نموونە چەند سەدەیەک. ئەو گرفتانەی لە پرسیارەکەی تۆدا خراونەتەڕوو لەبارەی تایفەگەریی و مەزهەبگەریی لە مەشریقی عەرەبیدا، مومکین نیە لەمیانی تەنها سی یان چل ساڵدا دیراسە بکرێ، بەڵکو دەبێ چەندین سەدەی دوورودرێژ بگەڕێینەوە بۆ دواوە تا بزانین چۆن سەریهەڵداوەو کەی دەرکەوتووەو چۆن گەشەی کردووەو بنجی داکوتاوە. گشت ئەمانە شتگەلێکن نە حزبە سیاسییەکان وەڵامی دەدەنەوە نە ئەو تیۆریستە حزبییانەی لەهەموو شتێکدا بەپەلەن و نوقمی ناو تەفاسیلەکانی ئێستان و بەدوای ڕووداوەکاندا رادەکەن. کەواتە دەبێ ئەم شیکردنەوەیە بۆ دەوڵەت و بۆ مێژووی لاهوتی سیاسی ئەنجام بدەین نەک تەنها بۆ فەلسەفەی سیاسی کە ڕێنوێنیی دەوڵەت دەکات.

پاش ئەوەی لە لێکۆڵینەوەی ئەم مەسەلەیە لە قۆناغی ئیسلامی کلاسیکی دەبینەوە، دەشێ بگوازینەوە بۆ لێکۆڵینەوەی لە قۆناغی هاوچەرخدا.

ئەوسا دەتوانین ئەوە پیشان بدەین چۆن فەلسەفەی سیاسیی دەوڵەتی ناسیونالیزمی هاوچەرخ- کە بریتییە لەبەرهەمی نەتەوە تەوحیدییەکانی سەدەی نۆزدەیەمی ئەوروپی لەگەڵ ئەو عەقڵە بە عەلمانیکراوەی پێشتر باسمان کرد- لەسەر ئەو تیۆلۆژیا سیاسییەوە هاتووە کە لەچەرخی کلاسیکی و زەمەنی خەلافەتدا ڕێنوێنی دەوڵەتی ئیسلامی دەکرد، بەو مانایەی کە بەردەوامبوونی ئەو تیۆلۆژیا سیاسییە دەنوێنێ، بەڵام بە جلوبەرگێکی ترو بە کۆمەڵێ تێرم و چەمکی تر، لەبری ئەوەی کەجاران دەمانووت ئوممەی ئیسلامی یان ئوممەی موحەممەدی لەگەڵ هەموو ئەو روئیا ئاینییەی یاوەریی دەکرد، ئیستا دەڵێین ئوممەی عەرەبی یان ناسیونالیزمی عەرەبی، ناسیونالیزمی تورکی، ناسیولیزمی فارسی.... هتد. سەرکردە سیاسییەکان لە گۆڕینی ناو و تێرمەکان ناکۆڵنەوەو شیتەڵی ناکەن، چونکە ئەوان دەسەڵاتی سیاسییان هەیەو دەیانەوێ پارێزگاریی لێبکەن و بەکاری خۆیانی نازانن «رەخنە لە عەقڵی سیاسی» بگرن، کاتێکیش توێژەرێک یان مێژوونووسێک ئەو کارە ئەنجام دەدات، ئەوا تۆمەتباری دەکەن بەوەی ئەو کەسە پەیوەندیی بەو بابەتەوە نییە، یان هیچ تێناگاو نابێ گوێی لێبگیرێ، ئەمە ئەگەر بەوە تاوانباری نەکەن کە ناپاکە بەرامبەر ئوممەی عەرەبی و ئیسلامی!
ئیتر بۆ سڕینەوەی شیکردنەوەیەکی وردی مێژوویی پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی چەکی بەرەنگاربوونەوەی رەها: واتە تەکفیرکردن و ناپاککردن. لە هەمانکاتدا ئەم چەکە لەلایەن سەرکردە سیاسییەکان و پیاوانی ئایینیشدا بەکار دەهێنرێ هەروەها لەلایەن فەرمانبەرە

ئایدیۆلۆژیستەکان کە بۆ پرۆسیسەکردنی ئەم وەزیفەیە لەپاش فیلۆلۆژیستە تیۆلۆژیستەکانەوە هاتوون و هەمان کارو وەزیفەی ئەوان ئەنجام دەدەن.

هاشم سالح: هەروەکو ئەمەت بەڕوونی لە کتێبی «مێژووگەرایی فیکری عەرەبی ئیسلامی»دا دەرخستووە کە لەساڵی ١٩٨٦ بەیەکەوە لە بەیرووت چاپمان کرد. لەوێدا لە پەیوەندییە دیالێکتیکییەکانی نێوان (لووتکەی سەروەریی باڵا بۆ مەشروعیەت)و ئەو (دەسەڵاتە سیاسیانە)ت کۆلیوەتەوە کە لە سەرەتاوە تا ڕۆژی ئەمڕۆمان لەسەر زەویی ئیسلامدا پیادە کراوە، لەو باوەڕەدام ئەم شیکردنەوەیە زۆر ڕۆشنە..

**ئارکۆن**: بەڵێ. ئەمە هەمووی پەیوەستە بەو مەسەلە گشتی و هەمیشەییەی بە (لوتکەی دەسەڵاتی باڵا یان سەروەریی باڵا- ذروە السیادە العلیا) ناویدەبەم. لوتکەی یان ترۆپکی دەسەڵاتی باڵا لە کەلەپووری ئیسلامیدا، ئەوساو ئێستاش، دەورێکی پیرۆزگەرایی و پیرۆزکردنی لەو دەسەڵاتە سیاسییەدا پرۆسە کردووە کە زۆر ڕاستەوخۆو دنیایی و هەندێجاریش زۆر توندوتیژ بووە. هۆیەکەیشی ئەوەیە خەیاڵدانی یان خەیاڵگەی (المخیال) لاهوتیی ئایینی لە زەینی خەڵکیدا بەتەواوی تێکەڵ بە خەیاڵگەی سیاسی (المخیال السیاسی) کراوە. زۆربەی خەڵکی- لەوانە ڕۆشنبیرانیش- ناتوانن خەیاڵدانی ئایینی و خەیاڵدانی سیاسی لە یەکتر جودا بکەنەوە. ئەمڕۆ سیاسەتمەدار لە جلوبەرگی لاهوتی و ئاییندا خۆی دەناسێنێ و ئەم گەمەیە بەسەر هەمواندا دەکات. ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەم مەسەلە مێژووییە ئاڵۆزە تا ئێستاش نە لە زمانی عەرەبی و نە لە زمانە ئیسلامییەکانی تردا شی نەکراوەتەوەو لێی نەکۆڵراوەتەوە، ئەمە لە کاتێکدا جیاکاریی نێوان کەسێکی لاهوتی و کەسێکی سیاسەتمەدار لە وڵاتێکی بە عەلمانیکراوی بۆ نموونە وەک فەرەنسەدا زۆر ڕوون و ئاشکرایە. ڕۆڵی گوتاری سیاسیش لە ساتەوەختی سەربەخۆییەوەو بە مانایەک لە ماناکان «سەرکەوتنی» ئەو گوتارە سیاسییە، ئەوە بووە کە توانیویەتی مەشرووعیەتی ئایدیۆلۆژی و سیاسی شوێنی ئەو گوتارە تیۆلۆژییە بگرێتەوە کە پێشتر مەشرووعیەتی بەبەر خەلیفەو سیستمی خەلافەتدا دەکرد.

هاشم سالح: بەڵام ئێستا ئەو گوتارە بەرەو شکان و لە ناوچوون دەچێ، دەبینین جارێکی تر گوتاری دێرینی مەشرووعیەتی تیۆلۆژی دەگەڕێتەوە کە دەشێ ئەمیش لەدوای ئەزموونی دە ساڵ بەرەو شکان بچێت...

**ئارکۆن**: بێگومـان، بێگومـان، ئێسـتـا بەرەو تێکشکـان و لە نێوچوون و ون بوون دەچێ، بەڵام ئەلتـەرناتیـڤـەکـەی ئامـادە نیـیـە، کـاتێ لە هەندێ لە وڵاتاندا کـۆمـەڵێ ڕووداوی خـوێناوی ڕوودەدەن، دەبینین ڕژێمی سیاسی زۆر بە توندی دایدەپڵۆسێ، پاشـان کەمێ ملی خۆی خوار دەکاتەوە تا گەردەلولەکە تێدەپەڕێ، دوای ئەوە شتەکان دەگەڕێنەوە سەر باری ئاسایی خۆیان و ئیـدی جارێکی تر کـاری تەتبیع و تەدجین دەست پێدەکـاتەوە وەک بڵـێی هیچ شـتێ رووی نەدابێ، بەمجۆرە مەسەلەکان بەردەوام دەبن تا کۆمـەڵێ ڕووداوی خوێناویی دیکە دەقەومێن. لـەبەر ئـەم هـۆیە مـن، وەک مـــێــژوونـووس و وەک توێژەر، پـێ لەســـەر گـــرنگی و بـایەخـی ڕووبەڕووبوونەوەی شـیکاری و ڕەخنەگـرانـە دادەگـرم لەنێـوان گـرفـتی دەوڵەت و گـرفـتی مەشرووعیەت و گرفتی کۆمەڵگای مەدەنی کە تا ئێستاش لە وڵاتانی ئێمەدا بە پێی پێویست و داواکراو شکڵی نەگرتووە. ئەمە دەڵێم و هێرشیش ناکەمە سەر دەوڵەت و ڕژێمەکانی ئێستا بەو جۆرەی کە هەن، ئەمە ئەرکی من نییە، ئەرکی من ئەوەیە لەمیانی میتۆدەکانی فەلسەفەی سیاسی و تیۆلۆژیای سیاسی بارودۆخەکە شیبکەمەوە. لێرەدا ئەم دەرفەتە دەقۆزمەوەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم کە تێرمی «تیۆلۆژیای سیاسی» بە پێی پێویست باو و بڵاو نییە، دەبێ گرنگی و بایەخ بەم تێرمە بدەین، چونکە بەڕاستی زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لەو ڕووداوانەی ئەمڕۆکە لە کـۆمـەڵگا ئیـسـلامی و عـەرەبییـەکـاندا ڕوودەدەن. تەوژمی ئیـسـلامی هاوچـەرخ، تیـۆلۆژیای سـیـاسی بە گـوتـارێک دادەپۆشێ گـوایە گـوتـاری ئاینیـیـە، بەڵام لـە ڕاسـتـیـشـدا بە تەواوی گوتارێکی سیاسیی دنیاییە.

**هاشم ساڵح: بەڵام خـەڵکی نازانن چۆن جیـاوازی بکەن لەنێـوان گـوتاری سـیـاسی و گـوتاری تیـۆلۆژیی- لاهوتی، دەکەونە دوای ئەو گـوتارو دروشـمـانەی جلوبەرگی ئاینی دەپۆشن و ئیـدیعـای مەشرووعیەت دەکەن لە کاتێکا ئەم گوتارو دروشمانە بە شێوەیەکی تەواو گوتارو دروشمی سیاسی و دەسەڵاتخوازی و ماددین.**

**ئارکۆن**: بێگومـان، بێگومـان. لێـرەدا هـەروەکو پێـشـتـر وتم تێکەڵبـوونێک لەنێوان خـەیاڵدانی تیۆلۆژی و خـەیاڵدانی سیـاسی دنیـای هاوچەرخی ئیـسـلامیدا ڕوودەدات. ئێـسـتـا جیـهـانی هـاوچەرخی ئیسلامی بە تەواوی غـەرقی ناو ئەو خـەیاڵدانەیەو زەحمـەتە جیـاکاری لەنێوان بەشی تیۆلۆژی و بەشی سیاسی بە عەلمانیکراودا ئەنجام بدرێ، ئەوەی کە لە ژیانی ئەورووپیدا شـتێکی زۆر ڕوونەو بە ئاسـانی جیـا دەکـرێنەوە، بەڵام ئـەم جیـاکـردنەوەیە بەر لە شـۆڕشـی فەرەنسی ئاسان نەبوو.

فەزای عەقڵیی سەدەکانی ناوەڕاست کە ئایین تێیدا هەموو شتێکی داپۆشیبوو، جیاوازە لە فەزای عەقڵیی مۆدێرنیزم. شیکردنەوەیەکی لەم جۆرەی ئەم مەسەلەیە تەنانەت لەلای ڕۆشنبیرە موسڵمان و عەرەبەکانیشدا نەکراوە، ئیتر چی دەڵێی لەبارەی ئەو توێژە فراوانەی جەماوەری هەژار کە پەیوەستە بە بیروباوەڕی نەریتگەرای ئایینی؟ هەرچۆنێ بێ پرۆسەی بە عەلمانیکردن ڕوودەدات تەنانەت بێئەوەی هەستیشی پێبکەین، بەڵگەش بۆ ئەمە دەبینین ئارەزوویەکی گەورە هەیە بۆ پێکهێنانی یەکێتی نیشتمانی و نەتەوەیی لەسەر ڕێبازی ئەوروپی یان بە ڕێگەی ئەوروپی و ئێستا ئەو ئارەزووە لە ئاگایی کۆمەڵدا بە تەواوی شوێنی یەکێتی موحەممەدی یان یەکێتی ئیسلامیی گرتۆتەوە کە ئەمەیان بیرۆکەیەکی ئاخیرەیی و تیۆلۆژییە نەک مێژوویی. کێ ئێستا لە سوریە یان لە میسر یان لە عێراق خەون بەگەڕانەوەی خەلافەتی عوسمانی یان بە پێکهێنانی یەکێتی ئیسلامی دەبینێ؟ بە پێچەوانەوە ئێستا زۆر کەس خەون بە پێکهێنانی یەکێتی نەتەوەیی یان ئیقلیمیی هەندێ ناوچەی عەرەبییەوە دەبینن. کەواتە بمانەوێ یان نەمانەوێ عەلمانیکردن هەیەو ئەم نموونەیەش یەکێکە لە ژمارەیەکی بێشوماری نموونەی دیکە، دەبینین عەلمانیکردن تەنانەت لە زمانیشدا بەهەموو موفرەدە و پێکهاتەکانیەوە هەیە. تێڕوانینی ئاخیرەیی (یان تێڕوانینی لاهوتی، ئایینی) بەتەواوی لەبەرچاو ون بووە، موسڵمانە هاوچەرخەکان نازانن نەزعەی ئاخیرەت مانای چییە، ئێستا بیرۆکەی یەکێتی نیشتمانی وەک جۆرێ لە ئاخیرەتی زەمینی ڕۆڵی خۆی پرۆسە دەکات.

ئەم پرۆسە مێژووییە زۆر گرنگ و بایەخدارەش (مەبەستم پرۆسەی بە عەلمانیکردن) بە درێژایی و پانتایی جیهانی ئیسلامی لە قۆناغی ڕوودان و گەشەکردندایە، وریابە ڕواڵەتەکانی گەڕانەوەی گوتاری «ئیسلامی» و دروشم و موفرەداتەکانی ئەو گوتارە فریوت نەدات کە بە خێرایی دێتە سەر ئاستی ڕووداوەکان، لە ڕاستیدا ئەمانە لەپشتی خۆیاندا زۆر شتی قووڵترو گرنگتر دەشارنەوە. بە عەلمانیکردنی فیعلی و واقیعی ئەمڕۆکە هەموو کۆمەڵگا عەرەبی و ئیسلامییەکان دەگرێتەوە، بەڵام هیچ کەسێ هەستی پێناکات یان ئاگای لێ نییە، لەبەر هۆیەکی سادە، ئەویش: گوتاری شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی نوێ لە گۆڕەپانی ڕۆشنبیریدا لەبەر دەستەتدا نییە.

**هاشم ساڵح: کەواتە عەلمانیکردن لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا ڕێی خۆی دەبڕێ؟**

**ئارکۆن:** بە مسۆگەری. من وایدادەنێم دنیای ئیسلامی– و عەرەبیش– ئەمڕۆ ملکەچی کۆمەڵێ هێزی قەبەو مەزنی بە عەلمانیکردنە، بەڵام نازانێ چۆن شیبکاتەوەو پاشان ناتوانێ بیبینێ،

ئەمەش زۆر لەوە دەچێ کە لەسەرەتای گفتوگۆکەماندا لەبارەی (الطبری)یەوە وتم. کاتێ طبری دەیووت: خوا دەڵێ....پاشان راڤەکردنی خۆی دەخستەڕوو وەک ئەوەی بە تەواوی لەگەڵ وتنی خودا یان لەگەڵ مەبەستی خودا جووت بێ، ئەو نەیدەزانی کە بەبێ ئاگایی یاری بە سیستمە تیۆلۆژییەکان دەکات، لەبەر ئەوەی چەمکی سیستمی تیۆلۆژی سەبارەت بەو، شتێکی پێکدەهێنا کە بیری لێنەکراوەتەوە (اللامفکر فیە). ئەو سیستمێکی تەئویلیی بەرهەمدەهێناو باوەڕیشی وابوو کە خۆی تەنها کەسێکە راڤەکاریی راست و دروست پێشکەش دەکا بێ ئەوەی بزانێت کە دەشێ چەند سیستمێکی تەئویلی و سیمیۆلۆژیی دیکەش هەبێ کە بە فیعلی هەشبوو. هەر بەهەمان شێوە ئێستا لە جیهانی ئیسلامیدا لە قۆناغی بە عەلمانیکردنێکی بلاو و گشتیدا دەژین بێ ئەوەی بتوانین لە سروشتە عەلمانییەکەی خۆیدا ببینین و بێ ئەوەی بتوانین ئەو کۆمەڵە کردارو پرۆسیسانە ببینین کە بەهۆیانەوە پرۆسەی عەلمانیکردن و دنیاییکردن رۆژ لەدوای رۆژ بەرهەم دەهێنرێن، پاشان چاوی خۆمان دەنوقێنین، یان بڵێ ئەوان چاوەکانمان دەنوقێنن بەهۆی ئەو موفرەداتە ئیسلامییانەی ئەم پرۆسەی بە عەلمانیکردنە دەشارنەوەو ئەو شتانەی ئێستا روو دەدەن وەک شتی ئاینی و ئیسلامی پیشانی دەدەن. ئەمە لە کاتێکدا لەژێر پەردەی ئەم ئیسلامەی ئەمڕۆدا پرۆسەیەکی زۆر فراوانترو روخێنەرتری عەلمانیکردن بەڕێوە دەچێت. وتم فراوان و رووخێنەر، چونکە یەکەم ئەم پرۆسەیە لەلایەن موسڵمانەکانەوە پرۆسەیەکی نەبینراوە، دووەم لەبەر ئەوەی دنیای کۆن دەرووخێنێ و دنیایەکی نوێ دەخوڵقێنێ، بەڵام لەبەر ئەوەی شیکردنەوەی زانستییانەی ئاڵۆز لە گۆڕەپانی کۆمەڵگا عەرەبی و ئیسلامییەکاندا ونە، دەبینین هیچ کەسێ شتێ نازانێ و خۆمان لەناو ئاژاوەیەکی تەواوی مەعنەویدا دەبینین، وتم ئاژاوەیەکی مەعنەوی و دەشکرا بڵێم ئاژاوەیەکی سیمیۆلۆژی. ئەم ئاژاوەیە بەتەنها سیستمی زمان ناگرێتەوە، بەڵکو زمانیش تێدەپەڕێنێ تا هەموو رواڵەت و دیوەکانی ژیانی ئیسلامی بگرێتەوە. بۆ نموونە سیستمی بیناسازی دوچاری ئاژاوەیەکی مەعنەوی بووە لەبەر ئەوەی ئێمە بینایەکی گەورەو نوێ لە تەنیشت بینایەکی کۆن و رووخاوو لە تەنیشت ماڵێکی لە تەنەکە دروست کراودا دەبینین...هتد، بە کورتی ئێمە تێکەڵکردنی کۆن لەگەڵ نوێدا بە شێوەیەکی وا دەبینین کە لەڕووی مەعنەوی و دەلالییەوە شپرزەییەک دەخوڵقێنێ، هەمان شت لەبارەی جلوبەرگ و سیستمی بەرگپۆشین: لەیەک شەقامدا هەموو جۆرە جلوبەرگێک دەبینی لە جلوبەرگی تەقلیدیی کۆنەوە تا دوا مۆدیلی جلوبەرگی ئەورووپی و...بەم چەشنە....ئێمە ئێستا لە ئاژاوەیەکی مەعنەوی و دەلالی (سیمیۆلۆژی)ی بێ وێنەدا دەژین. ئەمە بێ ئەوەی باسی ئاژاوەی تێرمسازی بکەم لەبواری زمان و نووسینی عەرەبیدا. ئێمە ئێستا ناتوانین تەعبیر لە

فیکرێک بکەین و دڵنیا بین لەوەی کە وەکو خۆی بە خوێنەران دەگات، بەهۆی شێواندنێکی لە رادەبەدەری زمـان و تێکدانی مـاناو دەلالەتەکـانی ئەو زمـانە لەسـەر دەسـتی نووسـەرانی بە پەلەنووس. بەهەر حاڵ لێرەدا ناتەواوییەک یان کەموکورتییەک لە شیکردنەوەو راڤەکاران، لە بیرو بیریاران، لە توێژینەوەی زانستی و توێژەراندا هەیە.

هاشم ساڵح: بێگومـان ئەو رۆشنبـیـرە عـەرەبانەی توانای ئەوەیان هەیە ئەو جـۆرە شـیکردنەوەو راڤـەکـردنە وردانە بەرهەم بهێنن و دەتوانن بەسەر زاراوەکـاندا زاڵبن، تا ئێسـتـاش ژمـارەیان زۆر کەمە.. بەڵام لێرەدا گرفتێکی تر هەیە: دەنگی ئەو رۆشنبیرانە وەک دەنگێکی خنکاو دەردەکەوێ، یان دەنگێکی نزم و لاوازیان هەیە بە بەراورد لەگەڵ دەنگی سەلەفـیـیە مـیـانڕەوەکـانی وەک شـێخ شەعراوی لە میسر کە دەڵێن هەفتەی جارێک لە تەلەڤیزیۆنی میسریدا بە جۆرێ قسە دەکا زۆر دوورە لە زانست و مـێـژوو کەچی لەگەڵ ئەوەشـدا چەندین ملیـۆن بینەر بۆ خـۆی رادەکێـشێ. باشـە توێژینەوەی زانسـتی و تـوێژەران لەبەرامـبـەر دیاردەیەکی ئاوها قـەبەدا دەتوانن چیـبکەن؟ و چ کاریگەرییەکیان دەبێت؟

**ئارکۆن:** ئەمە دیاردەیەکە لەم سـاڵانەی دواییدا هەڵکەوتووە. شێخ شەعراوی تەنها کەسێک نییە لە گۆڕەپانەکەدا، لە جەزائیرو سـوریاو تونس و سودان و..هتد کەسـانی وەکو ئەو زۆرن، ئـەمە تا ئێـسـتـا رێگەی کـۆمـەڵگاکـانی ئێـمـەیە لە تـەعـبـیـر لە خـۆکـردن، ئەمـەش لـەبەر ئەوەی کۆمـەڵگاکـانی ئێـمـە بێبـەشن لـە مـافی پلورالیزم لە دەنگەکانداو لە ئاراسـتـە فیکرییـەکـاندا. ناچارە گوێ بۆ تەنها یەک دەنگ شلبکات لە پێناوی بەدیهێنـانی یەکێتی نیشـتـمـانیدا. لێرەدا یەکەم دەنگ دەنگی سـەرۆک یان زەعیم یان سکرتێری گشـتی یان پێشـەوا هـەیە. دووەم دەنگ ئەو دەنگەیە کـە مـەشـرووعیـەتی ئایینی دەخـاتە بەر دەنگی زەعیم و هێـڵـە سیـاسـیـیـەکـەی کە بریتییە لە دەنگی ئیسلامی رەسـمیی میانڕەو: واتە دەنگی شێخی شەعراوی و نموونەکانی لە وڵاتەکانی تردا، بەڵام وەک بێشـتریش وتم، خودی دەسـەڵاتی سیاسی پابەندە بە فـەلسـەفەیەکی سـیـاسـیی هێنراو سەرباری هەمـوو رواڵـەتێک. ئەم دەسـەڵاتە سـیـاسـیـیە لە ناوەوە هەڵنەقوڵاوە، واتە لـە زانسـتـی مـێـژوو و سـۆسـیـۆلۆژیـاو ئەنتـرۆپۆلۆژیـایەک هـەڵنـەقـوڵاوە کـە بـەسـەر کۆمەڵگایەکانی ئێمـەدا پراکتیزە کرابێت. کۆمەڵگاکانی ئێمە لەو نەخۆشە دەچێ کە بەر لەوەی جۆری نـەخۆشییەکەی دەستنیشـان بکرێ، دەرمانی بۆ دەنووسرێ. بۆیە لە حاڵـەتێکی واشدا سەیر نییە ئاکامەکانی چارەسەرکردن بەقەدەر بارستایی وێرانی و کارەساتەکان بێت.

هاشم ساڵح: بـەڵام شـێـخی شـەعـراوی و ئەوانیـدیش لە پێشـەنگانی رای گشـتـیی ئایینی، لە

کـۆمـەڵگاکـانی ئێـمـەوە هاتوونەتە دەرێ و لە دایکبـووی ئەو کـۆمـەڵگایانەن و بگرە لە قـوولایی کۆمەڵگاکانی ئێمەوە دەرهاتوون و لە دەرەوە نەهێنراون!..

**ئارکۆن**: بە جۆرێکی تر بڵێین ئەمانە لە قوولایی خەیاڵکراوی (متخیل) کۆمەڵگاکانی ئێمەوە دەرهاتوون. ئەوەی ئەو کەسانە پێشکەشی دەکەن خەیاڵکراوی کۆمەڵگاکانمانە نەک زانینێکی راستەقینە لێیان. ئەوان بە بەردەوامی خەیاڵکراوی جەماوەری هەژاری میللی متوربە دەکەن و یاری بە ژێیەکانی سۆزو غەریزەیان دەکەن. جا لەبەر ئەوەی ئەمە لەڕووی مێژوویییەوە خەیاڵکراوێکی بەهەژموون و زاڵە، دەبینین هەموو ئەو دەنگانەی تر دادەپۆشێ کە لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا قسە دەکەن بێئەوەی کەسێ گوێی لێیان بێ، بۆ نموونە (سید عویس) لە میسر، کێ ناوی بیستووە؟ زۆر کەم. ئەمە سەرباری ئەوەی (سید عویس) زانایەکی کۆمەلایەتییەو توێژەرەو کۆمەڵێ شیکاری جوان و دروستی لەبارەی کۆمەڵگای میسری پێشکەش کردووە، بەڵام وەک بڵێی ئەم پیاوە لە بیاباندا هاوار بکات، کەس گوێی لێناگرێ و خۆیشی هۆیەکانی راگەیاندنی میسریی لەبەر دەست نییە وەک ئەوەی شێخی شەعراوی هەیەتی. هۆیەکەش ئەوەیە گوتاری سید عویس بە ئاراستەی ئایدیۆلۆژیای رەسمی و گوتاری رەسمیدا ناڕوات. ئەمەش مانای وا نییە کە ئەم پیاوە کەسێکی نانەتەوەیی یان نانیشتمانییە! بە پێچەوانەوە، ئەو نەتەوەخوازێکی میسرییەو زۆریش شانازی بە وڵاتەکەی دەکات، بەڵام کەسێکی پەراوێزکراو و گۆشەگیرکراوە. زۆر کەسی دیکەی لەو جۆرە هەن.
هاشم سالح: دوای ئەوەی لە قسەکردندا گەیشتینە ئەم خاڵە، دەمەوێ پرسیاری ئەوەت لێبکەم: چ چارەسەرێک پێشنیار دەکەیت بۆ ئەو نەخۆشی و گیروگرفتانەی ئێستا کە لە کۆمەڵگا عەرەبییەکان بەگشتی و لە ناوچەی خۆرهەلاتی ناوەڕاست بەتایبەتی بڵاوبوونەتەوە؟

**ئارکۆن**: چارەسەر، وەک پێشتر وتم، لە فێرکردنی مێژووی ئایینەکان و ئەنترۆپۆلۆژیای ئاییندایە بەپێی رێگەو شێوازی نوێ، دەبێ لە فەزای مەدەنیی گشتیی کۆمەڵگادا مافی قسەکردن و ئاخاوتن لەو گوتارە تەقلیدییە تایفییە بسەنرێتەوە کە خۆی وەک تاکە ئاینێک دەسەپێنێ! ئەمەش مانای ئەوە نییە ئێمە بانگەشە بۆ ئەوە بکەین خەڵکی لە پرۆسەکردنی سرووت و پەرستنی ئاییندا قەدەغە بکەین، نا هەرگیز، ئاگاداری ئەم خاڵەبە، چونکە ئەمە مومکین نییەو مەقبول نییەو مەعقولیش نییە. ئەوەی لەم قسەیەدا مەبەستمانە زۆر لەو حاڵەتە دەچێ کە بۆ نموونە لە فەرەنسەدا روویدا پاش ئەوەی کڵێسەو دەوڵەتیان لە یەکتر جیا کردەوە.

هاشم ساڵح: کەواتە، ئەوەی بە (عەلمانیکردنی خەباتگێڕی) ناوی دەبەیت، شتێکی ئیجابی و سوودبەخش بوو سەرباری هەموو کەموکورتی و ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی دەکەیت؟

**ئارکۆن:** بە مسۆگەری. کێ وتوویەتی ئیجابی نەبووە؟ جیاکردنەوەی یاسایی نێوان کڵێسەو دەوڵەت (یان لەنێوان مزگەوت و دەوڵەت) شتێکی چاک و پێویستە، دەبێ فەزای مەدەنیی کومەڵگا بۆ هەموو هاووڵاتیان بێت بەبێ جیاوازیی ئایینی، سا ئەو ئایینە کەمینە بێ یان زۆرینە، مەسیحی بێت یان ئیسلامی. ئەمە شتێکی پێویستەو زۆریش پێویستە. بە عەلمانیکردن بەم مانایە ماف و ئەرکە. لە کۆمەڵگا عەلمانییە نوێیەکاندا هیچ هاووڵاتییەک بۆی نییە خۆی وادابنێت کە لە هاووڵاتییەکی تر باشترە هەرلەبەر ئەوەی سەر بە ئایینی زۆرینەیە یان سەر بە مەزهەبی زۆرینەیە! ئەگەر وانەبوایە ئەوا میشێل روکاری سەرۆکی ئێستای فەرەنسا (ئەم گفتوگۆیە لەنیوەی دووەمی هەشتاکاندا کراوە – و) دەبوایە تەنها بکرایە بە بەڕێوەبەری ناوچەیەک لە فەرەنسە، چونکە روکار پرۆتستانتییەو زۆرینەی فەرەنسییەکانیش کاسۆلیکین، هەروەها نەدەبوو یونیل گوسپان گەورەترین وەزیری حکومەتەکەی روکار بکرابایە بە وەزیر، بەڵکو تەنها بکرایە بە بەڕێوەبەری زانکۆیەک، چونکە ئەویش هەر پرۆتستانیتیە، هەمان شت بۆ پێیر جوکس وەزیری ناوخۆ... بەڵام خۆشبەختانە فەرەنسییەکان ئەم چەشنە بیرکردنەوەیەیان تێپەڕاندووە ئەگەرچی لەدوای کۆشش و موعاناتێکی دوورودرێژ پێی گەیشتوون. ئێوەش لە ناوچەی خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا دەتوانن ئەم چەشنە بیرکردنەوەیە تێپەڕێنن ئەگەر ڕێگەی ڕۆشنگەری و ڕێنیسانسێکی ڕاستەقینەو پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنیی نوێ بگرنەبەر. بەم مانایە عەلمانیکردن بازدانێکی نەوعی لە مێژووی کۆمەڵگا بەشەرییەکاندا پێکدەهێنێ.

عەلمانییەت بوو بەشەرییەتی لە فەزای عەقڵیی سەدەکانی ناوەڕاستەوە گواستەوە بۆ فەزای عەقڵیی پێشکەوتن و مۆدێرنیزم. تۆ دەبینی چۆن هاووڵاتیی فەرەنسی لە نیعمەتی کۆمەڵگای مەدەنیدا دەژی کە خێری بۆ خۆی و بۆ هەموو کۆمەڵگا هەیە. دەوڵەتی نوێی عەلمانی نەیهێشت فەزای گشتیی کۆمەڵگای مەدەنی لەلایەن گوتاری عەقائیدی باوەڕداری داگیر بکرێ، بەمە کارێکی ڕاست و دروستی کرد. گوتاری عەقائیدی و تەقلیدی و تەبشیری دەشێ لە خێزاندا یان لە مزگەوت و کڵێسەدا رووبدات، ئەمە شتێکی ڕەواو ڕێگەپێدراوە، عەلمانییەت مانای لەناوبردنی ئایین نییە، یان قەدەغەکردنی خەڵکی نییە لە پرۆسیسەکردنی پەرستن و باوەڕە ئاینییەکانیان، ئەگەر عەلمانییەت ئەمە بێت ئەوا ئێمە یەکەم کەس دەبین لەدژی رادەوەستین. تۆ سەیری پاریس بکە دەبینی موسڵمان دەتوانێ لە مزگەوتدا پرۆسەی ئاینەکەی خۆی بکات و خواپەرستی بکات، بەهەمان شێوە مەسیحی دەتوانێ لە کڵێسەدا ئەم کارە بکات و جوولەکە

لە کنێست و بوزی لە پەرستگاو..هتد. بەڵام ئەگەر خۆی نەیەوێ ئەم کارە بکات ئەوا هیچ کەسێ ناتوانێ ناچاری بکات ملبداتە ئەو پرۆسەیە، هەموو کەسێ ئازادە لەوەی نوێژ دەکات یان نایکات، بەڵام ئازاد نییە لەوەی خەڵکی ناچار بکات ئەم یان ئەو کارەی دی بکات. بەم مانایە، موسڵمانێکی فەرەنسی هەمان ئەو مافانەی هەیە کە کاسۆلیکییەکی فەرەنسی هەیەتی ئەگەرچی ئەمەی دوایی لە مێژوویەکی دێرینەوە مەزهەبی زۆرینەیە، بەڵام نەئەمیان و نەئەویان مافی ئەوەی نییە فەزای گشتیی مەدەنی بەکار بهێنێ بۆ تەبشیرکردنی ئایینەکەی (وەک ئەوەی بۆ نموونە بیەوێ تەلەڤزیۆن بۆ ئەو مەبەستە بەکار بهێنێ، یان رادیۆ یاخود قوتابخانەو...هتد) ئەمەیە ئاژاوەو گێرەشێوێنی دەورووژێنێ و گیروگرفتی تایەفەگەری دەخولقێنێ. ئەمە هەر بەتەواوی قەدەغەکراوە. بەم رێگەیە فەرەنسە پارێزگاری لە چنینی کۆمەڵگای مەدەنی دەکات. بە مانایەکی تر دەبێ فەزای گشتیی مەدەنی بۆ فێرکردنی مێژووی ئایینەکان و، ئەنترۆپۆلۆژیای ئایینی و، بۆ زانستی نوێی هیرمینۆتیکا مۆنۆپۆلیزە بکرێ.

**هاشم سالح: ئەی چی لە کۆلێجەکانی شەریعە دەکەیت؟**

**ئارکۆن**: دەبێ کۆلێجەکانی شەریعە (و سەرجەمی ئەنیستیتوتە ئاینییە تەقلیدییەکان) ستایل و میتۆدەکانی خۆیان بگۆڕن بۆ ئەوەی بەجۆرێ پرۆسەی دەوری خۆیان بکەن وەک ئەوەی لە ئەنیستیتوتی لێکۆڵینەوەی کاسۆلیکی لە پاریسدا پرۆسە دەکرێ، هەروەها وەک ئەوەی ئەنیستیتوتی تیۆلۆژیای کاسۆلیکی لە ستراسبۆرگ و ئەنیستیتیوتی تیۆلۆژیای پرۆتستانتی دیسان لە ستراسبۆرگ پرۆسەی دەکەن، بەهەمان شێوە لە ئەنیستیتوتە هاوشێوەکانیان لە ئینگلتەرەو ئەڵمانیاو..هتد پرۆسە دەکرێن. تۆ بچۆرە ئەو ئەنیستیتوتانەو سەیری میتۆدو پرۆگرامەکانیان بکە بۆ ئەوەی ئەو فەرقە گەورەیە ببینیت کە لەلای ئەوان و لە کۆلێجەکانی شەریعە لەلای ئێمەدا هەیە. بۆ نموونە سەیری پرۆگرامی فێرکردنی تایبەتی بکە لە ئەنیستیتوتی تیۆلۆژیای کاسۆلیکی لە ستراسبۆرگ کە دەوڵەتی فەرەنسی سەرپەرشتیی دەکات و وەکو هەموو کۆلێج و زانکۆکانی تری فەرەنسە بڕوانامەی زانکۆیی بە قوتابییەکانی دەدا، دەبینی لەوێدا فێرکردن بە رێگەیەکی عەلمانی ئەنجام دەدرێ.

**هاشم سالح: ئایا دەچێتە عەقڵەوە خوێندن و فێرکردنی ئایینی بە رێگەی عەلمانی ئەنجام بدرێ؟**

**ئارکۆن**: بێگومان! لێرەدا لەبەرامبەر فێرکردنی تەقلیدی و باوەڕداریی عەقائیدیدا، فێرکردنی عەلمانی بۆ تیۆلۆژیاو مێژووی ئایینەکان و فیکری ئایینی هەیە، ئەمەش باشترین مانای بە

عەلمانیکردنە. من خۆم داوای دامەزراندنی ئەنیستیتوتێک لە فەرەنسەدا دەکەم بۆ تیۆلۆژیای ئیسلامی، وەک هەموو ئەنیستیتوتەکانی تر کە ناومان هێنان. ئەم ئەنیستیتوتە– ئەگەر دابمەزرێ– کۆمەڵێ مامۆستای زانکۆیی و توێژەری پسپۆر لەهەموو زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکاندا سەرپەرشتیی دەکەن نەک کۆمەڵێ شێخ و پیاوانی ئاینی، ئەمانە تەنها بەرپرسن لە مزگەوتەکان و لەو ئامۆژگایانەی پاشکۆی مزگەوتەکانن. بۆ نموونە مزگەوتی پاریس و ئامۆژگەی ئیسلامی کە سەر بەو مزگەوتەیە، رۆڵی تایبەتیی خۆی ئاراستەی تایەفە دەکات، ئەمەش شتێکی پێویستەو ئەرکیشە، بەڵام ئەو ئەنیستیتوتەی من داوا دەکەم دابمەزرێ، بەتەواوی جیاوازە. ئەوە ئەنیستیتوتێکە بۆ توێژینەوەی زانستی و مێژوویی لەبارەی ئیسلام وەک هەر ئەنیستیتوتێکی تر بۆ توێژینەوە زانستییەکان لە جیهاندا. مامۆستا دادەمەزرێنێ وەک چۆن مامۆستایانی زانکۆی فەرەنسی لە کۆلێجەکانی سۆسیۆلۆژیا، مێژوو، ئەنترۆپۆلۆژیا، سایکۆلۆژیا...هتد دادەمەزرێن. ئەمەیە ماناو چەمکی دەوڵەتێکی عەلمانیی فرەیی. مادامەکی دەوڵەت رێز لە فرەیی کۆمەڵگای مەدەنی دەگرێ و ئازادیی تەعبیر لە خۆکردن بۆ هەموو ئەندامێکی کۆمەڵگا دەستەبەر دەکات، کەواتە ئەو دەوڵەتە دەوڵەتێکی عەلمانییە، بە مەرجێ ئەو ئازادییە نەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی هۆکارەکانی پەشێوی و ئاژاوەو کاری توندوتیژی لە کۆمەڵگادا.

دەوڵەت ئیلتیزام دەکات بە یارمەتیدانی هەر دامەزراوێکی تەعلیمی (سائەو دامەزراوە ئەنیستیتوت بێ یان زانکۆ) بەو پێیەی پەیمانی داوە رێزی گوتاری زانستی و عەلمانی بگرێ و مەرجەکانی بوون و بڵاوبوونەوەی بۆ دابین بکات. کەواتە هەموو ئەوەی من دەمەوێ لە پێناوی راستکردنەوەی بە عەلمانیکردن لە فەرەنسەدا، بریتییە لەوەی فێرکردنی مێژووی ئاینییەکان بخرێتە ناو پرۆگرامی قوتابخانە ناوەندییەکان و زانکۆکانەوە بە سیفەتی ئەوەی ئاینەکان کۆمەڵێ سیستمی کولتووریی گەورەن و بە درێژایی چەندین سەدە زاڵبوون بەسەر بەشەرییەتی ئەورووپیدا. ئەوسا بۆی هەیە مامۆستاکان دەقە کلاسیکییەکانی ئەدەبی فەرەنسی بۆ قوتابیان شیبکەنەوە. هەموو ئەوەی من دەمەوێ لە پێناوی ئەوەی عەلمانیکردنێکی راست و دروست بخرێتە ناو کۆمەڵگای عەرەبی و ئیسلامییەکانەوە، بریتییە لەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن و فێرکردنی باو ئیلغا بکرێ و لاببرێ و هەروەها رێگەو شێوازی نامێژوویی و عەقائیدی تەبشیریی خوێندن و فێرکردنی ئاین لە قوتابخانە گشتییەکاندا ئیلغا بکرێ و لە شوێنی ئەوەدا مێژووی ئاینەکان و ئەنثرۆپۆلۆژیای ئاینی بخوێنرێ، پاشان مێژووی سیستمە تیۆلۆژییەکان بەسیفەتی کۆمەڵێ سیستمی کولتووری بخوێنرێ نەک بە سیفەتی

ئەوەی ئەمانە سیستمگەلێکن لە حەقیقەتی ڕەها کە هەر یەکەیان ئەویتر لەخۆی دوور دەخاتەوە، ئەوەی کە هەر لە منداڵییەوە خۆی بەسەر منداڵی موسڵمان یان مەسیحی یان بوزی یان یەهودیدا دەسەپێنێ، واتە لە قۆناغی منداڵیی ژیانی ئینساندا کە ناتوانێ لە ڕووی زانستییەوە خۆی پڕ چەک بکات. ئەمەش لە ڕاستیدا هانی تایەفەگەری دەداو بۆ هەمیشە دابەشبوونی کۆمەڵگای مەدەنی دەچەسپێنێ. پێشتر وتوومەو دووپاتیشی دەکەمەوە فێرکردنی تەقلیدییانەی ئایین دەشێ لە چوارچێوەی دەزگا تایبەتییەکان و لە پەرستگاکاندا ئەنجام بدرێ نەک لە فەزای گشتیی کۆمەڵگای مەدەنی. چونکە ئەم فەزایە بۆ هەموو کەسێکە بە جیاوازی ئەو تایەفەو مەزهەبەی تیایدا لەدایک بوونە، دەبێ دەوڵەتیش بەهەر شێوەیەک بێ پارێزگاری لەو فەزا گشتییەی کۆمەڵگای مەدەنی بکات، چونکە ئەمە لەبەرژەوەندیی نەتەوە و هەموو تاکەکانە. ئەمە مانای وایە پێویستە لە یەک کاتدا مێژووی تیۆلۆژیای یەهودی و مەسیحی و ئیسلامی بخوێنرێ لە پێناوی خستنەڕووی چۆنیەتی شکڵگرتنی تیۆلۆژییەکان لە مێژوودا، واتە چۆن ئەم تیۆلۆژییانە لە ڕووی مێژووییەوە شکڵیان گرتووەو ڕۆڵی خۆیان پرۆسە کردووە.

وەک دەزانیت من لەوانەکانمدا لە سۆربۆن ئەم کارە دەکەم. لەوانەکانی منیشدا هەندێجار کەسانی ئایینە جیاجیاکانی وەک مەسیحی و یەهودی ئامادە دەبن، لە پاش تەواو بوونی وانەکە کەسێ نایەت پێم بڵێ تۆ لە دژی ئایینەکانی تر لایەنگریی ئیسلامت کردووە. دەبێ مێژوونووس (بە تایبەتی مێژوونووسی مێژووی فیکرەکان) بەشێوەیەکی بابەتی و لێزان پرۆسەی کارەکەی خۆی بکات، دەبێ توانای ئەوەی هەبێ بتوانێ مەسافەیەک لەنێوان خۆی و ئەو بیروباوەڕە دابنێ کە لە منداڵییەوە لەسەری گەورە بووە، ئەگەر نا ئەوا بابچێ وتارێکی ئایینی بڵێتەوەو ئیدی ئەوسا لەوە دەردەچێ ببێ بە مێژوونووس یان توێژەر. من ناڵێم فێرکردنی تەقلیدیی سیستەمە عەقائیدی و ئایینەکان ئیلغا بکرێ، بەڵکو دەڵێم لە ڕێگەی دامەزراندنی ئەنیستیتوت و کۆلێجی سۆسیۆلۆژیاو ئایینەکان و مێژووی بەراوردکاریی ئایینەکان و ئەنثرۆپۆلۆژیای ئایینییەوە هاوسەنگییەکی لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا هەبێ، ئەمەش خێرێکی زۆری بۆ زانست و ئایین و کۆمەڵگاش هەیە. بە بۆچوونی من چارەسەرەکە لێرەدایە.

ئەمەیە علمانییەت بە مانای فراوان و کراوەی وشەکە. عەلمانییەت مانای لەناو بردنی ئایین یان ئیمان نییە وەک هەندێ کەس وای بۆ دەچێ، بە پێچەوانەوە بایەخێکی گەورە بە ڕەهەندی ڕۆحی و ئایینی لەلای مرۆڤ دەدا، ئەمەیە فەرقی نێوان ئەم عەلمانییەتە لەگەڵ ئەو فەلسەفە پۆزەتیڤیزمی و عەلمانییەتە خەباتگێڕەی سەرانسەری سەدەی نۆزدەهەمی گرتبوو ئەوەی تا ئێستاش لەلای هەندێ لە عەلمانییە پەڕگیرەکان باوی هەیە و بەتەواوی ئەو مەسەلەیە

ڕەتدەکەنەوە کە ڕەهەندی ئایینی مرۆڤ لەبەرچاو بگیرێ و تەنانەت توێژینەوەش لەسەر ئایین ڕەتدەکەنەوە، بەڵام من عەلمانیکردن بەم شێوەیە پێناسە دەکەم: عەلمانییەت هەڵوێستێکی ئازادو کراوەی ڕۆحە لەبەرامبەر گرفتی مەعریفەدا. نابێ هیچ شتێکیش مرۆڤ دووربخاتەوە لە کەشفکردنی نەزانراوە ماددی و ڕۆحییەکانی بوون، بەڕای من ئەمەیە عەلمانیکردنی ئیجابی، ئەم عەلمانیکردنە مرۆڤ وەک کوللێکی ماددی و ڕۆحی وەردەگرێ بێئەوەی ڕەهەندێ لە ڕەهەندەکانی، لەسەر حیسابی ڕەهەندێکی تر، کاریگەریی زیاتری هەبێ، مادامەکی لوبنان و غەیری لوبنانیش باوەڕی بەم عەلمانیکردنە ئیجابییە کاریگەرو ئاکتیڤە نەهێناوە (نەک عەلمانیکردنێکی نێگەتیڤی و هەڵچوو) ئەوا چارەسەرێکی ڕەگوڕیشەیی و هەمیشەیی بۆ گیروگرفتە تراژیدیاکانی نادۆزێتەوە.

مەبەستم لە عەلمانیکردنی سەلبی- نێگەتیڤی هەڵوێستی ئەو کەسانەیە کە دەڵێن: باشە، با هەریەکە لە ئێمە لەناو ئاینەکەی خۆی یان مەزهەبەکەی خۆیدا بە داخراوی بمێنێتەوە و با لەو مەسەلانە دووربکەوینەوەو خۆمانی لێنەدەین کە دووبەرەکی و ئاژاوە دەخاتە نێوانمانەوە، با هەر تەنها قسە لەسەر ئەو مەسەلانە بکەین کە کۆمان دەکاتەوە، وەک بابەتی ئابووری و بازرگانی و کشتوکاڵی و... هتد، بە مانایەکی تر «ئایین بۆ خواو نیشتمانیش بۆ هەموان». بەڵام ئەم دروشمە ڕازاوەیە بە داخەوە گرفتەکان چارەسەر ناکات، بەڵکو ئەمە جۆرێکە لە ڕاکردن لە بەرامبەر گرفتە سەرەکی و بنەڕەتییەکەو لە ڕاستیدا ئەمە نەبوونی جورئەت و بوێرییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتە بنچینەییەکان. ئایین تەنها بۆ خودا نییە، بەڵکو لە شەقام و لە ناخی تاکەکەس و لە قووڵایی کۆمەڵگاشدا هەیە. مادامەکی ڕۆشنبیرانی عەرەب قودرەتی ئەوەیان نییە پێشنیاری چارەسەرێکی تر بکەن و بچنە ناو کرۆکی بابەتەکەوە لە جیاتی ئەوەی بەردەوام لە دەستی هەڵبێن، مادامەکی ناتوانن دیدگای کەلەپووری و تەقلیدی بۆ ئایین بگۆڕن و ڕاستی بکەنەوە و قودرەتی ئەوەیان نییە ڕێگایەکی عەرەبیی ئیسلامی و عەرەبیی مەسیحی بۆ عەلمانیکردنی ئیجابیانە بگرنەبەر. ئەوا من چارەسەرێکی مەقبوڵ و سوودبەخش لە ئاسۆدا نابینم. ئەمە ئەو ئەرکە گرنگەیە لە سالانی داهاتوودا خراوەتە بەردەمی فیکری عەرەبی. لە کاتی ئێستاشدا ئەرکێکی لەوە گەورەتر نابینم . ئەو عەلمانیکردنەی بانگەشەی بۆ دەکەم بریتییە لە عەلمانیکردنێکی ئیجابی و کاریگەر بە مانای چوونە ناو کاری ڕۆشنبیری و بەرپرسیاریی فیکری. من لە چارەسەری گیروگرفتە سووتێنەرو قورسەکان سڵ ناکەمەوە، بە شێوەیەک چارەسەری دەکەم ڕێگە بە خۆم نادەم مەزهەبێک لە دژی مەزهەبێکی تر یان ئاینێک لە دژی ئاینێکی تر هەڵبژێرم، لەبەر ئەوەی ئامانجی من لێکۆڵینەوەیە لە بونیادی عەقڵی ئایینی

و شێوەی ئیشکردنی عەقڵی ئایینی و وەزیفەکانی عەقڵی ئایینی، ناوەرۆکی خودی عەقیدەو مەزهەبەکانم بەلاوە گرنگ نییە، دەشێ ناوەرۆک و تەفاسیلەکان جیاواز بن، بەڵام هەریەک میکانیزمە و بە هەمان میکانیزم کار دەکەن.

هاشم ساڵح: بە شێوەیەکی بنچینەیی ئەوەت بە لاوە گرنگە میکانیزمەکانی عەقڵی تیۆلۆژی شیبکەیتەوە..

**ئارکۆن:** بەڵێ، ئەوەی بە لای منەوە گرنگە لیکۆڵینەوەیە لەو میکانیزمە عەقڵییانەی ئەو سیستمە تیۆلۆژی و عەقائیدە جیاوازانەی بەرهەم هێناوە، هەروەکو گرنگی دەدەم بە لێکۆڵینەوە لەو میکانیزمە کۆمەڵایەتییانەی کە ئەو سیستمە عەقائیدیانە لە پێناوی مەبەست و نیازی دەسەڵاتخوازیدا بەکاردەهێنن. بە مانایەکی تر من لە میکانیزمەکانی هاو جومگەیی و یەکتر بڕینی نێوان تیۆلۆژی/ و سیاسی و کاریگەریی هەریەکەیان بەسەر ئەویتر دەکۆڵمەوە. ئەمەیە عەلمانیکردنی ئیجابی (نەک سەلبی و ناتەواو) کە لەپێناوی ئاشتیی نێوان ئایینەکان و مەزهەب و تایفەکاندا تێدەکۆشێ، بەڵام بەدەستهێنانی ئەم هەڵوێستە عەلمانییە فراوان و کراوەیە زۆر زەحمەتە، چونکە ئەمە پێویستی بەرووخاندنی دیوارو بەربەستەکان هەیە کە بۆ زەمەنێکی دوورودرێژ بەسەر بەشەرییەتدا زاڵبوون. لێرەدا دەبێ دەست بە قەڵاچۆکردنی «کتێبە رەشەکان» بکرێ ئەوەی لە پرسیارە سەرەکییەکەتدا ئاماژەت بۆ کردو ئەوەی لە بارودۆخی ئێستادا بەنزین دەخاتە سەر ئاگرەکە... ئەو کتێب و بڵاوکراوانە پڕن لە هەڵەو هەڵەکاریی مێژوویی کە لە رووی زانستییەوە شایستەی هیچ هەڵسەنگاندنێک نین. دەبێ قەڵاچۆبکرێن، بەڵام نەک لە رێگەی وەڵامدانەوەی راستەوخۆ (کە شایستەی هیچ جۆرە وەڵامدانەوەیەک نین) بەڵکو لە رێگەی زیادکردنی ژمارەی کتێب و بڵاوکراوە مێژوویی و میتۆدییەکان لە بارەی پەیوەندی نێوان ئایین و کۆمەڵگا و مێژوو. لێرەدا دەشێ لێکۆڵینەوەیەکی گەورە ئەنجام بدرێ لە بارەی چۆنێتی لە دایکبوونی هەموو قوتابخانە و تەوژمە ئیسلامییەکان لە چەرخی کلاسیکیدا، چۆن ئەم قوتابخانە و مەزهەبانە پەرەیان سەندووە بەمانایەکی ترەوە گەیشتوونەتە ئێمە. رزگاری نایەتە دی تەنها لە دوای کەشفکردنی ساتەوەختی سەرهەڵدان و ساتەوەختی ئۆریجیناڵ و خستنەڕووی ئەم مەسەلەیە بەپێی تێڕوانینی «ماوەی دوورودرێژ» وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، بەڵام ئەو لێکۆڵینەوە سەتحی و بە سیاسیکراوانەی بەپێی تێڕوانینی بیست ساڵ یان سی ساڵ قسە لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکەن و پێیان وایە ئەمانە لە لایەن دەرەوە دروستکراون، ئەوا هیچ چارەسەرێک پێشکەش ناکەن، بگرە دەبنە بەربەستێک لە رێگەی چارەسەرکردن.

چارەسەر بریتییە لە بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوە مێژووییەکان و ڕۆشنبیرکردنی خەڵکی و ڕاهێنانیان لەسەر لۆجیکی نوێی فیکر بۆ ئەوەی بتوانن لەم جۆرە هەڵوێستە کراوەیە تێبگەن و وەریبگرن. مادامەکی کۆمەڵگا عەرەبی و ئیسلامییەکان هاووڵاتیانی خۆیان بەوجۆرە فێرناکەن و بەوجۆرە ڕۆشنبیریان ناکەن، ئەوسا جەنگە تایەفی و جەنگە مەزهەبییەکان بەردەوام دەبن، بەڵام، بە داخەوە، کۆمەڵگاکانی ئێمە تا ئێستاش لە مانای (عەلمانییەتی ئیجابی) و سوودەکانی ئەو عەلمانییەتە بێئاگان، تا ئێستاش زۆربەی موسڵمانان وەک شتێکی سەلبی و ڕوخێنەر سەیری عەلمانییەت دەکەن.

هاشم ساڵح: لەو باوەڕەدان ئامانجی عەلمانییەت لە ناوبردنی ئایینە!

**ئارکۆن**: بەڵێ. باوەڕیان وایە، ئەمەش لە بنەڕەتدا باوەڕێکی هەڵەیە. بە عەلمانیکردن بەو مانایەی مەبەستمە، بە ڕادەیەکی زۆر گرنگی بە ڕەهەندی ڕۆحی ئاینیی مرۆڤ دەداو دەیخاتە شوێنی گونجاو دروستی خۆی و ڕێگە لە سیاسەتبازو بازرگانەکان دەگرێ ئەو ڕەهەندە ڕۆحی و ئاینییەی مرۆڤ بۆ کۆمەڵێ مەبەست و ئامانجی خراپ بەکاربهێنن، عەلمانییەت شوێن و پایەی بڵند و ڕۆحی ئیسلام دەزانێ و گرنگی بە لایەنی ترانسدێنتالیی دەدا، من سی ساڵ پترە لە سۆربۆندا دەرس دەڵێمەوە ژمارەیەکی زۆری قوتابیانی موسڵمان و عەرەب لەو دەرسانەدا ئامادەبوونە و هەندێکیان لە تێگەیشتنیان بۆ کەلەپوور گۆڕانێکی تەواویان بەسەردا هاتووە هەندێکی تریشیان گۆڕانێکی جوزئی، بەڵام بە گشتی دەرەنجانەکان هاندەرن، تۆ بیر لەوە بکەرەوە ئەگەر دەرسێکی وەک مێژووی فیکری ئیسلامی و ئەنترۆپۆلۆژیای ئایینی لە هەموو زانکۆ عەرەبییەکاندا بگوترابایەوە، چ کاریگەرییەکی دەبوو.

هاشم ساڵح: دەبووە شۆڕشێکی ڕاستەقینە..

**ئارکۆن**: بە داخەوە، ئەوەی لە وڵاتانی ئێمە لە دوای سەربەخۆییەوە ئەنجام دراوە، تەواو بە پێچەوانەوە بووە. بۆ نموونە لە جەزائیردا تا ئێستا بەپێی تێڕوانینی تەقلیدی و دابەشبوونی تایەفەگەری وانەی ئیسلام دەخوێنن.

هاشم ساڵح: بەڵام لە جەزائیردا تەنها یەک ئایین هەیە؟

**ئارکۆن**: مەبەستم دابەشبوون نییە لەناو کۆمەڵگادا، بەڵکو مەبەستم دابەشبوونە لە بەرامبەر ئەوانیدی (الآخرون)، سەیر کردنی (ئەویدی) مەسیحی بێ یان جوولەکە یان بوزی یان

تەنانەت مارکسیست بێ، سەیر کردنێکی ترسناک و ترسێنەرە. ئەم حاڵەتە لە هەموو کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا هەیە. بێگومان ئەم تێڕوانینە کە تێڕوانینی سەدەکانی ناوەڕاستە، لەو ولاتانەدا ترسناکتر دەبێ کە فرە ئایینی و فرە مەزهەبییان تێدایە وەک حاڵەتی لای ئێوە لە خۆرهەلاتی ناوەڕاست: لە لوبنان یان سوریە یان عێراق یان میسر یان فەلەستین.. هتد.

ئیدی خوێندن و فێرکردنی تەقلیدییانەی پەروەردەی ئایینی دەبێتە جۆرێک لە بەنزین خستنە سەر ئاگر. جا ئەگەر عەلمانیکردنی ئیجابی نەچێتە ناو ئەو کۆمەڵگایانەوەو بە قووڵی رۆنەچێتە نێو خاکەکەیانەوە، ئەگەر چەند کۆلێجێک بۆ مێژووی بەراوردکاریی ئایینەکان و بۆ ئەنترۆپۆلۆژیای ئایینی نەکرێتەوەو هاوسەنگییەک لەگەڵ کۆلێجەکانی شەریعە و ئەنیستیتوتە تەقلیدییەکان دروست نەکات، ئەوا من هیچ دەرباز بوونێک لە ئاسۆدا نابینم. لەوانەیە کێشەکان بۆ ماوەی ساڵێک یان دوو ساڵ یان دە ساڵ هێور و ئارام بێتەوە، بەلام فیتنەو ئاژاوە جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ رووبەرەکە و.. بەمجۆرە بەردەوام دەبێت.

# گفتوگۆیەک دەربارەی دیموکراسی

## دیدارێک لەگەڵ د .فالح عەبدولجەبار

### سازدانی: ئارام سەعید

**ئارام سەعید**: زۆرجار گوێمان لەوەدەبێت کە دیموکراسی پارادایمێکی خۆرئاواییە و بۆ خۆرهەڵات ناگونجێت؟

**د. فالح عەبدولجەبار**: ئەوە گوتارێکی کۆنە، زۆردەمێکە دیکتاتۆرەکان بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن، ڕاستییەکەشی ئەوەیە، کە ئەوان بۆ دیموکراسی نابن نەک دیموکراسی بۆ خۆرهەڵات نابێت. بەداخەوە جارێکی تر ئەو گوتارە لەلایەن چەند بزوتنەوەیەکی ئیسلامی سیاسییەوە سەرلەنوێ بەرهەمدەهێنرێتەوە، بە بۆچونی من ئەوە پاساوهێنانەوەیە بۆ دەسەڵاتی ڕەمەکی (تعسفی) ئەوەش لۆژیکی نییە. منیش لەگەڵ ئەوەدام دیموکراسی پێگەیشتوو دەستبەجێ وبەخێرایی لای ئێمە بەدینایەت، بەڵام ژمارەیەکی زۆری وڵاتانی تازەپیگەیشتوو دیموکراسی تیایدا بەر لە خۆرئاوا بەدیهاتووە تەنانەت بەر لە ژمارەیەک لە وڵاتە پیشەسازییەکان، بۆ نموونە هیندستان کە لە ئاستی پێشکەوتنی ژاپۆن یان ئەڵمانیادا نییە. ئەوکاتەی ئەڵمانیا لەژێر دەسەڵاتی نازییەکاندا بوو بونیادی دیموکراسی لە هیندستان پەرەی سەندبوو، ئەمە نموونەیەکە لە ژمارەیەکی زۆر. لەبەر ئەوانەی باسمکردن ئەو ڕستەیە پاساوی ئەو حکومەتانەیە کە زۆر بەرگری لە دەسەڵاتی مەرکەزی (حکومات شدیدة المركزية) و توندڕەوەی ئەکەن.

**ئارام سەعید**: ئایا هەڵبژاردن بەسە بۆ ئەوەی بە حکومەتێک بڵێن دیموکراسییەو سیستمێکی دیموکراسی پەیڕەوئەکات؟

**د. فالح عەبدولجەبار**: هەڵبژاردن ئامرازێک یان شێوازێکە لە شێوازەکانی بەدیهێنانی دیموکراسی، بۆ دەستنیشانکردنی حکومەتەکان، زیادکردنی متمانە بە حکومەت کە یەکێکە لە سەرچاوەکانی شەرعییەت. دیموکراسی بیرۆکەیەکی ڕووت (مجرد) نییە، دامەزراوەکان و

بەهایە (قیم)، ئەو بەهایانەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگا لەسەر بنەڕەتی هاولاتیبوون ڕێکدەخات. هەر هاولاتییەک تیایدا یەکسان دەبێت بەویتر لەبەردەم یاسادا.

ئەمەش بەخۆرایی دروست نابێت، چەند پەیوەندییەکە پشتئەستورە بە دامەزراوەکان، بەسەندیکاکان، ژووری بازرگانی، ژووری پیشەسازی، دادگاکان، ڕۆژنامەکان، ڕایگشتی... هتد، ئەم ڕەگەزانە بەشێوەیەکی مێژوویی لە هەموو نەتەوەکانی جیهان بەشێوەی جیاجیا پێکدێت. دووەم: دیموکراسی سیستەمی پەیوەندی نێوان ئەو ڕەگەزانەیە کە دەکەڕێتەوە بۆ کۆمەڵ لەگەڵ دەوڵەت. سێهەم: دیموکراسی بریتییە لە پەیوەندی نێوان هەموو ئەو دامەزراوانە خۆیان. ئەمانەش مانای وایە سەرچاوەی دەسەلات لە گەلەوەیە و حکومەت دەسەلاتێکی کاتییەو ئەرکێکی کاتییە و گرنگییەکەی لەوەدایە ئەو دەسەلاتە تەنها لەو ماوەیەدا شەرعییە کە بۆی دیاریکراوەو بەکۆتایی هاتنی ماوە دەستنیشانکراوەکەی شەرعییەت لەدەستدەدات و پێویستە تازەبکرێتەوە. لێرەوە هەڵبژاردن ئامرازێکە لە ئامرازەکانی تازەکردنەوەو گۆرینی شەرعییەتی هەر حکومەتێک. زۆرکەس پێیوایە تەنها فرێدانی کارتێک بۆ ناو سندوقی دەنگدان ئیتر دیموکراسی بەدیهاتووە. بێگومان هەڵبژاردن یەکێکە لە بنەماکان، دیموکراسی مانای ئازادی پیکهێنانی ڕایگشتی، ئازادی ڕۆژنامەگەری، چونکە بەبێ ئازادی ڕۆژنامەگەری ناکرێت بیر لە دیموکراسی بکرێتەوە. ئەگەر مەسەلەکە تەنها هەڵبژاردن بێت (سەدام حسەین)یش هەڵبژاردنی کرد، بەلام بەبێ بەشداری هیچ پارتێکی تر، بەبێ ئازادی کۆبونەوە، ئازادی بیروڕا، کەس لە بەرامبەری خۆی هەڵنەبژارد، تەنها خۆی کاندیدکرد؛ ئەمە چ هەڵبژاردنێکە؟!

ئازادی بیروڕا، ئازادی بیروباوەڕ مانای بوونی چەند دامەزراوێکە کە گوزارشت لەو ئازادییە بکەن... لایەنێکی تر بریتییە لە ئازادی بلاوبونەوەی زانیارییەکان؛ ئەم خاڵە زۆر گرنگە، چونکە بەبێ بلاوکردنەوەی زانیارییەکان دیموکراسی هیچ مانایەکی نابێت. گەر وانەبێت چۆن دەستنیشانی کاندیدی خۆت ئەکەیت و لەسەر چ بنەمایەک دەستنیشانیئەکەیت. مەرجێکی تر بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنە، چونکە بونی نەخوێندەواری مانای کەمیی ڕۆشنبیرییە... هەموو ئەمانە کاریگەرییان هەیە.

**ئارام سەعید**: ئەی بارودۆخی ئابووری تا چەند کاریگەری هەیە؟

**د. فالح عەبدولجەبار**: بێگومان کاریگەری هەیە، لەبەرئەوەی لە چەند وولاتێک خوێندن بە پارەیە

و دەوڵەت بودجـەی بۆ دابیـنناکـات، ئەوکـاتە توانای خـوێندن (تعلیم) دیاریکراودەبێت و بەشـێوەیەکی یەکسـان نابێت. بۆ نموونە گـەر کۆمـەڵی کـوردسـتـانی عێـراق لەم سـەردەمی بەجیهانیبـوون و لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە پەیوەندی بە جیهانەوە کرد، چەند کەس لە سلێمانیدا ئەتوانێت کۆمپیوتەر بەکاربهێنێت ؟

**ئارام سەعید**: کەم.

**د. فالح عەبدولجەبار**: کەواتە جیاوازی توێژە کۆمەڵایەتییەکان و کەم دارایی خەڵک جیاوازی لە بەدەسـتـهـێنانی زانیـارییـەکـاندا دروسـتـئـەکـات. ئەمـەش کـاردەکـاتە سـەر چۆنیـەتی دەستنیشانکردنی نوێنەرەکانیان.

ئارام سەعید: باس یمەسـەلەی بەجیهانیبوونتـان کرد، ئایا بەجیهانیبـوون هەرەشەیەک نییە بۆ سەر بزوتنەوە ناسیۆنالیستییەکان؟

**د. فالح عەبدولجەبار**: نەخێر هەرەشـەنێیە، بەهۆی بەجیـهـانیبـوونەوە مەسـەلەی گەلی کورد بەجیـهـاندا بڵاوبۆوە. بەهۆی ئەو عەدەسـانەوە بوو کـە وێنەی ئاوارەی گەلی کـوردیان گرت و ڕایگشتی بەدەنگهات و هەموو جیـهانی هەژاند، حکومـەتەکانی خۆیان ناچارکرد بەدەنگبێن و لە ڕووی مرۆییـەوە بجوڵێن. مـەسـەلەی کورد کە پێشتر تەنها لە ناوخۆ و ئیقلیمدا باسئەکرا، بەهۆی بەجیهانیبونەوە بووە مەسەلەیەکی نێودەوڵەتی. کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوون دژوارە، ناتوانم بڵـێم هەمـوویان باشـن یان خـراپن، لەبەرئەوەی مـەسـەلەیەکی گـشـتگیـرە و لە زۆر گۆڕەپاندا ڕۆڵی هەیە.

**ئارام سەعید**: ئاسـەواری نەبوونـی دیموکـراسـی لەسـەر وڵاتە عـەرەبیـەکـان و خـۆرهـەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی چییە؟

**د. فالح عەبدولجەبار**: یەکێک لە ئەنجامـەکـانی نەبونی دیموکـراسی، نەبونـی سـانسـۆرە، بۆ نموونە لـە عـێـراقـدا هیـچ مـرۆڤـێک نازانێت بودجـە چیـیـە... هیچ لایەنێک نەک ناتوانێ ئەو زانیـارییانە بـەدەسـتـبـهـێنێت، ناتوانێت گوشـار دروسـتـبکات و قسـە لەسـەر ئامرازەکـانی حوکمکردن بکات. لەسەر مەسەلە سیاسییەکانیش عێراق دوو جەنگی بەرپا کردووە لەکاتێکدا

هەر وڵاتێک کە بڕیاڕی شەڕ ئەدات، ئەو مەسەلەیە لە پارلەماندا باسئەکات، گفتوگۆی لە سەر ئەکرێت و بڕیار لە گەلەوە وەرئەگرێت، تۆ بڵێی لە «٢٥» ملیۆن عێراقیدا پێنج کەسی ژیر نەبن کە بزانن جەنگ کارەساتە. هەموو پارتە عێراقییەکان بە کورد و عەرەبەوە دژی جەنگ بوون، تەنانەت ئەندامەکانی پارتی بەعسی دەسەڵاتداریش دژی ئەو جەنگە بوون، چونکە ئەیانزانی جەنگ وێرانکردنی وڵاتە، ملیارەها دینار لەو جەنگەدا خەرجکرا، کە نزیکەی «٤٠٠» ملیارە، گەر ئەو چوارسەد ملیارە بۆ گەشەسەندنی عێراق خەرجبکرایە و چارەکێکی بۆ کوردستان بوایە ئەزانی ئێستا چ گەشەسەندنێکی شارستانی ئەبوو. لێرەوە ئەزانی بڕیارێکی لەو جۆرە چەند زەرەرمەندە. پێویستە چل ساڵی تر چاوەڕوان بین تا قەرەبوی ئەو هەڵەیە بدەینەوە. لە جەنگێک رزگارمان نەبوو جەنگێکی تریان بۆ هەڵگیرساندین. لەسەر ئەمەش نمونەیەکت بۆ ئەهێنمەوە، لەبەرئەوەی دیموکراسی نەبوو لە بەرئەوەی بڕیارەکان بەدەست یەک کەس بوو، نەک وەک وڵاتەکانیَ تر کە ئامێری دەوڵەت بەدەست ژمارەیەک خەڵکی بەتواناوە بێت کە لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێراون.

گەر پارلەمانێک هەبوایە بۆ تەعبیرکردن لە ڕای خەڵکی، ئەوا جەنگ ڕوویئەدا. لەبەرئەوەی بڕیارەکان هەمووی لای یەک کەس بوو، تاریق عەزیز بۆ مەسەلەی ڕاگرتنی شەڕ لەبەغداوە چووە تاران، لەوێوە بۆ مۆسکۆ، تا لەگەڵ گۆرباچۆف گفتوگۆبکات، ئەبوایە ئەو ڕێگەیە هەمووی بگەڕێتەوە تا سەدام ئیمزای بکات، چونکە عەزیز هیچی بەدەست نەبوو، بۆ گەرانەوەش هەفتەیەکی پێچوو. لەماوەی ئەو دوو هەفتەیەدا کە عەزیز سەرقاڵی گفتوگۆ بوو، کۆی ئەو وێرانکارییەی بەسەر عێراقدا هات خەرجیەکەی «١٠٠ تا ١٥٠» ملیار دۆلار بوو. ئەوە پاداشتی نەبوونی دیموکراسی و لەبەر ئەوەی بڕیارِ لەدەستی یەک کەسدابوو.

**ئارام سەعید**: ئەی سەبارەت بە پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆن، پێت وانییە لەناو ئەوانیشدا پرۆژەی دیموکراسی لەئارادانییە؟

**د. فالح عەبدولجەبار**: پرۆژەی دیموکراسی پابەندنییە بە ئارەزووی هیچ پارت و لایەنێکەوە، دیموکراسی مانای ئەوەنییە دەسەڵاتدار ئەیەوێت دیموکراسیبێت یان لە بەرنامەیدا هەیە دیموکراسیبێت، بەڵکو دیموکراسی مانایئەوەیە دەسەڵاتدار ناتوانێت ببێتە دیکتاتۆر؛ هەوڵئەدات، بەڵام ناتوانێت. لە سیستمی دیموکراسیدا چەند بەهایەک لە کۆمەڵگ و دەوڵەتدا هەبێت بەسن بۆ ئەوەی دەسەڵاتدار لغاوبکات وبیبەستێتەوە. بەشێوەیەک کۆنترۆڵی ئەکات کە

لە ڕێگەی یاساوە لێیئەپرسێتەوە، گەر پێویستبکات لە ڕێگەی ڕایگشتی و ڕۆژنامەکان و گروپەکانی گوشار و پارلەمان ... هتد لە ڕێگەی هەموو ئەو دامەزراوانەوە باسیبکات و گەر لاساری بکات ئابڕویدەبات، لەدەرەوەی دامەزراوەکانیش ئەتوانێت بە خۆپیشاندانی شەقامەکان وەک شێوازێکی گوشار هەراسانیبکات. لێرەوە دیموکراسی پەیوەندی بە بەرنامەی ئەم یان ئەو حزبەوە نییە، بەڵکو سیستمێکی پەیوەندییەکانە لەسەرو ئیرادەی ئەو هێزانەوەیە.

**ئارام سەعید**: بە بۆچونی ئێوە بوونی دیموکراسی لەکوردستانی عێراقدا تاچەند بۆ گەلان و دەسەڵاتەکانی ناوچەکە گرنگە؟

**د. فالح عەبدولجەبار**: گرنگی زۆری هەیە، سەرەتا ڕێگە خۆش ئەکات و یاریدەدەرە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگا و نەتەوەی کورد (بناء المجتمع الكردي). نەتەوە وەک چەمکێک لەلای نوخبەی ڕۆشنبیران هەیەو بەو هەنگاوە دەبێتە واقیع. دامەزراوەکان، پارلەمان ئەوانەن کە هەموو نەتەوەی تیا کۆدەبێتەوە، بوونی سیستمی خوێندنی یەکگرتوو ئامرازی ڕاگەیاندنی چالاک سوپایەکی یەکگرتوو هەموو ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتی و حکومییانە بە بوونی سیستمی پەیوەندی ئەتوانین ناویان بنێین یاساکانی گواستنەوەی مادی (نظم الاتصال المادية) و یاساکانی گواستنەوەی ڕۆشنبیری (نظم الاتصال الثقافي)، بەبێ تێکەڵاوبوونی ئەو دوانە نەتەوە وەک بیرۆکەیەک لەمێشکدا ئەمێنێتەوە. گەر سەرنج بدەین دووری نێوان ئەو بیرۆکەیەی لەمێشکدایەو ئەوەی لە واقیعدا بەدیهاتووە زۆرە، بەڵام بەبونیادنانی دامەزراوەکانی نەتەوە ئەو دوورییە وردەوردە کەم ئەبێتەوە، دیموکراسی پێویستی بەسیستمی حوکمکردن هەیە، یاسای هەڵبژاردن، پارلەمان، سیستمی قەزایی یەکگرتوو، سیستمی پەروەردەی یەکگرتوو، هەموو ئەم دامەزراوانە ڕۆڵیان هەیە لە بونیادی نەتەوەدا. کەواتە دیموکراسی بوونیادنانی نەتەوە خێراتر ئەکات و ناسنامە ناوچەییەکان کەمتر ئەکاتەوە. بۆ نموونە ئەو دابەشبونەی ئێستای کوردستانی عێراق لایەنێکی پەیوەندی بەناسنامە ناوچەییەکانەوە هەیە، چونکە پارلەمان دامەزراوێکی گشتی هەموو نەتەوە ئەبێت و نەپارلەمانی سلێمانی بەتەنیاو نە کەرکوک و نە هەولێر نابێت بەتەنیا، بەڵکو پارلەمانی گەلی کورد ئەبێت کە دامەزراوێکی گشتییە. کاتێک سوپای کوردستان دائەمەزرێت ئەبێتە دامەزراوێکی گشتی. لەبەر ئەو هۆیانەی باسمکردن دیموکراسی لەکۆمەڵی کورددا لە کوردستانی عێراق پرۆسەی بونیادی نەتەوە لەسەر ئەرزی واقیع بەهێزئەکات و چەمکی

نەتەوە لەئومێدێکەوە ئەکاتە واقیع ئەمانەی تائێستا باسمکردن تایبەت بوون بەنەتەوەی کورد خۆیّ. سەبارەت بەناوچەکەش کاریگەری هەیە، لێرەدا نامەوێت تەنها وەک لێکۆڵەرەوەیەک قسەبکەم، بەڵکو وەک کەسێکیش کە بەشە عەرەبیەکەی عێراقی بەلاوە گرنگە. دیموکراسی لەکوردستاندا ئەبێتە نموونەیەک بۆ بەشە عەرەبیەکەی عێراق لەجیاتی ئەوەی لەبارودۆخێکدا بژی نەئازادی ڕۆژنامەگەری و رایگشتی تێدابێت نەدامەزراوەکان هەبێت، ئێستا لەژێر سایەی یەک حزبدا ئەژی تەنانەت یەک خێزان و عەشیرەتێکن زۆرجار یەک کەسیشە. بچووکترین بنەماکانی مافی مرۆڤی تیادا پیادەناکرێت، گرتنی ڕەمەکی و ئەشکەنجەدان و لەسێدارەدان بەربڵاون. جگە لەهەموو ئەمانەش هەموو سامانی نەتەوە لەدەستی گروپێکی بچوگدایە. ئایا ئێستا لەجیهاندا وڵاتیک هەیە خەڵکەکەی بودجەی وڵاتەکەی خۆی نەزانێت؟ لەساڵی١٩٨٠ وە هیچ عێراقییەک بودجەی وڵاتەکەی نازانێت. سامانی ئەم نەتەوەیە گروپێکی بچوک لەسەرەوە یاریپێئەکەن.

**ئارام سەعید**: بابێینە سەر مەسەلەی ڕۆشنبیران، بەبۆچونی ئێوە ڕۆڵی ڕۆشنبیران لەو ڕووداوانەدا چییە؟

**د. فالح عەبدولجەبار**: پیناسەی ڕۆشنبیر ئەوەیە یان بەرهەمهێنەری ڕۆشنبیرییە یان ڕۆشنبیری ئەگەیەنێت لەرێگەی خوێندن یان تێکست و نووسینەوە. بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیریش هەر لەرێگەی ئەو ئامرازانەوەیە. دامەزراوەکانی خوێندن و ئامرازەکانی تری بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیری وەک سینەما، شانۆ، مۆسیقا، پێشانگا شێوەکارییەکان، کتێب ... هتد. لەهەردوو شێوەکەیدا گەر بەرهەمهێنەر بێت یان گەیەنەر پێویستی بەسێ مەرج هەیە: یەکەم، مەرجی ئازادی، بەبێ ئازادی ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان و چارەسەرکردنیان، ڕۆشنبیری دیاریکراو ئەبێت. دووەم، بۆ ئەوەی ڕۆشنبیر رۆڵی خۆی ببینێت، پێویستی بە بوونی دەمەزراوەکانی زانیارییەکان وچارەسەرکردنی هەیە. سێیەم، ئامرازەکانی چارەسەرکردنی زانیارییەکانی لەبەردەستدا بێت. لەبەرئەوەی ڕۆشنبیری لە هەواوە نایەت؛ تەلەفزیۆن ملیۆنەها دیناریئەوێت، دامەزراندنی کەناڵێک پارەی ئەوێت، بەرهەمهێنانی شانوگەرییەک، فیلمێک، بڵاوکردنەویکاسێت، ئەمانە هەموویان پێویستیان بە پارە هەیە، کەواتە بەرهەمێکی مادیت پێویستە، ئەگەر ئەم بەرهەمانە لەدەستی دەوڵەتدا کۆنترۆڵبکرێت، ئەوا ڕۆشنبیریش ئەبێتە پاشکۆی دەوڵەت، ئەوەش ئەبێتە رێسایەک، ئەوانەی لەو رێسایە یاخیئەبن کەمینەن، بەڵام ئەگەر بارودۆخی ڕۆشنبیری ڕوو لە کرانەوە بێت ڕۆشنبیری لە دەست هەژموونی دەوڵەت

دامەزراوەکانی ڕزگاری بوو، ئەوا ڕۆشنبیری یاخی لە دەوڵەت ئەبێتە ڕێسای زۆرینە. ئەو ڕۆشنبیرانەی لەگەڵ دەوڵەت ئەبن، ئەبنە کەمینە. ئەرکی ڕۆشنبیر ئەرکێکی ڕەخنەگرانەیە، واقیع ئاشکرائەکات، لەبەر ئەوە زۆر پێویستە سەربەخۆیی خۆی بپارێزیت؛ ئەو دوورییەی نێوان خۆی و دەسەڵات بپارێزێت، گەر ئەو مەودایە نەپارێزێت ئەوا ئەبێتە پرۆپاگندەچی، تەنها وەک تەرمێک ئەمێنێتەوە، ڕۆشنبیرێکی شکڵی ئەبێت. ڕۆشنبیر ناتوانێ لە ناو دەسەڵاتدا هەڵوێست وەربگرێت، چونکە ڕۆشنبیری حاڵەتی خۆی هەیە. بۆ نموونە ژمارەیەکی زۆری دەرهێنەر، نوسەر لەسەردەمی یەکێتی سۆڤیەتدا هەرچەندە مارکسیبوون، دژی پارتی کۆمۆنیست و سیاسەتەکانی بوون، لەبەر ئەوە ژمارەیەکیان ئەشکەنجەدران و ڕووبەڕووی ئازاربوونەوە. بەبێ هێشتنەوەی ئەو مەودایە ڕۆشنبیری بەرهەمنایەت، ئەبێتە پرۆپاگەندەی جۆرێکی نەزۆک لە ڕۆشنبیری.

**ئارام سەعید**: ڕێگاچارەی فیدراڵی بۆ عێراق چۆن هەڵئەسەنگێنن؟

**د. فالح عەبدولجەبار**: ئەوە گونجاوترین ڕێگاچارەیە، چونکە بەداخەوە پەرەسەندنی مێژوویی ناوچەکە زۆر خراپ بووە، هەموو ئەو فاکتەرانەی تێدا کۆبۆتەوە کە کۆسپن لەبەردەم پرۆسەی بونیادی نەتەوەدا. یەکەم کوردستان بەسەر زیاتر لە وڵاتێکدا دابەشکراوە و ئەو وڵاتانەی کوردستانیشی بەسەردا دابەشکراوە دەسەڵاتی تاکڕەوییان تێدایە. دووەم چەند ناوچەیەکی وەک دیواری لێهاتووە و ئەمەش بۆتە فاکتەرێک و کۆسپی لەبەردەم گەشەسەندنی یاساکانی پەیوەندێکردنی ڕۆشنبیری (نظم الاتصال الثقافية) دروستکردووە کە بنەمایەکی بونیادی نەتەوەیە. نەتەوە تەنها قسەکردن نییە... نموونەیەکت بۆ ئەهێنمەوە، ئایا تۆ ئەتوانیت لەڕێگەی نووسینەوە لە کرمانجی تورکیا بگەیت.

**ئارام سەعید**: نەخێر

**د. فالح عەبدولجەبار**: بێگومان لەبەرئەوەی ئەو بەپیتی لاتینی ئەنووسێت و تۆش بە پیتی عەرەبی، لێرەوە پەیوەندی ڕۆشنبیری لەو ڕێگەیەیەوە پچرا. واتە پەتێکی پەیوەندیکردن پچرا و ئاڵوگۆری ڕۆشنبیری لە نێوان ئەو دووبەشەدا نەما. ئاڵوگۆری بازرگانیش نییە، هاتوچۆی مرۆڤەکانی هەردولا لە نێوان یەکتردا نییە، ئاڵوگۆری خزمەتگوزاری نییە، کاڵا، بیروبۆچونەکان ئاڵوگۆرناکرێت ... گەر ئەمانە هەمووی نەبێت چۆن نەتەوە بونیاد ئەنرێت؟ ئایا

بەزۆر بونیادی نەتەوە ئەکرێت؟ بەدیهێنانی ئامانجەکان و پێکهێنانی بونیادی نەتەوە پێویستی بە بنکەی تۆڕی پەیوەندی مـــادی و پەیوەندی ڕۆشنبـــیـــری و تێکەڵاوبوونیـــان لەرێگەیدامەزراوەکانەوە هەیە. لەبەرئەوە فیدراڵییەت بە بۆچونی من هەنگاوێکی گەورەیە و بەدیهێنانی بوونبادی نەتەوەیی کورد لە واقیعی بەدیهاتن نزیک ئەکاتەوە. هەنگاوێکی مەزنە و پێویستە بەرگریلێبکرێت . شەرمەزارییە بۆ سەدەی بیستەم و یەکێک لەپەڵە رەشەکانی ناوچەوانی ئەم سەدەیە ئەوەیە نەتەوەی کورد لەناویدابوو لێیهاتە دەرەوە بەبێ ئەوەی دەوڵەتی تایبەتی خۆی هەبێت، تەنانەت تیمۆری خۆرهەلات سەربەخۆییان بەدەستهێنا. گەر مێژوو یەک کەس بوایە، ئەوا ئەو شەرمەزاریەی ئەیبێت مەسەلەی کورد ئەبێت.

**ئارام سەعید**: لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵی نێودەوڵەتی بێدەنگییەکی بەرامبەر مەسەلەی کارەساتی ئەنفال و تەعریب هەبووە، بەبۆچونی ئێوە ڕۆشنبیرانی عەرەب ئەوەی لە ئەستۆیاندایە بەرامبەر ئەو مەسەلەیە کردویانە؟

**د. فالح عەبدولجەبار**: ئەمەش هەر پەیوەندی بەو تێکەڵاوبونەوە هەیە لە نێوان ڕۆشنبیر و دەوڵەتدا دروستبوە. توانای دەربڕینی ئازاد نییە، بەداخەوە کەرتێکی زۆری ڕۆشنبیران وەک کرێکاری خزمەتگوزاری ڕۆشنبیریی خۆی بە حکومەت ئەفرۆشێت. حکومەتی عێراقی توانی بەشێکی زۆریان بکڕێت، هەندێکی تر بەوەهمی مەسەلەی شەڕ لەگەڵ ئەمریکا و دژایەتیکردنی ئیمپریالییەت بەتایبەتی چەپەکان هەڵخەڵەتان بەتایبەتی ئەوەی سەدام جەنگ لەگەڵ ئیمپریالیەتدا ئەکات و پێیان وابوو ووروژاندنی مەسەلەی کورد شتێکی خراپە و مەترسییە لەسەر نیشتمانی عەرەب و پارچەپارچەی ئەکات و لەخزمەتی ئیمپریالییەتدایە و لەوجۆرە وەهمانە. من خۆم ئەم قسانە هەمووی بە ڕووپۆش ئەزانم و ئەوانەی ئەو ڕستانەیان ئەووت خۆشیان نازانن ئیمپریالیەت چییە، نازانن مەسەلەینەتەوەییچێیە ، ناشزانن واقیع چێیە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تیگەیشتنی باش بەرامبەر مەسەلەی کورد لەناو ڕۆشنبیرانی عەرەبدا هەیە لەزیاتر لەبوارێکدا ڕۆشنبیری چەپی عێراقی ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە. ڕۆژنامە عەرەبییەکان پڕن لە ووتاری لەوجۆرە و لێکۆڵینەوەو نووسین لەسەر کورد لەو بڵاوکراوانەدا زۆرن، کەنەک تەنها بەرگرییان لەو مەسەلەیە کردووە، بەڵکو مەسەلەکەش باسئەکەن و ڕوونیئەکەنەوە و وەڵامی ئەو بۆچونە هەڵانەش ئەدەنەوە کە لەسەر مەسەلەی کورد هەن. ئەوانە ڕۆشنبیرانی عێراق کەلەدەرەوەی ولات ئەژین و هەرچەندە تەلەفزیۆن و میدیامان نییە، بەڵام هێزی ووشەمان بەدەستەوەیە ئەویش پشتئەستوور بە ڕوونکردنەوەو باسکردن نەک دروشم،

چونکە دروشـمـەکان ئاسـانە: بژی، بروخـێ، ئەمـانە ئەو وشـانەن کـە هـەمـوو کـەس ئـەتوانێت بیانڵێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە بزانین ئەوە بۆ ڕاستە ئەوەی تریان بۆ هەڵەیە.

**ئارام سەعید**: پاش ئەوەی باسمان لە زۆرلایەنی دیموکراسی کرد، بابێینە سەر ئەوەی جیاوازی پەرەسەندنی دیمۆکراسییەت لەوڵاتێکەوە بۆ یەکێکیتر چۆن ئەبینن، بۆ نموونە لەهەندێک وڵات هاوڵاتیان دەستکەوتیان هەبووە و لەهەندێکیتر دەسەڵات دەستپێشخەری هەبووە؟

**د. فالح عەبدولجەبار**: سـەرەتا ئەمـەوێت بڵـێم زۆرکەس پێیـانوایە دیموکـراسی بیـرۆکـەیە، دیموکراسی بیرۆکە نییە، بەڵکو سیستمی پەیوەندییە کە لەنێوان خەڵکدا گەشەئەکات. یەکەم سیـستـمـی پەیوەندییـە لـە نێوان تاکـەکانی کۆمـەڵگادا بەوەی هـەمـوو هاوڵاتییـەک لەبەردەم یاســادا یەکـســانە بـەوێتـر، تـەنانەت لەڕووی سـامــان ولـە ڕووی بڕوانامــەو خـوێنـدنیـشــەوە جیاوازبن، لەیەکسانییەوە لەبەردەم یاســــادا دەســـت پێئــەکـــــات.

(one man one vote) هەر مرۆڤێک یەک دەنگیهەیە . دووەم سیستمی پەیوەندییە لە نێوان دەوڵەت و کۆمـەڵگادا. پاشـان سیـسـتـمی پەیوەندییـە لە نێوان ئامرازەکانی دەوڵەت خۆیدا، چونکە دەوڵەت کیـانێکی یەکپـارچە نییـە، بەڵکو دەسـەڵاتی قەزایی، دەسـەڵاتی یاسـادانان، دەسـەڵاتی جێبەجێکردن کە پێویستـە هـەردوو دەسـەڵاتی یەکەم و دووەم لەسێهـەم گرنگتربن. ئەم سـیسـتـمانـە هـەربەشـەی لـە دەوڵەت و لە شـوێنێک پەرەیسـەندووە، لەبـەرئەوەی مێـژووی وڵاتەکـان وەک یەک نـین. پەرەسـەندنی دیموکـراسی لـەپەرەسـەندنی نەمـریی ئـەچێت لە ئایینە فیرعەونییـەکاندا کە تەمـەنیـان لە شـەش هـەزار سـاڵ زیاترەح، لەئایینە میـسرییە کۆنەکاندا نەمریی تەنها بۆ فیرعەونییەکان بوو دواتر قەشـەکانیش یاخیبوون و داوای نەمرییان کرد، ئینجا مافی نەمری بەخشرا بە فیرعەونییەکان و قەشـەکان، پاشان خانەدانەکان یاخیبوون و داوای نەمرییان کرد و مافی نەمری بەخشرا بەوانیش، پاش چەندین سـاڵ کە بەهەزاران سـاڵ دەخـەمـڵێنرێت جـوتیـارەکان یـاخیـبـوون و داوای مـافینەمـریان کرد ئینجا مـافی نـەمـری بۆ هەمـووان بوو. ئەم پەرەسـەندنـەی مـافـی نەمریی لە یەک کـەسـەوە بۆ چەند کـەسێک و دواتر چینێک و ئینجا هەمووان لە پەرەسەندنی دیموکراسی ئەچێت.

سـیسـتـمی سیـاسی وەک دەزانن لە شـارەکـاندا گـەشـەیکردوە، لەناو خێڵ و لەگـوندەکـاندا سـیسـتـمی سیـاسی نەبووە، حکومـەتەکـان لەناو باوەشی شـارەکـاندا گـەشـەیکردووە. لێرەوە

شارەکان چەندین جۆری حکومەتیان تێدا دامەزرێنراوە، ئەمیان دیکتاتۆر ئەویان بیرۆکراسی، حکومەتی زۆردار، حکومەتی تاکەکەس ... هتد. هەروەها حکومەتی دیموکراسیش بەهەمان شێوە گەشەیسەند، بۆ نموونە لەسەدە دێرینەکاندا یەکەم حکومەتی دیموکراسی لە یۆنان دامەزرا، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی وورد تێیبڕوانین ئەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەو دیموکراسییە ژن لێیبێبەرییە. ئەسینا کە یەکەم شارە دیموکراسی تیا لەدایک بوو، یەکەم: مافی دەنگدان بۆ ژن نەبوو، دووەم: مافی دەنگدان بۆ کۆیلەکانیش نەبوو، سێهەم: پیشەوەرەکان مافیدەنگدانیان نەبوو، منالان وبێگانەکانیش مافی دەنگدانیان نەبوو؛ کەواتە ئەوانەی مافیان هەبوو تەنها پیاوانی خانەدانەکان بوون.

لە بەریتانیاش بەهەمان شێوە لەسەردەمی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتیدا دیموکراسی سەریهەڵدا(١) هەر مەملەکەتێک لەسەردەمی دەرەبەگایەتیدا پێکهاتبوو لەژمارەیەک دەرەبەگ، پادشاش یەکێک بوو لە دەرەبەگەکان کە پێیئەڵێن پریمۆس ئینتەر پاوس (الاول بين الاوائل) کە مانای ئەوەیە مافی بەسەریانەوە هەیە، بەڵام لە بەرامبەردا ئەرکیشی لەسەرە بەرامبەریان، ئەو ئەرکانەیان لە میساقێکدا نوسی بەناوی میساقی گەورە (ميثاق الاعظم) ئەمە لەسەدەی چواردەهەمدا بوو کە بە تۆوی یەکەمی دەستوور دادەنرێت و پەیوەندی نێوان خانەدانەکانی رێکخست. دواتر بەسەرهەڵدانی شارەکان و لاوازبوونی دەسەڵاتی دەرەبەگەکان، پارلەمان پێکهێنرا کە هەرسێ چینەکەی تێدابوو چینی سێهەم دانیشتوانی شارەکان بوون ئەوانیش پیشەوەران و بازرگانان بوون، بەڵام ئەمانە کاتێ مافی دەنگدانیان هەبوو کە موڵکیان هەبێت، ئەوەی موڵکی نەبوو مافی دەنگدانی نەبوو؛ ئەبوایە هەموو جارێک مافی دەنگدان بکرێت پارە بدات و دەنگکرێت. لەبەرئەوە بیرۆکەی هەڵبژاردن و نوێنەرایەتیکردن یان موحاسەبەکردنی حکومەت مەسەلەیەکی زۆر کۆنە. من پارە ئەدەم، یارمەتی دارایی حکومەت ئەدەم، تا خزمەتگوزاریم پێشکەشبکات، ئەو خزمەتگوزارییانەش بریتین لە پاراستنی مافی ژیان نەک هەریەکێک بە ئارەزوی خۆی ئەویدی بکوژێت. پێشتر مرۆڤەکان لە عەشیرەتدا ئەو مەسەلەیەیان چارەسەرئەکرد. کاتێ یەکێک ئەکوژرا، خزمێک یان ئەندامێکی عەشیرەتەکەی داوای خوێنەکەی ئەکرد، بەڵام لە دەوڵەتی هاوچەرخدا حکومەت و دەزگای پۆلیس ئەو ئەرکە لە ئەستۆدەگرن، نە عەشیرەت و نە خێل ئەو ئەرکە ناگرنە ئەستۆ. پاراستنی مافی ژیان ئەبێتە ئەرکی دەوڵەت و پاراستنی ناوچەکەش لەمەترسی دەرەکی و پاراستنی سامان و موڵکی هاووڵاتیان هەر لە ئەستۆی دەوڵەتدا ئەبێت، لەبەرامبەر ئەمانەشدا هاوڵاتی پارە ئەداتە دەوڵەت بۆ ئەوەی ئەو ئەرکانە جێبەجێبکات لەبەرئەوە هاوڵاتی ئەتوانێت لێپرسینەوە لەگەڵ دەوڵەتەکەیدا بکات.

ئەم پەیوەندییانە کە لە شارەکاندا پەرەیسەند ئەتوانین ناویبنێین پەیوەندییەکانی دەوڵەتی دیموکراسی. هەموو ئەم گەشەسەندنە نزیکەی حەوت سەدەی خایاند، زۆرکەس پێیانوایە دیموکراسی هەروا بەحازری هاتۆتە بەردەست. ئینگلتەرە کە وڵاتی گەشەسەندنی دیموکراسییە لە سەردەمی کرۆمویڵ لەسەدەی حەڤدەدا مافیدەنگدان تەنها بۆ دەوڵەمەندەکان بوو، کریکار و چینەهەژارەکان مافی دەنگدانیان نەبوو، تا ناوەراستی سەدەی رابردوو ( سەدەی نۆزدەهەم).

لە بەریتانیا دوای جەنگی جیهانی یەکەم ژنان مافی دەنگدانیان بەدەستهێنا. سەرنج بدە لەو وڵاتەدا هەر لەدەنگدانەوە تا رکەبەری ئاشتییانە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، هەروەها تا گفتوگۆ و هەموو ئەو رەگەزانەی ژیانی دیموکراسی پێکدەهێنن بە یەکجار نەهاتوون، بەڵکو قۆناغ بە قۆناغ گەشەیان سەندووە. دیموکراسی تەنها بریتی نییە لە مافی خەڵک بۆ هەڵبژاردن و دەستنیشانکردن، چونکە ناتوانیت دەستنیشانبکەیت ئەگەر خاوەنی زانیاری نەبیت، لێرەوە ئەوە دووپات ئەکەمەوە سەربەستی دەنگدان هیچ مانایەکی نابێت ئەگەر سەربەستی لە بەدەستهێنانی زانیارییەکاندا نەبێت، بۆ نموونە تائێستا لەیاسای بەریتانیادا ئەو برگەیە هەیە کە هەر بەیاننامەیەکی هەڵبژاردن بڵاوئەکرێتەوە پێویستە لەرادیۆو تەلەفزیۆن و رۆژنامەکاندا بڵاوبکرێتەوە و تەنانەت بەزمانی کەروڵاڵەکانیش، چونکە ئەوەی خوێندەواری نەبێت لە رۆژنامە ناگات. مەبەستم ئەوەیە پرۆسەی دیموکراسی پێویستی بە زۆر فاکتەرو کارکردن هەیە هەروەها پێویستی بە پەرەسەندنی مێژوویی گەورە هەیە.

**ئارام سەعید**: کەواتە لەبەردەم ئەم وڵاتانەی ناوچەکەدا بە تایبەتی وڵاتە عەرەبیەکان ئەو کۆسپانە چین کە رێگرن لەبەردەم پەرەسەندنی دیموکراسی، یان ئەوانیش پێویستیان بە حەوت سەدە هەیە تا ئەو قۆناغانە هەموویببڕن؟

**د. فالح عەبدولجەبار**: نەخێر، پێویستمان بەوەنییە ئوتومبیل دابهێنین، یان تەلەفون و ئەو تەکنەلۆژیانە لێرەش هەن. کۆمەڵ پێویستە لەبەرهەمی کۆمەڵگاکانی تر سود وەربگرێت، ئەم دەوڵەتانە تازەن، بۆ نموونە عێراق لەساڵی ١٩٢١ دامەزراوە کە ئەوکات دەوڵەت بێهێزبوو و توانای نەبوو کۆنترۆڵ بەسەرهەموو گەلدا بکات، نە لەرووی چەک وسوپاوە نەلەرووی داراییەوە. لەبەرئەوە لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا نزیکتربووین لەپەرەسەندنی دیموکراسی وەک لەئێستادا. یەکێک لەمەرجەکانی دیموکراسی دامەزراوەکانە ئەویش ئەوەیە بەرهەمهێنانی

سامان لەدەستی کۆمەڵدابێت ، دابڕاوبێت لەبواری سیاسی، پەیوەندی نێوانیان لەرێگەی باجەوە ئەبێت، جیاکردنەوەی دەسەلاتی سیاسی لەدەسەلاتی ئابووری کارێک ئەکات هەردولا لەحاڵەتی هاوکاریکردندا بن ئەگەر هەردووکیان (دەسەلاتی ئابووری و دەسەلاتی سیاسی) لەلای دەوڵەت بوون، ئەوا دیموکراسی نایەتەدی، چونکە ئەوکۆمەڵەی پارە ئەدات بە دەوڵەت ئەتوانێت لێبپرسێتەوە، بەلام ئەگەر دەوڵەت پارە بدات بە خەڵک ئەوا ناتوانن لێبپرسنەوە و وەک عەبدالرزاق عەبدولواحد قەسیدە ئەنوسی تا سەدام پارەت بداتێ. جیاکردنەوەیدەسەلاتەکانیش بە مەسەلەی بازاری ئازاد و ئازادی بازرگانی دێتەدی.

لە ولاتانی ئێمە وەزعێکی لەم شێوەیە هەبوو، دەوڵەتی عێراق لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا بودجەکەی زیاترلە ٪۹۹,۹ لە باجەوە بوو ٪۱۰۰ داهاتی کارگوزاری گشتی. دوای دۆزینەوەی نەوت و ئەو خۆماڵێکردنەی نەوت لەلایەن عبدالسلام عارف و دواتر بەعسییەکان فراوانیان کرد … لەبەرئەوە باج پشتگوێخرا و هیچ نەما، بەپێچەوانەوە دەوڵەت دەستیکرد بە بەخێوکردن و پارەدان بەچینەکانی ناوەڕاست و بەرهەمهێنەران… هتد.

لەبەرئەوە تێکەلاوبونی دەسەلاتی سیاسی و دەسەلاتی ئابووری بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسی وێرانکرد. بۆچی وای سبەسەرهات؟ لەبەرئەوەی نەوەی یەکەم لەسەرەتای سەدەدا نەوەیەکی لیبراڵیبوون، بەریتانیا و خۆرئاوا نموونە بەرزەکانیان بوون کە دەوڵەتیش دامەزرا شێوازێکی خۆرئاوایی هەبوو. پارلەمان، دامەزراوەکان هەبوون دەسەلاتی سیاسی و بەرهەمی سامان جیاکرابونەوە. لەبەرئەوە ئەو پارلەمانە کاری ئەکرد، بەلام گرفتی سەرەکیمان ئەوەبوو کۆمەڵی مەدەنی پێگەیشتوو نەبوو، عەشایەر و ئاغاوات و سیستمی خزمایەتی هەبوو، جیاوازبوو لە دەوڵەتی نوێی خۆرئاوا کە سیستمی تاکەکەس بوو نەک عەشیرەت و خزمایەتی؛ لەبەرئەوە ژیانی پارلەمانی لە عێراق جۆرێک لە گەندەڵی تێدابوو. نەوەیەک دروستبوو کە ڕقی لەو هەنگاوانە بوو کەنەوەی پەنجاکان نابوویان ( ئەو نەوەیەی کە شۆرشی یۆلیۆی میسر و شۆرشی تەموزی لە عێراق کرد. ئەمانەش زۆربەیان توێژەکانی ناوەراست بوون موڵکیان نەبوو. لەبەرئەوە ڕقیان لە چینی موڵکداری گەورە و دامەزراوەکانی بوو، جگە لەمانەش لە ڕووی مێژووییەوە ئەو نەوەیە تەواو بێئاگابوون. ئەم نەوەیە هەموو دامەزراوە پارلەمانییەکانی وێرانکرد و ڕوویان کردە کەرتی گشتی و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە تاکەکەسەوە درایەوە دەولەت، بەمەش هەردوو دەسەلات تێکەلاوبوون. لەجیاتی ئەوەی دامەزراوەکان ڕیفۆرم بکەن وێرانیان کردو لەناویان برد، چونکە هەڵە لە دامەزراوەکاندا نەبوو، بەڵکو لەوانەدا بوو کە

دامــەزراوەکـانـیـان بـەرێوە ئەبرد. دواتر ئەو شــۆرشـچـیـیـانە (کـە من وایان ناوئەنێم) کـە دەسەڵاتیان گرتەدەست، هەر خۆشیان پشتیان بە خزم و عەشیرەتەکانیان بەست. بۆ نموونە راپۆرتی کۆنگرەی نەتەوەیی هەشتەمی حزبی بەعس بخوێنەرەوە کە لەساڵی١٩٧٤ دا چۆن قسە بە عبدالسلام عارف ئەڵێن کە گوایە عەشایەر بووە و هەرگرنگی بە عەشیرەتی (جمێلات) داوە ئەمە بەراوردبکە بە گوتاری ١٩٩٢ کە چۆن سەدام گرنگی بە عەشایر ئەداو بە نەمرو زیندوو ناویان ئەبات. ئێستا دەوڵەت هەموو بەرهەمی سەرمایەی گەورەی لەدەستدایە و نزیکەی نیوە تا «٣/٤»ی بەرهەمی سەرمایەی ناوەندیشی لەدەستدایە. هەژموونی تەواوی بەسەر بەرهەمی رۆشنبیری و مادیدا هەیە، هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، رادیۆ، تەلەفزیۆن، رۆژنامە ... هتد. ئیتر چۆن پەرەسەندن ڕووئەدات.
زۆرکەس لە چەپڕەوەکان کەوتنە هەڵەوە کاتێک پێیان وابوو دەستێوەردانی دەوڵەت لە بەرهەمهێناندا کارێکی باشە. تەنانەت مارکسیەکانیش هەڵەیەکی گەورەیان کرد، چونکە تیۆری بنەڕەتی مارکس ئەوەیە چینی کریکار بەرهەم بەرێوەدەبات نەک دەوڵەت ئەمەش جیاواری هەیە دەوڵەت دەسەڵاتی سیاسییە، بەڵام چینەکان گروپێکی کۆمەڵایەتین. هەموو ئەو هەڵانەش لە بزوتنەوەکانی ئەمریکای لاتینییەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەویش سەرەتاکەی ئەگەڕێتەوە بۆ بسمارکی ئەڵمانی کەباسی دەوڵەتی خاوەن موڵک دەکات. ئەو بیرۆکەیەی کە توێژەکانی ناوەڕاست لە ناوەندی ئەم سەدەیەدا لە وولاتە عەرەبییەکان سەرکردایەتیان ئەکرد هەموو بونیادەکانی دیموکراسییان وێرانکرد و ئێستا ئاکامەکانی ئەم وێرانییە بە زۆربەی وولاتەکانەوە دیارە.

**ئارام سەعید**: گەر سەرنجێکی وولاتانی جیهانی سێهەم بدەین زۆربەی کات ناکۆکییەکان بە توندوتیژی چارەسەرئەکرێن پەنائەبرێتە بەر ئامرازی شەڕ وەک لەوەی بە گفتوگۆ ......

**د. فالح عەبدولجەبار**: خۆی دامەزراوەکانی دیالۆگ بریتین لە رۆژنامە، یان نوسینی بەیاننامە بۆ حکومەت، نموونەیەکت بۆ ئەهێنمەوە، لەسەردەمی پادشایەتیدا فەهد کە دامەزرێنەری «حشع» بوو، کە پارتێکی نهێنیبوو، نامەی بۆ سەرەک وەزیر ئەنووسی هەروەها سەندیکا و یەکێتی پیشەوەرانیش بەهەمان شێوە نامەیان بۆ ئەنوسی...

**ئارام سەعید**: تەنانەت ڕۆژنامەکان هەموویان ئەهلیبوون ...

**د. فالح عەبدولجەبار**: بەڵێ هیچ رۆژنامەیەکی حکومی نەبوو تەنها (الوقائع العراقية) نەبێت کە ئەویش یاساکان و بریارەکانی حکومەتی بڵاوئەکردەوە. هەڵبژاردن، پارلەمان، وەفدەکان، هەموویان دامەزراوی دیالۆگن. ئامرازی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانن بە شێوازی ووتوێژ، ئامرازی تر هەن کە تاڕادەیەک لەمانە توندترن ئەوانیش خۆپیشاندان و نارەزایی دەربرین، کە شێوازێکن بۆ داواکردنی خواستەکان. کاتێک هەموو ئەم دامەزراوانە بزر بن ئیتر چۆن کێشەکان بە گفتوگۆ چارەسەرئەکرێن، بەنەبوونی ئەو ئامرازانە خەڵک فێری کاری نهێنی ئەبێت. زۆربەی سەرکردەی پارتە سیاسییەکان بەرهەمی کاری نهێنین، فێری ئەوەبوون بۆ ئەندامەکانیان فەرماندەربکەن، ئەوەش شێوازێکی دیکتاتۆرییە، بڕیارەکان نهێنین … بریارەکانی هەموو لیژنە مەرکەزییەکانی ئەو پارتانەی ئەیانناسین نهێنین، کەواتە کێ گفتوگۆیان لەسەر بکات. لەگەڵ ئەمانەشدا باشتروایە کێشەکان لە پارلەمان و دامەزراوە مەدەنییەکاندا چارەسەربکرێن. بۆ نموونە لە کوردستان پارلەمانی کوردی ڕۆژنامەی کوردی، ریکخراو و سەندیکاکان هەن پێویستە لەو شوێنانە گفتوگۆبکرێت، پارلەمان نە موڵکی کاک مەسعودە نە موڵکی مام جەلالە، لەبەرئەوە پێویستە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لەلایەن ئەو دامەزراوانەوەبێت ئەگەر نا دەسەڵاتی قەزایی ئەبێت چارەسەریبکات. گەربەوانە چارەسەرنەبێت لیژنەیەکی سەربەخۆی چاودێری لەدەرەوە بهێنن، کەواتە ئەوەی بیەوێت ئاشتی بکات ئامراز زۆرە بۆ کردنی. لێرەدا پێویستە کۆمەڵ رۆڵی خۆی ببینێت، بەو دیوەدا گوشاربکات، چونکە گەر وانەکات ئەوا ئەزموونەکەی کۆتایی پێدێت. بۆ نموونە تۆ پرۆژەیەک سەرپەرشتی بکە ئیتر دەزگای چاپ بێت، یان پرۆژەیەکی خێرخوازی… هتد گەر هەموو لایەنەکانی ئەو پرۆژەیە بەناوی تۆوە ببەسترێتەوە، بەمردنی خۆت پرۆژەکە کۆتاییدێت، بەڵام گەر وەک دامەزراوێک بێت دارایی و ئامرازەکان تایبەتی نەبن، بەڵکو بەناوی دامەزراوەکەوە بێت ئەوا گەر هەموو دامەزرێنەرانیش بمرن پرۆژەکە هەر بەردەوام ئەبێت. پێویستە دامەزراوەکان گرنگییان پێبدرێت و بەهێزبکرێن بۆ خەڵک کە نوێنەری بەرژەوەندییە جیاوازەکانیانە و ئەندامەکان دێن و دەرۆن، بەڵام دامەزراوەکە ئەمێنێتەوە.

**ئارام سەعید**: سوپاس بۆ ئەو کاتەی بۆت رەخساندین.

**د. فالح عەبدولجەبار**: سوپاس بۆ ئێوەش.

**پەراوێز:**

١ـ بێگومــان دەربەگی خــۆرئاوا جــیــاوازە لە دەرەبەگی خــۆرهــەڵات، چونکە دەرەبەگ لە لە خۆرئاوا پشتاوپشت ئەمایەوەو جێگیربوو هەموو دەرەبەگێک قەڵای خۆی هەبوو هەوڵی ئەدا پێشیبخات، لەبەرئەوەی منداڵەکانی خۆی شوێنیان ئەگرتەوە. لەلای ئێمە دەرەبەگ پشتاوپشت نەبوو هەروەها جێگیر نەبوو، پێئەچێت لەبەرئەوە بووبێت کشتوکاڵیان پشتی بە باران بارین بەستووە، بەڵام ئێمە بە ئاودێری. د. فالح .

# خوێندنەوەیەک
# لە دەمامکە فەلسەفییەکانی ئیسلامی سیاسیدا

**بەختیار عەلی**

یەکێک لەو باسانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا زۆر بەرچاودەکەوێت، قسەکردنە لەسەر ئیمان وەک بناغەو دامەزرێنەرو ڕاگری کۆمەڵگا، ئەم گوتارەی کە پێیوایە بوونی کۆمەڵگا بە بوونی یەک شێوە ئیمانەوە گرێدراوە لەوەوبەر تەنیا پیاوانی ئایین و مامۆستا دینییەکان بڵاویاندەکردەوە، بەڵام ئەمڕۆ لەوە دەرچووە تەنیا مادەی وتارە ئاینییەکان بێت، بەڵکو بۆتە سەردێڕێک هەندێک ڕۆشنبیری ئیسلامی گوتاری فیکری خۆیانی لەسەر بونیاددەنێن. تا ئەو شوێنەی کە ئەم گوتارە قسەکردنە لەسەر بایەخی ئیمان و گرنگی بۆ یەکێتی ناوەکی ئوممەتی موسڵمان، گوتارێکی ئاسایی و دێرینی ناو فیکری ئاینییە کە لە منداڵییەوە گوێمان لێیدەبێت و هەڵگری مانایەکی تازە نییە، بەڵام کە هەوڵدەدرێت ئەم گوتارە بە هەمان ناوەڕۆکی سادەو ئینشائیانەی خۆیەوە وەک گوتارێکی ڕۆشنبیری لە ناوکۆییەکی فەلسەفیدا و وەک بەرەنجامی ئێشی ئەو ناوکۆییە بخرێتە ڕوو، ناچارین پتر لە مانای پشت ئەو گوتارەو وەزیفە ئایدۆلۆژییەکانی لە ئێستادا بڕوانین. دواهەمین دەرکەوتنەی گەورەو سەرهەڵدانەوەی گرنگی ئەم گوتارە لە نوسینەکانی ئەم دوایەی برای نوسەر فاروق ڕەفیقدایە، کە دەکرێت وەک نوێنەری نوێ و هەرەتوندڕەوی ئەو ئاراستەیە تەماشابکەین کە بوونی کۆمەڵگاو بوونی کورد بە فاکتەری ئیمانەوە گرێدەداتەوە، هەوڵیشدەدات ئەم هەوڵە لە سنوورە تەقلیدییەکانی گوتاری دینی ڕزگاربکات و بیخاتە سەر زمانی فیکر و فەلسەفە. تا ئەو شوێنەی ئەم گوتارە بەشێکە لە پێکهاتی فیکری دینی، بەشێکە لە تێگەیشتنی کۆمەڵایەتیانەی دین، بەشێکە لە پڕۆژەی سیاسی دین بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا ئەم گوتارە لە شوێنی ئاسایی خۆیایەتی، لە ناو دونیابینی خۆیایەتی، بەشێکە لە ئایین و لە ناو ئاییندا وەردەگیرێت و لەویادا دەخوێنرێتەوە، بەڵام ئەمڕۆ ئەم گوتارە دەیەوێت سنووری فیکری دینی ببەزێنێت و خۆی وەک گوتارێک نیشانبدات کە کورتکراوەو خولاسەی ئەزموونی مرۆڤەکانیشە، وەک گوتارێکی زەنگینکراو و پەچەپۆشکراو بە زاراوەی فیکری و فەلسەفی دێتەپێشێ، گوتارێکە دەیەوێت لە ڕێگای کەناڵێکی نائاینییەوە گوتارەکانی فیکری دینی بەرهەمبهێنێتەوە. واتە دەبێتە ئەو هۆکارەی لە ڕێگایەوە فیکری دینی شێوەو سیپاڵی خۆی دەگۆڕێتە سەر گوتارێکی دونیایی ، ئیدی ناوی

خۆی نانێت دین، ناوی خۆی دەنێت فەلسەفە، ناوی خۆی نانێت فەرمانی ئیلاهی، ناوی خۆی دەنێت فەرمانی عەقڵ، ناوی خۆی نانێت ئیمان، ناوی خۆی دەنێت حەقیقەت.

گوتاری ڕۆشنبیریی مەرجەعییەتێکی دونیایی هەیە، ڕیشەی لە ئەزموونی مرۆڤەکاندایە، لە بەرابەر تێکستی دینییدا هیچ جۆرە ڕەهایەکی هەڵنەگرتووە، هەر کاتێکیش بووە هەڵگری موتڵەق دەچێتە ڕیزی تێکستە دینییەکانەوەو گرفتی ئەوجۆرە تێکستەش دەژی.

فیکری دینی لە هەموو قۆناغەکانیدا پێویستی بە گوتارێکی ڕۆشنبیری هەبووە شانبەشانی خۆی دونیابینی ئایینی لە بەرگێکی دیکەدا بۆ بەرهەمبهێنێتەوە، لە هیچ سەردەم و زەمانێکدا فیکری دینی بەتەنیا بەبێ کۆمەکی سیستمێک گوتاری دیکە نەژیاوە. واتە لە ناو فیکری دینییدا خواستێکی ناوەکی هەیە دەیەوێت ئەحکامەکانی ئایین لەبەرگێکی دیکەدا بەرهەمبێتەوە. وەک چۆن پیاوانی ئایین پێمان دەڵێن هەر دەستکەوتێک زانست ئێستا بەدەستی دەهێنێت، پێشتر لە کتێبە ئاسمانییەکاندا نوسراوە، بەهەمان شێوە دەیانەوێت ئەوەش بسەلمێنن ئەزموونی ژیان و بیرکردنەوەو تێرامانی مرۆڤەکان لەدواجاردا هەر ئەو گوتارە بەرهەمدەهێنێتەوە کە فیکری دینی پێشتر بەرهەمیهێناوە.

گۆڕینی گوتاری دینی بۆ گوتارێکی ڕۆشنبیری پرۆسەیەکە فیکری دینی لە ڕێگایەوە پێماندەڵێت فەرموودەکانی خالیق و ئەزموونی مرۆڤەکان یەکشتن، هەردووکیان لەیەک جەمسەردا یەکدەگرنەوەو هەردووکیان لەدەرەنجامدا تەبان. لێرەوە ئەوەی مرۆڤە عاقڵەکان پێیدەگەن و ئەوەی پەروەردگار ناردویەتی... ئەوەی دین دەیڵێت و ئەوەی ڕۆشنبیرانیش دەیدۆزنەوە جیاوازیان نییە و هەردووکیان یەکشتن، شتێک هێندە ڕوون و بەڵگەنەویستە گومانکردن لێی تەنیا گومانکردن نییە دەرهەق بە خودا، بەڵکو گومانکردنە دەرهەق بەعەقڵیش، نەفیکردنیشی بەشێک نییە لە پرۆسەی گەڕان و دۆزینەوەیەکی تر، بەڵکو نەرێکردنی حەقیقەتێکە کە حوکمەکانی دین و ئەزموونەکانی دونیا سەلماندویەتی و گومان قبووڵناکات. لێرەوە هەر ئینکارکردنێک بۆ ئەم گوتارە کە هەمیشە خۆی لە پشت چەمکگەلی «حەقیقەت»ەوە دەشارێتەوە، وەک ئینکارکردنی خودی حەقیقەت وێنادەکرێت، هەموو قسەکردنێکیش لەسەر ڕێژەداری «نسبییەتی» حەقیقەت لای هەڵگرانی ئەم بۆچوونە بە شێوەیەکی هیستیری مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، چونکە چەمکی حەقیقەت لای ئەوان بریتییە لەو هاوجووتی و هاومانایییەی لە نێوان حوکمەکانی دین و ئەزموونەکانی دونیادا هەیە. کە ئەو دوانە تەبابوون ئیتر مانای چی قسە لە ڕێژەداری حەقیقەت بکەین و باوەڕ بە ڕەها ئاسمانییەکان نەهێنین؟

گۆڕینی گوتاری ئیمان لە گوتارێکی دینییەوە بۆ گوتارێکی ڕۆشنبیری، پەیام و ناوەڕۆکی هەندێک لەو برا ڕۆشنبیرانەیە کە ئەمڕۆ پەلامارێکی توندی پێکهاتی ڕۆشنبیری کوردی دەدەن، نەوەک لەبەرئەوەی ئەم ڕۆشنبیرییە لە ناوەوە بەدەست لاوازی و کەمخوێنییەکی مەعریفی قووڵەوە دەناڵێنێت، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەم ڕۆشنبیرییە ئیسلامی لەبیرکردووە، خودای فەرامۆشکردووە، ڕابوردووی بە شکۆی خۆی لە بیرچۆتەوە، کە بە دیدی ئەم ڕۆشنبیرە ڕابوردوویەکی ترسناکی شکست و بێدەنگی و ئیفلیجی نییە، بەڵکو ڕابوردووی شەهامەت و شەرافەت و جوامێرییە.

خودی ئەم گوتارە کە لە جەوهەردا لەسەر ڕیزێک هەڵەی کوشندە بونیادنراوە، هەوڵێکی نوێ و مێژوویی فیکری دینی ئاشکرادەکات، ئەمجارە نەوەک لە ڕێگای مزگەوت و فەتواو حیزبەوە بێتە دەرێ، بەڵکو وەک بزاوتی ئیسلامی لە ئێران و میسر و تورکیادا لە هۆڵەکانی زانکۆو لەزاری ڕۆشنبیرە ناسراوەکان و لە بن جبەی ئەکادیمییەکانەوە بێتەدەرێ.

ئەم گوتارە مێژووی کورد سادەدەکاتەوە بۆ بەراوردێکی بچوک لە نێوان ئێستای «لێکترازان» و پارچەپارچەبووندا، بەرابەر ڕابوردووی پڕ ئیمان. ئێستای نزم و نەخۆش بەرابەر جارانی پڕ پیاوەتی و کەڵەمێردی. ئەوەی سەیرە لەم گوتارەدا ئەوەیە ئەگەرچی خاوەنەکانی هەوڵدەدەن بە زۆر زەمینەی فەلسەفی بۆ دروستبکەن، بەڵام لە قووڵاییدا دەکەونە ناکۆکی گەورەوە، ئەمانە چەمکی جوامێری لە نیتشە وەردەگرن، کە بەڕای نیتشە بەشێکە لە ئەخلاقیاتی ئەو بوونەوەرەی لە ئاکاری عەبدانە ترازاوە «ئاکارێکی عەبدانە کە لای نیتشە مەسیحییەت ڕۆڵێکی مەزنی هەیە لە دروستکردنیدا» ئەم چەمکە لە هەموو مانا فەلسەفییەکانی دەکەنەوە، ئەو شەهامەتە کە پۆلی پێچەوانەی ئەخلاقی دینییە، لە چنگی نیتشە دەردەهێننەوەو دەیکەنەوە بە موڵکی دین. واتە گەر لە ڕوانگە نیتشەییەوەکەوە تەماشای ئەم گوتارە بکەین، بریتییە لە فرۆشتنی ئەخلاقیاتی کۆیلە بە ناوی ئەخلاقیاتی کەسانی سەروەرو سەردارەوە. لای نیتشە «جوامێر» نمونەیەکی پێچەوانەی کەسی مەسیحییە، بەڵام لای هەڵگرانی ئەم گوتارە کەسی جوامێر، سوارچاکێکی ئیماندارو دڵسۆزە بۆ ڕابوردوو، نەوەک «دڵسۆزی زەوی» نییە، «وەک نیتشە بانگەشەی بۆدەکات» بەڵکو هەمیشە چاوی لە ئاسمانە، وەک نیتشەش هەڵگری بانگەوازی «وەگێڕانی نرخی هەموو نرخێک» نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەڵگری بانگهێشتی «پاراستنی نرخی هەموو نرخێکە».

دابەشکردنی مێژووی ئێمە بۆ شەهامەتی لەدەستچووی جاران و ئێستای لێکترازان، بۆ جارانێک کە مەکتەبە دینییەکان «ئسوڵی فقە» یان تیا دەخوێند، «عیلمی کەلام»یان تیا شەرحدەکرد، تا ئەمڕۆیەک کە زانستە تازەکان خەڵک گەمژەدەکەن و زبڵی مۆدێرنە

بڵاودەکەنەوە!! بریتییە لە شێواندنێکی کوشندەی وێنەی جاران و وێنەی ئێستاش. ئاشکرایە جارانی ئێمە، جارانی شەهامەت و کەڵەمێردی نییە، بەڵکو دونیای شەڕە بچوک و خێڵە بچوک و لێکترازانە گەورەکان بووە، ئەم بۆچوونە یان دەرەنجامی بێئاگاییەکی کوشندەیە لە مێژووی جارانی ئێمە، یان ستایشێکی سادەو نۆستالژیانەی ئەخلاقی فیودالییە، یان تێکەڵاوبوونی هەردووکیانە لەیەکەیەکی فیکریدا. وشەی شەهامەت لەم فەرهەنگەدا دەرەنجامی لێکدان و تێکەڵکردنی ئەخلاقی فیودالییە بە ئەخلاقی ئیسلامی. ڕاستە شتێک نییە ناوی دینی فیودالی و دینی مۆدێرن بێت، بەڵام ڕەهەندێک لە دیندا هەیە ستایشی ئەخلاقی فیودالی دەکات، ڕەهەندێکیش هەیە کە لەگەڵ تازەکردنەوەی دونیاو تازەکردنەوەی عەقڵ و تازەکردنەوەی ژیاندایە. ڕەهەندێک لە دیندا هەیە دەیەوێت دونیا بە زۆر لەگەڵ خۆیدا بگونجێنێت، ڕەهەندێکی دیکەش هەیە دەیەوێت لەگەڵ دونیادا بگونجێت. بەڵام کە تۆ زاراوەی «شەهامەت» کردە زاراوەی پێوەر بۆ دابەشکردنی قۆناغەکان و سەردەمەکان. ناکرێت بڵێیت ئەمە ستایشی بەهاکانی فیودالییەت نییە. لە ناوەڕۆکی ئەم گوتارەدا ئیسلام و پیاوەتی بەیەکەوە گرێدراون، دەرەنجامەکەش ئەوەیە دەستبەرداربوون لە ئیسلام دەستبەرداربوونە لە پیاوەتی، دەستبەرداربوونیش لە ئیسلام و پیاوەتی دەستبەرداربوونە لە ئیمان، دەستبەرداربوونیش لە ئیمان مانای کۆمەڵگای دابڕان و لێکترازان. دیارە ئیدی پێویستیمان بە چ قووڵییەک نییە تا ئاسۆکانی دی و جەوهەرەکانی دی ئەم بۆچوونە بخوێنینەوە، خودی ئەم گوتارە بۆ ئەوەی خۆی سەقامگیربکات، دەبێت ئەو گوناهبارانە بدۆزێتەوە کە کورد و ئیسلامی لەیەککردووە، دواتر کوردو پیاوەتی بەیەک نامۆکردووە، دواتریش کوردی گۆڕیوەتەوە سەر کۆمەڵگایەکی لێکترازاو. ئەم گوناهبارانەش لیستێکن بەردەوام دەکرێت دەستکاریبکرێن، بەڵام هەرچۆنێک دەستکاریانبکەین، کۆمەڵێک ڕەگەز بە نەگۆڕی دەمێننەوە وەک «ڕۆشنبیران» «مۆدێرنە ـ پۆست مۆدێرنە» « خۆرئاوا» «ناسیونالیزم ـ مارکسیزم». لە ڕاستیدا ئەم گوتارە کە درێژکراوەو بەرجەستەبوونی سادەترین ڕەگەزەکانی ناو دینە « دین کاتێک خۆی وەک دوژمنی ڕۆشنبیریی، دوژمنی تازەکردنەوە، دوژمنی زانست، دوژمنی جیاوازی وێنادەکات»، نەوەک دینێک کە هەوڵدەدات خۆی لەو دوژمنایەتیانە پاکبکاتەوە. هەوڵدەدات ئەو شیوەنەی کە بۆ لاوازبوونی دەسەڵاتی ئیسلامی دەیگێڕێت، لە بەرگێکی دونیایدا بخاتە ڕوو، واتە لە گوتارێکی ئیسلامی سیاسییەوە بۆ گوتارێکی ڕۆشنبیری و فیکری سەر بە ژیانی مەدەنی شێوەگۆڕی بکات. ئیسلام لەم گوتارەدا بە کۆنزەرفاتیفترین شێوەو مانا بەکاردەبرێت (لێرەدا نامەوێت قسە لەوە بکەم چۆن هەندێ لە خاوەنی ئەم گوتارانە بۆ تێپەڕاندنی نوسخە ئیسلامییەکەی کۆنزەرفاتیفییەت دەکەونە ستایشی کۆنزەرفاتیزمی خۆرئاوا، بە هەموو ئەو ناکۆکییە

کـوشندانەوە کـە ئەم بەراوردە دەیـهـێـنێـتـە ناو وتـارەکـەیانـەوە، بە هـەمـوو ئەو جـیـاوازییـە بێسنوورانەوە کە لە نێوان کۆنزەرفاتیزمی ئیسلامی و کۆنزەرفاتیزمی خۆرئاواییدا هەیە) .
تاکـە دەسـتکارییـەکی بچـوکی ئـەم گـروپە بۆ گـوتارە دینییـە تەقلیـدییـەکـان لـە یەک خـاڵدا دەبینرێتـەوە، نوێنەرانی ئیـسلامی سیاسی کە قـسـە لە پاشـاگـەردانی کۆمـەڵایـەتی دەکەن، سـەرەتا قسـە لەو مەترسیانـەدەکەن کە لەسەر ئیسلامـە، قسـەیان لەو هـەڕەشـانەیە کە لەسـەر خودی ئاینـەکەیە، ئیدی بزوێنی یەکەمی چالاکی سـیاسـیان بـەرگریکردنە لە ئیـسلام. بەڵام ئەوانەی نیـوەی دووەمی ئەو گوتارە تەواودەکەن، ئەوانەی کـە ئەم گوتارە لە شـێوەی گوتارێکی ڕۆشنبیری و فیکریدا دەخەنەڕوو، ڕاسـتەوخـۆ لە دینەوە دەستپێناکەن، بەڵکو غەمـەکانیـان لە بەرگـێکی دیکەدا دەخــەنەڕوو، ئەمــان ناتوانن وەک مـامـۆسـتـایەکی ئاینی کـە خـوتبـە بۆ ئیــمـانداران دەدات، لـە ترســەوە دەرهەق بە ســاغ وســەلامــەتی ئـایین قــســەبکەن، بەڵکو وا نیشـاندەدەن کـە حەسـرەت و گـەڕانەوەیان ڕووەو ئایین دەرەنجـامی سـەرەنج و تێڕوانینیـانە لە واقیعەکانی دیکە، واتە هەمان ئەو گلەییە شـەرعیانە بەکاردەهێننەوە کە هـەموو هـەمانە، سکاڵا لە دۆخی ڕۆشنبیری، لە بارودۆخی گـەنجـان، لە هـەڵوێسـتی حیـزبە سـیاسـییـەکان، لە هـەڵەی سەرکردەکان، لە باری ناهەمواری نەتەوەو پارچەپارچەبوونی، لە مـەترسی و هێرشی بەردەوام بۆسـەر ئازادییـەکان، لـە قـەیرانی ئیرادە، لە کـەمتـەرخـەمی و ناجـیدییـەت... ئەوان هـەمـوو ئـەم ڕاسـتـیـانـە دەخـەنەڕوو، بەمــەبەسـتی ئەوەی لە دواجــاردا بڵــێن هۆی ئەم لێکتــرازان و پارچەپارچەبوونانە بە میـتۆدەکـانی سـەر بە مۆدێرنـەو سـەر بە سـۆسـۆلۆگیـاو دەروونناسـی و زانسـتـە مـادییـەکان شـیناکرێنەوە، چونکە ئەمـانە خـۆیان باوکی عـەدەمییـەتن، بەڵکو بەوەدا کۆمـەڵگا خـۆی «کۆبوونەوەیەکی میـتافیزیکیـە!!» تاکە فـاکتـەرێک ئێمـە ئازادبکات فـاکتـەری ئیـمـانـە، بۆئەوەی فـاکتـەری ئیـمـانیش لە کۆپییـە دینییـە ڕووتـەکەی ڕزگـاربکەن، دەکـەونە تێکەڵاوکردنێکی ترسـناکی فیکری سوفی بە فیکری هـایدگەری، بە ڕیزێک بارگەی عـاتیفی ناو فیکری ناسیونالی، بە وێناکردنی سریالی و ئەپۆکالیپتیسی دۆخی کەینونی مرۆڤ و نەتەوەی کـورد. بەزمـانێک زیاتر لـە زمـانـی ئەو مـونەجـیـمـانە دەچێت کـە زەنگی کـۆتـایی دونیـاو نزیکبوونەوەی قیامەت لێدەدەن، زمانێک بایەخدان بە ئینسـان و ئازادییە تاکەکەسییەکان وەک خواست و ویستی بازاڕی دەشـوبهێنێت، مرۆڤی کـورد تا دواپلە نزمـدەکاتەوەو دەیگەێنێـتـە ئاســتی ئاژەڵێک و مـێـروویەکی گـەمـژەو دواتـریش پێــیـدەڵێت، ســەیریکە تۆ چۆن لـە ناو خۆبەکەمزانین و بچوکی خۆتدا نوقمبوویت و تاکە چارەت ئەوەیە تێبگەیت ئەو خۆ بەکەمزانینە ، گوناهی ئەوانەیە کـە لە مـاڵـی خـۆت و کـەینونەی خـۆت هـەڵیانکەندوویت، ئەوانەی شـتت لە دەرەوە بۆ دەهێنن، بۆ ئەوەی مــەزنـی بوونی خـۆت و شکۆی ڕابوردووی خـۆت لە ئێـســتــادا

زیندوونەکەیتەوە و لە زەلکاوی «خۆلەبیرکردن»دا نوقمبیت. دیارە لە پاڵ ئەم گوتارەوە کە هەوڵدەدات زۆر ئەبستراکت و فەلسەفی دەربکەوێت، هێرشێکی هاوتەریب هەیە بۆ سەر مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنەو بەشی هەرەزۆری ئەو کولتوورە فیکرییەی دەچنە ژێر خانەی ئەم دوو بەریانەوە، حەتمەن لێرەشدا لاهووتییەکان و بیریارانی مەسیحی، کە پێشەنگی ئیمانی مەسیحیین دژ بە عەدەمییەتی مۆدێرنە هەر بەرز دەنرخێنرێن. ئەوەشمان بیرنەچێت کە زاراوەگەلی عەدەمییەتی مۆدێرنە هێندە گشتی و دەستنیشاننەکراو بەکاردەبرێت لە دواجاردا دەکرێت وەک وشەیەکی مەجازی بۆ ڕەتکردنەوەی بەشی هەرە زۆریٔ کولتووری خۆرئاوایی تەماشابکرێت، ئەو بەشە نەبێت کە خاوەن ئەم گوتارە دەتوانێت بۆ مەبەستە دینییەکانی لە تێکستەکانی خۆیدا سەوزیبکات.

ئەم گوتارە کۆی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی مرۆڤی کورد بەیاندەکات و دەیگێرێتەوە بۆئەوەی ئەم مرۆڤە چیدی «قەلەقی میتافیزیکی» نییە، قەلەقێک «ئیمان» هەوێنێتی و ئیمان دەرمانیشێتی. واتە ڕیشەی هەموو کێشە دونیاییەکانی ئێمە دەگێڕنەوە بۆ ڕەگەزێکی میتافیزیکی بارکراو بە هەندێک زاراوەی هایدگەری و ئەفلاتونی، میتافیزیکایەک ئەگەرچی باس لە قەلەق دەکات، بەڵام مەبەستی لە ئیمانە. کە باس لە قەلەق دەکات، قەلەقی ڕزگاربوون نییە لە دۆگماکانی ئیمان، بەڵکو قەلەقی یەکێکە ئیمانی خۆی دۆڕاندووە و دەبێت دووبارە بیدۆزێتەوە، قەلەقی یەکێک کە بەیەک ئاڕاستە دەجوڵێتەوە، یەک قەلەق لەلای ناوی قەلەقی ڕەسەنە، ئەویش ئەوجۆرە قەلەقەیە کە وەڵامی بانگێکی غەیبی دەداتەوە، بانگێک کە موتوربەکردنێکی زۆرەملێ و کۆنەکراوەو نەگونجاوی چەمکی «بانگی ئیمان»ی ئیسلامی سیاسییە لەگەڵ «بانگی وجود»ی هایدگەریدا، کۆکردنەوەیەک کە لەبەرکەمی ڕووبەری تیوریزەکردن، دواجار دەبێتە کەناڵی گەڕانەوەی شێوە هەرە تەقلیدییەکانی ئیمانی ئایینی. ئیدی شێوەکانی دیکەی قەلەق لە فەرهەنگی ئەم نوسەرانەدا، دەبنە شێوەی ملهوڕانەی قەلەق... قەلەقی فەیلەسوفە نادینییەکان، قەلەقی داهێنەرەکان «ئەوانەی قەلەقیان ناچێتە ژێر خانەی قەلەقی میتافیزیکیەوە»، قەلەقی تازەگەران و ئاڤانگاردەکان، گومان و پرسیاری سەدان داهێنەری پۆست مۆدێرنە. قەلەقی شاعیرەکان، قەلەقی زاناکان، ئەمانە قەلەقی زۆڵن، چونکە لەو شێوە ڕۆحانییەتدا کۆتاینایەن کە خاوەنەکانی ئەم بانگەوازە دینییە بانگەشەی بۆدەکەن.

ئەوەی سەیرە لەم عەقڵییەتەدا ئەوەیە گەڕانەوە بۆ ئیمانی دینی کە لە ژێر پەردەی ڕەسەنایەتیدا ئەنجامدەدرێت بە بەشێک لە ڕۆحی جەنگاوەرانە دەزانێت. کەچی بەودیودا کۆی

هێزە چالاکەکانی کۆمەڵگای ئێمە کە دژی ئەم شێوە ڕۆحانییەتە پاسیفیستەن، کە لەگەڵ گۆڕانی ناوەکی ئەو کۆمەڵگایەدان، لەگەڵ کرانەوەدان، لەگەڵ دەرچووندان لە زوڵوماتی ڕابوردوو، هەموو ئەمانە بە هێزی کۆلۆنیالیزەکراو ناودەبات، یەک ئەخلاقیش لەلای ئەخلاقی سەروەرە، ئەویش ئەخلاقی ئەوانەیە شەهامەت و جوامێری جاران زیندوورادەگرن. گەر لە ڕاستیدا بڕوانین ئەمە جگە لە فرۆشتنەوەی کۆیلەیەتی لە ژێرناوی ئازادی ڕۆحیدا هیچی دی نییە. پەیامی پشت ئەم گوتارە هەر ڕاگەیاندنەوەی بنەما سەرەکییەکانی ئیسلامی سیاسییە «کەوەک هەموو ئایدۆلۆژیا تۆتالیتارەکان» خۆی بەهەڵگری ئیشراقاتی ڕۆح و تەقینەوەی تواناکانی عەقڵ دەزانێت کە لە ژێر چاوەدێری «عینایەتی ڕەبانی»دا دێتەدی.

ئەم هەوڵە لە جەوهەریدا هەوڵێکە ناتوانین لە سیاقی ئیجتیهادی فەلسەفی و هەوڵی تیوریدا بۆ کردنەوەی ڕەهەندێکی دی لە ڕۆشنبیری ئێمەدا تێیبگەین، ئەمە هەوڵێکی جیدی ئیسلامی سیاسییە بۆ خۆ بەرهەمهێنانەوە لە ئاستی فیکردا . ئەمە لە جەوهەریدا گوتارێکە دەیەوێت بەهەرنرخێک بووە دین لە گوتارێکی دینی ڕووتەوە ئازادبکات و بیخاتە سەر زمانی فیکری مۆدێرن، گە وردتریش قسەبکەم دەیەوێت بیخاتە سەر ئەو شێوە زمانە فیکرییەی کە کەم تا زۆر خوێنەرە جیدییەکانی کورد ئەمڕۆ ڕێزی لێدەگرن. هەر ئەو سووربوونەش وایکردووە خاوەنەکانی تووشی چەندین کێشەی میتۆدی گەورە ببن «دیارە من نامەوێت بچمە ناوەوەو لەو هەموو ناکۆکییە کوشندانە بدوێم کە لاپەڕە لاپەڕەی تێکستەکان هەڵیدەگرن، هیوادارم ناچاریش نەبم ئەو کارەبکەم»، بەڵام ئایا فیکرێک چەمکە دینییەکان توانای بیرکردنەوەیان کۆنترۆڵ نەکردبێت، دەشێت بتوانێت کۆی میتۆدە نوێکانی خوێندنەوەی کۆمەڵگا بخاتە تەنەکەی خۆڵەوەو بە عەدەمییەتی مۆدێرنە ناویانبەرێت، بەڵام کە قسە لە کێشەکانی کۆمەڵگای کورد دەکات بگەڕێتەوە بۆ ئۆگۆستین و قەیرانەکانی کۆمەڵگای کوردی بەو هۆیانەی بشوبهێنێت کە ئۆگستین بۆ هەرەسی ڕۆم دەیانخاتە ڕوو، تەنیا لە بەرئەوەی هۆکانی ئۆگستین لەو وەعزە دینییەوە نزیکە کە خاوەن ئەم گوتارانە پێویستیان پێیەتی؟. گەر بڕوانین، ئۆگستین «عەشقی سامان» «تەمبەڵی» «جیانەکردنەوەی چاکەو خراپە»... هتد بە مایەی هەرەسی ڕۆم دەزانێت، ئەم برایانەش ئەم هۆیانەی ئۆگستینمان وەک مایەی «هەرەسی ڕۆحی مرۆڤی کورد» پێشکەشدەکەنەوە. ئایا ئەمەیە زمانی فەلسەفەو زانست کە قەیرانەکانی مرۆڤی کوردی پێ بگێڕینەوە بۆ «تەمبەڵی» و «عەشقی سامان» و «جیانەکردنەوەی چاکەو خراپە»؟ ئایا دوای چەندەها سەدە، فیکری مرۆڤایەتی میتۆدی لەمە قووڵترو چاکتری بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵگا پێشکەشنەکردوین؟ ئایا ئەمە هەوڵە بۆ ڕزگارکردنی کورد لە ئێستادا، یان گوتاری ڕۆحێکە لە ڕووی زانستییەوە لە شوێنێکی

دیاریکراوی مێژووی فیکردا وەستاوە یان لە بەر هۆیەکی ئایدۆلۆژی قەسری کە لە ناوەوە جڵەویدەکات نایەوێت تەجاوەزی ئەو وێستگانە بکات؟ ئایا ئەمە زمانی فەلسەفەیە یان زمانی مامۆستایەکی ئایینە؟ چەندە سەیرە ئێمە لە ڕۆشنبیرییەکدا بژین ڕۆشنفکرانی ڕووبکەنە دەمی کۆمەڵگاکەیان و بڵێن ئێوە وەک ڕۆم مەحکومن بە هەرەس، چونکە ناتوانن چاکەو خراپە لە یەکتر جیابکەنەوە.

مەرجی یەکەمی ئەم گوتارە بۆ زیندووکردنەوەی دین و نیشاندانی مەترسییە کوشندەکانی دوورکەوتنەوە لە دین، ئەوەیە سەرەتا «ڕێز» دروستبکاتەوە. لێرەوە بە جۆش و گەرمییەکی گەورەوە قسە لە گرنگی ڕێز و شەرم دەکات، نەمانی ڕێز بە باوکی کارەساتەکان دەزانێت، لای ئەم نەمانی ڕێز ئەخلاقی کۆیلەیەو کەسانی سەروەر خەریکی ڕێز و شەرمن «کە دیارە سەد دەر سەد پێچەوانەکەی ڕاستە»، بەڵام چ ڕێزێک؟ هەڵبەت ڕێزی مافی مرۆڤ نا، ڕێزی تاک نا، ڕێزی فەردانییەت نا، ڕێزی گۆڕان و نوێکردنەوە نا، ڕێزی یاخیبوون نا، ڕێزی شیعر نا کە لای ئەم بۆتە سەنتەری ئیگۆ و ئەو ئازادییەی داوە بە شاعیر خۆی بە شتێکی گرنگ و بەرز بزانێت و بێحورمەتی بە بەهاو نۆرمەکان بکات، ڕێزی فیکرێک نا نەچێتەوە سەر ئیمان، ڕێزی کولتوورەکانی بەرامبەر نا، ڕێزی زانست نا کە دوژمنی هەرە گەورەی ئەم عەقڵییەتەیەو پێیوایە زانست مرۆڤ بەرەو کۆتایی دەبات، ڕێزی ئازادی نا «چونکە وشەی ئازادی لەم گوتارەدا جگە لە زاراەیەکی بارکراو بە هەندێک ماناو نیشانەی ناو فیکری سۆفیگەری هەڵگری ڕەهەندی تر نییە»، ڕێزی جەستە نا «کە یەکێک لە ڕێگا مەزنەکانی ڕێزگرتنی ئازادکردنێتی» ڕێزی ئەو هەموو ڕۆحانییەتە نییە کە ئەدەب و هونەری نوێ و تازەگەر لە کۆمەڵگای ئیمەو کۆمەڵگا ئیسلامییە هاوسێکانمان دژ بە تەوری پاسەوانەکانی ئیمان بەرهەمیانهێناوە ... بەڵکو کۆمەڵێک «ڕێز» ی تر کە ئەمانەن «ڕێزی خودا» «ڕێزی کتێبە ئاسمانییەکان» «ڕێزی دایک و باوک» « ڕێزی گەورەکان» «ڕێزی عارف و فەیلەسوفەکان».
(دیارە زۆربەی کات وشەی فەیلەسوف لەتەک وشەی عاریف دا دێت، تا وشەی عارف بە مانا دینییەکەی خۆی وشەی فەیلەسوفیش بارگاویبکات و نەهێڵێت خەیاڵمان بۆ لای ئەو کۆمەڵە فەیلەسوفە گرنگەی ناو فیکری مرۆڤایەتی بچێت کە ئیمانیان لە ئیمانی ئەم خاوەن گوتارانە نەچووە، یان مولحید بوون، یان خودایان لە تێکستە ئاسمانییەکاندا کورتنەکردۆتەوە ). واتە بۆئەوەی نەبینە کۆیلە دەبێت ڕێزی خودا بگرین، ڕێزی دایک و باوکمان بگرین، ڕێزی کتێبە ئاسمانییەکان بگرین... نازانم ئایا ئەمە فەلسەفەیە یان وانەیەکی ئایینە کە بە ناوی چڵەپۆپەی فەلسەفەوە دەدرێت بە خوێنەری ئێمە؟.

* * *

لە جەوهەریدا خاوەنی ئەم گوتارە هەوڵدەدات ئازادی بکات بە نیشانەی کۆیلەیەتی و کۆیلەیەتیش بۆ نەرێت و خێزان و تێکستە ئاسمانییەکان ناوبنێت ئازادی. شوێنگۆڕکێیەک بە ئازادی و دیلی دەکات، لەسەر دەرگای دیلی دەنوسێت ئازادی و لەسەر دەرگای ئازادی دەنوسێت دیلی. وەک ئەوەی لە کۆمەڵگای ئێمە دەیەها سەدە ڕێزی خودا و کۆیلەیەتی شانبەشانی یەک نەژیابن، وەک ئەوەی کۆمەڵگای ئێمە چەندین سەدە لە ڕێزی دایک و باوکدا کەمی هێنابێت و خێزانی کوردی بەجۆرێک هەڵوەشابێت، ئەو هەڵوەشانە بووبێتە مایەی ژێردەستەیی ئێمە، وەک ئەوەی کۆمەڵگای ئێمە هەموو سەدەکانی کۆیلەیەتی لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ سەرتاپا لە ناو ڕێزی تێکستە ئاسمانییەکاندا نوقم نەبووبێت. وەکو ئەوەی کۆمەڵگای ئێمە لێوانلێو نەبێت لە ڕێزێک مرۆڤەکانی گەیاندۆتە ئاستی ئیفلیجی. بێگومان بێمانایە بڵێین کە کۆیلەیەتی و لاوازی و کێشە قورسەکانی ئێمە ئۆتۆماتیکی بەو جۆرە ڕێزانەوە بەستراون، بێماناشە وابزانین بێڕێزی دەرهەق بە «خوداو کتێبە ئاسمانییەکان» ڕێگای ئازادیمان بۆدەکەنەوە، یان وابزانین ڕێگایەک نییە ئایینداران بە شێوەکانی دیکەی ئازادی فیکری و ڕۆحییەوە ببەستێتەوە. چونکە لە بنەڕەتەوە هەڵەیە کێشەکانی دونیاو کۆمەڵگا لەسەر ڕۆشنایی زاراوەگەلی وەک ڕێزو بێڕێزیدا بخوێنینەوە.

لێرەدا زۆر بە کورتی لەسەر هەندێک ڕەهەندی ئەم گوتارە ڕادەوەستم کە بە ناوی ڕێزی مرۆڤەوە قووڵترین سووکایەتی بە مرۆڤ دەکات، بەو هەمەجییە ناوی دەنێت کە ئەگەر دین نەبێت ئەو «تەجاوەزی دایکی خۆی دەکات»...

### ئێستا و جاران لە نێوان شکست و شکۆدا

لە ئێستای ڕۆشنبیری کوردیدا دوو بەریان هەیە بۆ خوێندنەوەی پەیوەندی کوردو ئیسلام، یەکێکیان ئیسلام بە مایەی هەموو نەگبەتییەکانی کورد دەزانێت، ئیسلامی کردووە بەو عەلاگەیەی هەموو کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێمەی پیا هەڵدەواسێت، خاوەنەکانی ئەم تەفسیرە توانایان تەماشاکردنی ناوەوەی کۆمەڵگای خۆیان نییە، نایانەوێت سەدەیەکی دوورودرێژی پڕ لە کێشەو جەنجاڵی بخەنە حیسابەوە کە سەدەی بیستەمە کە تیایدا زنجیرەیەک هێزو ئایدیۆلۆژیای دیکە لە پاڵ ئیسلامدا لە دروستکردنی چارەنووسی سیاسی ئێمەدا بەشداربوون. شاگوتاری ئەم تێزەیە ئەوەیە کورد خۆی نەتەوەیەکی مەزنی شکۆدارەو خاوەنی ئیمپراتۆریەتی بە شکۆی مادەکان بووە، دواتر ئیسلام هاتووەو بۆتە باعیسی هەرەس و داڕزان و پارچەپەرچەبوونی کورد، بە ڕای ئەمان ئیسلام تاکە فاکتەرو تاکە هۆی داڕوخانی

نەتەوەی ئێمەیە. ئەم بۆچوونە لەوەوبەر لەلایەن من و هەندێک هاوڕێی دیکەوە کەمتازۆر خراوەتە بەر ڕەخنەی توند، لە بەرئەوەی تێزێکە کاریگەری کۆمەڵێک فاکتەری سەلبی لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەخاتە لاوەو تەنیا بە فاکتەری دینییەوە دەنیشێتەوە، ئەمە جگە لەوەی وەک هەموو ئەو میتۆدانەی کە دیاردەیەکی فرەجەمسەر و ئاڵۆز بە تاکە فاکتەرێک تەفسیردەکەن، میتۆدێکی تاکچاو و تاکسەنگە.

بەرابەر ئەم تەفسیرە، تەفسیرێکی دیکە هەیە کە لایەنە خراپ و نازانستییەکانی تەفسیری یەکەم دەکاتە بەهانەی داڕشتنی هەڵوێستێکی دینی لە واقیعی ئێستاو لە مێژووی جارانمان. ئەم تەفسیرەش پێیوایە کە دین هیچ ڕۆڵێکی لە داڕزانی واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێمەدا نییە و ئەوە کورد خۆی نەتەوەیەکی ئیفلیجە، قەوارەیەکی بێپرسیارو ئاسوودە و بێتەماحە. دیارە ئەم تەفسیرە چەندین جار لە تەفسیری یەکەم کۆمیدیترە، چونکە وەک چۆن تەفسیری یەکەم دەیەوێت هەموو گوناهەکان بکاتە ملی ئیسلام، ئەم تەفسیرەی دیان دەیەوێت ئیسلام لە هەموو گوناهێک پاکبکاتەوەو وای نیشانبدات، ئەوەی لەو سەدان ساڵەی پێشوودا ڕوویداوە، ئیسلام چ کارێکی پێوە نییەو کورد هەر لەخۆیەوە ئیفلیجبووە و لە ئەزەلەوە واهاتووەو دین کەمە خەتایەکیشی لەو مەسەلەیەدا نییە. ئەو گوتارە فەلسەفییەی کە ئیسلامی سیاسی دەیەوێت ڕووەو بازاڕی بکاتەوە، لە سەر ئەم تێزەیە بۆ مێژووی کورد دروستبووە، بەبۆچوونی من زەحمەتیشە بتوانێت بەبێ خیانەتکردنێکی ڕادیکال دەرهەق بە خۆی لێیلابدات.

لە ڕاستیدا دەرهەق بە خوێندنەوەی ڕابوردووی کوردو دۆزینەوەی ڕیشەی قەیرانە مێژووییەکانی ئەم گوتارە دینییە تووشی کێشەیەکی بەرچاودەبێت، ئەم گوتارە لەسەرێکەوە لەسەر ستایشی ڕابوردوو دروستبووە، گوتاری دینی ناتوانێت گوتاری ستایش و پیاهەڵدانی سەلەف نەبێت، ناتوانێت نەڵێت ڕابوردوو مەزن نییە، ناتوانێت ڕۆژگاری سەروەری خۆی و دەسەڵاتی ئیمانداران وەک سەردەمێکی بەشکۆ نەخوێنێتەوە. دیارە ئەوانەی گوتارە دینییە سافەکە پێشکەشدەکەن، ڕاستەوخۆ پنت و تیشکۆی زێڕینی ئەم سەردەمە دەبەنەوە سەردەمی پێغەمبەر و خەلیفە ڕاشدینەکان، ئەوان کێشەیان لەوەدا نییە بڵێن یەک سەردەم لە مێژووی مرۆڤایەتیدا سەردەمی دادو یەکسانی بووە، سەردەمی کۆماری فەزیلەت و دەسەڵاتی حەق و حوکمی عاریفان بووە، کە سەردەمی سەرەتای سەرکەوتنی ئیسلامە، بەر لەوەی تەماحی بەنی سوفیان کۆتایی بەو بەهەشتە زەمینییە بهێنێت. بەڵام بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت گوتاری دینی لەسەر شێوەی گوتارێکی ڕۆشنبیریدا بنوسنەوە، کێشەکە وا سانا نییە، فیکری ئیسلامی کوردی، «وەک لەو گوتارەدا سەبارەت بە ناسیونالیزمی کوردی ئاماژەم پێدا» لەسەر ستراتیژی کۆلاژی ئایدۆلۆژی ئیشدەکات، واتە ئەم گوتارە وا ڕەفتاردەکات وەک ئەوەی خەمە

سەرەکییەکەی بۆ کورد بێت، وەک ئەوەی خەمی دینی شتێک بێت لە خەمی ناسیونالیستی جیانەبێتەوە، وەک ئەوەی هاوار بۆ ئیسلام تاکە ڕێگای هاواربێت بۆ نەتەوە، لێرەوە گوێگرتنی نەتەوە لە بانگی ئیسلام، بەڵگەی گوێگرتنێتی لە بانگی وجود، بەجۆرێک دوا دەرەنجامی ئەم زنجیرەیە ئەوەیە بڵێت «کوردبوون و ئیسلام بوون یەک شتە» واتە هەمان ئەو گەشتە دەکات کە فیکری فاشیزمی عەرەبی دەیکات و بە هەمان دەرەنجام کۆتاییدێت کە دەڵێت «ئیسلام و عروبة لەیەکجیانابنەوە». ئەم گوتارە ناچارە ڕابوردوویەکی بە شکۆ دروستبکات، زۆرجار ئەم گوتارە لە شێوازی حەسرەت و نائومێدیدا قسە لە بەراوردی دوێنی و ئەمڕۆ دەکات، ڕووی دەمی دەکاتە مرۆڤی کوردو دەڵێت : «ئێمە کە ئێستا کۆیلەین... ڕابوردووی مەزن بە ئێمە چی... ڕابوردوی سەروەری بە ئێمە چی». واتە کاتێک ئەم گوتارە لە ڕووی مێژووییەوە دراوی بەرجەستەی پێنییە بیسەلمێنێت ڕابوردوو هێند گەورەو مەزنە، لە ئاستی زمانداو بە بەلاغەت و داڕشتنی ئینشائی ئەو بۆشاییە پڕدەکاتەوە. ئەو ناتوانێت بەردەوام پێ لەسەر ئەوە دانەگرێت کە ڕابوردوو سەردەمی جوامێری و شەهامەتە، ئێستاش سەردەمی زەلیلی و ملهوڕیمانە، ئەم خاڵە هاوبەشە لە نێوان ئیسلامییەکانی هەموو دونیادا، ئیسلامییەکانی کوردیش بە هەمان ڕێگادا دەڕۆن، جیاوازییەکە لەوەدایە ئیسلامییەکانی تر لەوانەیە بە ڕاستی ڕابوردوویەکی شکۆدار لە ڕووی سیاسی و داهێنانەوە بدۆزنەوە، بەڵام موسڵمانی کورد مەزنییەک، شکۆیەکی سیاسی و ئیبداعیی بەزمانی خۆی لە پشت نییە، لێرەوە ناچارە خۆی توند بەو میتۆلۆگیا ئیسلامییەوە ببەستێتەوە سەبارەت بە گەورەیی و مەزنی ڕابوردوو، واتە ناڕاستەوخۆ وا ڕابگەیێنێت کە تۆ خۆت هیچ نیت، یەک چارەت لە بەردەمدایە، ئەویش ئەوەیە دەرفەت بهێنیت و کەلەپوری ئیسلامی و ئیمپراتۆرییەتەکەی بە موڵکی خۆت بزانیت، چونکە گەر وانەکەیت، واتە هیچ شتێکت بۆنامێنێتەوە.

ئەم هەڵبژاردنە «مەبەستم هەڵبژاردنی کولتوری ئیسلامییە وەک پاشخان» دوو دیوی هەیە، یان ئەوەیە بەشێکە لە میکانیزمەکانی فیکری ناسیونالیزمی دینی، یان ئەوەیە بەشێکە لە بەرزڕاگرتن و قەدرگرتنی مەعریفی کۆی کولتوورەکانی دونیا، واتە یان ئەوەیە گیانێکی دۆگماخوازی ئایینی لە پشتە، یان گیانێکی کراوەی جیهانناسی لە پشتە، گیانێک لە چوارچێوەی ڕێزگرتنی کۆی کولتووری ئینسانیدا ڕێزی کولتووری ئیسلامیش دەگرێت، بەڵام بەوەدا ئەم بۆچوونە سەرەتا تا کۆتایی ئاوازی ئەوە دەخوێنت کە گوایە ڕۆشنبیری کوردی لەسەر «پوچ نرخاندنی خود» دروستبووە، سەرەتا تا کۆتایی دژی ئەو شتانەیە کە لە دەرەوە دێن، بەتایبەت گەر لە خزمەتی ڕاستەوخۆی ئەو شتانەدا نەبن کە لە ناوەوە هەبوون، دژی ڕۆشنفیکرانە کە تاعوونی مۆدێرنە بڵاودەکەنەوە، نەک هەر ئەوە بەڵکو لە بنەڕەتدا دژی ئەوەیە

«ئینسان پێوەری شتەکان بێت»، کە ئیدی لە پشت ئەمەوە وشەی «کولتوور»، «ڕێزی کولتوور»، «نزیکبوونەوەی کولتووری» و «میللتی کولتووریزم»، دەبنە کۆمەڵێک زاراوەی بێمانا و تروهاتی ڕۆشنبیرانە، چونکە هەموو ئەو زاراوانە بە کۆ دەرەنجامی عەقڵییەتێکە «ئینسان بە پێوەری شتەکان دەزانێت»، لێرەوە بێمانایە وا تێبگەین ڕێزی کولتووری ئیسلامی لای ئەم خاوەن دیدونیگایە لە سیاقی ڕێزی جوانی و داهێنانی ناو هەموو کولتوورەکانی ترەوە هاتووە، ئەم بۆچوونە بەچەشنێکی هێندە تەسک لۆکاڵییەت و هەرێمدیلی خۆی ستایشدەکات، هێندە سەرپەڕانە دژی ئەوەیە «مرۆڤ پێوەری شتەکان بێت»، بوار بۆئەوە ناهێڵێتەوە کاتێک لە گوتارێکی دینییەوە دەبێتە گوتارێکی ڕۆشنبیری و کولتووری، هەست بە پاکبوونەوە و جیابوونەوەی لە گوتارە دینییەکە بکەین . لێرەوە تەنیا ڕێگای یەکەممان لە بەردەستدایە بۆ خوێندنەوەی، ئەویش ئەوەیە ئەم گوتارە بەشێکە لە ستراتیژی سیاسەتی دینی دژ بە کولتوورو ئایدۆلۆژیاکانی دیکە.

* * *

ئەم گەڕانەوەیە بۆ ڕابوردووی ئیسلام و گۆڕینی بۆ بەشێک لە ڕابوردووی کورد، بەشێکە لە میتۆلۆگیاکانی ناسیونالیزمی دینی، کە ئەمڕۆ شێوەی باڵادەستی ناسیونالیزمە لە ناوچەی ئێمەدا، بە پێچەوانەی قۆناغی بزاوتە ئازادیخوازەکان کە ناسیونالیزمی سۆسیالیستی و ناسیونالیزمی عەلمانی باڵادەستبوون. وەک چۆن ئەوان لە ناو مێژووی ئیسلامدا بۆ مێژوویەکی چەپگەرا دەگەڕان، وەک چۆن شۆڕشی کۆیلەکان، قەرامیتە ، بابەکی خوڕەمیان بە دیدی مارکسییەکی سەدەی بیست دەخوێندەوە، هەمان شێوە فۆبیای نەبوونی ڕابوردوو، کە دەردی هەموو ئەوانەیە کە ئەمڕۆ هەست بە ئیفلیجی دەکەن و لە فۆبیای مان و نەماندا دەژین، وادەکات ئەمجۆرە لە «سەلەفییەتی نوێ»ش بگەڕێتەوەو وێنەیەکی درەوشاوەی ئەفسوناوی ببەخشێتە ڕابوردووی ئیسلام و بیکات بە ڕابوردووی خۆشی... من گومانم لەوە نییە، ڕابوردووی ئیسلام پڕە لە خاڵ و تیشکۆی پڕشنگدار، بەڵام ئەمە تاقانە خەسڵەتی وجودیانەی ئیسلام نییە، بەڵکو هەموو کولتوورەکانی دونیا پڕن لە خاڵی درەوشەدار و جوان، بەودیویشدا مێژووی ئیسلامی هەروەک مێژووی مەسیحییەت مێژوویەکی پڕ خنکان و سووتان بووە، مێژوویەکی پڕ سەربڕینی شاعیران و بیریاران بووە، ئەو شاعیرو بیریارانەی کە بە ئیلحاد گوناهبارکراون. بەوە گوناهبارکراون «شەرم» و «ڕێز»یان بۆ ئەسلاف نییە، مێژووی سەرهەڵدانی کۆمەڵێک بزاوتە کە شۆڕشن بەسەر ئەو ڕوانگە دینییەدا کە جاران و ئێستاش

داهێنەران و شاعیرانیان بە تومەتی زەندەقەو کوفرکردن سووتاندووە. مێژووی خەلافەتە ئیسلامییەکان پڕە لە خاڵی جوان، پڕە لە یاخیبوونی گەورە، پڕە لەو بیریارانەی ستایشی ئازادی عەقڵیان کردووە «نەوەک ستایشی حەرامکردن و قەدەغەکردن»، ستایشی «مەی و لەش»یان کردووە، وەک دوو هێما بۆ ئازادکردنی هەستەکانی مرۆڤ، بەرابەر جەبەروتی چەپاندن و حەرامپەرستی. ناکرێت ئەوانەی ئەمڕۆ جۆرە ناسیونالیزمێکی دینی ختووکەدەدەن، ستایشی شەرم دەکەن، تف لە ڕۆشنبیران دەکەن لەبەرئەوەی بێحورمەتی بە شتە پێرۆزەکان دەکەن، هاواریان لەوەیە لەسەدەیەکدا دەژین «هەموو شتێک تیا حەڵاڵە». ناکرێت ئەمانە بە خەلەفی ئەو خاڵە ڕوناکانەی ناو ئیسلام بزانین. بەشی هەرەگەورەی پنتە ڕۆشن و جوانەکانی ناو ئیسلام لە جەوهەردا لەو خالانە دەچێت کە ئەمانە ئەمڕۆ دژایەتیدەکەن، بەشی هەرە زۆری ئەو توهمەتانەی ئەمڕۆ لە هەوڵەکانی تازەکردنەوەی دەگرن، هەمان ئەو توهمەتانەیە کە باپیرانیان لەسەدە دوورەکاندا بە گوناهی زەندەقەو کوفر شاعیران و زانایانیان پێ سووتاندووە. لە ڕاستیدا دەبێت ڕێگا لەوە بگرین ئەم بۆچوونە خۆی بە خەلەفی قوربانییەکان بزانێت، لە کاتێکدا گەر بە قووڵی سەیریبکەین خەلەفی جەلادەکانە.

ئەم بۆچوونە بۆئەوەی درێژە بە گەورەکردن و ڕازاندنەوەی میتۆلۆگیا دینییەکەی خۆی بدات، هەوڵدەدات ئیسلام بە شێوەیەکی هێندە ئەبستراکت وەربگرێت، تا هەرچییەک لە مێژووی ئیسلامدا هەیە بیکاتە موڵکی خۆی، تا بڵێت سەیرکەن من خاوەنی ئەم مێژووەم ئێوەش خاوەنی هیچ نین و باوکتان نییە و «زۆڵن». لێرەوەیە دەشیەوێت «وەک لەوەوبەر لە چاوپێکەوتنێکی کوردستانی نوێ دا ئاماژەمپێدا» ڕۆحانییەتی مەحوی بکات بە زەمینە بۆ ئیسلامی سیاسی. دەشیەوێت بەرامبەرەکەشی وا نیشانبدات کە گوایە ئەو ملهوڕەو عەقڵی کۆلۆنیالیزەکراوەو ئیسلام بەپەڕوباڵەوە ڕەتدەکاتەوەو هیچ شتێک لە ڕابوردووی دووردا موڵکی ئەو نییە، هیچ شتێک لە ئەدەب و شیعری سەردەمەکانی دی موڵکی ئەو نییە، بەڵکو هەموو ئەو شتانە موڵکی منی سەروەرو جوامێرزادەیە.

ئەم پرۆسەیە ناودەنێم «مۆنۆپۆڵکردن یان پاوانکردنی ڕابوردوو». بەبێ مۆنۆپۆڵکردنی ڕابوردوو، ئەوی دی ناکرێتە زۆڵ. لە پشت ئەم گەڕانە سایکۆلۆژییە توندەوە بۆ باوک، لە پشت ئەم بێبەریکردنەی ئەوانی دییەوە لە باوک، میکانیزمێکی فیکری و سایکۆلۆژیش وەستاوە. ئەم گوتارە لە بنەڕەتدا بە هیجایەکی توندی ئێستا دەستپێدەکات، ئێستا «سەردەمی ڕوخان» «هەرەس» «فەساد» « ئیفلیجی ئیرادە» «ملهوڕی» «تەبەعییەت» «پشتگوێخستنی ئیمان»

«ئیگۆی ئاوساو» «سیاسی بێحورمەت» «ڕۆشنبیرانی زۆڵ » «مردنی کۆمەڵگا » «تیرۆرکردنی خودا » «کوشتنی کەرامەت» «مردنی پیرۆزی» «بالادەستی ئەخلاقیاتی کۆیلە»... وتادواییە. لە ڕاستیدا ئەم جۆرە وێنەگرتنەی بۆ ئێستا گەر هەندێک ڕاستیشی تیابێت، نە بەزمانی فەلسەفەو نە بە زمانی شیکردنەوەو نە بەزمانی وروژاندنی عەقڵانیانەی پرسیارەکان نە خراوەتەڕوو، بەڵکو بە زمانی یەکێک کە زەنگی کۆتایی دونیاو نزیکبوونەوەی قیامەت لێدەدا، ئەم وێناکردنە جەهەنەمییە بۆ ئێستا بەچەشنێکە دڵنیام گەر سەماحەتی ئایەتولای یەزدی و خوالێخۆشبوو شێخ شەعراوی و سەماحەتی شێخ یوسف قەرەزاویش بیانبیستایە خۆیان لێدەپاراست «لەبەر کورت ڕاگرتنی نوسینەکەم ئەفسوس ناتوانم هەندێ پەرەگراف بخەمە بەردەستی خوێنەر کە لێوان لێون لەو وێناکردنە جەهەنەمییە، قیامەتهێنەی ئێستا». ئەمجۆرە وێنەگرتنە بۆ ئێستا، ئەم حاشاکردنە توندڕەوانەیە، ئەم دوژمنایتیکردنە سەراسەرییەی دونیا، ڕیشەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ناو ڕەگەزە سادەکانی ئیشکردنی ئەمجۆرە لە ئیسلامی سیاسی.

نیشاندانی دونیای مادی وەک جەمسەرێکی پیس، هەوڵدانە بۆ پیس نیشاندانی هەموو ئەوانەی لەو دونیایەدا ئیشدەکەن، هەوڵدانی جیاکردنەوەی تەواوەتی دوو ڕووبەرە، یەکێکیان ڕووبەری پاک و درەوشاوەی ڕۆحانییەتە، بەرابەر ڕووبەری پیس و دزێوی دونیاکەی دی، کە دونیایەکی مادی و ناڕۆحانییە. واتە دابەشکردنی زەمەن بۆ «جارانی شکۆو جوامێری بەرامبەر ئێستای پیس و جەهەنەمی»، هاوڕێی دابەشکردنێکی تریشە کە دابەشکردنی موتڵەقی جیهانە بۆ دوو دونیای لەیەکدابڕاو «دونیای پاکی ڕۆح» و «دونیای پیسی مادە». ئیدی بەکورتی لەم گوتارەدا«پاوانکردنی ڕابوردوو» هاودەمی پاوانکردنێکی دیکەیە کە «پاوانکردنی ڕۆحە»، لای خاوەنی ئەم گوتارە ئەو زمانحاڵی ڕۆحی دین و نەتەوەیە، کە قسەدەکات ئەوە ئەو نییە کە قسەدەکات، بەڵکو ڕۆحی نەتەوەیە قسەدەکات، زمانی ئەو زمانی ڕۆشنبیرێکی ئاسایی لە بابەتی ئێمەمانان نییە، بەڵکو بەرجەستەبوونی ڕۆحی نەتەوەیە، چۆن ڕۆحی موتڵەق لای هیگل لە فەلسەفەی ئەودا دەگاتە بالاترین تەجەلاکانی خۆی، ئەوا ڕۆحی ئێمەش لە ناو زاری ئەودا دەگاتە مەقامی پیرۆزی خۆی، واتە ئەو کەسێک نییە کە ڕێزو حورمەتی بەرهەمە ڕۆحییەکان دەگرێت، بەرابەر ئێمە کە بە دونیای ڕۆح نامۆین، بەڵکو ئەو خۆی ڕۆحە و دەنگی ئەو ساتی تورەیی ڕۆحە لە خراپەکانی جەستەکەی، لەو پیسی و گوناهانەی جەستەی نەتەوە تیا نوقمبووە. نیازی هەرە گەورەی ئەم پرۆسەیەش دواجار نیشاندانی خودە وەک « دەروێشێکی ڕێگای هەق» و نیشاندانی کەسی بەرامبەریشە وەک «زۆڵ». گۆڕینی بەرامبەر بۆ زۆڵ مەرجی سەرەکی پاوانکردنە، لەبەرئەوەی ئەم عەقڵە عەقڵێکی ڕەهاگەرایە، ناتوانێت باوک لەگەڵ هیچ برایەکی دیکەدا بەشبکات، لەبەرئەوەی زۆڵکردنی

هەمـوو ڕۆشنبیـرانی دی، مـەرجی یەکـەم و هـەرەگرنگی نیشـاندانی مـەزنی و غـرورو شکۆی خودە، ئەم عەقڵییەتە ناتوانێت خۆی بە مەزن ببینێت، ناتوانێت خۆی وەک بەرهـەمی ڕۆحێکی باڵاو قـسـەکـەری ئەو ڕۆحـە ببـینێت، گەر بـاوک نەکات بە مـوڵکی خـۆی و ئەوانی دی هەمـوو نەکات بە زۆڵ.

* * *

وشـەی زۆڵ «وەک هـەندێ برادەر تێـیدەگـەن» جنێـو نیـیە، بەڵکو لە پێکهـاتی ئەم گـوتارەدا زاراوەیەکی جـەوهـەرییـە. نیـشـاندانی بەرابـەر وەک زۆڵ، واتە زەوتکردنـی باوک، زمـانحـاڵی هەڵگری ئەم گـوتارە دەڵێت «باوک باوکی منـە نەوەک هـی تۆ» ئەمـەش زنجیـرەیەک دەرەنجامی لۆژیکی هەیە، کـە باوک باوکی ئەو بوو، کەواتە زەمەنی باوکیش «کە ڕابوردووە» زەمـەنی ئەوە، کەواتە کولتووری باوکیش کە «کولتووری ڕۆحانییەتە» هـەر کولتووری ئەوە. ئیدی لێرەدا چی بۆ ئێمـە دەمـێنێتـەوە، کولتـووری مـادییـات، زبڵی جیـهـانگیـری ، عـەدەمـییـەتی مـۆدێرنەو شـتـە خوازراوەکانی کولتوری خۆرئاوا. واتـە هـەموو ئەو شتانەمـان بۆ دەمێنێتـەوە کە لای ئەو پوچ و کەمنرخ و بێبایەخن.

زەوتکردنی باوک گـرنگە چونکە ئەوەی بـاوک بۆخـۆی زەوتبکات دەبێـتـە هـەڵگری مـافـەکـانی باوکیش، لەسـەروو هـەموویـانەوە، مافی توڕەبـوون، مافی زەوتکـردن، مافی حـەرامکردن، مـافی ئەوەی نـەهێـڵـێت کـەس لە ئەخـلاق لابدات، کـەس ڕێزشکێنی بکات، کـەس شـەرمی لە بیربـچێتـەوەو بوێرێت چاو بەرزبکاتـەوە. ئاشکراشـە گـوتاری ڕاگەیاندراوو جـاڕبۆدراوی ئەم عـەقڵـیـیـەتە بە ئاشکرا هـەمـوو ئەوانە بەنەفرەتدەکات کـە ئەو حـەرامـانە دەشکێـنن، گـوتارێکە ڕاشکاوانە قسـە لە توڕەیی خۆی دەکات، قسـە لەوە دەکات ئەوانەی جورئەتدەکەن و دەست بۆ مـوقـەدەسـات درێژدەکـەن دەبێت سنووریان بۆدانرێت، لە هـیچ جـێگایـەکـدا شـەرم لە «حەرامپەرستی» خۆی ناکات. گەر وردبڕوانین ئەم گوتارە زۆر لە سنووری دەسـەڵاتی باوکیش تێـدەپەڕێت و خـۆی بە زمـانحـاڵی ڕۆحـێکی مـەزنتـر دەزانێت کـە لەوەدا تەجـەلایکردووە... ئەمـجۆرە لە خۆبایـیبـوونـە، غروری داهێنەر نیـیە بەرابەر ئەوانەی بێبـەرهـەمن، بەڵکو غروری یەکـێکە کـە خـۆی لە پلـەی ڕەوانەکـراوو پەیامـبـەرەکـاندا دەبینێت، یەکـێک ڕۆحی نـەتەوە ئەو شـەرەفەی داوەتـێ لەبری خۆی ئێمـەی چەوت ڕاسـتبکاتەوە. ئەم غـرورە شتێکی سـروشـتـییـە، چونکە خـاوەنی ئەم گـوتارە خـۆی بـە هـەڵگری هـەمـوو شکۆی ڕابوردوو دەزانێت، خـۆی بە

زمـانحـاڵـی ڕۆح دەزانێت، خـۆی بە دیاردەیەکی «علوی» دەزانێت، خـۆی بەوە دەزانێت بـانگی هەقی گوێ لێبووەو بەرەوپیری چووە، لەم ڕوانگەیەشەوە سەیری دونیادەکات، هەر لێرەشەوەیە کـە گـوتارەکـەی دەبێـتـە گـوتـارێکی دینی و باطـنی. بەتایبـەت خـۆشی بە ئـاشکرا سـتـایشی ئیزۆترکییەت دەکات. ئێمە هەموو دەزانین کۆمەڵگای ئێمە پڕە لە لێکترازان، دەشـزانین دنیای ئێمە پڕە لە نەخۆشی، بەڵام ئەم عەقڵییەتە بۆئەوەی خۆی لە زانست و میتۆدەکانی جیابکاتەوە پێشوەخت پێشماندەکەوێت و ئاگادارماندەکاتەوە کە ئەو وەک سۆسۆلۆگەکان قسـە لە لێکتـرازانـی کـۆمـەڵایەتی ناکـات، بـەڵکو ئەو وەک بوونـەوەرێکی باڵا قـسـە لـە کـێـشـە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، بوونەوەرێک کە پەیامی هێناوەو لەو بڕوایەشدایە وەک پێغەمبەرەکان و عـاریفـەکـانی تر نەتەوە تێینەگـات و بەرەو پیـری بانگەوازەکـەی نەچێت. پەیامەکـەشی ئەو بانگەوازەیە کە بگەڕێینەوە بۆ خودی خـۆمـان «وەک ئەوەی ئێمە دەیان سـەدەبێت تا ئەندازەی بۆگەنکردن لە ناو خودی خۆماندا نەچەقیبین»، لای ئەو ئیسلام چارەسەرەو تاکە ئەلتەرناتیفی خـۆرئاوایـە «کـە بای عـەدەمـیـیـەت و فـەسـادی دونیـای گـرتۆتەوە»، ئیـسـلام تاکـە کـانونی فـەرهـەنـگیـیـە دەتـوانێت ڕێگای پێـبگرێت «وەک ئەوەی ئەم بانگەوازە کـە بەمـشـێـوە ناوازەو کەرنەفالییە .وێنادەکرێت، بەرلەو بەدەیان ساڵ گروپە ئیسلامییەکان باشتر و لۆژیکییانەتر بانگهێشتیان بۆنەکردبێت». لە ڕاستیدا ئەم موتڵەقگەراییە، ئەم شکۆبەخشینە وادەکات ئەم تێزەیە لـە بچوکترین سیفەتی هەوڵی فەلسەفی ئەکادیمی دووربکەوێتەوە. چ ئەکادیمیایەک لە دونیـادا هەیە بوار بە بـاسکارێک بدات بچـێـتـە سـەر مینبـەر و بڵـێت من بە نـاوی زانسـتـەوە قسەنـاکەم، زانست دوژمنی ئینسانە، بەڵکو بە ناوی ڕۆحی نەتەوەوە و لە جیاتی ڕۆحی نەتەوە کە لە مندا بەرجەستەبووە موحازەرەتان بۆ دەدەم؟.

جـیـاوازی هـەیـە لەوەی وەک زانـایەک، یان بـاسکـارێکی ئەکـادیمی باس لـە لێکتـرازانی کـۆمـەڵایەتی بکـەیت، لەگـەڵ ئەوەی وەک ڕەوانەکـراوێکی باڵا یان وەک نوێنـەری ڕۆحێکی بڵند قسـە لەو لێکترازانە بکەیت. جیاوازییەکەش جیاوازیی نێوان زمـانی زانست و زمـانی دینە، جیاوازی نێوان ئەوانەیە کە فیکر دەخـەنە خزمەتی فیکرەوە لەگەڵ ئەوانەدا کـە فیکر دەخـەنە خـزمـەتی نـاعـەقـلانیـیـەتەوە. جـیـاوازیی هەیە لـەوەی وەک زانسـتکارێک قـسـە لە برینە ویژدانییەکان بکەیت، لەگەڵ ئەوەی ئەو بیماریانە وەک کەرەستەی فووکردنە خودو هەڵاوسانی نەرجسییەت بەکاربهێنیت بۆ شوبهاندنی ئەوی بەرابەر بە بچوک و بیمارو بۆگەن و ڕزیو. ئەم گوتارە خـۆی وا نیشاندەدات کە زۆر خـەمبـارو توڕەیە لەوەی مرۆڤی ئێمـە هـەست بە بچوکی دەکـات، کـەچی بەودیودا بیمـارییـەکانی ئەم ئینسـانە بەکاردەهێنێت بۆ نوسینـی ئینشـایەکی

درێژ لەسەر بچوکی و زەلیلی و ملهوڕی و گەمژەیی و نەخوێندەواری و «هەمەجییەت»ی ئەم ئینسانە، لە هەموو مێژووی نوسیندا بەو نوسینانەشەوە کە داگیرکەرە فاشستییەکان نوسیوویانە مرۆڤی کورد وا بۆ مێروویەکی بێنرخ بچوکنەکراوەتەوە. منیش دەیانجار دژی ئەوانەم کە بەدرۆ مەزنییەکی ساختە بۆ کورد دروستدەکەن، دژی ئەوانەم بە کورد دەڵێن «تۆ دۆخت زۆرباشە، کولتوورت بەحرەو عەقڵت خەزنەی مجەوهەر» بەڵام جیاوازی هەیە لەوەی دۆخی هەرە خراپی ئەم ئینسانە بە چاوی لێکۆڵەرەوەیەکەوە ببینین، لەگەڵ ئەوەی ئەم بچوککردنەوە بەکاربهێنین بۆ بەراوردکردنی بە ڕابوردوو، واتە بۆ خزمەتێکی ئایدۆلۆژی دینی وە بیخەینە خزمەتی وێنەیەکی باڵاو ئیلاهییەوە بۆ خود، بیکەین بە بەهانەی ئەوەی نوسینەکانی خۆمان وەک تێکستی دابەزیو لە ڕۆحی باڵاوە وێنابکەین. بچوک بینینی مرۆڤی کورد لێرەدا هیچ مەبەستێکی فەلسەفی و زانستی لە پشت نییە ئەوە نەبێت ئەم بچوککردنەوەیە کردارێکی پێویستە بۆ ئەوەی هەڵگری ئەم گوتارە خۆی بەو جوامێرە ببینێت کە کانگای ئیمان و شەهامەتە، بەرابەر ئەوانی دی کە ڕەمزی ملهوڕی و بێ کەرامەتین.

* * *

لە ڕاستیدا ئەم گوتارە لە بەرئەوەی بنەمایەکی فیکری بەهێزی نییە، وەک هەموو فیکرێکی موتڵەقگەرا وەکو کۆی فیکری دینی ناتوانێت لە لۆژیکی ئیشکردن بە دوولانەکان «ثنائیات» دەرچێت. «ڕابوردووی شکۆدارمان/ ئێستای پوچمان» «ڕۆحانییەت و بڵندیمان / مادییەت و نزمیمان» « عاریف و فەیلەسوفی ڕەسەنمان/ ڕۆشنبیری زۆڵ و بێباوکمان»، بەڵام هەموو ئەم دوولانانە لە ڕاستیدا بۆ تێپەڕاندنی دوو لانەیەکی سەرەکی دیکەیە، کە دوولانەی «کوردبوون / ئیسلام بوون»ـە. ئەم گوتارە لەسەرەتاوە دەزانێت کە لەگەڵ ئیشکالییەتێکی سەختدا دەرگیرە کە دەبێت لە نێوانیاندا هەڵوێستێکی ئاشکرا وەرگرێت. نیازی سەرەکی ئەم گوتارە بەیەککردنی ئەم دوو جەمسەرەیە، لەسەرەتاوە دەڵێت «کوردبوون» لە «ئیسلامبوون» جیانابێتەوە، بەڵام کێشە سەرەکییەکە ئەوەیە کە «ئیسلام» لە دیدی هەڵگری ئەم گوتارەدا مەزنییەکی میتۆلۆگی و ئاسمانی و ئەفسانەیی هەیە، بەڵام بەرابەر بە شکۆو ڕەونەقی ئیسلام «کوردبوون» لە دۆخێکی داڕزاودایە. دیارە ئەگەر کورد دۆخی باشتر بووایە بۆ خاوەنی ئەم گوتارە کارئاسانییەکی سەرسوڕهێن دەبوو، ئەوسا دەیگووت شکۆی کورد دەگەڕێتەوە بۆ شکۆی ئیسلام، بەڵام دۆخی کورد لەوە خراپترە بەرگەی خۆخەڵەتاندنی وابگرێت، ئیدی ناکۆکییەکی مەزن دەست پێدەکات. کە کوردو ئیسلام لەیەکدی جیانەبنەوە بۆ ئیسلام هێندە

مـەزنە و کورد وا لاوازو دابەشـبوو؟ ئـایا گوناهی کـێیـە کـورد بەو دەردەچووە، ئایا گـوناهی ئیسـلامـە یان گـوناهی کورد؟. پاکڕاگرتنی ئیسـلام مـەرجێکی گـرنگە بۆئەوەی ئەم گـوتارە وەزیفـەی خـۆی وەک شـێوەیەک لە شـێوەکانی ناسـیونالیزمی دینی ببینێت. لێرەوە لە دیدی هەڵگرانی ئەم بۆچوونـەدا مـومکین نییـە ئیسـلام ڕۆڵێکی لەم کـارەسـاتەدا هـەبێت، ئیسـلام جـەنگاوەرەو کارگـەی دروسـتکردنی جـەنگاوەرانیـشـە، ئیـدی ملهـوڕی کـورد نـاگـەڕێتـەوە بۆ ئیسـلام، بـەڵکو دەگـەڕێتـەوە بـۆ کـورد خـۆی «نامـەوێت لێـرەدا قسـە لە هەڵەکانی پشت ئەم بۆچوونە بکەم،». لەم هاوکێشـەیەدا کە ئەم تێزە دروستیدەکات ئیسلام سـەرچاوەی ڕۆشنی و ڕوناکییەو کوردبوون سـەرچاوەی زەلیلییـەکانە، ڕاسـتە ئیسـلام ڕابوردووی کـورد بووە، بەڵام ئێسـتـا ئەم ڕابوردووە لەدەسـتـچـووە و کـوردبوون دابەزیوەو نزمبـۆتەوەو لە چڵـپـاوی دونیـادا نوقمبـووە، ئێستا جەسـتـەیەکی داهێزراوی مردوومـان لەبەردەستدایە، کە شـەرەف و جوامێری نامـۆیە پێی، لەگـەڵ خـۆرێکی درەوشـاوە... لە بۆچوونی ئەم بەرپێزانەدا جـەسـتـە داهێـزراوەکە کوردەو خـۆرەکـەش ئیسـلام، خـۆرێک شـەهامـەت و جـوامێـری و پرسـیـارو قـەلـەقی بوونمان تیـادروسـتدەکاتەوە، ئەوەی ئێسـتـا گـرنگە گەیاندنەوەی ئەم جـەسـتـە نێـوە مـردووەیە بەو ئاوی ژیان و کانگای ئیلهامە.

پرۆژەی سـەرەکی پشت ئەم تـێزەیە یەکخستنەوەی نێوان کوردو ئیسلامـە، دروستکردنی ئەو دۆخـەیـە کە مـەزنی ئیسـلام جـارێکی دی بچێـتـەوە بەر ئەو جـەسـتـە فـەرتوت و پەشـۆکاوەی کورددا . هـەرشـتێکیش ڕێگا لەم یەکگرتنەوەیە بگرێت سـەر بە دونیـای تـاریکی و ملهوڕییـەو بەرەنجامی عەقڵی کۆلۆنیالیزەکراوە. ئیدی ئەم تێزەیە جیهـان بەو چاویلکەیە دەبینێت، هەموو شـتـەکان بەپێی ئەو هاوکێشـەیە دابەشدەکات. غروری خـۆی غروری یەکێکە کـە جـەنگاوەرو بکەری گـەورەی ئەم کـردارەیە. یەکسـانکردنەوەی بـۆ ڕۆحـانییـەت و ئیسـلام بـۆئەوەیە هـەرچی شکۆیەک لـە داهێنانی نوسـەر و شـاعیـرو فەیلـەسوفـەکـانی جاراندا هـەیە بیکات بە مـوڵکی ئیسـلام، کـینەی قـووڵی بەرابەر ڕۆشنبـیـران لەبـەرئەوەیە ئەوان ڕێگری گـەورەی بەردەم ئەو گـەڕانەوەیەن، هـەر شـتـێک بەر ئیسـلام بکەوێت و هەر تێبـینییـەک بیگرێتـەوە ئەو وەک بێـحـورمـەتی بە مـوقـەدەسـات تەمـاشـایدەکـات، ڕەخنەی لە پارتە ئیسـلامـیـیـەکـان ئەوەیە ڕاپەڕینەکەیان «ڕاپەڕینێک نەبوو و نیە دژ بە مـۆدێرنتی، بەڵکو خۆی بەرهـەمی مۆدێرنتی بوو»، ڕەخنەی لە بزووتنەوە ئیسلامییەکان ئەوەنییە جیـاوازی قبووڵناکەن، توندڕەوی بڵاودەکەنەوە، سیـسـتـمی تەعلیـمی ئاینی دەخـەنە شـوێن سیـسـتـمی تەعلیـمی مـۆدێرن، سنووری گـەورە بۆ هەمـوو ئازادییـەکـان دیاریدەکـەن لەسـەروو هەمـوویانەوە ئازادی ئـافرەت، بـەڵکو ڕەخنەکـەی

ئەوەیە نەرمن بەرامبەر ڕۆشنبیران ، «تەوفیقین» و «تەکنۆلۆژیایان قبووڵە». هەر بیرکردنەوەیەکی دیش لە داهاتوو، هەر پرۆژەیەکی دی بۆ کورد، ئەوازادەی کۆمەڵێک ڕۆشنبیری نارەسەنە، هەر جۆرە ڕەخنەیەکی دی لە کورد کە ڕیشەی ڕەخنەکان بچێتەوە سەر ئیسلام و لە ڕێگای ڕەخنەگرتن لە دۆخی کوردەوە ڕەخنە لە ئیسلام بگیرێت، هەر خێرا ئەو هەموو سوکایەتیکردنەکانی خۆی بە کورد بیردەچێتەوەو دەکەوێتە هاواری ئەوەی بڵێت «تەماشاکەن، چۆن ڕۆشنبیران گاڵتە بە کورد دەکەن و ڕێزی میللەتی خۆیان ناگرن و شتەکانی خۆیان سووک تەماشادەکەن»، بۆئەوەی گوتارە دینییەکەی خۆی بگەێنێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەفلاتوون و هایدگەر و هێردەر، بەڵام گەر ڕۆماننوسێک باسی کامۆو کافکای کرد، دەڵێت کولتووری خۆی پشتگوێ خستووە و باسی توحفەی موزەفەرییە ناکات، چونکە پێشوەخت دەزانێت بەکارهێنانی فیکری خۆرئاوا لە سیاقی ئەو باسانەدا ناچێتەوە خزمەتی ئەو نیازە دینییەی ئەو.

ئەمە ستراتیژی ئەم عەقڵییەتەیە بۆ گەیاندنەوەی کوردو ئیسلام بەیەک. بەش بە حاڵی خۆم هیچ کێشەیەکم نییە، لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵی ئێمە پرۆژەی ئیسلامی تیابێت، بەڵام گەر ئەم پرۆژەیە لەسەر «کوشتنی زانست، کوشتنی ئازادی فەردەکان، کوشتنی ڕەخنە بە گشتی و بەتایبەتیش لە ئایین، گێڕانەوەی سیستمی تەعلیمی ئێمە بۆ سەردەمی حوجرە، گەورەکردنی سنووری حەرامەکان» دروست بووبێت. پرۆژەیەک بێت دین بکاتە چەکی دروستکردنی کۆمەڵگایەک بای گۆڕان و مۆدێرنە نەیگرێتەوە، پرۆژەیەک بێت هەموو گەڕانەوەیەک بۆ خۆرئاوا بە نیشانەی نەخۆشی بزانێت، تەماشاکردنی فلیمێکی خۆرئاواو گوێگرتنی گەنجێک لە گۆرانییەکی خۆرئاوایی و سەمای کچێکی کورد لەسەر گۆرانییەکی خۆرئاوایی بە ملهوڕی و زەلیلی و ئەخلاقی کۆیلەگەرایی بشوبهێنێت. ئەمەیان نزیککردنەوەی کوردو ئیسلامە لەیەکدی لەسەر حیسابی تێکشکاندنی هەموو مافە سادەو بچوکەکانی ئینسان. ئەمەیان جیهانبینییەکە وا دەبینێت کە ڕۆحی کورد شتێکە لە ڕابوردوودا هەبووە، جەوهەرێکە دۆڕاندومانەو دەبێت بەدەستی بهێنینەوە، نەوەک پرۆژەیەکی بێت لە ئێستاو داهاتوودا ئیشی لەسەر بکەین. لێرەوە پرۆژەی گەورە لای ئەو، بونیادنان و کرانەوە و دروستکردنی شتێک نییە کە پێشتر نەبووە، بەڵکو پرۆژەی ئەو «زیندووکردنەوە»ی ڕۆحی کوردە، زیندووکردنەوەی ئەوەی ڕابوردوو، نەوەک بیناکردنی ئەوەی دێت.

**کۆیلە لە مرۆڤەوە بۆ ئەهریمەن**

ئەم تێزەیە دونیا دابەشدەکاتە سەر دوو شێوە ڕۆح، ڕۆحی مرۆڤی کۆیلە، لەگەڵ ڕۆحی مرۆڤی سەروەرو جەنگاوەر. هەرچی سیفەتی دزێوو نامرۆڤانەو ئاژەڵییە دەیداتە پاڵ ڕۆحی مرۆڤی کۆیلەو هەرچی سیفاتی بەرزو خودایانەشە دەیداتە پاڵ ڕۆحی کەسانی سەروەر. کەسی کۆیلە دەگەیێنێتە ئاستێکی ئەوتۆ لە دڕندەو ئاژەڵەکان بەدتر، لای ئەم کۆیلە بوونەوەرێک نییە هەلومەرجی مێژوویی و کۆمەلایەتی دروستیکردبێت، کەسێک نییە دین و دەسەلات لە ناوەوە چراکانیان کوژاندبێتەوەو ئامادەی بچوکبوونەوەو زەلیلیان کردبێت، کەسێک نییە ئیمانی کوێرانە پرسیارو ڕاڕاییەکانیان بچوککردبێتەوە، کەسێک نییە شەرع و دەوڵەت مافەکانیان بۆ بچوککردبێتەوە، کەسێک نییە ئەو ئایدۆلۆژیایانەی لەسەر شێوەی دین دروستبوون چواردەوریان دابێت ، کەسێک نییە ئەخلاقی پەتریارکی کاراکتەری زەینی و دەرونی بۆ دارشتبێت. لەم گوتارەدا کۆیلە ئادەمیزادێک نییە کۆمەڵگا بەرهەمیهێنابێت، بەڵکو ئەو کۆمەڵگای بەرهەمهێناوە. ئیدی ئێمە کە ڕەخنەدەکەین نابێت ڕەخنەی ئەو سیستەمە کۆمەلایەتی و سیاسی و دینی و کولتووریانە بکەین کە کۆیلەی دروستکردووە، بەڵکو دەبێت ڕەخنەی کۆیلە خۆی بکەین کە ئەم سیستەمانەی دروستکردووەو بە ئەخلاقیاتی خۆی ڕەنگیکردوون. کۆیلە لێرەدا چەمکێکە لە هەموو ڕەهەندە مێژوویی و کۆمەلایەتی و سیاسی و دینی و ئایدۆلۆژی و ئابورییەکانی ڕووتکراوەتەوەو پێشکەشمانکراوە. کۆیلەیەتی لێرەدا کورتکراوەتەوە بۆ دۆخێکی زەینی کە جەمسەری پێچەوانەی کەسی سەروەرە. کورتترین وشەیەک بتوانم وەسفی ئەو شێوازی قسەکردنەی پێبکەم لەسەر کۆیلە ئەوەیە بڵێم ترسناکە، چونکە هەتا شەیتان خۆشی ناتوانێت ئەو هەموو سیفەتە ناشیرینە پێکەوە کۆبکاتەوە. کەسی کۆیلە لە کۆمەڵێک ناوکۆیی جیاواز جیاوازدا بەم شێوەیە وێنەدەکرێت «کەسێکە هەڵگری ڕۆحی تۆڵەسەندنەوەیە لە هەموو بوون و هەموو بابەتێک. بە هەموو شت قەڵس دەبێت. ڕقی لە هەموو شت دەبێتەوە. تەمبەڵ و لاوازە. کڵۆڵ و بیمارە. زاکیرەی پڕە لە ڕق و بوغز، بوغز لەلایەن خۆیەوە، بۆ خۆی و بە هۆی خۆیەوە. دژی دەسەلات و هێزو داهێنان و ژیانە. ئایدیای دوژمنی نییە. دونیا بەدەشتێکی کاکی بە کاکی دەزانێت و دوژمن و دۆست لەم دەشتەدا وەک یەکن. لێبوردنی لە ترس و ترسنۆکیەوە هاتووە. ڕقی لە عەدالەتە. ناتوانێت موعجیب بێت. ناتوانێ خاوەنی دەربرینی ئیعجاب بێت. ناتوانێت ڕێزبگرێت. ناتوانێت عاشق بێت. چاوی بەرایی نایەت جوانی و مەزنی و داهێنان ببینێت. هەردەیەوێت مەعشوق بێت. ناتوانێت کرداری هەبێت. ویژدانی بیمارە. ناتوانێت لەگەڵ ئەوانی دیدا بجەنگێت. لێپرسراوێتی

هەڵناگرێت. شەهامەتی بەرگەگرتنی ئازاری نییە. توانای غەمباربوونی نییە. تێناگات وا زانست خەریکە مرۆڤایەتی بەرەو مەرگ دەبات. مەوزوعییەتی نییە. تێکەڵکردنی ڕوداوو شتەکان و ڕەوتەکانیان بەرهەمی ئەم ڕۆحەیە. حەوسەڵەی بیرکردنەوەی نییە. ئیلتیزامی نییە ( عیرفان بالجمیل)ی نییە. سەرگەردانە. لە جەوهەری ئایین دەترسێت، ترسنۆکترین مەخلوقە ...هتد» لە ڕاستیدا هیچ یەکێک لەو وەسفانە بەرهەمی فەنتازیای من نین، بەڵکو قەناعەتی هاوڕێی خۆشەویستم کاک فاروقە، نەک هەرئەوە، ئەوەی من هەڵمبژاردووە دڵۆپێکی چکۆلانەیە لە بەحری ئەو سیفەتە ناشرینانەی کە ڕۆحی مرۆڤی کۆیلەی پێکهێناوەو لە ناوکۆیی جیاجیادا لە کتێبەکەی بەرێزیاندا هاتووە، ئەو سیفەتانەی وادەکەن شەیتانیش موچڕکەی پیابێت... ئیدی نازانم، ئایا ئەمە وەسفی ڕۆحی بوونەوەرێکە ناوی ئینسانە، یان وەسفی شتێکی دیکەیە کە فۆبیاو فەنتازیاکانی ئەم گوتارە دینییە دروستیکردووە؟. ئایا وەسف لەمانە نامرۆڤانەتر هەیە بۆ شتێک، ئایائەمە قسەکردنی فەیلەسوفێکە لەسەر کۆیلە، یان لێخستنی بەشی هەرە زۆری مرۆڤی کوردە یان ڕۆحی کوردە لە ئینسانییەت؟ بەتایبەت خاوەنی ئەم تێزەیە پێداگرتنێکی بێوێنە لەسەر ئەوە پێدادەگرێت، کە ئێستا ئەم ڕۆحە بەسەر کورددا باڵادەستە. کە قسەش لە جەمسەری بەرابەردەکات کە جەمسەری جوامێرانە، ئەوا نازانین کێن جوامێرەکان؟ ناویان چییە؟ بەرهەمەکانیان کامەیە؟ واتە بە کورتی و سادەیی کە دێینە سەر پراکتیکی ئەم تێزە گریمانەییە دەربارەی ڕۆحی کۆیلەو ڕۆحی جوامێر، جەمسەری کۆیلە کەم تا زۆر هەموومان دەگرێتەوە لە زاناوە بۆ نەزان لە گزیرەوە تا شالیار، بەڵام جەمسەری جوامێرەکان خاڵییە، جگە لە چەند ناوێک کە جارجار دووبارەدەبنەوە بێئەوەی بزانین بۆ وەک ناوی «حسێن عەلی» و «ڕەفیق چالاک»، هەڵبەت ڕاپەڕین بە بەرهەمی ڕۆحی جەنگاوەرانە دەزانێت، بێئەوەی تێبگەین چۆن لە ڕۆحی ئەم «مەخلوقە»وە کە ئەو وەسفەی سەرەوە بەیانی حاڵێتی لە ناکاو ڕاپەڕینێکی مەزن دروستدەبێت؟.

لەڕاستیدا حەزناکەم بچمەوە سەر کەلەپووری ڕاسیزمی ئەوروپی و بڵێم کێ لە ڕاسیستە ئەوروپییەکان تائەمڕۆ بەم لووتبەرزییەوە قسەی لە گروپێکی ئادەمیزاد کردووە، کامە ڕاسیست و ئەنترۆپۆلۆگ و ئۆرینتالیست وەسفی وای بۆ عەقڵییەتی هیچ خێڵگەلێکی سەرەتایی کردووە؟... ئاخر ئەوە کێیە تەماهی لەگەڵ زمانی ڕاسیزمی ئەوروپیدا کردووە، کێیە چاوی ئەوانی قەرزکردووە بۆئەوەی تەماشای کۆمەڵگای خۆی بکات؟ ئەو ڕۆشنبیرانەی خاوەن ئەم گوتارە پێیاندەڵێت غەربزەدەو خۆرئاواپەرست و ئۆرێنتالیست، یان خاوەنی ئەم گوتارە؟. هەتا نازییەکان زمانی وەهایان لەوەسفی جووەکاندا بەکارنەبردووە، لۆیان کە فاشیستیترین

کاراکتەری ناسراوی سەر سەحنەی سیاسەتی ئەوروپییە، ڕای وایە کە عەرەبەکان خەڵکی باشن، بەڵام دەڵێت بابڕۆنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان. زۆر خەتەرە ئێمە ئەم گوتارە لەگەڵ ئیسلامیشدا تێکەڵاوبکەین، هەتا توندڕەوترین عەرەب بەم زمانە قسە لەڕۆحی جوو ناکات، هیچ دینێک فەرهەنگێکی لەمجۆرەی نییە بۆ وەسفی ڕۆح و کاراکتەری مولحیدەکان.

لەوەش بترازێت ئەم گوتارە کۆیلە وەک دۆخێکی جێگیر تەماشادەکات، گەر بپرسین کە ڕۆحی کۆیلە ئاوا شەیتانئامێزو بەدزەنگینە، ئەی دەکرێت چۆن ئەم مرۆڤە برێکی چکۆلانە لە ئینسانییەت وەربگرێتەوە؟ لە ڕاستیدا ئەمەیان پرسیارێکی بێمانایە، چونکە لای نوسەری ئەم گوتارە کۆیلە هەر کۆیلەیە، هەتا ئایینیش ناتوانێت کۆیلە ڕزگاربکات، چونکە لەبری ئەوەی ئایین بتوانێت کۆیلە ئازادبکات، کۆیلە ئایین بە ئەخلاقیاتی خۆی باردەکات و دەیکات بە دینی کۆیلە کە جیایە لە دینی سەروەرو جوامێران. نەک هەر ئەوە بەڵکو بەئاسانی دەتوانین لە نێوان دێڕەکانی ئەم گوتارەدا ئەوە بخوێنینەوە کە دیموکراسییەت، زانست، عەلمانییەت، تەکنۆلۆژیا لە تەکیاندا بەشی هەرەزۆری ڕێبازە فیکرییەکان لە فەیلەسوفەکانی ڕۆشنگەرییەوە بۆ فیمنیستەکان هەموویان بەرهەمی ڕۆحی عەدەمیانەی کۆیلەن.

کێشەکە لەوەدا نییە کە دونیای ئێمە پڕ نییە لە لاوازی و بێئیرادەیی، کێشەکە لەوەدایە بە چ ڕۆحییەتێک قسە لەم لاوازییانە دەکەین، من دەزانم کاتێک سیاسییەکانمان دەکەونە بچوککردنەوەی ئیرادەو تواناو ڕەنجی ئێمە، ئەمە چەندە تراجیدییە. بەڵام  پرسیارەکە ئەوەیە ئێمە لە پێناوی چیدا دەبێت قسە لەم بابەتانە بکەین، بۆئەوەی بڵێین دەرمانی ئەم دەردە پشتکردنە دونیایەو گەڕانەوەیە بۆ ئیسلام؟ دەرمانی ئەم دەردە توڕدانی دیموکراسییەتەو گەڕانەوەیە بۆ زیندووکردنەوەی ڕۆحی جەنگاوەری کوردانە «کە چەندە بەوردی ئەم گوتارە بخوێنینەوەو هێشتا مانایەکی تەواوەتیمان بۆ ئەم گوزارشتە دەستناکەوێت»؟ توڕدانی تازەگەرییەو گەڕانەوەیە بۆ سەلەف؟ بێگوناه ناساندنی دینە لە هەموو کێشەکانی دونیای ئێمە؟ توڕدانی عەلمانییەتەو گەڕانەوەیە بۆ حوکمی فوقەها؟ بڕینی کراسی کۆیلەیەتییەکی وجودییە بە باڵای ڕووبەری هەرە گەورەی ڕۆحی کوردو دەست لێبەردانێتی بۆ گەردەلول و ڕەشەبا؟ ئایا ئیشکردن بە دوولانەی کۆیلە و سەروەر دەتوانێت چی کونج و نهێنی و تاریکییەک بۆ ئێمە ڕوناکبکاتەوە، کە گوتارەکانی تر بێئەوەی تەحقیری مرۆڤی کوردبکەن و بیکەنە کۆیلە لە ڕێگای میتۆدی ئارامانەترەوە ناتوانن ڕوناکیبکەنەوە؟ لە ڕاستیدا خاوەنی ئەم گوتارە چ نهێنییەکی بەم هاوکێشەیە نەدۆزیوەتەوە، نادیارێکی پێنەگووتووین، هێندە هەیە ئەم

دوو زاراوەیەی کـۆیلـەو جـوامـێـر وەک کـەرەسـتـەیەکی ڕووتکردنەوە «تعـریة»ی بـەرابەرو خاڵیکردنەوەی ئەویدی لە ئینسانییەت بەکاریدەهێنێت.

گـەر تەمـاشـابکەین ئەم گـوتارە لـە جـەوهـەریدا تەواو لە لۆژیک و وەزیفـەی ئـەو گـوتارە فـەلسـەفییە جیابۆتەوە کە لە فیکری خۆرئاوادا قسـە لە پەیوەندی کۆیلە و سـەروەردەکات و کـراوەتە گـوتارێکی ئەخـلاقی کـە وەزیفـەکـەی وێناکـردنێکی شـەیتـانییـە بۆ کـۆیلـە، نەوەک خـوێندنەوەی پەیوەندی و فنکسـیـۆنی دوو جـەمسـەربێت کـە خـوێندنەوەیان بڕێکی زۆر لە میکانیزمی دەسـەڵات لە فیکری خۆرئاوایدا دیاریدەکات. بۆ نمونە کەسی سـەروەر لای هیگل، مـەخلوقێکی بڵندباڵا و ڕۆحـانی نییـە، بەڵکو بوونەوەرێکە لە ململانێی زەوتکردنی دانپیـانانـدا دەجوڵێتەوە، بوونێکە بەدەر نییە لە ئیشکردن بە هەموو شێوەکانی تەکتیک و پلان بۆ ڕاگرتنی سـەروەری خۆی، کە سەروەری دەسەڵاتێتی. بۆیە وادەڵێم تا دڵنیابین ئـەم گوتارە پەیوەندییەکی بە ڕیشـە فـەلسـەفـیـەکـانی بـابەتی کـۆیلەو سـەروەرەوە نیـیـە، هێندەی توڕەییـەکی سیـسـتـمـاتیـزەکراوە دژ بەویدی و دژ بە خـودیش، گـەر ئەمـە دەنگی ڕۆحی نەتـەوە بێت، ئەوا بەداخـەوە ئەمـە دەنگی ئەو بەشـەیە لە ڕۆحـی نەتەوە کـە سوکـایەتـی بە خـۆی و تا ئەندازەیەکی زۆر بە هـەموو دونیاش دەکات.

دابەشکردنی دونیـا بـۆ دوو جـەمسـەری دژ بەیـەک، کـە یەکـێکیـان ڕەحـمـانی و ئـەویدیان شەیتانییە، لە میکانیزمە سادەکانی ئەم گوتارە سیاسییـەیە، ئەم گوتارە بریتییـە لە گەیاندنی دابەشکردنـەکان بە دوا سنوور، گـەیاندنی جـیاوازی نێـوان ئادەمـیـیـەکانـە بە پلەی موتڵـەق، گـەیاندنی جـیـاوازی نێـوان ڕۆحـەکـانـە بە ئەوسـەری سنووری خـۆی. لۆژیکی ئەم گـوتارە لەسـەرەتاوە بـۆ کۆتایی گەورەکردنی ڕەهاو بێئـەندازەی فاسیلـەی نێوان شـتەکانـە. ئەم گوتارە خـاسییـەتی زۆربەی گوتارە توندڕەوەکانی تیایە، ئەوانەی ڕۆحـانییـەت دەدەنە پاڵ دونیـایەک و مـادییـەت دەدەنـە پاڵ ئەوی تر، عـەدەمـییـەت دەدەن بە سـەرچاوەیەک و مـانـاو مـەزنی دەدەن بە بەرەیەکی دی، جوانییـەکان هـەموو دەدەن بە دوێنێ و ناشیـرینییەکان دەدەن بە ئێستا، بۆماوە و کەلەپوور دەدەن بە جێگایەک و هیچی و نائینسانییـەت و دڕندەییش بە لایەکی دی. جوانی و جـوامـێری هـەمـووی بۆ خـۆیان، زەلیلی و بچـوکـیش بۆ بەرابەر. پرسـیـارێک لێرەدا بیکەین ئەوەیە: ئایا ئەگـەر ڕۆحی نەتەوەی ئێمە بێتە قسـە، بەمجۆرە قسەدەکات؟ گەر ڕۆحی نەتەوەی ئێمـە توڕەبێت، بەمـجۆرە تـوڕەدەبێت؟. ئایا ڕۆحی نەتەوەی ئێمـە قـازانج لەوە دەبـینێت تەنیـاو تەنیـا چاو لە ڕابوردووی ئیـسـلامـیـانەی خـۆی ببـڕێت و هـەمـوو ئـەگـەرێکی دی بـۆ داهـاتوو بکوژێت؟ قـازانج لەزەخـرەفـەکردن و مکیـاجکردنی مێـژووی خـۆی لەگـەڵ ئیـسـلامـدا دەبینێت ؟ قـازانج لەوە دەبینێت مـێژووی برینداری خـۆی لە بیـربکات و ئەو مـێـژووە تاریکە بە مـەڵبـەندی

ڕوناکی و درەوشانەوەو ببینێت؟ سوود لەوە دەبینێت پشتبکاتە زانست و تەکنۆلۆژیا؟ سوود لەوە دەبینێت تەنیا بە میتۆدی کۆیلەو سەروەر دونیا بخوێنێتەوە، بەشی هەرە زۆری کولتووری دونیاش بە کولتووری کۆیلە بزانێت؟ سوود لەوە دەبینێت بەدیوێکدا ئیگۆی خۆی وا فووتێبکات، خۆی بە خاوەنداری هەموو ئیرسی جوانی خودا بزانێت، بە دیوێکیشدا خۆی هێندە تەحقیربکات بە هیچ شەیتانێک نەشوبهێنرێت؟ سوود لەوە دەبینێت ناکۆکیی و ململانێکانی ناو خۆی کە ناکۆکی و ململانێی کۆمەڵایەتی و مێژووی و ئایدۆلۆژی و کولتووریی و سیاسین بگەێنێتە ئاستی کەرتکردنی بێچارەو بێدەرمانی کەسایەتی مرۆڤی کورد؟ سوود لەوە دەبینێت بە مۆدێلی دکتۆر جیکل و مستەر هاید خۆی بخوێنێتەوە؟ بێگومان ئەوەی لێرەدا قسەدەکات ڕۆحی کورد نییە، کە ڕۆحێکە ئەمڕۆ تاکە دەرفەتی ڕاستەقینەی بۆ کراوەتەوە دونیا بژی و ریسکە ڕاستەقینەکان تاقیبکاتەوە، ئەم فۆبیا دروستکردنەش بەرابەر بە خۆرئاوا، بەرابەر بە گۆڕان، بەرابەر بە مۆدێرنکردن، بەرابەر کولتوورەکانی دی، بەرابەر مۆسیقاو هونەری ئەوی دی، بەرابەر دیموکراسییەت، بەرابەر سەرهەڵدانی هێزێکی کۆمەڵایەتی دی کە ڕۆشنبیرانن، بەرابەر بە عەلمانییەت، بەرابەر حەلاڵکردنی بێمەرجی جیاوازییەکان، بەرابەر شکاندنی لۆژیکی ئیشکردن بە هاوکێشەی «شەیتان و ڕەحمان»... هاوارو ترسی دەنگە خنکێنەر و هێزە چەپێنەرو لایەنە حەرامپەرستەکەی ناو ئەم ڕۆحەیە. ئەو لایەنەیەتی کە پێیوایە گوێگرتن لە مۆسیقای خۆرئاوا سووکایەتییە بە مۆسیقای کوردی، ئەو دیدەیەتی کە لایوایە ئەو چاوەی کافکا دەخوێنێتەوە دژی ئەو چاوەیە کە توحفەی موزەفەرییە دەخوێنێتەوە، ئەو عەقڵەی ستایشی سان ژۆن پێرس دەکات دەبێت بەزەرورەت دوژمنی ئەو عەقڵەبێت کە مەحوی دەخوێنێتەوە. لە ئێستادا تاکە هێزێک کە بەم هاوکێشەیە ئیشدەکات، هەندێک باڵی توندڕەوی ناو ئیسلامی سیاسییە، لەگەڵ ژمارەیەکی باشی ئەو ڕۆشنبیرانەی کە ئەم گوتارە هێرشیاندەکاتە سەر. ئەم دابەشکردنە موتلەقانە، ئەم وێناکردنەی کۆمەڵگا نەوەک لەم گوتارەدا ، بەڵکو لە ئیشی هەموو ئەو ئیسلامییە توندڕەوانەدا کە هەموو ڕۆژێک لە کەناڵی تەلەفزیۆنەکانەوە دەیانبینین دەبیسترێتەوە ، ئەم زمانە لە جومگە هەرە سەرەکییەکانیدا نوسخەی کوردی ئەو قسانەیە کە ئیسلامییە توندڕەوەکان لەسەر کۆمەڵگای عەرەبی دەیکەن، لای ئەوانیش «لەبیرکردنی ڕابوردووی» پڕ شانازی عەرەب، ئەو گوناهەیە کە ڕۆشنبیران لێی بەرپرسیارن، «نۆکەرایەتی و بچوکیکردن بۆ ئەمریکاو خۆرئاوا » سیفەتی هەموو ڕۆشنبیران و عەلمانییەکانی دونیای عەرەبن. هەموو ڕەخنەیەک لە پرۆژەی ئیسلامی سیاسی، بە ڕشانەوەو بۆگەنی و بوغز لە ئیسلام ناوزەددەکەن. ئەو تێزەیەی گوایە خۆرهەڵات مەڵبەندی ڕۆحانییەتەو خۆرئاوا مەڵبەندی فەسادی مادییە، ئەو دەستپێکە خورافییەیە کە لە

پشت هەردوو ئەم بۆچوونەوەیە. ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت «ویژدانی ئوممە» تووشی دەردو بیماری هاتووە، شا زاراوەی ئیسلامییە عەرەبەکانە. ئیشکردن بۆ «ڕێنیسانسێک» ئایین بنەماو سەرنمای بێت، سەرەتاو کۆتایی بێت ستراتیژی ئەو ڕۆحەیە کە بە ڕۆحی جەنگاوەر ناویدەبەن، دیارە وشەی ڕێنیسانسیش لێرەدا وەرگێڕانی وشەی «نهضة» نییە بە مانا ئەوروپی و مۆدێرنخوازەکەی، بەڵکو وشەیەکی نزیکە لە وشەی «صحوة» وە کە زاراوەی سەنترالّی ناو ئەدەبیاتی ئیسلامییە عەرەبەکانە. نابێت ئەوەمان لە بیربچێت کە زاراوەی «ڕۆحی جەنگاوەر»یش لە هەندێک جێگادا وەرگێڕانی کوردی چەمکی «الروح الجهادية» یە نەوەک زاراوەیەکی فەلسەفی.

ئەمانەو دەیەها خاڵ و سەرەپردی دی، کە لە ڕووی فەرهەنگی وئایدۆلۆژییەوە ئەم گوتارە بە گوتاری ئیسلامییە توندڕەوە عەرەبەکانەوە گرێدەدات، ئەوە دەسەلمێنێت ئەم ڕۆحەی لە پشت ئەم گوتارەوەیە ڕۆحی نەتەوە نییە، ڕۆحی کورد نییە، بەڵکو ڕۆحی ئیسلامی سیاسییە بە باڵە توندڕەوەکەیدا، گواستنەوەی گرێ و بوحرانەکانی ناو گوتاری ئیسلامی سیاسیی عەرەبییە بە وردو درشتییەوە بۆ ناو جەرگەی ڕۆشنبیری کوردی، گرێ و گرفتێک ڕۆژێک لە ڕۆژان کێشەی ڕاستەقینەی ناو ئەم ڕۆشنبیرییە نەبووە و ئێستا لە ژێر جبەی پرسیاری فیکری و لە بن دەمامکی فەلسەفەوە دەهێنرێت و سەوزدەکرێت. لە ڕاستیدا ئەمە جگە لە «لاساییکردنەوەی هەموو دەرکەوتەکانی هێز لای داگیرکەر» هچی دی نییە کە گوایە ئەم گوتارە خۆی بە دوژمنی دەزانێت. ئاخر کامەیان تەماهیکردنە «چوونیەکبوونی چۆنایەتی» لەگەڵ داگیرکەردا، بەرگریکردن لە دیموکراسییەت کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بە ئاسمانی جەنراڵەکانی تورک و مەلاکانی تاران و فاشییەکانی بەغدادا نەڕۆیشتووە، یان بەرگریکردن لە هەموو ئەو پاشخانە دینییەی ئەمشێوە ئیستیبدادەی سەوزکردووە؟ ئاخر دەبێت خاوەنی ئەم گوتارە هێندە بێئاگابێت بڵێت، ئیشکردن بۆ کۆمەڵگای جیاوازی، بۆ سەروەری کۆمەڵگای مەدەنی، تەماهیکردنە لەگەڵ سەدام حوسێن و مییتی تورکی و ئایدۆلۆژیای شیعییدا؟. ئەم گوتارە پێماندەڵێت کاتێک ئێوە قسە لە دیموکراسییەت و عەلمانییەت و نوێبوونەوەو کرانەوە دەکەن، کە ئێوە گوێ لە مۆسیقای خۆرئاوا دەگرن، کە سەیری فلیمەکانی لارس فۆن ترێر و ئەلمۆدۆڤار دەکەن، کە جینزو تی شێرت لەبەردەکەن ئەوا تەماهیتان لەگەڵ داگیرکەرانی کورددا کردووە... وەک ئەوەی عەلمانییەت و کرانەوەو دیموکراسییەت تەماهیکردن بێت لەگەڵ عەسکەرتاریای تورکی و ئیستبدادی حوکمی دینی و بەعسیزمدا، لە ڕاستیدا ئەم گوتارە ناڕاستەوخۆو بێئەوەی بە خۆی بزانێت میکیاجێکی گەورەی دەموچاوی داگیرکەر دەکات، ڕاستەوخۆ بەدیموکراسی و عەلمانی و کراوەیان دەشوبهێنێت، تا دواتر ختووکەی هەستی

دینی و ناسیونالیستیانە بدات و بڵێت هەموو نزیکبوونەوەیەک لەو چەمکانە نزیکبوونەوەیە لە داگیرکەر، هەر قسەیەک لەو بابەتانە نیشانەی ئەوەیە تۆ زەینی کەسی داگیرکراوت هەیەو لەگەڵ دوژمنەکەتدا تەماهیتکردووە، میکانیزمێکی تا بڵێی سادە کە ناسیونالیزمی دینی عەرەبی لەوەوبەر بەکاریهێناوەو ئێستاش لە نوسخە کوردییەکەیدا بەکاریدەهێنێت. گۆڕینی سەدام حوسەین و داگیرکەرەکانی دی بۆ غەربزەدەی ڕووت مەبەستێکی سەرەکی لە پشتە، ئەویش «غەربزەدەکردنی ئیستیبداد»، واتە کۆمەڵگای ستەمی ئێمە، بۆیە کۆمەڵگای ستەمە چونکە بۆتە کۆمەڵگایەکی خۆرئاوایی و ڕیشەکانی ئەم ئیستیبدادە تەنیا لە مۆدێرنەی خۆرئاواوە هاتووە، تا ئەوسەرەی دیکەمان لێچەواشەبکات کە سەدام حوسێن بە کولتووری عەرەبی و ئیسلامییەوە گرێدەدات، لەم حاڵەتەشدا ئەوەی بیرناچێت ڕۆشنبیرانی نوێخوازی عەرەبیش بە زۆڵ ناوزەدبکات. ئیدی لە هەمان ناوکۆیشدا لایەنە دڕندەکانی مۆدێرنە لەتەک دیموکراسییەت و عەلمانییەتدا هاوجووتدەکاتەوە، ئیدی دیموکراسییەت و عەلمانیەت دەبنە بەر پرسی دەرکەوتەی سەدام حوسێن «نەوەک ئیمپریالیزم و ڕاسیسزم و کەپیتالیزمێکی وەحشیگەرا» کە لێرەدا هەموویان دەخرێنە یەک تورەکەوە و پێکڕا ئاگریان پێوەدەنرێت «هەر وەک چۆن لای ئیسلامییە توندڕەوەکان پێکڕا دەخرێنە هەمانەی کوفر و دەتەقێنرێنەوە». کورتکردنەوەی مۆدێرنە بۆ دیوە دڕندەکەی، گۆڕینی ڕەخنە لە مۆدێرنە بۆ دژایەتی هەموو پرۆژەیەکی تازەگەری، بۆ بەهانەی زیندووکردنەوەی ڕابوردوو، ئەوە لە یاددەکات کە هەرچی ڕەخنەیەک ئەو لە مۆدێرنەی دەگرێت، لە بنەڕەتدا ڕەخنەی ڕۆشنبیرانی مۆدێرنە خۆیەتی لە مۆدێرنە.

لەوە بگوزەرێت ئەم گوتارە هەموو دەوڵەتە پۆستکۆلۆنیالییە تازەکانی ئەم ناوە لەو کولتوورانە دادەبڕێت کە لەسەری دروستبوون، دەیەوێت نیوەی هاوکێشەکەمان نیشانبدات و نیوەکەی دی بشارێتەوە... دەوڵەتە داگیرکەرەکانی ئێمە لە کولتووری ئیمپریالیستی و کۆلۆنیالیستی، لەگەڵ مۆدێلی ستالینی و سەرچاوە دێرینەکانی ئیستیبدادی ئایینی ئاودەخۆنەوە، لەم گۆڕەدا ئیسلامیش وەک ئایدۆلۆژیاو شێوەی تەفسیرکردنی سیاسیانەی حوکم و شێوەی داڕشتنی بۆ سیستمی خەلافەت لە ڕەگەزە پێکهێنەکانی دی جیاناکرێتەوە. لێرەوە ڕۆڵی ئیمپریالیزمی خۆرئاوا، ڕۆڵی مۆدێلی ستالینی، ڕۆڵی ئایین، سێ ڕەگەزن لە تەفسیری پێکهاتی ئەم دەوڵەتانەدا هاوشانن و لێکدانابڕێن، هیچ یەکێک لەم سێ ڕەگەزەش لە نیازیاندا نەبووەو نییە دیموکراسییەت، عەلمانییەت، کۆمەڵگای مەدەنی، مافی مرۆڤ، ئازادی بێکۆت و بەند، بۆ کۆمەڵگای ئێمە بهێنن. ئەم داواکارییانە تەماهیکردن نین لەگەڵ داگیرکەر یان خۆرئاوا، ئەمانە مەرجە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگایەکن بیەوێت سەرەتاکانی داد و

دادپەروەری تیابێت، ئەمە داواکاری بنەڕەتی و ڕەسەنی کۆمەڵگای کوردی خۆیەتی کە لە پێویستییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانییەوە هەڵقوڵیوە، داواکاری کۆمەڵگایەکە نەبوونی دیموکراسییەت نەوەک نەبوونی دین هەلاهەلایکردووە، خنکاندنی هەموو شێوەکانی هیواو ئازادی و تێفکرین لە گۆڕان، نەوەک نەبوونی وەفاو وەفاداری بۆ ڕابوردووی جوان، ئەنفال و هەڵەبجەی بۆهێناوە.

دیارە گەر کەرەستەکانت بۆ خوێندنەوەی دونیا دینێکی ئاوڕشێنکراوبێت بە ئەفلاتوونیزم، ئەمجۆرە بۆچوونانەی لێدەکەوێتەوە. کاتێک بەشی هەرە زۆری فیکری مرۆڤایەتی بە نەخۆشی و عەدەمییەت بزانیت و بتەوێت بە فیکری سیاسی ئەفلاتوون «وەک شا میتۆدی خوێندنەوە» کۆمەڵگایەکی خاپووری دوو هەزار و چوارسەد ساڵ دوای ئەفلاتوون بخوێنێتەوە « ئەمەش تێکەڵاوبکەیت بە ستایشی هەموو دیوە حەرامپەرەستەکانی ئایین» دەرەنجامی وای لێدەکەوێتەوە. ئەمە چ دۆخێکی سەیرە لەم گوتارەدا قسە لە عەدالەت دەکات و دژی دیموکراسییەتە «لەم سەر زەمینەی ئێمەدا، تاکە هێزێکی سیاسی ڕاستەقینە کە ئێستا چەمکی عەدالەت و دیموکراسییەت لەیەکدی جیادەکەنەوە ئیسلامییەکانن» قسە لە ئازادی دەکات و دژی عەلمانییەتە، قسە لە مرۆڤ دەکات و نیوەی مافەکانی «کە لەگەڵ شەریعەتی ئەودا نایەنەوە» زەوتدەکات. باس لە مەدەنییەت دەکات و دژی دیموکراسییەتە، وەک ئەوەی بەبێ دیموکراسییەت دروستکردنی کایەی مەدەنی و گەشەکردنی کایەی مەدەنی بکرێت بیری لێبکرێتەوە. ئەوەی لێرەدا دەیبینین فەلسەفە نییە، بەڵکو هەوڵێکی ئایدۆلۆژییە بۆ لکاندنی سیفەتی داگیرکەر بە هەموو شتێکی نائیسلامییەوە، پاکردنەوەی ئیسلامە لە هەرشتێک لە مێژووی ئێمە دا ڕویدا بێت. ئەمە نیشاندانی هێزە ئیمپریالیستەکانی خۆرئاوایە وەک هەڵگری پرۆژەی دیموکراسی و عەلمانییەت، تا دواتر پێمان بڵێت. ئێوە غەربزەدەن، نیشاندانی داگیرکەرانە وەک دیموکراسی تا دواتر بڵێت، داواکردنی دیموکراسییەت تەماهییە لەگەڵ داگیرکەردا. نیشاندانی دیوە دڕندەکەی مۆدێرنەیە وەک تاکە بەرهەم و تەنیا دەرکەوتەی مۆدێرنە.

جگە لەوەش ئەم گوتارە وەک گوتاری ئیسلامی سیاسی توندڕەو ڕۆچوونە بۆ داگیرکردنی بچوکترین ڕووبەری شەخسی مرۆڤەکان، هەر لەسەرەتاوە جۆری ئەو مۆسیقایەشمان بۆدیاریدەکات کە دەبێت گوێی لێبگرین، ئەگەر گوێشمان لەوەنەگرت ئەوا کۆیلەین و داگیرکەر عەقڵی تێکداوین. ئێمە دەزانین ئەوانەی گوێ لە شەکیراو جنێفەر لۆپز دەگرن بەرزترو گرنگتر

و زاناتر نین لەوانەی کە گوێ لە عبدولباسط و شێخ شەعشاعی دەگرن، بەودیویشدا ئەوانەی گوێ لە رۆبن ولیامزو سیلین دیون و سۆفی ئیلیا دەگرن نزمتر نین لەوانەی گوێ لە عەلی مەردان و حسێن عەلی دەگرن. نە ئەوانەی لەسەر تەواشیحی ئایینی دەگرین کۆیلەو بۆگەنن، نە ئەوانەش کە لەگەڵ بریتنی سپێرسدا سەمادەکەن، من بەش بە حاڵی خۆم لەسەرەتاوە تا کۆتایی بۆ کۆمەڵگایەک دەگەڕێم لەمجۆرە ناونان و دابەشکردنانە ئازادبێت. ئەمانە دوو جۆرە مرۆڤن جیاواز، دوو جۆرە زەوقن جیاواز، دوو شێوە تێگەیشتن و لەزەتبردنن جیاواز، کە دەبێت لە سنووری جیاوازییە ئینسانییەکانیاندا وەریانگرین. وەک چۆن قەدەغەکردنی موسڵمانێک لەوەی ڕووبکاتە مزگەوت و عیبادەتەکەی تا دوائەندازە نامرۆڤانەیە، دەستدرێژکردنە سەر ئازادی کچێکیش لەوەی چی دەپۆشێت و گوێ لە چ مۆسیقایەک دەگرێت بە هەمان ئەندازەو بە هەمان توندی دەستدرێژییەکی نائینسانیانەیە. گوناهباری ڕاستەقینە ئەوەیە کە ئازادی خۆی لەسەر حیسابی ئازادی و مافی ئەوانی دی دروستدەکات، ئەوەیە کە لەسەر حیسابی بە حەیوانکردنی بەرابەر ئینسانییەتی خۆی بەرزدەکاتەوە.

لەوانەش بترازێت ئەم گوتارە بەدوورە لە هەموو ڕۆحانییەتێک، هەتا ڕۆحانییەتی ئایینیش.

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ڕۆحانییەتی ئایینی ، سەیرکردنی گوناهکاران و بێگوناهانە بە چاوی ڕەحمەت ، کەسی ڕۆحانی هێندەی خەریکی پاککردنەوەی ناوەوەی خۆیەتی، سەرقاڵی پڕکردنی دەرونی خۆیەتی لە مەحەبەت، خەریکی دابەشکردنی دونیا نییە بۆ کۆیلەو سەروەر، خەریکی دژێوکردنی ئەویدی نییە، کەسی ڕۆحانی تا دواساتیش لە خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی دۆخی ڕۆحی خۆیایەتی، هێندی خۆی وەک گوناهبارێک دەبینێت کە چاوەڕوانی ڕەحمەتە، خۆی بە نوێنەری عەدالەتی ئاسمان نابینێت لەسەر زەوی. هێندەی مشووری ئیمانی خۆی دەخوات، حوکم بەسەر ئیمانی ئەوانی تردا نادات. خوداش وەک هێزێک سەیردەکات ڕەحمەت و لێبوردنی وەک یەک بەر هەمووان دەکەوێت، دیارە من دەزانم ئەم بۆچوونە جودایە لە بۆچوونی تەقلیدیانەی دین، بەڵام ڕۆحانییەت گەورەکردنی لایەنە ڕوناک و پڕ لە میهرەکەی خودایە، نەوەک لایەنە تۆڵەسێن و سزادەرەکەی. ڕۆحانییەتی ئایینی لە جیهانبینی خۆیدا گوناهکاران وەک بەشێکی ئاسایی ژیان تەماشادەکات. ڕۆحانییەکی وەک جۆرج بیرنانۆس دەڵێت «لەلایەن بێگوناهانەوە هەڕەشەیەک نییە، ئەوەی هەڕەشەتان لێدەکات، لە سینەی خۆتاندایە، هاوڕێیانم لە پێستەکەی خۆتاندایە. ئەی خودای مەزن، من چۆنتان پێبڵێم، ئێوە تێمبگەن؟ پێتان بڵێم گوناهباران لە ناو خۆتاندان، گوناهکاری زۆر گەورە، بەڵام ئەمە عاقیبەتگەلێکی ئەوتۆی نییە، چونکە هەموو کۆمەڵگایەک گوناهکاری هەیە،

وەلێ تا ئەودەمەی کۆمەڵ پێکرا یەکدیان گرتووە، گوناهکاران و ئەوانی دی، بەیەکەوە یەک جەستە دروستدەکەن، جەستەیەک بەزەیی و ڕەحمەتی خودا وەک شیری ناو درەخت بەناویدا گوزەردەکات». ڕۆحانییەتی ئایینی بەم زمانە قسەدەکات، زمانێک دڵنیایە گوناهباران بەشێکن لە دونیا، ڕەحمەتی خوداش بەر هەمووان دەکەوێت. ئەوان دیاردەیەک نین عاقیبەتگەلی خراپ بخەنەوە، بەڵکو لەگەڵ ئیمانداراندا یەک جەستە دروستدەکەن. تەنیا ئیسلامییە توندڕەوەکان ، تەنیا ئەوانەی لەسەر کوشتنی ڕەهەندە ڕوحانییەکانی ناو ئیسلام ئیشدەکەن. بێئیمانەکان فڕێدەدەنە دەرەوەی کۆمەڵگا .

لای ڕۆحانییەکی وەک «دستۆیفسکی» گوناهباران نەوەکو بەشێکی کۆمەڵگان، بەڵکو لەو دونیاشدا خودا وەک چۆن ئیمانداران دەگرێتە ئامێز ئاوەهاش بێئیمانان دەگرێتە ئامێز، با تەماشای ئەم بەشە لە دیالۆگی یەکێک لە کاراکتەرەکانی «تاوان و سزا» بکەین، دستۆیفسکی بە زاری گوناهکارێکی وەک باوکی سۆنیاوە، ئاوەها تێگەیشتنی خۆی بۆ پەیوەندی خوداو خەتاکاران چڕدەکاتەوە: «ئەو خۆی دەبێتە دادوەر و لێمان دەبورێت، لە چاکەکار و خراپەکار، لە دانا و نادانا.... کاتێک نزیکە کاری خۆی تەواوبکات، ئەوکات ڕوودەکاتە ئێمەو دەفەرموێت: «ئێوەش وەرن ئەی سەرخۆشان، ئەی لاواز و بێشەرمەکان» ئێمە هەموو دێینە پێشەوە، بێئەوەی تۆزقاڵێک خەجاڵەتی بکێشین لە بەردەستیدا دەوەستین. ئەو پێماندەڵێت «ئێوە بەرازینا، ئێوە هاوڕەنگانی جانەوەران، ئەی ئەوانەی لە ئاژەڵدەچن، وەرن، وەرنە پێشێ» داناو زانایان دەیکەنە هاوار و دەڵێن: «ئەی سەروەر، تۆ لەبەرچی ئەمانەش دەگرێتە خۆت، لەبەرچی؟» ئەویش دەفەرموێت «دەیانگرمە خۆم ، ئەی دانایان، دەیان گرمە خۆم ،ئەی زانایان. چونکە هیچ یەکێک لەوان خۆی بە شایستەی ئەوە نەزانیوە...» ئیدی ئەو دەستی خۆیمان بۆ درێژدەکات، ئێمە دەچینە سەرچۆک... دەستدەکەین بە گریان... هەموومان تێدەگەین! بەڵێ ئەو کات هەموومان تێدەگەین، کە ئەی خودای سەروەر مەملەکەتی تۆ دێت و بەرقەراردەبێت».
ڕۆحانییەت وێنەگەلێکی لەمجۆرە بۆ ئایین و خودا بڵاودەکاتەوە. هەوڵدەدات لە ڕێگای خۆشەویستی خوداوە، خۆشەویستی مرۆڤ قووڵبکاتەوە، لە ڕێگای وێناکردنی خوداوە وەک هێزێکی مەزنی پڕ لێبوردن، توانای لێبوردن لە نێوان مرۆڤەکاندا گەورەبکات. ڕۆحانییەت بۆیە ناوی ڕۆحانییەتە کە هەمووشتێک بەپێودانی خۆشەویستی بپێوێت، لە خراپترین ئادەمیزاددا باشترین ڕوخسارو سیفەتی ببینێت. ئەم ڕەهەندە تەنیا سیفەتی ڕۆحانییەتی مەسیحی نییە، فیداکاری لە پێناوی بەخشینی گوناه و خراپەی ئەوانی دیدا هەرتەنیا سیفەتی مەسیح نییە، بەڵکو «مرۆڤئەڤینی» بەشێکی گرنگ و ناوەکی ئیسلامیشە، ئەو

بەشـەیەتی کـە دەکوژرێت و کپدەکرێت. بەداخـەوە ئەم گوتـارەی ئێسـتـاش گوتارێکی بکوژە بۆ ڕۆحانییەت. من کێشەیەکم لەوەدا نییە گەر هاوڕێی زیادە خۆشەویستم فاروق ئایینیانە دونیا ببینێت، بەڵام کێشـەی گەورەم هـەیە، کاتێک دەبینم ئەو دینەی بەرێزیان بانگەشەی بۆدەکەن، لەبری سەوزکردنی کولتووری لێبوردن، کولتووری پیاوەتی و شـەهامەت ستایشـدەکات. لەبری دینی عاشقان و شاعیران، دینی جەنگاوەران ستـایشدەکات. لەبری گەڕانەوە بـۆ مرۆڤ وەک نرخـێکی بـاڵا و ڕەها، لەسـەر توڕدانی مـرۆڤ و بێنرخکردن و بچـووککردنەوەی لەبەردەم ئاسمـاندا دروستـبووە. لەبری باوەشکردنەوە بـۆ دونیـا، وەرگەڕاوەتەوە بـۆ خـەڵوەت. لەبری توڕەبوون لەهەر دیدێک مـرۆڤ بە کـۆیلە نـاوبنێت و هـێـڵکارییـەکی شـەیتـانی بۆبکات، بۆتە کێڵگەی چاندنی کۆیلە و بە شەیتان شوبهاندنی مرۆڤ. مرۆڤێک کە هێشتا لە کولتووری ئێمەدا لە دایکنەبووە، هێشتا مافە بچوک و سەرەتاییەکانی خۆی ناناسێت. من پێموایە گەر مرۆڤ پێوەری شـتەکان نەبوو، مانای ئەوە نییە خودا دێت و بە ئەڤین و میـهری خۆی دەبێتە پێوەری شتـەکان، بە پێچەوانەوە کە مرۆڤ وەک نرخێک نەبووە پێوەر، واتە کۆمەڵە مرۆڤێک بە شمشێر و دۆگماکانیانەوە دێن و خۆیان دەخەنە شوێنی مرۆڤ و خۆیان دەکەنە نمونەی بەرزو ئیدیالی مرۆڤ.

من پێموایە چاندنی ڕق و دابەشکردنی ڕەهاو دۆگماپەرستی نە لە هیچ ئایدۆلۆژیایەک، نە لە هیچ ئایینێک قبـووڵناکرێت، وەک چۆن ناکـرێت هیچ سیـاسییـەک بەناوی ڕۆحی نەتەوەوە قسـەبکات، ناکرێت هیچ ڕۆشنبیـرێکیش بەو ناوەوە قسـەبکات. با هەرکـەسـەمـان بەتەنیـا قسـەکەری تواناو بیرکردنەوەی خۆی بێت، ڕۆحیشـمـان بەتەنیا ئاوێنەی گومـان و ڕاڕایی و جۆشانەکانی خۆی بێت. نە ڕۆحی من دەبێتە بریکارو جێگری ڕۆحی کەس، نەدەرفەتیش هەیە ڕۆحی کەس ببێتە بریکارو جێگری ڕۆحی من.

**کۆبوونەوە لەسەر خوانی موقەدەس**

دیارە ئـەم گـوتارە بـەدەگمــەن وەڵامـێکی کـۆنکرێت و ئاشکرا بـۆ زۆربەی ئەو پرسـیـارانە دەدۆزێتـەوە کە خـۆی دەیهێنێتە مـەیدان، گەورەترین ئیشکالییـەتی ئەو بەشەیەتی کە دەیەوێت بۆمان ڕوونبکاتەوە بۆ ئەو عەلمانی نییەو دینییە. لە ڕاستیدا ئەو دیدە تاک ڕەهەندەی لێرەدا بۆ عـەلمانییـەت و دینی دەخـوێنینەوە، سـەرسـوڕهێنەرە. کـۆمـەڵگا لە پێناسـەی ئـەم گـوتارەدا «کۆبوونەوەیە لەسـەر خـوانی مـوقەدەس»، ئەم مـوقەدەسـەش شـتێک نییـە تەفسیـرو چەندوچون هەڵگرێت، شـتێک نییـە جێبـهێـڵرێت بۆ بیرکـردنەوەی مرۆڤـەکان، چونکە ئەمـە مـانای بە

دیموکراتیکردن، دیموکراتیزەکردنی موقەدەسیش وەک هاوڕێی ئازیزم کاک فاروق دەڵێت مانای «کوشتنی ئایین و دەرگاکردنەوە بۆ هەموو گەندوگویەک». موقەدەس یەک مانای هەیە، ئەویش موقەدەسی ئایینیە. ئایین لێرەدا سیستمێکی بیروڕاو دونیابینی و تەفسیرکردن نییە، شێوەگیرییەکی زانست و فیکرو عەقڵییەتی ئیدارەکردن نییە کە پابەندی قۆناغێکە لە قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، بەڵکو خودی کۆمەڵگایە. لەدەرەوەی ئایین شتێک نییە ناوی کۆمەڵگا بێت. کۆمەڵگا یەکسانە بە موقەدەس و موقەدەس یەکسانە بە کۆمەڵگا، هەرەسی موقەدەسیش یەکسانە بە هەرەسی کۆمەڵگا. ئەو دەڵێت «جڤات لەدەرەوەی ئایین واتە لەدەرەوەی ئۆتۆرەتی، هەرەمی کۆمەڵایەتی، موقەدەس و ناموقەدەس، پرنسیپە بنەڕەتیەکان، موحیبەت، ڕێز، نیازو مەبەستی بوون، مانا نەک دەبێتە کەیاس (ئاژاوە)، نەک دەبێتە ئوتێل (واتە کۆبوونەوەی کۆمەڵێک موسافیر لە شوێنێکدا) بەڵکو بوونی مەحاڵە». دیارە ئۆتۆرتی لێرەدا ئۆتۆرتی دینە، هەرەمی کۆمەڵایەتیش هەر ئەو هەرەم و هیرارکییەتەیە کە دین پێشکەشیدەکات، موقەدەس و نا موقەدەس هەر موقەدەس و نا موقەدەسی ئایینییە، پرەنسیپە بنەڕەتییەکان ئەو پرەنسیپانەن لە ئایینەوە بۆ کۆمەڵگا دێنەدەرێ، ڕێز دەرهەق بەو بابەتانەیە کە ئایین بۆمان دیاریدەکات. واتە بەکورتی کۆمەڵگا یەکسانە بە دین، ئەو ساتەی دین لاوازبوو کۆمەڵگا نامێنێت. تائەم ئاستەش دەشێت مرۆڤ زەردەخەنەیەک بگرێت و بەلای ئەم قسانەدا تێپەڕێت و هیچ نەڵێت، بەڵام تراژیدیاکە ئەوکات دەست پێدەکات، کە ئەم گوتارە بەوەوە ناوەستێت کە کۆمەڵگا یەکساندەکاتەوە بە دین، بەڵکو لە ناو کۆمەڵگادا هەموو گێڕانەوەیەکی دین لە فەزای گشتییەوە بۆ فەزا تایبەتییەکان بە مەرگی دین دەزانێت. واتە قسە لە دینێک دەکات پرەنسیپە، بنەمای بنەڕەتییە، لەسەروو فەردەکان و هەڵبژاردنیانەوەیە، قسە لە دینێکی شمولی و سەرتاپاگیردەکات کە هەتا دەرفەت بە دینی دیش نادات، چونکە کە گووتت کۆمەڵگا یەکسانە بە دین، شوێنی دیالۆگی عەقڵانیت لەگەڵ دیندا کوشت، شوێنی هەڵبژاردنت کوشت، دین لای کاک فاروق شتێک نییە بخرێتە ژێر پرسیارەوە.

کۆمەڵگا هەتا لە خێڵە سەرەتاییەکانیشدا پێکهاتێکی هێندە سادەی نەبووە بکرێت بوون و نەبوونی بگێڕینەوە بۆ کۆبوونەوە لەسەر خوانی یەک موقەدەس. لە خێڵەسەرەتاییەکاندا لە ناو یەک خێڵدا بەرەبابە جیاوازەکان تەوتەمی جیاواز جیاوازیان پەرستووە. دەبێت ئەو موقەدەسە چی بێت کە ئەمڕۆ کۆمەڵگای چینی و هیندی و ئەندەنوسی ڕاگرتووە، کە هەریەکەیان لە سەدەها چەشنە دینی جیاواز جیاواز دروستبوون؟ کامە موقەدەسە دەبێت هیندییەکان بیکەنە ناوەندو لەسەر خوانی کۆببنەوە تا ببنە کۆمەڵگا ؟ ئایا کێ دەبێت دەستبەرداری موقەدەسی خۆی بێت، بۆ ئەوەی کۆمەڵگای هیندی بمێنێتەوە؟ ئەی ئەگەر کۆمەڵگا کۆبوونەوە نییە

لەدەوری موقەدەس، چونکە هەر لە بنەڕەتدا کۆمەڵگا خۆی یەک موقەدەس پێشکەشناکات، ئایا دەکرێت کەمێک لە تۆتالیتارییەتی ئەو گوتارە کەمبکەینەوەو لایەنیکەم بڵێین، کۆمەڵگا کۆبوونەوەیە لەسەر خوانی کۆمەڵێک موقەدەس کە کۆمەڵێک گروپی کۆمەڵایەتی جیاجیا، لە سەردەمی جیاجیادا، بەرهەمیدەهێنن؟ چونکە نە لە مێژوودا، نە لە پێش مێژوودا، نە لە سەردەمی دینە ئاسمانییەکان، نە لەسەردەمی دواترو نە لە ئێستاشدا کۆمەڵگایەک نییە لەسەر یەک موقەدەسی ڕەها دروستبوبێت، کۆمەڵگایەک نییە چەندەها جار وێنەو وەزیفەی موقەدەساتی خۆی نەگۆڕیبێت. بەڵام گەر باوەڕمان بە فرەڕەنگی موقەدەسەکان هێنا، واتە موقەدەس لە نرخێکی ڕەهاوە دەکەین بە نرخێکی ڕێژەگەرا «نسبی».

لە ڕاستیدا کێشەی گەورەی من لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا ئەوەیە کە نە باوەڕی بە بوونی موقەدەسێک هەیە جودا بێت لە «ئیلاهی»، نە باوەڕی بە ڕێژەگەرایی و ڕەهەندی مێژوویی و جوگرافیانەی موقەدەسیش هەیە. هیوادارم کاک فاروق و خوێنەریش واتێنەگەن کە من دژ بەبوونی موقەدەسم، یان دەمەوێت لە گرنگی موقەدەس کەمبکەمەوە، یان وەک هەندێک کەس پێموابێت شکاندنی موقەدەس ڕاستەوخۆ بەرەو پێشکەوتن و گەشەی فیکری و کۆمەڵایەتیمان دەبات. کێشەی من لەگەڵ ئەم گوتارەدا کێشەی ئیفلیجنەکردنی توانای بینین و ڕەخنەیە لە مرۆڤدا بە ناوی موقەدەسەوە، کێشەی ڕوانینە لە موقەدەسەکانی دیکە کە لەدەرەوەی دینن، چاوەدێرکردنی مامەڵەکردنی فیکری دینییە لەگەڵ ئەم موقەدەسانەدا، پێداگرتنە لەسەر نیسبیەتی موقەدەس. واتە لە جەوهەردا کێشەکە هێندە لەگەڵ چۆنێتی تەماشاکردنی کاک فاروقدایە بۆ دین لەگەڵ شتەکانی دیدا نییە. ڕوانینی کاک فاروق لەدیدێکی سەرتاپاگیرەوە هاتووە بۆ ئایین. ئایین لێرەدا شێوەیەکی ژیان و بیرکردنەوە نییە کە مرۆڤ ئازادانە هەڵیبژێرێت، چونکە هەڵبژاردن واتە بەتایبەتیکردن، مانای گێڕانەوەی پێوەری هەڵبژاردن بۆ مرۆڤ، تەسلیمبوونەوە بە سوبێکێت نەوەکو بە عەقڵێکی موفارق بۆ سوبێکت، کە لەدەرەوەی مرۆڤەو خەسڵەتێکی ترانسدینتالی هەیە. کۆی ئەم گوتارە گەڕانەوەیە بۆ شێوە هەرە کۆن و کلاسیکییەکەی ئیدیالیزم لە فەرامۆشکردنی سوبێکت و سەیرکردنی بوون وەک دەرکەوتەی عەقڵێک لەدەرەوەی عەقڵی ئینسان کە تیایدا هەر دەرکەوتەیەک کە لەعەقڵی مرۆڤەوە دێت گەر کەناڵی دەرکەتنەوەی عەقڵی باڵا نەبێت، نارەسەن ناوزەد دەکرێت. دیارە ئەم دیدە فەلسەفییە کە دەکرێتە بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتی، وەک فەلسەفەی حوکمکردنی خودایی بۆ ئینسانی دەکەوێتەوە، ئیدی لەم هاوکێشەیەدا بە دڵنیاییەوە ئەو شێوە جیهانبینییە جێگای نابێتەوە کە کردار دەگێڕێتەوە بۆ سوبێکت یان دەیگێڕێتەوە بۆ ڕیزێک بونیادی دیکە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان دونیامالْن و دوورن لەسەرچاوەی ئاسمانی.

تاکە شتێکی باش ئەم گوتارە لەگەڵماندا دەکات ئەوەیە لە یەکخاڵدا زۆر ڕاستگۆیە لەگەڵماندا ئەوەش خاڵی دژایەتیکردنی دیموکراسییەتە، چونکە گەر بکەوتبایەتە ئەو هەڵەیەوە و کە هەندێک لە نوسەرانی ئیسلامی سیاسی دیکە تێیدەکەون، بیگووتبایە باوەڕم بە دیموکراسییەتە کارەساتێکی بێسەروبن دەبوو. بەڵام بەداخەوە ئەم ڕاستگۆییە تاسەر نییە، چونکە ئەم گوتارە ئەگەرچی تەواو دژی دیموکراسییە، بەڵام قسە لە کۆمەڵێک دەرکەوتەی تر دەکات، کە بە بنەما بنەڕەتییەکانی نامۆن. کە تۆ گووتت کۆمەڵگا یەکسانە بە ئایین، کە گووتت موقەدەس ناکرێتە نسبی، کە گووتت موقەدەس لە ئیلاهی جیانابێتەوە. لە پشت ئەم تێگەیشتنەوە قسەکردن لەسەر لێبوردن و تەسامۆح مانایەکی نییە. چونکە هەر وەک برای ئازیزم کاک فاروق بەردەوام دووبارەیدەکاتەوە، پێویستیمان بەوە نییە بلییمەتی ئاخرەزەمان بین تا تێبگەین کۆمەڵگا لە کۆمەڵێک دینی جیاوازو دژ بەیەک و کۆمەڵێک بیروبۆچوونی نادینی جیاوازو دژ بەیەکیش دروستدەبێت، ئەوکات کە یەکێک دێت دەڵێت کۆمەڵگا «لەدەرەوەی دین واتە لەدەرەوەی ئۆتۆرەتی» ، ئەوا بە دڵنیایەوە قسە لە ئەنجومەنێک ناکات زانایانی هەموو دینەکانی تیا کۆبووبێتنەوە، قسە لەوەناکات ڕۆحانییەکان لە هەموو دینەکانی دونیاوە، لە مشک پەرستەکانەوە، لە وەسەنییەکانەوە تا ئایینە ئاسمانییەکان لە سەر یەک خوان کۆبووبێتنەوە و ئۆتۆرەتی دینیان هێنابێت، بەڵکو قسە لە ئۆتۆرەتی دینێک دەکات، دینێک بە تەنیاو هیچی تر. باس لە موقەدەسی یەک دین دەکات، چونکە ئەوەی لای موسڵمانێک ئەوپەڕی ناموقەدەسە لای یەزیدییەک شاهی موقەدەسەکانە. ئیدی کاتێک یەکێک دەڵێت کۆمەڵگا بریتییە لە کۆبوونەوە لەدەوری خوانی موقەدەس، واتە هەموو ئەوانەی لەدەوری ئەو موقەدەسە کۆنابنەوە لە دەرەوەی «جڤاتن». ئەوەی نایەتە سەر خوانی موقەدەس کەواتە نایەتە سەر خوانی کۆمەڵگاش. لێرەدا شوێنێک نییە بۆ هەڵکردن و لێبوردن «تەسامۆح». یان ئەوەیە هاوولاتی بوونمان، ئەندامێتیمان لە جڤاتدا پەیوەندی بە موقەدەسەوە نییە، یان ئەوەتا ئێمەمانان کە ناچینە سەر خوانی موقەدەس ئەندامێتی کۆمەڵگامان لێ دەسێنرێتەوە و لەوەدەکەوین هاوولاتی بین.

ئەم گوتارە لە جەوهەردا دوو وەزیفە جێبەجێدەکات، یەکەم ئێمەمان کە لەسەر خوانی موقەدەس دانانیشین لە مرۆڤایەتیمان دەکاتە دەرەوە « وەک لەو بەشەدا بینیمان کە باس لە کۆیلەو سەروەر دەکات» بەوەشەوە ناوەستێت کە لە ئینسانییەتمان دەخات، دووەمجار ئەندامێتی کۆمەڵگاشمان لێ دەستێنێتەوە. ئیدی شوێنی لێبوردن و تەسامۆح لەم گوتارەدا لە کوێدایە؟. کاتێک دەکرێت قسە لە لێبوردن بکەین کە هەرکەسە قسەی خۆی بکات و

بیـروبۆچوونەکـانی نـەبنە مـایـەی دەرکـردنی لە کـۆمـەڵگا، بەڵام کـە تۆ گـووتت کـۆمـەڵگا کـۆبوونەوەیە لەسـەر خـوانی مـوقـەدەس واتە ئەوەی نەهـاتە سـەر خـوانی مـوقـەدەس ئەندامی جـڤـاتیش نـییـە. هـەمـوو ئەوانەی لەدەرەوەی خـوانی ئـیـمـانـی ئاینی و لەسـەر خـوانێکی دی کۆدەبنەوە مرۆڤی ئاسـایی نین، بەڵکو کۆمەڵێک چەتەو بازرگـان و سـۆفسـتائیین ، ئەوەتا کـاک فـاروق دەنوسـێت « جـڤـاتی کـورد بێ ئـیـمـان ناتوانێت بوونی هـەبێت... بـوون لەدەرەوەی ئەم ئـیـمـانە بوونی نـیـیـە، یاخـود دەبێتـە خـڕبوونەوەی کـۆمـەڵێک چـەتەو بازرگـان و سـۆفسـتـائی لەدەوری کۆمـەڵێک بەرژەوەندی و درۆو فێڵ و خـۆهـەڵخەڵەتانـدن» زۆر جوانتر بوو بۆئـەم گوتارە وەک چۆن دژایەتی دیموکراسییـەت دەکات، وەک چۆن ئەو ڕسـتـانە دەنوسێت نەکەوتبایەتە ئەو هـەڵەیەشـەوە باس لە تەسـامـوح بکات، چونکە لێبوردن، چـەمکێکە لەگـەڵ سـتراکتوری گشـتی ئەم گـوتارەدا تەبـانایەتەوە، بەڵکو بە پێـچـەوانەوە پڕیدەکات لە ناکـۆکی و یەکێـتـیـیـە فـیـکرییـە ناوەکـیـیەکەی تێکدەشکێنێت، وەک ڕێزێک قسـەی دژ بەیەک و پێکەوە نەبەسـتـراو دەیخـاتە ڕوو، کە بەداخـەوە ئەم گوتارە لە زمـانی ناوەکی خۆشیـدا لەگەڵەک جێگادا تـووشـیـهـاتووە، بەجۆرێک لە نێوان لاپەڕەو لاپەڕەدا پێنـاسـەی تـەواو جیـاواز دەخـوێنینـەوە، لەسـەرێکەوە ئەوانەی دینیـان نییە دەیانکات بـە ئاژەڵ، کەچی دوای لاپەڕەیەکی تـر قسـە لە پێکەوە ژیان و گـونجانی دژەکـان دەکات.

* * *

مـوقـەدەس بەهـایەکی دەسـتـەجـەمعی مـوتڵـەق نـیـیـەو نەبووە، مـوقـەدەس تەنیـا مـوقـەدەسی هـەندێکە و مـوقەدەسـی هـەندێکی دی نییە. مـەرجی یەکـەمی تێگەیشـتن و لێبـوردنی کۆمـەڵایەتی ئەوەیە ئەندامێـتی فەردەکان لە ناو کۆمەڵگادا گرێنەدریتـەوە بە دڵسـۆزی بۆ هـیچ موقـەدەسێک، چونکـە ئەمـە واتـای ناچارکـردنی خـەڵکانێکی زۆر بەوەی بە زۆر دەسـتـبـەرداری مـوقـەدەسی خۆیان بن و سوژدە بۆ موقەدەسی تۆ ببەن.

با تەماشـای دیوێکی دی بکەین کە ئەم گوتارە ئەم وێنەیەی پێ تۆختردەکاتەوە.

گەر بەوردی بڕوانین ئەم گوتارە بە هوشیارییەوە دوو وێنە دروستدەکات، لەسـەرێکەوە وێنەی «خـوان» لەسـەرێکی دیشـەوە وێنەی «ئوتێل». دین خـوان دروسـتدەکـات، بەڵام عەلمانییـەت ئوتێل، لەسـەر خـوان ناچارین هـەموومـان پێکەوەبین، بەڵام لە ئوتێلدا هـەریەکەمان ژووری جیـاو شوێنی جیامـان هـەیەو کۆنابینەوە. ئیدی وێنەکە لەوە ڕوونترە پێویسـتی بە تەفسـیری من هـەبێت، ئێمە

لە ئوتێلدا هەریەکەمان لە ژووری خۆماندا خەریکی بڕواو موقەدەساتی خۆمانین، بەڵام ئیشی ئەم گوتارە ئەوەیە کە موقەدەسەکان بکات بەیەک، ئیشی ئەوەیە هەرکەسەو موقەدەسی خۆی لە ژوورەکەی خۆیدا جێبهێڵێت و بێت لەسەر خوان لەدەوری موقەدەسی ناوبراو « کە لە دۆخی ئێستادا موقەدەسی ئیسلامییە» کۆببێتەوە. ئوتێل لێرەدا هێمای ئەوەیە کە لە کۆمەڵگای عەلمانیدا هەرکەسەو فەزای خۆی هەیە، هەر کەسەو شوێنی خۆی هەیە، هەر کەسەو خودای خۆی دەپەرستێت، هەر کەسەو لە سەردەمی خۆیدا، لەو ماوەیەدا کە لەو ژوورەدا دەیباتەسەر شێوە موقەدەسێکی تایبەتی هەیە کە ڕۆیشت و ژوورەکەی جێهێشت، ئیدی موقەدەسەکەی خۆی لەگەڵ خۆیدا دەبات و یەکێکی دیکە دێت کە موقەدەسێکی دیکە لە جانتاکەی دەردەهێنێت. ئەمەش لە ڕوانگەی خاوەنی ئەم گوتارەوە کارەساتە، چونکە ئەمە مانای زۆری موقەدەسەکان و سەروەختێتی و بەسەرچوون و تێپەڕبوونیشیان. بۆیە دەبێت هەموو ئەو فەزا تایبەتیانە لادەین و بیکەینە یەک فەزای گشتی کە فەزای خوانە. موقەدەسە تایبەتییەکان لادەین و یەک موقەدەسی سەرتاسەری هەڵبژێرین کە دەبێتە موقەدەسی ناوەندی و ئەیقونی دانراو لە ناوەڕاستی سفرەی کۆمەڵگادا. ئەم موقەدەسەش «موقەدەسی ئازادی هەڵبژاردنی موقەدەسەکان» نییە، چونکە ئەمە دەمانباتەوە سەر عەلمانییەت، بەڵکو موقەدەسێکە لەسەروو ئازادی هەڵبژاردنەوە.

گێڕانەوەی «تایبەتی» بۆ «گشتی»، «بەش» بۆ «کۆ»، «دونیایی» بۆ «موقەدەس»، «گۆڕدراو» بۆ «نەگۆڕ»، «هەبوون» بۆ «بوون» لە هێڵکارییە گشتیی و سادەکانی هەموو فیکرێکی دینییە، لێرەوە سەرەتاکانی ئیشی فیکری ئەوەیە قووڵببینەوە بۆئەوەی لە قووڵاییدا ئەوە ببینین کە لەسەر ڕووکارو توێژی سەرەوە نەماندەبینی، قووڵبوونەوە بۆ بینینی قووڵییە، بەڵام کە قووڵبوونەوە بۆ دەرهێنانەوەی هەمان ئەو شتانەبوو کە لەسەرەوەڕا دەمانبینی، بۆ وەرگرتنەوەی ئەو دەرەنجامانەبوو، کە بەر لە قووڵبوونەوە هەبوون و گووترابوون و دۆزرابوونەوە، بۆ دیتنەوەی ڕووکار بوو نەوەک ناوکار ، لێرەدا گرفتێکی ڕاستەقینە هەیە کە ئەم گوتارە قووڵ تیادەژی، ئەم گوتارە لەو ساتە کەمانەدا کە لە تێزە فەلسەفییەکان نزیکدەبێتەوە، دیسانەوە بۆئەوە قووڵدەبێتەوە تا لە قووڵاییدا، شتە ئاسایی و بەڵگەنەویست و گوتارە زانراوەکانی دین بەرهەمبهێنێتەوە، واتە لە فەلسەفەدا قووڵدەبێتەوە بۆ ئەوەی دووبارە دین بدۆزێتەوە.

* * *

دین لەم گوتارەدا ئامادەگییەکی سەرتاسەری هەیە، چ سیاسەت چ فەلسەفە، بۆ ستایشی دین لێرەن. با سەیری ئەم پێناسەیەی دین بکەین ئینجا دەرەنجامگیری بکەین ، کاک فاروق دەنوسێت «ئایین لە دیدی ئێمەوە نەک (ڕۆحی جڤاتە، ئەو خوانەیە کە جڤات لەدەوری کۆدەبێتەوە، نەک ئەو کایەیە کە مانا بە بوونی جڤات دەدات) بەڵکو مامۆستاو ڕابەری جڤاتیشە..». واتە ئایین تەنیا مامۆستای کۆمەڵگا نییە، بەڵکو ڕابەریشێتی. ئەگەرچی ئەم گوتارە وا ڕادەگەیێنێت دین و سیاسەت ناکرێت تێکەڵاوبکرێن، چونکە دین پەیوەندی بە موقەدەسەوە هەیە و سیاسەت بە ناموقەدەسەوە، کەچی هەر خۆشی دەڵێت ئەو کەسەی باوەڕی بە دین نییە نەوەک ناتوانێت سیاسی بێت، بەڵکو ناتوانێت مرۆڤ بێت، واتە کە تۆ گووتت «دین مەسەلەیەکی تایبەتییە، مەسەلەی باوەڕبوون یان باوەڕنەبوونە» ئیدی تەنیا لە سیاسەت دەرناچیت، بەڵکو لە مرۆڤبوون دەکەویت. کاک فاروق دەنوسیت «ئەو کەسەی کە دەڵێت ئایین مەسەلەی باوەڕبوون یان باوەڕنەبوونە و هەردووکیشیان کێشەی تاکە کەسە ئەوا پشت دەکاتە سیاسەت و نەفیعلی سیاسی دەبێت و نە بیرلە سیاسەت دەکاتەوەو سیاسەت دەداتە دەست دەستەیەک واتە دەستبەرداری ئینسانی بوونی خۆی دەبێت ئەمەش واتە هەرەس هێنانی ئایین و سیاسەت پێکەوە. لەو کاتەدا ئایین دەمرێت، سیاسەتیش دەمرێت، هەردووکیشی لە بنەڕەتدا واتە دەست بەرداربوونی لە بیرکردنەوەو لە بیرکردنی وجود...»

هەر هێندەی باوەڕت بەوەهێنا کە دین مەسەلەی باوەڕ بوون یان باوەڕنەبوونە، هەر هێندەی گووتت دین «کێشەی تاکەکەسەو دەبێت خۆی بڕیاری لەسەر بدات»، ئیدی تۆ بوویتە ئاژەڵ، لەوەکەوتوویت توانای بیرکردنەوەت هەبێت، لەوە کەوتوویت بتوانیت سیاسەت بکەیت « دیارە بە پێی ماناو تێگەیشتنی بەڕێزیان بۆ سیاسەت». کاک فاروق لە هەندێ شوێندا ڕەخنە لە فەندەمەنتالییەت دەگرێت، بەڵام بەش بە حاڵی خۆم باوەڕناکەم لە ئێستادا وتارێک هەبێت هێندە لە فەندەمەنتالییەتدا سنوری بەزاندبێت، فەندەمەنتالە ئاساییەکان گەر زۆر زیادەڕەوی بکەن دەڵێن ئەوانەی باوەڕیان بە خودا نییە، یەزادان و پێغەمبەرەکەی ناپەرستن، قورئان بە هەق ناگرن، مرۆڤ نین. بەڵام لای کاک فاروق ئەو کەسەی دەڵێت ئایین مەسەلەی باوەڕبوون یان باوەڕنەبوونە، ئەوەی دەڵێت دین کێشەی تاکەکانە، ئەوە دەستبەرداری مرۆڤایەتی خۆی بووە. واتە دەشێت تۆ باوەڕت بە خودا بێت ، مرۆڤت خۆشبووێت، دڵت پڕبێت لە نوری ئیمان، بەڵام لە هەمانکاتدا باوەڕت بەوەش بێت کە دین کێشەی فەردەکانە، ئیدی لێرەدا هەر حیسابی ئیماندارت بۆ ناکرێت، بەڵکو هەر حیسابی یەکێکت بۆ دەکرێت کە لە ئینسانییەت کەوتووە. ئەمەیان هەنگاوێکی تیژڕەوتر و سەرپەڕترە لە گوتاری فەندەمەنتالەکان.

ئەم گوتارە ئەگەرچی قسە لە جیاکردنەوەیەکی ڕێژەداری سیاسەت و دین دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە ڕوکەشێکی هێند بچوکە، کە لە ناو سەرتاپای دەرەنجامگیرییەکانی گوتارەکەدا نە مانای هەیەو نە شوێن، چونکە خودی سیاسەت وەزیفەیەکی نییە، ئەگەر وەزیفەیەکیشی هەبێت ئەوەیە کە دین لەوە بپارێزێت خۆی بە هەندێ کاروباری ناموقەدەسەوە سەرقاڵبکات، واتە لەوەوە نەهاتوە دین دونیا بۆ سیاسەت جێبهێڵێت، لەوەوە نەهاتووە کە دین تەماحی نییە دەسەڵاتی دونیا بگرێتە دەست، بەڵکو لەوەوەیە هەندێ نزمەکاری دونیایی هەن، با پیاوی دین لە شکۆی دەسەڵاتی ئیلاهی خۆی دانەبەزێت و دەستی موقەدەسی بەو کاروبارانە پیسبکات. واتە کەس ئەوەی لێتێکنەچێت واتێبگات، ئەم جیاکارییەی دین لە سیاسەت لەوەوە هاتووە دین نایەوێت دەسەڵاتی دونیایی هەبێت، بەڵکو دەستبەردابوونی پیاوەکانی خودا لەو کاروبارانە بۆ پاراستنی قودسییەتی خۆیان و هەیبەت و شکۆی خۆیانە، نەوەک بوارێکی ئازاد بێت بۆ خەڵکیان جێهێشتبێت.

گەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو پێناسەکردنەی دین کە لەسەرەوە خوێندمانەوە، کاک فاروق دەڵێت: «ئایین لە دیدی ئێمەوە نەک (ڕۆحی جڤاتە، ئەو خوانەیە کە جڤات لەدەوری کۆدەبێتەوە، نەک ئەو کایەیە کە مانا بە بوونی جڤات دەدات) بەڵکو مامۆستاو ڕابەری جڤاتیشە..». با ئەم قسەیە وردبکەینەوە بۆ بەشە سەرەکییەکانی، ئەوسا تێدەگەین لەم گوتارەدا سیاسەت چ شوێنێکی کەم نرخ و بێمانای هەیە.

کە دەڵێین ئایین ڕۆحی جڤاتە، بەمە جگە لە ئایین کۆی سەرچاوە ڕۆحییەکانی دیکەی کۆمەڵگا دەکوژین، واتە ڕۆحی جڤات یەک سەرچاوەی هەیە نەوەکو ڕیزێک سەرچاوە کە دەشێت ئایین یەکێکیان بێت. ئەمە جگە لەوەی بەش بە حاڵی خۆم باوەڕم بەوە نییە جڤات لە بنەڕەتدا بەم مانا ئیدیالە ئەفلاتوونییە ڕۆحێکی دەستەجەمعیانەی هەبێت. بەڵام ئەگەر بگرەوبەردەی بوون و نەبوونی ڕۆحی سەراسەری و چوونیەکی جڤات بخەینە ئەولاوە، ئەوا ئەگەر ئەو ڕۆحە بوونیشی هەبێت، ئەوا ڕۆحێکی یەک سەرچاوە نییە، بەڵام لەم گوتارەدا کۆی سەرچاوە ڕۆحییەکانی کۆمەڵگا کورتکراوەتەوە بۆ مانا دینییەکەی، لێرەدا دەرەنجامی سەرەکیمان ئەوەیە کە سیاسەت و فیکری نادینی و شێوەکانی دیکەی داهێنان هێزێکی دروستکەر نین بۆ ڕۆحی جڤات، بەڵکو دین لەتەکیشیدا کۆی ئەو گوتارە فیکری و فەلسەفیانەی لەسەر ڕێزی دین و ئیشکردن بۆ دین دروستبوون، کانگای تاک و تەنیای ڕۆحی کۆمەڵگان.

کاک فاروق دەڵێت ئایین مانا دەدات بە جڤات. واتە بەبێ ئایین کۆمەڵگا مانای نییە، دیارە وشەی «مانا» بە هەموو ئاڵۆزییەکانی خۆیەوە لێرەدا وەک ژمارەگەلێکی زۆر وشەو زاراوەی تر بچوکترین ڕونکردنەوەو شیکاریشی بۆ نەکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە خوێندنەوەی ئەتمۆسفیری گشتی ئەم گوتارەوە تێدەگەین وشەی مانا لێرەدا ئەوە دەگەیێنێت کۆمەڵگا بێ ئایین، شتێکی بێمانایە، واتە شتێکە پەیامی نییە، ئاڕاستەی نییە، خۆی بۆ ناخوێنرێتەوە، ڕوی پرۆسەکانی خۆی بۆ نادۆزرێتەوە. کاتێک ئایین مانا دەدات بە کۆمەڵگا واتە چاوی دەداتێ، هێزی دەداتێ، زمانی دەداتێ، کەرەستەکانی هوشیاری دەداتێ، ئیدی ئەمە بەرەنجامی ئەو بۆچوونەی دیکەی کاک فاروقە کە دەڵێت کۆمەڵگا یەکسانە بە دین. ئەم تێگەیشتنە هەموو چالاکییە ئینسانییەکانی دی کە دەکەونە دەرەوەی دین دەکوژێت، هیچ چالاکییەکی تر ناتوانێت مانا بدات بە کۆمەڵگا دین نەبێت. ئیدی لاوازبوونی ڕۆلی دین لە بەخشینی مانادا لای هەڵگری ئەم گوتارە عەدەمییەتە، مردنە و سەرهەڵدانی کۆتاییە. کە دین ئەو کۆنترۆلەی لە دەستچوو هەموو شتەکان دەمرن، دیموکراسییەتیش بریتییە لە لەدەستچوونی ئەو دەسەڵاتە دینییە، لەبەرئەوە دیموکراسییەت لای کاک فاروق مانای مردنێکی سەرتاسەری، مانای مەرگی سیاسەت، ئایین، موقەدەس، ڕێز.

کاک فاروق دەڵێت دین مامۆستای کۆمەڵگایە. واتە دین دەبێت ڕۆڵی فێرکردن و ئاموزشدادان و پەروەردەی زهنی و ئەخلاقی و مەعریفی مرۆڤەکان ببینێت، ئەم گوتارە کۆی سیستمی پەروەردەو ئاموزش و زانستی ئێمە دەخاتە خزمەتی حەقیقەتی یەک گوتارەوە کە گوتاری دینە، ئیدی دین زانست و نازانست، ئەخلاق و نائەخلاق، پەروەردەو نا پەروەردە، حەرام و حەڵاڵ ، شیاو و نەشیاو لەیەکجیادەکاتەوە، واتە دین کۆنترۆڵی سەراسەری هەموو دەزگا کۆمەڵایەتییە گرنگەکان دەکات کە پەیوەندییان بە پەروەردەی مرۆڤەوە هەیە.

کاک فاروق دەڵێت ئایین ڕابەرە، واتە ئەگەرچی بەڕێزیان پێیباشە دین لە ڕۆحانییەت نەکەوێت و دانەبەزێتە ناو کاروباری دونیاوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئایین لەسەرەوە تەماشای کۆمەڵگا بکات، بەڵکو دەبێت دابەزێت و ڕابەری بکات، لێرەدا دین بریتییە لە سەرکردایەتیکردن و بەڕێوەبردن و ئاڕاستەکردنی ڕاستەوخۆو حوکمکردنی ڕاستەوخۆی جڤات، واتە دین دەبێت حوکمبکات، حوکمکردنی ئاسایی نا، بەڵکو ڕابەرایەتی کە تەنیا حوکمی سیاسی ناگرێتەوە، بەڵکو حوکمی ڕۆحی و فیکری و ئەخلاقی کۆمەڵگاش دەگرێتەوە. نەک هەر ئەمە، بەڵکو برای خۆشەویستم کاک فاروق ڕای وایە کە مردنی دین، مردنی هەموو

شتەکانی دیکەشە، مردنی دین ، مردنی سیاسەت و مردنی بیرکردنەوەشە. ئەمەش بەرەنجامێکی سروشتی ئەو سیستمە داخراوو دۆگمائییەیە کە لەسەرەتاوە ئیشدەکات. کە کۆمەڵگا یەکسان بوو بە دین، کەواتە هەموو شتە بنەڕەتییەکانی ناو کۆمەڵگاش یەکسانن بە دین، لێرەوە نەمانی دین، واتە کۆتایی هەموو شتە بەنرخەکانی کۆمەڵگاو مانەوەی ئاژاوەیەکی بێ سەروبەری بێئەندازە. ئیدی هەر لاوازبوونێکی دین، هەر ترسێک لە شوێنەواری دین، هەر لەرزێک دەرهەق بەدەسەڵاتی دین وەک کۆتایی دونیاو مردنی هەموو شتەکان و بەرزبوونەوەی بانگی کۆتایی تەماشادەکرێت، لێرەشەوە هەموو دژایەتییەکی دین، وەک پێشتر سەرەنجماندا، سزاکەی لای حاکم و دادوەری ئەم گوتارە زۆر قورس و توندە، سزاکەی ئەوەیە کەسی ڕەخنەگر دادەبەزیت بۆ دۆخی ئاژەڵ، جڤاتی دەبێتە ماڵی ئاژاوە، زەین و کاراکتەری دەبن بە زەین و کاراکتەری کۆیلە.

لە ڕاستیدا ئەم تێگەیشتنە بۆ پەیوەندی دین و کۆمەڵگا مرۆڤ تووشی ترسێکی گەورەدەکات، ئەمە وێنەی دین نییە لە کۆمەڵگادا، ئەمە دەسەڵاتێکی ڕەهاو بێسنوورو بێسیماو بێکۆتایی دینە بەسەر هەموو شتێکی ترەوە، ئەمە جاڕی شێوە کۆمارێکی دینییە کە جگە لە دین هیچی تری تیاناژی، کە دین ڕۆح بێت، کە دین مانای کۆمەڵگا بێت، کە مردنی دین مردنی هەموو شتەکان بێت، کە دین ڕابەر بێت، کە دین مامۆستا بێت، ئیدی سەر سفرەکە هیچ شتێکی لەسەر نامێنێت، تا سیاسەت یان چالاکییەکانی تر پێی هەستن، کارێکی لەسەر نامێنێت دین بۆ یەکێکی دی جێهێشتبێت، ئیدی سیاسەت و فەلسەفە وایان لێدێت تەنیا بۆ خزمەتی دین لێرەبن، بۆئەوە لێرەبن گوتارەکانی دین خۆی لە زمانی دینەوە بخەنە سەر زمانی کایە فیکرییەکانی دیکە، وەک کاک فاروق خۆی پێیهەڵدەستێت. ئەمە هەرگیز ئەو دینە نییە کە لە ژیاندا دەیبینین، بەڵکو دینێکی دیکەیە کە یان خۆی هەموو شتێکە، یان لەگەڵ مردنی خۆیدا کۆی ژیان و بوون بە خۆیەوە دەسوتێنێت. ئەم پێداگرتنە سەیرە کە لەم کتێبەی کاک فاروقدا هەیە لەسەر ئەوەی مردنی دین یەکسانە بە مردنی هەموو شتێکی گرنگ، لەو بڕوایەوە هاتووە کە بوونی هەموو شتێکی گرنگ پەیوەستە بە بوونی دینەوە. هەموو شتە جوان و گرنگەکان بە دینەوە بەستراون کە دین هەبوو ئەوان هەن، کە دین مرد ئەوانیش دەمرن. لە ڕاستیدا ئەمە هیجای دیموکراسییەت نییە، بەڵکو دامەزراندنی قەرەنتینەیەکی دینییە کە کەم تازۆر پەیوەندییەکی زۆرکەمیشی بە ئەفلاتوون و ئەرستۆشەوە هەیە کە پێمواپە لەم گوتارەدا زوڵمێکی ترسناکیان دەرهەق دەکرێت، کاتێک هەندێک چەمکیان دەخرێتە خزمەت دروستکردنی ئەم گیتۆ دینییەوە.

فەندەمەنتالەکان بەوە خۆیان لە عەلمانییەکان جیادەکەنەوە کە دین و سیاسەت تێکەڵدەکەن، دین وەک جۆرێک لە سیاسەت و سیاسەتیش وەک جۆرێک لە جیهادی دینی تەماشادەکەن، بەڵام ئەم گوتارە چەندین جار لەوە تێدەپەڕێت «بوون بە مرۆڤ» «بوون بە کۆمەڵگا» «بوون بە نەتەوە» «بوون بە دەسەڵات» «بوون بە سیاسەت» هەموویان بە بوون و نە بوونی دینەوە گرێدەدات، ئەمە نەوەکو فەندەمەنتالییەتە، بەڵکو قەڵەمبازێکە بەرەو ئەوسەری ئەوسەری فەندەمەنتالییەت بۆ باوەشی عەدەمییەتێکی دینی ڕەها.

بەڵام ئایا بەڕاست مێژووی ئایین ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە موقەدەس دەتوانێت ببێتە خوانی کۆبوونەوەی جڤات؟ ئایا مێژووی دین ، مێژووی پارچەپارچەبوونەکانی ناو دین نییە، ئایا کەرتبوونی موقەدەسی ئیسلامی بە دەیەها کەرتی جیاواز جیاوازەوە، بەسەر دەیان تیپ و مەزەب و تایەفەوە، بەڵگەی ئەوە نییە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دین نەیتوانیوە ئەو خوانە بێت کە هەڵگری ئەم گوتارە باسیدەکات، ئایا دابەشبوونی موقەدەسی ئیسلامی بەسەر زنجیرەیەک موقەدەسی بچوکتردا، تێکەڵبوونی موقەدەسی ئیسلامی لە کولتوورە جیاوازەکاندا بە دینە لۆکاڵەکان نیشانەی ئەوە نییە کە قسەکردنی ڕەها لە موقەدەسێکی سەرتاسەری و نامێژووی و نەگۆڕ، هەڵەیەکی بێئەندازەیە کە دەرەنجامی ئەو سووکایەتییەیە کە هەڵگری ئەم گوتارە بۆ زانستەکانی دیکە هەیەتی، وەک مێژوو، ئەنترۆپۆلۆژیا، ئەتنۆلۆژیا، سایکۆلۆژیا، سۆسۆلۆژیا. لە ڕاستیدا ئەم پێناسەیەی کۆمەڵگا، نیشانەی بێئاگایی نییە لە مێژووی کۆمەڵگاکان، بەڵکو بە داخێکی زۆرەوە نیشانەی بێئاگاییە لە مێژووی موقەدەس خۆشی، کەدەرەنجامی توڕدان و سووک تەماشاکردنی هەموو زانستە نوێکان و ئیشکردنێکی تاک ڕەهەندە بە تیوری ئیدیالە ئەفلاتوونییەکان. چونکە لە ئاستی مێژوویدا کۆمەڵگایەک نییە موقەدەسی ئایینی توانیبێتی ململانێکانی دیکەی بکوژێت، کۆمەڵگایەک نییە دین توانیبێتی شێوە ململانێ ئەتنی و چینایەتی و فیکرییەکانی سڕبکات و بیانسڕێتەوە، ئەگەر دین خۆی هەمیشە بزوێنی سەرەکی و دینەمۆی گەورەی دروستکردنی ئەو ململانێیانە نەبووبێت، ئەوا بەشێک بووە لە سیستمی ململانێ و دەسەڵات لە ناو پێکهاتەکاندا، واتە موقەدەس لە دیوێکدا هۆکاری کۆکردنەوەو یەکخستن و نزیکبوونەوەی کۆمەڵایەتییە، بەڵام لە هەمان کاتدا هۆکاری دوورکەوتنەوەو دابەشبوونیشە، کۆمەڵگا لە هیچ سەردەم و زەمانێکدا لە ڕێگای یەک ڕەگەزەوە کۆنەکراوەتەوەو دابەشنەبووە. بەڵام ممکن نییە خاوەنی ئەم گوتارە گوێ لەم قسانەبگرێت، چونکە ئەو لە بنەڕەتدا ئەم قسانە بە هیستۆریسیست و مێژووگەرایی دەزانێت کە بەرهەمی مۆدێرنەن .

نابێت ئەوە لە بیربکەین کە دژایەتی هەر ڕێژەگەرایییەک دەرهەق بە موقەدەس، هەڵقوڵاوی دژایەتییەکی دیکەیە کە دژایەتی ڕێژەگەراییە دەرهەق بە حەقیقەت. کە ڕاستی ڕێژەداربوو، کەواتە شتە پیرۆزەکانیش ڕێژەدارن، دیارە ئەم گوتارە بەئەنقەست ڕێژەداری حەقیقەت لەگەڵ نەبوونی حەقیقەتدا بە جۆرێک تێکەڵاودەکات، شوێنی پرسیارە کە ئایا ئەم تێکەڵکردنە پەیوەندی بە مەبەستی ئایدۆلۆژی یان مەنهەجییەوە هەیە؟ بە هەرحاڵ ئەو کێشەیەیان هەڵدەگرم بۆ بۆنەی دیکە، لێرەدا مەبەستمە خوێنەر لەو بەڵگەیە ئاگاداربکەمەوە کە ئەم گوتارە دژ بە ڕێژەداری حەقیقەت دەیهێنێتەوە، ئەو لای وایە کە دەڵێن حەقیقەت ڕێژەدارە و موقەدەس ڕێژەدارە ئەمە مانای ئەوەی کە کەسانی وەک سەدام حوسەینیش حەقیقەتێکیان لایەو موقەدەسێکیان بەردەکەوێت، ئەوەی شوێنی پێکەنینە لێرەدا ئەوەیە کە سەدام حوسەین بەرهەمی سیستمی ڕێژەداری حەقیقەت نییە، بەڵکو سەدام حوسەین خۆی هەڵگری ئەو گوتارەیە کە خۆی بە حەقیقەتی ڕەها دەبینێت، هەڵگری ئەو ئارەزووەیە کە موقەدەسی خۆی لەسەرو موقەدەسەکانەوەیەو ڕوناکی و ئیشراقی موقەدەسەکەی ئەو تیشکی تائەوسەری دونیا دەڕوات، ئەگەر سەدام حوسەین باوەڕی بەوەبایە حەقیقەت ڕێژەدارەو ئەو تەنیا هەندێک لە حەقیقەتی لایەو دەبێت بەئەندازەی ئەو هەندەی خۆی هێزو شوێنی لە دونیادا هەبێت، بۆدەبووە سەدام حوسەین؟ ئەگەر سەدام حوسەین باوەڕی بەوە نەبایە ئەو نوێنەری ڕۆحی نەتەوەو درێژکراوەی پەیامبەران و هەڵگری ئالای موقەدەسێکی ئەزەلییە بۆ دەبوو بە سەدام حوسەین؟ گەر سەدام حوسەین موقەدەسی خۆی بە بەهایەکی نەتەوەیی و ئیسلامی و گەردوونی سەرتاسەر نەزانیایە، گەر ڕێزی بەش بەش بوونی حەقیقەتی بگرتایە، گەر باوەڕی بەوەبایە ئەو نوێنەری ڕێژەیەکی دیاریکراوە لە حەقیقەت بۆ دیاردەی وا دروستدەبوو؟ گەر باوەڕی بەوەبایە لە پاڵ خۆیدا کۆمەڵێک حەقیقەتی تریش هەیە دەبێت بژین و مافی قسەکرن و سیاسەتکردنیان هەبێت، بۆ دەبووە ئەو جانەوەرە مێژووییە؟ هەموو دیکتاتۆرەکان بەر لەوەی ببنە دیکتاتۆر کۆمەڵێک لەمجۆرە ڕۆشنبیرو فەیلەسوفانە حەقیقەتێکی موتڵەقیان پێشکەشکردوون، پێشتر هەموو هەوڵێکی دیموکراتیزەکردنی موقەدەسیان کوشتووە، لێرەوە مایەی پێکەنینە ئەم گوتارە دەرکەوتەکانی خۆی نەناسێتەوە و سەدام حوسەینمان وەک دەرەنجامی دونیایەک پێشکەشبکات کە حەقیقەت و موقەدەس و دەسەڵاتی تیا بەشبەشبووە، نەوەک دونیایەک هەموو حەقیقەت و موقەدەس و دەسەڵاتی داوەتە دەست نوخبەیەک کە تەواو وەک هەڵگری ئەم گوتارە پێیانوایە نابێت هیچ کەسێکی دی دەستی بگاتە دەسەڵات و هیچ کەسی دی موقەدەسی خۆی بە موقەدەسی ئەو و بۆچوونی خۆی بە بۆچوونی ئەو پێوانەبکات.

ئەمڕۆ دین لە کۆمەڵگای ئێمەداو لە زۆر کۆمەڵگاکانی دونیادا ڕۆڵی کۆکەرەوەی نییە و کۆمەڵێک ڕۆڵی تری هەیە، کە بەداخەوە یەکێکیان بەرهەمهێنانی ئەمجۆرە گوتارەیە. ئەمڕۆ لە بری دین کۆمەڵێک هێزو دەرکەوتەی دیکە بەو کارە هەڵدەستن، لەوانە چەمکەگەلی وەک نەتەوە و دەوڵەت، لە ژێریشیاندا ڕیزێک ئینتیمای بچوکتر کە بەسەر ئینتیمای سیاسی و خێڵەکی و کولتووری و دینیدا دابەشبوون. دیارە ئەم فۆرمە تازانە لە هەندێک ڕووەوە لە تواناو ئیشکردنیاندا لە دین باشتر نین، هەر کێشەیەک دین لە دروستکردنی کۆگیری کۆمەڵایەتیدا هەیەتی، کەمتازۆر لەم شێوانەشدا دەردەکەوێتەوە، بەڵام ئێستا ئەمانەن ئەو جۆرە گوتارانەی لە پێکهاتی کۆمەڵایەتی ئێمەدا ڕۆڵی کۆکەرەوە دەبینن، نەوەک دین. واتە ئەوەی ئێستا ئێمە لەگەڵ کوردەکانی دیکەی دونیادا هەست بە نزیکی دەکەین لەوەوە نەهاتووە کە هەموو لەدەوری یەک موقەدەسی دینی کۆبووینەتەوە، ڕۆڵی دین لە خولقاندنی ئیجماعی کۆمەڵایەتیدا، لە دروستکردنی جڤاتدا دەیانجار لەوە بچوکترە کە کاک فاروق لێرەدا وەک تاکەسەرچاوەی مان و نەمان و کۆبوونەوەی جڤات نیشانیدەدات. ئێستا کۆمەڵگای ئێمە و کۆمەڵگاکانی نزیکیشمان و ئەوانی دووریش، هیچیان لەسەر خوانی موقەدەس کۆنەبوونەتەوە، بەڵکو ڕیزێک موقەدەس و نا موقەدەس ڕیزێک ئینتیمای جۆراوجۆرو دژ بەیەک لە ناو ستراکتوری نەتەوەیی یان لە چوارچێوەی دەوڵەتدا بە ئاشتی یان بە زۆر هەمووانی کۆکردۆتەوە، ڕیزێک پەیمان و دژە پەیمان، وێنەو دژە وێنە، شوناس و دژە شوناس یەکێتی ناوەکی کۆمەڵگاکان ڕادەگرن. کۆمەڵگاکانی ئێستاو ڕابووردووش هیچیان بە ئاسوودەگی و دڵنیاییەکی بێکەنارەوە لەسەر خوانی موقەدەس نەبوون، موقەدەس لە هەموو جێگاکانی دونیادا کەمتر شەڕانگێز و توندوتیژ و شمشێر وەشێن نەبووە لە ناموقەدەس، لەهەر جێگایەک جەنگ بووبێت ئەوانەی ئاڵای موقەدەسیان بەرزکردۆتەوە، لە سووکایەتیکردندا بە ژیان و لە سروود گووتندا بۆ مردن لەوانەی هەڵگری ئاڵای دیکە بوون کە ئەم گوتارە پێیاندەڵێت ناموقەدەس کەمتر وەستا نەبوون. ئەو گوتارە کە دەڵێت «مۆدێرنە هەڵوەشان و دڕندەیی و عەدەمییەت دەهێنێت، دین یەکێتی و کۆبوونەوەو کەرامەت» گوتارێکە خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی جەوهەری دینیش و مۆدێرنەش دەدزێتەوەو تەنیا لە دونیای ئیدیالە میتافیزیکییەکانی خۆیدا دەژی کە دواجار بەرەو عەدەمییەتی دەباتەوە.

ئەو پێناسەیەی ئەم گوتارە بۆ جڤاتی دەکات «وەک کۆبوونەوە لەسەر خوانی موقەدەس»، گوتارێکە لەگەڵ پاشخانە مێژووییە درێژەکەیدا یەکەمجار لەگەڵ مۆدێرنەدا دەبێتە گوتارێکی گرنگ بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵگا بچوک و سەرەتاییەکان. خوێندنەوەی موقەدەس لەگەڵ زانستە

ئەنترۆپۆلۆگەکاندا قورسایی خۆی وەردەگرێت، ئەو زانستانەی هەڵگری ئەو گوتارە حەوسەڵەی گوێگرتنی نییە لێیان ئەوە دەسەلمێنن کە دروستکردنی موقەدەس بەرهەمێکی ئینسانییەو بانگێکی غەیبی نییە. لێرەوە ئەم سەیرکردنە موتڵەقە بۆ موقەدەس، وەک موقەدەسێکی سەرتاسەری، ڕەها، لەسەروو هەموو بەهایەکی نسبییەوە کە هەموو کۆمەڵگا یەکبخات بەسەر هیچ کۆمەڵگایەکی ئێستای سەر ئەم ئەستێرەیەدا پراکتیکناکرێت، ئیمرۆ کۆمەڵگایەک نییە موقەدەس تیا نەبووبێتە چەندین بەشەوە، موقەدەس تیایدا بەش بەش نەبووبێت، موقەدەس نەبووبێتە شتێکی ڕێژەیی، ئەمرۆ کە دیکتاتۆرەکان دروستدەبن پێشوەخت دەبێت ئەم وەزیفەیە جێبەجێبکەن کە هەڵگری ئەم گوتارە جێبەجێیدەکات، ئەویش تێکشکاندنی هەموو موقەدەسەکان، کۆکردنەوەیان، چڕکردنەوەو خەستکردنەوەو تواندنەوەیان لە ناو یەک موقەدەسی سەرەکییدا. لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵەدا کە دەدرێت بۆ دروستکردنی موقەدەسێکی ڕەها کە هیچ ڕێژەدارییەک لە خۆ نەگرێت، ببێتە شای موقەدەسەکان و موقەدەسی هەموو موقەدەسەکان، هێشتاو هەمیشە موقەدەس هەر بە کەرت کەرتی و جیاوازی و ڕێژەداری ئەبەدی خۆی دەمێنێتەوە، ئەو دەرەنجامە تاڵەشە وادەکات خاوەنی ئەو گوتارە دینییە دونیا وەک تاریکستانێک ببینێت کە موقەدەس چۆڵی کردووە، چونکە کە موقەدەس ڕەها نەبوو، کە دیموکراتیزەکرا، کە دەسەڵاتی خرایە دەنگدانەوە، کە ڕۆحی خرایە ناو سندوقی هەڵبژاردن و ماناکانی کەوتنە بەر ڕەحمەتی ئەو بوونەوەرەی کە ناوی مرۆڤە، کەوتە بەر ڕەحمەتی ئەو بوونەوەرەی ناوی ڕۆشنبیرەو بە سەفسەتەکانی خۆی شتەکان لە موتڵەقەوە بەرەو خاکی نسبییەت دادەبەزێنێت، کەواتە کۆمەڵ کۆتاییهات، کەواتە جڤات نەما. لێرەوە ئەو هیجا توندەی ئێستا سەرهەڵدەدات کە لە بەشەکانی سەرەوەدا ئاماژەم بۆ کرد، ئەو ڕاگەیاندنە پەیتاپەیتایە بۆ مردنی ڕۆح و عەقڵ دێتەپێشێ، ئەو بانگەوازە بۆ هەموو دونیاکان تا بگەڕێنەوە بۆ ڕابوردووی خۆیان.

بەپێی ئەم گوتارە ئێستا لە جیهانی ئێمەدا نە دین هەیە نە سیاسەت، نە جڤات هەیەو نە هیچی دی. لێرەوە پەیامە گەردوونییەکەی هەر ئەوە نییە بە موسڵمانان بڵێت بگەڕێنەوە بۆ دینەکەتان، بەڵکو بە هەموو دین و کۆمەڵگاکانی دونیا دەڵێت بگەڕێنەوە بۆ ئەنتیکەخانەکانی جارانتان و چی لە مەخزەن و مۆزەخانەکانتاندایە دەریبهێنن بەڵام ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە هەڵگری ئەم گوتارە دەزانێت ئێستا ئێمە لە دنیایەکدا دەژین دونیای ئەفلاتوون نییە، دین لە فەزای گشتییەوە داگیراوە بۆ فەزای تایبەتی، موقەدەس دیموکراتیزەکراوە، موتڵەق ڕێژاوی بووە، واتە ئەمانە شتێک نییە ڕوینەدابێت و بترسین ڕووبدەن، ئەمانە ڕوویانداوەو تەواو و

لێبۆتەوە، ئەمە هەر لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤ و کۆمەڵگادا ڕوویداوە، هەموو ئەو موقەدەس و بیروبۆچوون و دین و ئایدیایانەی پێیانوابووە، موقەدەسی ئەوان دەبێت ببێتە موقەدەسی هەموو مرۆڤایەتی، موقەدەسی ئەوان دەبێت ڕەهابێت و موقەدەسەکانی دی دەبێت ببنە ناموقەدەس ئەمانە هەموو لەسەر بەردی خورافاتەکانی خۆیان دوای ئەوەی دونیایەک کارەساتیان بۆ مرۆڤایەتی هێناوە تێکشکاون، دیارە ئەم گوتارە توندڕەوە هەمیشە لە هەوڵی هەستانەوەدایە، هەمیشە لە ناو کولتوورو شارستانییەتە جیاوازەکاندا هێز دروستدەبێت کە هەوڵی زیندووکردنەوەی موتڵەق دەدەن، ئەم زیندووبوونەوە بەردەوامەی موتڵەق، ئەم ئیشکرنە بۆ دەسەڵاتی ڕەهای یەک حەقیقەت و یەک هێزو یەک موقەدەس تەنیا بەرهەمی دین نییە، بەڵکو بەرهەمی یەکێک لە ڕووە تاریکەکانی مۆدێرنەشە، واتە خاوەنی ئەم گوتارە دینییە دەکەوێتە هەڵەیەکی ترسناکەوە کاتێک واتێدەگات مۆدێرنە تەنیا پرۆسەی نیسبیکردنی حەقیقەتی هەڵگرتووە. پرۆسەی شکاندنی موتڵەقگەرایی حەقیقەت دەرکەوتەی ڕووە ڕوناکەکەی مۆدێرنەیە، بەڵام هەر لەناو خودی مۆدێرنەدا ڕوویەکی تر هەیە کە لە جەوهەردا تەواو وەک ئەم گوتارە ئیشدەکات و بەردەوام هەوڵدەدات تێزەکانی خۆی وەک موتڵەق تەماشابکات. واتە دیوە دڕندەکەی مۆدێرنە لەوەوە نەهاتووە کە موقەدەس دەکوژێت، لە ڕاستیدا ئەمە نازانستیترین ڕستەیەکە مرۆڤ بتوانێت لەسەر مۆدێرنە بیبستێت، بەڵکو لەوەوەهاتووە کە لەناو مۆدێرنەدا عەقڵییەت هەیە وەک عەقڵییەتی ئەم گوتارە دەڵێت موقەدەسی من نابێت بخرێتە ناو هەڵبژاردن و پرۆسەی دیموکراسیی کردنەوەوە، عەقڵییەت هەیە دەڵێت موقەدەسی من ڕەهایەو ناکرێت بکرێتە نیسبی، عەقڵییەت هەیە دەڵێت هەموو کۆمەڵگاکان دەبێت لەسەر خوانی موقەدەسی من خڕببنەوە، ئەم گوتارە ئەگەرچی زۆر بەدەنگێکی قەبە دژ بە مۆدێرنە قسەدەکات، بەڵام لەگەڵ لابردنی یەکەم تویژاڵکی سەریدا دەردەکەوێت کە کۆمەڵێک ڕەهەندی گەورەی، وەک چۆن درێژکراوەی دیوە تاریکەکەی دینە لە هەمان کاتدا درێژکراوەی دیوە تاریکەکانی مۆدێرنەشە.

بەپێی دونیابینیی ئەم گوتارە ئاینییە تایبەتبوونی موقەدەس مانای ئێمە لەسەردەمی هیچیدا دەژین، سەردەمی عەدەمیییەتی موتڵەق. لێرەدا ڕوویەکی کۆمیدی دیکەی ئەو گوتارە دەبینین کە ترس لە عەدەمییەت بەرەو ئەوسەری عەدەمییەتی دەبات. دەبێت عەدەمییەت لەوە گەورەتر چی بێت تۆ پێتوابێت هەموو شتەکان مردوون یان بەرەو مردن دەڕۆن، جڤات کۆتاییهاتووە یان بەرەو کۆتایی دەڕوات، پیرۆزی نەماوەو هەموو شتێک حەڵاڵکراوە، سەردەم سەردەمی مەرگی ڕۆحە، سەردەم سەردەمی مەرگی پیاوە. لە ڕاستییدا کێشەی هەرە گەورەی ئەم گوتارە ئەوەیە کە هەرگیز ئیرادەی ئەوەی نییە تاسەر لەگەڵ دەرەنجامگیری ئەو تێزانەدا

بڕوات کە خۆی دەیانخاتە ڕوو، ئەو وەک هەموو عەدەمییەک تەنیا تەماشای دەرەوە دەکات و کەمتر ئاوڕ لە ناوەوەی خۆی دەداتەوە. وەک هەموو عەدەمییەکیش وەزیفەی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی دەبەخشێتە نوخبەیەک کە لە ناو ئەم خۆڵەمیش و ئیفلیجییەوە دەتوانن سەردەربهێنن و مرۆڤایەتی ڕزگاربکەن. عەدەمی ئەو کەسە نییە کە باس لە عەدەمییەتی دونیا دەکات، بەڵکو ئەو کەسەشە کە پێیوایە ئەوو ژمارەیەک لە هاوشێوەکانی دەتوانن دونیا ڕزگاربکەن. عەدەمییەت چەندە لێدانی زەنگی قیامەت و کۆتاییە، چەندە لێدانی زەنگی نەمانی ماناو نەمانی موقەدەسە، هێندەش نوێنەری ئەو خەونەیە کە ئەو پێشەنگی ئەو هەستانەوەیە.

* * *

بەر لەوەی ئەم بەشە جێبهێڵم حەزدەکەم دووبارە هاوکێشەیەکی سەرەکی ناو ئەم گوتارە بیر خۆمان بهێنمەوە. چونکە ئەم بیرهێنانەوەیە گرنگە تا کۆی جەمسەرەکانی پێکەوە ببینین. وەک دەبینین ئەم گوتارە دین بە دروستکەرو کۆکەرەوەی کۆمەڵگا دەبینێت، زمانی قسەشی ئاڕاستەی کۆمەڵگای کوردی دەکات، ئەمەش مانایەکی جەوهەری هەیە کە جیاوازی نێوان ئەم گوتارەو گوتاری ناسیونالیزمی باو لەیەکدی جیادەکاتەوە، لە کاتێکدا ناسیونالیزمی باو ڕای وایە چەمکی نەتەوە ، چەمکێکە جیاوازییەکان کۆدەکاتەوە، نەتەوە ئەو خوانەیە کە لەدەوری گردەخۆین و کۆمەڵگا لەدەوری خڕدەبێتەوە، نەتەوە بە زمان و کولتوورو مێژووو جوگرافیاو بەرنامەی سیاسی خۆی هەوێنی یەکێتی ناوەکی گروپ و تاکەکانە. ئەم گوتارە تەواو بە پێچەوانەوە، تەواو هێزی نەتەوە لە کۆکردنەوەی کۆمەڵگادا فەرامۆشدەکات و وەک کۆمەڵێک ڕەگەزی عەدەمی سەیریاندەکات، لێرەوە چەمکی کورد، وشەی کورد لەم سیاقەدا مانایەکی کۆکەرەوەی نییە. نەتەوە خۆی شتێکە دین دروستیدەکات و کۆیدەکاتەوە نەوەک خۆی مەرجەعییەتی لە خۆیدابێت. واتە کوردبوون خۆی ناتوانێت بەبێ ئیسلامبوون هیچ بەرهەمبهێنێت، کە قسە لە کوردبوون دەکەین دەبێت ئەوەمان لەیادبێت کە کورد وەک جڤات ماناو ڕۆح و بوون و مەعریفەو ئوستادییەت و ڕابەرایەتی دەبێت لە دینەوە وەرگرێت. وشەی کورد لەم گوتارەدا هیچ نییە جگە لە شێوەگیری ئیسلام لە ناو زمانێک و گروپێکی ئەتنیدا، وشەی کوردبوونیش یەک مەرجی ژیان و مان و بەردەوامی بۆ دانراوە کە ئیسلامبوونە. بۆیە جارێکی دی لەسەر ڕۆشنایی ئەو خوێندنەوانەی سەرەوەدا دەبێت دووبارەی بکەمەوە کە ئەم گوتارە تەعبیر نییە لە ڕۆحی نەتەوە بەڵکو تەعبیرە لە ڕۆحی ئیسلامی سیاسی کاتێک لەگەڵ ڕۆحی نەتەوەدا هاوجووت دەکرێتەوە.

**هیچ دەسەڵاتێک نییە بۆ بێئەخلاقەکان**

هاوڕێی ئازیزم کاک فاروق ڕوو دەکاتە ئیسلامییەکانی هاوڕێ و بە مجۆرە ڕەخنەیان دەکات و ئیرشادیان دەکات، جا ئەوەی گوێی هەیە بابیبیستێت : «بە ڕای ئێمە هەڵکردن فەزیلەتەو بگرە جەوهەری ژیانە، ئاخر ئەو کاتە مەزنی بۆچوون و ویژدان و ئەخلاق و بیری ئێمە دەردەکەوێت کە هەڵ بکەین، لەگەڵ سەرلێشێواوو بێویژدانەکان و بێ فیکرو بێ مۆراڵەکاندا، ئەمە بەو مانایە نا کە ڕێگەبدەین کاروباری جڤات بگرنە دەست و لە ڕاستیدا هەرگیز نابێ ڕێبدەین ئەو مەخلوقە سەر لێشێواوانە دەسەڵات بگرنە دەست، بەڵکو بەو مانایەی کە مافی ئەوەیان هەبێت لە جەهەنەمی خۆیاندا بژین و ئێمەش میهرەبان بین لە تەکیاندا».

ئەمەیە فەلسەفەی لێبوردنی ناو ئەم گوتارە، کە عەجەب لێبوردنێکە. خاوەنی ئەم گوتارە بەمجۆرە لەگەڵ دونیادا هەڵدەکات، کە عەجەب هەڵکردنێکە.

کاک فاروق لێرەدا ئامۆژگاری ئیسلامییەکانی دەکات و دەڵێت مەزنی ئێمە کاتێک دەردەکەوێت واز لەو سەرلێشێواو بێئەخلاقانە بهێنین لە جەهەنەمی خۆیاندا بژین، بەڵام هەرگیز دەرفەتیان پێنەدرێت دەسەڵات بگرنە دەست. بەر لەوەی بێمە سەر قسەکردن لەسەر ئەو بڕگەیە کە ئاوێنەی دونیابینی کاک فاروق و دۆستە دینییەکانێتی، بەر لەوەی بزانین بێ ئەخلاق و بێ فیکرەکان کێن؟ دەبێت ئەوە بیر خوێنەر بخەمەوە کە کاک فاروق لە جێگاکانی دیکەدا ڕەخنەی لە ئیسلامییەکانی هاوڕێی دەگرت کە تەوفیقین، بێدەنگن لە ڕۆشنبیران، تەکنۆلۆژیایان قبووڵە، بەرهەمی مۆدێرنەن، لێرەدا ڕەخنەی ئەوەیان لێدەگرێت کە ناتوانن هەڵبکەن و دونیا بە ئەخلاقێکی مانەوی تەفسیردەکەن «وەک ئەوەی ئەم هەموو دابەشکردنە موتڵەقانەی کاک فاروق خۆی چڵەپۆپەی مانەوییەت نەبێت». لە ڕاستیدا سەیرە ئیسلامییەکان لە یەککاتدا بەوە تاوانبارین کە تەوفیقین و تەکنۆلۆژیاو مۆدێرنەو هەموو شتێکی ترسناک و خراپی دیکەیان قبووڵەو لە هەمان کاتیشدا بەوە تاوانبارین کە دونیا بە پێی دۆست و دوژمن دابەشدەکەن و توانای هەڵکردنیان نییە و ئاگایان لە دونیای مۆدێرن نییە. بە هەرحاڵ ئەمە دڵۆپێکی بچوکە لە دەریای ناکۆکییە ناوەکییەکانی ئەم گوتارە.

سەرەتا بابزانین «سەر لێشێواو، بێ فیکر، بێ ویژدان، بێ مۆراڵەکان» کێن؟ ئەوەی لەسەرەتاوە پاکس ئەمریکانا و ئەم کتێبەی دوایی کاک فاروقی خوێندبێتەوە، ئەوەی

لەسەرەتاوە شارەزای ئەم جۆرە بیرکردنەوە سیاسییە بوویێت کە پێش لە کاک فاروق بە زەمانێکی درێژ تێزەکانی خۆی بڵاکردۆتەوە دەزانێت، ئەو لیستەیە کێ دەگرێتەوە. بە دڵنیایەوە ئەوی کتێبەکەی کاک فاروقی خوێندبێتەوە دەزانێت سەرلێشێواو بێ ئەخلاقەکان ئەوانە نین کە عارەق دەخۆنەوە، ئەوانە نین، قومار دەکەن، ئەوانە نین تەرازوویان تەواو نییە، ئەوانە نین شت بە گران دەفرۆشن، ئەوانە نین زەکات و سەرفیترە نادەن، ئەوانە نین کە زینادەکەن و بەندەخوێنیان شلە، هەموو ئەم شتانە کۆمەڵێک وەزیفەی ئەخلاقیین کە هەڵگری ئەم گوتارە بەجێیدەهێڵێت بۆ فەرمانبەرە دینییە بچوکەکانی خوارەوە نەوەک بۆ ئەوانەی پەیامە ئیلاهی و بەرزو بڵندەکەی دینیان پێیە، ئەم سەرلێشێواو و بێئەخلاقانە خەڵکێکی ترن کە ئەم گوتارە لە لاپەڕەی یەکەمەوە تا دانانی دوا نوختە پەلاماریان دەدات، ئەوانە عەلمانییەکانن، ڕۆشنبیرەکانی زادەی مۆدێرنەن، ناسیونالیستەکانن، فس فس پاڵەوانەکانی دیموکراسییەتن، «لەگەڵ دواوی لێبوردندا بۆ هەموو ئەوانەی خەباتیان بۆ دیموکراسییەت کردووە، لە پێناویدا ئاوارە بوون، شەهیدبوون، عیبارەکە هی کاک فاروقە نەوەک هی من»، غەربزەدەکانن، ئەوانەن لەسەر سۆفستائییەکان دەنوسن، مارکسییەکانن، فیمینستەکانن کە لای ئەم گوتارە مرۆڤ نین و فایرۆسن، ئەوانەن کە قسەی ئاغای لیۆتارد دەکەنەوە «جارێکی دیش لەگەڵ دواوی لێبوردندا، لە خوێنەر و لە لیوتاردو لە فیکر، عیبارەکە هەر هی برای ئازیزم کاک فاروقە» نیچەوییەکانن کە باوەڕیان بە نەبوونی حەقیقەت و نیسبییەتی حەقیقەتە، پۆستستراکچەرالیستەکانن، پۆست مۆدێرنەکانن، مێژوونووسەکانن، مێژووگەراکانن، ئەوانەن کە بایەخ بە جەستە دەدەن، لیبراڵەکانن، ڕۆژنامەنووسەکانن، شاعیرە تازەکانن، دەرچووی زانکۆکانن کە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکاندا کاک فاروق بە قوتبی دژی خانی و نالی و مەحویان تەماشادەکات، سۆسیالیستەکانن، نوێنەرانی کوردایەتیین کە بۆ خۆی «فایرۆسێکە کار لە ئیمان دەکات». .... تا بخوێنینەوەو دووبارەی بکەینەوە ئەم لیستە درێژتر و درێژتر دەبێتەوە کە دواجار تەنیا کاک فاروق خۆی و برادەرەکانی لە ناو بزووتنەو ئیسلامییەکان و هەندێ کەسی بە ژمارە کەمی کۆنزەرفاتیفی ناو زانکۆکانی خۆرئاوا نەبێت، کە کاک فاروق بە تاکە پاسەوانی فیکریان دەزانێت، ئیدی لە سەردەمی ڕۆشنگەرییەوە تا ئێستا هەر ئادەمیزادێکی دیکە لەم سەر ئەستێرەیە ژیابێت لەو ناونانە دەرناچێت. ئەمانە هەموو لەشکری «سەرلێشێواو و بێ فیکرو بێ ویژدان و بێ مۆراڵەکانن»، کە کاک فاروق مەرحەمەت دەکات و بە بزووتنەوە ئیسلامییەکانی هاوڕێی دەڵێت تا لە شارەکەی خۆیدا شاری فەزیللەت و لێبوردن جێگامان بکەنەوە، بەڵام هاویارانی ئاگاداردەکاتەوە کە نابێت دەسەڵات بگرینە دەست، یەک مافیشمان پێڕەوا دەبینێت مافی ئەوەی لە جەهەنەمی خۆماندا بژین.

واتە ئێمە یەک مافمان هەیە، ئەوەی بژین، بەڵام ئەوەی بیربکەینەوە، بڵێین «ڕا»مان هەیە، بنوسین، داوای ئەوەبکەین دەسەڵاتمان هەبێت، دەستکاری سیستم بکەین، بڵێین ئەم سیستمی پەوروەردە دینییە ژەنگ هەڵهاتووەمان بە دڵ نییە، بڵێین ئەو قەهرەمان بە دڵ نییە کە ناویان ناوە ئەخلاق، بڵێین سیاسەتێکمان دەوێت لەدەرەوەی دین، بۆچوونمان هەبێت، ڕەخنە لە دین بگرین، باس لە عەلمانییەت بکەین، وەک فس فس پاڵەوان باسی دیموکراسییەت بکەین «کە بە ڕای کاک فاروق دەرگا لە گەندوگوو دەکاتەوە». باسی زانست بکەین، باسی ڕۆشنگەری بکەین کە تاریکترین چرکەساتی مێژووە. ئەوا لەم جەمهورییەتە تازەیەدا، لەم شارە یۆتۆپییە نوێیەدا کە حەکیم و عاشق و عاریفە گەورەکانی ئەم فەلسەفەیە حوکمیدەکەن، جێگامان نییە... ئەوەی گوێی هەیە دەبێت ببیستێت، ئێمە یەک مافمان هەیە و بەس، مافی ئەوەی لە جەهەنەمی خۆماندا بژین، واتە هەناسەوەرگرین و هەناسەبدەینەوە، بخۆین و بخوێنەوەو خۆمان خاڵی بکەینەوەو لەسەر ڕۆشنایی شەرعی خودا تناسل و تکاثر بکەین. دەبێت ئێمەش سوپاس گوزاربین و لەو ئازارە تێبگەین کە ئەم ڕۆحە موبارەکانەی ناچارکردووە ژیانی پیرۆزی خۆیان لەگەڵ ئێمەدا لەسەر یەک ئەستێرە بەشبکەن، دەبێت لەوە تێبگەین چەندە گەورەن، چ زەجرێک دەکێشن کاتێک لەگەڵ ئێمەی عەلمانی و مودێرن و دیموکراس و نیچەوی و لیوتاردیدا هەڵدەکەن، چ فەزیلەتێکی گەورە دەنوێنن کاتێک لەگەڵماندا دەژین. چونکە ژیانیان لەگەڵ ئێمەدا دەبێتە ئەو ئاوێنەیەی کە لە ڕێگایەوە دەتوانن گەورەیی خۆیانی پێببینن، چونکە بەو هەڵکردنەیان مەزنی بۆچوون و ئەخلاق و ویژدانی خۆیان بەرابەر بە بچوکی بۆچوون و ئەخلاق و ویژدانی ئێمە دەسەلمێنن. بەو هەڵکردنەیان میهرەبانی نیشاندەدەن، میهرەبانی ئەوەی ڕێگاماندەدەن بژین.

سەیرە دژی فاشییەت بیت و جۆرە برگەی لەم جەشنەش بخەیتە سەر کاغەز.

ئێستا تێدەگەین بۆ فیکری مرۆڤایەتی لە یۆنانەوە تا ئەمڕۆ باس لە نیسبیەتی حەقیقەت دەکات، تا ڕێگا لە گوتاری لەم چەشنە بگرێت کە بە ناوی حەقیقەتەوە هەمووماندەکاتە کۆیلەو لە مافی هەناسە وەرگرتن و هەناسە دانەوە زیاتر هیچی ترمان پێڕەوا نابینێت. ئەمە بەرەنجامی ئەو قەرەنتینە دینییەیە کە کاک فاروق بۆمان دروستدەکات. بۆ ڕێگاگرتن لەم گوتارەیە فەیلەسوفان و بیریاران چەندین سەدەیە بەرەنگاری ئەوانە دەبنەوە کە ئاڵای حەقیقەتی موتڵەق بەرزدەکەنەوە. خودی ئەم تێزەیە باشترین بەڵگەیە بۆئەوەی دەیەوێت تێبگات کە گوتاری ڕاستی ڕەهاو موقەدەسی ڕەها دەشێت خاوەنەکەیان بگەێننە چ وێستگەو چ زمان و چ بیرکردنەوەیەک.

**فرەمەرجەعییەت**

لە ڕیزی ئەو ڕەخنەو ئامۆژگاریانەدا کە ئەم گوتارە ئاڕاستەی بزووتنەوە ئیسلامییەکانی دەکات، ئەوەیە فرەمەرجەعیی بن، کاک فاروقی ئازیز بە بزووتنەوە ئیسلامییەکان دەڵێت کە ئەوان تەنیا پشت بە مەرجەعییەتی ئیسلامی دەبەستن لە گفتوگۆکانیاندا، «لە کاتێکدا ئێمە «واتە بەڕێزیان» بانگەشە بۆ فرە مەرجەعییەت دەکەین و خۆمان فرە مەرجەعین، مەسیحی، یۆنانی، ئیسلامی، هیندی، مۆدێرن». لە ڕاستیدا ئەم بانگەوازە بانگەوازێکی جوان دەبوو گەر لە ناو ئەم گوتارەدا مانایەکی هەبووایە. بەڵام بابزانین ئەم بانگەشەیە بۆ فرە مەرجەعییەت لەگەڵ هێڵی گشتی ئەم گوتارەدا چەندە ناکۆک و سەیرو نەگونجاوە.

فرەمەرجەعییەت لەسادەترین پێناسەیدا مانای ئەوەیە تۆ باوەڕت بە تاک مەرجەعییەت نییە، واتە تۆ باوەڕت بەوە نییە هەموو حەقیقەت لای یەک مەرجەعە، باوەڕت بەوە نییە سەرچاوەیەک هەموو وەڵامەکانت دەداتێ، سەرچاوەیەک دڵەڕاوکێت دەڕەوێنێتەوە، سەرچاوەیەک دەبێتە مایەی ئاسوودەگی ڕۆحیت و دەبێتە دوا مامۆستاو دوا ڕابەرت. فرە مەرجەعییەت واتە پێشوەخت دەزانیت حەقیقەت بەسەر زیاد لە کەناڵێک و ژیان بەسەر زیاد لە تەفسیرێک و موقەدەس بە سەر زیاد لە شێوەیەکدا دابەشبووە. فرە مەرجەعییەت واتە ئەوەی پێیدەڵێین عەقڵ دەرکەوتەی جیاواز جیاوازی هەیە، بە پرەنسیپی جیاواز ئیشدەکات، کولتووری جیاواز بەرهەمدەهێنێت، مەنتالیتەیتی جیاواز دروستدەکات، تێکستی جیاواز دەنوسێت کە دونیابینی جیاوازی تیایە، فیکری جیاواز، دینی جیاواز بەرهەمدەهێنێت. واتە باوەڕت بەوەیە مەرجەعییەتێکی تاک و تەنیا نییە بۆ کۆی سەردەمەکان و کۆی جێگاکان و کۆی هێزە کۆمەڵایەتییەکان بگونجێت. لێرەوە ئیدی سەرەتای سەرەتا تۆ کە قسە لە فرەمەرجەعییەت دەکەیت، دەبێت باوەڕت بە نیسبیەتی حەقیقەت بێت، باوەڕت بە ڕێژەداری بێت لە تێڕوانینەکاندا، باوەڕت بەوەبێت ئەوەی تۆ بەسەرچاوەی موبارەکی دەزانیت هەموو ڕاستییەکی لا نییە، بەڵکو لەدەرەوەی تۆ، لەدەرەوەی ئەو دونیا ئیدیال و ئاسمانی و ئەفلاتوونیەی تۆ پێتوابوو هەموو ڕاستیت پێدەڵێت، حەقیقەتی تر و نادیاری ترو پرسیاری تر هەیە. لە ڕاستیدا دوا شتی سەیر لە دونیادا هەبێت ئەوەیە کە یەکێک لەمسەری گوتارەکەیەوە بۆ ئەوسەر دژی چەمکی ڕێژەداری حەقیقەت بێت و دواتر بڵێت من فرەمەرجەعم. کە تۆ گووتت حەقیقەت یەک حەقیقەتە، موقەدەس نابێتە دوو، ئیمان ناخرێتە تەرازووی باوەڕبوون و باوەڕنەبوونەوە، ئیدی فرە مەرجەعییەت دەبێت مانای چی بێت.

دیارە فرەمەرجەعییەت هەرگیز بەو مانایە نییە کەس هیچ بیروبۆچوونێک لەسەر هیچ شتێک

دروستنەکات، بەڵکو ئەوەیە باوەڕمان بەوەبێت ئەو تێڕوانینەی هەمانە بەرهەمی هیچ هێزێک و عەقڵێکی موتڵەق نییە، بەڵکو بەرهەمی کارلێک و تێکەڵبوونی کۆمەڵێک زاستی ڕێژەدارە. فرە مەرجەعییەت ئەوەیە باوەڕ وابێت کە ئەو حەقیقەتەی تۆ هەمیشە شتێکی دی هەیە تەواویدەکات، شتێکی دی هەیە دژێتی، سەردەمێک هەیە بەسەردەچێت، سیفەتی قانونی نییە، ناکرێتە شەرعێکی ڕەهاو قابیلی خوێندنەوەو دەستکارییە. واتە سووک و ئاسان ئەوەی تۆ پێیگەیشتوویت، ئەوەی ئەوانی تر پێیگەیشتوون، ئەوەی بەیانی پێیدەگەین، ئەوەی بە خۆی دەڵێت زانست، ئەوەی بە خۆی دەڵێت فەلسەفە، ئەوەی بە خۆی دەڵێت ئیمان هیچیان موقەدەس نین، بەڵکو بەشێکن لەمەعریفەی مرۆڤ، کە لە ناوکۆیی یەکەیەکی گەورەتر و سیستمێکی مەعریفی باڵاتردا مانای خۆی وەردەگرێت و بەردەوامیش قابیلی پیاچوونەوەو دەستکاری و خوێندنەوەیە، قابیلی سەلماندن و بەدرۆخستنەوەشە. بەڵام کە تۆ باوەڕت بە حەقیقەتێکی ڕەهابوو، کە ئیمان وەک دۆگمایەکی گەورە لەناو بیرکردنەوەتدا چەقی بوو، ئیتر مەرجەعی جیاواز جیاوازت بۆچییە؟ گەڕانەوە بۆ مەرجەعی جیاواز گەر تەنیا بۆ ئەستوورکردنی یەقین بوو، بۆ هەڵاوێردکردنی ئەو ڕەگەزانە بوو کە پێشوەخت باوەڕت پێیەتی، بۆ گەورەکردنی دۆگمابوو بە دۆگما، بۆ ئەستوورکردنی ئیمان بوو بە بارگەی ئیمانی دی بۆ دۆزینەوەی هەمان شت بوو کە لەوەوبەر دۆزیوتەتەوە، ئەوا ئەمایان فرەمەرجەعییەت نییە، ئەمەیان تاک مەرجەعییەتە کە لە ناو مەرجەعەکانی دیکەدا بۆ وێنەی مەرجەعە سەرەکییەکەی خۆی دەگەڕێت.

فرە مەرجەعییەت کۆکردنەوەی زانیاری نییە، بەکارهێنانی ئەوی دی نییە وەک ئاوێنە بۆ بینینەوەی خود، بەڵکو تێکەڵبوونە لەگەڵ ئەوی دیدا، سەیرکردنی خۆتە وەک یەکەیەکی ناتەواو کە بەبێ هاو ـ سوبێکتێکی دی بەرەو کامڵبوون «نەوەک بەرەو کەماڵ، چونکە شتێک نییە ناوی کەماڵ بێت» ناڕۆیت، دروستکردنی سیستمێکە لەگەڵ ئەویدیدا کە پێکەوە نەبێت دروستناکرێت.

فرەمەرجەعییەت ئەوە نییە سەرچاوەکانی دی بگەڕێیت تا دووبارە وێنەی خۆت لە ناویاندا بدۆزیتەوە، ئەوەیە لە ناو ئەویدیدا ناتەواوی خۆت ببینیتەوە، ئەویدی بێت و لە ناو تۆدا ببێتە ڕەگەز، ببێتە بەشێک لە تۆ، بەجۆرێک دۆزینەوەی سنورەکان ئاسان نەبێت، دیارە فرە مەرجەعییەت ئەوە نییە سنووری خۆت بسڕیتەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەوەیە سنووری خۆت بە موقەدەس نەزانیت.

ئاسانە لە مەرجەعەکانی دیدا هەمان ئەو شتانە بدۆزیتەوە کە تۆ خۆت باوەڕت پێیەتی،

بەڵام سەختە ئەو نادیارو ون و کورتیانە ببینیت کە فیکرو بیرکردنەوەی تۆ هەڵیناگرن، فرەمەرجەعییەت وەرگرتنی هەندێک ڕستە نییە لەویدی و ناواخنکردنی هەندێک بۆچوون نییە لە تێکستی خۆتدا. وەرگرتنی هزر نییە بەتەنیا، بەڵکو تێکەڵکردنی هزرە. یەکدی ناسین نییە بە تەنیا، بەڵکو پەیوەندی دروستکردنە. کۆکردنەوەی ئەو شتانە نییە کە لەیەکتری دەچن، بەڵکو دروستکردنی سیستمی نوێی بیرکردنەوەیە، سیستمێک بەو حەقیقەتە جیاوازو بچوکانەی لە جێگای جیاوازو لە کولتووری جیاوازو لە کایەی جیاوازەوە دێن. ئەوەیە لە هەموو ساتەکانی بیرکردنەوەدا، لە هەموو قۆناغەکانی بیرکردنەوەدا، لەساتی دروستبوونی فیکردا، لەساتی تێپەڕاندنیدا مرۆڤ تێبگات پێویستی بەویدی هەیە.

تۆ دەتوانیت دین بە ڕۆح و ماناو مامۆستاو ڕابەر بزانیت و بە ئارەزووی خۆشت هەموو تێکستەکانی دونیا بخوێنیتەوە، بەڵام لێرەدا فرەمەرجەع نیت، تۆ کە دین ڕۆح و ماناو مامۆستاتە، بۆ دەچیت بۆ هیندوستان، بۆ ڕوودەکەیتە چین، بۆ دەگەڕێیتەوە بۆ یۆنان؟ دیارە دەروێشەکانی ڕێگای حەقیقەت بەدوای حەقیقەتدا دەچن بۆ هیندوستان و چین. بەڵام لە کەلەپووری ئیسلامیدا هەموو دەزانین ئیبن موقەفەع کە کتێبی براهماییەکانی وەرگێڕاو بەناوێکی دییەوە بڵاویکردەوە چارەنووسی چی بوو؟ حەلاج کە لە ناو مرۆڤدا بۆ خودا دەگەڕا پارچەپارچەکرا. دەیان و سەدان عاریف و ڕۆشنبیری مێژووی ئیسلام کە هەندێکیان پاسەوانی خەلیفەکان بە زیندوویی و بە کاڵی خواردویانن لەوەوە هاتووە کە لە هیندو چین و یۆنان بۆ حەقیقەتێکی دی گەڕاون. ئەوەی بۆ حەقیقەتێکی موتڵەق دەگەڕێت و لە هەمانکاتیشدا بوون و نەبوونی مرۆڤ بە ئیمانی دینییەوە گرێدەدات، مەرجەعی تری بۆچییە؟ یەکێک مەرجەعی تری دەوێت بەدوای حەقیقەتدا بگەڕێت، بەڵام کە دین هەڵگری حەقیقەتی ڕەهابوو، ئیدی بۆ هیندو یۆنانی بۆدەگەڕێیت؟. فرە مەرجەعیەت هەرچییەک بێت دانیشتن نییە لەسەر سفرەی موقەدەس. بەڵکو باوەڕهێنانە بەوەی زانست فرە لق و پڕدابەشبوونە، فیکر پڕ ئاڕاستەو پڕ جیاوازییە، شتێک نییە ناوی سەرەتای حەقیقەت و کۆتایی حەقیقەت بێت، حەقیقەتیش بەرهەمی هیچ عەقڵێک نییە ترازاو لە مرۆڤ، لەدەرەوەی مرۆڤ، لەسەروو مرۆڤەوە. کە عەقڵێکی ڕەهاو موفارق هەبوو، ئەو کات ئەو عەقڵە تەنیا دروستکەری جیهان نییە، بەڵکو دروستکەری حەقیقەتیشە و هەر خۆشی دەبێت مەرجەع بێت، کە دین مامۆستاو مورشیدو یاسا بوو، ئەو دەبێتە مەرجەع. کە ڕێزگرتنی ئەو تێکستانەی بە ناوی دینەوە قسەدەکەن گەیشتە ئەو ئاستەی سیستمێک لە حەرامی فیکری و مەعریفی دابڕێژێت، ئیدی ئەو تێکستانە دەبنە مەرجەع. فرەمەرجەعییەت جیاوازە لەگەڵ فرەخوێندنەوەدا، ئەوەی تا

ڕادەی دۆگمائیییەت قسە لە ئیمان دەکات، دەتوانێت بە ئازادی هەموو تێکستەکانی دونیا بخوێنێتەوەو شەرحیشیان بکات، بەڵام کە ئەو تێکستانەی کردە مەرجەع واتە ئەو حەقیقەتەی کە لە مەرجەعی سەرەکییدا وەدەستیهێناوە، حەقیقەتێکی تەواو نییە، حەقیقەتێکی نوقسانە و دەبێت بە مەرجەعێکی دی تەواویبکات. لێرەوە خوێندنەوەی تێکست شتێکە و کردنی بە مەرجەع شتێکی دیکەیە.. لێرەدا تۆ هەموو مەرجەعەکان بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی یەک مەرجەع بەکاردەهێنیت. زۆری خوێندنەوە و زۆری سەرچاوە لە پشتی کتێبەکاندا مرۆڤ دەکات فرە زانین، زۆرخوێن، زۆر زان بەڵام کەس ناکاتە فرەمەرجەع. باوەڕ بە زۆری سەرچاوەکانی حەقیقەت، ڕێژەداری حەقیقەت، دابەشبوونی بەسەر لقەکانی زانست و مەعریفەدا مرۆڤ دەکاتە فرە مەرجەع. ئیدی مرۆڤ چارەیەکی نییە یان دەبێت حەقیقەتی ڕەهاو بڵندنشین هەڵبژێرێت، یان فرەمەرجەعییەتێکی زەمینی و ڕێژەگەرا.

**لە نێوان سۆفستائییەت و ئایدۆلۆژیادا**

بەڵام بەڕاست چی لەم گوتارەی کاک فاروقدا ڕوودەدات؟ لەسەرێکەوە بێ ئەندازە بە ڕابوردووەوە لکاوە، بەڵام لە ناکاو لە چەند ڕستەیەکدا «بێ پێشەکی و پاشەکی» باس لە دونیای نوێ دەکات. لەسەرێکەوە بە ناوی ڕۆحی کوردەوە قسەدەکات، لە دیوێکی دیکەدا ئەم ڕۆحە دەکات بە ڕۆحی ئەهریمەن. بەسەرێک هەموو شوناسە فیکرییە واقیعی و پۆتێنشیاڵەکان «ئیحتیمالییەکان»ی دونیای ئێمە بە بێمۆراڵ و بێویژدان ناودەبات، لەسەرێکی دییەوە قسە لە لێبوردن و هەڵکردن دەکات. جارێک باس لە حەقیقەتی ئیلاهی و بێهاوتا و بێبەرابەر دەکات، جارێکی دی باس لە مەرجەعییەتی جیاواز دەکات، بەدیوێکدا دژی مانەوییەتە، بەدیوێکی تردا تا سەر ئێسقان مانەوییەو مێژوو بە کاتەگۆری کۆیلەو سەروەر، چاکەو خراپە، هەق و ناهەق، ڕۆحانی و ناڕۆحانی دەخوێنێتەوە. بە لایەک بە ئیسلامییەکان دەڵێت تەوفیقی، بەلایەک پێیاندەڵێت مانەوی، بە لایەک قسە لە ڕۆحی فەلسەفەو گیانی ئەکادیمی دەکات، بەلایەک دەیان حوکم دەردەکات بێئەوەی ڕامان و وەستان و تێفکرینی پێویستیان لە پشت بێت، بە ئەندازەیەک لە زۆر شوێندا زمانەکەی لە زمانی دەرکردنی فتوا دەچێت نەوەک فیکر. بەلایەک دژی زانستە، دەڵێت زانکۆکانی خۆرئاوا گەمژە بەرهەمدەهێنن، دژی سیستمی خوێندنی مۆدێرنە، بەلایەکی دی تانەوتوانجی ئەکادیمی نەبوون لە نوسەرانی تر دەدات و وا حیسابدەکات وەک ئەوەی هەڵگری شەهادەیەکی زانکۆی خۆرئاوا نەبێت بۆی نەبێت قسە لە فیکر بکات ... لە ڕاستیدا ئەمجۆرە ناکۆکیانە، ناڵێم لە ژمارە نایەن، بەڵام

ئێجگار زۆرن. بە ئەندازەیەک مرۆڤ دەبێت بپرسێت، بەڕاست ئەوەی لێرەدا قسەدەکات ڕۆحی سۆکراتییە، یان لۆژیکی سۆفستائییە؟ ئەم هەموو جەمسەرە دژە، ئەم هەموو ناکۆکییە کە بێ ڕامان و بێ پرسیار بەیەکەوە دانراون، ئەوە نیشانناداتکە هەڵگری ئەم گوتارە، خۆی یەکێکە لە ڕۆشنبیران، واتە بەپێی پێناسەکەی خۆی یەکێکە لە سۆفستائییە هاوچەرخەکان؟. بێگومان بەشێک لەو ناکۆکیانە، ناکۆکی گەورەن، کە ماناو بوون و یەکێتی ناوەکی ئەم گوتارە سەرلەبەر دەخەنە بەر مەترسییەکی گەورەوە، تەواو سیفەتی سوکراتیانەش لە هەڵگری ئەم گوتارە دەستێنێتەوەو دەیهێنێتەوە هەمان ڕیز کە ڕیزی ڕۆشنبیرانە. بەڵام بەشێکی دیکەی ئەم ناکۆکیانە پەیوەندی بە ڕێکخستنی ئایدۆلۆژی ئەم گوتارەوە هەیە.

هەڵوێستی تێکەڵی کاک فاروق بەرابەر «ئەویدی ـالاخر» ، یەکێکە لەو هەڵوێستانەی خاڵی یەکدی بڕینی ئەو ناکۆکییە فیکریانەیە، خاڵی دەرکەوتنی ڕووی ئایدۆلۆژی ئەم گوتارەیە، وەک گوتارێک کە بەمەبەستی بەهێزکردنی پایەکانی ئیسلامی سیاسی ئیشدەکات، نەوەک بە نیازێکی سوکراتییانە، نەوەک وەک گەشتێک بەدوای حەقیقەتدا. وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، کاک فاروق لەوێدا و لە چەند شوێنێکی دیدا داوای گەڕانەوە دەکات بەرەو ترادسیۆنی هیندی و مەسیحی و بودی، ئامۆژگاری یەکگرتووش دەکات بگەڕێنەوە بۆ ئەو کەلەپوورە دێرینانە، وەک لەسەرەوەش گووتم ئەم داوایە کەمتازۆر پەیوەندی بە فرەمەرجەعییەتەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەو زەمینە ئایدۆلۆژییەوە هەیە، کە کاک فاروق دونیابینی خۆی لەسەر دروستدەکات. بەڵام ئەم داواکارییە لەگەڵ خۆیدا ڕیزێک پرسیارو کێشەی گەورە بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێت کە هەندێکیان بەمشێوە کورتدەکەمەوە.

١. بانگەوازی کاک فاروق بۆ کرانەوە بەسەر مەسیحییەت و بودییەت و تاویزمدا، لە جەوهەردا بۆ دروستکردنی تەحالوفێکی کۆسمۆپۆلیتی ترادسیۆنییە لە نێوان ئەو کولتوورە دێرینانەدا کە کاک فاروق حەزیان لێدەکات، لێرەشدا جۆرێک لە هەڵاوێردنی دینی زەق هەیە، کە ناتوانێت ڕوخساری ئایدۆلۆژی خۆی بسڕێتەوە، بۆ نمونە گەر مەسەلەکە مەسەلەی گەڕانەوەیە بۆ ترادسیۆنە گەورەکان و ڕەنگدانەوەی توانای لێبوردنە لە ئیسلامدا بۆ باسی ترادسیۆنی گەورەو دەوڵەمەندی جووەکان ناکات، بۆ کولتووری یەهودی ناخاتە ناو ئەو لیستەوە. ئاشکرایە لێرەشدا جۆرە هەڵبژاردنێکی دینی هەیە تایبەتە بەسەرەتاکانی دونیابینی ئیسلامی سیاسییەوە کە هەموو شتێکی جوولەکە وەک دژ تەماشادەکات، ناکرێت ئەمە بە لەبیرکردنێک و سەهوییەکی ئاسایی بزانین، بەڵکو لەبیرکردنێکی ئایدۆلۆژی، هەڵاوێردکارە.

٢. دژایەتی مــۆدێرنە بەرەو ئەوەی دەبات، کــە بەرابەر گلۆبال بوونی نرخ و بەهاکــانی مۆدێرنە، بیر لە جۆرێک لە گلۆباڵییەتی پێچەوانە بکاتەوە، کە گلۆبالییەتی ترادسیۆن و دینە، گلۆبالییەتێک تیایدا دین دەستی دین دەگرێت، ترادسیۆن دەستی ترادسیۆن دەگرێت. تا سیستەمێک بەهای مرۆڤانە دابڕێژن کە بە بڕوای کاک فاروق دەکرێت تەنیا لە دینە ترادسیۆنییەکانەوە هەڵبقوڵێن و خاڵی هاوبەشیان لەگەڵ مۆدێرنەدا نییە. ئەم گوتارە بۆ ئەوە باس لە شارستانیەتێکی نوێ دەکات، تا ترادسیۆنەکان زیندووبکاتەوە، واتە لەپاڵ ئەو داوای گەورەیەوە بۆ دەسەڵاتی دین و دەسەڵاتی ئیسلامییەکان لە کوردستاندا، داوای دەسەڵاتێکی دینی جیهانیش دەکات، داوای ئەستێرەیەک و کۆسمۆسێکی دینی دەکات، کە تیایدا دین و ترادسێۆن و کولتووری کۆن حوکممانبکەن. هاوڕێی خۆشەویستم کاک فاروق ڕوودەکاتە موسڵمانەکان و ئەم خەونە بەمشێوەیە دادڕێژێت: «ئێمەی موسڵمان، پێویستە خەون بە کۆڕپەیەکی جوانترەوە ببینین، کۆڕپەیەک کە موژدەهێنی شارستانییەتێکی نوێ یە کە لە جەوهەریدا دژایەتی نابێت لەگەڵ پرەنسیپە گەردونی و ئینسانی و ئیلاهییەکانی ئیسلامداو زیندووکەرەوەی بەها ترادسیۆنەکان (ئیسلام، مەسیحی، هیندی، بودی، یۆنانی) دەبێت لە جیهانێکدا کە کۆمەڵێک بازرگان و قاچاخچی و چەتە حوکمی دەکەن». بەداخەوە لێرەدا ناتوانین بڵێین «امین، یارب العالمین». لەبەرئەوەی ئەم گوتارە لەسەر کپکردن چەندین پرسیارو بازدان بەسەر چەندین کێشەی فیکریدا دروستبووە. لێرەدا عەشقی دین بەرەو عەشقی زەمەنە دێرینەکان وەردەگەڕێت، سۆزی مرۆڤی موسڵمان بۆ موقەدەسی خۆی دەبێتە سۆز بۆ موقەدەسە دوورەکانیش، ئەو موقەدەسانەی لە شوێنی ترن و مەترسیان لەسەر موقەدەسی ئەو نیەو ململانێ ڕاستەوخۆی لەگەڵدا ناکەن. ئەم گوتارە دەزانێت ئەو ناتوانێت لە جیهانێکدا بژی کە بەردەوام بەرەو نوێبوونەوە دەچێت، ناتوانێت لە دونیایەکدا بژی مۆدێرنە بە هەموو هێزی بێسنووری خۆیەوە تیاچالاکە ، لێرەوە تاکە ڕێگای سەروەری بۆئەو دونیایەکی پاککراوەو خاڵییە لە عەدەمییەتی مۆدێرنە. تاکە سیستەمی ڕزگاری ئەو ئیمپراتۆریەتێکی دینیی جیهانییە، دینێکە دەستی دینەکانی تریش بگرێت و لە فەوتان ڕزگاریانبکات. واتە هەر ئەوە نییە بە کورد بڵێت «ئیسلام ڕۆح و ماناو مامۆستاتانە». ئەو مەسیحییەتیش بۆ مەسیحییەکان، هیندۆسییەت بۆ هیندییەکان، بودییەت بۆ بودییەکانیش زیندوودەکاتەوە، ئەو تەنیا لە بری ئێمە بڕیارنادات، تەنیا ئەجەندە بۆ ئێمەی کورد دیارناکات، بەڵکو پاشەڕۆژ بۆ یابانی و هیندی و ئەمریکی و چینییەکانیش دیاریدەکات. ئەو شارستانیەتێکی دەوێت بە هەموو هێزی خۆی بەرەو دوا بگەڕێتەوەو ببێتە زیندووکەرەوەی هەموو نرخە ترادسیۆنییەکان. سەیرە ڕۆشنفکرێک لەسەرەتادا لەوە تووڕەبێت کە ڕۆشنبیرانی کورد ڕێگا بە خۆیان دەدەن

ئەجەندەی لە بابەتی عەلمانییەت و دیموکراسییەت بۆ کورد دیاریبکەن، دواتر ئەوە یادبکات و ڕێگا بە خۆی بدات ئەجەندە بۆ هەموو بەشەرییەت دابنێت؟!

٣. لە ڕاستیدا گلۆبالیزمێکی دینی کە بەرابەر گلۆبالیزمی چەتەکان بوەستێتەوە، تا چ ئەندازەیەک دەتوانێت لە دەسەڵاتی خوێنرێژی دینی ڕزگاری بێت، شوێنی پرسیارە؟ بەتایبەت ئێمە هێشتا تەواو شەڕی دینەکانمان جێنەهێشتووە. هێشتا گوتاری ئیسلامی سیاسی و گوتاری زایۆنی و گوتاری مەسیحییە ڕادیکالەکان لەوە ناکەون ئەم شەڕەی ئێستا وەک شەڕی دینەکان نیشانبدەن، گوتارەکەی کاک فاروقیش لە چەندەها شوێندا خاڵی نییە لەو بۆچوونانە. ئەمە جگە لەوەی ئەم گوتارە تەنیا سەرەنجێکی بچوکیش لەوە نادات کە دونیای کۆنیش هەر دونیای چەتەو بازرگانەکان بووە، ئەو دونیایەش کە ئیسلامە ئیماندارەکان و مەسیحییە ئیماندارەکان دەیانبردبەڕێوە، دونیای فتوحاتە دزێوەکان و شەڕی خاچ هەڵگرەکان بووە. مایەی پێکەنینە داوا لە هێزە ئیسلامییەکانی کورد بکەیت بگەڕێنەوە بۆ کۆمەڵێک ترادسیۆن، لەهەمانکاتدا باس لە مێژووی ئەو ترادسیۆنانە نەکەیت، بیر لە سیستمە سیاسییەکانی ناویان و جەنگەکانیان نەکەیتەوە، بیر لەوە نەکەیتەوە لە ژێر چ هەلومەرجێکدا گەورەو بوون و لە ژێر چ هەلومەرجێکدا پاشەکشییان کردووەو کۆتاییان پێهاتووە.

٤. ئەم گوتارە ئەوە لە بیردەکات عەلمانییەت تاکە زەمینەیە دینەکان دەتوانن لەسەری و بەپێودانێکی شارستانیی پێکەوە بژین، ئەوە عەلمانییەکانن لە خۆرئاوا ڕێگایان داوە هەزاران مزگەوت هەبێت، نەوەک مەسیحییەکان. عەلمانییەکانن داوای ئاشتی و پێکەوە ژیان دەکەن لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، نەوەک شێخ ئەحمەد یاسین و حاخامەکانی حیزبی شاس لە ئیسرائیل. ئەوەی تەماشای خاڵی هاوبەشی نێوان ترادسیۆنەکان دەکات، ئەوەی دەیەوێت شتی هابەش لە نێوان دین و کولتوورو ترادسیۆنەکاندا بدۆزێتەوە، دینییەکان نین، ئەوانە نین کە دەڵێن موقەدەس دیموکراتیزمەکەن، ئەوانە نین کە دەڵێن ئەوانەی ئیمانیان نییە مرۆڤیش نین، بەڵکو ئەو ڕۆشنبیرانەن کە بەرگری لە ئازادی ئیمان، ئازادی ئایینەکان، ئازادی بیروڕا دەکەن. تۆ کە دینی خۆت بە بنەمای ڕۆح و ماناو پەروەرە دەزانیت، چۆن شارستانییەتێک دروستدەکەیت دەیان دینی تری لە ناودابن کە ئەوانیش موقەدەسی خۆیان بە ماناو ڕۆح و ڕابەری کۆمەڵگا دەزانن. لە ڕاستیدا ئەم بازبازێنە، ئەم قەڵەمبازانە لەوسەری دۆگمائییەتی دینییەوە، بەرەو کۆسمۆپۆلیتیزمێکی دینی، دەیان پرسیار جێدەهێڵێت کە ئەم گوتارە لە هیچ سووچێکدا بیری لەوەڵامدانەوەیان نەکردۆتەوە.

٥. ئەم گوتارە وا نیشاندەدات مۆدێرنە دابڕانێکی تەواوە لە دونیای کۆن، وەک ئەوەی لە مۆدێرنەدا ڕەگەزگەلێکی کاریگەر نەبن کە ڕیشەیان قووڵ بە مەسیحییەتەوە گرێدرابێت، وەک ئەوەی دیانەتە کۆنەکان نەبووبێتنە ئەو زەمینەیەی لە شوێنە جیاوازو ژینگە شارستانییە جیاوازەکاندا مۆدێرنە جیاوازەکانی لەسەر بونیادنراون. وەک ئەوەی دین لە کۆمەڵێک جەمسەردا هاوکاری مۆدێرنە نەبووبێت. بە کورتی نیشاندانی ترادسیۆنە کۆنەکان و مۆدێرنە وەک دوو پۆڵ کە پەیوەندیان بەیەکەوە نییە، پێچەوانەی هەموو ئەو تێبینییە سادەو ساکارانەشە کە دەکرێت ڕۆژانە لەدەوروبەری خۆمان ببینین، لە دونیای ئێستا دا ترادسیۆن و مۆدێرنە پێکەوە حوکمدەکەن، نمونەی دەیان دەوڵەتیشمان لەبەردەستدایە کە مۆدێرنەو ترادسیۆن تیایدا بەیەکەوە فەرمانڕەوان، ئیدی لەدەوڵەتەکانی کەنداوەوە بیگرە بۆ دەوڵەتەکانی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا.

خەو بینین بە شارستانییەتێکەوە مۆدێرنەی لێ دەرکرابێت و تەنیا هێزە ترادسیۆنییەکان بیبەنبەڕێوە، فەرامۆشکردنی ئەو دیوە چالاکەی ترادسیۆنە کە پێویستی بە مۆدێرنەیە بۆ ژیان، فەرامۆشکردنی توانای مۆدێرنەشە لەوەی ببێتە هاونیاز و هاووێنەی ترادسیۆن. بەڵام کێشەکە ئەوەیە کاک فاروق خەون بە گەردونێکی ترادسیۆنییەوە دەبینێت، خەون بە جیاکردنەوەیەکی ئەفلاتوونی نێوان مۆدێرنەو ترادسیۆنەوە دەبینێت. هەریەکەیان وەک دوو جەوهەری جیاواز و دژ بەیەک و ناچوونیەک تەماشادەکات. ئەو کاتێک داوای ئەوەش دەکات هاویارانی ئاگایان لە سەرچاوەگەلی مۆدێرن بێت، مەبەستێکی تایبەتی لەو ناوە هەیە. بۆ نمونە کاک فاروق داوا لە یەکگرتووی ئیسلامی دەکات کە بە «ئیبن تەیمیە» وە نەوەستن و ئاگایان لە دونیای مۆدێرنیش بێت. ئەم خواستە ناگەڕێتەوە بۆئەوەی فاروق باوەڕی بە کۆمەڵگایەکی فرەمەرجەعە، بە پێچەوانەوە لێرەشدا کاک فاروق هەر هەڵگری بانگەشەی ترادسیۆنی ساف و خالیسە لەهەر ڕەگەزێکی مۆدێرن. مۆدێرن بوون لای ئەو ئەوەیە مرۆڤ ئاگاداری ترادسیۆنیزمی هاوچەرخ بێت، ئەوانە بخوێنێتەوە کە ئیسلامیزمی هاوچەرخ دادەڕێژن، ئەوانە بخوێنێتەوە لە خۆرئاوا بوونەتە موسڵمان، واتە کاک فاروق کە قسە لە کولتوورەکانی دی دەکات، بۆئەوە نییە موسڵمانان بڕۆن جەوهەری ڕاستەقینەی ئەو دین و کولتوورانە بگەڕێن، بەڵکو بڕۆن دووبارە بۆ وێنەکەی خۆیان لە ناو کولتوورەکانی تردا بگەڕێن، گەورەیی وێنەکەی خۆیان لە چاوی ئەوانی دیدا بدۆزنەوە. بەڵام ئاخۆ کاک فاروق خۆی بەو کارە هەڵدەستێت؟

٦. گەر سۆفستائی ئەو کەسە بێت کە لە نێوان قسەو کرداریدا جیاوازی هەیە، ئەوا کاک فاروق نمونەی ئەو جۆرە ڕۆشنبیرەیە. ئایا شتێک لەمە سەیرتر هەیە تۆ کتێبێک لەسەر «ترادسیۆن پەرستی» بنوسیت، ئەم ترادسیۆنانە بە ئەلتەرناتیفی ئەمڕۆی خۆرئاوا بزانیت، بە ئەلتەرناتیفی مۆدێرنەیان بزانیت بەڵام نەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ چەمکێک لە چەمکەکانیان. بەڕێزیان لەمسەر بۆ ئەوسەری کتێبەکەی نەدەگەڕێتەوە بۆ فیکری هیندی، نەدەگەڕێتەوە بۆ فیکری بودی، نەدەگەڕێتەوە بۆ فیکری مەسیحی، نەدەگەڕێتەوە بۆ قورئان، نەدەگەڕێتەوە بۆ فیکری ئیسلامی هاوچەرخ. ئایا ئەمە نیشانەی ئەوە نییە کە کاک فاروق دووبارە بۆ ئەوەی شەڕ لەگەڵ مۆدێرنەدا بکات ناچارە چەکەکانی مۆدێرنە خۆی بە کاربهێنێتەوە، ناچارە ڕەخنەکانی مۆدێرنە خۆی لە سەرخۆی دووبارەبکاتەوە، ناچارە ئیسلام لە دژەکەی هەڵکێشێتەوە تا مانایەکی بۆ بدۆزێتەوە، موتڵەق بخاتەوە سەر هەموو نرخە نیسبییەکانی تا بتوانێت دەستی لێبدات، ناچارە بگەڕێتەوە بۆ خۆرئاوا تا لە خۆی تێبگات، بۆ عەدەمییەت بۆ ئەوەی لە ناعەدەمییەت تێبگات ... ئایا بەڵگە لەوە ئاشکراتر هەیە کە «نەستی مەعریفی» کاک فاروق بەرەو جێگایەکی دەبات تەواو جیاواز لەوەی کە «هەستی مەعریفی» دەیبات؟ ئیدی چۆن یەککرتووەکان بتوانن ئەو ئەگەرە بەکاربهێنن کە گوایە ئەوان هەڵگرینی کە کاک فاروق ناتوانێت خۆی بەکاریبهێنێت. ئاشکرایە فاروق خۆی ڕۆشنبیرێکە بەرهەمی مۆدێرنەیە، دژایەتیکردنی بۆ مۆدێرنە دژایەتییەکی ئایدۆلۆژییە لە هەڵوێستە تەقلیدییەکانی ئیسلامی سیاسییەوە هاتووە، نەوەک لە تێگەیشتنی قووڵ لە کانونە فەرهەنگییە کۆنەکان کە کاک فاروق دەیەوێت شەڕێکی گەورەو گردوونیان لەگەڵ مۆدێرنەدا پێ داگیرسێنێت. شەڕێک ئەمڕۆ تەنیا ئیسلامی سیاسی هەڵگری ئاڵاکەیەتی.

### دین لە نێوان مەکیاج و زەخرەفەدا

دوابەشی ئەم کورتە خوێندنەوەیەم بۆئەوە تەرخاندەکەم، هەندێک تێبینی لەسەر ئەو پرۆسەی مکیاجکردنە سەرتاسەرییە بنوسم کە ئەم نوسینانەی کاک فاروق بۆ ئایینی دەکات، بەتایبەتیش بۆ ئیسلام. مرۆڤ لە لاپەڕەی یەکەمەوە هەستدەکات کۆی ئەم قسانە لەسەرەتاوە بۆ کۆتایی لە سرودێک دەچێت بەسەر باڵای ئایینێکی ئیدیالدا کە هێندەی چووە دڵمانەوە، هێندەی ئەحکامەکانیمان وەرگرت، هێندەی باوەڕمان بە وێنە ڕاستەقینەکەی هێنا، ئیدی چ وەک مرۆڤ چ وەک کۆمەڵگا دەردو بەڵاکانمان هەمووی دەپەڕن، نیشاندانی ئایین بە گشتی و ئیسلام بەتایبەتی وەک مەرهەمێکی جیهانی بۆ هەموو دەردەکان، سیفەتی سەرەکی

گوتارەکەی کاک فاروقە. ئاین ئەو دەرمانەیە هەرچی دەردە دەیپەڕێنێت. دەردەکانی ئەخلاق کە بەدەست ئەخلاقی کۆیلەیەتییەوە دەناڵێنێت، دەردەکانی کورد کە بەدەست بێئیمانیی و کەمی دینەوە وێران بووەو دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئیسلام تا خۆی بدۆزێتەوە. دەردەکانی عەقڵ کە زانستی مۆدێرن تووشی بێئەقڵیان کردووە و پێویستی بە گەڕانەوەیە بۆ پەروەردەی کۆن. دەردەکانی جیهان کە کۆمەڵێک چەتە دەیبەن بەڕێوەو دەبێت بە ڕینسانسێکی ئایینی ڕاستبکرێتەوە. واتە دین ئەو دەرمانە سیحرییەیە کە خستمانە سەر دەردەکانمان چاکیدەکاتەوە، ئەو ڕێگایەیە گەر مرۆڤایەتی بەرینەدایە ئێستا لە ئاسوودەگی و نازونیعمەتدا دەژیا. بۆ چەسپاندنی ئەم وێنە خورافییەی دین کاک فاروق هەموو فێڵە فیکری و زمانەوانی و لۆژیکی و نالۆژیکییەکان بەکاردەهێنێت. لە هەموو جێگایەکدا پرۆسەیەکی هەمەڕەنگی دروستکردنی وێنە بۆ کەسی دینی دروستدەکات کە لە دواجاردا خزمەتی ئەو پەیامە ئایدۆلۆژییەی بکات. لە هەندێک جێگادا کەسی ئیماندار جوامێر و جەنگاوەرو ڕۆحانی و عاریف و دانایە، لە هەندێ جێگای تردا قوربانی و کوشتەو زوڵم لێکراوە. ئەم وێنە میتۆلۆگییەی ئیماندار کاک فاروق لە وێناکردنی خودی خۆشیدا مەسرەفیدەکات و بە شێوەیەکی بەربڵاو وەریدەگێڕێتە سەر زمانێک لە ئەڤینی دینەوە دەگوازێتەوە بۆ ئەڤینی خود.

هەوڵی جوانکردنی ئیسلام، پرۆسەی مکیاجکردنی دین یاسای سەرەکی ئەم گوتارەیە. ئیدی یارییەکی سەرتاسەری لەم کتێبەی کاک فاروقدا هەیە کە لێرەدا هەندێک لە ڕوکارە بەرچاوەکانی کورتدەکەمەوە.

١. گێڕانەوەی هەموو فیکری ناو دونیای ئیسلام بۆ ئیسلام، گێڕانەوەی هەموو فیکری بەرهەمهێنراو لەسەردەمی ئەمەوی و عەباسییدا بۆ ئیسلام، واتە کە فارابی قسەدەکات لای فاروق ڕەفیق ئەوە فارابی نییە قسەدەکات بەڵکو ئیسلامە قسەدەکات. کە ئەفلاتوون وەردەگێڕدرێت ئەوە کۆمەڵێک وەرگێڕ نین ئەوە دەکەن بەڵکو ئیسلامە ئەوەدەکات، کە مەحوی شیعر دەنوسێت ئەوە مەحوی نییە، بەڵکو ئیسلامە. دیارە دەکرا ئەم بۆچوونانە قبووڵبکەین گەر کاک فاروق فتوحات و غەزاو داگیرکردن و سەبایاگرتن و تاڵانکردنی ناو مێژووی ئیسلامیشی هەر بەو دیدە بخوێندبایەتەوە. بەش بە حاڵی خۆم لەگەڵ هیچ یەک لەم دوو تەفسیرەدا نیم کە یەکێکیان لەسەرێکەوە هەرچی شتێکی جوان لە مێژووی ئیسلامدا هەیە دەیداتەوە بە ئیسلام وەک دین، لە دیوە دزێوەکانی ئەو مێژووەش بێدەنگدەبێت. دژی تەفسیرەکەی دیکەشم کە هەرچی دزێوی ناو مێژووی ئیسلامە دەیباتەوە سەر ئیسلام وەک دین و لەلایەنە جوانەکان بێدەنگدەبێت. ئیسلام دونیابینی سەردەمێکە، موتڵەقێک نییە

لەدەرەوەی مێژوو تەماشایبکەین، لەیەککاتدا سەرچاوەی شەڕو سەرچاوەی ئاسوودەگیش بووە، سەرچاوەی زانین و سەرچاوەی نەزانینیش بووە، سەرچاوەی گەڕان و سەرچاوەی دۆگماش بووە. خەڵکانی موسڵمان هەن کە ئیمان بە کێشەی فەردی ئینسانەکان دەزانن، خەڵکانی موسڵمانیش هەن وەک کاک فاروق هەموو ئەوانە بە ئاژەڵ دەزانن کە ئیمان بە پرسیارێکی عەقڵی تێدەگەن و پێیانوایە دەبێت دیموکراتیزەبکرێت. لەم نێوەندەدا بەخشینی جەوهەرێکی ڕەها بە دین، جەوهەرێک لەدەرەوەی مێژوو پرۆسەی ئارایشتێکی ئایدۆلۆژی ڕووتە، چونکە هەر ئەوەی کە دەڵێت دین لە دەرەوەی مێژووە، دین ڕەهایە، دین سەر بە فەزای گشتییە، دین سەر بە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانە، دین بوونە، دین ئازادیە، دین جڤاتە، هەر خاوەنی ئەو گوتارە خۆشی دواتر داوای ئەوە دەکات دین ببێتە دەسەڵات، ببێتە سیاسەت، ببێتە ئۆپۆزیسیۆن، ببێتە مامۆستا، ببێتە ڕابەر. لە ڕاستیدا گۆڕینی دین بۆ جەوهەرێکی دەست لێنەدراو، دەمامکێکی سیاسییە بۆ دروستکردنی نوخبەیەکی فیکری و سیاسی دەست لێنەدراو، گۆڕینی دین بۆ دیاردەیەکی لەسەروو مێژووەوە، گۆڕینی تێگەیشتن و تەفسیرێکی مەعریفی دیاریکراوە بۆ تەفسیرێکی باڵاتر لە گومان و پیاچوونەوە، بریتییە لە گۆڕینی بارگەی سەر موقەدەسی دینی بۆ خولقاندنی قودسییەتێکی شەخسی و فیکریش .

٢. یەکێک لە کردە بەربڵاوەکانی مەکیاجکردن لەم گوتارەدا ئەوەیە، کاتێک قسە لە مەزنی جاران دەکات، کاتێک دەیەوێت ڕابوردوو وەک کایەی عیلم و عیرفان نیشانبدات دەڕوات لە ڕابوردوودا کۆمەڵێک فەیلەسوف و داهێنەر هەڵدەبژێرێت و دەیانکات بە نمونە، بەڵام کە دێتە سەر دونیای تازە نمونەی دەبەنگترین ڕۆشنبیرو خراپترین خوێندەواری قوتابخانەکان هەڵدەبژێرێت و دەڵێت تەماشاکان پەروەردەی دینی داهێنەری وەک نالی و مەحوی بەرهەمهێناوە، پەروەردەی نوێش ئەم دەبەنگ و جاهیل و نە خوێندەوارانەی خستۆتەوە. لە ڕاستیدا ئەمە جگە لەوەی ئاوەژووکردنەوەی حەقیقەتە، شێوانێکی ترسناکیشە بۆ ڕیشەکانی داهێنان. یەکێک لەدەروازە گرنگەکانی خوێندنەوەی داهێنان ئەوەیە زەمینەی ئایدۆلۆژی نوسەر لە داهێنان خۆی جیابکەینەوە، هەموو مەزهەب و دین و ئایدۆلۆژیاو بۆچوونەکان داهێنەری خۆیان هەبووە. مارکسیزم لە هەموو فەلسەفەکان پتر نوسینی یاساڕێژ و کلێشەبەند کردووە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا سەدان داهێنەری مارکسی گەورەمان هەیە. داهێنان کارێکی بەوەوە نییە مرۆڤ ئاخۆ ئیسلامیانە یاخود مارکسیانە یاخود ناسیونالیستیانە یان ئەنارشیانە بیردەکاتەوە، کارێکی بەوەوە نییە نوسەر موسڵمانە یان مەسیحی یان مۆدێرن، لە حوجرە خوێندویەتی یان لە زانکۆ. هەریەک لە پەروەردەی دینی و

پەروەردەی نوێ داهێنەری خۆیان هەیە، هەریەکەشیان بە پێی جیاوازی خۆیان دەبەنگ و تاکبین و تەسکبینیان بەرهەمهێناوە. نە حوجرەکانی جاران ئەو جێگایەبوون مرۆڤ هەموو عیلمی زەمانی خۆی وەربگرێت، نە زانکۆکانی ئێستاش مەڵبەندی گەشانەوەی بێقەیدو شەرتی عەقڵن. دروستکردنی ئەمجۆرە دوولانانە پەیوەندی بە دڵسۆزییەوە نییە بۆ خوێندکاری نوێ، بەڵکو پەیوەندی بە مەکیاجکردنی فیکری دینییەوە هەیە. وەک چۆن هیچ هەقانییەتێک نییە ئێمە ئەنشتاین بە فەقێیەکی سەدەی نۆزدە لە گەڕەکی پیرمەسوور بەراوردبکەین. هیچ هەقانییەتێکیش نییە لەوەی ئیبن خەلدون بە قوتابییەکی دەبەنگی ئەمڕۆ بشوبهێنین.

٣. کاک فاروق بۆئەوەی بیروبۆچوونی دینی خۆی لە بیروبۆچوونی دینی ئیسلامییەکانی دی جیابکاتەوە، بە مجۆرە وەسفی «خوداوەند» و دین دەکات. بەڕێزیان دەنووسێت : «خوداوەند دەسەڵاتە، هێزی هێزەکانە و گەردونیش کە مانیفێستی هێزەکانە خۆی هیچ نیە جگە لە خوداوەند. ئایین لە دیدی ئێمەوە دۆگما نیە، هێزێکی چالاک و چالاکی بەخشە، فەلسەفەی ژیانە، مەستبوونە بە ژیان و ژیانیش داهێنانێکی ئەبەدییە، داهێنانیش واتە ئازادی و بوونی دەسەڵاتی کردار نواندن، ئازادی داهێنانە، کردارە، لە ڕێگای ئازادی و داهێنانەوە خودا لە ئێمەدا، کە خەلیفەی ئەوین لەسەرزەوی بەپێی تەسەوری ئیسلامی ، خۆی مانیفێست دەکاو ئێمەش دەگەین بە خوداوەند. لێرەوە جەوهەری ئاین ئازادیە، چونکە هۆشیاریە دەربارەی خۆمان و ئەو شتەی کە دەمانەوێت ببین و زانینی ئەوەی چۆن لێپرسراوێتی هەڵبگرین بەرامبەر بە چارەنوسمان، ئازادی چالاکیە و پڕە لە دەسەڵاتی چالاکانە. ئازادی ئەزموونە و بناغەی ئەزموونیش ئایینییە و بەر مەبنای نەفەسی خوداوەندە، نەفسێکی پڕ ڕەحمەتی خوداوەندە، ئێمە نەفسێکی خوداوەندین ئینجا خەلیفەی ئەو لەسەر گۆی زەوی. لە ڕێگای ئازادییەوەیە کە ئینسان هەست بە نەفسی خوداوەند دەکا، ئەونەفسەی کە بۆن و بەرامەی حەقیقەتە»

ڕەنگە کۆی فیکری دینی کوردی بگەڕێین، بەدەگمەن پارچەی ئاوها ئینشائی بخوێنینەوە، بەدەگمەن ڕێگامان بکەوێتە سەر برگەیەکی نوسراو، کە هێندە ئاماژەی گرنگی تیابێت بۆ کێشەی دین، بەدەگمەنیش نەوەستان و ڕاکردن و خۆلادانی وا ببینین لە وردکردنەوەی ئەو کێشانەدا، بەدەگمەن دەرەنجامگیری لەم چەشنە خێراو نەسەلمێنراو بدۆزینەوە، بە دەگمەن بتوانین نوسەرێکی دی ببینین لە ڕووبەرێکی بچوکدا بتوانێت چەندەها ئەحکامی قورس بدات لەسەر ماهییەتی دین، بێئەوەی زیاتر لەسەریان بوەستێت؟ بەتایبەت ئێمە لەم برگەیەدا

بەشێکی جەوهەری لە بیروبۆچوونی کاک فاروق دەخوێنینەوە کە جیاوازی تەماشاکردنی ئەوە بۆ دین لەگەڵ ئیسلامییەکانی دیکەدا، کە دەکرا هەرە دەوڵەمەندترین بەشەکانی ئەم نوسینە بێت، هەرە پڕبایەخ و هەرە خەتەرترین بەشیشی بێت. کە مرۆڤ لە خوێندنەوەی ئەم بڕگەیە دەبێتەوە دیسانەوە نائومێددەبێتەوە، دیسانەوە لە خۆی دەپرسێتەوە ئایا ئەمە هەڵوێستێکی فیکرییە لە دین یان مەکیاجێکی فیکری دینییە، تا ئەو بەشە ناتەواوە تەواوبکات کە گروپە ئیسلامییەکانی دی ناتوانن تەواویبکەن.

بەشێک لەم بڕگە نوسراوەی هاوڕێی خۆشەویستم کاک فاروق تەبایە لەگەڵ سەرجەمی بیرکردنەوەی بەڕێزیاندا، بەشێکیشی دووبارە دەکەوێتەوە ناکۆکی ترسناک لەگەڵ پێکهاتی فیکری ئەودا. بۆ نمونە، تا ئەو جێگایەی کە دەڵێت خودا دیاردەیەکی گەردونی مەزنە، هێزێکی ناوەکی ناو وجودە، گەردون و خودا یەکشتن دەشێت ئەم بۆچوونە وەک درێژکراوەی ئەو وێنە شاعیرییە قەبوڵبکەین کە زۆربەمان بۆ خودا هەمانە، بەڵام ئەو دەرەنجامانەی کاک فاروق لەمە وەریدەگرێت ترسناکە، کاک فاروق یەکسانکردنەوەی نێوان گەردون و خودا ئۆتۆماتیکی وەردەگێڕێتە سەر یەکسانکردنەوەی «گەردون و دین» «مرۆڤ و دین» «کۆمەڵگاو دین». کە پێموایە تەواو دژی ئەو فیکرە بنەڕەتییەیە کە لە وێنەی یەکەمدا هەیە، چونکە کاتێک دەڵێین خودا یەکسانە بە گەردون، واتە خودا یەکسان نییە بەیەک دین، بە یەک بۆچوون، بە یەک سیستم. بەڵکو خودا یەکسانە بە کۆی دیدەکان، کۆی ئەگەرەکان، کۆی ڕەهەندەکان، کۆی جوانی و کۆی ناشیرینییەکانیش، واتە یەکسانە بە کۆی گەردون نەوەک بە دیوێکی گەردون. واتە گێڕانەوەی خودایە لە هێزێکی تاک جەوهەری، تاک وێنەی ، تاک بیرەوە، بۆ هێزێکی فرەڕەنگ، هێزێک بەیەک شێوەی موتڵەق دەرناکەوێت، بەڵکو بە کۆمەڵێک شێوەی جیاواز دەردەکەوێت. کە دەڵێین خودا یەکسانە بە گەردون، واتە ئەو فرەڕەنگییەی لە ناو کۆمەڵگاو بیروڕاو موقەدەس و حەقیقەت و سەردەمەکاندا هەیە، ئەو جیاوازییانەی لە ناو وجوددا هەیە خودایییە. دیارە نابێت لە هیچ کاتێکدا ئەوەمان لە یادبچێت کە ئەم بۆچوونە شێوەیەکە لە شێوەکانی گوتار «خطاب»، واتە لەدواجاردا هەوڵێکە بۆ زیادکردنی بڕی تۆلێرانس و لێبوردن لە ناو دین و ژیاندا، هەوڵێکیشە بۆ پاراستن و هێشتنەوەی خودا لە ناو خەیاڵگەی فیکریماندا «المخیال الفکری». ئێمە ئەم بۆچوونەمان قبووڵ بێت یاخود نا، لە گەڵیدابین یاخود دژی بین، هیچ لەوە ناگۆڕێت کە دەرەنجامگیرییەکانی کاک فاروق یان تەواو ناکۆکە لەگەڵ ڕیزێک تێزەی دیکەدا کە لێرەو لەوێ لەناو سەرجەمی بیرکردنەوەی ئەو و لە نوسینەکانیدا دابەشبوون، یان بە شێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵ ئەو سەرەتایەدا تەبا نایەتەوە کە لێوەی دەستپێدەکات، بۆیە

دواجار ئەو بڕگەیە وەک بڕگەیەک دەمێنێتەوە کە تەنیا وەزیفەی مەکیاجکردنی سیمای دینی هەیە.

یەکسانکردنەوەی خوداو گەردون وەک یەکسانکردنەوەی دین و گەردون، دین و کۆمەڵگا، دین و مرۆڤبوون نییە کە پرۆسەیەکی بەربلاوی ناو فیکری فاروق ڕەفیقە. یەکسانکردنەوەی یەکەم دین لە دۆگمائییەت ئازاددەکات، بەڵام یەکسانکردنەوەکانی دی دین بەرەو خراپترین شێوەی دۆگمائییەت دەبەن. ئایین کاتێک نابێتە دۆگما کە لایەنی کەم باوەڕی بەوە هەبێت کە خودا دەرکەوتەی دیکەشی هەیە، باوەڕی وابێت کە دینەکانی دیکەش. بیرەکانی دیکەش، زانستەکانی دیکەش گەندوگوو نین. باوەڕی وابێت موقەدەس دەبێت دیموکراتیزەبکرێت، چونکە شێوەکانی موقەدەس دیوە جیاوازەکانی وێنەی خودان. کە تۆ ئەم تێڕوانینەت نەبوو ئەوا بە دڵنیاییەوە دین دەبێتە دۆگما، دەبێتە سیستمێکی تۆتالیتار و سەرتاپاگیرو بێکەلێن.

کاک فاروق هەر لەوساتەدا کە قسە لەوەدەکات دین دۆگما نییە، وێنەیەکی سەرتاپاگیرو بێکەلێن بۆ دین دروستدەکات، گەر ئەو بڕگە نوسراوەی سەرەوە بخوێنینەوە لەو بڕگەیەدا، دین کراوەتە هەموو شتێک «دین هێزێکی چالاکە. چالاکی بەخشە. فەلسەفەی ژیانە. مەستبوونە بە ژیان. ئازادییە. هۆشیارییە دەربارەی خۆمان. بناغەی ئەزموونە» دیارە کاک فاروق هیچ شتێک لەسەر ئەم تەوەرە گرنگانە ناڵێت. بە درێژایی کتێبەکەی نازانین ئازادی چییە؟ دەتوانن بزانین کۆیلەیەتی چییە، بەڵام جگە لەقسەیەکی زۆرکەم چ شتێک لەسەر ماناو جەوهەرو تێگەیشتنی کاک فاروق لەسەر ئازادی ناخوێنینەوە. لێرەوە ناتوانین تێبگەین مانای چی دین ئازادییە. لە کتێبەکەی ئەودا دیموکراسییەت بەرهەمی عەقڵی کۆیلەیە، ئازادییە فەردییەکان کۆیلەیەتییە، ئازادی ئیمان هەر کۆیلەیەتییە. من لە مەتنی ئەم نوسینەدا شێوەگەلێکی زۆری بیرکردنەوەم بینی کە هەموویان بە بیرکردنەوەی کۆیلە حیسابدەکرێن. لێرەوە زاراوەی دین ئازادییە، جگە لە مانایەکی باطنی ئاماژە نییە بۆ شتێکی دی، ئەم ئازادییە ئازادی بونیادنانی مەملەکەتێکی ئازاد نییە لەسەر زەوی، بەڵکو ئازادی فڕینە بۆ ئاسمان، ئازادبوونی ڕۆحە لە پێوەندە دونیاییەکان، ئازادی یەکگرتنەوەیە لەگەڵ نەفەسی خوداوەندا. بەڵام وەسفی کاک فاروق بۆئازادی وەسفێکی ئینشائییە کە لە جەوهەردا هیچ مانایەکی دیاریکراو نادات بە ئازادی، بۆیە ناچارین تێکستەکە تەواو بدوێنین تا ئەو شتانەی تیا بدۆزینەوە کە کاک فاروق لە ژێر وشەکاندا دەیشارێتەوە. کاک فاروق دەڵێت «ئازادی چالاکییە، ئازادی ئەزموونە و بناغەی ئەزموونیش ئاینییەو بەر مەبنای نەفسی خوداوەندە، بەر مەبنای ڕۆح و سروشتی ئینسانە وەکو وێنەی خوداوەند..». لە ڕاستیدا ئەوەی بڵێین ئازادی چالاکییە هیچ شتێکمان لەسەر ئازادی بۆ ڕووننا‌ناکاتەوە. چونکە لێرەدا پێویستیمان بە

دۆزێکی درێژ هەیە تا تێبگەین وشەی چالاکی لە دیدی کاک فاروقدا چی دەگرێتەوە؟ چونکە ئاشکرایە وشەی ئازادی لێرەدا مانای خۆی لە وشەی چالاکییەوە وەردەگرێت. گەر ئازادی چالاکی بوو، ئایا چالاکی چییە؟ منیش دەڵێم ئازادی چالاکییە، بەڵام لێرەدا لەگەڵ کاک فاروقدا لە ماناو نرخی چالاکییدا لە یەکدی جیادەبینەوە، واتە ڕستێک پرسیاری گرنگ هەیە ئەم گوتارە خۆی لێلادەدات. وەک ئەوەی بزانین ئایا هەموو ئازادییەک چالاکییە؟ ئایامانای چالاکی چییە؟ ئایا هەموو چالاکییەک ئازادییە؟ دوائەوە کە دین ئازادی بوو، کەواتە دین چالاکیشە، ئەی کە دین چالاکییە، ماهییەتی چالاکی دینی و جیاوازی لەگەڵ چالاکی نادینیدا چییە؟ واتە کۆمەڵێک پرسیاری دی دروستدەبن کە بێ بوونی وەڵامێکی ڕاستەقینە کۆی ئەم بۆچوونە لە تێزێکی فیکری و فەلسەفییەوە دەبێتە ئینشایەکی ڕووت.

کاک فاروق ئەم ڕستەیەشمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە دەڵێت ئازادی ئەزموونە و بناغەی ئەزموونیش ئاینییە. لە ڕاستیدا هیچ ڕوونکردنەوەو تەفسیرێک نییە بۆ ئەم تێزە تێکەڵاوکراوانە. گەر ئەزموونی مرۆڤ هەمووی بەر مەبنای نەفەسی خوداوەند بێت، کەواتە ئینسان جگە لە دەرکەوتەیەکی نەفەسی خوداوەند هیچی تر نییە، کەواتە ئەزموونی مرۆڤ لە جەوهەریدا ئەزموونێکی ئیلاهییە، واتە دواجار مرۆڤ ئەزموونی خۆی لە خۆیەوە نییە بۆ خۆی، بەڵکو ئەزموونی شتێکە لەسەروو خۆیەوە بۆ سەروو خۆی. گەر ئەزموون شتێک بێت بەر مەبنای نەفەسی خوداوەند، کەواتە هەر ئەزموونێک ئێمە دەیکەین، لە عەقڵ و خواستی ئێمەوە نەهاتووە، بەڵکو لە خواستێکی ئیلاهییەوە هاتووە، لە بوونی نیازی چێنراوی خوداوەندەوە هاتووە لە ناوماندا. لەو بونیادە ترانسدنتال و پێش ئەزموونەوە هاتووە کە ئەزموونمان کۆنترۆڵدەکات. کەواتە ئەزموونی ئێمە، ئەوە دەسەلمێنێت کە ئێمە ئازاد نین، یان بە زمانی ئایینپەروەران «موخەیەر» نین و «موسەیەر» ین. بەم پێیەش جارێکی دی ئەو پێشکەییەی کاک فاروق دەیهێنێتەوە دەکەوێتەوە ناکۆکی لەگەڵ دەرەنجامەکەیدا، کە ئازادی ئەزموون بێت، ئەزموونیش ئایینی بێت و بەر مەبنای نەفەسی خودا بێت، ئەمە مانای ئەوەی مرۆڤ «موسەیەر» بوونی خۆی بە سەربەستی تێبگات، ئەوەی خودا وەک ئەزموون بۆی دیاریکردووە ناو بنێت ئازادی. دیارە کاک فاروق ناڕاستەوخۆ هەمان قسەدەکات کاتێک دەڵێت «لە ڕێگای ئازادییەوەیە کە ئینسان هەست بە نەفەسی خوداوەند دەکات، ئەو نەفەسەی کە بۆن و بەرامەی حەقیقەتە». بەمانایەکی تر چەمکی ئازادی لێرەدا بە کۆی مانا دینییە تەقلیدییەکان بارگاویکراوە. ئەو مانایانەی گروپە ئیسلامییەکانیش کێشەیەکیان لەگەڵیدا نییە.

گەر ئازادی هەستکردن بێت بە نەفەسی خوداوەند تێناگەم بۆ دەبێت گروپە دینییەکان دژی

ئەم پێناسەیەی ئازادی بن؟ گەر کاک فاروق گووتوویتی ئازادی هەستکردنە بە نەفەسی مرۆڤ خۆی، هەستکردنە بە جەستە، هەستکردنە بە باری سەختی حەرامەکانە، هەستکردنە بەو پێوەندانەی مرۆڤ دەبێت بیانشکێنێت، ئەوا دەمانگووت کاک فاروق دیدێکی تری بۆ ئازادی هەیە، بەڵام کە بە ڕێزیان هەر دەنوسێت ئازادی نەفەسی خوداوەندەو هەستکردنە بە نەفەسی خوداوەند، ئیدی نازانم بۆ دەبێت ئیسلامییەکان دژی ئەمەبن، یان لە ڕاستیدا بەش بە حاڵی خۆم تێناگەم بۆچ جیاوازییەک لە نێوان خۆی و ئیسلامییەکانی دیکەدا دەگەڕێت؟.

گەر ئازادییەکەی کاک فاروق هەر ئەوە بێت کە لێرەدا نوسراوەو دەڵێت «جەوهەری ئاین ئازادیە، چونکە هۆشیاریە دەربارەی خۆمان و ئەو شتەی کە دەمانەوێت ببین و زانینی ئەوەی چۆن لێپرسراوێتی هەڵبگرین بەرامبەر بە چارەنوسمان». گەر ئازادی ئەوە بێت دین هوشیاریمان دەربارەی خۆمان دابڕێژێت، دین فێرمان بکات ببینە ئەو شتەی کە دەبێت ببین، دین فێرمانبکات چۆن لێپرسراوێتی هەڵگرین بەرابەر چارەنوسمان. لە ڕاستیدا گروپە ئیسلامییەکان نەوەک لەگەڵ ئەمەدا تەبان، بەڵکو دەشێت تا ئێستا نەیانوێرابێت پێ بنێنە ئەو ئاستەوەو بەمجۆرە دەستدرێژیبکەنە سەر ئازادییە فەردییەکان... گەر ئازادی ئەوە بێت دین هوشیاری و بوون و فەرمان و لێپرسراوییەتیەکانیشمان بۆ دیاریبکات، ئیدی لەدەرەوەی دین چی بۆ ئازادی دەمێنێتەوە ؟. ئازادی لەم گوتارەدا خزمەتکارێکی دڵسۆزی دینە، ئیدی تێناگەم بۆ دەبێت گروپە ئیسلامییەکان دژی ئەم بۆچوونەی کاک فاروق بن؟ بە پێچەوانەوە من دڵنیایدەکەمەوە کە ئەوان زۆر سوپاسیشی دەکەن، چونکە مرۆڤ دەتوانێت لە ژێر ناونیشانی هوشیاری و نیازی بوون و لێپرسراوێتیدا، هەموو حەرام و قەدەغەکان بپارێزێت و ناویشی بنێت ئازادی.

کاک فاروق لێرەداو لە کۆمەڵێک جێگای تردا هەوڵدەدات خۆی لە ئیسلامییەکانی دی جیابکاتەوە. کاک فاروق دەزانێت گروپە ئیسلامییەکان کەم تا زۆر گروپگەلێکن زیانی سیاسی گەورەیان لە خۆیان و لە وێنەی ئیسلامیش داوە، لێرەوە بۆئەوەی شێوە ئیسلامی خۆی لە ئیسلامەکانی دی جیابکاتەوە، پەنادەباتە بەر ئەم جۆرە تێزانە، کە لە جەوهەردا یان هەندێ ئامۆژگارین کە بەداخەوە ئەو گروپانە توندڕەوتر ئاڕاستەدەکات، یان بانگەوازە بۆ ڕانەوەستان لەسەر شەکلیاتی ئایین و پابەند بوون بە جەوهەرەکەیەوە کە لێرەشدا هەر خزمەتی ئاڕاستەی توندڕەوی ئەم گوتارەدەکات، یان لەمجۆرە جیاوازیانەیە کە جیاوازی نین و کاک فاروق تەنیا بۆ ڕزگارکردنی ئەم گوتارەو مەکیاجکردنی بەکاریاندەهێنێت.

جگە لەوانە کاک فاروق لەو بڕگەیەی سەرەوەدا جارێکی دیش تووشی ناکۆکییەکی کوشندە دەبێت. ئەو لەسەرێکەوە باوەڕی وایە مرۆڤ ئەو هەمەجییەیە گەر دین نەبێت تەجاوزی دایکی خۆی دەکات، لەسەرێکی دییەوە لێرەدا دەڵێت مرۆڤ وێنەی خودایەو خەلیفەی ئەوە لەسەر زەوی. گەر مرۆڤ هەمەجییە کەواتە وێنەی خودا نییە، گەر وێنەی خوداشە کەواتە هەمەجی نییە. لە ڕاستیدا ناکرێت نوسەر ئاگای لە خۆی نەبێت و لە بۆچوونە هەرە جەوهەرییەکاندا بکەوێتە ئەم هەموو ئیشکالییەتەوە.

لە ڕاستیدا پرۆسەی مەکیاجکردنی ئایین، لەم گوتارەدا ڕووبەرێکی گەورەتری هەیە، کە بکرێت بەمشێوەیە کورتبکرێتەوە، زۆربەی هەڵوێستە فیکرییەکان لە ناو ئەم گوتارەدا وەک پرۆسەی بوارسازکردن و زەمینەخۆشکردن وان بۆ ئایین، لەم گوتارەدا شان بە شانی پرۆسەی جوانکردنی دین، پرۆسەیەکی دیش هەیە کە ناشیرینکردن و دەرکردن و بە نەفرەتکردنی ئەلتەرناتیفەکانە. ئەو ڕەخنانەی لێرەدا لە ڕۆشنبیری کوردی و عەرەبی و زانست و مۆدێرنەو فیکری نوێ و زانکۆکانی دەخوێنینەوە، هیچیان قووڵبوونەوەی سەربەخۆنین لەم ئاستانەدا، هێندەی چاندنی ئەم ڕەخنانەن لە خزمەت مەکیاجکردنی فیکری دینی و ڕۆشنبیری دینی و بەهێزکردنی سەرمایەی ڕەمزی پیاوانی ئیمانداردا. هیچ یەکێک لەو کایانە وەک خۆی نەخوێندراوەتەوە، وەک بوارێکی تایبەت نەخوێندراوەتەوە، بەڵکو تەنیا بۆ دەرخستنی جوانی و مەزنی و گەورەیی دین و پاشکۆکانی خراونەتەڕوو. گەر ئەم دوو پرۆسەیەش بە جۆرێکی وردەکارو بەرین بووایە، گەر سیستمێک ئەحکامی خێراو پێشوەخت نەبووایە ئەوا دەشیا جگە لە مەکیاجکردنی فیکری دینی و زەخرەفەسازی لەسەر کاراکتەری مرۆڤی ئیماندار، شتێکی دیکەمان تیا ببینیایە. لە ڕاستیدا ئەو دیاردانەی کاک فاروق ڕەخنەیان دەکات، هەموو قابیلی ڕەخنەکردنی زیاترن، واتە کێشەکە لێرەدا ئەوە نییە بڵێین دیموکراسییەت، مۆدێرنە، ڕۆشنبیر، ڕۆشنبیری نوێ، ڕۆشنبیری کوردی نابێت ڕەخنەبکرێت، بە پێچەوانەوە، بەڵام ئەوەی کە من لێرەدا بەرەو ڕووی دەوەستمەوە ، ئەو پاشخانە ئایدۆلۆژی و ئەو میتۆدە دوولانە سازەیە، کە ئەم گوتارە دونیای لەنێوان دین و نادیندا پێ دابەشدەکات، ئەو زەینە «نکوصی»یە، کە ئەم گوتارەی پێنوسراوە، ئەو ترادسیۆنپەرستی و حەرامپەرستییەیە کە لە پشتەوەڕا ئیشکردنی ئەم گوتارەی جڵەوکردووە.

**دوا وشە**

ئەم گوتارە دەبێت قسەی زیاتری لەسەربکرێت، ئەوەی من لێرەدا نوسیومە، تەنیا بەشێکی تێبینی و سەرەنجەکانمە. گەلەک تەوەری گرنگ هەن من لە ئاستیاندا نەوەستام، لەبەرئەوەی پێموایە هەر یەک لەو تەوەرانە ڕووبەرێکی گەورەو تایبەتیان دەوێت کە لە توانای وتارێکدا نییە ئەو ڕووبەرانە فەراهەمبکات. لەو بابەتە گرنگانەی من لێرەدا نەمتوانی ئاوڕی پێویستی لێبدەمەوە، دوو تەوەر لە تەوەرەکانی دی گرنگترن، یەکەم : ئەو بەشەی کاک فاروق باس لە ڕۆشنبیری کورد دەکات، کە بەڕای من پڕ ئیشکالیترین بەشی کتێبەکەی بەڕێزیانە. دووەم: قسەکردنی کاک فاروقە لە «بواری مەدەنی» و جیاکردنەوەی لە دیموکراسییەت، کە دیارە کاک فاروق لێرەدا هەوڵدەدات دونیای مۆدێرن و سەردەمی گلۆبالیزەیشن بە تیورەی شار ـ جڤات ی یۆنانی بخوێنێتەوە. لەم دوو تەوەرەیەش بترازێت چەندین بابەتی دیکە هەن کە دەکرێت مرۆڤ لە ئاستیاندا بوەستێت وەک سەیرکردنی کاک فاروق بۆ ناسیونالیزم، مێژوو، دەسەڵات، هێز، نێرخواهی. کە لەبەشی هەرە زۆریدا بەبۆچوونی من بازدانە بەسەر سروشتی نوێی ئەو گفتوگۆیانەداو گەڕانەوەیە بۆ هەندێ پێناسەی زۆر کۆن، بێ گەڕانەوە بۆ ئەو ڕەهەندانەی ئەو کێشانە ئەمڕۆ هەڵگرینی.

هیوادارم بکرێت لە بۆنەی دیکەو بە شێوەی دیکە لەسەر ئەو کێشە گرنگانە بدوێم. دڵنیاشم ئەو تەوەرانەی قسەم لێکردن هەڵگری کۆمەڵێک ڕەهەندن کە بە دواداچوونی زیاتریان دەوێت، بە ئومێدی ئەوەی ئەم تێبینیانە دەرگا لەسەر نوسینی جیدیتر بکەنەوە دەربارەی موقەدەس، حەرام، لێبوردن، مەرجەعییەت، ترادسیۆن. کە هەموویان کەمتازۆر کۆمەڵە بابەتێکن ئیشی زیاترو ڕامانی زیاتریان پێویستە. هیوادارم هاوڕێی خۆشەویستیشم کاک فاروق لەوە تێبگات کە لێرەدا جیاوازییەکانمان هێندە بنەڕەتی و جەوهەرییە، دەبایە لە ڕێگالە لللللژژهژهی جۆرە باسێکی واوە دەست لە ماهییەتی ئەو جیاوازیانە بدەم، چونکە دواجار گوتارەکەی بەڕێزیان ئیشکردنە بە ئاڕاستەیەکی تەواو پێچەوانە دژ بە هەموو حەرفێک کە من لە ژیانمدا نوسیوومە، دژ بە هەموو ئەو بۆچوون و بیروباوەڕانەیە کە باوەڕم پێیان بووە، دیارە من دەزانم کە دونیابینی کاک فاروق دژ بە زۆربەی بڕواو قەناعاتی نەوەی ئێمە هەموویەتی، بەڵام من لێرەدا و لە هەموو جێگایەکی دیکەشدا تەنیا بە ناوی خۆمەوە قسەدەکەم و ئەو مافە نادەمە خۆم ببمە زمانحاڵی کەسی دیکە. دەگینا من دڵنیام کە کاک فاروق ئەگەرچی زۆر پێ لەسەر ڕێزی کولتووری باوان دەگرێت، هەندێجار نوسەر و ڕۆشنبیران و نەوەی نوێ بەوە

تاوانبارەکات حورمەتی قەناعەتی باوباپیرانیان ناگرن، خۆشی دەزانێت کە باو باپیرانی ئێمە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە بۆ ئازادی و یەکسانی و دیموکراسییەت و زۆرجاریش بۆ سۆسیالیزم شەڕیانکردووە، هەتا پیاوانی دینمان، هەتا سەرکردە ئاینییەکانمان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو هەموو سەدەی بیستدا بۆ دیموکراسییەت خەباتیان کردووە، لێرەوە گەر مەسەلە ڕێزیش بێت لە باوباپیران «کە بەش بە حاڵی خۆم وەک خاڵێکی گرنگ و جەوهەری نایبینم» ئەوا کاک فاروق لە بیروبۆچوونەکانیدا تەنیا دژی نەوەی ئەمڕۆ نییە، بەڵکو دژی ئەو کولتوورە سیاسی و فیکریەشە کە هیچ نەبێت باوان لە سەدوبیست ساڵی ڕابوردوودا کاریان بۆ کردووە. من دواجار ئەوە بیر کاک فاروق دەهێنمەوە کە خەڵکێکی زۆری ئێمە جیاوازییەکی لەوەدا نەبینیوە خەبات بۆ دیموکراسییەت بکات و خوداش بە ڕاستگۆیی بپەرستێت، سۆسیالیست بێت و بشچێت بۆ مزگەوت، دیارە منیش و کاک فاروقیش هەموو ڕۆشنبیران و نوسەرانی کوردیش دەزانین ئەمە لە ڕووی تیوری و فەلسەفییەوە هەڵگری چ ناکۆکییەکە، دەزانین ئەمە لە ئاستی ئایدۆلۆژیدا، لە ئاستی شوناسی سیاسیدا، لە ئاستی خولقاندنی هوشیارییەکی ڕەخنەیی ورددا چی زیانێکی بەرچاو دەگەیێنێت، من بۆ خۆم یەکێکم لەوانەی کەمتازۆر قسەم لەو زیانانە کردووە، بەڵام هەموو دەزانین چارەسەری ئەم ناکۆکییە بەوە ناکرێت لە نێوان دین و دیموکراسییەتدا، دین و کوردایەتیدا، دین و سۆسیالیزمدا هێڵێکی ئەستوور بکێشین. هێڵێک لەهەناوی کۆمەڵگای ئێمەدا دوو سەنگەری دژ بەیەک و شەڕانگێز جیابکاتەوە کە سەنگەری دین و ئایدۆلۆژیاکانی ترە دژ بەیەک. ئەوەی ئیسلامی سیاسی دەیکات شکاندنی ئەو پێکەوە ژیانەیە لە نێوان دین و ئایدۆلۆژیاو زانستەکانی دیکەدا، گۆڕینی دینە بۆ موڵکی گروپێک خەڵک و دەرهێنان و سەندنەوەیەتی لە گروپەکانی تر. کێشەی ئیسلامییەکان ئەوە نییە ئەمرو نەهی دەردەکەن یان نا، ئیبن تەیمیە دەخوێننەوە یان فێختە، ئەوەیە کە دەیانەوێت شوناسێکی سیاسی ساف بدەنە دین، بە دیوارێکی ئەستوور لە هەموو دیدەکانی دی جیایبکەنەوە.

بەدرێژایی سەدەی بیست دین بە ئاسوودەگی لە ڕۆحی مرۆڤی کورددا دەژیا، دونیابینییەک زاڵبوو دینی وەک دوژمن بە پرۆژە سیاسییەکانی دی سەیرنەدەکرد، دیارە ئەم دۆخە لە ناوەوە ناکۆک بووە، بەڵام تەنیا ئەو ناکۆکیانە ئاسوودەییان بەم مرۆڤە دەبەخشی، چونکە ڕۆحی دەستەجەمعی گروپ وەک ڕۆحی تاک مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت، ڕۆحی دەستەجەمعی گروپ هەمیشە پڕە لە جەمسەری ناکۆک و هێزی دژ بەیەک و ئاراستەگیری جیاواز کە لە لۆژیک و ڕوانگەی کەسی خوێندەوارەوە ناکۆک و ناتەبا دەکەونەوە، بەڵام ڕۆحی دەستەجەمعی تەنیا بە

کۆکردنەوەی ئەو ناکۆکیانە دەتوانێت ئاسوودەگی ناوەکی خۆی بپارێزێت. ئەمرۆ کە هێزێک دێت و دەڵێت ئەوەی دیموکراسە ناتوانێت موسڵمان بێت، ئەوەی باوەڕی بە عەلمانیەتە ناتوانێت خودا بپەرستێت، ئەوەی باوەڕی بە تێزەکانی ڕۆشنگەری ئەوروپییە دژی خودایەو گەندوگوو پەرستە، بەمە لە قوولاییدا فرسەتی هەموو پێکەوەژیانێکی دین لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی دیکەدا دەکوژێت. واتە لە ساتێکدا دیموکراسییەت و دین لە خەیاڵگە میللی مرۆڤی کورددا تەبا کەوتونەتەوە، ئەو دێت و لە قوولاییدا لە هەرە خانە ناوەکییەکاندا جیاکارییەکی توندو ڕەها پیادەدەکات کە لە دوا دەرەنجامدا کۆمەڵگایەک دروستدەکات ئەگەری شەڕێکی ناوەکی کوشندەی هەڵگرتووە. دیارە منیش حەزدەکەم ئەم ناکۆکییانە لە دەرونی ڕۆحی دەستەجەمعی ئێمەو دەرونی تاکە سادەکانی ئێمەدا نەبێت، حەزدەکەم مرۆڤ بتوانێت ئەو ناکۆکیانە لە سیستەمی بیرکردنەوەی خۆیدا بسڕێتەوە، بەڵام گەر لادانی ئەم ناکۆکیانە بۆئەوەبوو کەسی ئیماندار خۆی بە دوژمنی دیموکراسەکان بزانێت، خۆی بە دوژمنی هەموو پرۆژە عەلمانییەکان بزانێت، ئەوا لەم دۆخەدا ئەو کۆلاژە ئایدۆلۆژییە هەنگاوێک لەو دابڕاندنە موتڵەقەی کاک فاروق بانگەشەی بۆدەکات لە پێشترە.

بە بڕوای من لە ئێستادا ڕەخنەگرتن لە دین، لە دیموکراسییەت، لە ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان زیان لە یەکێتی ناوخۆی ئێمە نادات، ئەوەی زیان لە ئێمە دەدات ئارەزووی ئەم هێزانەیە بۆ داخرانی سیاسی، نەوەک ئیشکردن بۆ شوناسی مەعریفی و دەوڵەمەندکردنی خودو ئەوی دیکە بەڕەخنە. ئەوەی زیان لە ئێمەدەدات ئەوە نییە دینییەکان دینی بن و دیموکراسەکان دیموکراسی و مارکسییەکان مارکسی، ئەوەی زیان لە ئێمەدەدات ئەو ناکۆکییە قووڵەیە کە لە نێوان شوناسی سیاسی و مەعریفی ئەم هێزانەدا دروستبووە. لە ئاستی مەعریفیدا ئەم هێزانە ناتوانن شوناسی خۆیان لەیەکتر جیابکەنەوە، ناتوانن جیهانبینی خۆیان داڕێژن، ناتوانن فیکری خۆیان هەبێت، لێرەوە هەمیشە خەریکی کۆلاجکردنی یەکن، کە دیارە بەرەنجامەکەی لە زۆرئاستدا بە هەژارییەکی مەعریفی قووڵ و بە زەلالەتەیەکی فیکری دەکەوێتەوە، بەڵام ئەم کۆلاجکردنە لایەنیکەم، لە هەندێک وێستگەو دیاردەی تایبەتیدا سوودێکی کەمی هەبووە، ئەویش گەورەکردنی ئەگەری پێکەوە ژیان و لەیەکدی گەیشتنی سیاسییە. ئێمرۆ هێزە سیاسییەکانی ئێمە لە ئاستی شوناسی مەعریفیاندا هەروەکو خۆیانن، نە دیموکراسەکان دیموکراسی تەواون، نە دینییەکان دینی تەواون، نە ناسیونالیستەکان و نە مارکسییەکانیش. بەڵام جیاوازیەکە لەوەدایە ئەمرۆ جۆرە بیرکردنەوەیەک هەیە دەیەوێت توانای پێکەوە ژیانی ئەم هێزانە بکوژێت. ئەوەتا دینییەکانی

ئێمە تا دوا ئەندازە خۆیان بە ناسیونالیزم موتوربەدەکەن، عەلمانییەکانمان تاسەر ئێسقان دینین، بەڵام بەودیودا لە ئاستی شوناسی سیاسیدا، لە ئاستی جیابوونەوەی قازانجەکاندا تا دوائەندازە دوورەپەرێز لەیەکدی دەوەستن. بەداخەوە ئەم جیاکارییەی کاک فاروقیش جیاکردنەوەی فیکرێک نییە بۆ دونیابینی فەلسەفی خۆی، بەڵکو هەڵگری خەونی هێزێکە دەیەوێت هەموو فایرۆسە ئایدۆلۆژییەکانی دی بسڕێتەوەو خۆی ببێتە هەڵگری «کۆرپەی شارستانییەتێکی نوێ» شارستانییەتێک نەبێتە «مۆڵگەی ڤایرۆسە ئایدۆلۆژییەکانی وەک مارکسیزم و سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم و فیمینیزم و پۆست مۆدێرنیزم و...هتد». ئەمە قسەی کاک فاروق و پرۆژەی سیاسی کاک فاروقە، کە پرۆژەیەکە بەرەو دابڕاندنی سیاسی تەواوەتی دەڕوات، ئەو «هتد»ـەی لە کۆتایی ئەم دێڕەدا هاتووە، یەکێکە لە ترسناکترین هتدەکان لە مێژووی ڕۆشنبیری ئێمەدا، چونکە گۆڕینی ژمارەیەکی بێئەندازە فیکرو بیروبۆچوونی دیارینەکراوە بۆ ڤایرۆس.

من لە کاتێکدا دژی ئەوەم لە دونیایەکدا بژین ، نەتوانین دین و عەلمانییەت لە یەکدی جیابکەینەوە، بەدەست ئەوەوە بناڵین عەلمانییەکانمان دینی ترن لە مەلاکانمان، لیبراڵەکانمان دەکەونە ستایشی شەڕو توندوتیژی، مارکسییەکانمان پڕن لە ڕۆحی پەتریارکی، دیموکراسەکانمان پڕن لە نەفەسی ئەرستۆکراتی، لە هەمان کاتدا دژی ئەوەم خود ناسین ببێتە شوناسێکی داخراو، ببێتە بەندیخانەیەکی فیکری و سیاسی. من پێموایە تا حیزبە سیاسییەکانی ئێمە لە شوناسی مەعریفییاندا دەوڵەمەندبن، تا پتر خۆیان بناسن، دەبێت ئەو خۆناسینە بەرەو کرانەوەیان بەرێت.

لە ئێستادا لاوازی شوناسە فیکرییەکان بەرەو دروستکردنی دۆگماتیزمی سیاسی دەڕوات، تا شوناسی مەعریفی بچوکتربێت، تەماحی سیاسی، تەسکبیری سیاسی، کینەی سیاسی. بوغزی سیاسی گەورەتر دەبێت. بەهێزکردنی شوناسیش چەکێکی دوودەمە، بەدیوێکدا لەوانەیە بەرەو ئەوپەڕی توندڕەوی بڕوات، بەدیوێکیشدا لەوانەیە بەرەو کرانەوەو تێگەیشتن لە دونیا بڕوات. ڕۆشنبیران ڕۆڵێکی مەزن دەبینن لە دیاریکردنی ئەو دوو ئاڕاستەیەدا، ئەوەی من لەم گوتارەی کاک فاروق جیادەکاتەوە، ئەوەیە کاک فاروق خزمەتی شوناسێکی دین دەکات چۆتە پشت سەنگەرێکەوەو تەقە لە هەموو جیهان دەکات و کۆی ئەگەرەکانی دی ناودەنێت فایرۆس. لە کاتێکدا دەوڵەمەندکردنی فیکری دینی دەکرێت ئاڕاستە پێچەوانەکەش وەربگرێت، ئاڕاستەی بەهێزکردنی ئەو جەریانەی لە سەدەی نۆزدەوە لە دونیای ئێمەدا هەیە،

دەوڵەمەندکردنی بناغەی پێکەوەژیانی دین و ئایدۆلۆژیاکانی تر. من لە هەندێ لە نوسینەکانی دیکەمدا دژایەتی کۆلاجی ئایدۆلۆژیم کردووە، بەو مانایەی ئەم کۆلاجە بەدیوێکدا توندڕەوی دروستدەکات، شوناسی وەهمی دەخولقێنێت، تێنەگەیشتن لە خودو جیهان قووڵدەکاتەوە، بەڵام هەوڵی جێهێشتنی سەردەمی کۆلاجی ئایدۆلۆژی، بەرەو سەردەمێک کە بیروبۆچوونە سیاسییەکان خۆیان بناسن، هەرگیز مۆژدەو بانگەشەی داخران نەبووە. بە گشتی سێ ڕێگامان لە بەردەمدایە بۆ پێکەوە ژیانی ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان، کە هەر یەکەیان کلیلی خۆی هەیە، یان ئەوەیە ١. یەکدی سڕینەوە ٢. یەکدی کۆلاجکردن. ٣. یەکدی قبووڵکردن. قۆناغی کۆلاجکردن قۆناغێکە لەگەڵ مۆدێرنەدا لە کۆمەڵگای ئێمەدا سەرهەڵدەدات، بەدرە نییە لەیەکدی کوشتن و بەدەریش نییە لە یەکدی قبوڵکردن. لەسەرێکەوە قۆناغی شەڕی ناوخۆیە، لەسەرێکی دیکەشەوە قۆناغی دروستکردنی سەدان بەرەو هاوپەیمانێتی سیاسی جیاوازە، قۆناغی تێکەڵبوونی چەمکە جیاوازەکانە بە شێوەی جیاوازو ڕێژەی جیاواز لەگەڵ یەکدا، بە جۆرێک برێک لە دین لەلای مارکسی و ناسیونالیستەکان هەیە، برێک لە مارکسییەتیش لەلای حیزبە دینی و ناسیونالیستەکان هەیە، برێک لە ناسیونالیزمیش لای مارکسی و دینییەکان هەیە. لەم قۆناغەدا قەبووڵکردنی ئەویدی هەمیشە هۆیەکی تەکتیکییە، نیازی سڕینەوەو کوشتن و ئیلغاکردنەوەی تەواوەتی ئەویدی هەمیشە زیندووە، حیزب پەلاماری چەمکی هاوسێکانی دەدا تا بتوانێت کەرەستە ئایدۆلۆژییەکانی زەوتبکات و هەندێک لەو زەویە پاوانبکات کە ئەوانی دی لەسەری وەستاون. قۆناغی یەکدی قبووڵکردن، ئەو قۆناغەیە کە دیموکراسییەت تیا دەتوانێت چالاک بێت، هەمووان لەسەر خزمەتکردنی تایبەتمەندییەکانی خۆیان کاربکەن، بێ یەکدی کۆلاجکردن و بێ یەکدی سڕینەوە. بەداخەوە گوتارەکەی کاک فاروق پاشەکشێیەکی ترسناکە بۆ قۆناغی یەکەم، هەوڵێکە بۆ سڕینەوەی هەموو سیفەتێکی مۆدێرن کە لە دیندا موتوربە بووبێت، دژایەتی بنەمای گەورەی یەکدی قبووڵکردنە کە دیموکراسییەتە، گەڕانەوەیەکی بێئەندازە بێپەردەو خێراو بێڕەحمانەیە بۆ سڕینەوەی هەموو ئایدۆلۆژیاکانی دیکە. ئەم گوتارەی کاک فاروق تەنیا گوتارێکی گەڕاوەخوازی «نکوصی» سادە نییە، تەنیا بینینی جوانی نییە لە ڕابوردوودا و بانگەشەی گەڕانەوە نییە بۆ ئەو ڕابوردووە جوانە، بەڵکو گوتارێکی توندوتیژە، تەنیا نامان گێڕێتەوە بۆ جاران، بەڵکو ئەو لەگەڕانەوەی خۆیدا بەسەر لاشەی هەموو ئەو شتانەدا دەڕوات کە مۆدێرنە دروستیکردوون. هێنانەوەی کۆن نییە بۆ ئێستا، بەڵکو کوشتنی ئێستاشە لە ئێستادا.

ئەو جەنگاوەرەی خەباتی بۆ دیموکراسییەت دەکردو لە سەنگەرەکەشیدا کاتی نوێژ نوێژی بۆ خودا دەکرد، بەرهەمی قۆناغی کۆلاجکردنی ئایدۆلۆژیاکانە. کاک فاروق ئەمڕۆ دەیەوێت

ئەم جەنگاوەرە بخاتەوە سەر شێوازی جەنگاوەری دینی کە سیستمێکی داخراوی بۆ شەرەف و جوامێری و ئەخلاق و ڕێز هەیە، جەنگاوەرێکە لە بری ئەوەی بەرگری لە ئازادی خۆی بکات، فەرمانی ئەو نوخبە ئەرستۆکراتە جێبەجێدەکات کە ڕێزی بۆیان هەیە، فێربووە ڕێزگرتن دژی یاخیبوونەو یاخیبوون زاراوەیەکە بەرهەمی عەدەمییەت. فێربووە بڵێت یەک نوخبەی کۆنزەرڤاتیف دەتوانێت نرخ و بەها ئەخلاقییەکانی دونیای ئێمە بپارێزێت و ڕایبگرێت، هەموو دژایەتییەکی ئەو نوخبە کۆنزەرڤاتیڤەش دژایەتی ڕێزو حورمەت و موقەدەسەکانە، فێربووە دین نەبێت هەموو ئەوانی دی ڤایرۆسن و دەبێت نەهێڵێت بەشێکیان لەدەسەڵاتدا هەبێت.

هەموو نیشانەکان ئەوەمان پێدەڵێن، ئەم گوتارە دینییە گەڕانەوە نییە بۆ ئەو نرخە سیاسی و فیکریانەی باوباپیرانمان، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ ئەو ڕۆژگارەی مرۆڤی کورد جەنگاوەرێک بووە لە سوپای سوڵتانەکاندا، بۆ سەروەری سوڵتان و عیزەتی ئاین و شەرەفی عەقیدە شەڕیدەکرد... ڕێگایەک ناتوانین پیا بڕۆین، ناتوانین بەرابەری نەوەستین، ناتوانین پێی نەڵێین «نەخێر».

تێبینی:
ئەم گوتارە لە بنەڕەتدا وەک گوتاری تایبەت بە ڕۆژنامە نوسراوە، بەڵام دواجار لەبەردرێژی نەکرا بەو شێوەیە بلاوبێتەوە، بۆیە تەنیا بەشێکی کەمی لە ژمارە ١٠٨ ی ڕۆژنامەی هاوولاتیدا بلاوبووەوە.